سەرچاوە
Serchawe



**پێشەکی** ............................................................ شۆڕش ئەسدزادە ....... ٦

## قارەمانە زیندووەکان:

### هاوڕێیان:

١- کەماڵ گروێسی ............................................................ ٨
٢- سمایل چکۆڵ ............................................................ ١٠
٣- سۆفی سەید سەنعان ............................................................ ١٢
٤- حەسەن رەستگار ............................................................ ١٦
٥- ڕەحیم تەها ............................................................ ١٩
٦- مەنسوور ئەمیری ............................................................ ٢١
٧- تاهیر بەهراموەند ناسراو بە (مامۆستا تاهیر) ............................................................ ٢٤
٨- حەسەن مەحموودی. ناسراو بە (ئەهوەن) ............................................................ ٢٦
٩- عەولا عەبدالی ............................................................ ٢٨
١٠- مستەفا ڕەستگار ............................................................ ٣٠
١١- مەحمەد خوسرەوی ............................................................ ٣٣
١٢- سولەیمان سەعیدی ............................................................ ٣٧
١٣- کاوە فتووحی ............................................................ ٣٩
١٤- جەماڵ فەتحیان ............................................................ ٤٢
١٥- کەریم کاکە سووری "ناسراو بە" کەریم خاڵدار ............................................................ ٤٤
١٦- عەلی قادری ............................................................ ٤٧
١٧- سەدیق بابایی ............................................................ ٤٩
١٨- مامۆستا بێبەش ............................................................ ٥١
١٩- لوقمان باختە ............................................................ ٥٣
٢٠- ئەحمەد زریان ............................................................ ٥٦

٢١- عزەت پیرانی ........ ٥٨
٢٢- کەریم دادوەر ........ ٦١
٢٣- ئیرەج سامی ........ ٦٢
٢٤- وەهاب یوسفی ........ ٦٣
٢٥- ڕەحیم ڕەحمانزادە ........ ٦٦
٢٦- ڕەحمان سوهرابی ........ ٦٩
٢٧- مراد ئەحمەدی ........ ٧١
٢٨- ئەحمەد شێربەگی ........ ٧٥
٢٩- خدر میراوەیی ........ ٧٨
٣٠- هاشم ڕۆستەمی ........ ٨٣
٣١- عەبدوڵا خزرنیا ناسراو بە (شەقاز) ........ ٨٦
٣٢- سەکینە جەوانمەرد ........ ٩٥
٣٣- عەبدوڵا حەسەنزادە ناسراو بە (عەوڵای مام ئاغا) ........ ٩٩
٣٤- ئەحمەد سادق پور ناسراو بە "سۆفی ئەحمەد" ........ ١٠٢
٣٥- ئەسعەد قەیدی ........ ١٠٥
٣٦- ڕەزا ئەمینی ناسراو بە (ڕەزا قەباکەندی) ........ ١٠٩
٣٧- ناسر پیرانی ........ ١١٨
٣٨- عەلی سولەیمان پور ناسراو بە (عەلی شا) ........ ١٢٠
٣٩- مامۆستا مەلا محمد عەباسی ........ ١٢٣
٤٠- مەحمود سالحی ناسراو بە (مەحمود ڕیشە) ........ ١٢٥
٤١- مامۆستا گەلاوێژ قادری ........ ١٢٦
٤٢- ڕەشید قازی ........ ١٢٧
٤٣- سەید خدرمیرسەیدی ........ ١٢٩
٤٤- کەریم ئەڵاوەیسی ........ ١٣١
٤٥- عومەر محمدپور ناسراو بە (عومەر سنجویی) ........ ١٣٤
٤٦- حەسەن مەولان ناسراو بە (حەسەنی قەیووم) ........ ١٣٥
٤٧- ئەحمەد میرزایی برای هونەرمەندی شەهید (سمایل سەردەشتی) ........ ١٤٠

٤٨- خەدیجە مەعزووری ........ ١٤٢
٤٩- ڕەشید ئەمیرعەشایری ........ ١٤٥
٥٠- مەنسوور خوسرەوی ........ ١٤٨
٥١- هەمزە ئاگوشی ........ ١٥٣
٥٢- ڕەحمان قوربانی ........ ١٥٦
٥٣- یوسف مام ڕەحیمی ........ ١٥٨
٥٤- فەیسەڵ ئێراندووست ........ ١٦١
٥٥- حەسەن موسازادە ناسراو بە (حەسەن ئاشپەز) ........ ١٦٣
٥٦- عەبدولا کەریمی ........ ١٦٥
٥٧- ئەبوبەکر حوسەینی ناسراو بە ئەبوی قۆزلوێ ........ ١٦٧
٥٨- ئەمیر نیزامی ناسراو بە ئەمیری نەزەرە کەچەڵ ........ ١٧٢
٥٩- محێدین سەیدە ........ ١٧٤
٦٠- خالید وەنەوشە ........ ١٧٧
٦١- هاشم کەریمی ........ ١٨١
٦٢- یادێک و ڕێزو وەفایەک بۆ کاکە شۆڕش ئاهی ........ ١٨٣
٦٣- رەحمان عەبدی ........ ١٨٥
٦٤- سەلاح دەرمانی ........ ١٨٧
٦٥- خالید فەلاح زادە ناسراو بە (خالید ئامین چاوجوان) ........ ١٩٠
٦٦- سمایل عێراقی ........ ١٩١
٦٧- سالح ڕەبەتی ........ ١٩٣
٦٨- مەولود عەبدولاهی ........ ١٩٨
٦٩- قاسم سووڵتانی ........ ٢٠٠
٧٠- کەریم حاجی ڕەسوڵی ناسراو بە (زێڕە) ........ ٢٠١
٧١- ڕەسوڵ ئەحمەدی ........ ٢٠٤
٧٢- حەسەن مینایی ........ ٢٠٦
٧٣- برایم نەمەشیری ........ ٢٠٨
٧٤- سەید کەماڵ بەدری ........ ٢٠٩

٧٥- عەلی پێشکاری ........................................ ٢١٠
٧٦- زێنەبە ڕەش ........................................ ٢١١
٧٧- مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی ........................................ ٢١٢
٧٨- بژی شێرەکانی ناوچەی بانەی سەربەرز ........................................ ٢١٤
٧٩- محمد جەنگجو ........................................ ٢١٥
٨٠- یادیک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی زاگرۆس ........................................ ٢١٦
٨١- مامۆستا مەحمەد سالحی ........................................ ٢١٧
٨٢- یادێک لە کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی لکی ٣ی هێزی ٢١ی شەهید پێشەوا ........................................ ٢١٥
٨٣- کاک برایم چوکەڵی ........................................ ٢٢٠
٨٤- دیمانە لەگەڵ مامۆستا عەزیز ڕەمەزانی ........................................ ٢٢٤
٨٥- دیمانە لەگەڵ کاک سەلاح حاجی ڕەشیدی ........................................ ٢٢٦
٨٦- محەمەد خنکاڵی ........................................ ٢٣٠
٨٧- کاک عومەر عەزیزی ........................................ ٢٣٢
٨٨- ساڵە خەیاتی ........................................ ٢٣٣
٨٩- یوسف بەهرامی ........................................ ٢٣٤
٩٠- ڕەزا شیرازی ........................................ ٢٣٥
٩١- کەریم پورقوباد ........................................ ٢٣٧
٩٢- عەلی نەبیزادە ........................................ ٢٣٩
٩٣- مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی ........................................ ٢٣٩
٩٤- دیمانە لەگەڵ خاتوو سەکینە حوسینی ........................................ ٢٤٠
٩٥- سوڵتان گوڵاوی ........................................ ٢٤١
٩٦- حەسەن ئوستادی ........................................ ٢٤٥
٩٧- محێدین شەریفزادە ........................................ ٢٤٧
٩٨- وێنەیەکی جوانی دەورانی شەڕو شاخ ........................................ ٢٤٩

# پێشەکی



**شۆڕش ئەسەدزادە**

لەمێژووی گەلی کوردا لەڕابردوواو ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆر بەدەگمەن باس و تاریف لە قارەمانانی زیندوو و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و خەبات و بەرەنگاری لەبەرامبەر داگیرکەراندا کراوە. تەنیا کاتێک ڕێزیان لێگیراوەو تاریف کراون کە شەهید بوون و لەژیاندا نەماون. لەکاتێکدا ئێمە لەشۆڕشەکانی یەک لەدوای یەکی هەموو پارچەکانی کوردستان دا کە بەدژی هێرش و داگیرکاری و وێرانکاری دوژمنانی کورددا دەستیان داوەتە خەبات بەهەموو شێوەکانیەوە، جا چ چەکداری بووبێ یان جەماوەری بەهەر شێوەیەک بۆیان کرابێ دژایەتی خۆیان کردووەو سەریان بۆ دوژمنان شۆڕنەکردووە. بێجگە لەشەهیدە سەربەرزو فیداکارەکانمان کە گیانی خۆیان کردۆتە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و سەرکەووتن، بەهەزاران فەرماندەو کادری تێکۆشەرو تێگەیشتوو پێشمەرگەی گیان لەسەردەست و خەڵکی گوندو شارەکان و بەشێوەیەکی گشتی بەشدار بوون لە بەڕێوەبردنی ئەم خەباتانە کە پێویستە هەموویان و هەریەکەیان لەخانەی خۆیدا جێگای بۆبکرێتەوەو ڕێزی تایبەتی خۆی لێبگیرێ. لێرەدا گرنگترینیان ڕۆڵی ئەو کادرو فەرماندانەی ناو جەرگەی شەڕەکان و تێکۆشەرانی ناو سەنگەرو کیژو لاوانی گیان لەسەردەستن کە بەئەوپەڕی عیشق و بیروباوەڕەوە لەهیچ فیداکاری و خۆبەخشینێک سڵیان نەکردۆتەوەو بێباکانە بەرەو ڕووی مەرگ و برینداربوون و کەم ئەندامی بونەتەوە.

بۆیە لێرەدا زۆر بەپێویستم زانی ئێمە دەبێ چەندە ڕێز لەشەهیدەکانمان دەگرین، ئەوەندەش ڕێز لەو خەباتکارانە بگرین کە چەندین جار بە قورسی برینداربوون و یان ئەگەر برینداریش نەبووبن بەدەیان جار هەتا یەک قەدەمی مەرگ ڕۆشتوون و شەهید نەبوون! با ئێمە ئەم فەرهەنگە پەرەپێبدەین و خەباتکاران کە لەژیاندا ماون و ئێستاش ئامادەی هەموو خزمەتێکن بە حیزب و گەلەکەیان بەپێی توانای خۆیان لەهەر بارێکەوە کەبۆیان بگونجێ. با ڕێزیان لێبگرین و هەتاکوو


لە ژیاندان پێیان بڵێین ئافەرین و نیشانەو میداڵی ئازایەتیان پێ بدرێ و قەدریان بگرین.

بەم بۆنەوە لەبەشی یەکەم لە (یادی قارەمانە زیندووەکان) یادم لەدەیان قارەمانی ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی خەبات کردۆتەوەو هەتا لەژیاندا ماون تاجە گوڵینەم بۆ هێناون و میداڵی قارەمانیەتی و ئازایەتیم لە ئێخەیان داوە. ئەم یادکرنەوەی قارەمانە زیندووەکان درێژەی هەیەو هەتا خەباتکارێکی ڕاستەقینە مابێ یادیان لێدەکەم و دیسان بۆجارێکی تر بەلاوەکان و نەوەکانی داهاتوویان دەناسێنم کە پێویستە نەوە لەدوای نەوە چ ئەم شێرانەی مەیدانی چ ئاگرو ئاسن و شۆڕشی چەکدارانەی ڕەوای گەلەکەمان بناسن، کە دوژمن شەڕی ماڵوێرانکەری بەسەر گەلی کوردا سەپاندو تەنیا ڕێگاش بۆ ئێمە لە دژی داگیرکاری هێرشی سەربازی زەبەلاحی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان پارێزگاری لەخۆمان و وڵاتەکەمان بوو کەدەبوو بەچەک وەڵامی چەک بدەینەوە. خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە پێکەوە بەرەنگاریان هەڵبژاردوو تەسلیمی داگیرکەران و دوژمنان نەبوون و لەو پێناوەدا گیانمان و خوێنمان دا بەڵام هەرگیز هەبەت و شکۆی میللەتەکەمان نەشکاندو سەرکەوتن بۆ ئێمەیە.

پێویستە لێرەدا سوپاسی برای بەڕێزم هاوڕێ ڕەحمان نەقشی بکەم بۆ ئامادە کردن و کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە زەحمەتێکی زۆری لەگەڵ کێشاوم، کە جێگای ئەوپەڕی ڕێزو سوپاسە.

-----------------------------------------------------

# هاوڕێ کەماڵ گروێسی




(کەماڵ گروێسی) یەکێکە لە شەهیدە زیندووەکانی خەڵک و حزب. لێرەدا پێم باشە کەماڵ وەک خۆی بە ئێوەی بەڕێز. لاوەکان. نەوەکانی داهاتوو بناسێنم !! هەر پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بنەماڵەی کەماڵ شۆڕشگێڕو خەمخۆری گەلەکەیان و تێکەڵاوی شۆڕشەکانی نهێنی حزب بوون بە هۆی بابی و خاڵی کاکساڵەی قەساب بە هۆی هوشیاری و کونجکاوی خۆیەوە و بە هۆی دیتنی وێنەی پێشمەرگان و شەهیدانی ئەوکات کە بابی لە ماڵێ شاردبووە. دەستی پێ ڕادەگاو دەزانێ سرت و خورتی باب و خاڵی و هەندێک لە هاوڕێکانیان چیە. بۆیە هەر ئەوە دەبێتە هەوێنی کوردایەتی لە مێشکیداو لەوێدا گەرا دادەنێ و بێدەنگەی لێدەکا. هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران دەست پێدەکاو. سام و هەیبەت و ترسی ژاندرمەو ساواکی خوێن تاڵ و چاوزەقی شاهەنشاهی دەشکێ و خەلک چیدیکە ئەوانە بە هیچ ناگرن کەماڵ کە زیاتر مێشکی کراوە بوو. ئەوەی لە مێشکیدا بوو. گەورەو گەورەتر دەبێ. بۆیە هەرچی زووتر لە سازمانی جەوانانی ئەوکات خۆی دەبینێتەوەو دەبێتە ئەندام کە ئەوکات لە گەڵ سەرگورد عەباسی. و لە شوڕای نیزامی. لەگەڵ (محمد زەنگەنە) دەبێ دوایە دەچێتە هێزی پێشەواو لەوێ لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دەبێ کە بەرپرسی ئەوکات کاک (کەریم حیسامی) بوو هەتا هێزی پێشەوا ئەوکات دەکەن بە سێ لک لکەکانی ١ - ٢ - ٣. کەماڵ دەدەن بە لکی سێ کە لکی سێ ناوچەکانی مەنگوڕان دەبوون. کە ناوچەیەکی زۆریان هەبوو کەماڵ. لە هەموو شارەکان ناوچەکانی مەهاباد. بۆکان. هەوشار. سەقز. بانە. سەردەشت .بەشداری کردوەو لە هەموو شاخ و دۆڵ و جادەو کووچەکانی ئەم ناوچانە سەنگەری گرتووەو کوردستانیان لە دوژمنان کردۆتە گۆڕستان و دەستی خۆیان لێوەشاندوون. هەموو ئەم ناوچانە ئێستاش بۆنی ئارەقەی ماندوویەتی پێشمەرگە دەناسنەوەو هەرکاتێک پێشمەرگە ڕوویان تێبکاو لایان میوان بن هەمان سەنگەرو جێگاو ڕێگایان بۆ ساز دەکەنەوە کە پێشتر بۆ کەماڵ بە دەیانی وەک کەماڵیان

سازکردبوو. پێم وابێ هەموو کەسێک یا لانی کەم هەهابادو دەوروبەر ناوو ناوبانگی شەڕی ماڵ بەماڵی گوندی (چوارگا) ی ناوچەی مەنگوڕانی مەهابادیان بیستووەو دەزانن پێشمەرگە گەرەترین خۆڕاگری و قارەمانێتیان بۆ مێژووی حزبی دیموکرات و خەڵکیان تۆمار کردو وەکو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری سومبولی قارەمانیەتی و فیداکاری و نەبەزیان لاک و مۆر کردوو. لە مێژووی خوێناوی گەلی کوردا بە ئەمانەت و لە ئاڵای کوردستانەوە پێچراوەو دانراوە ئەم شەڕە ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە کە من ناتوانم لێرەدا بە چەند دێڕێک هیچ گۆشەیەک لەم شەڕە بۆ ئێوە ئازیزان باس بکەم تەنها ئەوەندە دەڵێم. دێیەکی چەند ماڵە. هەر چوار دەوری گیرابێ بە هەموو شێوە چەکێکی قورس و سووک. هەر لە بەیانیەوە هەتا شەوێ بۆمباران بکەن و هەموو جارێ هێرش بکەنە سەریان و پاشەکشەیان پێبکەن و کەلاکێکی زۆریان پێ بە جێ بێڵن دێیەک یەک ماڵێشی بە ساغی دەرنەچووبێ. هەر ماڵەی لانی کەم سەد تۆپ و خومپارەو ئارپێجی و تۆپی ١٠٦ ملم وێکەووتبێ. بیهێنە بەر چاوی خۆت ئەم دێیەش هەمووی ئاگری گرتبێ. دەبێ زیندەوەری تێدا مابێ؟ کەماڵ لەم شەڕەدا بریندار دەبێ و کە موستەقیم تۆپی ١٠٦ ی وێدەکەوێ و پێشی پێی دەپەڕێ و دیسان دیفاع دەکا هەتا کوڕەکان بە فەرماندەیی شەهید خدرەسوورەوو بە هانایانەوە دەچن و هەموویان ڕزگار دەکەن کە زۆربەیان بریندارو هیلاک ببوون .کە هیوادارم ڕۆژێک بتوانم لە زمانی خۆیانەوە ئەم شەڕەتان بۆ بگێڕمەوە. دوای بریندار بوونی و لە بەر کاریگەری برینەکەی حزب بە هۆی دۆستەکانیەوە کەماڵ لەگەڵ چواردە پێشمەرگەی برینداری تر بەڕێدەکەن بۆ دەرەوەی وولات بۆ چارەسەر. کە لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ دەبن و چارەسەریان بۆ ئەنجام دەدەن کەماڵ هەتا ئێستاش هەر لە هەندەران ماوەتەوەو درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوەو لە هیچ کارو ئەرکێکی حزب درێغی نەکردوەو ئێستاش وەکوو نووسەرو چالاکوان کاری حزبی لە کۆمیتەی حزب لەو وڵاتە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا. پێویستە. بڵێم. کەماڵ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە پەنجا شەڕی گەورەو سەختدا بەشداری کردوەو جێگا دەستی دیار بوەو نەخشی بەرچاوو کاریگەری هەبووە! پێم باشە لاوەکان و نەوەکانی دوا ڕۆژ ئاوڕێک لە پشت خۆیان بدەنەوە هەتا بزانن باب و باپیرانیان لە پێناو خۆشبەختی و ئازادی و سەربەخۆییدا چ ئەرک و زەحمەت و قوربانی و خوێن ڕشتن و وێرانی و دەربەدەریان دیوە تا ئێوە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەتان هەبێ هەرگیز نابێ خەبات و تێکۆشانی ئەوان فەرامۆش بکەن و بەلکوو دەبێ هەر یەک لە ئێوە کە لە داهاتوودا خاوەنداریەتی ئەم خاکە دەکەن پێویستە ئەزموون و دەرس لەم بیرەوەری و قارەمانیەتانە وەرگرن و شانازی بە ڕابوردوی خۆتانەوە بکەن. بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

-----------------------------------------------

## هاوڕێ سمایل چکۆڵ



پێم باشە قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم .ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی بۆ ڕزگاری میللەتەکەی لە ژێر دەستی ئیستبداد و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە،، لەگەڵ ئازاری خاک، لەگەڵ دەنگی نیوە زیندوانی زیندانەکان، لەکەڵ شین و گریانی دایکی شەهیدان، لەگەڵ شاخ و دۆڵ و هەموو خاکی کوردستان، تێکەڵ دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، لەناو ئەم تێکەڵەیەدا گوڵێک دەڕوێ و گەورە دەبێ، بەناوبانگە بە «پێشمەرگە»... «سمایل چکۆڵ» یەکێکە لەو گوڵانە.. سمایل ساڵی ١٣٤٤ لە مەهاباد لە دایک بوەو لە ساڵی ١٣٦٠ لە تەمەنی ١٦ ساڵی، هەستی بەم هەموو زوڵم و زۆریە کردوەو خۆی گەیاندۆتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان.. وەک بەرپرسانی ڕژیم بۆخۆیان دەڵێن کورد منداڵەکانیان کە لە دایک دەبن چ کوڕ بن یا کچ بە پێشمەرگەیی لە دایک دەبن... چەندم پێ خۆشە ئەو ئیحترافەی لە زمانی دوژمنەوە دەبیستم... سمایل کەسێکە کە بە پێشمەرگەیی لە دایک بووە، بەڵێنیشی داوە هەر بۆ کورد بمرێ. با پێکەوە لە گۆشەیەکەوە بچینە ناو ژیانی پێشمەرگایەتی ئەم پێشمەرگە کەم تەمەنەوە، با پێکەوە سمایل باشتر بناسین.. کاتێک خۆی دەگەیەنێتە ناو پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد، تەمەنی هەر شازدە ساڵ دەبێ و بەرپرسان بە گونجاوی نازانن لە باری تەمەنەوە بۆیە داوای لێدەکەن بچێتە ناو ڕیزەکانی یەکیەتی لاوان هەتا تەمەنی گونجاو دەبێ بۆ بوون بە پێشمەرگە.. ئەویش ڕازی دەبێ و دەینێرن بۆ ناو ڕیزەکانی لاوان، لەوێ هەموو وانەکانی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دیفاعی و ڕاهاتن لەسەر هەموو چەکەکان و سروودە نیشتمانیەکان و ئەوەی پێویست بوایە پێیان دەکووتن و فێریان دەکردن، هەتا لە هەموو بارێکەوە ئامادەییان

هەبێ.. دواى ڕاهاتن و فێربوون بە سەرکەووتوویی دەینێرنەوە ڕیزى پێشمەرگەکان، لەوێ لە پەلی ۲۱ی لکی ۳ی هێزی پێشەوا سازمان دەدرێ و ڕەسمەن لیباسی موقەدەسی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ.. ئێستا ئیتر سمایل منداڵەکەی جاران نیەو «چەک هەڵگری خاکێکە دوژمن لەسەری زاڵە»، ئەم لاوە خوێن گەرمە زۆر زوو هێزوو تواناکانی خۆی نیشان داو بوو بە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی لە ئازایەتی و دڵسۆزی و بوێریدا بۆیە هەر زوو بوو بە جێگای باوەڕو متمانەی پێشمەرگەکان.. لە ساڵی ۱۳٦٤ی هەتاوی دەیکەنە جێگری پەل. لەم ئەرکەدا بۆ یەکەم جارە خۆی وەک بەرپرسێک دەبینێتەوە لە بەرامبەر حزب و خەڵکدا، لێبڕاوەنە تر لە پێشوو قۆڵی هەڵدەماڵێ. هەتا ساڵی ۱۳٦٦ لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوە لەم ساڵەدا بە هۆی قارەمانیەتی و لێزانین و سەرکەووتن دواى سەرکەووتن. دواى لێدەکەن بەرپرسایەتی پەلێک لە پێشمەرگەکان وە ئەستۆ بگرێت.. سمایل ئەم داوایە قەبوڵ دەکاو، بۆ بەرەو پێش بردنی شۆڕش و هەرچی زووتر گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانی گەلەکەی درێغی لە هیچ مەسئولیەتێک ناکا. سمایل بێجگە لە کاری نیزامی لەباری سیاسیشەوە لاوێکی ئاگا، خۆشفکر، هوشیار بوو. بۆیە هەر لەم ساڵەدا لە کۆنفراس بۆ کۆنگرەی هەشت، وەکوو ئەندام بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێردرێ و بۆ یەکەم جار وەکوو نوێنەر دەچێتە کۆنگرە. لەو ماوەیەدا سمایل لەهەموو شەڕەکانی ناوچەدا بە شداری چالاکانەو بوێرانەی دەبێ،، وەکوو هەردوو شەڕە گەورەکانی گوندی «چواگا» ی سەر جادەی نێوان مەهاباد سەردەشت، کە ئەمانە هەریەک داستانێکی دورو درێژو قارەمانانەیە ئەگەر توانیم هەموو ئەو شەڕە قورسانەتان بە وردەکاری زیاترەوە بۆ باس دەکەم... بە دواى کۆنگرەی هەشتی حزب و هەڵوێست گرتن سمایل وەکوو فکری خۆی هەڵوێست دەگرێ و پاڵپشتی خۆی بۆ «ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ» دەردەبڕێ.... ساڵی ۱۳٦۸ دەیکەنە جێگری لکی ۲ لە ناوەندی یەکی کوردستان، هەتا ساڵی ۱۳٦۹ داواى لێدەکەن بەرپرسایەتی بەشی «پەزیرش» وەربگرێ کە پۆستێکی هەستیار بوو، وەرگرتنی پێشمەرگەو ئامادە گردنیان لە باری سیاسی و سەربازییەوە بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە.. هەتا ساڵی ۱۳۷۰ ئەم ئەرکەش بە سەرکەوتویی ئەنجام دەدا، هەر لەم ساڵەدا حزب ئەرکی زیاترو گەورەتر بە سمایل دەدەن، وەکو ئەندامی ناوەندی یەکی کوردستان هەڵیدەبژێرن.. ماوەیەکیش لە بەشی خەدەماتی حزب ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبات... سمایل کەم ناوچەی کوردستان هەیە خوێنی سمایلی لێ نەڕژابێ. وەکوو ناوچەکانی، مەهاباد، بانە، سەقز، بۆکان، پیرانشار، شنۆ، سەفەری بە ناو بانگ و جەولەی شومالی کوردستان. پێویستە بڵێم سمایل، سێ جار زۆر بە توندی بریندار بووە، بێجگە لە برینی سووک کە بۆخۆشی نازانێ ژمارەیان چەندە... قسەیەکی خۆشم هەیە لەسەر سمایل، لە شەڕێکدا تەقە توند بوو گولەیەک هات بە ویزە ویز بن بەرد بە بن بەردو سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕاو لە پێشمەرگەکانی دەپرسی، نازانن سمایلە چکۆڵ لە کوێ دامەزراوە؟ سمایلی دیتەوەو ڕاست چوو وە لاقی کەووت، سمایلە چکۆڵ، مرۆڤێک بوو کە لە ناخۆشترین و دژوارترین کاتە سەختەکانی شۆڕش دا قەت نەیهێشت، مەجلیس و کۆڕی ڕەفیقەکانی بێ بزەو پێکەنین و شۆخی بمێنێتەوە. ئەوەندە کە سمایل دەردو ئازاری برینەکانی شۆڕشی چەشت،، ئەوەندە کە ئەو لەشی زامی هەڵگرت و خوێنی لێڕژا، ئەوەندەی کە ئەو نزیکترین هاوڕێکانی لە پەنا خۆی لە دەست دا، ئەوەندەی کە ئەو لە چەند قەدەمی مەرگ

کەڕایەوە،، کەم کەس ئەو ئازارانەی چێشت. بەڵام سمایل ئەو هەموو نەهامەتیانەی بە شانازیەوە لە قەفەسەی سنگیدا کۆ کردۆتەوە، بە چەند قسەی خۆش و شۆخی بزە دەخاتە سەر لێوی ڕەفیقەکانی.. وەرگیراوە لە زمان هاوڕێیەکی سمایلەوە.. ساڵی ١٣٧٥ ڕێگای هەندەران دەگرێ و لە وڵاتی ئاڵمان دەگیرسێتەوەو لەوێش هەر وا بە دڵسۆزیەوە کارەکانی حزب بەڕێوە دەبات و چالاکە... پێویستە بڵێم لە لایەن ئاسایشی دەولەتی ئاڵمانەوە نامەو ئیجازەی تێپەڕبوونی پێیە لەو جێگایانەی دەزگا دەتپشکنێ... چونکە سمایل گیانی پڕە لە پارچەی تۆپ و خومپارەو گولەو نارنجۆک... کە ئێستاش هەر وەک جاران ئازاری دەدەن... «بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل»

----------------------------------------------

## هاوڕێ سۆفی سەید سەنعان




سۆفی سەید سەنعان، سەرپەلی پەلی شاهۆ بوو، هێندە نەبوو پایەگای گابازەڵەی شاروێرانمان کرتبوو، ئەسیرێکی زۆری دوژمن بە سەرماندا مابوونەوە، قەرار بوو کۆمیتەی شارستان هەموویان بەرێبکەن بۆ دەفتەری سیاسی.. ئێمەش وەک ئەرکانی لکی یەک ئامادەمان کردبوون بۆ بەڕێکردنیان، چەند کەسێکیان کە پێم وابێ شەش کەس بوون لە دیلەکان لەسەر داوای خۆیان چوونە ناو سازمانی مجاهیدین، کە بنکەیەکیان لە ئەمینئاباد بوو لەکەڵ ئێمە... منیش هەر یەکەو تفەنگێکی ژ - ٣ م دانێ لەگەڵ چوار دەراغ. کاک «کەریم پورڕقوباد» فەرماندەری هێز بوو، هەمیشە لەلای ئێمە بوو لە ئەرکانی لک، بانگی کردم کووتی شۆڕش ئەوە بۆ لەو سەربازانە توڕە بوی؟؟ کووتم لەوان توڕە نەبووم. لە مجاهیدەکان توڕە بووم، چاوم لێبوو لە سەر حەوزێ قسەیان لەگەڵ ئەو شەش کەسە کردوو هەموویان فریوو دان، بەوەی قەلسم... کووتی کوڕە هەتیم خوا مەرگت با... ببنە مجاهید باشترە تا بچنە زیندان بخۆن و بنوون، لێیان گەڕێ خوای ئەکرد هەموویان دەبوون بە

مجاهید، منیش بێدەنگەم لێکردو بەردێکی دە پووتیم لەسەر دانا... بەیانیەکی زوو تازە تاو هەڵاتبوو «سۆفی» و دوو پێشمەرگەی لەگەڵ بوو هاتن بۆ لامان لە «ئەمینئاباد» سۆفی هەموو دنیای بە فشە گرتبوو شۆخی بە داروو بەرد دەکرد، کوڕێکی شۆخ و قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، قا قاکانی پێکەنینی سۆفی بە ناوبانگ بوو، هەر خۆش بوو سەرپەلت بایە هەموو کاری ئەو بنکەیەی دەکرد، زۆری زەحمەت دەکێشا، لە جیاتی هەموو کوڕەکان کاری دەکرد، هاوکاری هەمووانی دەکرد، گوێی کەمێک گران بوو، جاری واش هەبوو ئەگەر قسەیەک بە قازانجی نەبایە گوێی لێ نەدەبوو، ئەگەر بە قازانجیشی بایە سرتەشت کردبایە کوێی لێ دەبوو، هەموومان سۆفی مان خۆشدەویست، ماوەیەکی زۆر بوو سەرپەل بوو، هیچ عەیبێکی نەبوو هەتا بیگۆڕین بۆیە لە کاتی سازماندەیی تازەدا بوو بە سەردەستەی، دەستەی شاهۆ، پەلی شاهۆ گەورەتر بووەوە بوو بە دەستە، بە خێرهاتنم کردوو دوای شۆخیەکی زۆر، کووتم سۆفی کارێکی تایبەتت هەبوو وا بەو بەیانیە زوە هاتوی بۆ ئێرە؟؟ کووتی با قەدەمێک لێدەین، وردە وردە کەمێک دوور کەووتینەوە، کووتی شۆڕش عەمەلیاتێکم بە دەستەوەیە، دەستکەووتی بشی دەبێ و زەربەیەکی گەورە دەبێ لە دوژمن، هیچ کەس فکری ناکا، هەتا بۆخۆشیان قەت قەت پێیان وانیە ئەو عەمەلیاتەیان لەسەر بکرێ... شوێن و جێگاو ڕێگای عەمەلیاتەکەی بە وردی بۆ باس کردم کووتی هەموو شتێک ئامادەیە، ئەگەر لک موافق بێ حەتمەن سەرکەووتوو دەبین چاوێکم لێکرد، بزەیەکم هاتێ، کووتی بەچی پێدەکەنی؟ کووتم ئەوە شەڕی ڕاستیە فیلمی سینەمایی نیە، کووتی قەولت دەدەمێ زۆر ئاسانە شەرت بێ ئەگەر نەمانگرت پێشمەرگایەتی ناکەم... دیار بوو زۆر لە خۆی ڕادەدیت... کووتم باشە من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ کووتی دەمەوێ ئاگاار بی، کووتم باشە ئەگەر پێت باشە بە شەهید کەمال سمایلزادە دەڵێم. کە فەرماندەری لک بوو یا کاک کەریم گە فەرماندەری هێزە، کووتی نا پێیان مەڵێ نەکوو لێمان تێکدەنەوە، هەر تۆ ئاگادار بی بەسە منیش کووتم بڕۆن عەمەلیاتەکە بکەن لەبەر ئەوەی شوێنەکە حەساسە لە لای هیچ کەس باسی مەکەن، بڕۆن حەتمەن سەرکەوتو دەبن، ئەگەر پێویستە تا منیش بێم لەگەڵتان کووتی نا ئێمەش هەموومان ناچین نامەوێ زۆر بین هەتا کەمتر بین باشترە... ئەم کەین و بەینەم بۆ کەماڵ باس کرد. کەماڵ کووتی کاری چاکت کردوە، سۆفی سەرپەلێکی زۆر بە ئیحتحاتە جێگایەک خوڕەی بێ زۆری خۆ لێنادا، دەزانێ چ دەکا.. بابزانین چۆن دەبێ..

ئەم عەمەلیاتە من لەگەڵ نەبووم، بەڵام هەوڵ دەدەم تا ئەوپەڕی توانام لە زمانی خۆیانەوە کە بۆ منیان گێڕاوەتەوە، سۆفی بۆ خۆشی بە وردی بۆی باس کردووم. لەگەڵ دوو کەسی تر کە ئێستا لە ناوخۆن، قسەی هەرسێکیانم وەرگرتوەو وەسەر یەکم ناوەتەوەو بە ئەمانەتەوە بۆ خوێنەران و لاوانی کوردستانەکەم دەگێڕمەوە، من پێم خۆش نیە لە زمان کەسانی ترەوە باسی هەر شەڕێک بکەم، ئەو عەمەلیاتانە باس دەکەم کە بۆخۆم بەشدار بووم و هەرچی بە چاوی خۆم دیوومە باسی دەکەم... بەڵام زۆریان داوا لێکردم منیش قەبووڵم کرد وەک خۆیان بۆیان باس کردووم هەر بەو شێوەیە بۆ ئێوە بەڕێزان بگێڕمەوەو، ئەم عەمەلیاتە فەرامۆش نەکرێ و، ون نەبێ.. کووتیان چواردە کەسمان لە پێشمەرگەکان ئامادە کردبوو بۆ


گرتنی شارەبانی مەهاباد... دیارە شارەبانی ئەسڵی چۆل کرابوو تەعمیریان دەکرد وەستاو کرێکاری لەسەر بوو، بە شێوەیەکی کاتی گواستبویانەوە بەرامبەری خۆیان. بۆ ناو ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ... سەبت و ئەحواڵ هەر ڕووبەڕووی شارەبانی و سینەما ئاریا بوو..پێشتر شناساییان کردبوو. زۆر بە وردی نەخشەی گرتنەکەیان داڕشتبوو. تەقسیمی کاریان کردبوو هەرکەس شوێن و ڕێگای خۆی دەزانی... ئەو کەسانەی هێرش دەکەن دیاری کرابوون.. ئەو ئێوارەیە خۆیان گەیاندبووەوە ناو شارو لە جێگای دیاریکراو مابوونەوە تا کاتی عەمەلیات... سەعاتی سفر دادەنێن و پێش سەری سەعات. کە دەبوو لە سەری سەعاتی «یازدەی شەو» لێیدەن خۆیان لە جێگای مەبەست نزیک دەکەنەوە. بە هەر شێوەیەک بێ بە دەرگای پشتەوەی ««سینەما ئاریا»» دا دەچنە ناو سینەماو خۆیان دەگەیەنە دەرگای گەورەی پێشەوەی سینەما، لەوێ کە ڕووبەڕوی نیگابانەکانی شارەبانی دەبن، زۆر پێشمەرگانەو پارتیزانانە. بەبێ ئەوەی بێڵن دوژمن هەست بە بوونیان بکات زۆر لەسەرەخۆ دەرگا گەورەکەی سینەما دەکەنەوە.. ئەوەندەی نەفەری تێوەبچێ. ئێستا هەموو شتێک هەتا ئێرە بە سەرکەووتوویی ئەنجام دراوەو. ئامادەن و ڕاوەستاون تا لە باشترین فرسەت کەڵک وەربگرن و نەکوو هەڵەیەک بکەن و هەموو کارەکەیان لێ خراپ بێ.. تفەنگەکان لەسەر پێ هەموویان زۆر بە هێواشی و بە بێ هەست زامنی تفەنگەکایان دەترازێن و ئامادە بۆ هێرش.. سەنگەرەکانی دوژمن دوو سەنگەر بوو لە بن دەرکەو سەر کوچە.. دەبوو ئەوەندە بە خێرایی هێرشیان بکەینە سەر کە مەجالی ئەوەیان نەبێ تەقەمان لێبکەن و دەست بۆ چەکەکانیان بەرن، پێشمەرگەکان هەموو دەتکووت پڵنگ و شێرن ئامادە لەسەر فەرمانی من ڕاوەستابوون. دیتمان هیچ هەستیان بە بوونی ئێمە نەکردبوو، هیچ حاڵەتێکی غەیرە عادی و شڵەژانمان نەدەدیت، بۆیە کاتی بوو هێرش بکەین، نەماندەویست لێیاندەین نەخشکەمان وابوو نیگابانەکان بە زیندوویی بگرین و نەهێڵین ئەوانی تر هەست بە هیچ بکەن، لە کاتی گونجاودا بە کوڕەکانم کووت ئامادە بن تەنها پێنج کەس بە هەڵاتن بێ ڕاوەستان زۆر بە توندی پەڵەنگ ئاسا، لەم بەری خیبان بۆ ئەوبەری خیابان بوو، تەقە مەکەن مەیانکوژن بیانگرن... دیسان پێتان دەڵێم بە بێدەنگی و بە بێ تەقەو هات و هاوار، دستوورم دا، هێرش بەرن هەڵێن.. بەقوربانتان بم... ئەوەندەی چاو لەسەر یەک دانێی خۆیان لە ناو سەنگەرەکان هاویشت.. دوو سێ دەقەیەکی پێ چوو هیچ خەبەر نەبوو، نیگەران بووم هیچ کەس دیار نەبوو هیچ دەنگێکیش نەدەهات... دیتم یەکێک لە کوڕەکان گەڕاوە کووتی هەموومان گرتن چوار کەسن لەوێ لە ناو سەنگەرەکاندا درێژمان کردوون.. وەرن هەموومان یەک یەک پەڕینەوە چوینە ناو سەنگەرەکایانەوە، دەرگاکە داخرابوو. یەکیان کووتی کلیلەکەی بە منە ها بیکەنەوە... دەرگامان کردەوەو بۆیان چوینە سەرێ... لە سەرێ چوار دیوی خەوی لێبوو هەموویان نووستبوون، هەر دیوەی دە کەسی لێ دەبوو ئێمە دە کەس بۆیان چووینە سەرێ دوو کەسمان لە بەر دەرکە بوون نیگابان بوون دوو پێشمەرگەمان چوار دیلەکانیان بردبوە ناو سینەما، هەتا چووینە بن دەگاکان هێشتا هەستی ئێمەیان نەکردبوو، لە ناکاو وێکڕا دەرکەمان لێکردنەوە هەر چوار دیوەکە، کە ئێمەیان دیت هەر شێت بوون هەموویان نیوە ڕۆح ببوون نەیاندەتوانی لە جێگای خۆیان ببزوون، پێمانکووتن هەرکەس هەر حەرەکەتێکی خراپکارانە بکا دەیکوژین، جا ئەگەر دەتانەوێ زیندوو بن، زۆر بە هێواشی و بە

بێدەنگی پێشمان کەون، هەموو وەسایلێکی سەربازی و چەک و چۆلمان کۆ کردەوەو دەراغەکانمان دەرهێناو تفەنگەکانمان بە خۆیان هەڵگرت لە گەڵ هەموو موهیمات و ئەوەی پێویست بوو هەموومان لەگەڵ خۆمان هێنا، کە چل تفەنگی ژ - ٣ بوو لەگەڵ چواردە دەمانچەی نێرگان و بێسیم و مەهیمات، هێنمانە خوارێ لەوێ پێمانکووتن بە بێدەنگی یەک یەک هەڵێنە ناو سینەما هەر کەس نیازی هرلاتنی هەبێ دەیکوژین.. گوێتان لێبوو؟؟ هەموو کووتیان بەڵێ، بەدەرکەی پشتەوەی سینەمادا هێنامانە دەرێ و بە کوچەی باغی سیسەدا هێنامانن تا سەر پردەکەی قەسابخانە،، ئەو پردەی ئەمنی لێ بریندار بووم، لە کن پردەکە پایەگای کن ماڵە حاجی عەزیز قوڵی دیتیانین و تەقەیان لێکردین یەکێک لە پاسەبانەکان کوژراو لەوێ بە جێما،، هەر چۆنێک بوو پەڕینەوە گەڕەکی شرکەتی نەفتی و سیللۆی شار،... قسەیەکی خۆشم بیر هاتەوە کاتێک دەگەنە کن ماڵە خۆشەویستەکەی سۆفی،،ئەوکات نەیهێنابوو هەر حەزیان لە یەکتر دەکرد، سۆفی سەرپەل دەبێ و فەرماندەری عەمەلیاتەکە دەبێ و، کوڕەکان کووتیان هەر کە گەیشتینە کن ماڵە ئەو کچەی سۆفی خۆشیدەویست، سۆفی ئەفسەرەکەی شارەبانی بانگ کردوو. پێی کووت لێرە دەستوور بە پاسەبانەکان بدە لێرە دەرجای لێبدەن هەتا پێتان دەڵێم. ڕامەوەستن ئەفسەرەش شتێکی پێکووتن نازانم چی کووت. خێرا هەموویان بە خەت بوون و بوون بە دوو ڕیز، تەپ تەپ لە جێی خۆیان هەر پێیان بە عەرزیدا دەدا، سۆفی لە دەرگای ماڵە بابی کچەی دا.. هەموویان هاتنەدەرێ دایک و باب و منداڵان و وردە وردە خەڵکی کوچەو، سۆفی زوو زوو قاقای دەکێشاو بە بابی خۆشەویستەکەی دەکووت چاوت لێیە چمانکردوە.. هەموویان نۆکەری جەنانتن، چ دەستورێک دەفەرمووی تا وایان لێبکەم، کابراش هەر پێی سەیر بوو کووتی کوڕە ئەوە بە ڕاستیتە؟ ئەوانەتان گرتوون؟ کوڕە بێدەنگیان کەن با کەس نەزانێ، سۆفی لە پڕ بە پاسەبانەکانی کووتبوو ڕاوەستن سەگبابینە... هەموو ڕاوەستان، پێم وابێ لەبەر ئەوە بوو کچەکەیان دا بە سۆفی، شەوێ هەموو ئەسیرەکانیان هێنابوونە کۆنەدێ، تا بەیانی،... بۆ بەیانی لوقمان بانگی کردم.. کووتی عالەمێکی زۆر بەو شاخەیدا دێنە خوارێ، پێم وابێ پاسدارن، منیش دەستم دا تفەنگەکەم و ڕەختەکەم هەروا بە شانمدا داو چوومە دەرێ کە دیتم، لوقمان ڕاست دەکا کەوشەکانم هەڵدەکێشاو ڕەختەکەم دەبەست، گوێم لە دەنگی کورەکان بوو گۆرانیان دەکووت و دەنگی قاقای پێکەنینی سۆفی دەهات، زانیم پێشمەرگەکانن و کارەکەشیان بە سەرکووتویی ئەنجام داوە، گەیشتنە ناو دێ و ئەوجار گوێ لە قسەی خۆش و پێکەنینی سۆفی بگرە سی و نۆ پاسەبانیان هێنابوو، کە هەواڵەکەمان بە کاک حەسەنی شەڕەفی ڕاگەیاند... هەر هاواری بوو دەیکووت تازە ئەو هەموو ئەسیرەیان هێناوە، کاک سۆفیش سی و نۆ ئەسیری تری ۆ هێناوم، کوا ئێمە نانی ئەو هەموو ئەسیرەمان پێدەدرێ، لە کاتی ناردنیان بۆ دەفتەری سیاسی ئەو هەموو ئەسیرە بە ڕێگایەدا، پایەگایەکمان هەبوو لە پشتی گوندی «عەینە مەلا» شەهید سەید تەها ئیسماعیلی سەرپەلی بوو... دۆشکەیەکیان لە کن بوو، وەختێ ئەو هەموو خەڵکەی دەبینن هەموو لیباسی سەربازی و پاسەبانی بە دۆشکە دایدەگرێ سەید تەها... ئەو دۆشکەیە هەمیشە گیری دەکرد، بەدبەختی ئەو پاسەبانانە دۆشکە نیوە سندووقێکی زیاتر تەقاندو باش بوو دیسان گیریکردەوە، ئەویش دوو پاسەبانی کوشت، باش بوو گیری کرد دەنا هەموانی دەکوشت، زۆرمان سۆفی پێشمەرگەکان تەشویق کرد، بە ڕاستی کارێکی

گەورەیان کرد... دەوڵەت سبەینێ زانیبوویان شارەبانی هەمووی بە خڕی پێشمەرگە پێچاویەتەوە.

-------------------------------------------- -----

## هاوڕێ حەسەن ڕەستگار





خوێنەرانی بەڕێزو هێژا، ئەم چەند دێڕەی دەیانووسمەوەو ئێوەی بەڕێزیش دەیخوێننەوە، تەنهاو تەنها مەبەستمە وەک خۆم، ڕێزم لەم پیاوە مەزنەی کورد گرتبێ،، کە دەزانم حەزو ئاواتی بە سەدان و هەزاران کوردی بەشەرەف و گەنج و تازە پێگەیشتوەکانی کوردستانە... بە دەستمەوەیە بە دوورو درێژی لەسەر کاک حەسەن و هەموو شۆڕشگێڕان بنووسم، ئەگەر مەرگ مەودام بدا... بۆیە هیچ فەرق و جیاوازیەکم لە نێوان پێشمەرگەیەک و ڕێبەرێکدا نەکردوە، هەرگیزیش نایکەم... لێرەدا تەنها یادێکی لێدەکەم بە کورتی، کاک حەسەن ئەگەر خەڵکی هەر وڵاتێکی تری ئەم جیهانە بوایە، کەسێک دەبوو لە بەناوبانگترین کەسایەتیەکان لەسەر ئاستی دنیا، یان بە زمانێک و بە شێوەیەکی تر باسی بکەین، ئەگەر میللەتی کورد حکوومەتی سەربەخۆو سەقامگیری خۆی هەبایە، کاک حەسەن ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بە هێزوو کەسێکی دووربین و دوورنەماو کۆڵەکەیەکی پتەو و داڕێژەری سیاسەت و بەرنامەی درێژ خایەنی حکوومەتی کوردی دەبوو، کەسایەتی بەهێزو قورس و قاییمی کاک حەسەن وای کردوە، دۆست و دوژمن وشە بە وشەی بە جیدی بگرن و بۆیان ببێتە قسەی کۆتایی... زۆر گرنگە لە ناو میلەتێکدا کەسێک هەڵکەوێ، ئەوەندە جێی باوەڕی خەڵکەکەی بێ.. من بۆ زۆر جێگای حەساس و جێگای بڕیاردان لە خزمەتیدا بووم، لە لای هەموو سەرکەردەکانی کوردستان، هەتا بێگانەش، بۆ سەرۆکەکان هەمیشە ئامۆژگاری کردوون و بە شێوەیەکی قورس و قاییم بەبڕوا بە خۆبوون دڵسۆزانەو لە هەمان کاتدا سیاسیانە، بە کورتی و، بە کوردی

و، بەجیدی قسەی لەگەڵ کردوون، بەرامبەرەکەی دەخستە ناو سەرسوڕمان و هێنانەوەیان بۆ سەر ئەسڵی ڕێگای کوردایەتی و داڕشتنی سیاسەتێکی بە هێز، لەسەر بڕیاری بەهێز، لەسەر کردەی بە هێز، کاک حەسەن هەمیشە دەیکووت، سیاسەت و حزبایەتی بە فەقیری و نەداری ناکرێ، ئەم قسە جوان و پڕ لە ئەزموونەی کاک حەسەن لە هەموو دەورای پێشمەرگایەتی و حزبایەتی من و هەزارانی وەک من بە کرەوەو بە چاوی خۆمان دیتمان و ڕاستی ئەم ئەزموونەمان بە دڵ، بە مێشک، بە تەواوی وجودمانەوە هەستمان پێکرد، لە زۆر جێگایان کە من لە خزمەتیدا بووم، هەموو سەرکەردەکانی کوردستان و غەیرە کوردستانی قسەکان و بڕیارەکانی کاک حەسەن یان بە ئاخر بڕیارو ئاخر قسەیان دەزانی و وەریاندەگرت، لە هەر پۆست و مەقایێکدا بوایە.. پێم شک نایە لانی کەم ئەوەندەی من دەیناسم،، بۆ یەکجاریش قسەی زیادی و بێ ناوەرۆک و بێ بەرهەی کردبێ،، هەتا لە کاتی ئاسایی و شۆخی کردنیش دا، شۆخی کردنی کاک حەسەن هەمووی ڕاستی بوو، بەڵام گرینگ ئەوە بوو تەرەف حاڵی دەبوو، یا.. نا؟ تێگەیشتن لە هەموو شۆخی و قسە کردن و تەنانەت جموجۆڵەکانیشی، هەموو کەسێک لێی حاڵی نەدەبوو... لە قسە کردندا پێچانەوە ڕاوە ڕێوی و ئەم بەرەو بەری تێدا نەبوو.. ئەوی دەیکووت دەقیقەن وابوو، زۆر زوو هەموو کەسێکی دەخوێندەوە، زۆر زوو لە بەرامبەرەکەی حاڵی دەبوو، زۆر بە کورتی شتێکی وەک نەزەری خۆی دەکووت، ڕاست وا دەرەهات، بۆ نمونە ئەم قسەیەتان بۆ دەگێڕمەوە، کەسێکمان لەگەڵ بوو ناوی ناهێنم، هەرچی کوتبابات بە دوای تۆدا دەیکووتەوە، لە کاک حەسەنیان پرسی نەزەرت چیە لە سەر ئەو کەسە؟؟؟، کووتی ئەو کەسە، ئەگەر کەسێک هەبێ قسەی بۆ بکا. زۆری دەزانێ... هەروەها لەسەر دوژمنەکان نەزەرو بۆچوونی زۆر دروستی هەبوو لەسەریان.... هیچ کاتێک پەلەی نەدەکرد لە بڕیاردان، هەمیشە دەیکووت، ئەگەر حەوسەڵەت هەبێ، لە قۆرەی حەڵوا درووست دەکەی.... هەر سیاسیەک سەبرو حەوسەلەی کەم بێ،، زوو دەدۆڕێ. کاک حەسەن وەک هەموو کەسێک لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە شتی ناحەق و بێ جێ و بێ ماناو زوڵم و ئەم کردارە ناشیرینانە قەڵس و توڕە دەبوو، من زۆر جارم بە توڕەیی دیوە، کە چاوم لە دەم و چاوی دەکرد دەمزانی کە چەندە قەڵس و توڕەیە، پێم وابێ بۆ خۆشی نەیدەزانی ئەمن بە چیدا دەزانم چەندە توڕەیە، بە کەسیش ناڵێم، بەڵام هیچ کات نەمدی لە کاتی توڕەبووندا، بڕیار بدا، یا. جنێو. بدا، یا حەرەکەتێکی ناشیاو لە خۆی نیشان بدات، زۆر زوو. چاک دەبۆوە. کاک حەسەن تحلیل و شیکردنەوەی لەسەر ڕووداوە کتوپڕەکاندا زۆر بەهێز بوو، زۆر زوو ڕێگا چارەی دەدیتەوە... هچ کات لە کاتە خەتەرناک و تەنگانەدا، هەرگیز خۆی نەدەدۆڕاند، هەمیشە باشترین ڕێگای چارەسەری پێبوو... لە بیرمە حزب سەردانی مام جەلال یانکرد لە هەولێر، لە کاتی گەرمەی شەڕی ناوخۆیدا بوون،، شەڕی "یەکیەی" و "پارتی"، هێرشەکان زۆر توند بوون، مام جەلال زۆر نیگەران بوو، ئێمەش میوانی بووین، پەیام لەسەر پەیام بۆی دەهات لەسەر بەرەکانی شەڕ.. لەکاتەشدا منداڵانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانەیەک بوون، منداڵەکا یان هێنابوو مام جەلال قسەیان بۆ بکات، هەمووومان لە حەساری پشتەوەی بنکەی دەفتەری سیاسی و جێگای دەفتەری کاری مام جەلال بووین، تاوێک دەچووە لای منداڵەکان کەمێکی قسە بۆ دەکردن، بە ڕووخۆشی و بە پێکەنینەوە دەستی بە سەریاندا دەهێنان و پرسیاریان دەکردوو جوابی دەدانەوە، لە ناکاو پەیامێکی بۆ دەهات لە لای منداڵەکان نەیدەخوێندەوە، هەموو

جاریٚ کۆی دەکردنەوە ئیزنی لیٚ دەخواستن و دەهاتە ئەولاتر دەیخویٚندەوە، ئەگەر خۆشبایە خەبەرەکە دەمانزانی دەم وچاوی پیٚدەکەنی، ئەگەر خەبەرەکەش ناخۆش بایە، بۆ ئەوەی نەدەبوو چاوی لە چاوان بکەی، زۆر نارِەحەت بوو هاتە لای ئیٚمە کووتی کاک حەسەن ئەوە وەزعەکەیە بە نەزەری تۆ چیبکەم؟ کاک حەسەن، کووتی هەولیٚرت بە دەستەوەیە شەڕی ڕاگرە، کووتی زوو نیە... کووتی من بم ڕایدەگرم، لەوە زیاتر دەبیٚتە زوڵم.... بە پیٚکەنین و دڵی خۆشەوە گەڕایەوە لای منداڵەکان، سروودی ئەی ڕەقیبیان خویٚندەوە منداڵەکان، ویٚنەیان بە کۆمەڵ لەگەڵ مام جەلال گرت و هەموانی ماچ کردو ئەوان ڕۆشتنەوە، مام جەلال ئەوشەوەش نەیهیٚشت بڕۆین، سبەینیٚ ڕۆشتینەوەو شەڕیش ڕاوەستا، پیٚویستە هەموو تاکیٚکی کورد بە تایبەتی لاوکان و تازە پیٚگەیشتوەکان. کادرەکان و ڕوناک بیرەکان، لە ئەزموونی نزیک بە شەست ساڵ خەبات و تیٚکۆشانی ئەم کەڵە پیاوەی کورد، کەڵک وەرگرن و بۆ داهاتووی ژیانی سیاسی خۆیان بە کاری بیٚنن، خویٚن گەرمەکان، لاوەکان... هەموو کەسایەتیە سیاسیەکانتان وەک پیٚشمەرگە قارەمانەکان پیٚ دەناسیٚنم، چونکە ئیٚوە پیاوی سیاسی و ڕیٚبەران و فەرماندەو پیٚشمەرگە قارەمانەکانی ئەم کوردستانەن، پیٚویستە باب و باپیرانی خۆتان بە درووستی و بیٚ کەم و زیاد بناسن....

---------------------------------------- ------

# هاوڕێ ڕەحیم تەها




پێم باشە قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم. ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان چونکە بە درێژایی مێژو، میللەتی کورد زوڵمی لێکراوە، کوشتویانن و وڵاتیان لێ داگیر کردوون، حەقی خۆیان بووە، هەموو کاتێک. لەهەر دەرفەتێکدا کە گونجاو بووە، بە هەر شێوەیەک بوەو، ڕووبەڕوی دوژمن بونەتەوەو داوای مافی خۆیان کردوە... بەڵام هەموو جارێ لەگەڵ هەڵوێستی زۆر توندو تیژی دوژمنان بونەتەوە و بە حوکم و زۆری چەک.. دایانمرکاندونەتەوە و گرتوویانن و لە سێدارەیان داون.. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم سەرهەڵدان و وردە ڕسانانە هەر درێژەی هەبوەو بۆ هەمیشە دانەرمرکاوە.... بۆیە لە خۆپێشاندەنەکانی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران، کورد لە هەموو گەلەکانی تری ئێران زیاتر هەستی بە زوڵم لێکراوی دەکردو بەشداری ڕاپەڕینەکەیان کرد تا کۆتایی و ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەت.... ئەوەی ئەمجارە مەبەستمە باسی بکەم، لاوێکی خوێن گەرم و تاقانەیەکی دایک و بابی،، بەوپەڕی گیانفیدایی و دڵسۆزانە، ئامادە بوو خۆی فیدای ئازادی گەلەکەی بکا... "ڕەحیم تەها... ڕەحیم لە کاتی هێرش و گرتنی پایەگاو بنکەکای سەربازی و ساواکیی شادا. ئەزموونێکی هاتبوە دەست، دەبێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە، بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ، بیروباوەڕو فکرو بۆچوونی خۆی لە کۆمەڵەدا نابینێتەوە، بۆیە پێی وابوە خولیاکانی خۆی لە حزبی دیموکراتدا دەیتەوە، هەتا سەرئەنجام ڕیزەکانی کۆمەڵەی بەجێهێشت و هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی دیموکرات، لەگەڵ پێشمەرگەو فەرماندە کاک "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" دەبێ و بۆ ماوەیەک، پاشان دەینێرنە دەفتەری شمارە یەک، لەوێ سازمان دەدرێ، ئەوکات دەفتەری سیاسی ببوە دوو بەش، ئەم بەشەیان هەر لە جێگای خۆی و ناوچە شاخاویەکانی کوردستان بوو... بۆیە هەمیشە لە ژێر تۆپ و خومپارە باران و فرۆکەکەکانی ڕژیمدا بوون، چەدین جار هێرشی زۆرو زەبەلاحیان دەکردە سەر ناوچەکە، بەڵام هەموو جارێ پێشمەرگە دەیانشکاندن.. ڕەحیم زۆر

ئازایانە بەشداری شەڕە سەختەکانی سەرشاخان و خورینجی کردوە هەتا بە یەکجاری دەپەڕێنەوە ئەوبەر... لەوێش لە گەورەدێ دەبێتە بەرپرسی پەزیرای لە دەبیرخانەی حزب، هەتا ساڵی ١٣٦٣. وەک کادری دەرمانی نەقلی ئاسایشگای دەکەن و، لەوێ دەبێتە خۆشەویستی هەموو پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە، کە هاوکاریەکی زۆری بریندارەکانی پێشمەرگە دەکات،، زەحمەتێکی زۆر دەکا بە باش بوونی تەندرووستی بریندارەکان، کە جێ دەستی بۆ هەمیشە دیار بوە، ڕەحیم هەتا جەریانی کۆنگرەی هەشتی حزب و هەڵوێست گرتن، لەم کارەیدا بەردەوام دەبێ و دوای هەڵوێست، ئەویش بڕیاری خۆی دەداو دێتە ڕیزی شۆڕشگێڕانی ڕێبەرایەتی، حزب وەک بەرپرسی عەمباری حزب دایدەنێن لە ڕانیەی باشوری کوردستان، لەم کارەیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ دەمێنێتەوە، پاشان حزب وەک بەشی ماڵی ناوەندی یەکی کوردستان دیاری دەکەن، لە ناوچەی چۆمان و ناوچەکانی ناوەندی یەک... ڕەحیم هەمیشە ئامادە بوە بۆ هەر ئەرک و کارێک کە حزب پێی داوە، بەوپەڕی دڵسۆزی و وەفاداری و بە عەلاقەوە وەریگرتوون و ئەنجامی داون، بۆیە ڕەحیم کەسێکی باوەڕ پێکراو و جێگای متمانەی حزب و هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بووە پاش ماوەیەک لەم کارەی، حزب دەیهێنێتەوە بە هۆی شارەزایی لە کاری دەرمانیدا کە هەیبوو، لە دۆڵە ڕەقە لە دەرمانگای حزب لەگەڵ دکتۆر خدر مەرەسەنە دەست بەکار دەبن، وەک سازمانەدیی دەدرێتە کۆمسیونی کۆمەڵایەتی، لێرەش خزمەتێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکەو پێشمەرگەو بنەماڵەی کادرو پێشمەرگەکان دەکەن، هەتا ڕۆژێک بە ماشێنی تەدارووکاتی حزب، لە ڕانیەوە بەرەو بنکەکانی حزب دەگەڕێنەوە، پێش گەیشتنیان بە گوندی سەرکەپکانی شاری ڕانیە دەکەونە کەمینی هەندێک لە بەکرێگیراو و جاش و چڵکاو خۆرەکانی حکومەتی سێدارەی مەلایان، زۆر بە توندی لێیان دەدەن، هەر دەست بەجێ، "سەعدوون بارزان" پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمانی ڕۆژە سەختەکان لەگەڵ پێشمەرگە "مام حەسەن". شەهید دەبن، بەڵام ڕەحیم بە توندی بریندار دەبێ،، لە کاتێکدا تڕۆریستەکان وێنەیان لێ هەڵدەگرن هەتا بیبەنەوە پێشانی بەرپرسانی ئێرانی بدەن.. تا باوەڕیان پێبکەن و پوڵێکیان بدەنێ، ئەم کوردە زۆڵ و بێ شەرەفانە هەتا گوولەی ئاخرو کۆتاییان لێدەدەن.... نەکا زیندوو بن و پوڵەکەیان نەدەنێ... بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەم هەموو گوللە بارانە تەسلیم بە مەرگ نابێ و دەمێنێ، دوای فریاکەوتنیان لە لایەن پێشمەرگەکانەوە دەیگەیەنە نەخۆشخانە، ڕەحیم برینەکەی زۆر بوو بەو هۆیەوە حزب دەینێرێتە بەغداد لەوێ لە ژێر چاودێری باشترین دکتۆرەکاندا دەبێ، پاشان حزب دەینێرێتە دەرێ بۆ چارەسەری یەکجاری، لە وڵاتی "سویس" دەگیرسێتەوەو پاش باشبوونی وەزعیەتی خۆی، لەوێش دیسان شان دەداتە بەر ئەرک و وەزیفەکانی حزب.. ئێستاش وەک ئەندامێکی چالاک و تێکۆشەری کۆمیتەی حزب لەو وڵاتە... چەند تێبینیەک لەسەر ڕەحیم.. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٣ جار بە توندی بریندار بووە... هەندێک کارو مەئموریەتی تایبەتی ئەنجام داوە کە ئێستا پێم باش نیە باسی بکەم،، لەکات و شوێنی خۆیدا باسی دەکەم... دایکی ڕەحیم.. تەنها ژنێک بوو لە کاتی تۆپ و خومپارە بارانی شاری مەهاباد لە لایەن دوژمنەوە دەکرا، کەس نەیدەتوانی بێتە دەرێ و برسیەتی دەهات پەرە بستێنێ، نانەواخانەیەکی گەڕەکی خۆیان لە سێڕای وەفایی کردبۆوەو لەگەڵ چەند کەسی تر خۆبەخشانە نانیان دەکردوو دەیاندا بە خەڵک... ئەوە کاری هەموو کەس نەبوو لەو کاتە خەتەرو

پڕ مەترسیەدا، لاوەکان کیژو کوڕانی خوێن گەرمی کوردستانەکەم، ئەم قارەمانانە شانازین بۆ ڕابردووی مێژووی گەلەکەمان. ئەم شۆڕشگێڕو لەخۆ بوردوانە هەرچی لەدەستیان هات کردیان هەتا ئێوە بە ئازادی و سەربەخۆ بژین... بۆیە ئەم شۆڕشە بە خوێن و ئاوارەیی و ماڵوێرانی هەتا ئێرە هاتوە، ئێستا ئێوە هیوای دوا ڕۆژ و قارەمان و ڕێبەرانی داهاتووی کوردستانن، پێویستە ئەزموون لە ڕابوردوو وەرگرن بۆ داهاتووی خۆتان سوودی لێوەرگرن..... بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------

## هاوڕێ مەنسوور ئەمیری




پێم باشە قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان. ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژوو میللەتی کورد لە لایەن دوژمنەکانیەوە ستەمی لێکراوەو زوڵمیان لێکردوون... بەڵام کوردیش هەروا دەستەو ئەژنۆ و دەتە وەستان ڕانەوەستاوە، لەهەر دەورو زەمانێک فرسەتێکی بۆ هاتبێتە پێش کەڵکی لێوەرگرتوەو ئەگەر مەیدانەکەش بەرتەنگ بووبێ،، دیسان بە پێی هێزوو توانای خۆی ئەسپی خۆی لێ تاو داوە... کە زۆرن لەو سەرهەڵدانانە لە مێژووی کوردا... دوای ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران.. کورد دەرفەت و فرسەتێکی گەورەترو پڕ دەستکەووتی بۆ هەڵکەووت.. ئەمجارە لەگەڵ هەموو جارەکانی تر فەرقی هەبوو... لاوەکان و کوڕو کچانی کورد بۆ ماوەیەکی کەمیش بوبێ لە کوردستان تامی ئازادیان چێشت و بڕیاری یا سەرکەووتن یا مردنیان دا. ئێستا کوردو کوردستان خاوەنی حزبی سیاسی و هێزو چەکی قورس و سووک، هەروەها

ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو کادرو ناوچەی ئازاد بۆ خەبات کردن بوو، شۆڕشێک لە هیچمان کەم نەبوو، قارەمان و فەرماندەو رۆڵەی ئازاو بەجەرگ و شۆڕشگێڕ بە واتای تەواوی کەلیمە شۆڕشگێڕ بوون، هاتنە مەیدانی خەبات هەرچی لە دەستیان هات گیانفیدایی کردیان و دریغیان نەکرد، ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەڵێم "لە هیچ کارەساتێک نەکشانەوە لە هیچ هێزێکیش نەترسان" ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، رۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی... "مەنسوور ئەمیری" ئەم لاوە خوێن گەرمەی کورد لەکاتی لاویەتیدا شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد، وەک هەموو لاوێکی داخ لەدڵی کورد، هەست بە زوڵم لێکراوی. لەگەڵ هاوڕێکانی لە هەموو خۆ پیشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەشدار بووەو بۆ گرتن و هێرش کردنە سەر بنکەو پایەگاکانی رژیمی شەهەنشاهی بەشداریی چالاکانەی هەبوە. هەتا هەموو ئاسەواری دوژمن لە شارەکەی "مەهاباد" و ناوچەکە پاک کرایەوە.. مەنسوور ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دێتە لای شەهید "چرچەی بارام میرزا" لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد، لەوێ چرچە دەینێرێتە پەلی شەهید "کەریم ساڵە" لەوێ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و رەسمەن دەبێتە پێشمەرگەی حزبی دیموکرات لە هێزی شەهید "پێشەوا" لە لکی دوو... کە ئەوکات کاوە سالک سەرپەلی ئەو پەلە بوو... مەنسوور ماوەی ساڵێک لەو پەلە دەمێنێتەوە لە زۆر عەمەلیات و کەمین دا بەشداری چالاکانە دەکات بۆیە زۆر زوو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانیدا دەکاتەوەو دەبێتە جێگای باوەڕی هاوڕێیانی، بە پێی ئەوەی مەنسوور خەڵکی مەهاباد بوو هەموو دۆست و هاوڕێکانی لە لکی یەکی کاک شوان بوون، بۆیە تامەزرۆی دیتن و لەگەڵ بوونیان دەکاو داوا دەکات کە بینێرنە لکی یەک، کاتێک قەبوڵی دەکەن... هاتە لای ئێمە لە پەلی "شاهۆ" زۆرمان پێ خۆش بوو من مەنسوورم. لەوێ ناسی کەماڵ سمایلزادە پێی ناساندم، هەر لە یەکەم دیداردا وا هەستم کرد لە منداڵیەوە دەیناسم... هەر بە دوو رۆژان بوخچەی دڵمان بۆ یەکتر کردەوە، دۆستایەتی و هاوسەنگەرایەتی مەنسوورم پێ خۆش بوو... هەر ئەوەش بوو زۆر لێک نزیک بووین هەروەها لەگەڵ کوڕەکان هەموو بێ جیاوازی... مەنسوور زۆر لەلای ئێمە نەمایەوە پێم وابێ هەر شەش حەوت مانگێک بوو، دوایە لەسەر داوای خۆی گەڕایەوە بۆ لکی دوو، پەلی ئێمە شاهۆ عەمەلیاتمان زۆر بوو هەمیشە لە مەئموریەتدا بووین، رۆژی وا هەبوە دووجار کەمینمان هەبوە بۆ دوژمن.. یا کۆنترۆڵ کردنی جادەی ئەسڵی نێوان مەهاباد ورمێ بوو، یا بەرنامەی گرتنی پایەگا بوو،، یا بەرپەرچ دانەوەی هێرشی دوژمن بوو لە شاروێران و ناوچەکانی تر... کەمتر بێکار بووین، مەنسوور لەو ماوەیەی لەگەڵ ئێمە بوو بۆ هەموو ئەو عەمەلیاتانە لەگەڵ بوو... بۆ کەمینەکان، دژە هێرشەکانی دوژمن، گرتنی پایەگای ئەمیرئاباد.. و زۆر جێگای دیکە... کە گەڕایەوە لکی دوو کوڕەکان بردبویانەوە ئەو پەلەی پێشتر لێی بوو،،، پاش ماوەیەک دەیکەنە سەرپەل هەر لەو پەلە واتە پەلی شەهید "کەریم ساڵە". لەوێ درێژە بە ئەرک و کاری پێشمەرگایەتی دەدا.. لە ناوچەکانی چۆمی مەجید خان و شامات و جار جار شاروێران، ئەگەر پێویستمان بایە زۆر جار داوامان لە لکی دوو دەکرد بۆ عەمەلیاتی گەورە لە ناو شاری مەهاباد... ئەوانیش دەهاتن یارمەتی باشیان دەدایـن، ئەو پەلەی مەنسوور سەرپەلی بوو چەندین جار هاوکاریان کردووین لە شەرەکانی ناو شار.... کەماڵ سمایلزادە کە بوو بە فەرماندەری لکی یەک، من لەگەڵ کەماڵ چوومە ئەرکانی لک.. لەوێ

ویستمان پەلێکی بەهێز دامەزرێنین وەکوو پەلی ئەرکانی لک.. بۆیە هەنێک لە پێشمەرگە بە ئەزموون و دیارەکانمان دەعوەت کردن بۆ کردنەوەی ئەو پەلە، مەنسوور یەکێک لەو کەسانە بوو کە بانگمان کردبوو، دیارە ئیجازەمان لە شەهید چرچە وەرگرتبوو کە قەبوڵی بکاو بۆمان بنێرێ، ئەویش هاوکاری کردین و مەنسوورمان هێناوە ئەرکانی لکی یەک، چەند پێشمەرگەیەکمان کۆکردبوونەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی کاتی تەواوو زۆری عەمەلیات و ئیدارەکردنی شارۆیران و مەحاڵ و ناوشار.. هاتنی کاک "کەریم پورقوباد" وەک فەرماندەری هێز لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە، کاک کەریم کەمتر لە بنکەی هێز دەمایەوە زۆرترین کاتەکانی لای ئێمە بوو لە بنکەی ئەرکانی لک، ئێمەش تەنها دیوێک و مەتبەقێکمان هەبوو. کە هەر بۆمان نەکرا ئەو پەلە تەشکیل بدەین، دوایە هێرشە زەبەلاحەکانی ڕژیم دەستی پێکرد بۆ گرتنەوەی ناوچەکانمان و سەرمان قاڵ و شەڕ لە دوای شەڕ،،، بۆیە نەمانتوانی ئەو کارە بکەین، بۆیە دیسان مەنسوور گەڕایەوە لکی دوو لەوێ دیسان کردیانەوە بە سەرپەل.. لەو پەلەی پێشوو... هەتا سازماندەیی تازەی حزب لە هەموو هێزوو لک و پەلەکان، دوای سازماندەی و تێکەڵکردنی پەلەکان و دروست کردنی دەستە کە لە پەل گەورەتر بوو، لێرەدا مەنسوور دیاری کرا وەک سەردەستەی "دەستەی شەهیدانی شامات." لەم ئەرکە تازەیەیدا بە ئینێرژیەکی تازەو بە بڕوابوون بە خۆی و بە ڕێبازی ڕاست و ڕەوای قۆڵی لێهەڵماڵی بۆ قۆناخێکی تر لە خەبات و تێکۆشان.. لەم ماوەیەدا چەندین عەمەلیات و چالاکی وەئموریەتیان ئەنجام داوەو لە قوڵایی ناوچەدا وەکوو چقڵی چاوی دوژمن ماونەتەوەو لەکارو تێکۆشانی خۆیان دوا نەکەوتون.. هەتا ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کە وەکو جێگری لکی دوو دیاری دەکەن و ئەرکی سەرشانی قورس و قورستر دەبێ، بۆ ماوەی سێ مانگ لەم مەسئولیەتەدا دەبێ، هەتا حزب داوای لێدەکات بچێتە "هێزی ئەفشین". بێ ئەوەی هیچ جیاوازی بە ناوچەکانی کوردستان بکا، لە جاران بە ورەتر لەوێش تواناکانی خۆی نیشان دەداو دەبێتە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی .... بۆ چەندین عەمەلیات لەوێ لەگەڵ کوڕە ئازاکانی هێزی ئەفشین دەبێ و بەشداری مەیدانی و چالاکانەی دەبێ... کە توانیبووی جنگا پەنجەی خۆی دیار بکا لەو هێزەش،،، لە ئاخری سا،لی ٦٥ دەگەڕێتەوە هێزی پێشەوا... پاش ماوەیەکی کورت لەسەر داوای خۆی دەچێتە هێزی بەیان لە ناوچەی بۆکان. ماوەیەکیش لەوێ دەمێنێتەوە.. دوای ئەوەی هێزەکان بەرەو سەرێ هەڵدەکشێن ئەوانیش دەگەڕێنەوە.. لەو گەڕانەودا مەنسوور دیسان دەگەڕێتەوە هێزی پێشەوا.... لەگەڵ هێزی پێشوا دەمێنێتەوە هەتا کۆنگرەی هەشتی حزب و هاتنە پێشی هەڵوێست گرتن... دوای هەڵوێست مەنسوور هەڵوێستی خۆی دەگرێ و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکا، لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێردا هەست بە بوونی خۆی دەکا هەست بە کەسایەتی و کێشی خۆی دەکا بۆیە لە پێشتر بە بڕواترو بە شەوق و زەوق تر قۆڵی بۆ خەباتێکی بێ وچان لێ هەڵدەماڵێ... دوای ماوەیەکی کورت لە هەڵوێست گرتن، مەنسوور وەکوو هەموو کادرو پێشمەرگەکانی "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" بۆ سەلماندنی بوون و مەوجودیەتیان دەچنەوە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان هەتا قوڵایی ناوچەو چەندین جاریش دەرگیر بوونیان لەگەڵ دوژمن... یازدە ساڵ بەم شێوەیە خەبات هەر درێژەی هەبوو، مەنسوور لەم ماوەیەدا توانی ژیانی هاوبەش پێک بێنێ و بەرهەمەکەی کیژۆڵەیەکی کوردی جوان بە ناوی "ژینۆ" بوو.. داوای تەمەن درێژی بۆ

دەکەم، پاشان مەنسوور ڕێگای هەندەران و تاراوگەی گرتە بەرو لە کۆتایدا لە وڵاتی ""نۆروێژ "" گیرسایەوەو لەوێش لەکارو وەزیفەی حزبی و هەر ئەرکێکی پێی بسپێرن دوانەکەووتوەو درێژە بە کارو تێکۆشان دەدا...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------------------------------

## هاوڕێ تاهیر بەهرامەوەند ناسراو بە (مامۆستا تاهیر)




لێرەدا مەبەستم لە ناساندنی دڵسۆزێک و پێشمەرگەو فیداکارێکی کوردو حزبی دیموکراتی کوردستانە.. بە ناوی "تاهیر بەهرامەوەند" ناسراو بە مامۆستا تاهیر... مامۆستا تاهیر لە دایک بووی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاویە لە گوندە جوانەکەی "بەیتاس"ی مەهاباد.. هەتا شەشی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان خوێندوە.. برا چوکەی پێنج برایانەوە خۆشەویستی بنەماڵەو هەموانە.. بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە مەهاباد لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا... بە پێی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی جوتیار دەبێ منداڵێکی ژیرو وریاو چاوکراوە دەبێ... بۆیە لە قوتابخانەش بە نمرەی باشەوە دەرسەکانی تەواو دەکاو دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان... تا ساڵی ١٣٥٩ لە وێ لەگەڵ هاوڕێکانی بنکەیەکی یەکیەتی لاوان دەکەنەوەو کارو چالاکی حزبی دەکەن، هەتا لەگەڵ یەکیەتی لاوانی مەهاباد پێکەوە جولەیەکی سیاسی تەبلیغی دەست پێ دەکەن بۆ ماوەی سێ مانگ. لە هەموو گوندەکانی لە گەورکی سێ... ساڵی ١٣٦٠ بەشداری دەورەی مامۆستای شۆڕشی کردوە لە گوندی "کامەم" پاشان کە ئیجازەی دەرکووتنەوەی پێدراوە ڕەسمەن وەکوو مامۆستای شۆڕش.. بۆ ماوەی سێ ساڵ لە گوندەکانی "گیادروان " "قوزلوێی گەورە" "میرەسێ" ی سەر بە ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد، دەرسی شیرین و زگماگی و پاراوی کوردی بە منداڵە

جوانەکـان و پەپولەکـانی ئەم گونـدانە کووتـوەتەوەو فێـری نووسین و خوێنـدنەوەی زمـانی داکیـان کـردو.. خزمەتێـک کە پیرۆزتر لە هەموو خزمەتێک... پاشـان وردە وردە بە هـۆی بەر تەسک بـوونەوەی ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشمەرگە،، مامۆسـتا تـاهیر لە بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٦٢ چـۆتە کـۆمیتەی نـاوچەی مەنگـوڕی یەک لەوێ درێـژەی بە کـاری حزبـی و ڕێکخراوەیی و جەماوەری داوە هەتا گرتنی کۆنفرانس بۆ کۆنگرەی حەوت.. پاشان چۆتە کۆمیتەی شارستانی مەهابـاد هەتـا سـازماندەیی تـازە.. تـا سـاڵی ١٣٦٥ وەک کـادری مـاڵی و ئـاموزش و بێسیمی لکـی یەک،، گەڕاوەتەوە نـاوچەو بـۆ قـوڵایی ناوچەکەیـان جەولەی سیاسی و نیزامی.... زستـانی سـاڵی ٦٥ وەک سەرپەرشتی لـک دیـاری دەکرێ لە گونـدی کـوڕەداوێ و درێژەی بە کارو تێکۆشـانی خـۆی داوە... لە سەر داوای شەهید "خدرە سوور" لە بەهـاری سـاڵی ١٣٦٦ وەک کـادری بەخشی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، چۆتە بنکەی ڕادیۆ پێش هەڵوێست و دوای هەڵوێستی سـاڵی ١٣٦٧ لە ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕیش تـا ساڵی ١٩٩٥ی میلادی لەسەر ئەم کارەی ڕادیۆ دەمێنێتەوە درێژە بە خەبـات و تێکۆشـان دەدا وەک کـادری دەرەجە سێ... دوای هاوسەرگیری و پێک هێنانی ژیانی هاوبەش و بوون بە خاوەنی کوڕو کچێکی زۆر جوان و خوێن شیرین.. ڕوو لە هەنـدەران و تاراوگە دەکات، دەچێتە وڵاتی تورکیە لەوێ بیست مانگ دەمێنێتەوەو پاشان قەبوڵ دەبێ و لە وڵاتی نروێـژ دەگیرسێتەوە.. لە دەرەوەی وڵاتیش هەرچی زووتر پەیوەندی بە تەشکیلاتی حزبەوە دەکـات لە کۆمیتەی نـۆروێژ. دەست دەکـاتەوە بە کـارو چالاکی حزبی و لە کۆمیتەی ناوچەیی و کۆمەڵەی کەلتوری کار دەکاو ئەنـدامی فەعـالی جێگری موشـاویری نروێـژە ئێسـتاش موشاویری کۆمیتەی گشتی نۆروێژە.. لاوەکان کیژو کوڕان و تـازە پێگەیشتوەکانی کورد، ئەمـانەی پێتـان دەناسێنم قـارەمانـان و کۆڵەکەی بە هێزی حزب و ێێوەن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی هەموو ژیانی خۆیـان فیـدای سـەربەرزی و ڕزگـاربوونی ئێوە کردوە.. پێویستە قەدریان بگرین و ئەزموونیان لێوەرگرن بۆ داهـاتووی خۆتـان... چونگە ئێوە قـارەمانـان و ڕێبەران و پیاوانی سیاسی ئەم کوردستانەن. ئێوە خاوەنی ئەم کوردستانەن... بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

-------------------------------- -------------

## حەسەن مەحموودی. ناسراو بە (ئەهوەن).




جێگای خۆیەتی قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم .ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازی گەلەکەمانن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. حەسەن مەحموودی. ناسراو بە (ئەهوەن). پێش هەموو شتێک پێم خۆشە پێتان بڵێم باسی کەسایەتیەک دەکەم کە لە تەمەنی حەڤدەساڵیەوە پێکەوە هاوڕێین. بۆ یەک جاریش دڵمان لە یەک نەڕەنجاوە کە پێم وایە ئەوی ئەهوەن بناسێ یا جارێکی دیبێ. خۆشی دەوێ و لێی نارەنجێ و ڕێزی دەگرێ.... هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی کوردستان لە دەست ڕژیمی شاهەنشاهی و دژە کورد. ئەهوەن بەوپەڕی هەست کردن بە زوڵم و زۆری ئەو ڕژیمە دەرهەق بە نەتەوەکەی. زۆر بە دڵ گەرمی و بەوپەڕی فیداکاریەوە وەک هەموو لاوەکانی کوردستان بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی بەشداری چالاکانەو بێ پسانەوەی هەبووە. هەر لەو سەرو بەندەدا. حەسەن دیپلۆمیدانشسەرایی موقەدەماتی وەرگرتووەو. هاوکات لە قوتابخانە یەک لە مەهاباد دەرسی کوتۆتەوە. هەوڵی زۆری داوە تا درێژە بە خوێندن بدا. بۆیە خۆی ناو نووس کردووە بۆ تاقیکاریەکی موخابەراتی لە تاران و بە شداری کردووەو. قەبووڵ بووە. دواتر بە شێوەی (دیس دانس). ئەو دانشکەدەیەی گوزەراندووە. بە هۆی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و بەرەکەتی ئەم ڕژێمە. هەموو دانشگاکان داخران و چیدیکە نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. وەکوو هەزاران گەنج و خوێندەوارانی ئەم وڵاتە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی بە هۆی تێکۆشەری دێرین و خەباتگێڕ. کاک جەلیل گادانی و کاک عومەر قازی بە حزب ناسێندراوەو. هەر ئەوکات شەرەفی ئەندامەتی لە حزبی دیموکراتی کوردستان وەردەگرێ. بە هۆی خۆش ئەخلاقی و خۆشەویستی لەلای هاوڕێیانی و چالاک بوونی وەک شۆڕشگێڕێک. یەکێک بوو لە یەکەمین کەسەکانی دامەزرێنەرانی پەلی (شاهۆ). بە فەرماندەیی شەهید (جەعفەر کەڕووبی). ئەهوەن لەو پەلەدا وەک پێشمەرگەو وەک کادری سیاسی پەل درێژەی بە خەبات و شۆڕش دا. تا هاتنەدەر لە

شاری مەهابادو کردنەوەی بنکەکامی حزب لە دەوروبەری شار ئەهوەن زۆر زوو توانی جێی خۆی لە ناو هاورێیانی و پێشمەرگەو خەلکدا بکاتەوە زۆری نەگرت بەرپرسیارەتی بەشی ماڵی لکی یەکی هێزی پێشەواو یارمەتی دەری بەشی سیاسی لکیان پێ ئەسپارد. لەم کارەشدا نیشانی دا کە شیکردنەوەو لێکدانەوەی سیاسەتەکانی حزب بۆ پێشمەرگەکانی لک لە توانایدا هەیەو سەرکەووتوانە تێدەکۆشێ بۆ ڕوونکردنەوەی هەر گیروگرفتێکی سیاسی و تەوزیحی تەواو بۆ پێشمەرگەکان و حالی کردنیان زۆر سادەو بێ گرێ. ئەهوەن. پلە لە گەڵ پلەکانی حزبی دەبیڕین و بەرەو پێش دەچوو. داوای لێکرا بەرپرسایەتی ماڵی هێزی پێشەوا بە ئەستۆ بگرێ. ئەم داوایەشی قەبووڵ کردو. بوو بە بەرپرسی بەشی ماڵی هێز. لە هەردوو دەورەی فەرماندە هێزی کاک (سەرهەنگ چیا) و. کاک (کەریم پورقوباد). لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسی ئەرکانی هێزی پێشەوا بوو. هەتا کاتی فەرماندەیی (شەکرە مەجنون) کە بوو بە فەرماندەری هێزی پێشەوا. بەهۆی ناکۆکی نێوانیان. کە ئەم ناکۆکیە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی فەرماندەیی کاک (شوان) لە لکی یەک نەیانتوانی پێکەوە کار بکەن. ناچار لە هێزی پێشەوا دەڕوا هاوینی ساڵی ١٣٦٣. لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی و بە دەعوەتی نەمر کاک (چەکۆ ڕەحیمی). ناردرا بۆ دەورەی فەرماندەیی و مودیریەت. لە زانکۆی حزب. لێرەش زۆر بە ڕۆحیەیەکی بەرزو سەربەرزانە دەورەی مودیریەت و فەرماندەیی تەواو کرد. هەر لەو کاتەدا لە سەر بڕیاری بەرپرسانی ئەوکات کرا بە بە بەرپرس و کۆڵەکەی نیزامی فێرگەی حزب. لەگەڵ بەرپرسی فێرگە. تێکۆشەر کاک (حەمەدەمین مەجیدیان). لەوێش وەک کادرو پێشمەرگە درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا. کە جێ دەست و زەحمەتەکانی لە بەر چاوی هەموومان بوو... دوای هەڵوێست و درووست بوونی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر). بەرپرسایەتی تازەو گەورەتر درا بە ئەهوەن و ئەرکی سەر شانی قورس و قورستر بوو. کرا بە کادری دەبیرخانەو ئەندامی کۆمسیۆنی تەشکیلات. بە هێزو گوڕێکی بە هێزترەوە. شانی دایە بەر کارەکانی و بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان و حزبەکەی هەتا ئەوپەڕی تواناى هەوڵی دەدا. لە هیچ کارێک نەدەسڵەمیەوەو بەوپەڕی گیانفیدایی و دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی بە جێدەگەیاندوو ماندوو بوونی نەدەناسی.. هەتا لە پایزی ساڵی ١٣٧٣. لەسەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی و هاوکاری حزب. بەرەو هەندەران ڕۆشت و ڕووی لە وڵاتی تورکیە کرد. تا خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی وڵات. لەوێش بەرەوڕووی زۆر مەترسی و هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی بۆتەوەو. بۆ تەحویل دانەوەیان بە ئێران لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە تا سەری ئاخرین نوختەی مەرزیان دەبەن. و دوایە بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی سازمانی **un** دەینگێڕنەوە ناو خاکی تورکیاو ڕزگاریان دەبێ لە مەرگی حەتمی. بۆیە زۆر بە پەلەو ئیستراری دەیانگوێزنەوە بۆ وڵاتی (سوئێد) و لەوێ نیشتەجێ دەبن و لەوێش هەروا چالاک و درێژە بە کارو چالاکیەکانی حزب دەداو ئێستاش ئەندامی کۆمیتەی حزبە لە سوئێدو بەشی کاروچالاکی نێوان حزب و سازمان و حزبەکانی دەرەوەی وڵات و وڵاتی سوئێد درێژە دەدات پێویستە بڵێم خێزانی ئەهوەن. خوشکە (سەکینە حوسینی) لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی. مامۆستای شۆڕش بووەو دەرسی شیرینی کوردی بە منداڵان و کیژو کوڕانی ئەم کوردستانە کوتۆتەوە کە ئێستاش هەردووکیان ئەندامی فەعالی کارگێڕی کۆمیتەی وڵاتی سوئێد ن.

-------------------------------------------- ------

## هاوڕێ عەوڵا عەبداڵی




پێش هەموو شتێک پێم خۆشە بە خوێنەر بڵێم هەرکەسێک عەوڵا عەبداڵی بناسێ تامەزرۆ دەبێ بزانێ ژیانی چۆن بووە. من گرێنتی دەدەم هیچ کەسێک نیە دڵی لەم پێشمەرگە قارەمانە ئێشابێ بۆ یەک جاریش، کوڕێکی باڵا بەرزی خۆش قیافەی ڕۆح سووکی بە ئەدەب و خۆش ئەخلاق. پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو قارەمان و فەرماندەیەکی بە تواناو بوێر عەبداڵی وەکوو هەموو ئەو لاوانەی لە کاتی لاوەتیدای ئێمەدا سەرو بەندی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی و دژە کورد هاتە کایەوە بێ وچان و بێ ڕاوەستان. لەگەڵ کۆڕی لاوەکانی ئەو سەردەمدا کێبرکێیان دەکرد لە گرتن و ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە دژە کوردو کورد کوژەدا هیچ لاوێکی کوردم پێ شک نایە لەماڵەوە دایکی یا بابی یا کەسێکی پێی نەکووتبێ. کە (پێشەوا قازی محمد). بە دەستی ئەم ڕژێمە پیاو کوژە لە چوارچرای مەهاباد. لە سێدارە دران. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەمان. وەسیەت و ئاخرین قسەکانی پێشەوایە کاتێ لە سێدارەیان دەدا فەرمووی. قازی محەمەدێک لە دار دەدەن بەڵام لە دوارۆژدا هەموو لاوێکی ئەم کوردستانە دەبنە قازی محەمەدێک. بۆیە دەڵێن (کەسێک شۆڕشگێڕ بێ مردنەکەشی شۆڕشگێڕانە دەبێ) ڕاست وابوو و وایە. عەوڵا عەبداڵیش یەکێک لەوانەیە هەتا لە. خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ڕەسمەن لە لای مەلا مینەی عەباسی خەزووری مەلا محمدی عەباسی لە پادگانی مەهاباد دەبێتە پێشمەرگە و لیباسی موقەدەسی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ عەوڵا. ئیتر پێشمەرگەیەو چەکی پیاوەتی و شەرەف و کوردایەتی لە شاندایە پێشمەرگەیە و ئامادەیە لە پێناوی کوردو کوردستان و ئامانجەکانی پێشەوای نەمردا بۆ هەر ئەرک و کارێکی حزبی گیانی بەخت بکا. وەک پێشمەرگە دەینێرنە لای فەقی

ئەحمەد لە گوندی کۆسەکەریزی شارویرانی مەهاباد لەوێ دەیکەنە خەدەمەی چەکی قورسی مووشەکی تاو. فێری دەکەن و لەگەڵ ئەوان دەبێ کە شەهید یوسفی سمایلزادە برای شەهید کەماڵ سمایلزادە کە شۆفێری ماشێنی مووشەکەکە دەبێ لێرە لەگەڵ ئەوان دەبێ هەتا شەڕی سێ مانگەی مەهابادو شکستی دوژمن و سەرکەووتنی خەڵکی کوردستان. کە بەداخەوە فەقێ ئەحمەد دەگیرێ و یوسف بریندار دەبێ. دوای ئەوان. دەیدەن بە پەلی کاوە کە ئەوکات شەهید کەریم ساڵە سەرپەلی ئەو پەلە بوو لەوێ دەمێنێتەوە وەکوو بەرپرسی بەشی ماڵی دوای شەهید بوونی کەریم ساڵە. داوا لە عەوڵا دەکەن کە سەرپەلی پەل قەبووڵ بکا و درێژە بە خەبات بدەن. بە هۆی لێوەشاوەیەوە لە ئەرکەکانی حزب و لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دوژمن عەوڵا چالاک و چالاک تر بوو بە قەبووڵ کردنی ئەم ئەرکە تازەیە. عەوڵا دەبوو زیاتر هەوڵەکانی بەربلاوتر بکا و زەحمەت و فیداکاری زیاتر لە خۆی نیشان بدا. لە سازماندەیی تازەی حزب ئەم پەلەیان دا بە لکی دووی هێزی پێشەوا. عەوڵا لە هەموو شەڕەکانی ئەکاتی ناوچەی مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردووە...

عەبداڵی. بێجگە لە شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو دەورووبەر. زۆر چالاکانەو فیداکارانە وەکوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری لە شەڕە بەناوبانگ و خۆڕاگرانەکەی شاری سەقز کردووەو لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە. تا بە کووشتنی فەرماندەیەکی گەورەی ڕژێم عەوڵ دەست بەسەر ماشێن و کەلوپەلەکانیدا دەگرێ و وەکو دەستکەووتی شەڕ کە چەک و چۆل و ماشێنێکی پەیکانی تازەی دیلۆکسی ٥٨ ی فەرماندەکە دەبێ وەکوو دیاری دەیهێنێتەوەو دەیدا بە فەرماندەی قارەمان کاک هەژار. ئەویش لاندەوێرێکی کوورتی دەداتێ بۆ پەلەکەیان. ئەم عەمەلیاتانەی باسم کردن ئەوکات بە ڕاستی پیاوی دەویست عەوڵا یەکێک لەو پیاوانە بوو. عەوڵا. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر بەرپرسایەتی قەبووڵ کردووە وەکوو سەر پەل سەردەستە. لە چەندین عەمەلیات وەکوو فەرماندەری عەمەلیات بەشی ماڵی و زۆریتر .هەتا ساڵی ١٣٦١ لە گوندی (گوڵیار)ی سەر جادەی مەهاباد سەردەشت بە قورسی بریندار دەبێ و بەم برینە قورس و پڕ لە ئازارەوە هەتا ساڵی ١٣٦٥ لەگەڵ هاوسەنگەرو پێشمورگەکان دەمێنێتەوەو تا سەرئونجام بە هۆی سەرهەڵدانەوەی برینەکەی دەینێرنە نەخۆشخانەی حزب لە قەڵادزەو هەتا جەریانی کۆنگرەی هوشتی حزب لەوێ دەبێ .دوای هەڵوێست عەوڵا لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕێگای ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ هەڵدەبژێرێ و لەوێ وەکوو کادری پەیوەندیەکانی حزب لە ڕانیە درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدا. تا ئەوکاتەی برینەکەی تەشەنە دەکاو حزب وەکوو پێویستی بەڕێکردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکەن و دەچێتە وڵاتی ئاڵمان بۆ چارەسەر. لەوێش وێڕای چارەسەر درێژە بە کارەکانی حزب دەداو دوای چەندین جار عەمەل دیسان بەرپرسایەتی کۆمیتەی ئاڵمان بە ئەستۆ دەگرێ و چالاکانە درێژە بە خەبات دەدا. لاوەکان و نەوەکانی داهاتوو ئەرک و پێویستە ئەم قارەمانانە بناسن و لە خەبات و شۆڕشگێڕیان ئەزموون و کەلک وەربگرن هەروەها پێویستە شانازی بە ڕابوردووی خۆیان و باب و باپیران و دایک و خوشکەکانیانەوە بکەن. کە سەربەرزانە لە پێناو شەرەف و خاک و سەربەخۆبووندا شەهید بوون و

کەم ئەندام و دەربەدەریان هەڵبژارد بەڵام سەریان بۆ داگیرکەر شۆڕ نەکرد هەتا ئێرەیان هێنا ئێوەش بۆ داهاتووی خۆتان لە ئەزموونی. ئەم شۆڕشگێڕانە کەڵک وەربگرن بژی کوردو کوردستان بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------------- -----

## هاوڕێ مستەفا ڕەستگار




ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی... ئەمجارە دەمەوێ "میداڵی قارەمانیەتی" بدەم لە سنگی ئەم شۆڕشگێڕەی مەیدانی خەبات و تێکۆشان، بۆ ئازادی سەرفەرازی گەلی ستەملێکراوی کورد. کە هەر بە بنەماڵە شۆڕشگێڕوو هەر لە منداڵیەوە کە چاوی کراوەتەوە لە مەیدانی شەڕو پێکدادان و لە بن ڕەهێڵەی فڕۆکەو تۆپ و بۆمبارانی دوژمناندا، دەست و پەنجەی نەرم کردوەو جودا لە هەموو منداڵانی ئەم جیهانە وەسایلی یاریکردنی منداڵانەی بۆمب و موشەکە نەتەقیوەکانی دوژمنان بوەو لە جیاتی لەزەت وەرگرتن لە دەورانی خۆش و بێ غەمی منداڵانە. هەمیشە ئاوارە بوون لەمگوند بۆ ئەو گوندولەم دۆڵ بە ئەو دۆڵ و جێگا حەوانەوەیان ئەشکەووتەکان و گوند بە کەندو شار بە شار بووە.. "مستەفا ڕەستگار" لە گوندێکی مەگوڕانی ناوچەی "پیرانشار" بە ناوی "زەویە قوڕێ" بۆ یەکەم جار چاو بە دنیا هەڵدێنێ و لە وەزعێکی زۆر نالەبارو ناخۆشدا. لە کاتێکدا بابی بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ سیاسەت و کوردایەتی. ئاوارەی گەریمان دەبێ و دایکیشی بە منداڵێکی ساواوە لە ماڵە باپیری مستەفا دەبێ واتە بابی دایکی. هەتا ڕۆژێک "سولەیمان موعینی" دێت و دایکی ئاگادار دەکاتەوە کە ئێرە بەجێ بێڵن و بەرەو گەرمیان وەڕێکەون. پاش چەند ڕۆژێک چەند پێشمەرگە بە دوایاندا دێن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بەرەو گەرمیان. ئەوکات مستەفا تەمەنی هەر شەش مانگ دەبێ. یەکەم جێگا کە لێی نیشتەجێ دەبن. گەندی "ئاڵیە ڕەش" دەبێ لە بناری "قەندیل

"مستەفا لە پێشدا لەسەر بڕیاری کاک سولەیمان موعینی ناوی دەنێن "هەڵۆ" پاشان ئەوکات بەهۆی خۆشەویستی سەرکردەی ئەو کاتی شۆڕشی گەرمیان. ناوەکەی دەگۆڕن بۆ "مستەفا" بە ناوی "مستەفا بارزانی". یەوە بە هۆی ئاڵۆزی و شەڕو بۆمباران و نا ئەمنی ناوچەکە مستەفا لەگەڵ دایکی. ماڵیان لە چەندین جێگای جیاواز دەبێ لە گەرمیان. وەکوو گوندەکانی "بەستە.. مارەدوە.. هیران.. قەڵادزێ.. شەقڵاوە.. کۆیە.. سلیمانی.. سەنگەسەر.. پۆلی یەکەمی خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە دەست پێکردوە. هەر ئەوکات کە ماڵیان لە کۆیە بوە. بۆ یەکەمجار شەهید دکتور قاسملوو هاتە ناو حزب و هەر لەوێ لە کۆنفرانسی ٣ی حزب بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا. لە ماڵە ئەوان. ئەوکات مستەفا تەمەنی هەر شەش ساڵان بوە کە لەگەڵ کەماڵی برای بۆکردنەوەی کۆنفرانسی ٣ لە ڕیزی پێشەوە سرودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" یان خوێندوە لەگەڵ بەشدارانی کۆنفرانس. بەڵام هیچ حاڵی نەبوون کە ئاوارەن و سەر بە بەشێکی تری کوردستانن. مستەفا لە منداڵیەوە شاهیدی زۆر ڕووداوی ناخۆش و شەڕوجبۆمباران و هەڵاتن و برسیەتی و بێ نانی و چەندین جار دەربەدەری و لەم دێ بۆ ئەو دێ و ئەم شیوو دۆڵ و ئەشکەووت و پەناو پەساری بە چاوی خۆی دیوە. بۆیە خوێندنی قوتابخانەی هەر ساڵەو لە شارێک و لە دێیەک خوێندووە. هەر بە دوای ڕووخانی ڕژیمی "شاه" گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان. ماوەیەک لە شاری "مەهاباد" ژیاون بەڵام پاش ماوەیەک دیسان ئاوەرەیی و هەڵاتن بەرۆگیان دەگرێ و هەڵاتوون بۆ ناوچەی سەردەشت، لەوێ لە گوندی "ئەحمەد بریوو" دەگیرسێنەوە، پاش ماوەیەک دەگوێزنەوە بۆ گوندی "میراوێ" لە ناوەڕاستی نێوان سەردەشت و پیرانشار. لەوێ بۆ یەکەمجار مستەفا بێ ئەوەی ئەندامی حزب بێ بە هۆی باوکیەوە کە مامۆستای دەورەی کادری سیاسی دەبێ، لەم دەورەیە بەشداری دەکات. هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە دەورەدا بوون کە شاری "بۆکان" دەگیرێتەوە لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە. بە گرتنەوەی شاری بۆکان ئەوانیش کۆتایی بە دەورەکە دێنن کە لە گوندی "داربەسەر" دەبێ. لە زستانی هەمان ساڵ مستەفا رەسمەن لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و چەکی شەرەف و کوردایەتی دەکاتە شانی. لە هێزی کۆماندۆی زەربەت سازمان دەدرێ. کە خاڵی فەرماندەری ئەو هێزە بوو بە ناوی "مەلا محمد عەباسی". دواتر خاڵی بەرپرسایەتیەکەی دەگۆڕن. بۆ فەرماندەری هێزی هەوشار، کاتێک دەیەوێ بڕوات بۆ ناوچەی هەوشار. مستەفاو حەوت پێشمەرگەی تر لەگەڵی دەچن بۆ ناوچەی هەوشار. مستەفا بۆ یەکەجار لە ژیانیدا لەگەڵ دوژمن دەکەونە شەڕەوە، ئەویش شەڕیدەستەویەخە. ئەو ساڵە هێزەکانی دوژمن هێرشێکی گەورە و فراوانیان هێنابوو بۆ سەر ناوچەکە بەگشتی و بۆ سەر دەفتەری سیاسی بە تایبەتی. بۆیە دەگەڕێنەوە بۆ دیفاع لە دەفتەری سیاسی. شەڕ بەردەوام بوو. هێرشەکان زۆر گەورە بوون دوژمن بە هەموو هێزی خۆی دەیویست جادەی نێوان "پیرانشار بۆ سەردەشت" بە هەر نرخێک بێ بگرێتەوە. ئەو مانگە لە لایەن حزبەوە بە ناوی "مانگی دیفاع لە ئازادی" ناودێر کرابوو. ڕۆژێک لە گەرمەی شەڕدا هەندێک پێشمەرگە دەبینێ وەکوو خۆیان ناچن. بۆی دەردەکەوێ ئەوانە پێشمەرگەکانی "یەکیەتی نیشتمانی کوردستان" ن لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبی سوسیالیستی تورکیا. زۆر خۆشحاڵ دەبێ کە دەبینێ ئەو مانگە سەرتاسەر کوردی ٣ پارچەی کوردستان لە یەک سەنگەردان پێکەوە ڕووبەڕووی دوژمن دەجەنگن و پێکەوە خوێنی گەشیان دەڕژێتە سەر خاکی پاکی کوردستان. بۆ هەمیشە ئەمە لە

مێشکیدا دەمێنێتەوە. بێگومان ڕۆژانێکی مێژووی بوون.. ئەم شەڕە گوپەورەیە ساڵی ١٩٨٢ی زاینی و ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو. کە ئەوکات لەلایەن حزبەوە ناویان لێنان "هێزی پشتیوان." هەتا ساڵی ١٣٦٢ مستەفا بابی دەکرێتە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە. مستەفاش هەتا نزیک کۆنگرەی شەش لەو ناوچەیە بوە لەگەڵ بابی. ساڵی ١٣٦٣ لە موحیتی دەفتەری سیاسی لە" گەورەدێ "بوە، لەو ماوەیەشدا چەندین مەئموریەتی پێ ئەسپێردراوە بۆ ناوچەکانی کوردستان. هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٤ دەورەی عەکاسی و فیلمبەرداری تەواکردوە لە لای. شەهید "حەسەن کتابی" لە گەڵاڵە لە کۆڕی هونەری حزب. هەروەها هاوینی ئەو ساڵە دەورەی بەشی دەرمانی دیوە. ماوەیەکیش گەڕاوەتەوە ناوچە. لە ناوەندی "سپی سەنگ" ماوەتەوە هەتا کۆنگرەی حەوت. پاشان وەکوو کادری دەرمانی چتە هێزی ئاوارە، کە پاشان بوو بە "هێزی قەندیل" سەرەتا لە لکی ٢ی "شەهید محمد شیرێژ " بوەو دوای ساڵی ١٣٦٦ لە سازاندەهی تازەدا لە لکی ٣ی هێزی قەندیل وەک کادری دەرمانی ماوەتەوەو کارو تێکۆشانی خۆی درێژە داوە. لەو ماوەیەدا لە دەیان شەڕو کەمین و مەحاسەرەی ئەم ناوچەیە لە نزیکەوەو چالاکانە بەشدار بوە. هەتا ساڵی ١٣٦٧ و گرتنی کۆنگرەی هەشت و بە هۆی ئیختلافاتی ناوخۆو جودا بوونەوەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان. ڕاگەیاندنی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" مستەفا لەگەڵ چەندین هاوڕێی لە هێزی قەندیل پشتیوانی خۆیان بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەردەبڕن. پێویستە بڵێم مستەفا لە دەورانی پێشمەرگایەتی و خەباتی خۆیدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە جەولەو بە پێیان ئەم ناوچانە گەڕاوەو لەگەڵ دوژمن دەرگیر بوە.. ناوچەکانی.. مەهاباد.. سەردەشت.. پیرانشار.. بانە.. بۆکان.. سەقز.. هشار .. بیجاڕ.. دیواندەرە.. شنۆ.. تەرگەورو مەنگەوەر.. دوای هەڵوێست گرتن لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. ساڵی ١٣٦٧ شوێنی تازەو کارو تێکۆشانیان سەرەتا ناوەندی سپی سەنگ بوەو کە شوێنی تازەی چالاکیان وەکوو پێشوو ناوچەی پیرانشارو نەغەدە بوو، ئەرکیشی هەرڤکادری دەرمانی بوو. پاشان وەک کادری سیاسی دیاری کراوەو درێژەی بە خەبات داوە. بەهاری ساڵی ١٣٧٠ وەک بەرپرسی تیمێکی پازدە کەسی دیاری دەکرێ و دەچنەوە ناوچە بۆ کاروباری تەشکیلاتی و سیاسی و نیزامی. لە ناوچەیپیرانشار. هاوینەکەی شوێنی کاروتێکۆشان و چالاکی گۆڕیوە بۆ ناوەندی ٢ی کوردستان لە ناوچەی مەهاباد. سەرەتا بە مەبەستی چوونەوە بۆ ناوچەی مەهاباد لە ڕێگای ناوچەی پیرانشارەوە دەچنەوە بۆ ناوچە. لەوێ لە ناوچەی" بەربنە "و کوێستانەکانی" سامرەندان " تووشی شەڕو پێکدادان دەبن لەگەڵ هێزەکانی جاش و پاسدار. مستەفا لەگەڵ شەهید "دیار جەناح" و "خالید گیارەنگی" تێکەڵ بە دوژمن دەبن و پاشان کوڕەکان خۆیان دەگەیەنە شوێنی شەڕەکە و دوای شەڕێکی قورس و دەستەویەخە بە داخەوە دوو پێشمەرگەو دوو هاوسەنگەری مستەفا شەهید دەبن. بە ناوەکانی "عومەر عەباسی و ڕەسوڵ ئەندام" کە شەهید عومەر هەم ئامۆزای دەبێ هەم نزیکترین هاوڕێی دەبێ. شەهید بوونی عومەر کاریگەریەکی زۆری لەسەر دادەنێ. بەڵام مستەفا زۆر لەوە بەهێزتر دەبێ. بۆیە لەگەڵ جەنازەکەی ناگەڕێتەوە بەڵکوو بۆ تۆڵە کردنەوەی بەرەو قوڵایی ناوچە دەڕۆن، ئەگەرچیلەو ڕێگیەوە ناتوانن دررچن بۆ قوڵایی ناوچە، دەگەڕێنەوە بەناوچەی "بانە" دا بەرەو ناوچەی مەهاباد دەڕۆن. لەوێ بەرپرسایەتی تازە دەدەن بە مستەفا. وەکوو بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچەی "گەورک و مەنگوڕایەتی مەهاباد"

مستەفا قۆڵ لەم مەسئولیەتە تازەیە هەڵدەکاو بە تین و گڕێکی تازەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانی درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی "سەید مەحمود و ئەحمەد شاڵە" لە هاوڕێیانی جودا دەبنەوەو هەتا ساڵی ١٣٧٣ ئەو بەرپرسایەتیە لەگەڵ هاوڕێیانی درێژە پێ دەدا. مستەفا لە کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ وەکوو نوێنەر بەشدار بووە. لە دوای گەڕانەوەی لە ناوچە پـاییزی ساڵی ١٩٩٤ی زایینی. ڕێگای هەندەران دەگرێتە بەر لەگەڵ خێزانی و دوو منداڵ. بەرەو وڵاتی "تورکیا" لەوێ پاش حەوت مانگ مانەوە لە لایەن UN وە بۆ وڵاتی "سوئید" قەبوڵ دەبن و لەوێ دەگیرسێنەوە. بێ ئەوەی لە حزب دابـبڕێ لەکارو تێکۆشان. هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ لەو وڵاتە ژیاوە، دوای ئەو ماوەیە بۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆڕی هاوسەنگەرانی لە کوردستان. ئێستاش شوێنی ئەرک و کاری لە تلوزیونی "کورد کاناڵە" لە بەشی مونتاژ. مستەفا ئێستاش هەمیشە ئامادەیە وەک ڕابردوو ئەرک و تێکۆشانی لە ناوخۆی وڵات بەڕێوە بەرێ.

---------------------------------------------- ---------

## هاوڕێ مەحمەد خوسرەوی




ئەمجارە دەچینە ناوچەی "بانە" لەوێ بۆ گوندە جوانەکەی "نیروان" لەوێ کەسێکی شۆڕشگێڕ بە بنەماڵەوە کوردو شۆڕشگێڕن. دەمانەوێ "میداڵی قارەمانیەتی" بدەین لە سنگی بەڕێزو تێکۆشەر کاکە "محمد خوسرەوی" ئێستا با پێکەوە بزانین **محمد خوسرەوی** چۆن توانی بگاتە ئەم خەڵاتە، چی کردوە هەتا شایانی ئەم ڕێزلێنانە بێ.... محمد کوڕی "عەبدوڵا بەگ" خەڵکی گوندی "نیروان" ی سەر بە شاری "بانە" لە ساڵی ١٣٣٣ لەم گوندە چاوی بە دنیا هەڵێناوە. عەبدوڵا بەگ باوکی محمد خوسرەوی. سێ ساڵ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە "مەهاباد" بە هۆی قاچاغ بوونی لە دەوڵەت دەبێتە

نەیاری ڕژیم، لە ناوچەکانی "بانە، سەقز، سەردەشت، شنۆ، مەریوان، ناوچەی شاربازێڕی سەر بە شاری سلیمانی باشوری کوردستان و سیوەیل". بە ناچاری لەم ناوچانە ڕۆژگار تێپەڕ دەکات. کە بە دەیان جار توشی شەڕو پێکدادان بۆتەوە لەگەڵ هێزەکانی هەردوو دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران و عێراق. هەتاکوو "حزبی دیموکرات" دادەمەزرێ و لە لایەن "سەید کامیلی ئیمامی" یەوە داوای لێدەکرێ. لە شاخ بێتە خوارێ و ببێتە ئەندامی حزبی دیموکرات. ئەویش بە گەرمی پێشوازی لە داواکەی سەید کامیل و حزبی دیموکرات دەکات و دەبێتە ئەندامی ڕەسمی ئەو حزبە. دواتر بە ڕەسمی لە ڕیزی سوپای میللی کوردستاندا وەک فەرماندە دیاری دەکرێ. بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان. لەو ماوەیەدا دوو جار بە سەختی بریندار دەبێ. لە ساڵی ١٣٣٧ بە هۆی فشاری دەوڵەت و هەوڵی جدی بۆ گرتنی. ناچار دەبێ ڕوویکاتەوە باشوری کوردستان، لە گوندی "بارێی بچوک" کە دایکی خەڵکی ئەوێ دەبێ. لەوێ نیشتەجێ دەبێ. پاشان لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێکانی دەچنە شاری سلیمانی و لەوێ درێژە بە خەبات دەدەن. محمد لە ساڵی ١٣٣٩ لەو گوندە چۆتە قوتابخانەو تا پۆلی پێنجی سەرەتایی تەواو کردوە هەتا ساڵی ٤٦ چونەتەوە گوندەکەی خۆیان نیروان. لەوێ دەمێنەوە هەتا ساڵی ٤٧ بە هۆی باوکی و "قادر شەریف" محمد کەوتۆتە ناو بازنەی سیاستەوە زۆر جار کاریان پێکردووەو نامەیان بۆ جێگایان پێدا ناردوە. لە ساڵەکانی ٤٧ و ٥١ و ٥٢ لە لایەن ساوکی شاوە چەند جار گیراوە، بۆ ئاخرین جار هەوڵی گرتنی جدی دراوە. محمد ناچار دەبێ ڕوو بکاتە باشوری کوردستان لەوێ لە ماڵە خزمان بمێنێتەوە. زۆری پێ ناچێ "یەکیەتی نیشتمانی کوردستان "دروست دەبێ. هیواو ئومێدێک پەیدا دەبێ. محمد بە قاچاغی دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان. چونکە گوندەکانی سەر سنورەکان لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە دەروخێنران. لەو ماوەیەدا وردە وردە خۆ پیشاندانەکان لە ئێران سەریان هەڵدابوو. هیوایەک پەیدا ببوو. ڕادیوکانی بیبیسی و مۆنتیکارلۆ هەواڵی خۆشیان بڵاو دەکردەوە. دەوڵەت بێ هێز ببوو. ترس نەمابوو، تەزاهورات هەتا دەهات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شارەکانی تری ئێرانی دەگرتەوە. محمد لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی برایم سەعیدی کوڕی سەعە ڕەشی "تاژان" ڕێکخەری گەنجەکان بوون. بێ وچان سەرقاڵی سازمان دانی خەڵک بوە بۆ ئامادە بوون و بەرەنگار بونەوەی دوژمن. شاە ڕۆی حکوومەت ڕوخا. پاشان حزبی دیموکراتی کوردستان ئیعلامی مەوجودیەتی خۆی کرد. ئەرکی دیاری کراوی محمد مانەوە بوو لە پاسگای "تاژان" بۆ کاری ئەندامگیری و ڕێکخستنی خەڵک لەو ناوچەیە، دوایی بە هۆی هێرشی ڕژیم بۆ سەر شارەکانی "سەقزو سنە و مەریوان" ئەمان وەک هێزێک چوون بۆ بەرەنگار بونەوە لەگەڵ دوژمن. هەتا سووتەو بەستام و شیپانە جۆو، پاش شەڕێکی چەند سەعاتە ڕژیم توانی شاری"بانە" بگرێتەوە. پێشمەرگەش بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی شار. ناو شاریان چۆل کرد هەتا خەڵکی بێ گوناح نەبنە قوربانی. ڕۆژێک "مستەفا چاوڕەش" ئەندامێکی سەرکردایەتی و فەرماندەیەکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوو هاتە ماڵمان لە" نیروان. شەو لەوێ مابونەوە، پێی کووتین هەرکارێکتان هەبوو لە ڕێگای کاک حەمەئەمین ئاغای باریکەوە ئاگادارم بکەنەوە. بە دوای ئەودا لەگەڵ "مەلا ئەبوبەکر فەلسەفی "چووینە "خرەی ناو زەنگ" بۆ سەردانی "مام جەلال" دوای گەڕانەوەیان. خەڵک پاسگای بەردەپانی سەردەشت لە لایەن خەڵکەوە گیراو دابەش کرا. پاش ماوەیەک توند بوونی هێرشەکانی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەکانی ڕژیم. بوونی دیلێکی زۆری

دوژمن لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگوە. داوا لە محمد دەکەن ببێتە بەرپرسی زیندان. ئەویش قەبوڵی دەکات.. بە هۆی زۆری ئەسیرەکانەوە زیندانەکە زۆر پڕ دەبێ، لەوێ تەنها لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتاییان لێکردون و ناردویانن بۆ زیندانی گەورە. پاشان شەڕی سێ مانگە بوو. زۆربەی شارەکانی کوردستان کەوتنەوە دەستی پێشمەرگە. بانە ش یەکێک بوو لەو شارانەی ئازاد بووو. پاشان هەر بە پلەی کادر لە لایەن کاک هاشم کەریمی و کاک ئەحمەد عەزیزی درا بە لکی سێ. ساڵی ١٣٦٠ محمدو چەند هاوڕێی داوا دەکەن. لکەکەیان بکەن بە ناوی شەهید "قادر شەریف" داواکەیان لە دەفتەری سیاسی قەبوڵ دەکەن. بۆ جاری دووەم کە شارەکان داگیر کرانەوە. لە سەر داوای کاک هاشم. دەدرێ بە ناوچەی "خێڵی ڕەش" وەک بەرپرسی شازدە خاڵی گومرکی. ماوەی ساڵێک محمد لەم بەرپرسیرەتیەدا دەمێنێتەوە و پاشان دەدرێتەوە بە لکی ٣ی قادرشەریف ساڵی ٦٣ لە شەڕێکی پشتی "ئارمەردە" کە دەکەونە کەمینی دوژمنەوە. پێشمەرگەیەک بە ناوی "ئەنوەر چەمپاراوایی" شەهید دەبێ و محمدیش بریندار دەبێ. هەتا ساڵی ٦٥ هەرلەو لکە ماوەتەوەو ڕۆژ نەبوە لەگەڵ دوژمن دەرگیر نەبن. شاهیدی زۆرێک لە هاوڕێکانی بوە کە شەهید بوون. لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٥ بە هۆی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی ناوخۆیی حزبەوە لەگەڵ زۆر تێکۆشەری ترەروە دادەنیشن و لە "قەلاچوالان" ی باشوور ماونەتەوە. ئەوانە کە نزیک بە ٤٠ کەس بوون چوار تفەنگ و سێ دەمانچەیان پێدەبێ. لەناوچەکە کوتنە جەولە کردن چەند کەسێی کۆمەڵەشیان لەگەڵ بووە. زۆر چالاکی سیاسی و نیزامیان ئەنجام داوەو لکێکیان بە ناوی لکی ٣ دروست کردوە ۆ خۆیان. لە هەمن کاتدا هێمایەک بوون بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی برا کوژی حزب و کۆمەڵەو یەکریزی حزبەکان. لە پایزی ئەو ساڵەدا تێکەڵ بە هاوڕێیانی حزب بونەتەوە. محمد برایەکی لە لایەن ڕژیمەوە دەگیرێ. ئەویش بە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسێکی حزب، بۆ ڕزگار کردنی براکەی دەچێتەوە ناو شاری بانە. پێش ٣٧ ڕۆژ توانیویەتی ڕێگای دەربازبوونی ببینێتەوە. لە بەندیخانە ڕایکرد. پاش چەند ڕۆژان برنامەی گەڕانەوەی ڕێک دەخات، ئەو ئێوارەیەی قەرار بوو سەعات ٦ی بەیانی حەرکەت بکەن بەرەو باشوور، بەیانی زوو دەورەی ماڵەکەی دەگیرێ و دەستگیری دەکەن. بۆ ماوەی ٧ ساڵ و ٢ مانگ لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا دەیهێڵنەوە. ساڵی ٧٢ بە زەمانەتی خانوو بە بیانوی چارەەرکردنی کوڕەکەم کە تووشی نەخۆشی "سەرع" بوە بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر ئازادی دەکەن. یەکسەرە دەگەڕێتەوە ناو پێشمەرگەکان. بۆ ماوەی ساڵێک لە "چواتا" وەک بەرپرسی کۆمیتەی هەواڵگری و ڕێکخستنی سەر سنوور "کار دەکات. و پاشان گەڕاوەتەوە "قەڵا سەیدە" دیارە محمد لە زیندان دەبێ کاتێ لە کۆنگرەی هەشت بە هۆی ناکۆکی و لیستەی فیکسەوە حزب بوو بە دوو بەش. مخالفینی لیستەی فیکس لە حزب جودا بونەوەو کە زۆرێک بوون لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەکان. "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیان" ڕاگەیاند. کاتێک محمد لە زیندان ئازاد دەبێ هەڵوێستی خۆی دەگرێ و پشتیوای خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکات. کە دێتەوە "قەڵا سەیدە "لە ناوەندی ٢ی کوردستان کاری کردوە، هەتا یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکە. لەوێ وەک ئەندامی پەزیرش کاری کردوە. لە ساڵی ٧٦ هەتا ٨١ لە پەزیرش ماوەیەک وەک جێگری هاشم ڕۆستەمی و ماوەیەک وەک جێگری خالید وەنەوشە درێژەی بەکارو فەرمانی حزب داوە. ماوەیەکیش بەرپرسی بایەگانی کۆمیتەی ئەمنیەت بوە. ماوەیەکیش کادری ژمارەو لیستی ڕەمزی

نهێنی ئەرتەشی پێ ئەسپێردراوە. لەگەڵ کاک چەکۆ زۆر کاریان کردوە پێکەوە لە کۆمیتەی ئەمنیەت. پاشان لە کۆمسیونی ئاموزش وەک جێگرو هەروەها بەرپرسی بەشی وەرزشی کاری کردوە. پاشان ماوەی ٣ ساڵ لەگەڵ "موعتەسەم نۆرانی" و سیامەک وەکیلی" هاوکار بوون لە کۆمیتەی شانە بەندی. ئێستاش لە کۆمسیونی سیاسی نیزامی ناوەندی ١ی کوردستان درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا، کاک محمد، دوو برای شەهیدی حزبی دیموکراتن بە ناوەکانی ١- خوسرەو خوسرەوی ٢- حەیدەر خوسرەوی. ڕۆحیان شادو ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ. کاکە محمد هەر کادرو پێشمەرگە نەبووە بەڵکوو دەستێکی باڵای هەیە لە نووسین و هەتا ئێستا ٢ کتێبی چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەروەها ٣ کتێبیشی ئامادەن بۆ چاپ و بڵاو بونەوە. کتێبەکانی بەناوی:

١- سەربوردەی بانە بەر بناری سورکێو.

٢- هەڵسەنگاندنێک پێش کۆمارو دوای کۆمار.


٣- پشیلە چاو سوورەکان..

٤- ژیاننامەی باوکی تێکۆشەرم پێش کۆمارو دوای کۆمار..

٥- بێ دەسەڵاتی قەڵەم و دیمۆکراسی.. ئەمە کورتەیەک بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتی "محمد خوسرەوی" لە ماوەی هەردوو ڕژیمەکانی "شاه و شێخ"... هیوای ساغ و سڵامەتی بۆ دەخوازم.

------------------------------------------------

## هاوڕێ سولەیمان سەعیدی



ئەمجارە باسی کەسایەتیەک دەکەم. کەسێکە لەو کەسە خۆشناوانەو  تێکۆشەرو قارەمان وسەرکەووتووانەی دەورانی ڕۆژە سەختەکان کاک (سولەیمان سەعیدی). سولەیمان وەکوو هەموو کوردێک. بەوپەڕی تواناوە لە خۆپێشاندانەکانی سالی ١٣٥٧ ی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران بە تایبەتی کوردستان لە مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردووە و جێ دەستی دیارو بەکار بووە هەتا ئازاد کردنی کوردستان و سڕینەوەی ئاساری شوومی پاشایەتی.

بە ڕێکەووت و بە هەڵکەووت ڕاست لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەرز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ساڵی ١٣٥٨ی. هەتاوی.. دەچێتە بنکەی حزب لە گوندی گوێکتەپەی شارویران. لەوێ داوا دەکات ڕەسمەن ببێتە پێشمەرگەی حزبی دیموکرات هەر لەوێ بە هۆی ناسراوی و ئاشنایەتی بە بەر پرسانی ئەوکات قەبووڵی دەکەن و بە ڕەسمی شەرەفی ئەندامیەتی و پێشمەرگایەتی پێ دەبەخشن هەتا ساڵی ١٣٥٩. حزب دەورەیەکی سیاسی و نیزامی دەکاتەوە بۆ ئەو گەنج و کادرو پێشمەرگانە کە هاتوونەتە ڕیزەکانی حزب ئەم دەورەیە لە باخەکانی (ئەنگیزە)ی گوندی سەدرئابادی بۆکان دەبێ کە نزیک بە ١١٥ کەس بەشداربووی دەورەکە بوون. مامۆستاکانی ئەم دەورە گرنگ و بەکەڵکە بریتی بوون لە شەهید دکتۆر قاسمللو کاک جەلیل گادانی وەکوو مامۆستایانی بەشی سیاسی وەکوو بەشی نیزامی لەم دەورەیە. ئەم بەڕێزانە مامۆستاو پسپۆری نیزامی کاک سەرهەنگ سمکۆ عەلیار. چەند مامۆستایەکی تری نیزامی کە دەرسی چەکی قورس و تۆپخانەیان دەکووتەوە بەشدار بوون... دوا بە دوای ئەو دەورە بە پێزو بەسوودە لەلایەن ئەو پسپۆرە مەزنانەوە  دەورە بە سەرکەووتوویی تەواو دەبێ و  کاک سولەیمان. دەگەڕێتەوە بۆ لکی ٢ی هێزی ٢١ی پێشەواو لەوێ لە هەموو شەڕەکانی ئەوکاتی ناوچەکانی شامات. چۆمی مەجیدخان

شاروێرانی سەروو بەشداری چالاکانەی دەبێت. بە چەکەکانی ئارپێ جی و قازیفە و هەروەها خەدەمەی تۆپی ١٠٦ ملم و زۆر باش ئەم چەکانە لە دژ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بە کار دێنێ. هاوینی ساڵی ١٣٥٩. کاک هەژار وەکوو فەرماندەری هێزی پێشەوا بانگی دەکاتە ئەرکانی هێزو ڕەسمەن دەیکاتە جێگری لکی ٢ی هێزی پێشەوافەرماندەری عەمەلیاتی لکی ٢ سولەیمان بە هۆی قارەمانیەتی و بە دیسپلینی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی جێگای خۆی لە دڵی هەموو هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانی دەکاتەوەو زیاترو زیاتر دەبێتە خۆشەویستی هەموان. لەم ئەرک و بەرپرسایەتیە تازەیەیدا ئەوپەڕی هێزو توانای خۆی بەکار دێنێ بۆ خزمەتی زیاتر بە حزب و ئاواتەکانی گەلە زۆرلێکراوەکەی. هەتا گرتنەوەی گوندی گوێکتەپە لەلایەن دوژمنەوە و هێرشی پێشمەرگە بۆ گرتنەوەی ئەو پایەگایە. من کە خۆم شاهیدی قارەمانیەتی سولەیمان بووم کە چۆن بە ورەیەکی بەرزو حەماسیەوە دەچوو بەرەو ئاخرین سەنگەری دوژمن کە دۆشکەی لێبوو بە داخەوە سولەیمان لەوێ بریندار دەبێ زۆر بە سەختی و قورس. بە شێوەیەک فیشەکی دۆشکە بە لاقی کەووتبوو. دوای بریندار بوونی. ناردرا بۆ چارەسەر لە بیمارستانی حزب هەر کە کەووتەوە سەر لاقان و توانای ڕۆشتنی پەیدا کردەوە بەر پرسایەتی بەشی ماڵی لکیان پێ ئەسپاردو و جار جاریش سەرپەلایەتی دەکرد هەتا ساڵی ١٣٦١. کە بۆ جاری دووەم کاک هەژار بانگی دەکات بۆ هێزو ڕەسمەن حوکمی بەرپرسایەتی لکی ٢ی هێزی پێشەوای دەداتێ و دەبێتە سەرلکی ٢ی هێزی پێشەوا سولەیمان لەم ئەرکەشدا زۆر سەرکەووتووانە بە دەیان عەمەلیاتی سووک و قورس ئەنجام دەدەن لەگەڵ شێرە کوڕەکانی لکی دوو و قارەمانەکانی شامات و چۆمی مەجیدخان و شاروێرانی سەروو. دمی زۆر لە دەم درێژان و داگیرکەران و جاش و خۆفرۆشان لە قوڕ وەردەدەن و کوردستانیان لێدەکەنە گۆڕستان و پێشانیان دەدەن. کوردستان بێ کەس نیەو هێزو توانای پێشمەرگە لە بن نایە. کە لەم ماوەیەدا سولەیمان سێ جاری تر بە قوسی و بەسووکی بریندار دەبێتەوە بەڵام هیچ کات سەنگەری چۆڵ نەکردوو وەکوو پۆڵا وەکوو شاخ لە جێی خۆی نەبزووت تا ساڵی ١٣٦٤ بە هۆی شەهید بوونی قاسم باقی لە هێزی ١١٠ی بەیان ساڵی ٦٥ ڕەسمەن لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بانگهێشتی دەکەن بۆ دەفتەری سیاسی. لەوێ لە لایەن شەخسی دکتۆر قاسملووەوە داوای لێدەکەن بەرپرسایەتی هێزی. بەیان وەرگرێ دوای ڕازی بوونی لەوێ لەلایەن کۆمیتەی شارستانی بۆکانەوە ڕەسمەن حوکمی فەرماندەری هێزی ١١٠ی بەیانی پێ دەدەن و سولەیمان دەستی لێ هەڵدەماڵێ و لە جاران بە ورە تر خۆی ئامادە دەکات بۆ قۆناخێکی تری پێشمەرگایەتی و بەرپرسیارەیەتێکی قورس ترەوە. هەتا ساڵی ١٣٦٦. ئەم ئەرکەش بە سەرکەووتووانە بەڕێوە دەبات تا دەگەڕێنەوە دەفتەری سیاسی لەوێ بەرپرسایەتی دوو بنکەی دەفتەری سیاشی و پارێزگاری لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی پێ دەسپێرن هەتا کۆنگرەی هەشتی حزب و. ئەویش وەکوو زۆربەی ئەندامانی حزب هەڵوێست دەگرێت و لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا خۆی دەبینێتەوە لەوێش لە لایەن دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکرێتە فەرماندەری هێزی پارێزگاری هەتا ساڵی ١٣٧٠ لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوەو دواتر دیسان لە لایەن دەفتەری سیاشیەوە داوای لێدەکرێ بۆ ئەندامی کۆمسیونی ماڵی و بەشی خەدەمات و تەداڕووکات. وەربگرێ. هەتا ساڵی ١٣٧٣. ئەم ئەرکەش بەو پەڕی دڵسۆزی و فیداکاریەوە بە جێدەگەیەنێ. سولەیمان. لە کۆنگرەکانی ٥

و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ی حزب وەکوو هەڵبژێردراو بەشداری کردووە تا سەرئەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٣ وەکوو زۆرێک لە ئەندامانی حزب ڕێگای هەندەران دەگرێ و بەرەو تاراوگە کۆچ دەکا و لە وڵاتی سوئید دەگیرسێتەوەو مافی پەنابەری وەردەگرێ لەوێش بێ تەفاوەت و بێ لایەن نەبووەو لە کۆمیتەی حزب لەم وڵاتە کار دەکات جار جار وەکوو بەرپرس و ئەندامی کۆمیتە کاری حزبی بەڕێوە دەبات. داوا لە لاوەکان و نەوەی نوێ دەکەم هەمیشە شانازی بکەن بە ڕابوردووی باب و باپیرانیانەوە پێویستە بزانن پێش خۆیان ئەم قارەمانانە کە زیندوون و لە ژیاندا ماون هیچ کات سەریان بۆ دوژمن دانەواندووەو تا ئاخرین قەترەی خوێن و تا دوا هەناسە بەرەنگارین کردووە لە خاکی پاکی کوردستان ئەم قارەمانانە زۆریان شەهید بوون و سولەیمانی سەعیدی و زۆری وەک سولەیمان ماون و من یادیان دەکەم و سەری ڕێزیان بۆ دادەنەوێنم چاوەڕوانی یاد کردنەوەی قارەمانەکانی تر بن.

---------------------------------------------- ------

## هاوڕێ کاوە فتووحی




ئەمجارە "میداڵی قارەمانیەتی" دەدەین  لە سنگی بەڕێزو پێشمەرگەی دێرین و قارەمانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان "**کاوە فتووحی**" ئێستا با بزانین "کاوە" چۆن توانیویەتی ئەم قۆناغانەی خەبات ببڕێ و بتوانێ بگاتە ڕیزی ئەو قارەمانانەی خاوەنی "میداڵی قارەمانی" نو شایانی ئەم خەڵاتە بێ... ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی. "کاوە" لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی شەرەفی هەستەی نهێنیان پێ دەبڕێ و. لە لایەن کۆمیتەکانی نهێنی ناو شاری "مەهاباد" وەک ئەندامی نهێنی حزبی دیموکرات وەردەگیرێ و دەبێتە جێگـــای  باوەڕیان و، لەگەڵ تیمێکی چەند کەسی سازمان دەدرێ و پێکەوە کار دەکەن. هەر ئەوەندە کەسە یەکتر دەناسن و یەکیشیان بەرپرسە.. دوای کار کردنێکی زۆر پێکەوە. پاش ماوەیەک

هاوڕێکـانی دەگیـرێن لە لایەن دوژمـنەوە. بـۆ مـاوەیەک لە زینـدان دەمێنـنەوەو دوای ئـازارو ئەشکەنجەیەکی دڵ ڕەقـانەو وەحشیانە. هاوڕێکانی ئیعدام دەکەن... وەکوو شەهید "شەهاب سازواری" و شەهید "عەبدوڵا تەحریریـان" و شەهید "کـازم خاتوونی" دوای ئەوەی کە لە ئیعدامی هاوڕێکانی ئاگادار دەبێتەوە. "کاوە" بۆ ئەوەی ئەویش نەگرن و ئیعدامی نەکەن. بڕیار دەدا بچێتە شاخ و چەکی شەرەف و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بکاتە شانی و تۆڵەی خوێنی بە ناهەق ڕژاوی هاوڕێکانی و هەموو شەهیدانی کوردستان لە دوژمنـانی ئـازادی بکـاتەوە. " کـاوە " بە هەر شێوەیەک بـوو خـۆی گەیـانـدە نـاو ڕیزەکـانی پێشمەرگەکانی "حزبی دیموکراتی کوردستان " لەوێ پـاش مـاوەیەک لە دەستەی شەهید "موسەوی فەڕ" لە لکی ٣ی هێـزی پێشەوا لە ناوچەی "مەهاباد" سازمان دەدرێ. سـاڵێک لەم دەستەیە دەمێنێتەوە پاشـان لەسـەر ویستی خـۆی دەچێـتە "هێـزی مینە شەم" لە ناوچەی "ڕەبەت " لەوێ لە دەستەی شەهید "مینە هەلاج" سازمان دەدرێ. کاوە لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو شەڕەکانی ئەم نـاوچەیە بەشداری چالاکـانە دەکـات و هەرچـی هێـزو توانـای خـۆی نیشـان دەداو. دەبێـتە جێگـای سـەرنجی هاوسـەنگەرانی و پـاش مـاوەیەکی کـورت "کـاوە" دەکەنە سـەرپەلی پێشـمەرگەکان. کـاوە زۆر زوو جێگـای خـۆی لە دڵـی پێشمەرگەکاندا دەکاتەوە دەبێتە خۆشەویست و جێگای باوەڕی هەموو پێشمەرگەکان. هەتـا سـاڵی ١٣٦٤ کـاوە لەم هێـزە وەک سەرپەل درێژە بە خەبـات و گیانفیـدایی دەدات لەم مـاوەیەدا دوو جـار بە خەستی برینـدار دەبـێ. جـاری یەکەم لە گونـدی "وەرگێل" لە کەمینـی دوژمـن دەکەون و برینـدار دەبـێ... جـاری دووەم لە شـەڕێکدا لەگەڵ جـاش و پاسدارەکان لە گونـدی "پاراستان" دیسان بریندار دەبێ کاوە هیچ کات ئەم برینـدار بوونـانە کاریـان لەسـەر ورەی بەهێـزی نەکردووەو هەمـوو جـارێ دوای سـارێژ بـوونەوەی برینەکـانی گەڕاوەتەوە سـەنگەری دیفـاع لە ئـازادی بـۆ گەلەکەی. سـاڵی ١٣٦٤ لەسـەر ویسـتی خـۆی دەگەڕێتەوە بـۆ هێـزی "پێشـەوا" پـاش مـاوەیەک مـانەوە لە هێـزی "پێشـەوا" سـاڵی ١٣٦٥ دەیـکەنە سـەرپەلی پەلێـک لە پێشـمەرگەکان و یاریـدەدەری کـادری نیزامـی. کـاوە لێـرەش زۆر زوو تواناکـانی خـۆی نیشـان دەداو دەبێـتە جێگـای ڕێـزو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. پاش ماوەیەک مانەوەو چەنـدین شەڕو پێکدادان لەگەڵ دوژمن. کـاوە بە ئەوپەڕی فیـداکاریەوە ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێ. هەتـا لە ساڵی ١٣٦٦ لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ جاش و پاسدارەکان لە گونـدی " گیادروان" کاوە دیسان بریندار دەبێ. کاوە لە کۆنگرەی هەشتی حزب و هـاتنە گۆڕێی لیستەی فیکس و هەڵوێست گرتنـی ژمارەیەکی زۆر لە کادری ڕێبەری و کادرو ئەندامان و پێشمەرگەکان و سەرئەنجام جودا بوونەوە. و ڕاگەیـانـدنی "ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ" کاوە وەکوو هاوسەنگەرانی بڕیاری خۆی دەداو پشتیوانی لە ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ دەکـات. لێـرەش وەک "سـەرپەل" دەیدەن بە دەبیرخانەی حزب بـۆ پارێزگـاری لە دەفتەری سیاسی. پـاش مـاوەیەک دەیـکەنە سـەرپەلی "ئینتزامـاتی" حزب. هەروەها پاشان وەکوو "کـادر" دەیـدەن بە "فێـرگە" بە دوای مـاویەک وەک کـادری کـۆمیتەی نـاوچەی گەورکـان دیـاری دەکرێ. کاوە هەموو پلەکانی حزبی دەبڕێ و هەتـا تـێکەڵ بـوونەوەی هەردوو بـاڵی دیموکرات لە سـاڵی ١٣٧٥. لە حزبـی یەکگرتـودا کاوە وەک "فەرماندەری لک لە هێزی سامرەند" دیاری دەکرێ. پاش ماوەیەک مانەوە لەم ئەرکەدا. کاری تـازەی پـێ دەسـپێرن وەکـوو کـادری سیاسی نیزامی. مـاوەیەکیش وەکـوو کـادری مـاڵی کـاری کـردوە. هەتـا سـاڵی ٢٠١٥ی زاینـی بە هـۆی هەنـدێک

نەخۆشی ڕووی لە هەندەران دەکات و ئێستا لە وڵاتی "ئاڵمان" گیرساوەتەوە دوای کاری نەشتەرگەری و داو دەرمان هەر لەم وڵاتەیە. کاوە لە زۆربەی شەڕە بە ناوبانگەکان بەشداری چالاکانەی کردووە ئەمانەش ئەو شەڕانەن:

١- لە هەردوو شەڕی بەناوبانگی گوندی "چوارگا"ی مەنگوڕانی "مەهاباد ".

٢- شەڕی بەناوبانگی گوندی "سریلاوای" ناوچەی "چۆمی مەجیدخان" لە ناوچەی مەهاباد.

٣- شەڕی بەناوبانگی "تەرەغە". لە ناوچەی بۆکان.

٤- شەڕی گوندی "بەیرەم" لە مەحاڵی ئاختاچی ناوچەی مەهاباد.

٥- شەڕی دۆڵ زمزیران لە ناوچەی شاری "ڕەبەت".

٦- شەڕی گەورەی گوندی "حاجی مامیان" لە مەنگوڕانی مەهاباد.

٧- شەڕی بە ناوبانگی گرتنی گوردانی "نۆبار" لە ناوچەی بۆکان.

٨- شەڕی گەورەی "سەرا" "سەقز".

٩- شەڕەکانی ناو شاری "مەهاباد".

١٠- شەڕەکانی "میرخاسان".

١١- شەڕەکانی ناوچەی "ڕەبەت" ئەمە کورتەیەک بوو لە ژیان و تێکۆشان و قارەمانیەتەکانی "کاوە فتووحی" لە ڕۆژانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەری پێشمەرگەکانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە هیچ فیداکاری و گیانفیداکردنێک دریغیان نەکردو بە شانازیەوە زۆربەی ئەم قارەمانانە شەهید بوون و هەندێکیشیان بە خۆشیەوە لە ژیاندا ماون. ئەگەرچی بە دەیان جار لە لێواری مەرگ گەڕاونەتەوە. من بە پێویستی دەزانم یادی ئەم قارەمانە زیندوانە بکەمەوەو بە لاوەکان و خەڵکی کوردستانیان بناسێنم. و میداڵی قارەمانیەتی لە لایەن دایکی شەهیدان و خەڵکی کوردستانەوە لە سنگیان بدەم. کە ئەمانە قارەمانانی ڕۆژانی سەخت و پێشمەرگایەتین.......

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل

------------------------------------------------- ------

## هاوڕێ جەماڵ فەتحیان




پێم باشە ئەمجارە "میدالَی" قارەمانیەتی و قەدردانی بدەم لە سینگی "**جەماڵ فەتحیان**" ناسراو بە جەماڵی مامە قالە.. لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانەوە. ئێستا با بزانین جەمەڵ کێیەو خەڵکی کوێیە؟؟؟ لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی.. و شۆڕشگێڕ "جەماڵ" لە شاری "بانە" چاوی بە دنیا هەڵێناوە. جەماڵ دەورەکانی خوێندنی سەرەتایی و ڕەهنەمایی و نەزەری لە شاری "بانە" تەواو کردوە.... لە شەڕی بەناوبانگی سێ مانگە. بابی جەماڵ. بە ناوی "مامە قالەی شۆڕش" کە لە دەورانی کۆماری کوردستان و هەروەها زەمانی شادا. هەر لەگەڵ شۆڕش و لەگەڵ شۆڕشگێڕان بوون و بە نهێنی کاری حزبیان کردوە لە بانەو و دەوروبەری. مامە قالە بە ئاشکرا دەستی دایە چەک و بە دژی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی سەنگەری گرت.. "جەماڵ" ئەرکی بژێوی بنەماڵەی دەکەوێتە ئەستۆو. دەبوو لەسەر دوکانەکەی بابی بمێنێتەوە هەتا بژێوی ماڵەوە پەیدا بکات. بەڕۆژ کاری دەکردو بە شەو دەرسی دەخوێند.. هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی جەماڵ دەچێتە ناو ڕیزی یەکیەتی لاوانی دیموکرات لە بانە. دیارە لە شەڕی سێ مانگەدا جەماڵ دەبێتە ڕابیتی نێوان "شارو شاخ" لەگەڵ چەند لاوێکی خوێن گەرم. لە بڵاو کردنەوەی ئیعلامەیەکانی حزب و تراکت و نوسراوەو چەسپاندنی بە دارو دیوارو هەموو شوێنێکی ناو شارەوە. هەروەها لە کاتی هاتنی پێشمەرگەکان بۆ ناو شار. وەک چاوساغ و ڕێنوێن کاریان لەگەڵ پێشمەرگەکان کردوەو ئاسانکاریان بۆ کردوون.... "جەماڵ" لە شەڕی بەناوباگی سەرپردی بانە. کە هێزێکی زەبەلاحی دوژمن لە سەردەشتەوە بەرەو بانە هاتبوون. لەگەڵ بابی مامە قالە و مستەفای برای بەشداری زۆر چالاکانەیان کردوەو بە پێی توانای خۆیان دەوری خۆیان گێڕاوە. لە دوای شکست هێنانی گفتوگۆ نێوان خەڵکی کوردستان و کۆماری ئیسلامی. لە سەرتاسەری کوردستان شەڕ دەستپێکردەوەو دوژمن هێرشی هێنایە سەر کوردستان. ئەمجارە "جەماڵ" لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی ڕەحمان خۆش ئەبرو. بە ڕەسمی بوو بە پێشمەرگەی حزب و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان پۆشی و

چەکی شەرەفیان کردە شانیان. جەماڵ لەم کاتەوە وەک پێشمەرگە. لە شەڕەکانی کێوی "بابۆس" شەڕی گەمارۆدانی پادگانی شاری بانە کە ماوەیەی زۆر دەورەیان گیرابوو لە لایەن پێشمەرگەوە. هەر لەو شەڕانەدا بوو مامی جەمال بە ناوی "محمد ئەمین فەتحیان" ناسراو بە مینە شۆڕش. شەهید دەبێ. هەروەها بابی "مامە قالە شۆڕش" لە شەڕی گوندی "بۆیەن" بریندار دەبێ. کە جەماڵ بۆخۆشی بەشداری ئەو شەڕە دەبێ.... بۆیە حزب بڕیار دەدا. کە جەماڵ بگوێزنەوە بۆ پشتی جەبهە. دەینێرنە گوندی "بلەکێ" لەوێ ئەرکی گومرکی پێ دەسپێرن پاش ماوەیەک لەسەر بڕیاری کۆمیتەی شارستانی بانە. ساڵی ١٣٦٠ دەینێرن بۆ دەورەی کادری سیاسی لە گوندی "ئاڵوەت" لەو دەورەیەدا کە دەورەیەکی سیاسی بوو. مامۆستاکانی ئەو دەوریە بریتی بوون لە شەهیدی ڕێبەر "دکتورقاسملوو. بەڕێز کاک حەسەن ڕەستگار.. بەڕێز عبدولا حەسەن زادە. بەڕێز کاک هاشم کەریمی.. و بەشێکی تر لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزب.. دوای کۆتایی دەورەکە دەگەڕێتەوە ناوچەی بانەو لەوێ لە ناوچەی "حەوتەوانە" وەک کادری سیاسی دەست بەکار دەبێ لە کۆمیتەی شارستانی بانە و لەم سەنگەرەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. هاوکات لەگەڵ کاروباری کۆمیتەی ناوچە لە زۆربەی شەڕەکانی کە پەیوەندی هەبووە بە محوەری ئەوانەوە بەشداری چالاکانەیان کردوە. وەک شەڕگەی بەناوبانگی جادەی سەردەشت بۆ بانە.. هەژدە دۆڵان.. یاکوباوە.. سوێسرێ.. کەلەم شەڕە بەناوبانگانەدا دوژمن بە سەدان کەلاکیان لە مەیدانی شەڕەکاندا لێ بەجێمابوو هەڵاتبوون. کە فەرماندەری ئەو شەڕەش هەر بابی بوە. مامە قالە. هەروەها دوای گرتنەوەی هەموو ناوچەکان و. دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی دژی دوژمن. جەماڵ لە هەموو شەڕەکانی ناوچە بەشداری چالاکانەی هەبوە. هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هێنانە گۆری لیستەی فیکس و هاتنە گۆری ناڕەزایەتی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەکان، سەرئەنجام جودا بونەوەی بەشێکی زۆر لە بەدەنەو ڕێبەرانی حزب، کە لە ساڵی ١٣٦٧ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ڕاگەیەندرا جەماڵ وەک خۆی پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کرد. لێرەش وەک ئەندامی تەشکیلاتی حزب کاری کردوەو زۆر جاران لە مەئموریەتەکانی حزبدا تووشی مەترسی گەورە ۆتەوە. بەڵام حزب هەر کارێکیان پێ ئەسپاردبێ ئنجامی داوە... بە پێی پێشینەیەک کە جەماڵ لەگەڵ هونەری مۆسیقا هەیبوو بە ژەنینی ئامێری "فلۆوت" تێکەڵ بە کۆڕی مۆسیقای حزب دەبێ. جەماڵ بە ووتنی سروودی شۆڕشگێڕی و ئاواز دانان بۆ چەندین سرود. هەروەها پێشکەش کردنیان لە هەموو بۆنەو مراسمەکانی حزبدا جێگا دەستی دیار بوە. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٧ جەماڵ ژیانی ئاوارەیی و تاراوگە هەڵدەبژێرێ و. لە وڵاتی "سوئد" دەگیرسێتەوە. لەوێش هەر وەک ئەندامی حزب خەریکی کارو چالاکیەکانی حزبەو لە زۆربەی بۆنەکانی حزب دەنگ و ڕەنگی جەماڵ دیارە. و وەک تێکۆشەرێکی حزب درێژە بە خەبات دەدات.

---

## کەریم کاکە سووری "ناسراو بە" کەریم خاڵدار



ئەمجارە "میدانی قارەمانیەتی" دەدەین لە سینگی قارەمان و تێکۆشەرێکی گەلەکەمان کە ناوی بۆ دۆست و دوژمن ناوێکی ئاشنایە.. "کەریم کاکە سووری" ناسراو بە "کەریم خاڵدار" ... با پێکەوە بزانین کەریم کێیە؟ کەریم لە شاری "مەهاباد "لە بنەماڵەیەکی کاسبکارو زەحمەتکێش. چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەکەم نفەسی لە هەوای ساف و بێگەردی مەهابادی هەڵمژیوە. کەریم دەورانی خوێندنی سەرەیایی و ناوەندی هەر لە مەهاباد تەواو کردوە. بابی کەریم یەکێک بوە لە پێشمەرگەکانی دەورانی کۆماری کوردستان و لە جەبهەکانی "سەردەشت" و "ساین قەڵا" بەشداری چالاکانەی هەبوە. وە شاهیدی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوە. زۆر جاران پێکهێنانی کۆمارە ساواکەی کوردستانی بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوەو ئەوانیش بە تامەزرۆوە وشە بە وشە گوێڕایەڵی بابیان بوون. بۆیە کەریم هەر لە منداڵیەوە بە ناوی کۆماری کوردستان و حزبی دیموکرات و پێشمەرگە ئاشنا بوە. بەڵام هیچی لە سیاسەت نەزانیوە.. زۆر جاران کەریم لەگەڵ بابی هات و چۆی دەرەوەی مەهابادیان کردوەو هەموو گوندو کوێستانەکانی دەوروبەر گەڕاون. بە پێی کارێک کە بابی هەیبوە. وەک کڕینی ئاژەڵ و دانەوێڵە. پێویست بووە سەردانی هەموو کوێستانەکانی "کانی زەردو دۆڵە ڕەش و قوروچاوێ" و زۆر جێگای تر خەڵکەکەیان هەموو ناسیوەو لە لایان ماونەتەوەو میوانیان بوون. کەریم لەگەڵ بابی زیاتر گوێی کراوەتەوە کاتێک دەیبیست خەڵکەکە باسی زوڵم و زۆری پیاوەکانی شایان دەکردو هاواریان بوو لە دەتیان. هەروەها بیستنی قسەی پیاوە ماقوڵانی دێیەکان. کاتێک باسی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ یان دەکردو تێک شکاندنی جوڵانەوە لە لایەن ڕژیمی پەهلەوی و لە داردانی شۆڕشگێڕان و نمایشدانی تەرمی شەهیدەکان لە شەقامەکانی مەهاباد لەلایەن ژاندەرمەکان بۆ چاوترساندنی خەڵک و لاوەکانی کوردستان بە تایبەتی مەهاباد. وەک "مراد شیرێژ" و شەهیدان "عەلی عەجەم" و حەوت پێشمەرگەی هاوڕێی کە کەریم ئەمانەی بەچاوی خۆی دیبوو کە چۆن و بە چ شێوەیەک بێ حورمەتیان بە تەرمی شەهید "سەید فەتاح

نیزامی" کردووە ڕایانکێشاوەو نۆ ماوەیەکی زۆر بە نەردیوانەوە هەڵیان واسیوە. کەریم کاتێک ئەم بێ حورمەتیانە دەبینێ ئاگر لە جەرگی بەردەبێ و ۆ هەمیشە لە مێشک و زەینیدا دەمێنێتەوە، زۆر جاران فکری تۆڵە لە کەلەی داوە بەڵام ئەوکات هیچی لە دەست نەهاتووەو تەنها لە دڵی خۆیدا کۆیکردۆتەوە. لەم سەفەرانەدا ۆ دەرەوەی مەهاباد دۆستایەتی لەگەڵ کەسێک پەیدا دەکات بە ناوی "سەید عومەر عەنایەتی" و لەگەڵی بۆتە شەریکە کار. پێکەوە بۆ کڕینی کەلوپەلی جۆراوجۆر. هات و چۆی ناوچەکانی "مەنگوڕان و گەورکان و بەری مێرگان و نەڵێن" کردووە لەگەڵ زۆری خەڵکی ناوچەکە ئاشنا بوون و بە تایبەتی چەندین کەس لە ئەندامانی حزب وەک "وەستا ئەحمەدی عەلیتەی "و "حەمەدی ڕەش" و هتد... کەریم و سەید عومەر زۆر جاران پێکەوە بە نهێنی ئەو مەئمورانەی ڕژیمیان تەمبێ کردوە کە خەڵکیان ئازارو ئەزیەت کردوە. هەروەها ساڵی ١٣٥٢ بۆ ١٣٥٣ هاتنی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان بۆ مەهاباد بە چەکەوە، بوو بە هۆی ئاشنایەتی پەیدا کردن لەگەڵ زۆرێک لەو فەرماندەو پێشمەرگانەی باشوور. دوای تێکشکاندنی شۆڕش. و ئاوارە بوونی خەڵکەکە کەریم یەکێک لەو کەسانە بووە کە یارمەتی زۆری کوردەکانی باشووری داو. هاوکاری کردوون. کەریم لە ساڵی ١٣٥٤ ناوی بۆ سەربازی دێتەوە. بەڵام خۆی نادا بە دەستەوەو ناچێ بۆ سەربازی هەتا دایکی لەبەری دەپاڕێتەوە کە بچێ بۆ سەربازی هەتا تووشی گرفت نەبن لەلایەن ڕژیمەوە. بە قسەی دایکی دەکاو دڵی دایکی ناشکێنێ و چووە ۆ سەربازی.. هەر ئەوکات بڕیار دەدات مادام هەلی ۆ هەڵکەووتوە بە هەر شێوەیەک بێ داخی دڵی خۆیان پێ بڕێژێ.. بە دوای چوونی بۆ سەربازی. زۆر نەگوزەرابوو کە ئەو هەموو شەڕەی لەگەڵ فەرمانەکانی و ئەفسەران و بەرپرسان کردوە. کاتێک ناهەقیەکی دیوە کردویانە لەگەڵ سەربازە کوردەکان. دەیگرن و زیندانی دەکەن. دوای مانگێک زیندانی لە سەربازە کوردەکانی جیا دەکەنەوەو دوری دەخەنەوە بۆ "ئیسفەهان" لەوێ هۆ ئەوەی شلووقی نەکات و سەری گەرم بکەن، کردویانە بە ئەرشەدی گوردان. لەوکاتەدا ژمارەیەک لە سەربازانی کورد دێنن بۆ ئەسفەهان. وەک "محمد بەدری و شەهید کەریم بلوری و سمایل ئەندیمە" لەگەڵ بوون لەوێ کەریم ئاشنایەتی لەگەڵ ئەفسەرێکی "خەلەبان" پەیدا دەکات کە سەر بە چریکە فەداییەکان دەبێ. پێکەوە پلان دادەڕێژن بۆ تەقاندنەوەی "فڕۆکەیەکی اف ١٤" کە تازە ئێران کڕیبوونی. تەقاندنەوەی تەیارەکەو گیرانی کەریم بۆ خۆی داستانێکی دورو درێژە. دوای تەقاندنەوەی فڕۆکەکە. کەریم دەگیرێ و دوای چەند ڕۆژان لێکۆڵینەوە لە ئەسفەهان. دەینێرن بۆ زیندانی نیروی هەوایی لە "قەسری ڤیروزە" لە "تاران پاشان بۆ زیندانی ئارتەش لە "جەمشیدیە "بۆ ماوەی هەشت مانگ لە زیندان و سلولی تاکە کەسی. دوای چەندین جار ئەشکەنجەو لێدان کەریم هیچ ئیحتافێک ناکا. دوای ساڵێک زیندانی لە دادگای سەربازی مەحکوم کراوە بە تاوانی خراپکاری و لە ئارتەش حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندوە. لەدوای چەند مانگ لە دادگای پێدا چوونەوەدا حوکمەکەی دەگۆڕن بە زیندانی هەتا هەتایی. ئەمە لە کاتێکدایە کە تازەو وردە وردە خۆ پێشاندان سەری هەڵدابوو. لە دوای گیرانی "هوەیدا" سەرۆ وەزیرانی شاە و "نەسیری" و چەندین کەسی تر، لە کا بە دەستانی ڕژیم و هێنانیان بۆ زیندانی "جەمشیدیە" تەواوی زیندانیە ئارتەشیەکانیان دابەش کرد بە سەر زیندانەکانی "تاران" دا. کەریم دەدرێ بە زیندانی "قەسرێ" کەریم لە زیندانی قەسرێ دەبێ کە "شاە" هەڵات

و وڵاتـی بە جێهێشت. لە دوای چەند ڕۆژ "خومەینی" دێتەوەو لە ڕێبەندانی ١٣٥٧ زینـدانی "قەسـرێ" لە لایەن خەڵـکەوە دەشکێ و کەریم لە زیندان ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ "مەهاباد". کاتێک کەریم دێتەوە لە مەهاباد هەموو دام و دەزگاکانی سەر بە ڕژیم گیرابوون و دەستیان بەسەردا گیرابوو لە لایەن خەڵکەوە بەڵام هێشتا پادگانی مەهاباد نەگیرابوو. پاشان خەبەری ناخۆشی شەهید بوونی هاوڕێی خۆشەویستی دەبیستێ سەید عومەری عەنایەتی. زۆری پێ ناڕەحەت دەبێ.. کەریم لە گرتنی پادگانی مەهاباد بەشداری چالاکانەی بوە کەریم لەگەڵ گرتنی پادگانی مەهاباد تێکەڵ بە حزب "شوڕای نیزامی" دەبێ. کە ئەوکات شەهید "سرگورد عەباسی" و چەند کەسی تر شوڕای نیزامیان بەڕێوە دەبرد. کەری ئەوکات" زیلێکی "ئارتەشی پێ بوو کە هەموو کەلوپەل و چەکە قورسەکانی پادگانی دەگواستەوە بۆ دەرەوەی مەهاباد. دوای داسەپاندنی شەڕ لە لایەن ڕژیمەوە بەسەر خەڵکی کوردستان... کەریم خاڵدار بوو بە یەکێک لە فەرماندە فەعال و تێکۆشەرەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. کەریم یارمەتی خواردن و هەموو کەلوپەلێک کە لە مەهابادو دەوروبەر کۆکرابووە بۆ شاری "سنە"ی قارەمان دەگەیەنێتە "سنە" لەگەڵ چەند کەس لە کوڕەکانی مەهاباد. دوای گەڕانەوەی لە سنە سەرگورد عەباسی ئاگادار دەکرێتەوە بچێ بۆ "نەغەدە" لەوێ موتینگ دگیرێ بۆ دکتور قاسملوو قەرارە قسە بۆ خەڵک بکا. دوای شەڕی بەناوبانگی نەغەدەو کوشتارێکی زۆری کوردان لەو شارە. کەریم بە ماشێنە زیلەکەی خەڵکێکی زۆر لە ژن و منداڵ و پیرو پەک کەووتە ڕزگار دەکات لە مردن. هەرچەندە کەریم لەوێ دەستی بریندار دەبێ بەڵام هەتا ئاخر ڕۆژی شەڕەکە دەمێنێتەوە لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەکان. دوای گەڕانەوەیان بۆ مەهاباد لاوەکان نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن لەمەڕ هەندێک لە بەرپرسان کە شەڕەکەیان بەجێهێشتوەو هەڵاتوون. بۆیە کوڕەکان بۆ خۆیان دەستەیەک درووست دەکەن و کەری خاڵدار دەکەنە بەرپرسی خۆیان. وەکوو محمد زەنگەنە جەعفەر کەروبی و چرچەی بارام میرزا کاک شوان حوسین وەستا جەلیل و زۆریتر. پاشان شەڕی ئاغا مەنگوڕەکان دەست پێدەکات.. کەریم خاڵدار لە ماوەی فەرماندەیی خۆیدا لە حزبدا سەرتاسەری کوردستان بە مەئموریەتی حزبی ڕۆشتوە. وەکوو هەموو ناوچەکانی شاری "سەقز" و هەموو شەڕو پێکدادانەکانی ئەو ناوچەیە.. شەڕەکانی جەبهەی مەهاباد میاندواو مەهاباد ورمێ. شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد و گرتنی پایەگاکانی ڕژیم... لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی "بانە" و "مەریوان"، "سنە" مەریوان شومالی کوردستان، پیرانشار. شنۆ. نەغەدە. بۆکان. سەردەشت. من پێم وایە کەلێنێک نەماوە لەم کوردستانە کەریم سەنگەری لێ نەگرتبێ. هەوشارو داشکستان و شەڕە بەناوبانگەکانی بۆکان و مەهاباد هەموو جێگا پەنجەی کەریمیان پێوەیە. کەریم خاڵدار لەکاتی گەرمەی شەڕو پێکدادانەکاندا. ناوی کەریم خاڵدار خورپەی لە دڵی دوژمن دەخست و لە هەر شوێنێک ناوی کەریم خاڵداریان بیستبا. دوژمن ورەی دەروخا. هەموو جاش و پاسدارو سەربازو فەرماندەیەکی ڕژیم ناوی کەریم خاڵداریان دەزانی و بیستبوو. کاک کەریم لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە سەرپەلەوە هەتا فەرماندەری هێز لە زۆربەی هێزەکانی کوردستان فەرماندەیی کردوە. من تەنها. ئەم چەند دێڕەم لەسەر کاک کەریم نووسی. کە یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم ئەگەر ویسبام هەموو عەمەلیاتەکانی بنووسم دەبوو کردبام بە کتێب. بۆیە من تەنهاو تەنها بەسەریدا هاتووم بە کورتی ناساندومە کە هیوادارم

هەرچی زووتر کاک کەریم بە وردی کە من دەزانم چەندە زۆرە بیکا بە کتێب و نەوەکانی داهاتوو کەڵکی لێ وەرگرن.. کەریم ئێستا لە هەندەران دەژی و خاوەنی ژن و منداڵە و لە تێکۆشان و چالاکی بەردەوامەو لە خزمەت بە گەل و کوردستانەکەی. پیرۆزت بێ کاکە کەریم "میداڵی قارەمانی" بۆ هەتا هەتایە لە دڵی خەڵکدا دەمێنیتەوە. بوی بە یەکێک لە ئەستێرەکانی ئاسمانی کوردستان لە قارەمانیەتی و فیداکاری بۆ گەلەکەت...

-------------------------------------------------- ------

## هاوڕێ عەلی قادری




ئەمجارە پێویستە و جێگای خۆیەتی "میداڵی" قارەمانیەتی بدەم لە سینگی "عەلی قادری" لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان. عەلی لە گوندە جوان و پێشمەرگە پەروەری "سەروکانی" ی دەشتی لاجان سەر بە ناوچەی "پیرانشار" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی لە خاکی پاکی کوردستان هەڵمژیوە.... بەدوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان. پاش ماوەیەک داسەپاندنی شەڕێکی ناڕەوا بەسەر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی فەرمانی "جەهاد "لەلایەن "خومەینی" بەدژی داوا ڕەواکانی گەلی کورد. بۆ جارێکی ترو دیسان. لە لایەن ڕژیمەکانی "شاە و شێخەوە" هێرش کرایە سەر کوردستان.. عەلی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی وەک هەموو کوردێکی خاوەن هەست و بە بیروباوەڕ. بڕیاری دا چەک هەڵگرێ و بەرگری لە خاک و ئاوو شەرەف و نامووسی گەلەکەی بکات. لە شاری "شنۆ" بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی " "حزبی دیموکراتی کوردستان". لە هێزی "ئەفشین" سازماندەیی کرا.. عەلی لە "شمالی

کوردستان تا جنوبی کوردستان" لە هەموو ناوچەکانی کوردستان. سەنگەری لە داگیرکەران گرتوەو، بەرەنگاری هێرشی درندانەی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە. لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە پێویست بوبێ. خۆیان و هێزەکەیان ڕۆشتون و عەملیاتی قورس و زەربەی بەهێزیان لە داگیرکەران داوە. لە" شمالی کوردستان "سەرەڕای ناشارەزا بوونیان لە ناوچەکە. لە عەمەلیاتی دۆڵی " گرگەنم " تووشی شەرێکی سەخت و خوێناوی دەبن لەگەڵ دوژمن. هەروەها عەمەیاتی ناوچەی "ئەنزەل "لەسەر جادەی پادگانی "قوشچی" "ورمێ" کە بەدەیان کوژراوو بریندار دوژمن ڕاو دەنێن و کەلاکێکی زۆریان پێ بەجێدێڵن لە مەیدانی شەڕ.... هەروەها لە جنوبی کوردستان دەرگیربوون لەگەڵ هێزی "ڕزگاری" کە هێزێکی دەرەکی و بەکرێگیراو بوون. پاک کردنەویان لە خاکی کوردستان.. هەروەها عەمەلیاتەکانی ناوچەی "پیرانشار" کە ئەوکات عەلی جێگری پەلی شەهید "سەدیق کوهی" لە لکی ٤ بوو هەروەها سەردەستەی عەمەلیاتەکانی ناوچەی "لاجان" و "دۆڵی قوروچاوێ" و ڕێگای "پیرانشار بۆ سەردەشت" عەلی وەک شێر فەرماندەیی ئەم عەمەلیاتانەی کردوەو لە نزیک گوندی "ترکەش" بریندار دەبێ و دوای چارەسەرکردنی برینەکەی دەگەڕێتەوە ناو هاوسەنگەرانی. لە ساڵی ١٣٦٥ لە عەمەلیاتی "پردانان" ڕێگای سەردەشت بۆ پیرانشار، زۆر بە سەختی بریندار دەبێ. هەتا کاتی گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و سەرئەنجام بەهۆی هێنانە گۆڕێی لیستەی "فیکس" کە بوو بە هۆی هەڵوێست گرتنی بەشێکی زۆری ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکان. هەتا ساڵی ١٣٦٧ . بە رەسمی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" ڕاگەیەندرا. عەلی هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی لە "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" کرد. لێرە بە نەفەسێکی تازەترو بە ئیمانێکی بەهێزەوە قۆڵی هەڵماڵی بۆ خەباتێکی سەخت و بە هێز... بۆیە هەموو پێکەوە بەرەو ناوخۆو قوڵایی ناوچە گەڕانەوە، لە ناوچەی "بانە" و هەتا هەموو ناوچەکانی تری کوردستان. نیشانیان دا پێشمەرگەکانی دیموکرات هەرکاتێک ئیرادە بکەن لە هەموو ناوچەو شوێنەکانی کوردستان حزوریان هەیەو حزورشیان دەبێ. دوای گەڕان و چەندین عەمەلیاتی جۆراوجۆرو دوژمن تەزێن. توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو خەڵکی خۆیان بمێننەوەو زەربەیەکی باشی سەربازیش لە هێزو پەیکەری دوژمن بوەشێنن.... بۆ جاری دووەم لە جەولەیەکی دوورودرێژ بۆ ناوچەکانی "پیرانشار و شنۆ "لە "قەندیلی سەربەرزەوە" بەرەو قوڵایی ناوچە وەرێکەووتن و خۆیان گەیاندە ناو خەڵکی پێشمەرگە پەروەرو پشت و پەنای پێشمەرگەکان. دوژمن کە هەستی بە بوونی پێشمەرگە کرد لە ناوچە. کەوتە کۆکردنەوەی هێزو هێرش کردن بۆ سەر جێگاو ڕێگای پێشمەرگەکان.. ئەم جەولەیەی پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی. فەرماندەی ڕێبەر کاک "سەدیق بابایی" بوو کە فەرماندەیەکی ئازاو بە جەرگ و سیاسی و خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستان هەروەها مودیرو بە بەرنامە. لەگەڵ ئەم فەرماندەیە حەتمەن جەولەی سیاسی نیزامی پێشمەرگەکان سەرکەووتو دەبێ.. بۆیە لە کوێستانەکان و هەوارەکانی "سامرەند" دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە چەندین لاوە هێرش دەکاتە سەر سەنگەرو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی دیموکرات. شەڕ دەستی پێکردو تەقە گەرم بوو دوژمن زۆر هەوڵی دەدا لە پێشمەرگەکان و لە شێرەکانی سامرەند نزیک بێتەوە. بەڵام هەموو جارێ کورەکان لێیان وەدەست دەهاتن و دەردێکیان دەدانێ "با. بە دەواری شڕی نەکردبێ" سەرئەنجام دوای چەندین کاتژمێر شەڕو تۆپ و خومپارە بارانی قورس، بە دەیان کەلاکی جاش و پاسدار لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ

مان و دوژمن بە سەر شۆڕی هەڵات. هەروەها پاش ماوەیەکی تر کاتێک پێشمەرگەکان لە شاخەکانی پشتی "حڵب و کۆیکان "مابونەوە لە ناوچەی شنۆ. دیسان ڕژیمی کۆنەپەرستی بە هێزێکی زەبەلاحەوە هێرشی خۆیان دەست پێکرد بۆ سەر پێشمەرگەکان بە مەبەستی زەربە لێدان لە کوڕەکانی گەل. کاتێک شەڕو پێکدادان دەستی پێکرد لە یەکەم دەستڕێژو تەقەدا کەلاکێکی زۆر لە دوژمن کەوتە ئەرزی و بێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە سەریان هەڵاتن و بەجێیان هێشتن. بە درێژایی ڕۆژ چەندین جار جاشەکانیان وەپێش خۆیان دەداو هێرشیان دێناوە. بەڵام کوڕەکانی گەل دەنگیان نەدەکرد تا دەگەیشتنە نزیکیان و، وێکڕا لێیان دەهاتنە دەست و سەردڵی ڕەشی دوژمنیان هەڵدەتەکاندو دەینگلاندن "عەلی قادری" لەم عەمەلیاتانەدا. فەرماندەری لکی یەک بوە لە هێزی "قەندیل" ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ... عەلی گیان پیرۆزت بێ میداڵی قارەمانیەتی.

---------------------------------------------- ------------

## هاوڕێ سەدیق بابایی





ئەمجارە کەسایەتیەکتان پێ دەناسێنم، کە خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەو خەڵکی زۆربەی هەرە زۆری کوردستانە... پیاوی شۆڕش و شاخ.. قارەمان و فەرماندەری ڕۆژە تاڵ و سەختەکان بوو. مەردی مەیدان و کوڕی تەنگانەو ئاڵا هەڵگری شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمانە... کاک "سەدیق بابایی". با پێکەوە "میداڵی قارەمانیەتی" بدەین لە بەرۆکی ئەم شۆڕە سوارەی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلی کورد. بابزانین کاک سەدیق کێیەو خەڵکی کوێیە؟ سەدیق بابایی هەر لە زەمانی شاە، خۆشەویستی خەڵکی پاوە بوەو، خەڵک بە کەسێکی جێگای باوەڕی خۆیان زانیوەو، وەک ئەندامی شوڕای شاری "پاوە" هەڵیانبژاردوە .لە دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەووت و ڕژیمی شاە ڕووخا. لە شارەکان دەسەڵات کەوتبوە دەستی

شوراکانی شار. کاروباری شارەکان لە لایەن شوراکانەوە بەڕێوە دەبران. هەر لە زەمانی شادا جارێک خەڵکەکە هەستابوون بە دژی ڕژیمی شاە. پاشان کەووتە بەر پەلاماری خزمەتکارانی شاە. بە ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکرات، بەشێکی زۆر لە لاوانی ئەم شارە، پەیوەندیان لەگەڵ حزب لە "مەهاباد" دامەزراند. کاک سەدیق لە یەکەم دەستپێکی ئاشکرا بوونی حزب لە "پاوە" پەیوەندی بە حزب کردووەو ئەندامی فەعالی حزب بوە لە ناوچەکەدا. کاتێک ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ویستی جوابی داواکانی خەڵکی کوردستان نەداتەوەو بە هێندی نەگرێ. دەبوو شەڕ داسەپێنێ و لە جێگایەکەوە دەست پێبکا. شاری "پاوە" یەکەم دەستپێکی دەست نیشان کراو بوو بۆ هەڵایسانی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە. کاتێک "خومەینی" دەستووری "جەهادی" دا بۆ سەر کوردستان. زۆر کەس لەم شارە بە بێ تاوان بێ ئەوەی هەرگیز دەستیان بۆ چەک بردبێ. گیران و زۆر بێ بەزەییانە گولە باران کران. پاشەکشەی لایەنگرانی حزب بۆ سەر سنورەکان و نەبوونی ژیانێکی ئاسودە. هەندێکیان لە داوا ئینسانیەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە. زۆرێکیشیان تەسلیمی داواکانی کۆماری ئیسلامی نەبوون و درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا. یەکێک لەم شۆڕشگێڕو خۆ ڕاگرانە کاک "سەدیق بابایی" بوو کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە تەشکیلاتی "هەورامان" درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا. نەیهێشت تەشکیلاتی حزب، زەربەی وێکەوێ و ڕایگرت. لە ساڵەکانی ١٣٥٩ بۆ ١٣٦٠ی هەتاوی سەرەتا وەکوو کادری تەشکیلات لە "هەوشار" دەست بەکار بوو، پاشان وەک بەرپرسی تەشکیلات لەم ناوچەیە کاری پێ ئەسپێردرا. کارەکانی خەڵک و حزبی لەم ناوچەیە بە ئەوپەڕی باشی و ڕێک و پێکی بەڕێوە دەبرد. هەتا ساڵی ١٣٦١ بوە بە ئەندامی کۆمسیونی "کۆمەڵایەتی" لە دەفتەری سیاسی و بەرپرسی بەشی "شوڕاکان "دوای ساڵێک لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوە. پاشان داوای لێدەکەن لە ساڵی ١٣٦٢ بەرپرسایەتی کۆمیتە شارستانەکانی "کرماشان و کامیاران" وە ئەستۆ بگرێ. ئەم ئەرکەش وەردەگرێ و بەرێدەکەوێ بۆ ناوچەکانی کرماشان و کامیاران. ساڵێکیش لەم ناوچانە کارەکانی حزب بە ئەوپەڕی سەرکەوتنەوە بەڕێوە دەبات. هەتا ساڵی ١٣٦٤ پاشان حزب بە پێویستی دەزانێ کاک سەدیق بچێتە ناوچەی "پیرانشار" وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار. ئەم ئەرکەش قەبوڵ دەکاو. خۆ دەگەیەنێتە ناوچەی "پیرانشار". لەوێش بە ئەوپەڕی نەزم و دیسپلینەوە کارەکانی خەڵک و ناوچەکە ڕادەپەڕێنێ. و لێرەش دەریایەک خۆشەویستی و وەفاداری بۆ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە بە جێدێڵێ. کاتێک لە ساڵی ١٣٦٥ داوای لێدەکەن بچێتە ناوچەی "مەهاباد" وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد. کاتێک دێتە ناوچەی مەهاباد لەگەڵ ڕێزو حورمەتی کادرو پێشمەرگەکانی "هێزی پێشەوا" ڕووبەڕوو دەبێ و دەستی هاوکاری و پێشمەرگانە دەدەنە دەستی یەک کە پێکەوە باشترین خزمەت بە خەڵک و حزب بکەین و گەورەترین زەربە لە دوژمنی داخ لە دڵ بدەین. کاک سەدیق زۆر زوو تێکەڵاوی کوڕە قارەمانەکانی مەهابادو هێزی بە هێزی پێشەوا بوو. لەم دەورانەدا زۆر کاری باشی سیاسی و تەشکیلاتی و زەربەی زۆر باش لە دوژمن درا. ئێستاش خەڵکی ناوچەو کادرو پێشمەرگەکان یادو یادگاریەکانی دەورانی کاک سەدیقیان لەبیر نەچۆتەوەو لە دڵیاندا ڕیشەی داکووتاوە. کە ئەم شێوە خۆشەویستیە لە نێوان فەرماندەو کادرو پێشمەرگەدا لە هەموو حزب و سازمانێکدا. دەکمەنن و کەمتر هەڵدەکەوێ، کاک سەدیق هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب

لە مەهاباد دەمێنێتەوەو، لە کاتی کۆنگرەدا بە هۆی هەندێک هۆکارو نا تەبایی خۆی لە لیستەی ئەندامانی کاندید کراوی کۆمیتەی ناوەندی خۆی کشاندۆتەوە خۆی کاندید نەکردوە، لەگەڵ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەبێ. کاک سەدیق لە مەئموریەتێکی چەند مانگەی پێ دەسپێرن بۆ ناوچەی "پیرانشار" لەگەڵ پۆلێک لە باشترین و لە خۆبوردوترین پێشمەرگەکانی، "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ "هەروەها ناوچەکانی "شنۆ" و "ورمێ" لەم سەفەرەدا بە باشترین شێوەو زۆر سەرکەووتوانە کارەکانیان بە ئەنجام دەگەیەنن و دەگەڕێنەوە. کاک سەدیق لەبەر هەندێک هۆکار ڕێگای هەندەران دگرێتە بەرو بەرەو تاراوگە کۆچ دەکاو لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئوروپا. دەگیرسێتەوەو. ئاخرین قسەشی دەڵێ بە ئومیدی ئەوەم جارێکی تر خۆم لە ناو لیباسی پێشمەرگایەتیدا ببینمەوەو جارێ بەربەرەکانیمە لەگەڵ چوونە سەرەوەی تەمەن.

-----------------------------------------------

## هاوڕی مامۆستا بێبەش





ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی... اااا شاعیر.. نووسەر.. بێژەر.. هونەرمەند.. شانۆ نووس و شانۆ کار.. پێشمەرگە.. "مامۆستا بێبەش" ئاشناو دۆست و خۆشەویستی هەموو لایەکمان. بۆ ئەوانەی کە مامۆستا ناناسن. بزانین "بێبەش" کێیەو؟ خەڵکی کوێیە؟ بێبەش لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندە جوان و پێشمەرگە پەروەری "قەرەشڵاغ "ی ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، چاوی بە دنیا هەڵێناوەو، هەر بە هەواو ئاوی سازگاری گوندەکەی پەروەردە بووە هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو دەکا.

پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن دەینێرنە شاری "مەهاباد" لەوێ دەخوێنێ هەتا مەدرەکی "دیپلۆم" وەدەست دێنێ. بێبەش ساڵی ١٣٥٨ دەبێ بە ئەندامی "ڕێکخراوی لاوان" ساڵی ١٣٥٩ دەبێ بە ئەندامی بەڕێوەبەری ناوچەی شارویران. مامۆستا بێبەش بە هۆی زیرەکی و تێکۆشانی بێ وچانی لەگەڵ لاوانی ناوچەکەیی و خۆ ماندوو کردنی زیاتر هەتا بتوانێ لاوەکان بە شێوەیەکی تەندرووست پێبگەیەنن و تەحویلی کۆمەڵگایان بدەن. زیاترو زیاتر خۆی ماندوو کردوە. هەتا لە ساڵی ١٣٦١ وەک ئەندامی بەڕێوەبەری شارستانی مەهابادی یەکیەتی لاوانی دیموکرات لە کۆنفرانس هەڵدەبژێردرێ. بێبەش پلە بە پلەی شێوەکانی بەرپرسیارەتی تێدەپەڕێنێ و هەموو جارێ ئەرک و زەحمەتەکانی قورس تر دەبێ. بەلام بێبەش زۆر ئازایانەو لێبوردوانە هەموو ئەم ئەرک و وەزیفانە بە باشی و سەرکەووتوانە بە ئەنجام دەگەیەنێ. من بۆخۆم ئاگاداری زۆرێک لە ئازایەتی و قارەمانیەتی کوڕەکانی یەکیەتی لاوان بووم لە زۆربەی شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد و شەڕەکانی شارویران و بەرەنگار بوونەوەی هێرشەکانی ڕژیم بۆ سەر ناوچەی ئازادو ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە. شەهیدیشیان زۆر بوو. هەروەها زۆربەی پێشمەرگەکان هەموو پەروەردە کراوی بەر دەستی ئەوان بوون. کە لەهەموو بارێکەوە بار دەهێنران و دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگەی سەنگەرو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان لەبەر دەکرد. بێبەش لە زۆر شەڕدا شان بە شانی پێشمەرگەکان سەنگەری لە دوژمن گرتوە..... سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٣ وەک کادر دەیدەن بە کۆمسیونی پێشمەرگە و هاوکار بۆ دەرکردنی "گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز" لەم کارەدا دەمێنێتەوەو شارەزاییەکی باش پەیدا دەکات لە کاری نووسین و مەقالەو شێوەی دەرکردنی گۆڤار. هەتا ساڵی ١٣٦٥وەکو کادر دەیدەن بە "کۆمسیونی سیاسی - نیزامی" لە بەشی ئیداری و هەروەها نووسەرو کارگێڕی ناميلکەی "تێکۆشەر" و "گۆڤاری ٢٦ ی سەماوەز " بێبەش زیاتر قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و ئەرکەکانی جار لە دوای جار قورس و قورس تر دەبن .لەگەڵ هەموو ئەم کارانە مامۆستا هەرچی لە مێشک و دڵیدا هەیە. وەکو "شیعر" دەیانهێنێتە سەر کاغەز. هەستی ناسک و عاشقانەو کوردپەروەرانەی بێبەش. لە هەموو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوەو. کە شێوەی هۆنراوەکانی بێبەش هەستی هەموو مرۆڤێک دەبزێوێ و لە دڵان دەنیشێ..... هەتا ساڵی ١٣٦٧ لە "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" دەبێتە نووسەرو هەووەها "بێژەر" لە هەمان کاتدا "مودیری داخلی" لە ڕادیۆ... لە ساڵی ١٣٧٤ بە ئەندامی "جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب" هەڵدەبژێردرێ.. هەتا کاتی تێکەڵ بوونەوەی هەردوو باڵی حزب. لە حزبی یەکگرتوودا داوای لێدەکەن ببێتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" قەبوڵی دەکاو لەوێ دەست بەکار دەبێ .هەتا کۆنگرەی یازدەی حزب. لە کۆنگرەدا بێبەش ئەمجارە وەکو "ئەندامی کۆمیتەی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب" هەڵدەبژێردرێ. هەروەها لە دەنگی کوردستانی ئێران هەم "بێژەر" و هەم "نووسەر دەبێ و لە پاشان بەرپرسی بەشی" تەولید"... کە تلوزیونی "کورد کاناڵ" کرایەوە، بێبەش دەورێکی ئەساسی و جێگای پەنجەی دیار بوو لە پڕ کردنەوەی بەرنامەکانی ئەم تلوزیونە. بەرنامەیەکی پێشکەش دەکرد بە ناوی "پەیتووکە" کە لە نووسین و دەرهێنان و پێشکەشکردنی خۆی بو لەگەڵ هاوکارانی. بەرنامەیەکی زۆر سەرکەووتو بوو کە جێگای لە ناو دڵی بینەرانیدا کردبۆوە. مامۆستا بێبەش ئێستاش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتەو درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. مامۆستا لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویەوە

"شیعر" دەنووسیّ و زۆر سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەی نوسیوە. شانۆ نووسی بە توانا. بێبەش لە باری شانۆوە دەتوانم بڵێم هیچی کەمتر نیە لە شانۆ نووسە بەناو بانگەکانی ناوچەو جیهانی. هەرکەس شانۆی "چرۆی وەریوی" مامۆستا بێبەشی دیبیّ شاهێدی بۆ بە توانایی و کاری وەستایانەی دەدا. من بۆ خۆم ئەم شانۆگەریەم "فیلمبەرداری" کردوەو بۆ ماوەی مانگێک زیاتر لە شارەکانی "هەولێر و سلیمانی" لە سالۆنە گەورەکان پێشکەش کردوە. کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەرەباڵغ تر بوو. لەگەڵ دەیان شانۆی تر کە بۆ هەموو مەراسمەکان شانۆکانی مامۆستا بێبەش زیاترو زیاتری دەڕازاندەوە. زۆر جاران بێبەش کاری بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کردوە. ئەوەندەی من ئاگام لێبیّ، لە هەموو مەراسم و بۆنەکان و کۆبونەوە گشتیەکان و زۆر کۆڕو کۆبەنەوەی تر مامۆستا پێشکەش کاری ئەم بەرنامانە بوەو زۆریش سەرکەووتوبوە. مامۆستا چیرۆکێکی بە ناوی "دوایین هەل" و ڕۆمانێک بە ناوی "خۆر لە دڵمدا ئاوا دەبیّ" نووسیەوەو دیوانێکی شیعری چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەروەها کتێبێکی وەرگێڕاوە بە ناوی "ڕۆژنامە نووسی پیشەیی" کە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

---------------------------------------------------

## هاوڕێ لوقمان باختە




یەکێک لەو قارەمانانە "لوقمان باختە" یە ئێستا با بزانین لوقمان کێیەوە چۆن بوو بە قارەمانی گەلەکەمان؟ لوقمانساڵی ١٣٤٧ لە شارەکەی پێشەوا "قازی محمد" شاری "مەهاباد" لە دایک بوەو دەورانی سەرەتایی هەر لەم شارە تەواو کردوەو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بابی لوقمان بە ناوی ئەحمەد باختە دەبێتە پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و چەکی شەرەف و کوردایەتی هەذەگریّ. جارێک کە بۆ سەردانی ماڵ و منداڵەکانی هاتبووەوە مەهاباد. لەلایەن دوژمنەوە

ئاشکرا دەبێ و بە داخەوە دەگیرێ. تا ساڵی ٦٢ لە زیندان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا دەبێ و سەرئەنجام دوژمن لە بەرامبەر ورەی بە هێزی دەبەزێ و هەر لەو ساڵەدا ئیعدامی دەکەن. دوای ئیعدامی بابی لوقمان هەرچەند مێرمنداڵ دەبێ بەڵام هەموو گیان و دڵی ڕەق و کین و نەفرین بوو لە بکوژانی بابی و دوژمنانی وڵاتەکەی. بۆیە خۆی دەگەیەنێتە گوندی "کولتە پە" هەتا پەیوەندی بکا بە هێزی پێشمەرگەوە. بەڵام لەوێ خۆی بە یەکیەتی لاوانی دیموکرات دەناسێنێ کە ئەوکات کاک عەزیم ئەفسەر بەرپرسی یەکیەتی لاون بوو. بە هۆی ئەوەی کە تەمەنی زۆر کەم دەبێ. دەینێرنەوە بۆ ناو شار هەتا لەوێ کاریان بۆ بکا. هەتا ساڵی ١٣٦٤ کە ئاشکرا دەبێ لە لایەن دوژمنەوە. ئەوجار پێویست دەکات شار بەجێ بێڵێ و ڕوو لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگە بکا. لە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ ڕەسمەن دەبێتە پێشمەرگەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. تا ساڵی ١٣٦٧ و گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و سەرئەنجام هەڵوێستی زۆرێک لە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکان بە هۆی کۆمەڵێک ناکۆکی دەروون حزبی و ڕاگەیاندنی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" لوقمان پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکا لەگەڵ هاوسەنگەرانی. لوقمان دوای هەڵوێست لە چونەوە بۆ ناوخۆو بە تایبەت شمالی کوردستان لەگەڵ ناوەندی یەک. کە چەندین جار تووشی شەڕی قورس بوون لەم جەولەیەدا. کە بە داخەوە لەم سەفەرەدا بوو بە هۆی شەهید بوونی. شەهید "حسین ئاسۆ". دوای گەڕانەوە لە ناوخۆ. دراوە بە دەبیرخانە وەک پێشمەرگەی دەبیرخانە. من بۆخۆم ئەوکات لە دەبیرخانە بووم کە لوقمان هاتە دەبیرخانە. لوقمانم خۆشدەویست. پێشمەرگەیەکی ئازاو ڕۆح سوک و خوێن شیرین بوو. پێشتریش هەر دەمناسی. پاش ماوەیەک لە دەبیرخانە ساڵی ١٣٧٠ بوو دیسان لەگەڵ ناوەندی دووی کوردستان بەرەو ناوخۆ ڕۆشتەوە. لەم جەولەیەدا لە ناوچەی "سەقز" توانیان بە پێی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک دەست بەسەر پایەگای "ویشکەڵان" دا بگرن بە تەواوی. هەروەها ساڵی ١٣٧٢ لە شەڕەکانی "سەدبار" ی ناوچەی "بانە "شاری" مەهاباد گوندی "بەیرەم" کە ئەم شەڕەتان بۆ باس دەکەم بە درێژی. شەڕی گوندی "سریلاوا"ی چۆمی مەجیدخان. بەشداری چالاکانەی کردوە. کە هەر یەکەیان داستانێکی دورو درێژە. دوای گەڕانەوەیان لە ناوچە ئەمجارە. پاش ماوەیەکی کورت دوبارە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆو بۆ ناوچەی "سەردەشت" لەم جەولەیەدا لوقمان لەگەڵ سێ لە هاوڕێیانی تویوتایەکی دوژمن دەکەوێتە کەمینیان لە نزیک "باسکی کۆڵە سە" و پیاوانە لێیان دەدەن کە سێ پاسداری تێدا بوو هەرسێکیان دەکوژن و چەک و چۆلەکانیان دێنن و. دوژمن بە هێزێکی گەورەوە هێرش دەکاتە سەریان. شەڕێکی قورس دەست پێدەکات لە نێوان دوژمنی پڕ چەک و پێشمەرگە پارتیزانەکانی حزب. دوای کوشتن و بریندار کردنی ژمارەیەکی تر لە هێزەکانی دوژمن بە سەلامەتی جێگای شەڕەکە بەجێدێڵن و دەڕۆن. پاش گەڕانەوەیان لە ناوچە. لوقمان دەدەن بە دەبیرخانە وەک شۆفێری ماشێنەکانی دەبیرخانە. چۆنیەتی شەڕەکەی گوندی "بەیرەم" و دەوروبەری. بۆی گێڕامەوە کووتی. کاتێک لە ناو شار بووین قەرار بوو دایکمان ببینین لەگەڵ کاکم لە جێگایەک. دوای ئەوەی دایکم هات دوای ماچ و لە باوەش کردن و قسەو پێکەنین و گریان و گۆڕینەوەی خۆشەویستی نێوان دوو کوڕو دایکێک، ماڵئاوایمان لە یەک کردو. بە پەلە خۆمان گەیاندە گوندی "شیلاناوێ" و لەوێ هەموو کوڕەکان یەکمان گرتەوە. وەک هێز بریتی بوین لەم پەلانە. پەلی


١٢ بە سەرپەلی "کەریم بەیرەمی" پەلی ٢١ بە سەرپەلی بە سەرپەلی "عومەر قەباکەندی" پەلی ٢٢ بەسەرپەلی "برایم دەرمانی" فەرماندەری هێز بە فەرمانەری "عوسمان ئەفشین" بوو. کاتێک لە گوندی "شیلاناوێ" ڕا وەرێکەووتین بەرەو شوێنی حەوانەوە مانەوەمان. کە بڕیار بوو لە دەوروبەری گوندی "بەیرەم" بمێنینەوە. سەعات شەشی بەیانی گەیشتینە جێگای مەبەست .هەر بەیانی دەنگی تەقە دەهات دوژمن بۆخۆی تەقەی دەکرد هەتا بتوانێ ئاشکرامان بکاو بزانن ئێمە لە کوێین. هەتا ئێوارە هیچ جوڵەیەکمان نەکرد لە جێی خۆمان ماینەوەو تەواوی ناوچەکەمان لەژێر چاودێریدا بوو. دەنگی تەقەی دوژمن هەر دەهات. لای ئێوارە پەلی ١٢ بە سەرپەرشتی کەریم بەیرەمی، بەرەو ناو دێی بەیرەم حەرەکەتیان کردو بەرەو ناودێ دەچوون. پێش ئەوەی بگەنە ناو دێ. لە سەر شاخی چوار کەس وەدەرکەووتن، نەماندەزانی ئەوانە کێن. دوژمنە یا برادەرانی ئەولان. بۆیە "عوسمان یەفشین" وەک فەرماندەری هێز دەستووری پێداین کە بۆیان سەرکەوین و ئەگەر برادەرانی ئەولا بوون ئەوا هیچ. ئەگەر جاش و پاسدار بوون لێیان دەن. کە وەسەرکەووتین و لێیان نزیک بووینەوە دیتمان هەموو جاش و پاسدارن هێزێکی زر بوون خەریکی وەسەرکەوتن بوون بۆ سەر شاخی. سەرپەلەکەمان زۆر ئازایانەو قارەمانانە. "برایم دەرمانی" هەموومانی سازمان داو دایمەزراندین و جوان چاومان لە دوژمن بوو بەو هێزە زەبەلاحەوە وەسردەکەووتن بۆمان. سەنگەر گیرابوو.. سێرەی تفەنگەکانمان لەسەر دڵ و ناوچاوانی دوژمنان بوون.. پەنجەمان ەسەر پەلاپیتکەی دوژمن کوژ بوو.. زامنەکان ترازابوون.. پێمان خۆش بوو هەر هەموومان یەکەم تەقە بە "تەک تیر" بێ هەتا خاترجەم بین دڵی ڕەش و ناوچاوانی نەگریسیان هەڵتەکێنین. جا ئەوجار بە ڕەگباران دایان دوورین. ئێمە ئەگەر لەم شاخانەی پشت و پەنای پێشمەرگە،، لە ناو ماڵی خۆمان سنگ و دڵی جاش و پاسدارەکان هەڵدڕ هەڵدڕ نەکەین. تامی تاڵی مردنیان پێ نەچێژین هیچمان نەکردوە. بۆیە لەگەڵ ڕاگرتنی هەناسەکانمان لە سینگماندا. هەتا چەند مەتری لەگەڵ دوژمن. " دا لێیان دەن " دا فێریان کەن بە قوربانی دەست و تفەنگتان بم.. فەرماندە عوسمان و هاوار هاوارو گوڕاندنی وەک شێر. لێیان دەن.. ئەوەتا. نەهێڵی هەڵێ.. ئەو جاشە هەڵات لێیدە بە قوربانت بم.. هەر بە تەک تیر. دەی دەی دەی دەی .. هەڵات هەڵستن.. ئاگات لە شتی خۆت بێ. ئەو دووکەسە لەو بن بەردە بەجێماون. ناوێرن هەستن. لێیان دەن ڕوحمیان پێمەکەن.. ئەها ئەها هەی جاشی خوێڕی بۆ هەڵدێی. لێیدەن نەهێڵن هەڵێ.. لەم هەموو هەراو هوریاو گوڕە گەڕە دوژمن سەری لێشێوابوو. هەموو دارو بەردێکیان لێ ببو بە "پێشمەرگە" نەیان دەزانی بە کوێدا هاتوون و بە کوێدا هەڵێن. لەلای ئێمە کەلاکێکی زۆر لە مەیدانی شەڕەکە بە جێمابوو. بە داخەوە بە هۆی هەستانە سەر پێی پێشمەرگەکان و ڕەپێنانی دوژمن و کەم ئیحتیاتی دوو قارەمانمان لێ شەهید بوون. بە ناوەکانی ، شەهید " سەمەد چیر" و شەهید " لوقمان سەدر " گیانی خۆیان بەخشی لە پێناو ئازادی و سەربەرزی کوردو کوردستان. کاتێک ئێمە دەرگیر بووین لە شاخی هەمزەمان لە ناودێی "بەیرەم" کە کوڕەکانی پەلی ١٢ و پەلی ٢١. کەریم بەیرەمی بەرو ناودێ و عومەر قەباکەندی لە ناوەڕاستەوە. بوو بە شەڕی دەزتەو ئێخە و تێکەڵاو لەگەڵ جاش و پاسدار. ئێمەش کە لە شاخی دەرگیر بووین. شەڕی ناودێ زۆر قورس بوو. کوڕەکان توانیان تێکیان بشکێنن. هێرشیان دەکردەوە. شەڕەکە هەر دەهات گەرمتر دەبوو. هەوا دەهات تاریک بێ. بە

تاریک بوونی هەوا هەموومان خۆمان گەیاندەوە ناو گوندی "بەیرەم" هەموو یەکترمان گرتەوە. کە بە داخەوە لەو شەڕی دەستەو ئیٚخەیەدا دوو قارەمانی ترمان شەهید ببوون. بە ناوەکانی "سەعید غوڵامی" و شەهید "سیاوەش بابامیری" کە ئەوانیش گیانی خۆیان کردە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بۆ کوردو کوردستان. پێشمەرگەکان ١٠ کەلاکی دوژمنیان لەبەر دەستیدا بوو لەگەڵ دوو پاسداری ئەسیر. پاشان بە شەهیدو بە ئەسیرەکانەوە ناو دێمان بە جێهێشت.. ڕۆحیان شاد بێ.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل. ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە...

----------------------------------------------- ---------

## هاوڕێ ئەحمەد زریان





ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی. کادرو پێشمەرگە "ئەحمەد زریان" با بزانین ئەم پێشمەرگەیە کێیەوە خەڵکی کوێیە؟؟؟ باپێکەوە "میداڵی قارەمانیەتی" بدەین لە بەرۆکی. ئەحمەد جەوان بوو کە شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دەستی پێکرد، وەک هەموو لاوەکان بە شەوق و زەوقەوە بەشداری خۆ پیپیشاندانەکانی کردوە. هەر ئەوکات خۆی نووسیەوە و بۆتە ئەندامی سازمنی جەوانان کە ئەوکات زیاتر لە ژێر تەئسیری حزبی تودەدا بوو. کە پاشان گۆڕدراو بوو بە یەکیەتی لاوان. هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، پاشان دراوە بە کۆمیتەی بەری مێرگان، وەک هاوکاری کادر هەتا دوای کۆنفرانس بۆ کۆنگرەی چوار لەم کارەدا ماوەتەوە. ئەحمەد بە پێی

ئەوەی خەڵکی گوندی "ترکەش" ناوچەی بەری مێرگان سەر بە شاری پیرانشار "بوو دراوە بە بەشی گومرگ هەر لە ئاوایەکەی خۆیان" ترکەش " کە ئەوکات گومرگەکان ڕاستەوخۆ سەر بە دەفتەری سیاسی بوون. ئەم گومرکانە لە سەرتاسەری سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ باشوور دانرابوون. بەشێکی زۆری پێویستیەکانی حزب و پێشمەرگەی دابین دەکرد. یەکێک لە گەورەترین داهاەکانی حزب بوو. دوایە دیاری کراوە وەک بەرپرسی گومرکی "بێدەلان" هەتا ساڵی ١٣٦٠ لەسەر ئەم کارو ئەرکەدا دەمێنێتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار، لەوێ وەک کادری کۆمەڵایەتی دیاری کراوە. ئەم ئەرکەشی بە باشی بەڕێوە بردوە هەتا ساڵی ٦١. لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە وەک بەرپرسی کۆمیتەی "گەدە" دیاری دەکرێ و دەست بەکار دەبێ لەگەڵ ئەم کارە تازەی. پاش ماوەیەک هەردوو کۆمیتەکانی "گەدە" و "نەڵێن" دەکرێن بەیە لەم یاڵوگۆڕەدا ئەحمەد وەک ئەندامی کۆمیتە دیاری دەکرێ. هەتا ساڵی ١٣٦٦ درێژە بەم کارە دەدات و سەرکەوتوانە کارەکانی بەڕێوە دەبات. ساڵی ٦٦ کۆمیتەکان نەمان و بوون بە گروپ گروپ، ئەحمەد دوای ئەم ئاڵوگۆڕەش وەک بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی گەدەو نەڵێن دیاری دەکرێ. درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هێنانە گۆڕی لیستەی فیکس و ناڕازی بوونی زۆرێک لە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکان، هەتا جودابونەوەی ئەم بەشە لە حزب و ئیعلامی مەوزوع "هەڵوێست کرتن". ئەحمەد هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی لە "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" کردو تێکۆشانی. خۆی لەم حزبەدا بە شەوق و زەوق و ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە دەست پێکردو لە جاران زیاتر قۆڵی لە شۆڕش و شۆڕشگێڕی هەڵماڵی .. لە دوای هەڵوێست و لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا یەکەم کاری وەک ئەندامی ئیجرایی مەلبەند دەستی پێکرد. پاش ماوەیەک وەک بەرپرسی دانیشتوەکان کاری تازەی بوو. وەک ئەرکێکی حزبی و تەشکیلاتی ئەم ئەرکەشی زۆر سەرکەوتوانە بەڕێوە برد. هەتا داوایان لێکرد بەرپرسایەتی "ئینتزامات" وەرگرێ. ئەم ئەرکەشی قەبوڵ کردو ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم کارەش ماوە. پاشان گەڕاوەتەوە کۆمسیونی تەشکیلات لەوێ وەک کادری تەشکیلات لە بایەگانی و برپرسی تەقەمەنی دیاری دەکرێ. پاشان ڕاستەوخۆ دەیکەنە بەرپرسی کۆمیتەی شارستنی پیرنشار. هەتا لە ئاخریدا دەینێرنە دەبیرخانە وەک کادر. لێرە دەمێنێتەوە هەتا هەردوو باڵی حزب تێکەڵ دەنەوەو حزب دەبێتەوە یەک .لە حزبی یەکگرتودا گەڕاوەتەوە بۆ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار . وەک کادری ئەمنیەت کاری کردوە... ئەحمەد وەک کادرێک و وەک پێشمەرگە، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچە بەشداری چالاکانەی کردوە و چەندین جار برینداربوە. ئەو شەڕو بەرگریە گەورانەی ناوچەی پیرانشار وەکو... شەڕی جادەی "پیرانشار بۆ سەردەشت" کە چە دین مانگی گرت و مانگی دیفاع لە ئازادی لەم شەڕەدا بوو دوای چەندین منگ شەڕی بە تەواو مەعنا. بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی قورس لە لایەن دوژمنەوە بە شەهید بوونی ٢٣ پێشمەرگەو کوژرانی ١٢٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن هەروەها کوژرانی جاشی بەناوبانگ و چاوساغی دوژمن "حەمەدەمینی بێنگوینێ" لەگەڵ چەندین بەرپرسانی ڕژیم کە لە مانگی خاکلێوەدا لە ناو گەنمان دا دیتبویانەوە... لە شەڕی "گردنەلینی" لە زستانی ٦١ کە لەو شەڕەدا بە سووکی بریندار بووە. شەڕی "باستان بەگ" لەم شەڕە قارەمانانەیەدا بە هاوکاری هێزی "زمزیران" بەڕێوە چوو. شەڕی گەورەو دوژمن تەزێنی گەندی "شێلم جاڕان"

ئەم شەڕە گەورەو پڕ لە قارەمانیەتی و فیداکارانە کە لە کاتی خۆیدا ڕادیۆ دەنگی کوردستان. سەرنجی ڕاگەیاند.. سەرنج بدەن... سەرنج بدەن.. بەدەنگی ئەحمەد شێربەگی شەری "بادەلە" لەم شەڕەدا شەڕ شەڕی دەستەو یەخەو شەڕی سەرەنێزە.. تێکەڵاوو ئامباز بوونی یەکتر.. ئەحمەد لەم شەڕەشدا بریندار دەبێ. بە دەیان شەڕی ناوچەو کاری تەشکیلاتی لە تیمی چەند نەفەریدا، کە بە نهێنی لە گوندەکان ماونەتەوەو زۆر جار ئاشکرا بوون و توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن. زۆر جارانیش شیشەیان لەو شوێنانە ڕا کردوە کە خۆیان تێدا شاردۆتەوە، کە لەگەڵ مەرگ چەند بستێکیسن نێوان بوە. ئەمانە تەنها بە قسە خۆشن، بە عەمەلی کردنی ئەم کارانە تەنها پیاوی بە جەرگ و قارەمان و خۆڕاگری وەک پێشمەرگەی دەوێ. ئەمانە ڕاستی و خەباتی ئەحمەدو هەزارانی وەک ئەحمەد زریانن. ئەحمەد وەک زۆربەی زۆری هاوڕێیانی ئاوارەو پەڕیوەی هەندەران و تاراوگە بوو. ئێستا لە وڵاتی "سوئد" گیرساوەتەوەو لەگەڵ خاو خێزانەکەی خەریکی کاری کۆمیتەی حزبە لەم وڵاتەو کارو چالاکی و تێکۆشانی خۆی درێژە دەدا. بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

------------------------------------------ --------

## هاوڕێ عزەت پیرانی




ئەم جارە دەمەوێ باسی شۆڕشگێرێکتان بۆ بکەم، کە هەڵوەدای ئازادی و مافی ڕەوای گەلەکەیەتی. "عزەت پیرانی" با بزانین کێیەو خەڵکی کوێیە؟؟؟ بە دوو ساڵ پێش ڕوخاندنی ڕژیمی شاهەنشاهی ساواک و هەموو دام و دەزگا ئەمنیەکانی ڕژیم هەستیان بە کز بوون و هەستانەوەی ورەی خەڵکیان هەست پێکردبوو. بۆیە هەرچی بۆنێکی کوردایەتی و سیاسی لێ هاتبا دەیانگرت. ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ عزەت لە لایەن پیاوانی ساواکەوە دەگیرێ و، دوای ئازارو ئەشکەنجەی ڕۆحی و

فیزیکی زۆر ئازادی دەکەن. وەک چاو ترساندنێک کە نابێ کارت بە هیچ کارێکی سیاسیەوە بێت. کاتێک وردە وردە سەرەتای خۆپیشاندانەکان دەستی پێکردو پاشان گەیشتە کوردستان. خەڵکی داغ لە دڵی کوردستان چاوەڕوانی ڕۆژانێکی ئاوا بوون، بە ژن و منداڵ و گەورەو چکۆڵەوە ڕژانە سەر خیابانەکان و بەڵێ یان کووت بۆ ڕوخانی ڕژیم. هەتا لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ بە یەکجاری ڕژیمی شاهەنشاهی ڕوخاو نەما. یەکەم ڕۆژی ڕوخانی ڕژیم. شارەبانی و ژاندەرمەری شاری "مەهاباد "بە دەستی خەڵکی تووڕەو ناڕازی گیران و هەموو چەک و چۆلەکانیان کەوتە دەستی خەڵک. پاش ماوەیەک کە هەموو کوردستان لە بەر دەستی حزبی دیموکرات و حزبەکانی تردا بوو. وتوویژو دانووستان دەستی پێکرد لە نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی ڕژیمی "خومەینی" و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد. لەسەر پێک هاتنێک بۆ کۆنترۆڵ کردنی وەزعەکەو داواکانی خەڵکی کوردستان. ئەم گفتوگۆیانە چەندین جار درێژەی کێشا. ڕۆژی هەینی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ، بە هۆی چەند ئەفسەرێکی کورد کە لە پادگانی مەهاباد خزمەتیان دەکرد کە تیپی لەشکری ٦٤ی ورمێ بوو دەستی بەسەردا گیرا. ئەم ئەفسەرو دەرەجەدارانە بریتی بوون لە شەهید "سەرگورد عەباسی" و شەهید "سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ" ناسراو بە کاک هەژار و "حامید گەوهەری" ئەوکات فەرماندەری پادگان سەرتیپێک بوو بە ناوی "بزکپور" کە لەکاتی گرتنی پادگان بریندار بوو بە هۆی هەلیکۆپتەرەوە گواسترایەوە بۆ ورمێ. عزەت ئەوکات لە پادگان بوو چەند کەسێک وەک "سەرگورد عەباسی" و "کەریم حسامی" و دوو کەسی تر باسیان لە حکومەت نیزامی دەکرد کە خەڵک لە ماڵەکانیان بمێنەوەو نەیەنە دەرێ هەتا وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەن. عزەت و چەند کەسی تر ناڕازایەتی خۆیان دەردەبڕن و موخالیفی ڕاگەیاندنی حکوومەت نیزامی دەبن لە مەهاباد بۆیە دەبنە هۆی پەشیمان بوونەوەیان لەم هەڵوێستە. هەموو چەک و چۆلی قورس هەبوو کەووتە دەستی حزبی دیموکرات. وەکو تانگ و زرێپوشەکان و تۆپ و خومپارەو چەکی دژی هەوایی .ئەم ماوەیە مەهاباد و هەموو شارەکانی کوردستان لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوون. دوژمن زۆر جار هێزی گەورەی دێنایە سێڕای "نەغەدە" کە بە نیازی هێرش بوون بۆ گرتنەوەی شاری مەهاباد. چەند کەس لە شۆڕشگێڕان عزەت پیرانی، مەلا حامید شاریکەندی، سەعید تیتە، حوسین وەستا جەلیل. لە ژێر فەرماندەیی سەرگورد عەباسی دا. جار جارە بە خومپارە لە هێزەیان دەدا کە ئاماد کرابوون بۆ هێرش. هەموو جارێک زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵیان بە ڕژیم دەگەیاند. عزەت بە خۆی و بە خومپارەکەیەوە لە هەموو ئەو شوێنانەی هێزی دوژمنی لێ مۆڵ درابوون بە سەریاندا دەڕوخاندن و تەفرو تونای دەکردن. دوای گیرانەوەی مەهاباد و گەڕانەوەی دوژمن بۆ ئم شارەو جێگیر بوونیان لە پادگانی مەهاباد. عزەت زۆر جاران بر خومپارە لە پادگانی مەهبادو تەپەی قازی داوە کە هێزی دوژمنیان لێ بوو. هەروەها لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت مەهاباد بە درێژایی شەڕو پێکدادانەکانی ئەم جادەیە بە خومپارە پایەگاو هێزەکانی دوژمنی ئاگر داوە. هەروەها لە شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردوە.لە ساڵی ١٣٦٢ عزەت بە خومپارەکەی بەشداری شەڕی گەورەی هەردوو هێزی پێشەواو هێزی ١١٠ی بەیان لە بۆکان کردوە. کە خەسارەتێکی گەورەو بەرچاو لە هێزەکانی دوژمن کەووت. عزەت هیچ کات حەزی لە مەسئولیەت و ناو ناوبانگ نەکردوە، هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک خۆی نیشان داوەو

هەڵسوکەووتی کردوە. هەمیشە دژی گەندەڵی و هەرەج مەرەج بووە. حەزی بە ئەخلاق بوون و دەست پاکی بوە عزەت دوو دەورە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوە. لە سێ کۆنگرەی حزبدا بەشدار بوە. دوای کۆنگرەی حەوت، کۆمسیونی سیاسی و نیزامی قەرار بوو ناوی بدەن بۆ موشاویری کۆمیتەی ناوەندی. بۆ ماوەیەکیش لە ڕادیۆ کاری کردوە. لە هاوینی ٦٢ بۆ سێ جاران لە جادەی مەهاباد بۆکان لە نێوان گوندەکانی زگدڕاو قەرەبڵاغ تیکانلوجە لە عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی لکی دوو بە خومپارە پایەگاکانی پشتی قەربڵاغ و شاخی مەنجەڵ شکێنی پشتی زگدڕاوو هەروەها شاخی پشتی بەسری بە دوو خومپاران، ٨٢ ملم و ٦٠ ملم کووتاوە هەموو جاران بە سەرکەووتویی عەمەلیات کۆتایی هاتوەو دەستکەوتێکی زۆر کەوتۆتە دەستی پێشمەرگەکان. دوژمن زەرەرو زیانی زۆری گیانی و ماڵی وێکەووتوە. وەک سووتانی ١٢ بۆردزێل و ماشێنی جۆراو جۆر. عزەت یەکێک لە داهێنەران و ئەندازیاری جێگاسازیەکانی کادرو پێشمەرگەکان بوو لە قوڵایی ناوچەدا. کە ئەم کارە بۆتە هۆی پاراستنی بە دەیان کادرو پێشمەرگە لە مەرگی حەتمی لە لایەن جاش و پاسدارەکانەوە. عزەت وەکو زۆرێک لە هاوڕێیانی ڕووی لە تاراوگەو هەندەران کردو، لە کۆتایدا لە وڵاتی "دانمارک" گیرسایەوەو لەوێش هەر بە کارو تێکۆشانی سیاسیەوە درێژە بە خەبات دەدات .عزەت هاوسەرگیری کردوەو خاوەنی کوڕو کچێکی جوانە. کچەکەی ئێستا ساڵی دووی ڕشتەی پزیشکی دەخوێنێ و کوڕەکەشی تەمەنی حەوت ساڵە.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل ...

---------------------------------------------------

# هاوڕێ کەریم دادوەر





یەکێک لەم دڵسۆزو قارەمان و شۆڕشگێڕانە. کاک "کەریم دادوەر" پێشمەرگەو فەرماندەی حزبی دیمکراتی کوردستانە ... با بزانین کاکە کەریم دادوەر کێیە؟؟؟ کەریم هەر لە سەردەمی سەربازییەوە لەگەڵ هاوڕێکانی وەک "سەید فەتاح سوهرابی" کە بە داخەوە ئەویش لە شاری "نەغەدە" شەهید بوو. هەروەها دوو هاوڕێی دەورانی منداڵی "سەید حامید نووری" کە لە شەڕی سێ مانگە شەهید بوو. هەروەها " کەریم دەوڵەت ئابادی "کە لە گوندی "بەسری" بە دیل گیراو پاش ساڵانێکی زۆر لە زیندانەکانی ڕژیم لە ورمێ دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر. سەرئەنجام ئیعدامی دەکەن.. لەوکاتەوە هەستی کوردایەتی لە دڵیدا چەکەرەی کردووەو، ئاوات و ئارەزووی ڕوخاندنی ئەم ڕژیمە دژی گەلیەوە کردوە. تا سەرئەنجام وردە وردە ئاوات و ئامانجەکانی دێنە دی و خۆپیشاندان سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە بە کوردستانیشەوە. کەریم لە زۆربەی خۆ پیشاندانەکانی شارەکانی "نەغەدە" و "مەهاباد" بەشداری چالاکانەی کردووەو، لە گرتنی پادگانی مەهاباد، دەوری باشی گێڕاوەو چالاکانە بەشداری کردوە. دوای شەڕی سێ مانگەی پێشمەرگەو هێزەکانی دەوڵەت. کە حکوومەت شکستی هێنا لە بەرامبەر هێزی بە هێزی پێشمەرگەو داوای گفتوگۆی کرد. ئەو کات "مەلا ڕەسوڵ پێشنماز" فەرماندەری هێزی پێشمەرگە بوو. لە کەمینێکدا کە پێشمەرگەکان بۆ دوژمنیان دانابووەوە. دەنگیان نەکردبوو تا دەکەونە ناو داوەکەوەو لە چەند میتری لێیان وەدەست دێن و لێیان دەدەن لە ستوونێکی گەورەی دوژمن. شەڕ شەڕی تێکەڵاوو. دەستەو ئێخە دەست پێ دەکات. لەو شەڕە قارەمانانەیەدا "کەریم دادوەر" زۆر بە سەختی بریندار دەبێ. دەبێتە یەکەم برینداری حزب کە بۆ چارەسەر پێ دەنێتە خاکی عێراق. دوای شەش مانگ لە ژێر چاوەدێری توندی پزیشکیدا. بە خۆشیەوە لە مردن ڕزگار دەبێ و پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی. دەگەڕێتەوە ناو هاوسەنگەرانی و چەکی شەرەف دەکاتەوە شانی. پاشان دەیکەنە شۆفێری ماشێنێک لە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە گوندی "دایماو" کە بە داخەوە سەردەستەی ئەو دەستەیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک، لە سەر جادەی

کۆسەکەرێز مەهاباد شەهید بوون و هەموویان دوژمن سووتاندنی و هەموویان بوونە خەڵووز. کەریم دادوەر" لە زۆربەی شەڕەکانی جادەی "مەهاباد - ورمێ" شەڕەکانی دەشتی قارەمانان دەشتی "شارویران" "شامات و چۆمی مەجیدخان" دەوروبەری شاری نەغەدە سەرشاخان و جادەی "سەردەشت - پیرانشار" لە کاتی شەڕەکانی "مانگی دیفاع لە ئازادی" و هاتنی هێزەکانی "یەکیەتی نیشتمانی کوردستان" وەک هێزی پشتیوان. کە لەکات و شوێنی خۆیدا جێگای ڕێزو خۆی بووە هەیە. ڕۆژهەڵات لە بیری ناچێ. کەریم لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی سەرپەل بوە، لە هێزی "پێشەوا" لە ساڵی ٦٠ چۆتە هێزی "ئەفشین" هەتا ساڵی ٦٣ سەردەستە بوە لە هێزی ئەفشین. کە لەم هێزەش توانیویەتی هێزو تواناکانی خۆی پیشان بداو، ببێتە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. کەریم لەم هێزەش قارەمانانە بەشدارو تەراحی عەمەلیاتەکان بووو جێگا پەنجەی دیار بوە. هاوکارێکی باشی شەهیدی فەرماندەری هێزی ئەفشین "عومەر قەیتەران" بوە. سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٤ لەسەر بڕیاری حزب لەگەڵ چەند پێشمەرگەی بریندارو کەم ئەندام. دەیان نێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر. کە لە وڵاتی سوئد دەگیرسێنەوەو لەم وڵاتە نیشتەجێ دەکرێن. کەریم هاوسەرگیری کردووەو لەم وڵاتە دەژی... ئێستاش هەر وەک ساڵەکانی سەرەتای پێشمەرگایەتی بە ورەو بە بیرو باوەڕەو ئامادەی هەموو خزمەتێکە بە حزب و کوردستانەکەی. ئێستاش ئەندامێکی فەعال و تێکۆشەری حزبەو بە کارو چالاکی حزبیەوە سەرقاڵە و تا دوا هەناسە ڕێبواری ڕێگای شەهیدان و حزبەکەیەتی.

---------------------------------------- --------------

## هاوڕێ ئیرەج سامی




یەکێک لەو کەسانەی وەک مۆم سووتا بۆ گەلەکەی. تا ڕێگا ڕوناک بکا ۆ داهاتوو، پێشمەرگەو فیداکارو قارەمان " ئیرەج سامی" یە، با بزانین ئیرەج کێیەو خەڵکی کوێیە؟ وەک هەمووومان لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گەڕەکی هەرمەنیانی شارەکەی پێشەوا "مەهاباد" چاوی بە دنیا هەڵێناوە، هەر لەو شارە تا دووەمی نەزەری هونەری لە ڕشتەی "اتۆ مکانیک"

خوێندوویەتی. تا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی. هەر لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی سازمانی جەوانانی دیموکرات. کە دوای کۆنگرەی چوارەمی حزب بوو بە یەکیەتی لاوانی دیموکرات. تا ساڵی ٦٢ بە نهێنی لەم ڕێکخراوەدا دەمێنێتەوە. پاشان ڕەسمەن دەبێتە ئەندامی حزب لە ناو شاری مەهاباد. بەهۆی چالاک بوون و نهێنی پارێزی و ئازایەتیەوە دەیکەنە بەرپرسی هەستەکانی ناو شار. بۆ کاری تەشکیلاتی و نیزامی. کە هەردوو کارەکەیان بەڕێوە دەبرد. تا ساڵی ١٣٦٥. کە بە گیرانی یەکێک لە ئەندامانی هەستەکە. پێیان باش دەبێ شار بەجێبێڵن، نەکوو دوژمن هەستەکە ئاشکرا بکات. بۆ ئەوەی نەگیرێن، ڕوویان لە شاخ کردوو، لە شار هاتنە دەرێ. ئیرەج لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی "جەلال کاکیلی" دێنە دەرێ و ڕەسمەن دەبنە پێشمەرگە و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشن.. پێویستە بڵێم یەکێک لە کارو عەمەلیاتە سەرکەووتوانەکانیان لە کاتی کاری نهێنی تەشکیلاتی و نیزامی ئەم پارتیزانانە بە سزا گەیاندنی یەکێک لە مۆرە گرنگەکانی ڕژێم. بەرپرسی ئیتلاعاتی ئەو کاتی ڕژێم لە مەهاباد بوو. لە ڕووبەڕووی داروخانەی "سینا" بە سزای خۆی گەیشت، کە زۆر لە لاوەکانی ئەم شارەیان شکنجەو ئیعدام کرد بوون. ئیرەج کە خۆی لە ناو بەرگی پێشمەرگایەتی و موقەدەساتی کوردایەتیدا دیتەوە، زیاتر لە پێشوو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی چڕتر کردەوە، بۆ خزمەتی زیاتر بە حزب و گەل و ئاوات و ئامانجەکانی. وەک پێشمەرگەیەکی ڕۆح سووک، خوێن شیرین، ئازاو بە دیسپلین و بەکارو گورج و گۆڵ، لە ناو هاوسەنگەرانیدا زوو جێگای خۆی لە دڵی هەمواندا کردەوە. زۆر زوو لەگەڵ هەموو کێشەو کەموکوڕیەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ڕاهات و توانی هاوڕێز بێ لەگەڵ هەموو کوڕە دڵسۆزو پێشمەرگەکان. بۆیە بوو بە پێشمەرگەیەکی قارەمان و جێگای بڕوا بۆ هەموو لایەک. هەموو مەرحەلەکانی پێشمەرگەو ئەندامێکی حزبی دڵسۆزو قارەمانی بە سەرکەووتوویی تێپەڕاند تازە ئیرەج ببوە پێشمەرگەیەکی بە تەواوی مەعنا. تا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هەڵوێستی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکان، سەبارەت بە هێنانە گۆڕێی لیستەی فیکس و لە ئاخریدا هەڵوێست و جودا بوونەوە لە حزب و لە ساڵی ١٣٦٧ و ڕاگەیاندنی "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" و درێژە دانی خەبات لەم حزبەدا. ئیرەج وەک خۆی هەڵوێستی گرت و پشتیوانی خۆی لەڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کردو، خەباتی خۆی لەو بەشە لە حزب درێژە پێدا. لێرەش لە ناوەندی دووی کوردستان سازمان دراو وەک کەسێکی بە توانا لەم ناوەندە دەست بە کار بوو.. ئەوکات من لە دەبیرخانە کارم دەکرد داوام کرد ئیرەج بێتە دەبیرخانەو هاوکاری من بکا، ئیرەجم زۆر خۆشدەویست. ئێستاش خۆشم دەوێ، هاتە دەبیرخانە زۆرێک لە کارەکانی دەبیرخانەی لە کۆڵ من کردەوە. بە تایبەتی بەشی بایەگانی کولی حزب. ئیرەج هەر لەو سەرو بەندەدا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ "مینا سوارە" پێک هێناو بەرهەمەیشیان کوڕێکی جوانە بە ناوی "شاهین" پاشان وەکوو زۆرێک ئەویش ڕێگای هەندەرانی هەڵبژاردو ڕووی لە هەندەران کرد. لە وڵاتی ئینگلیز گیرسایەوەو لەوێش دیسان پەیوەندی بە تەشکیلاتی حزب لە دەرەوەی وڵات کردەوەو، کارو چالاکی خۆی درێژە دەدا وەک ئەندامێکی حزب.... لەوێش توانیویەتی پلەو مەدرەکی باش وەدەست بێنێ لە بواری هەندەسەو کاری ساختومانی مۆدێڕن... ئیرەج لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا. لە شەڕەکانی، گیران و تەفروتوناکردنی گوردانی نۆباری بۆکان... شەڕی بەناوبانگی تەرەغە...

مەهاباد.. کولیجە... کوران.. قزڵجە... دۆڵە ڕەش... چەپەراوێ.. بەشداری چالاکانەو بەرچاوی کردوە. جێگری پەل و،، سەرپەلی ئینتزاماتی دەفتەر بووە..بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

--------------------------------------------------- -----------

## هاوڕێ وەهاب یوسفی




یەکێک لەم قارەمانە زیندوانە "وەهاب یوسفی" یە بابزانین وەهاب کێیەو خەڵکی کوێیە؟؟ وەهاب لە دایک بووی شاری " مەهابادە" لە کوچەی "باغی سیسە"ی ئەو شارە چاوی بە دنیا هەڵێناوە. هەتا یەکی دواناوەندی هونەرستان دەرسی خوێندوە. هەرچەندە لەکاتی خۆ پیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، وەهاب تەمەنی کەم بوو بەڵام دیسان خۆی پێ ڕانەگیراوەو بەشداری کردوە، کاتێک دەسەڵاتی پاشایەتی کۆتایی هات و گەلانی ئێران بۆ ماوەیەکی کورت چوونە قوڵایی خەوی ئازادیەوە. زۆر بەداخەوە "خومەینی" و هاوفکرانی هەموو خەڵکیان لەو خەوە شیرینە ڕاپەڕاندو هەوری ڕەش و تاریکی ئاخوندەکان و کۆماری ئیسلامی، هەموو ئاسمانی ئێرانی داگرت و بەتایبەتی لە کوردستان.. کە بروسک ئاسا هەموو بەرهەمی خەرمانی گەلی کوردیان سووتاندو، شەڕیان بەسەرماندا سەپاند. وەهاب وەک هەموو لاوەکانی هاوڕێی پشت و پەنای پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بوون و ئامادەی هەموو فیداکاریەک بوون. وەهاب و هاوڕێکانی کە هەموو ڕۆژێ سەردانی پێشمەرگەکانی پەلی "شاهۆ" یان دەکرد، کە ئەوکات لە ناو شاری بوون بیری یەکەم ئەلف و بێی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی لە مێشکیدا چەقەرەی کرد. دوای هێرشی هێزەکانی کۆنەپەرستی بۆ سەر کوردستان و بە تایبەتی مەهاباد و دوای گرتنی ئەم شارە لە لایەن داگیرکەرانەوە. هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گیانی

خەلکی ئەو شارە. شاریان بەجێهێشت و لە دەوروبەری شار دامەزران. کاتێک خومەینی جەلاد کەسێکی بە ناوی "خاڵخاڵی" نارده کوردستان لەلایەن خومەینیەوە دەسەڵاتی پێدرابوو هەرچی دەیکەی بیکە. ئەویش بێ ڕوحمانەو بێ بەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی کوردستان. دەستی دایە قەتڵ و عامی لاوەکان و لەهەر شارەی تا توانی و حەوسەلەی هەبوو خەڵکی کوشت و گرت و تیرباران کرد. مەهابادیش کەووتە بەر ئەم هێرشە ترسەنۆکانەیە. وەهاب کە چەندین هاوڕێی گیران و دوای چەند ڕۆژان بێ دادگایی و لێپرسینەوە هەموویان ئیعدام کران. بۆ ئەوەی ئەویش نەگیرێت و ئیعدامی نەکەن. شاری بەجێ هێشت و بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە لە دژی داگیرکەران. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەهاب خۆی گەیاندە گوندی "گاگەشی سەرێ" و خۆی بە پێشمەرگەکانی حزب ناساند. بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنی ناردیانە یەکیەتی لاوان، لەوێ یەکەم قۆناخی ژیانی خەباتی دەست پێکرد. وەهاب کە منداڵی گەڕەکی باغی سیسە بوو، لە ڕێگای لاوە خوێن گەرمەکانی ئەو گەڕەکەوە بیری نیشتمان پەروەری لە مێشکیدا پەروەردە ببوو. بە تایبەتی کە خزمی شەهید تالی بێت و قوتابی بەردەستی کاک "شوان" بووبێ و جیران و هاوڕێ و هاو پۆلی گەلێک شەهیدانی بێ تاوان وەک خدر و عەوڵاو سەعید کیسەو جەلال موئمینی و قاسمە ڕەش و عوسمان بەتوڕاک و عەلی کاکە وەیسی و عەلی بەڵا و دەیان شەهیدی تر بێت. چۆن دەتوانێ لەسەر سەرینی نەرم و پێخەفی گەرم پاڵداتەوە؟؟؟ ئەگەرچی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر سەخت و پڕ لە کێشەیە، بەڵام پێشمەرگایەتی مرۆڤ دەکاتە "پۆڵا" کە جێی شانازییە. وەهابیش بێبەش نەبووە لەو کێشە سەختانە. برسیەتی، تونیەتی، شەوو شەونخوونی، ماندوو بوون و بریندارێش وێڕای ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی وەهان لێیان بێبەری نەبوە. کەم لە پێشمەرگە دێرینەکان هەن، کە چەندین جار بریندار نەبووبن و بە دەیان جار تا لێواری مەرگ نەچووبن.. بەڵام شۆڕشگێڕی کورد چاو نەترسەو manای ترس نازانێت.. وەهاب بە شانازییەوە پێشمەرگە بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتشدا کۆمەڵێک بەرپرسیارەتی هەبوە. وەک سەرپەل و کادری سیاسی وماڵی و جێگری بنکەی پەیوەندیەکانی ڕانیە و مودیری نێوخۆی کۆمسیونی سیاسی پەزیرش بوە. وەهاب بە دڵ باوەڕی بە مافی ڕەوای نەتەوەکەی و چەوساوەکان هەبوەو هەروەها، وەهاب یوسفی خزمەتکاری هاوڕێ پێشمەرگەکانی و دڵسۆزی بنکەکان و ئەموالی حزب بوە،، وەهاب هاوسرگیری کردوەو خاوەنی کوڕو کچێکی جوانە. بە ناوەکانی "ماندانا" و "ماردین". ئێستا لە وڵاتی "سوئد" دەژی و بە هەمان بیروباوەڕەوە خۆی بە تاکێکی حزب و گەل دەزانێ و همان پێشمەرگەکەی جارانە...

-------------------------------------------- ---------

## هاوڕێ ڕەحیم ڕەحمانزادە




ئەم جارە پێم خۆشە باسی کەسێکی جێگای باوەڕو نهێنی پارێزوو شۆڕشگێڕتان پێ بناسێنم. ئەویش بەڕێز "ڕەحیم ڕەحمانزادە" یە ڕەحیم ڕەحمانزادە. ناسراو بە ڕەحیم بێسیم چی. ڕەحیم وەک هەموو لاوێکی کورد لە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵیناوەو دەورانی سەرەتایی لەقوتابخانە تەواو کردوەو، بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان کاری کردوەو دەرسەکانیشی بە باشی تەواو کردوە ، هەتا کاتی دەسپێکردنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران. لەکوردستانیش خەڵک وروژان و کە لەهەموو گەلانی تری ئێران زیاتر هەستیان بە زوڵم و ئیستبدادو چەوسانەوە دەکرد، لەلایەن ڕژیمی پاشایەتیەوە، بۆیە شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکرات، لە شارەکانی کوردستان بە ئاشکرا خەباتیان ڕاگەیاندەوەو لاوەکان و چین و توێژەکانی خەڵکیان هان دەدا بۆ خۆپیشاندان و چوونە سەر خیابانەکان، زۆری نرگرت هەموو دام و دەزگاکانی شاهەنشاهی کۆکرانەوەو بە سزای خۆیان گەیشتن، ڕەحیم کەسێک بوو لەو لاوانەی زۆر چالاکانە بەشداری کردوە لەو خۆپیآندانانە. کاتێک ڕووی شەڕو فێڵاوی خومەینی و حکومەتەکەی بۆ هەموو کەس دەرکەووت، دیسان بە شێوەیەکی تر کوردستان تووشی شەڕێکی نەخوازراو بۆوە، کاتێک خومەینی جیهادی دەرکرد بۆ سەر کوردو کوردستا. کوردیش یەکپارچە بوون بە پێشمەرگەو لە بەرامبەر داسەپاندنی شەڕ، دیفاعیان لە خۆیان کردو بەرەنگاریان بوونەوە. "ڕەحیم" خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان، هەتا بتوانێ لەم ڕێگایەوە پارێزگاری لە خاک و نیشتمانەکەی بکات. لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو بە "پەیک" لە نێوان شانەکانی خەڵک و کۆمیتەی شارستان، هەم بۆ کاری تەداروکاتی و هەم کاری سیاسی و گۆڕینەوەی پەیامەکانی "شارو شاخ" وەک گەیاندنی دەرمان و کڕینی وەسایل و پێداویستیەکانی پێشمەرگە و خاروبارو سووتەمەنی و زۆر شتی تر. ماوەیەک بەم کارە گرنگەوە لە زەحمەتدا بووە هەتا کاری تازەی بۆ


دیاری دەکەن و دەینێرنە گوندی "دەرمان" کە ئەوکات ئینتشاراتی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لەو گوندەبوو. کە لەوێ هاوکاری چاپ کردن و کۆپی کردنی هەموو گۆڤارو بەیسن نسمەکانیان دەکرد بۆ بڵاو کردنەوە لە هەموو بنکەکان و ناو شاری مەهابادو دەوروبەر هەتا ساڵی ١٣٦٠ای هەتاوی لەم کارەدا مایەوە. بەهاری ساڵی ٦٠ لەلایەن کۆمیتەی شارستانەوە ڕەحیم لەگەڵ کەسێکی تر دەینێرنە دەورەی سیاسی و بالاّی بێسیم. ئەوکات حزب بە پێویستی زانی هەموو هێزەکانی حزب لە سەرتاسەری کوردستان، هەر هێزەی دوو کەس بنێرێت بۆ دەورەی سیاسی و فێربوونی بەکار هێنانی بێسیم بە ڕەمزو کۆدی تایبەتەوە. هەتا سەرتاسەری هێزەکان پەیوەندییان هەبێ ڕاستەوخۆ بە بنکەی سەرتاسەری بێسیم لە دەفتەری سیاسی دەورەی یەکەم لە گوندی "شیوەجۆ" بوو کە کاک دکتور سەعید بۆخۆی سەرپەرشتی دەکرد. پاشان جێگای دەورەکەیان گواستەوە بۆ گوندی "کانی سێوی" ناوچەی مەهاباد. دیارە ئەم دەورەیە زۆر گەورەو بە بایەخ بوو چونکە هەموو کەسیاتیەکان دەرسین تێدا کوتوەتەوە. "موهەنیس خەیاتی" دەرسی تەکنیک و فەنی، "محمد وەیسی هاوکاری مەهەندیس، بۆ دەورەی سیاسی مامۆستاکانی ئەم دەوریە بریتی بوون لە، کاک دکتور قاسملو کاک دکتور سەعید شەرەفکەندی، عەبدوڵا حەسەنزادە، مستەفا شەڵماشی، بۆ ماوەی سێ مانگ ئەم دەورەیە درێژەی کێشا. دوای تەواو بوون لەم دەورەیە ڕەحیم دەنێرنە شیوەجۆ لەوێ لە بەشی کۆنترۆڵ سازمان دەدرێ و ئەم کارە دبوو زۆر بە ڕێک و پێکی و بە نەزم ئەنجام بدرێ. چون ئێرە کۆنترۆڵ کردنی هەموو بێسیمەکانی کوردستان بوو، دکتۆر سەعید بۆخۆی بەرپرسییان بوو، بۆ ماوەی ساڵێک لەسەر ئەم کارو ئەرکەی دەمێنێتەوە بە پێی شارەزایی تەواو لەسەر کارەکەی دەینێرنە کۆمیتەی شارستانی بۆکان، لەوێ دەست بەکار دەبێ، خەبەری تێک و پێک شکاندنی ستوونی گوردانی ٨٠١ ی شیراز لە لایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی ١١٠ی بەیان ڕەحیم موخابەرەی کردوە وەک "سەرنج" بۆ دەفتەری سیاسی. بۆ ماوەیەک لەم هێزە دەمێنێتەوە، پاشان داوای لێدەکەن بچێتە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. کە ئەوکات کۆمیتەی شارستان لە "تەنگەی گرژاڵ" دەبێ و بەرپرسی ئەوکات کاک "سەعید کوێستانی" بوو ڕەحیم بێ فەرق و جیاوازی لە بەینی ناوچەکانی کوردستان لە هەر شوێنێک کاریان پێ ئەسپاردبێ، فیداکارانەو بە دڵێکی گەرمەوە وەریگرتووە وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی دەم بە پێکەنین و ڕۆح سووک و توندوتۆڵ، کارەکانی ڕاپەڕاندوە، جودا لە کاری ئەسڵی خۆی هاوکاری بەشی ئینتشاراتی کردوەو بە هۆی شارەزابوونی لەم کارەش ماندوو نەناسانە هاوکاری کردوون. لێرەش بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە. پاشان کۆمیتەی شارستانی مەهاباد داوای دەکاتەوە کە بینێرنەوە ناوچەی مەهاباد، دەگەڕێتەوە لای دۆست و هەوالانی خۆی لە ناوچەی مەهاباد، ئەوکات کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، لە پشتی گوندی "کۆنەدێ" بوو لە دۆڵێک بە ناوی دۆڵی "لوسێ" کاک حەسەن شەرەفی بەرپرس بوو. پاش ماوەیەک گواستیانەوە بۆ "قزلجە" و هەروەها "حوسین ئاباد"، ڕەحیم لە هێرشە گەورەکانی دوژمن بۆ سەر ناوچەکانمان وەک پێشمەرگە دوو چەکی پێ بوو. یەک بێسیمەکەی دوو چەکەکەی خۆی دەکرێ بڵێی دووجار پێشمەرگە بوو. بوونی بێسیم زۆر حەیاتی بوو بۆ هێزو کۆمیتەی شارستان، هەموو پەیوەندیەکانمان بە دەفتەری سیاسیەوە لە ڕێگای ئەم بێسیمە "ڕاکاڵ" ەوە بوو. بۆیە پاراستنی زەرور بوو. دەبوو هەمیشە جێگاکەی دوور بێ لە هەڕەشەی دوژمن. هەتا لە ناوچە

بووین ڕەحیم ئەم کارەی درێژە دا تا وردە وردە کۆمیتەکان هەڵکشان بۆ لای سەرەوەتر. لە قەندیلەوە رەحیم داوایـان لێکرد بچێتە بـنکەی پەیوەنـدیەکان لە شاری "قەڵادزە" لەوێ وەک بەرپرسی بێسیمی بنکەی قەڵادزە دەست بەکار بوو. مـاوەیەک ڕەحیم لێرە دەمێنێتەوە پاشان دەفتەری سیاسی داوای لێدەکەن بچێتە بنکەی پەیوەندی لە شاری "سلیمانی" لێرەش دڵسۆزانە کارەکـانی خـۆی ڕادەپەڕێنـێ و بـێجگە لە کـارەکەی خـۆی بەشـی کـۆمەڵایەتـی ئەوێ وە ئەسـتۆ دەگـرێ، بە پێڕاگەیشـتن بە بریندارو نەخۆشەکانی حزب بۆ چارەسەر دەیاننـاردنە سلیمانی بۆ دکتۆر و بیمارستان. ڕەحیم هەروا درێژە بە کارەکـانی دەدا تا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هێنانە گۆڕێی لیستەی فیکس. کە بـوو بە هـۆی گرتنـی هەڵوێست لە لایەن بەشێکی زۆر لە کـادری ڕێبەری و کـادرو پێشمەرگە. سەرئەنجام جـودا بـوونەوەو "أعلام موزوع" پـاش دروست بـوونی "حزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران ، ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ" ڕەحیم وەک خـۆی هەڵوێسـتی گـرت و پاڵپشتی خـۆی بـۆ ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ دەربڕی. ڕەحیم وەکوو هەموو کوڕەکان چووە بۆ ناوچە لەگەڵ هەموو هێزەکان بۆ قوڵایی نـاوچە، دوای هاتنەوەی لە نـاوچە. وەک کـادری بێسیم لە دەبیرخـانە دەسـتی بە کارەکـانی کـرد. پاشـان داوایـان لێکـرد بچێـتە بـنکەی پەیوەنـدیەکان لە شـاری "بەغداد" ڕەحیم سـاڵی ١٩٩١ ژیـانی هاوبەشی پێک هێناوە. پاشان ڕووی لە هەندەران کردوەو لە ڕێگای وڵاتـی تورکیـاوە بـۆ وڵاتـی "سوئس" قەبـوڵ بـوەو لەوێ گیرساوەتەوە، لەوێش پەیوەنـدی بە تەشکیلاتی حـزب لە دەرەوەی وڵات کـردوەو وەک ئەندام و تێکۆشەرو چالاکی حزب کارەکانی حزب بەڕێوەدەبەن لە کۆمیتەی حزب لە وڵاتی "سوئس".

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

---------------------------------------------- ------

# هاوڕێ ڕەحمان سوهرابی



ئەوڕۆ یادی یەکێک لە پێشمەرگانەی سەرەتاکانی پێشمەرگایەتی و هاوسەنگەری خۆم دەکەمەوە حەتمەن خۆشویستی هەموو لایەکمانە "ڕەحمان سوهرابی". وەکوو هەمووومان لە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری مەهاباد چاوی بە دنیا هەڵێناوە و لەوەتی لەبیریەتی خوێندویەتی و کاریشی کردوە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانیان.هەر لە منداڵیەوە وەکوو هەموو منداڵێکی کورد بێ بەش بووە لە هەموو خۆشیەکانی ژیانی منداڵی و خەم خواردن لە درێژەدانی ژیان خۆشترین کاتەکانی ژیانی بووە. لەکاتو ساتەکانی خۆپیشاندانەکان وەکو نەوجەوانێک لەگەڵ هەموو خۆپێشاندانەکان بەشداری کردوە،هەستی بە زوڵم و زۆری و ژیانی ناخۆش و پڕ کوێرەوەری دەوروبەری خۆی کردوە. بۆیە بە پێویستی زانیوە لەگەڵ ڕیزی شۆڕشگێڕان کەوێ. بۆ خەبات دژی ئەم ژینە تاڵە. لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی وەک هێزی بەرگری میلی خۆی ناو نووس دەکا. کە ئەوکات "مەلا غەفوور" بەرپرسی هێزی بەرگری بوو. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە پاشان دەچێتە یەکیەتی لاوان. لەوێ دەست بەکارو چالاکی دەکات. ئەوکات بەرپرسانی یەکیەتی لاوان کاک "کەریم ئەلاوەیسی و کاک عەزیم ئەفسەردلێر" بوون. دوای ماوەیەک لە یەکیەتی لاوان و وەرگتنی ئاموزش و تەربیەتی پێویست لەسەر ویستی خۆی دەچێتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی لکی یە ک لە هێزی ٢١ی پێشەوا. کە ئەوکات کاک "شوان" فەرماندەری لکی یەک بوو. لە پەلی شەهید "فەتاح چهرەپەروەر" سازمان دەدرێ، سەرپەلی ئەوکات "عەولا شیرێژ" بوو، لەوێ بە شانازیەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و چەکی شەرەف دەکاتە شانی. ڕەحمان هەموو خەونە ئەرخەوانیەکانی دەورانی منداڵی خۆی لە خەبات و پێشمەرگایەتیدا دەبینێتەوە تاکوو بتوانێ لەم ڕێگایەوە خەونی منداڵانی داهاتوو وەدی بێنێنێ. لەم پەلەدا ڕەحمان لەگەڵ پێشمەرگەکان لە هەموو عەمەلیات و شەڕو پێکدادانەکانی ناو شارو بە تایبەتی دەشتی شارویران بەشداری چالاکنەی کردوە. زۆر زوو بوتە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، لە شەڕەکاندا و لەگەڵ هاوڕێکانیدا وەک کەسێکی بە دیسپلین


بووەوگوێڕایەڵی هەموو فەرمان و ڕێنوێنییەکانی حزب بوە. لەگەڵ ئەوەش کوڕێکی شۆخ و شەنگ و قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوە لە ناو هاوسەنگەرانیدا خۆشویست بوە. پاشان بنکەکەیان دێتە گوندی "سەیداوا" کە "عەولا ئەمینی" وەک سەرپەلی تازە دیاری دەکرێ بۆ پەلەکەیان. ڕەحمان ماوەی دوو ساڵ لەم پەلە خزمەتی گەل و کوردستانەکەی دەکات. پاشان لەسەر داوای خۆی دەچێتە پەلی "شاهۆ" ئەم پەلە هەر لە سەرەتاوە وا ڕێکەووتبو. هەمیشە باشترین کوڕەکان لەم پەلەدا بوون. زۆربەیان وەک فەرمانده لکەکان سەپەل و سەردەستەکان فەرماندەری هێز، لە پەلی شاهۆ هەڵبژێردراون و ڕۆشتوون دوایە کەسانی تر هاتون و هەمان خوو خوسڵەتی کەڕەکانی پێش خۆیان هەڵگرتوەو ئێستاش درێژەی هەیەو هەر درێژەی دەبێ. دەکرێ ڕۆژگارێک کە کوردستان ئازاد بوو کە ئێمە مانان نامێنین. پەلی شاهۆ بکرێتە زانکۆیەکی نیزامی بۆ تەربیەت و پێگەیاندنی فەرماندەرانی وەک "کاک شوان، یوسف سازواری، حەسەن سوهرابی، جەعفەر گوشوارە، کەماڵ سمایلزادە، کەریم ئەرسەنگ، جەعفەر کەڕوبی، هتد... ڕەحمان لە زۆربەی عەمەلیاتەکانی ناو شاری مەهاباد گرتنی پایەگای بەردەکونتێ، ئەمیرئاباد، گابازەڵە، گردەگرۆێ، زاوابوکان، کەمین و دژە هێرشەکانی دوژمن لە شارویران، لە کەمین و دەرگیریەکانی هەردوو جادەی مەهاباد ورمێ و میاندواو، بە شداری مەیدانی و چالاکانەی کردوەو جێگا دەستی دیار بوە. دوای هەڵکشانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی مەنگوڕایەتی و دۆڵە شێخان. لەوێ ڕەحمان دەبێتە سەرپەل و ئەرکی تازەو قورستری پێدەسپێرن، ئەویش قۆڵی لێهەڵدەماڵێ و لە جاران دڵ گەرمتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. کە ئەوکات کاک "ناسر پیرانی" فەرماندەری لکی یەک بوو، لەم ماوەیەشدا ڕەحمان ئەرکی سەرپەلی زۆر بە ڕێک و پێکی و بە نەزم بەڕێوە برد، هەتا گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ دەوروبەری دەفتەری سیاسی. ڕەحمان دەنێرنە ئاسایشگای حزب لەوێ دەبێتە بەرپرسی بەرەنگاری و چەکی پەدافەندی هەوایی کە ئەوکات زوو زوو فڕۆکەکانی دوژمن دەهاتنە سەر دەفتەری سیاسی و ئاسایشگاو ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بۆ ماوەیەک لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوە پاشان نەقلی بنکەی زیندانی حزب دەکرێ، لەوێش ئەرکی تازەی پێدەسپێرن و دەست بەکار دەبێ، کە کاک "عەلی پێشکاری" بڕپرسی زیندان بوو، لێرە دەمێنێتەوە هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و مەسەلەی هەڵوێست گرتنی بەشێکی زۆر لە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکانی حزب لە سەر هێنانە گۆڕی لیستەی "فیکس" و جودا بوونەوەی ئەم بەشە لە حزب و ڕاگەیاندنی "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ". ڕەحمانیش هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کردو وەکوو هەموان ، قۆڵی لێ هەڵماڵی و درێژەی بە خەبات دا. لێرەش لە هێزی پێشەوا سازمان دراو کاری خەدەماتی وە ئەستۆ گرت. هەتا هەلێک بۆ حزب هەڵکەووت تا بتوانێ هەندێک لە برینندارەکان بۆ چارەسەر بنێرێتە دەرەوەی وڵات ڕەحمان یەکێک لەو برینندارانە بوو کە بەرێکرا بۆ دەروە. لە ڕێگای وڵاتی تورکیاوە بۆ وڵاتی "فنلەند" قەبوڵ دەبێ و لەو وڵاتە دەگیسێتەوە. لەوێش پەیوەندی بە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات دەکاتەوەو درێژە بە کارو تێکۆشانی حزبی دەدا. ڕەحمان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەناوچەکانی مەهاباد، ڕەبەت، سەردەشت، بانە، مەریوان، سەقز، نەغەدە، پیرانشار سەنگەری لە دوژمن گرتوەو خوێنی تێدا ڕژاوە. ڕەحمان سێ جار زۆر بە توندی برینندار بوە بەڵام هەموو جارێ دوای ساڕێژ بوونەوەی

برینەکەی گەڕاوەتەوە سەنگەری شەرەف بۆ ئازادی.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

-------------------------------------------------------

## هاوڕی مراد ئەحمەدی




لێرەدا دەمەوێ کەسایەتیەکی قارەمان و شۆڕشگێڕو شەهیدی زیندوو "مراد ئەحمەدی" تان پێ بناسێنم وەک خۆی.. مراد لە دایک بووی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاویە لە شارە جوانەکەی "نەغەدە" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی تا ساڵی سێهەم هەر لەم شارە تەواوکردوە. نەغەدە، شارێکە دانیشتوانەکەی لە دوو نەتەوەی کوردو ئازەری پێک هاتوە، ئەم دوو نەتەوەیە پێش هاتنی ڕژیمی نەگبەتی خومەینی هیچ کێشەیەکی جیدی نەتەوەیی و مەزهەبیان پێکەوە نەبوە،، بەڵام دوای هاتنی ڕژیمی ئیسلامی تەواوی ئەم کێشانەی نەتەوەیی و مەزهەبیان زیندوو کردەوەو هێندەیان گەورە کردەوەو کە دوو برای جارانی کوردو ئازەری کە هەموو ژن و ژنخوزیان پێکەوە هەیەو تێکەڵاو بوون نەتوانن پێکەوە بحاوێنەوە، لەم شارە وای لێهاتبوو مناڵەکان لە قوتابخانەکان فەرقیان بۆ دادەنان.. کوردەکانیان ئازارو ئەزیەت دەدا، هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە گەرەکەکانی ئازەریەکاندا بوو،، ترکەکان باڵا دەست بوون لە شارەکەدا. هیچ خزمەتگوزارەیەک بە گەرەکە کوردەکان نەدەکراو فەرامۆش کرابوون.. لە قوتابخانەکان یا دەبوو بە ترکی و فارسی قسە بکەی یا کوردی باسی سەر بوو بۆ قوتابیانی کورد... لیباسی کوردی پۆشین قەدەغە بوەو هەرکەس لەبەری کردبا لێیان دەداو ئەزیەتیان دەکرد بۆیە هەمیشە کێشە درووست دەبوو لە نێوان ترک و کوردەکان.. مراد لە دەورانی نەوجەوانیدا بە

چاوی خۆی تەرمی شەهید "مراد شیرێژ"ی دیوە کە لە نێردیوانیان بەستووەو بە شاردا گێڕاویانە، بۆ هەمیشە بۆتە ڕەقێکی ئەستوور لە دڵ و مێشکیدا،، زۆر کاری تێکردوەو بۆی بۆتە پرسیارو وەڵامەکەی وەرنەگرتوە، لە ساڵی ٥٤ی هەتاوی لە مەتبەقی ماڵی خۆیان کتێبێک لە قەڵەشت و کەلێنی دیوارە قوڕماوی و ڕەشەکاندا دەبینێتەوە، دەبینێت بە زمانی فارسی لێی نوسراوە. بەرنامەو ئەساسنامەی حزبی دیموکرات. زۆری بەلاوە سەیر دەبێ و دەیخوێنێتەوە بەڵام هیچی لێ حاڵی نابێ بەڵام دەزانێ باسی کوردو کوردستان دەکات.. لە جێگای خۆی دادەنێتەوە، چەندین جار بە دزی بنەماڵە ئەم کارە دەکا.. هەتا ڕۆژێک ئەم پرسیارانەی بۆی درووست بوە خۆی پێ ناگیرێ و لە بابی دەپرسێ... بابیشی لێی مەشکوک دەبێ و دەیەوێ بزانێ مراد ئەم قسانە لە کوێی گوێ لێبوەو لە کێی بیستوە بۆیە زۆر بۆ مراد دێنێ... مرادیش ڕاستیەکەی پێ دەڵێ. بابی دەکەوێتە حاڵێکی مەترسیدارەوە کە نەکوو دەوڵەت بزانێ و بیانگرن.. مراد دەنێرێتە لای خاڵی.. لەوێش هەمان پرسیار لە خاڵی دەکا. ئەویش دەترسێ و یەک دوو زلەی چاک لە مراد دەداو هەمووی پێ دەدرکێنێ.. مراد بە خاڵی دەڵێ ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ بابم باس کردوە کە چۆن ئەم کتێبەم خوێندوەتەوە، دەیهێنێتەوە شار لەوێ لەگەڵ بابی سرت و خورتێک دەکەن و کتێبەکە دەسووتێن و بە مراد دەڵێن نابێ باسی هیچ بکەی نابێ کەس بزانێ دەنا هەموومان دەگرن... تا خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران و ئاشکرا بوونی هێزو حزبە سیاسیەکان، مراد لێوی خۆی دەگەزێ و حاڵی دەبێ ئەوکات بابی و خاڵی و هاوڕێکانی بابی هەموویان ئەندامی حزبی دیموکرات بوون و بە نهێنی کاری حزبیان کردوە.. لە هەموو خۆپیشاندانەکان بەشداری چالاکانەی کردوە، مراد کات ژمێری کردوە لە هەموو ژیانیدا بۆ ڕۆژێکی وا بێتە پێش... زۆر زوو خۆی بە دەفتەری حزب ناساندوە لەو شارەو خۆی لەوێدا دیوەتەوە، بۆ یەکەم کاری حزبی کردنەوەی ئاگری نەورۆز ی ساڵی ١٣٥٨ بووە لە شاخی "سووڵتان یایقوبی" نەغەدە... بە لاستیکی ماشێن لەو شاخەیان بە گەورەیی نووسیەوە، "نەورۆز پیرۆز" کە خەڵکی شاری نەغەدە بە جوانی دەتویانە، زۆر لە هەوڵ دا بووە بۆ گرتنی موتینگی گەورەی حزب لەو شارە. کە ە داخەوە کۆماری ئیسلامی کە چاوی کوردو کوردستانی نەدیوەو کوردی پێ کافرو سونی بوە.. شەڕی سێ ڕۆژەی ناو شاری نەغەدە درووست دەکاو خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن و بریندار دەبن.. ڕژێم دەیویست شەڕی نێوان کوردو ئازەری درووست بکاو. تەواوی ئەو هەموو تێکەڵ بوونەی تورک و کورد برایەتی نێوان ئەم دوو گەلە تەبدیل بە دوژمنایەتی و کوشت و کوشتار بکا، بەڵام کورد زوو بەم پیلانەیان زانی و ئەم کارە قێزوونەی خومەینیان ڕەت کردەوەو هەموو گەلانی ئێرانیان بە برای خۆیان دەزانی... دوای ئەم شەڕە داسەپاوە زۆربەی زۆری کوردەکانی دانیشتووی نەغەدە شاریان چۆل کردو ئەم شەڕەیان نەکرد، مرایش بە بنەماڵەوە چوونە شاری پیرانشارو لەوێ جێگیر بوون.. کە ساڵی ئاخری خوێندنی لەوێ تەواو کرد.. هەر لە سەرەتای چوونی بۆ پیرانشار، لەگەڵ "ڕەحمان سۆفی زادە" کاری سیاسی خۆی دەستپێکردوە . یەکەم کاریان دامەزراندنی یەکیەتی لاوانی دیموکرات بوە، کە زۆر کاریان تێدا کردوەو ئەم یەکیەتیە زۆر زوو پەرەی سەندوەو گەورە بۆتەوە، کە وای لێهاتبوو هاوکاری و زۆربەی کارەکانی کۆمیتەی شارستان یان کردوە. تەنها یەکیەتی لاوانێک بوو ئەو کات کە هێزی چەکداریشی هەبوو لە کوردستان بە ناوی "لقی لاوان" بێجگە لە پیرانشار بە مەئموریەت ڕۆشتوون بۆ

ناوچەکانی شمالی کوردستان - تیکاب - نەغەدە - وەک مەئموریەتی سیاسی نیزامی .کە بەرپرسی بەشی نیزامیەکەی مراد ڕاستەوخۆ بەرپرس بوە، مراد یەکێک لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتی لاوان بوە هەتا پایزی ساڵی ١٣٥٩. لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی بەشی ماڵی هەڵبژێردراوەو بێجگە لەوەش هاوکاری بەشی تەشکیلاتی بوە کە شەهید "ڕەحمان سۆفیزادە" بەرپرسی بوە.. بە تایبەت تەشکیلاتی ناو شار، مراد زۆر نزیک بوە لەگەل ڕەحمان سۆفیزادە بۆیە زۆربەی زۆری کارەکانیان پێکەوە بوەو هەمیشە مەشوەرەتیان پێکەوە کردوە بۆ دانانی هەموو تەرح و نەخشەی عەمەلیاتەکان و دەست نیشانکردنی جێگا عەمەلیاتەکان. مراد لەم ماوەیەدا نەخشی ئەساسی هەبوە لە ناوچەکانی پیرانشار، ناو شار، جادەی سەردەشت پیرانشار، بە تایبەت کۆکردنەوەی کارت سکونەت کە دەوڵەت ئەوکات دەیویست لەم ڕێگایەوە خەڵکی فێری سواڵ کردن بکا لە دەوڵەت مەجبووریان بکا بۆ بژێوی خۆیان سەر بۆ دوژمن شۆڕ بکەن، هەموو ئەم کارتانەیان لە ناوچەکانی "لاجان" شێلم جاران، لاوێن،، کێلێ.. بەلەبان و زۆر شوێنی تر، دوای جیابوونەوەی گروهی حەوت کەسی، بە حیفزی بەر پرسیارەتی کراوە بە فەرماندەری لکی یەکی هێزی ئاوارە بۆ ماوەی چەند مانگێک، زستانی ساڵی ١٣٦٢ خۆی کاندید نەکردۆتەوە بۆ کۆمیتەی شارستان،، هەتا دوای کۆنفراس و ناردنی بەڕێز کاک "سەدیق بابایی" لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بۆ پیرانشار وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار، بە هاتنی کاک سەدیق مراد قەولی هاوکاری پێدەداو بۆتە موشاویری کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی لاجان... مراد یەکێک بوە لەو قارەمانانەی بە حەق و شۆڕشی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری، مراد هەموو دەردو ئازارەکانی تەبعیزو زوڵم و ستەمی میلی بە چاوی خۆی دیوەو کاری لە مێشک و دڵیدا کردوە، بۆیە بە ئەوپەڕی گیانفیدایی و خۆنەویستی دەستی داوەتە چەک و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشیوە، مراد لە هەموو مەسئولیەتەکانی ناوچەکانی ئازادو ژێر دەسڵاتی حزب و خەڵک زەربەی نیزامی زۆر گەورەو کەمەر شکێنی لە هێزەکانی دوژمن داوەو ئێستاشی لەگەڵ بێ جێگا دەست و یادگارەکانی لە ناوچە هەر باس دەکەن و بۆ نەوەکنیان دەگێڕنەوە، مراد ئەو پێشمەرگەو فەرماندە خۆشەویستە بوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا، کە چەندین کەس منداڵەکانیان بە خۆشەویستی و قارەمانیەتی مرادەوە... ناودەنا "مراد"... مراد تا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هێنانە گۆڕێی لیستەی فیکس و ناڕەزایەتیەکی زۆری ئەندامانی کۆنگرەو سەرئەنجام هەڵوێست گرتنی زۆرێک لە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگە و جودا بوونەوە لە حزب، مراد یەکێک لەو کەسانە بوو هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕی. تەسویە حسابی کردوەو هەموو ئەموال و هێزی کێلەشین تەحویل دەدا... چەند مانگ دوای هەڵوێست وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی شنۆ دیاری دەکرێ بۆ ماوەی چەند مانگێک ئەم ئەرکە بە ڕێک و پێکی بەڕێوەدەبا... ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن ڕێبەری حزبەوە وەک فەرماندەری هێزی ناوەندی سێ ی کوردستان دیاری دەکرێ،، کە ناوچەکانی جنوبی کوردستان دەگرێتەوە.. هەتا پایزی ساڵی ١٣٦٩ ئەم ئەرکەش بەڕێوە دەبات.. پایزی ٦٩ وەک ئەندامی کۆمسیۆنی ئاموزش دیاری دەکرێ و لە ئەرکی تازەیدا دەست بە کار دەبێ و کاری کردوە هەتا ساڵی ١٣٧٠، لەم ساڵەدا لە لایەن ڕێبەریەوە مەئموریەتی دەدەنێ بۆ کاری تەشکیلاتی لە ناوخۆو

ناوچەکانی دیانان و حاجی عومران، چەند مانگێک لەم ئەرکەدا دەبێ و کاری تەشکیلاتی لەگەڵ ناوخۆی کوردستان.. هەتا هاوینی ساڵی ٧٠ و گرتنی پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندی. لەم پلۆنۆمەدا مراد وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب دیاری دەکرێ. ئەرکی بەرپرسی ناوەندی یەکی کوردستان وە ئەستۆ دەگرێ، لەم ئەرکە تازەیەدا مراد دڵ گەرمتر لە جاران قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و فیداکارتر لە پێشوو درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدا، لەم ماوەیەشداو لەم ئەرکەشدا زۆر ماندوو بوەو جێگا دەستی دیار بوە هەتا ساڵی ١٣٧٣، لە مانگی دووی ٧٣ وەک ئەندامی کۆمسیۆنی تەشکیلات و بەرپرسی بەشی ماڵی هەروەها فەرماندەری پارێزگاری لە موحیتی دەفتەری سیاسی. دیاری دەکرێ هەتا ئاخری ساڵی ١٣٧٤ لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوە... مراد لە کۆنفرانسی چوار بەشدار بوە. لە کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ بەشدار بوە. تا سەرئەنجام بە هۆی ناکۆکی سیاسی پاکانە حساب لەگەڵ حزب دەکاو بە هۆی نا ئەمنی باشوری کوردستان ڕێگای هەندەران و تاراوگە دەگرێتە بەرو ڕوو لە وڵاتی تورکیا دەکا،، لەوێ وەک پەنابەر خۆی دەناسێ و بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا قەبوڵ دەبێ و لەم وڵاتە دەگیرسێتەوە.. مراد دوای هەڵوێست گرتن لە ساڵی ١٣٦٧ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە لە گەڵ خاتو "شلێر قادری" کە خاتو شلێریش تێکۆشەرو کادری حزبەو کار دەکا، بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشەیان چوار منداڵی جوان و چاوگەشن بە ناوەکانی، ئاکۆ.. دیاکۆ.. ئەمیر... دیلان.. لە دەرەوەی وڵات مراد درێژە بە خەبات دەداو کارو تێکۆشانی خۆی درێژە دەدا ماوەیەکی زۆر بەرپرسی کۆمیتەی حزب بووە لە ئەمریکا.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------------

# هاوڕێ ئەحمەد شێربەگی




بـوونی ڕادیـۆیەک کە لەکـاتی خۆیـدا هەمـوو هەواڵێـک بگەیەنێـتە گـوێی بیسـەرو خەڵـک، بە ئەنـدازەی نیـوەی شۆڕشـەکە تەئسیری هەبوەو کاریگەر بووە. لە ساڵەکانی دوای ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران و هـاتنە سەرکاریکۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی شەڕێکی ناڕەوا بەسەر خەڵکی کوردستاندا. بوونی ڕادیـۆییەک بـۆ گواستنەوەی جنایەتەکـانی ڕژێم دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی دەدان. لە کاتێکدا ڕژێم پەردەیەکی بێدەنگی و ڕەشی بەسەر کوردستاندا دابـوو. کە دەیتـوانی بە کەیفی خۆی دەستی ئاوەڵە بێ و هەرچی پێی خۆش بێ لە قەتڵ و عام و کوشتـاری خەڵکی بێگونـاحی کوردستـان و لە سێدارەدانی لاوەکانمان بە خۆشیەوە لەو کاتدا "ڕادیۆ" یەک لە شاخەکانی کوردستان لە دایک دەبێ و دەبێتە دەنگی کوردستانی ئێران و وێڕای تۆپ بـاران و بۆمبـاران و هێرشی زەمینی بـۆ سەر ئەم ڕادیـۆیەو بە نیـازی بێدەنگکردن و خـامۆش کردنی ئەم دەنگە ڕەسەن و حەقخوازە. ڕادیۆو بەڕێوەبەرانی بەرەنگاری هەموو ئەم هێرشـانە بـوونەتەوەو پیـاوانە خۆیـان ڕاگرتـوە. جودا لەم هەموو گیروگرفتە بە هاویشتنی "پارازێت" لەلایەن ڕژێمەوە بۆ بێدەنگکردنی ڕادیۆ نەیتوانی خەڵک و ڕادیۆ لەیەک دابـڕێ و لێکیان جودا بکاتەوە. لەم هەموو گیروگرفتەدا بۆ یەک دەقیقەش ڕادیۆ بێ دەنگ نەبوو...

ئەمجارە با پێکەوە هەمووما‌ن لەلایەن خەڵکی کوردستان و بنەمـاڵەی سەربەرزی شەهیدانەوە "میداڵی قـارەمـانی" بـدەین لە بەرۆکی هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی خەباتمان کاک "ئەحمەد شێربەگی" کەسێکی ناسراو بۆ هەموو کوردو کوردستان بە گشتی. ئێستـا بـا پێکەوە لە نزیکەوە بزانین "ئەحمەد شێربەگی" کێیەو خەڵکی کوێیە. ڕەنگە زۆربەی زۆری تـازە پێگەیشتوەکان و لاوەکان بە ناو کاک ئەحمەد بناسن بەڵام لە نزیکەوە نەیناسن. شێربەگی... لە دایک بـووی گەڕەکی "ئەرمانیـانە" لە شـاری

"مەهاباد" بابی ئەحمەد یەکێک لە سوێند خواردووەکانی "کۆمەڵەی ژێ کاف" بووە. ئەحمەد لە کەشوهەوایەکی ئاوادا گەورە بووەو هەستی بە دەردو ئازارەکانی کورد کردوە. هەر بۆیە لە کاتی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە دژی ڕژێمی پاشایەتی بەشداری خۆپیشاندانەکانی "مەهاباد" و دەوروبەری کردوە. ساڵی ١٣٥٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبەوە کردوەو بوە بە ئەندامێکی چالاکی "یەکیەتی لاوان" کە ئەوکات بە هۆی دەنگە خۆشەکەیەوە چەندین سروودی شۆڕشگێڕی تۆمار کردوە.... ساڵی ١٣٥٩ کاتێک حزب بڕیاری دا لە شاری مەهاباد بچێتە دەرێ و دوا بنکەی کۆمیتەی ناوەندی گواستەوە بۆ شاخ. ئەحمەد لە شاری "ورمێ" خەریکی درێژەدانی پاشماوەی خوێندنەکەی بوو. هەر لەو سەرو بەندەدا "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" دەستی بە وەشاندنی بەرنامەی ئازمایشی خۆی کرد. ئەوکات شەپۆلەکان و وەشاندنەکانی دەنگی کوردستان زۆر لاواز بوو، زۆر بە کزی دەنگی دەهات و نەدەهات ئەحمەد کاتێک گوێی لەو ڕستەیە دەبوو کە بێژەرەکە دەیکووت "ئێرە دەنگی کودستانی ئێرانە" بە دەنگێکی گڕو بە هەناسە بڕکێ و پشوو سواریەوە. گوێی ئازار دەداو دەنگەکەی زۆر پێ ناخۆش بوە. بەڵام لەسەر ئەو حاڵەشەوە کاتێک گوێی لە دەنگی کوردستان دەبوو. موچرکی پێدا دەهات. زۆری حەز کردوە خولییای ئەوە بوە کە ئەم ڕستەیە. واتە "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە" لە گەروی خۆی بێتە دەرو ئاواتی خواستووە هەرچی زووتر خوێندنەکەی تەواو بکاو، خۆی لە ناو ئەو دەزگایەدا ببینێتەوە. هەر لە ئەوەڵەوە خولیای ئەوە بووە ببێتە بێژەری دەنگی کوردستان. ئەحمەد بە هۆی ئەوەی لە لایەن دەزگای زانیاری ڕژێمەوە لە "ورمێ" لە مەڕ کاروباری حزبی شوناسایی کرابوو، لەسەر جەلەسەی تاقیکاری ئاخری ساڵ لە لایەن یەکێک لە مامۆستایەکی شۆڕشگێڕەوە ئاگادار دەکرێ کە کۆمیتەی ئیتلاعات بە دوایەوەن و دەبێ هەرچی زووتر خۆی دەرباز بکات. بەم جۆرە نەیتوانیوە خوێندنەکەی تەواو بکات، بە نهێنی گەڕاوەتەوە شاری "مەهاباد" پاشان لەسەر بانگهێشتی دەفتەری سیاسی ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان پەیوەستی شاخ بوە. بۆ سبەینێ ٣٠ جۆزەردان بە ڕەسمی دەستی ەکار کردوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. کە لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانەوە دەستی بەکار کردبووو. هەتا ٢٠ی خەرمانانی ١٣٧٤ی هەتاوی... لەم ماوەیەدا کە ئەحمەد شێربەگی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان کاری دەکردو بێژەر بووە. بێگومان بێ کەموکوڕی نەبوە. کاتێک دەست بەکار دەکات لە ڕادیۆ. ئەحمەد نە زانیویەتی کوردی بنوسێ نە زانیویەتی کوردی بخوێنێتەوە. زۆر جار بێ هیوا بوەو پێی وابوە ئەم کارە قورس و گرنگە پیاوی شارەزاو کوردی زانی دەوێ هەرگیز خۆی لەو ئاستەدا نەدیوەکە بتوانێ ئەرکێکی ئاوا قورس و سەخت بەڕێوە بەرێ. بەڵام بەهۆی دوو مامۆستا. دوو هاوڕێ.. دوو برا.. وەکوو شەهید کاک دکتور "سەعید شەرەفکەندی" و ڕەوان شاد کاک "تەها عەتیقی" هاوکاری دەکەن و فێری کوردی نوسین و خوێندنەوەی دەکەن. فێری دەکەن چۆن هەواڵەکان بەیان بکا ئەداکردنیان فێر کردوەو هەڵەکانیان بۆ ڕاست کردۆتەوە. بونەتە هۆکاری مانەوەی لە "ڕادیۆ". ئەحمەد درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات لەم سەنگەرەوە. بێ گومان ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، یەکەم دەزگای ڕاگەیانی کوردی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قاچاخی و بە نهێنی دەستی بە وەشاندن کرد. دنیای دەرەوەو بیروڕای گشتی ئاگاداری ڕوداوەکانی ناوخۆی کوردستان و ئەو کوشتارو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە قاو دەدا. ئەو کات کوردستان تەریک مابوەو بۆیە دەنگی کوردستان پێویستیەکی مێژوویی سەردەمی خۆی

بوو. پێینایە ناو گۆڕەپانی خەبات و ڕەسالەتێکی گەورەی کەوتە سەر شان . کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەر هوشیاری وئاگاهی ڕێبەرایەتی حزب بە تایبەتی زانایی شەهید "دکتور قاسملوو" ی نەمر. ڕادیۆ پێویست بوو ببوە پردێک لە نێوان خەڵک و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕان. دەنگێک کە زادەی چیا بوو، لەناو ڕەوەزە بەردەکانی کوردستان لە دایک ببوو. دەنگێک لەکاتی شۆڕش و خەباتێکی خوێناوی میللەتێکی ڕاپەڕیو کە داوای ئازادی دەکرد. هەروەها دەبوو دەنگێک هەبایە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک. دەنگێک بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی بزوتنەوەی کورد ڕێکبخات و بانگەشەی کوردایەتی و بەرخۆدان بکات. دەنگی کوردستان ئەو ئەرکەی لە ئەسۆ گترتبوو. ئەحمەدو هاوڕێیانی پێکەوە لە ڕادیۆ دەنگی کردستانی ئێران کاریان دەکردو هەریەکەو بە گوێرەی توانای خۆی لەسەر ڕەوتی بەرەو پێش بردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا شوێن دانەر بوون. بەڵام ئەحمەد کە خاوەنی دەنگێکی ڕەساو بە توانا بوو. کە دەبوو خەڵکی کوردستان لێی بەهرە مەند بن. لە جۆشدانی کورەی شۆڕش کاریگەرو شوێنی خۆی دانـاوە. گورەی دەنگی شێربەگی و هەڵمەتی قارەمانانەی پێشمەرگە "سەمفۆنیایەکیان" لە حەماسە تۆمار دەکرد. فەزایەکیان لە هەستی کوردایەتی لە ناو خەڵک و بە تایبەتی لاوەکاندا دەخوڵقاند. کە لاوەکانی دەهێنایە جۆش و پۆل پۆل دەهاتنە ڕیزەکانی شۆڕشەوە. بۆ بەرگری لە خاک و کوردایەتی و شەرەف و کەرامەتی گەلەکەیان کە کەوتبوە بەر هێرشی دڕندانەو پەلاماری کۆماری ئیسلامی. من بۆخۆم لە بیرەوەریەکانی پێشومدا باسمکردوە کە چەندین جار بە هۆی دەنگە حەماسیەکەیەوە لەگەڵ هاوسەنگەرانمان لە "پەلی شاهۆ" تەحریک بووین بە کردنی گەورەترین عەمەلیات لە ناو شاری مەهابادو لێدانی "سەرنج بدەن.. سەرنج بدەن" بە دەنگی ئەحمەد شێربەگی. دەنگی شێربەگی و هەروەها خوشکە "خەجیج مەعزوور" ئەوەندە کاری تێدەکردین. ئامادەی کردنی گەورەترین عەمەلیات بووین. شێربەگی کاتێک هەواڵێکی گەورەو "سەرنجی" دەخوێندەوە هەتا تەواو کردنی هەواڵەکە ئاگای لە خۆی نەدەماو دەچووە ناو قوڵایی عەمەلیاتەکەو وای هەست دەکرد کە بۆخۆی هەنگاو بە هەنگاو سەنگەر بە سەنگەر.. شاخ بە شاخ و.. دۆڵ بە دۆڵ.. شەقام بە شەقام و کوچە بە کوچە.. لەگەڵ پێشمەرگەکان دەبوو. بۆیە هەرکات لە خوێندنەوەی هەواڵەکان تەواو دەبوو، هەموو گیانی وەسەر ئارەقە دەگەڕا. بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات.. بەو شێوەیە هەواڵەکانی عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی دەخوێندەوە. شیربەگی شاخێک بوو لە ورەو هێز بۆ ورەو هەستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان. شێربەگی بەهۆی ئەوەی لە ڕادیۆ کاری دەکرد ڕادیۆش ببوە چقڵی چاوی دوژمن. کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە لە ڕێگای هەوایی و بۆمبارانەوە و لە ڕێگای تۆپ و خومپارە باران و زۆر جاریش لە ڕێگای کەسانی نەفەس نزم و خۆفرۆشەوە پیلانی تەقاندنەوەو نابود کردنی ئەم دەنگە زوڵاڵ و حەق بێژەی گەلیکوردیان داوە. بەڵام بە خۆشیەوە دوای ئەم هەموو فشارو تەنگ و چەڵەمەی کە بۆ ڕادیۆ هاتۆتە پێش. هەتا چەندین جار گوێستنەوەی دام و دەزگای ڕادیۆ لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان. بە ناو هزێزەکانی دوژمنداو بە ناو کەمین و لەم شاخ بۆ ئەو شاخ لە بەفرو سەرماو باوو بۆرندا. بۆ یەک سەعاتیش بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕانەوەستاوەو مەحتەل نەبوە. کە هەمووی بە سەر شان و بە کۆڵ هەڵگێرو داگێڕو گواستراونەتەوە. بۆیە لێرەوە پێویستە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە ئەوکات

لە ڕادیو بەشی فەنی و هونەری و بێژەران و نووسەران و بەرپرسان و بەرپرسان و پارێزەران و هەموویان بکەین ۆ زەحمەت و ماندوو بونیان بکەین. شێربەگی هەتا مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان کار دەکاو پاشان ڕێگای هەندەران دەگرێتە پێش و لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئوروپا دەگیرسێتەوە. کاک ئەحمەد هەرلەسەر ڕێبازی خۆی سورەو ئێستاش هەر وەک جاران درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. و چالاکە لە کاروباری حزبی و خزمەت بە گەل و نیشتمان. "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە"...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

---------------------------------------------------- -------

## هاوڕێ خدر میراوەیی




جێگای خۆیەتی قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم .ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان مێژووی ئێمەی کورد لەسەر ئەم جیهانە پان و بەرینە، بۆتە ئەفسانەیەک ،کەدۆست و دوژمن سەریان سوور دەمێنێ لەخۆڕاگری و بەرەنگاری درێژخایەن و کۆمەڵ کوژی و قەستی بڕانەوەی میللەتێک لە لایەن دوژمنانەوە. ئەمانە هەموو لە مێژووی کوردا ڕوی داوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەم مێژووە بە دەستی کەسانی شارەزاو مێژوو نوسانی غەیرە کورد نوسراونەتەوە. هیچ ڕون نیە چەندە لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بوە، سەرەڕای لێدەرکردنی قازانجی خۆیان دیسان ماڵیان ئاوەدان بێ، کە زۆریان مایە بۆ داناوین و

گەلی کوردیان بە میللەتێکی ئازاو ڕەشیدو میوان نەوازو سادەو پاک و بێ فڕوفێڵ ودڵ پاک، ناو هێناوە. بەڵام هەرگیز ئیشارەیان بە سیاسی بوون و لەگەڵ دوژمنەکانیان زیرەک و داناو زانا، باسێکیان لە گەورە پیاوان و سەرۆکەکان و خاوەن بڕیارەکان نەکردوە، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ سیاستوانانی ئێمە ناتوانن بە هونەری سیاسەت ملی ڕەکابەرە دوژمنەکەی بشکێنێ، کە ئەوە ئەسڵی سیاسەت کردنە، ڕەنگە لەکاتی وادا ڕوحمان بە دوژمنەکانماندا بێتەوەو پێمان گوناح بن. بەڵام کە تۆ نەتکرد ئەو ملت دەشکێنێ و ڕوحمیشت پێ ناکا.. سیاسەت ڕوحم و بەزەیی تێدا نیە. خۆزگە سیاسەت بە شێوازی کوردی بایە کەس دڵی لە کەس نەیەشاباو هیچ وڵاتێک خاکی ئەوی تری نەگرتبایە. دنیای بێ شەڕ، دنیای عیشق و سەفا بوایە. بۆیە هەتا زوڵمی زیاتیریان لە کورد کردبێ، قین و ڕەقی شۆڕشگێڕی زیاتر پەرەی ئەستاندوە لە ناو دڵ و دەمارو هەستی لاوەکانی کوردستان و خۆڕسک و هەندێک جار بەبەرنامە کورد دەستی داوەتە بیر کردنەوە لە بەرنگارییەکی شەرەف مەندانەو هەمە لایەنە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی خەڵک. لە پێشدا لە ڕێگای گفتوگۆو لێک حاڵی بوون ئەگەر دوژمن هەر ملی نەدا.. حەقێکی شەرعی و دەستوری و سیاسی و مێژوویی خۆمانە بەچەک جوابی چەک بدەینەوە .. لەسەر ئەم سیاسەتە دروستە .پۆل پۆل لاوەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هەر فیداکارییەک لە ڕێگای بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان. هەتا ستەمکار مابێ و. کوردێکیش مابێ، کوردستان بێ پێشمەرگە نابێن یەکێک لەو پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانانەی گەلەکەمان، ئەمجارە هەڵمانبژاردووە بۆ ڕێز لێنان و قەدردانی و پێ زانین بە ماندوو بوونی و زەحمەتەکانی کە لە ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلە چەوساوەکەیدا کێشاویەتی و توانیویەتی بگاتە لووتکەی دڵسۆزی و قارەمانی. هەروەها بەدەست هێنانی "میداڵی ئازایەتی" بەڕێزو تێکۆشەروماندو نەناس فەرماندە "خدر میراوەیی" یە. ئێستا هەموومان پێکەوە با "میداڵی ئازایەتی" بدەین لە بەرۆکی و لە نزیکەوە بزانین "خدر" کێیەو چۆن توانی شایانی ئەم ڕێزلێنان و قەدردانی و وەرگرتنی ئەم میداڵە بێ خدر وەک هەموو منداڵێکی هەژاری ئەم کوردستانە، بێ هیچ ئیمکاناتێکی تەندروستی لە چوار دیوارێکی قوڕینەی ماڵێک لە گوندی "میراوێی" ناوچەی سەردەشت ساڵی ١٣٤٢ لەدایک بوە و چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەکەم هەنگاو هاتۆتە ناو ژیانەوە. بەهۆی هەژاری و هەروەها گوێپێنەدانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهیەوە و نەبوونی قوتابخانەو هیچ جۆرە ئیمکاناتێکی ژیان و خۆشگوزەرانی و خەدەماتی بە خەڵک. خدر هەتا تەمەنی نزیک بە ١٦ ساڵی هەر خەریکی دنیای منداڵانەی خۆی بووەلەگەڵ باقی منداڵەکانی تری هاو تەمەنی لە گوندەکەی خۆیان. دوای سەرکەووتنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژیم پاشایەتی. خدر لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێ کانی لە میراوا. یەکیەتی لاوانیان پێک هێناوە. پاشان هەر لە گوندەکەی خۆیان دەبنە پێشمەرگە لە ڕێکخراوی میراوێ.. خدر کە هیواو ئارەزووەکانی زۆر لەوە بەرزتر بوون، دەڕوا دەچێتە لکی ١ی شەهید زەنگەنە کە ئەوکات "محمود مجاهید" ناسراو بە مەحمودە دۆڵ. فەرماندەری ئەو لکە دەبێ لە هێزی موعینی گیاڕەنگی ئێستا. کاک مەحمود ساڵی ١٣٧٢ لە باشوری کوردستان بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا. لەوێ کاک مەحمود دەبینێ و لەو لکە دەبێتە پێشمەرگە. لە کاتێکدا هیچ کەس لە پێشمەرگەکان ناناسێ.. بەڵام وردە وردە لەگەڵ هەموویان دەبێتە دۆست و

هاوڕێ و هاوسەنگەرو پاشان وەک برا... ئەوکات عەبدوڵا شەخسە سەرپەلی یەکێک لە پەلەکان بوو. شەهید حەمە نارستی فەرماندەری عەمەلیاتی لک بوو. هەروەها بنکەی هێز لە گوندی "بوبانە" بوو کە فەرماندەری هێز.. کاک "حەسەن شیوەسەڵی" بوو ناسراو بە "مامۆستا" خدر بۆ جەولەو سەردانی بنکەی هێزو مەئموریەتەکانی حزبی لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیدا زیاتر کادرو پێشمەرگەکانی دەناسی. بۆیە خدر زۆر زوو توانیویەتی لەگەڵ هەموویان ببێتە هاوڕێ و جێگای خۆی لە دڵی هەمواندا بکاتەوە. لەشەڕی گەورەی جادەی نێوان "پیرانشار بۆ سەردەشت" کە چەندین مانگی گرت. ئەوکات کە برایانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزی پشتیوان هاوشانی براکانیان لە ڕۆژهەڵات خوێنیان پێکەوە لەسەنگەرێکدا دەڕژا بە دژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.. کە بە "مانگی دیفاع لە ئازادی" ناودێر کرابوو. خدر کاری تەداروکاتی دەکرد. هەر لەوێش زۆر بە توندی بریندار دەبێ. کاتێک لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکان دەیانەوێ تەپکێک بگرن و دوژمن گەمارۆ بدەن.. ڕیزێک کاتیوشای دوژمن لە ناویاندا دەکەوێ و خدر چاوێکی و سەری پارچەی تێدا بەجێدەمێنێ و زۆر بە توندی بریندار دەبێ... دوای گیرانەوەی ئەم جادەیە دوژمن هێزێکی زۆری لە پاسدارو بەسیج و جاش و فەرماندەرانی پایە بەرزی سوپا لێ کوژرابوو. هێزەکانی پێشمەرگە شوێنەکانیان گواستەوە بۆ دێیەکانی قەراغ جادە دوای گیرانەوەی ئەم جادەیە تازە دەستپێکی لێدانی پێشمەرگە بوو لە هێزەکانی دوژمن لەسەر ئەم جادەیە.. ڕۆژ نەبوو هێزەکانی دوژمن نەکەونە ناو داوو کەمینی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. بە هۆی شاخاوی بوونی ناوچەکەو جەنگەڵێکی زۆر لە شاخ و دۆڵ و گوندەکان. دوژمن لە بەرامبەر هێرش و دەستوبردی پێشمەرگەدا دەستە وەستان بوو..... خدر لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا مەسئولیەتی جۆراو جۆری هەبووە. بە تەرتیب و بە ماندوو بوونی خۆی و نیشاندانی تواناکانی لەکاتی بەرەنگاری و هێرش و ئازایەتیدا. وەکوو جێگری دەستە،، سەر دەستە.. جێگری لک.. فەرماندەری لک.. جێگری هێز.. فەرماندەری هێز .. ئەم مەسئولیەتانەی هەموو بڕیوەو بە دەیان جار لەگەڵ هێزەکانی دوژمن دەرگیر بووەو فەرماندەیی زۆر لە شەڕەکانی ناوچەی کردووە. هەموو جارێ سەرکەووتنی بەدەست هێناوە لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی بەسەر دوژمندا. هەروەها خدر بێجگە لە کاری نیزامی. لەکاری سیاسی و تەشکیلاتیشدا کادرێکی ئازاو زیرەک بووە. بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەندامی کۆمیتە ناوچەی "کاڵەشین" لە ناوچەی ڕەبەت بووەو ساڵێکیش بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بووە. چۆن لە کاری نیزامیدا سەرکەووتو بووەو فەرماندەیەکی لێوەشاوە بووە، لە کاری تەشکیلاتیشدا بە هەمان شێوە لە خۆ بوردوو فیداکار بووە. خدر لە باری کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی زۆر خۆش ئەخلاق و قسە خۆش و بە سەبروحەوسەلە بووە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی کوردستان. بۆیە خدر خۆشەویست و جێگای باوەڕی خەڵکەو ڕێزێکی زۆری لێدەگرن. خدر لەناو جەرگەی خەڵک دا هەڵقوڵیوەو لە هەموو ئێش و ئازارەکانی خەڵکەکە تێدەگاو بە ناو ئازارەکانیاندا دەگەڕێ و دەیزانی چۆن سوکنایی بداتە ئازاری ئەو خەڵکە زەحمەتکێش و هەژارە. ئەوانیش خدر یان وەکوو

منداڵی خۆیان دەدیت و باوەڕی تەواویان بە خدر هەبووو هەیە.

یەکێکی تر لە کارە باش و مرۆڤایەتیەکانی کە خدر هەیبووە لە ناوچەداو لە کاتی شەڕەکاندا. وەک فەرماندەیەک هەمیشە نەسیحەتی پێشمەرگەکانی کردوەو ئاگاداری کردونەتەوە. کە بە هیچ جۆرێک کاتێک سەربازو پاسدار خۆیان تەسلیم دەکەن، یا بەدیلیان دەگرن. کەس حەقی نیە قسەیەکی ناخۆشیان پێ بڵێ. لە کاتێکدا شەهیدیشیان هەبووە بەڵام هیچ بێ ڕێزییەکیان بە دیلەکان نەکردوەو بەڵکوو ئەگەر بریندار بووبن دەرمانیان کردوون و نان و ئاویان داونێ و هەوڵیان داوە نەترسن و پێیان بڵێن. مەترسن ئێمە نەک ناتانکوژین بەڵکوو خزمەتیشتان دەکەین.. زۆر جار هەبوە، هەر لە دوای دەرمانکردن و حەسانەوەیان چەکەکانیان لێ وەرگرتوون و قسەیان بۆ کردون و ڕونیان کردونەوە جا بە ڕێزەوە ئازادیان کردوون. ئەوە یەکێک لە گەورەیی و ئەخلاقە باشەکانی فەرماندە خدر بووە لە کاتی شەڕەکان خدر لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا زۆر لە ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و لە زۆر شوێنی ئەم کوردستانە سەنگەری لە دوژمن گرتوە. لە مەئموریەتی جنوبی کوردستان من بۆخۆم لە خزمەتیدا بووم.. لە گرتنی دوو پایەگای دوژمن پێکەوە بووین.. خدر لە ناوچەکانی مەهاباد.. پیرانشار.. شنۆ.. ڕەبەت.. جنوب بە جەولەو بە مەئموریەت چووەو لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەش ئاشناو ناسیاوی پەیدا کردون. هەروەها لە لایەن کۆمسیونی سیاسی نیزامییەوە ناردراوە بۆ بۆ ناوچەی " شنۆ " وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆو فەرماندەری هێز.. خدر لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا شەش جار بریندار بووە. جاری دووەم کە بە توندی بریندار بوو لاقی شکابوو. لە گرتنی پایەگای "زێوە" بوو ئەوکات ڕێگای هات و چۆ ناخۆش بوو. دەبوو لە زۆر کەمینی جاش و پاسداران تێپەڕی تا بگەیتە بیمارستان خدر زۆر زەحمەتی دی هەتا گەیشتە بیمارستان. خوێنی لە بەدەنیدا نەمابوو. هێزی قسەکردنیشی نەمابوو. بەڵام ئیرادەی ئەوەندە بەهێز بوو هەر خدر بوو توانی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرێ و بمێنێ.. یەکێک لە شاکارەکانی تری خدر ئەوەیە. کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی. لە کاتە بەتاڵەکانی خۆی فێری خوێندن و نوسین کردوە. من لە بیرمە ئەوکاتەی لە هێزی گیاڕەنگ بووم. زستانی ساڵی ٦٣ یا ٦٤ بوو لەسەر داوای مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی فەرماندەری هێزی گیاڕەنگ، کلاسێکمان بۆ پێشمەرگە نەخوێندەوارەکان داناو من دەرسم پێدەکووتن مامۆستا هەموو ئیمکاناتێکی قوتابخانەی بۆ ئامادە کردم. منیش دەستم پێکرد بە دەرس کووتنەوە. جا نازانم باش لەبیرم نەماوە خدر لەو کلاسەدا بەشدار بوو یا نا.. دوای چەند مانگێک پێشمەرگەکان کە هیچ سەوادیان نەبوو هەموو بە باشی فێری کوردی خوێندنەوەو کوردی نوسین ببون. ڕۆژنامەی کوردستان و پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی حزبیان زۆر بە جوانی دەخوێندەوەو دەنووسی.. خدر بە تەواوەتی هەوڵی بێ وچانی داوە هەتا لەو بارەشەوە وەدوا نەکەوێ و بتوانێ بەسەر نوسین و خوێندنەوەدا زاڵ بێ و لەو بەشەشدا زۆر سەرکەووتوو بوو تا توانی بە زمانی دایکی و زمانی شیرینی کوردی بخوێنێ و بنووسێ.. خدر لە زمانی هەموو هاوسەنگەرو هاوڕێکانیەوە کە دەگێڕنەوە و دەڵێن خدر فەرماندەیەکی بە توانا.. بە هێزو مودیر.. لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکان هەمیشە بەرخوردی باش و برایانەی هەبووە لەگەڵ خەڵکی ناوچە زۆر تێکەڵاوە.. خەڵک زۆر باوەڕیان پێیەتی.. فەرماندەیەکە لە کاتی تەنگانەدا خۆی نادۆڕێنێ.. قسە لە هەموو کەس وەردەگرێ.. زۆر زوو تێکەڵاو دەبێ.. بێ فیزو بێ دەعیەیە. کەسێکی خاکی و دڵسۆزە..

هەمیشە ئامادەی وەرگرتن و قەبوڵ کردنی مەئموریەتەکان و مەسئولیەتەکانی حزبە.. بیروباوەڕێکی پتەوی بە سەرکەوتنی حزب و گەلەکەیی و شۆڕشکەی هەیە.. خدر پێی وایە هەموو کێشەکان پێویستە لە ڕێگای گفتوگۆو دانوستانەوە بکرێ بەڵام ئەگەر دوژمن هەر هیچ ڕێزێک بۆ داواکانی خەڵک دانەنێ.. ئەوجار پێویستە بە زمانی چەک دەبێ دوژمن حاڵی بکەی کە گوێ لە داواکارییەکانی خەڵکی کورد بگرێ و ڕێز لە داواکانیان بگرێ.. خدر ئێستاش هەر لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدایەو تەواو وەخت لە خزمەت گەل و کوردستانەکەیدایە.. خدر ئێستا فەرماندەری هێزی پارێزگارییە . خدر لە ساڵی ١٣٦٢ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ "زارا قادرزادە" پێک هێناوەو بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان چوار منداڵە بە ناوەکانی:

١- چیا کە ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا خەریکی دەرس خوێندنە.
٢- وریا ساڵی ئاخری زانکۆ دەخوێنێ.
٣- دیاری ئەویش دەخوێنێ.
٤- دیاکۆ. لە ئاخریدا خدر پێی وایەو دەڵێ لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدا شۆڕش و پێشمەرگایەتی و بوون و نەبوون.. سەرماو گەرما.. برسیەتی و بریندار بوون و ماڵوێرانی و تۆپ باران و شەڕو کوشتن و شەهید بوون و هەرچی ناخۆشیە دیتمان. تەنها شتێک ئێمەی ڕاگرتووە.. ئیمانی بەهێز بە سەرکەووتن.. گەورەیی مەسەلەی کورد.. باوەڕ بە حەقی ڕەوای میللەتەکەی و ڕزگاری کوردستان و بە ئاوات گەیشتنی هەموو داخوازەکانی گەلی کورد. هەر دێتە دی و سەرکەووتنی شۆڕشی گەلەکەمان نزیکەو بەختی ڕەشی کورد لە ژێر هەوری ڕەشدا نامێنێتەوەو ئاسۆ ڕوونە.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------------------

# هاوڕێ هاشم ڕۆستەمی



هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "هاشم ڕۆستەمی" و بە شانازییەوە" میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سینگی.. هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ، بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان... ئێستا با بزانین کاک هاشم چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە...

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست تەنگ، لە گوندی "زوران" سەر بە شارستانی سەردەشت، چاوی بە دنیا هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوەو بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری "سەردەشت" بەڵام لەبەر نەبوونی و دەست کوورتی بابی مانگایەکی بە بارمتە کردووە بۆ خەرجی خوێندنی لەشار دیارە هاشم لە منداڵییەوە لە گوندێکی وەکوو "زوران" لە ناوچەی "سەردەشت"ی پڕ لە جەنگەڵ و لێرەوارو سەر سەوزو جوان و هەمیشە مەکۆی شۆڕشگێڕانی کورد بووە. هەستی نەتەوایەتیان بەهێز ترو. هەستیان کردووە چۆن دوژمن  بە زمانێکی تر کە جودا لە زمانی خۆیانە دەدوێن و هەمیشە بۆیان غەریب بوون.. بۆیە بە دۆستی خۆیان و بە باشیان نەزانیون.. لەگەڵ  بیستنی ناوی پێشمەرگەو قسەو باسی ناو خەڵک و ناو مزگەوتان و ناو ماڵان،هەموو ئەمانە سەرنجی نەوجەوانەکانیان ڕاکێشاوە. کە پێشمەرگە دۆستەو هی خۆمانەو "عەجامانیش" کە بە زمانێکی تر قسە دەکەن، دۆست نین و بێگانەن.. ئەمانە هەموو لە مێشک و زەینی لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکاندا زیندوو بوون و یەکێک لەوانە "هاشم" بووە.. لە سەردەشت و لە قوتابخانە بۆ دابینکردنی خەرجی خوێندنی مەجبوور بوە، لە کاتی

پشودانی هاوین و داخرانی قوتابخانەکان لەگەڵ هاوڕێکانی دەچووە کوێستانەکانی "قەندیل" و ناوچەکانی "پیرانشار" یا کوێستانەکانی ناوچەی "ورمێ" بۆ "کەتیرە" کردن. یان بۆ کورەخانەکانی نزیک هەمەدان و ئەردەبیڵ" بۆ خشت بڕین. هاشم یەکەم کاری سیاسی خۆی لە کورەخانە دەست پێکردووە. لە هەر شوێنێک بۆی هەڵکەووتبا، شوعاری حزبی دەنووسین.. دیارە ئەوکات سەرەتای شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بوو. وەکوو "درود بر قاسملوو" درود بر "شیخ عزالدین حسینی" "درود بر دمکرات" ئەمانە کاری سەرەتای سیاسی هاشم بوون. لەخۆپیشاندانەکاندا بوشداری کردوەو یەکێک لە قوتانیە چالاکەکان بووە بە گازی فرمێسک رێژ فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووە. هەر لەگەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی "یەکیەتی لاوان" زوو لەگەڵ ڕێکخراوی لاوان تێکەڵ بووە. زۆر زوو بووە بە یەکێک لە کادرە چالاکەکانی لاوان. دواتر کە حزب "کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی" دامەزراند هاشم لە گوندی "کونەمشکێ" بووە بە مامۆستای شۆڕش. هەر ئەو ساڵە وەکوو ئەکتەر بەشداری شانۆگەری "کاوەی ئاسنگەر" ی کردووەو هەر ئەو شانۆیە جارێکی تر لە "دۆڵی دیموکرات" لە "شیوەجۆ" پێشکەش کراوەو لە چەند گوندێکی دیکەش. هەروەها هەر ئەو شانۆی کاوەی ئاسنگەر لە شاری ڕانیە"ی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو کە زۆر سەرکەووتوبوو لەگەڵ دەستخۆشی گەرمی خەڵک ڕووبەڕووبو ساڵی ١٣٦١ لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و بە پەسەندی کۆڕی پەروەردەی سەرانسەری وەک ئەندامی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی ناوچەی سەردەشت دیاری کراوە. تا ئەوکاتەی ناوچەی ئازادمان لەبەر دەستدا بوو و هەتا قوتابخانەکان هەبوون لەو بەشەدا ماوەتەوەو خزمەتی کردووە. دواتر بۆ ماوەیەک بۆتە سەرپەلی بنکەی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی گیاڕەنگ. ساڵی ١٣٦٣ بە مەبەستی زیاتر پەروەردە بوون و ئامادەیی زیاتر بۆ کـــاری سیاسی و تەشکیلاتی لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە ناردراوە بۆ دەورەی سیاسی کادر، کە ئەوکات لەلایەن فێرگەی سیاسی نیزامی حزبەوە ئیدارە دەکرا. دوای دەورەکە بووە بە کادری کۆمیتەی ناوچەی "بازاڕ" لەوێ ماوەیەک بەشی ماڵی بووەو ماوەیەکیش کادری تەشکیلاتی. هەر لەو کاتەشدا بووە کە "ژیانی هاوبەش"ی پێک هێناوە. ساڵی ١٣٦٤ یەکەم منداڵیان بووە. سەرەتا لە گوندی "باوزێ" کە لەلایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە تێک درا بوو ڕووخابوو. کۆنە ئاغەڵێک ئاوەدان دەکەنەوە، دەیکەنە شوێنی حاوانەوەیان.. نەک ماڵ ،چونکە هیچییان نەبووە وەکوو ماڵ.. هاشم دوای کۆنگرەی حەوت. بۆ ماوەی ٢ ساڵ واز لە حزبایەتی دێنێ. بەڵام دوای کۆنگرەی هەشت و هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، جارێکی تر هاتۆتەوە ناو ڕیزی تێکۆشان. دواتر بووە بە ئەندامـــی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. وەک یەکێک لە نوێنەرەکانی کۆنفرانسی ناوەندی ٢ی کوردستان کە پێک هاتبوو لە شارەکانی مەهاباد.. بۆکان.. سەردەشت.. لە کۆنگرەی ٩ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بەشدار بووە. هەر لـەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزب هەڵدەبژێردرێ. ئەوکات تەمەنی لە ژێر سی ساڵەوە بوو لە کۆنگرەی ١٠ کە چەند ساڵ دواتر گیرا، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی جۆراو جۆری هەبووە. ماوەیەک بەرپرسی فێرگە بووە. ماوەیەک ئەندامی کۆمسیونی تەشکیلات بووە. بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت.. بەر پرسی ناوەندی ١ی کوردستان.. هاوکات هاوکاری بەشی ئامووزشی حزب بەشی ئەمنییەتی حزب.. هاشم عەلاقەی زۆر بە کار کردن هەبوو. بۆیە هەمیشە

هاوڕێکانی پێیان دەکووت لە لای تۆ تازە دەڵێی سەرەتای شۆڕشە.. دواى یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزب.. هاشم وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندیەوە هەڵبژێردراوە. لەوکاتەدا بۆ یەکەم جار، ئۆرگانێک بە ناوی "پەزیرش" بەشی وەرگرتنی پێشمەرگە لە حزبی یەکگرتوودا لەسەر بڕیاری پلنۆم پێک هات. ڕێکخستن و دروستکردن و بەرپرسایەتی ئەو ئۆرگانە تازەیە لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە درا بە هاشم... بێ گومان هەموومان شاهیدی بۆ دەدەین کەئەو ئۆرگانە بوو بە لەمپەرێکی بەهێزو کاریگەر لەسەر ڕێگای پیلانەکانی ڕژێم لەو سەرو بەندەدا کە کاری تیرۆریستی زۆر دەکرا لە لایەن ڕژێمەوە.. ئیتلاعات زۆر کەسی بەکرێگیراوی خۆی دەنارده خۆیان دەخزانده ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە. ئەو ئۆرگانە زۆرپیلانی ڕژێمی ئاشکرا کردن و فیلتەرێکی زۆر بەهێز بوو بۆ ئەو کەسانەی کە ڕژێم دەیناردنە ناو ڕیزی پێشمەرگەکان.. هاشم چەند ساڵێک بوو لە لایەن دەستێکی نا پاکەوە "مەسموم" کرابوو، تووشی حەساسیەتێکی زۆر مەترسیدار هاتبوو. وێڕای بەردەوام بوون لە کاری حزبی، نزیک بە ١٠ ساڵ هاتوچۆی دکتۆرانی دەکرد لە هەولێرو بەغداد. زۆر دەواو دەرمانی دکتۆران و دەرمانی خۆماڵی بەکار هێنا. هەر چارەی نەبوو. داوای لە حزب کرد بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر.. بەڵام حزب موافەقەتی نەکرد بۆ چونە دەرەوەی. بۆیە هاشم بۆ خۆی وەدوای چارەسەری خۆی کەوت. لە un ی هەولێر خۆی ناونووس کرد. بۆیە لە کۆنگرەی ١١ خۆی کاندید نەکرد دەناشانسی زۆر باشی هەبوو بۆ کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٩٨ ڕەسمەن لەکاری حزب واز دێنێ. هاتۆتە هولێر پاش چەند مانگێک لە هەڵبژاردنێکی ناو پەنابەراندا کە سەدان کەس دەبوون، وەک ئەندامی شوڕای پەنابەران هەڵبژێردراوەو لە لایەن ئەندامانی شوڕاشەوە وەکوو بەرپرسی یەکەم دیاری کراوە.. بە هاوکاری هاوکارەکانی سەرو سامانێکی باشیان بە وەزعی پەنابەران و کەیسەکانیانەوە داوە. هەتا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩ وەک پەنابەری سیاسی گەیشتۆتە وڵاتی "نۆروێژ". زۆر زوو پەیوەندی بە کۆمیتەی حزب لەو وڵاتە دەگرێ، وەکوو ئەندامی حزب تێکۆشان دەست پێدەکاتەوە. لە دامەزراندنی کۆمەڵەی کولتوری لە باشووری نوروێژ دەوری یەکەمی هەبووە. دواتر لە کۆنفرانسی حزب لە وڵاتی نوروێژ وەک ئەندامی کۆمیتە هەڵبژێردراوە.. بۆ کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی١٣ بە تاوانی ئەندام بوون لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا. لە لیستی ڕەشی ئەو تاقمەدابوە. کەبە پێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی ١٢ لە ژێرەوە دەستەبەندی نهێنییانکردبوو.. دوای لەت بوونی حزب تا کۆنگرەی ١٤ بەرپرسی کۆمیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە لە نۆروێژ. بە گیرفانی بەتاڵ و بێ هیچ ئیمکاناتێک کۆمیتەیەکی وایان بۆ حزب دامەزراندووە، کە بە خۆشییەوە ئێستاش ئەم کۆمیتەیە نمونەی بەرچاوی هەموو کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتە. هاشم لە کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ و ١٦ وەکوو ئەندامی کۆمسیونی پارێزگاری لە ئەساس نامە هەڵبژێرفراوە هەروەها هاشم لەو ماوەیەدا لەوڵاتەکانی نۆروێژ.. دانمارک.. ئاڵمان.. فینلاند.. لە نزیکەوە بەشداری کردووە لە کۆنفرانسەکانیان. هەورەوها لە ڕێگای سکایپەوە بەشداری چەند وڵاتێکی تری کردووە. لەو چەند ساڵەدا لە چەند کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارداا بەشداری کردووە کە بەشێک لەو سمینارانە لە کورد کاناڵ بڵاو کراونەتەوە.. جگە لەوانە لە بەرنامەکانی "پرسی ڕۆژ" هەروەها "شرۆڤەی هەواڵ" لە ڕێگای سکایپەوە بەشداری بەرنامەکانی کوردکاناڵی کردووە.. ماوەیەکیش بۆ بەشی "ڕوانینی ڕۆژ" ووتار دەنوسێ... هاشم لە ساڵی ١٩٩٩

پێش ئەوەی بێتە تاراوگە کتێبێکی چاپ کردووە بەناوی "دڵۆپێک لە دەریایەک" هەروەها لە نورویژیش کتێبی دووەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە بە ناوی "خەونێکی سەوز" ئێستاش کتێبی سێیەمی بە دەستەوەیە بە ناوی "نامەیەک بۆ دایکم و دەرسێک بۆ نەوەکان". کاک هاشم زۆر جار رژیمی پیاو کوژی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا کە تیرۆری بکەن. بەڵام هیچ کات سەرکەووتو نەبوون.. ئێستاش لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی لە وڵاتی نورویژ دەژی ئەندامێکی فەعال و زۆر بزۆزی حزبە. کاک هاشم خاوەنی ٥ کیژی جوان و سەرکەووتووە لە بوارەکانی خوێندندا. ٣ دانەیان وێرای بەردەوام بوون لە خوێندن ژیانی هاوبەشیانپێک هێناوە. یەکیان ماستەرگرادی تەواو کردوە ٢ دانەشیان خەریکی تەواو کردنن. ئەمە گۆشەیەک بوو لە کارو ئەرکەکانی کاک هاشم لە ژیانی پێشمەرگایەتی و خزمەت بە گەل و کوردستانەکەی.. لێت پیرۆز بێ "میداڵی ئازایەتی" هاوڕێ و هاوسەنگەرم. لێت پیرۆز بێ............

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل

---------------------------------------- ----------

## هاوڕێ عەبدوڵا خزرنیا ناسراو بە (شەقاز)




زۆر گرنگ بوو غیرەتی دەویست، لە رۆژە سەختەکاندا کەسێک ببێتە پێشمەرگە، چونکە دانیشتن و ئیسراحەت نەبوو، هەموو کاتەکان شەڕو کەمین و گرتنی پایەگاو بەرپەرچ دانەوەی هێرشە هەمیشەییەکانی دوژمن بو.... باقی رۆژەکانی تر لە ژێر تۆپ و خومپارە بارانی دوژمندا بووین... لەوکاتە حەساس و خەتەرانەدا هەمیشە کوڕەکانی گەل هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی و چەک هەڵگرتن دژی کۆماری سێدارە... هیچ کاتێک تفەنگی هیچ شەهیدێک نەکەوتۆتە عەرزی و لاوێکی تر تفەنگەکەی

هەڵگرتوەو تۆڵەی خوێنی شەهیدی چەندین بەرامبەر کردۆتەوە....

هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "عەبدوڵا خزرنیا" ناسراو بە "شەقاز" و بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سینگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان. ئێستا با بزانین کاک "عەبدوڵا شەقاز" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم"میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە عەوڵا وەکوو هەموو منداڵێکی کورد لەو پەڕی بێ ئیمکاناتی بنەماڵەکەی، لە گوندی "کاژە" سەر بە شارستانی سەردەشت لە دایک بووە. لە چاو خەڵکەکەی تری ئاوایی ژیانێکی مام ناوەندیان هەبووەو هەر لە منداڵییەوە بە کارو یارمەتی دەری بنەماڵەکەی بووە لە کاری کەشاوەرزی و ئاژەڵداری. هەتا تەمەنی دەچوە سەرێ کارەکانی قورس قورستر دەبوون. بۆیە هەر لە منداڵیەوە هەر لەگەڵ ڕەنج و زەحمەت و کار کردن گەورە بوەو بۆی بۆتە عادەتی ڕۆژانەی.. ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی دەنگۆی هەبوونی "پێشمەرگە" لە ناوچەکەدا هەبوو، کە دەیانکووت پێشمەرگە حەقی کورد وەردەگرن. هەتا ساڵی ١٣٤٥ ناوی مامۆستا "مەلا ئاوەرە" و چەند کەسێکی تری بەر گوێ دەکەووت، کە دەیزانی برا گەورەکەی بە ناوی "برایم" بە نهێنی هاتوچۆی دەکردن. عەوڵا تێگەیشتبوو کە کاکە برایمی و هەم "هەمزەی خاڵە مینە"ی هەردووکیان پێشمەرگەی نهێنین و ئەندامی تەشکیلاتین.. ڕۆژێک لە مووچەی خۆیان خەریکی کار دەبێ. چەند کەسێک دەبینێ کە چەکیان پێ دەبێ، چەکی "برنۆ" کاک برایمی پێی کووت عەوڵ ئەوانە دەناسی؟ چووم بۆ لایان نەفەرێکیان ماچی کردم مامۆستا مەلا ئاوارە بوو، پێی گووتم دەتوانی بچی بۆ لای دایکت خواردنمان بۆ بێنی؟ منیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە گووتم بەڵێ. لە خۆشییان نازانم چۆن گەیشتمەوە ماڵێ دایکم خەریکی خەریکی مەشکە ژاندنێ بوو، گووتم دایە دایە ئەوانەی تۆ خۆشت دەوێن خواردنیان دەوێ. دایکم هەر زوو سەری مریشکانی بڕی و سازی کردن، هەتا نزیک ئەو شوێنەی ئەوانی لێبوون لەگەڵم هات و ئەو گەڕایەوە. کە گەیشتمە لایان بە خواردنەوە "مەلا ئاوارە" کووتی چیت بە دایکت گووت؟ کووتم دایە ئەوانەی تۆ خۆشت دەوێن خواردنیان دەوێ. ئەویش دیسان ماچی کردم و منی بردە لای پێشمەرگەکان ئەوانی پێ ناساندم. کە نزیک بە ١٥ کەس دەبوون... عەلای موعینی.. سولیمان موعینی.. قادر شەریف.. کاوە مارەغانی.. عەلی گۆماوی ناسراو بە قەرەنی.. قادر لاجانی.. محمدی ڕەسوە مەڕەی.. چەند کەسێکی دیکە بون. دیارە مووچەو مەزراکەی ئێمە دارو جەنگەڵ و چڕو پڕو قاییم بوو بۆ خۆ حەشاردان زۆر باش بوو، هەروەها پشتی بە کێوی "سپیلکان" وە بوو نزیک بە گوندی "شاتمان" و گوندی "سەرشیو" کێوی سپیلکان لە پشتی گوندەکەمان بوو "کاژە" کێوی سپیلکان لە زنجیرە چیاکانی "زاگرۆسە" بۆیە گوندەکەی ئێمە زۆر جێگایەکی قاییم بوو بۆ مانەوەو خۆ حەشاردانی پێشمەرگەکان... ساڵی ١٣٤٦ ناوی پێشمەرگە لە هەموو گوندەکان دەنگی دابۆوە، خەڵکی شارو گوند دڵخۆش و شاد بوون بە بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا. پێشمەرگەش بە ئازادی و بێ ترس و بە ئاشکرا دەگەڕان بە گوندەکانداو لە مزگەوتەکان قسەیان بۆ خەڵک دەکردو سیاسەتەکانی حزبیان

بۆ خەڵک باس دەکردوو باسی زوڵم و زۆری حکوومەتی شایان دەکرد دەرحەق بە گەلی کورد. هەروەها خەڵک و جەوانەکانیان هان دەدا بۆ شۆڕش کردن و ڕاپەڕین. هەر ئەوکات لەگەڵ مامۆستا "مەلا حەسەن شیوەسەڵی" و "مەلا خدر دۆڵە گەرمی" ئاشنا بووم، هەر ئەو ساڵەش برا گەورەکەم کاکە برایم و مەلا خالید بابی شەهید قاسم کاژەیی گیران و ڕەوانەی زیندانی "ورمێ" کران بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەستبەسەر کران. هەر ئەو ساڵە شەڕێکی گەورە دەستی پێکرد لە کێوی سپیلکان. شەڕەکە زۆر توند بوو لە نێوان پێشمەرگەکان و ژاندەرمەری و جاشەکان و هێزەکانی تری حکومەت. من نان و خواردنم بۆ دەبردن، پێشمەرگەکان ٣٠ کەس دەبوون، بەر بە بەردی ئەو شاخە شارەزابووم، زۆر زوو دەمتوانی بیانبینمەوە. خواردنم دەگەیاندنێ. ئەوکات جاش ناوێکی دیکەی هەبوو پێیان دەگووتن "دلاوەر" جاشەکان لە گوندی "ئاغەڵان" ڕا هاتن بەرەو گوندی "سەرشیو" لێیان لە پشتەوە کەووتن ڕژیم بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد دەیانگووت "قادر" وەرە خۆت تەسلیم بکە. لە ناو جاشەکاندا کەسێک هەبوو بە ناوی "هەڵمەت" کە پێشتر پێشمەرگە بوو خۆی تەحویلی ڕژیم دابۆوە ببو بە جاش کاک قادر شەریفی دەناسی..داوای تەسلیم بوونی لێدەکرد لە وەڵامی هەڵمەتدا کاک قادر شەریف جوابی دایەوە گووتی هەی جاشی خۆ فرۆش لێرە بڕۆ با شەڕی برا کوژی نەکەین ئێمە لەگەڵ حکوومەت شەڕمانە نەک لەگەڵ تۆ.. تەقە دەستی پێکردەوە بە توندی قرچەو قرمەیەک بوو کەس نەیدەوێرا سەر بەرز بکاتەوە. پێشمەرگەکان لێیان دان هێرشیان کردە سەر جاش و حکوومەت زۆریان لێ کوژرا ٢ کەسیان توانیان هەڵێن بۆ ناو گوندی "سەرشیو" ئەوانی ترهەمویان کوژران،، ئەو دوو نەفەرەش لیباسی ژنانیان لەبەر کردبوو خۆیان شاردبۆوە ' لەو شەڕەدا ژنێک بە ناوی پیرۆز لە گوندی سەرشیو بریندار بوو لەگەڵ کەسێک بە ناوی محمد ڕەسوە مەڕەی شەهید بوو. لای ئێوارە هەلیکۆپتەرێکیان بەردایەوە سووتا... عەولا لەگەڵ ئەوەی سجیلیان گەورە بۆ وەرگرتبوو ساڵی ١٣٥٢ سەربازی زۆرەملی تەواو کرد کاتی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران عەولا لەگەڵ ڕەفیقەکانی بەشداری چالاکانەی کردووە لە شاری سەردەشت، هاوارمان دەکرد "دەرگای زیندان دەشکێنین - زیندانیەکان دەردێنین" ئەوکات کاک ئەحمەد نەستانی و کاک کەریم نەستانی لە زیندانیدا بوون.. دوای هەڵاتنی شاە و ڕوخاندنی ڕژیمی شایەتی پادگان و پاسگاکان لە کوردستان هەمووی بە چەک و چۆلەوە کەوتە دەست حزب و خەڵک. حزب دەستی کرد بە بنکە دانان و سازمان دانی پێشمەرگە لە هەموو گوندو شارەکانی کوردستان، خەڵک زۆربەیان چەکی خۆیان هەبوو هەر بە چەکی و فیشەکی خۆیانەوە پێشمەرگە بوون، من چونکە هەر لە زووەوە دەمناسین و تێکەڵ بووم لەگەڵیان شارەزا بووم لەگەڵیان و هەروەها کەمێک شارەزاییم هەبوو لە بەکار هێنانی چەکەکان، بۆیە مەلا حەسەن شیوەسەڵی و مەلا خدر دۆڵەگەرمی بانگیان کردم و لەگەڵ ئەوان دەستم کرد بە خەبات و تێکۆشان.. لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان، مەئموریەتیان پێ دام بۆ دەفتەری سیاسی ئەوکات لە "گوێکتەپەی مەهاباد" بوو لەوێ لە خزمەت جەنابی کاک دکتور " قاسملوو دا بووم. ئەوکات حزب لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ کۆماری ێیسلامی من نیگابانی ئەو ساڵۆنە بووم کە کۆبونەوەیان لێ دەگرت باشم لە بیرە لە کۆبوونەوەیەکدا کاک دکتور قسەی دەکرد دەیکووت هاوڕێیان مانای "خودگەردانی و خودموختاری" هەر یەکە با قەبوڵی بکەین و وەریگرین،، با جارێ جێی

پێی خۆمان قاییم بکەین و لە ناو خەڵکی خۆماندا بمێنینەوە.. ڕۆژێکی تر مامۆستا شێخ عزالدین هات بۆ دەفتەری سیاسی خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو پێشوازی باشی لێکرا. کاک دکتور هەموو هەدەفی ئەوە بوو لە ناو خەڵکەکەدا بمێنێتەوە گووتی جەنابی مامۆستا تۆ لە ناو خەڵکدا خۆشەویستی وخەڵک باوەڕو ئیمانیان پێتە وەکوو نوێنەری کورد بڕۆ بۆ تاران،، هەموو خەڵک تۆ قەبوڵ دەکەن هەرکەسیشت پێ خۆشە وەکوو جێگر وەک هاوڕێ با لەگەڵتا بێت.. ئاخوندەکان لە باری زیرەکی و ئاینیەوە هیچیان بە تۆ ناوەستن تۆ زۆر لەوان زاناترو شارەزا تری ئەگەر ئاخوندەکان قەبوڵیان کردی هەر بە ئایاتی قورئان بە حەدیسان بۆیان باس بکە کە کوردو بەلوچ و فارس و تورک و هەموو نەتەوەکانی تری ئێران فەرقیان نییە. ئەوانیش زۆر باوەڕیان بە ئایەت و حەدیس هەیە. ئەوکات تۆ باسی وەزعی کوردستانیان بۆ بکە، لە دەرمانخانە.. قوتابخانە،، ڕێگاو بان،، نەخۆشخانە .. شوێنی پەروەردە .. پێیان بڵێ ئەگەر سەفەرێکی کوردستان بکەن لە هەموو ئەوانە حاڵی دەبن. هەر ڕۆژەی داوای شتێکی تر بکە کە بە داخەوە شێخ ئەو کارەی نەکرد.. دوای ئەوەی لە خودموختاری نزیک ببوینەوە بەداخەوە چەند کەسێکی نەناسراو بە ناوی حزبی دیموکرات چەند سەربازێکی ڕژێمیان دەکوژن ڕۆژنامەی حزبیان لەسەر جەنازەکانیان دانابوون و لەسەریان نووسیبوون ئێمە باوەڕمان بە خودموختاری و بە ڕژێم نیە و هەر هەمووتان دەکوژین. لە نزیک شاری "میاندواو" بۆیە خومەینی جهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرو سەرۆک کۆماری ئەوکات "بەنی سەدر" دەستووری هێرشی دەرکرد بۆ سەر کورستان کووتی بەندی پۆتینەکانتان ناکەنەوە هەتا هەموو کوردستان دەگرنەوە. پاشان کەسێکیان بە ناوی "خاڵخاڵی" وەکوو حاکمی شەرع نارده کوردستان کە چەند هەزار کەسی بە بێ تاوان ئێعدام کرد.. شەڕی نێوان "بانە بۆ سەردەشت" بە ناوی شەڕی "دارساوێن" دەستی پێکرد، لە دارساوێن بە سەدان ماشێن و تانگ و نەفەر بەرو وەسایلی نەقلییەی ئارتەش تێک شکێنرابوون دەسووتان زەربەیەکی زۆر قورس لە ڕژێم درا بوو لەو شەڕەدا عەولا دەورێکی زۆر کاریگەری هەبووە هەم بە Rpg هەم بە "قازیفە" لە هێزەکانی دوژمنی دەدا شان بە شانی هاوسەنگەرانی. لە هەموو لایەکەوە هێزی پێشمەرگە هاوکاری یەکترمان دەکرد. پاشان هاتینە بنکەی "بناو" دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕژێم دەیەوێ هێرش بکات بۆ سەر گوندەکانی "شێنوێ وگۆرانگان و بناوە و بێشاسپێ و توژەڵ و زێوەو نەڵاس" و ئەو دەورو بەرانەو بە شەو بێ هەمووی بگرێ، ئێمە ڕۆشتین بۆ گوندی "توژەڵ" لەوێ ماینەوە ٨ پێشمەرگە بووین بەسەر ٢ ماڵدا دابەش بووین هەر ئەو شەوە بوو بە شەڕو تەقە دەستی پێکرد.. دیار بوو جاش و خۆفرۆش پێشیان کەوتبون لە خوار ماڵەکانی توژەڵ لە کەمینی دوژمن کەووتین، لە یەکەم تەقەدا بە داخەوە "عەولای مام ئاغا" شەهید بوو ئێمە ماینەوە ٢ پێشمەرگە تەرمی شەهیدیان ڕاگوێست ٥ پێشمەرگە مابووینەوە بەرەو گوندی "بناو" چووین کەووتینە کەمینێکی تری دوژمن شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. لەو کاتەدا لەو ئاگر بارانەدا گەنجێکی ١٤ ساڵانە بە ناوی "کاوە پەیرەوان" هات گووتی دەمەوێ ببمە پێشمەرگە، منیش ماچم کردو چەکی شەهید "عەولا" م دایەو لەگەڵ فیشەکدانەکەی هەر لەوێ فیشەکدانەکەی لە خۆی بەست و چەکی شەهیدی لەشان کردو وێڕای ئێمە بوو بە پێشمەرگە. بە هەر شێوەیەک بوو توانیمان خۆمان لە کەمینی دوژمن دەرباز بکەین گەیشتینەوە ناو پێشمەرگەکان لەوێ بە "پیرەباب" م کووت کە بە داخەوە عەولای مام ئاغا شەهید

بووە زۆری پێ ناخۆش بوو،،،  هێزی پێشمەرگەو هێزی بەرگری لە هەموو لایەکەوە دەورەمان گیرابوو، بەیانی زوو شەڕێکی زۆر گەورە دەستی پێکرد "فەقێ ڕەسوڵی بێشاسپێ" جێگری "مەلا حەسەن شیوەسەڵی" بوو لەگەڵ "پیرەباب"  و چەند هاوڕێیەک کۆبوونەوەیەکی چکۆڵەمان گرت. بە منیان گووت چۆن دەتوانی خۆت بگەیەنیتە پشتی گوندی "توژەڵ" لەوێڕا لێیان  دەن، منیش "خدری مام حاجی سەرشیوو حەسەن سەرشیوی و حوسین حاجی برایمی کاژەو چەند کەسی تر لە پێشمەرگەکان ساز کردن و پێم کووتن پێویستیم بە چەند گوللە **Rpg** هەیە ١٥ تا ٢٠ گوللەی قازیفە هەیە بۆیان دابین کردین و ڕۆشتین بۆ پشتی گوندی "توژەڵ" خۆمان بە گەڵاو دار ئیستسار کردو سەرکەووتین دیار نەبوین  نەیاندەتوانی بمانبینن، خۆمان گەیاندە ئەو جێگایەی کە بەسەریاندا زاڵ بووین. پاسدارەکان خەریکی پایەگا ساز کردن و سەنگەر لێدان بوون، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ من بوون هەموو ئازاو نرترس بوون، ٢ پایەگایان دانا بوو وردە وردە چوینە نێوان هەردوو پایەگاکە وابوو هردووکیمان بە جوانی لێ دیار بوو، من بە **rpg** و پێشمەرگەش بە چەکەکانیان لێیان هەستاینە سەرپێ و بۆیان چووین و لێماندان. هاتوهاوار پەیدا بوو بوو بە تەقە زۆریان لێ کوژرا زۆریان فشار بۆ هات، سەنگەرەکانی ئێمەیان تۆپ باران کرد تۆپ و خومپارە وەکوو باران دەباری شەڕ زۆر توند بوو تۆپێک زۆر لە نزیک ئێمەی دا بە شێوەیەک کە گڵ و خۆڵی بەسەردا کردین هەڵیداشتین بۆ دوور کە  حەسەنی حاجی برایمی کاژێ بێ هۆش بوو، بە دوو پێشمەرگەدا ناردمە دواوە شوێنی تۆپەکە زۆر قوڵ بوو  سەنگەرێکی باش بوو بۆ ئێمە. تا ئێوارە شەڕمان کرد سەنگەرمان چۆل نەکرد،، تەقەمەنیمان کەمی کردبوو،

-----------

بێسیمێکی کۆڵە پشتیمان پێ بوو کە کردمەوە چوینە سەر کاناڵی پاسدارەکان قسەیان دەکرد دەیانگووت یان نیرو بنێرن یا خۆمان تەسلیم دەکەین یا دەگەڕێینەوە، دەرەقەتی پێشمەرگە نایەین. لە قۆڵەکانی ترەوە پێشمەرگەو هێزی بەرگری فشاریکی زۆریان بۆ هێزەکانی ڕژیم هێنابوو، ئێمەش بە پەلە هاتینەوە گوندی "بێشاسپ" لەگەڵ  جەمعێک لە کادرو پێشمەرگەکان کە لەوێ بوون باسم کرد، کە ئەمشەو ڕژیم دێت ئەو نیروە لەگەڵ خۆی دەباتەوە یا هێزی تازەیان بۆ دێنن و دەمێننەوە با بچین کەمینیان بۆ دانێین جوابیان نەدامەوە ناهەقیان نەبوو زۆر ماندوو بون لە هێزی بەرگری چەند کەسێکم دەناسی گووتم ئێوە دەتوانن بچن کەمینیان بۆ دابنێن و ئەگەر هاتن لێیان دەن سەرکەووتو دەبن هەرچی چەک و موهیماتە دەستان دەکەوێ. دوو ڕێگاشم بۆ دانان. یەکەم ڕێگای بازەگاڕانی "توژەڵە" دووەم باریکە ڕێگایەک بوو نزیک بە گوندی "بناوە" بەڵام ڕێگای توژەڵ ئێحتمالی زۆرترە. چەند لە پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری ئازاو نەترس  چوون لەوێ کەمینیان بۆ دانان، ئەو پایەگایانەی کە لێک نزیک بوون هەموویان کۆببونەوە دەیانویست بەرەو سەردەشت هەڵێن و پایەگاکانیان چۆل کەن. ئەو هێزە کە هاتبوون ڕاست  دەکەونە ناو کەمینی ئەو چەند پیشمەرگەیەی هێزی بەرگری دەنگێ ناکەن تا

دەگەنە ناوەڕاستیان لێیان وەدەست دێن و لێیان دەدەن زۆر چاکیان لێدابوون نەیانهێشتبوو زۆر دەست بکەنەوە، چەند کەسێکیان نەبێ توانیبوویان هەڵێن ئەوانی تر هەموویان کوژرابوون. لەگەڵ چەند کەس خۆمان ساز کردو چووین بۆ لای پێشمەرگەکانی هێزی بەرگری کە چووین هەر هەموویان کوژرابوون ئەو ناوە بۆنی خوێن گرتبووی، بە بێسیم بە پیرەبابم کووت مزگێنیم دەیە هەر هەموویان کوژراون ' گووتی بزانن چەند کەس کوژراوە بیانژمێرن، ئێمەش کەووتینە بژاردن و دەرهێنانی کارتی شوناسایبیان و کۆکردنەوەی چەکو چۆلەکانیان، نزیک بە ٤٠٠ کوژراو بوون، لەو شەڕە گەورەیەدا بەداخەوە پێنج پێشمەرگەمان شەهید بوون:

١- عەلای مام ئاغای بنەوخەڵەف
٢- ڕەحمان حەسەنی
٣- سوارەی بێشاسپ
٤- مام حوسین هەڵوێ
٥- حاجی غەفوورو حەسەن مینە هەردوو سەردەستە بوون.. دیارە دوای ئەوانە بوومە فەرماندەو تەراحی شەڕەکان بەرنامە دارێژ، کە هەموو ئەوانە لە مامۆستام کاک "حەسەن شیوەسەڵی" فێر بووم لە مەیدانی کردەوەو شەڕدا هەرچیم هەیە لە مامۆستای دەزانم. سەرکەووتنم لە شەڕەکاندا هەمووی بە هاوکاری ئەو کوڕە ئازاو چاو نەترسانەوە بوە بە باوەڕ بە خۆ بوون باوەڕ بە یەکتری کردن، بیرم لەوە دەکردەوە پاسدارێک لەوسەری ئێرانەوە هاتوە لێرە لە ڕێگای دین و چوونە بەهەشتەوە ئێمە هەموو بە کافر دەناسێ، بە خاک و نیشتمانەکەم باوەڕم هەبوو، هەمیشە کە دەچووینەوە بۆ ناوچە لە جێگایەک ڕادەوەستام کەمێک لە خاکی پاکی نیشتمانەکەم هەڵدەگرت و دەستم بەرز دەکردەوە دۆعام دەکرد دەمگووت خودایە ئەگەر ئێمە لەسەر حەقین بمانپارێزە خۆ ئەگەر ئەوان لەسەر حەقن تەفرو توونامان بکە پاشان خۆڵەکەم بەسەر پێشمەرگەکاندا هەڵداویشت و ئەوجار بە دڵێکی پاکەوە هەموومان دەڕۆشتین و تووشی ئەو هەموو شەڕو تەقەو لێکدانانە دەهاتین بە کەمترین خەساراتەوە دەگەڕاینەوە، بۆ نمونە لەشەڕی جادەی پیرانشار سەردەشت کە ڕژیم بە سەدان ماشێن و تۆپ و تانک و زرێپۆش و وەسایل سەربازی لێ سووتا ئەو هەموو جاش و پاسدارە کوژران و بە دەیان کەسیان لێ بە دیل گیران کە دوای ئەوەی قسەیان بۆ کرا هەموویان ئازاد کران، هەروەها ڕژیم خەڵکێکی زۆری گوند نشینەکانی بە زۆرەملی چەکدار کردبوو هەتا بە دژی پێشمەرگە بجەنگێن، بە خۆشیەوە زیاتر لە حەفتا کەس ڕیزی دوژمنیان بەجێهێشت و گەڕانەوە ناو حزب، هەروەها لە شەڕەکانی بێوران.. بەردەپان.. کونە مشکێ.. بنەوخەڵەف.. ئەم شەڕانە زۆر گەورە بوون کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند کە لە هەمووی هەر بۆنی خوێن و باروت دەهات کە بە داخەوە شەهیدمان هەبوون "حەمەدەمین مەلا عەزیزی بێوران.. حەمەی مام عەزیزی بێوران.. کوێخا خدری داوداوێ.. شەڕەکانی زێوە،، ئەحمەدبریوو، کە چەندین پایەگا گیران پایەگای "بوبانە" گورهانی "ئاغەلان" یازدە کەس بە دیل گیران بە پێشمەرگەکانم گووت کەس حەقی نیە

هیچ بێ حورمەتیەک بە دیلەکان بکات برینداریان تێدا بوو داوام کرد دەرمانیان بکەن نمونەی زیندوو کە فایق کاژەیی هات بوو بە پێشمەرگە سەرباز بوو ئێستاش پێشمەرگەیە هەروەها پایەگای "گرژاڵ" کە دەستی بەسەردا گیرا، شەڕی گەورەی کورەبناوەو پشتی باساوێ شەڕی گەورەی دەوروبەری شاری سەردەشت کە زیاتر لە حەفتا کەس کوژرا لە هێزەکانی ڕژێم لەگەڵ کۆمەڵێک ئەسیر کە لە دوای شەڕەکە کاک حەسەن خۆشکەلام قسەی بۆ کردن و ئازاد کران، شەڕی گەورەی گۆڕەمەڕێ لەوێ من بە شەهید ناوم درابوو ئێستاش هەر ماوم لەو شەڕەدا خالید شیرێژ و حەمە شیرین خەڵکی پیرانشار بوون شەهید بوون لەگەڵ سێ کەسی دی.. ساڵی ١٣٦٤ بەهار بوو پێشمەرگەکان چوبونەوە بۆ مەنتقە بنکەکانمان لە دۆڵی نێوزەنگ بوو، پێشمەرگەیەکی کەم لە بنکەکان مابوونەوە جاش و پاسدارەکان بە فرسەتیان زانیبوو هاتبوون گەمارۆمان بدەن و لێمان بدەن یان بمانگرن.. بەیانی کە هەستاین تەواو دەورەمان گیرابوو ئێمەش خۆمان سازمان داو بووین بە ٣ تیم دابەش بووین و لە چەند لاوە بۆیان چووین زۆر لە نزیکەوە تێکهەڵچووین بوو بە تەقەیەک کەس ئاگای لەکەس نەما، بوو بە شەڕی دەستەویەخە هاوار هاوارێک پەیدا بوو شەڕ هەر دەهات گەرمترو نزیکتر دەبوو لە بەیانی سەعات حەوت هەتا دوانیوەڕۆ هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبوو، دوانیوەڕۆ بەلای گوندی "توژەڵە" پاسدارێکی زۆر گەمارۆ درابوون من و کاک حوسین پەیڕەوان و کاک محمد پەردەدار دیتمان ویستمان بە هەر شێوەیەک بێ ئەوانە دەرباز نەبن، هیچ چاریان نەمابوو بە هەموو چەکێک لە دورەوە گوللە باران کراین دەیانزانی بۆیان دەچین تۆپێک لە نێوان من و محمد پەردەدار لە عەرزێی دا ونی کردین لە تەپ و تۆزدا وامدەزانی بریندار بووم کە هەستامەوە خۆم تەکاند ساغ بووم خوێنم پێوە نەبوو لەولاتر محمد دەیناڵاند کە چووم چاوم لێکرد دەستێکی پەڕیبوو،، گووتی "شەقاز" نامرم؟؟ گووتم نا کاکە چاک دەبیەوە،، لەگەڵ کاک حوسین پەیڕەوان بردمانە بن شاخێک دامان نا حوسین دەرمانی دەکرد، وەزعی زۆر خراپ بوو هەر چاوەڕێی ڕەفیقەکەی دەکرد کە لەولای ئێمە لە شەڕدا بوو بە ناوی "خالید" لەو ئاگر بارانەدا چووم خالیدم بۆ هێنا چاوی پێی کەووت وگووتی شەقاز دەستت خۆش بێ گووتی هاوڕێیان هیچ غەمی منتان نەبێ "واش نەبایە هەر دەمردم کەسیش یادی نەدەکردم" چاوی لەسەر یەک داناو شەهید بوو.. ئێمەش هەستاین هێرشێکمان کردە سەریان ئەوی کوژرا کوژرا ئەوانی تر لە شاخی خۆیان فڕێدا خوارێ و سەریان بە تاشە بەردەکانی کوردستان کەووت و کوژران زۆریان بە دیل گیران ڕژێم شکاو هەڵات، بە تاریک بوونی هەوا شەڕەکە کۆتایی پێ هات. بە ئەسیرەکانەوە گەڕاینەوە...

---

بە هۆی تۆپ و خومپارە بارانی دوژمن گوندی "نۆکان" سووتا، لە گەڕانەوەدا یەک دوو لە پێشمەرگەکان بە نیاز بوون بە تۆڵەی شەهید "محمد پەردەدار" هەموو ئەسیرەکان بکوژن، بەڵام من نەمهێشت گووتم ئەگەر بتانەوێ بەو چەند ئەسیرە تۆڵە بکەنەوە ئەوەندە بزانن ئەگەر هەموو پاسدارانی ئێران بکوژن بە قامکێکی شەهید محمد نابێ، نابێت بیانکوژین..

ئەوەندەی لە بیرمە لەو شەڕەدا ناوی هەموانم لە بیر نەماوە داوای لێبوردن دەکەم - بەڵام ئەوانەم لە بیرن... شەهید حەمە نارستی... حوسین پەیڕەوان... عەولا سەدیقی... حەسەن حەکیمزادە... عومەر باڵەکی جێگری پەل بوو... عەلی مام حوسین... هەر ئەو شەوە بنکەکەمان ڕاگوێست بۆ گوندی "شێنێ" شەهید محمد بە خاک سکپێردرا... شەقاز باوەڕێکی پتەوی بە ڕێگاکەی هەبوو، هەمیشە نواندنەکانی تایبەتی بوون زۆر کاری دەکرد کە کەس نەیکردبوو. هەمیشە پێی وابووە کە خوداو دین و ئاسمانەکانیش کوردیان خۆش دەوێ، لە کاتی چونەوەی پێشمەرگەکان بۆ کاری سیاسی و نیزامی و گەڕان بە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەدا، یان بۆ عەمەلیاتێک هەموو جارێ پێش ئەوەی دەست بەکار بن بۆ خۆی وەک فەرماندەیەک پێشمەرگەکانی لە جێیەک کۆ کردوونەوەو مشتێک لە خاکی کوردستانی هەڵگرتوەو داوای لە خودا کردووەو گوتویەتی خودایە ئەگەر حەق بە ئێمەیە بمانپارێزەو سەرکەوتو بین، خۆ ئەگەر حەق بە دوژمنە هەموومان تەفرو تونا بکە، پاشان خۆڵەکەی بەسەریاندا بڵاو کردووەو بە دڵێکی پاک و بە باوەڕو ێیمانێکی پتەو بە مافی گەلە بەشخوراوەکەی و مەحکەم لە بڕیارداندا لە هیچ بەربەستێک نەپرینگاونەوەو گەورەترین عەمەلیات و ڕاگرتنی ماشێنەکانی سەر ڕێگاکانی سەردەشت بۆ بانە و مەهابادو پیرانشار کە بە سەدان ماشێنیان لەسەر ئەو جادانە لە پێش چاوی دوژمن ڕاگرتوەو کەسانی وەک شەهید کەریم توژەڵی و حەسەن خۆشکەلام قسەیان بۆ خەڵک کردووەو جنایەتەکانی ڕژیمیان بۆ خەڵک لە قاو داوە کە بە سەدان کەس لە فارس و تورک و کورد لە ناو خەڵکەکەدا بوون بە چەندین سەربازو دەرەجەدارو پیاوی ڕژیمیان تێدا بووە کە تەنها چەکەکانیان و کارتی پێناسیان لێ وەرگرتوون و لە پێش چاوی خەڵکەکە ئازادیان دەکەن دەیسەلمێنن پێشمەرگە نە پیاو کوژە نە دوژمنی خەلکە تەنها داوای مافی خۆی دەکاو شەڕی بەسەردا داسەپاوە دەنا ئێمە چەکمان تەنها بۆ بەرگری لە خۆمان دەست داوەتێ، بۆخۆی بە کوردی و بە فارسی قسە بۆ خەڵک دەکاو کاتێک لێی دەپرسن تۆ ڕوتبەت چیە؟ دەڵێ من چاپەزی ئەو پێشمەرگانەم. پاشان هەموویان بە خۆشی و پێکەنین و ماچ کردن و سیگناڵ لێدان ماڵئاوایی لە کپێشمەرگەکان دەکەن. لە کاتێکدا ژمارەیان تەنها یازدە پێشمەرگە دەبن لە جێگایەکی یەکجار حەساس و نێوان دوو خاڵی بازدیدی سوپاو ێیتلاعات، لەسەر جادەی خوار گوندی "باغی" کە بۆ سەردەشت و گەورەترین پایەگای ڕژیم لەوێ ۳ کیلۆمەتریان نێوان بووە. کاتێک پێشمەرگەکان دەڕۆن دوژمن دێ ئەو جێگایە هەموو گەمارۆ دەدا.. دوای گەڕانەوەیان سەرەڕای ئەوەی چەند کەس لە پێشمەرگەکان شکایەتی لێ دەکەن کە نەدەبوو ئەو سەربازو دەرەجەدارو کەسانی سەر بە ڕژیم بوون ئازاد بکات. نەکوو هیچیان پێ نەکووت بەڵکوو لە دەفتەری سیاسی تەشویقیان کردبوو. زۆر جار قسە بۆ خەڵک کردن زۆر لە عەمەلیاتی چەکداری بە هێزترو بە سوود ترە... با قسەیەکی خۆش و یەکێکی تر لە باوەڕەکانی شەقازتان بۆ باس بکەم.. لەسەر چۆمی کەڵوێ دەبن بە نهێنی لە شاری کەبابیان بۆ دێنن تێرو پڕ کەباب دەخۆن شەقاز دوای نان خواردن دەست بڵند دەکاو دەڵێ خودایە ئەگەر ئێمەت خۆش دەوێ هەر ئێستا دوای ئەم کەبابە تونگەیەک "دۆ" ی بە تۆراخ و بە قەزوان خۆشکراومان بەم ئاوەدا بۆ بنێری، کوڕەکان کە لەگەڵ بوون محمد کەسرایی و حەسین پەیڕەوان و چەند کەسێکی تر، کووتیان هەر دوو دەقیقەی نەگرت تونگەیەک بە قەراخ چۆمی دا دەهات بۆ چووین گرتمانەوە پڕ لەو دۆیە

بوو کە شەقاز دۆعای بۆ کرد.. بە تۆراخی بە قەزوان خۆشکراو بوو تێر تێرمان لێ خواردە.... شەقاز دەڵێ دوایین عەمەلیاتم شەڕی گوندی "بێژوێ" بوو کە بە داخەوە ٣ شەهیدمان هەبوو بە ناوەکانی خدر ڕەشەهەرمێ... سمایل چوکەڵ خەڵکی قوڵە سوێروێ... یەکێکی تر لە شەڕەدا ٤٢ ئەسیر هەبوو کە لەگەڵ خۆمان هێنامانن بۆ بنکەی "شیوەڕەز".. عەولا شەقاز ساڵی ١٣٦٣ لەگەڵ خاتوو سەیزادە ڕابیعە کە پورزای خۆیەتی ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، دیارە پێشتر هەر بە خۆشەویستی و ئیحترامەوە عاشق بەیەک بوون، هەر بۆیەش لەگەڵ ئەو هەموو ماڵ وێرانی و ترس و برسیەتی و لە ژێر تۆپ و تەیارەو خومپارە بارانی دوژمندا ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و شاهانەیان کردووە.. سەرەتای ژیانیان "مۆکێتێک و چەند پەتووی حزبی" کە زۆریش پێی ڕازی بوون و دڵیان پێی خۆش بووە. ئەوکات جێگری دەستەی زەربەت بووە کە شەهید محمد پەردەدار سەردەستە بووە، دەڵێ لە هەموو عەمەلیاتەکان و جەولەکان کە دەگەڕامەوە ماندوو شەکەت بووم خێزانم زۆر یاریدە دەرم بوو زۆری تەشویق دەکردم هەر ئەوە بوو من هێندەی دیکە دڵخۆش و بە ئیمانترو زیاتر لەسەر پێ بم. زۆرمان ناخۆشی دیوە، یەکەم منداڵمان ساڵی ١٣٦٤ لە کونە تەیارەدا لە دایک بوو، شەوو ڕۆژ بۆمباران دەکراین، بەرهەمی ژیانی ئێمە ٣ کورو کچێکە. ڕێباز ساڵی ١٣٦٤. ڕێزان ساڵی١٣٦٧. ڕێبوار ساڵی ١٣٧٠ لە بناری قەندیل لە بن خێوەت دا. ڕێبەر ساڵی ١٩٩٩ی میلادی لە وڵاتی "نۆروێژ" لە دایک بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار ماڵیان سووتاوەو بە تاڵان براوە، زۆر جاران بە مانگ ئیمکانی ئەوەمان نبوو کە خواردنێکی گەرم بخۆین، کاتێک لە قەندیل هاتینە خوارێ بۆ دەشتی کۆیە، نەماندەتوانی بچینەوە بۆ ناوچەو ناو خەڵکی خۆمان. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ هەتا ١٩٩٦ لە کۆیە بووم لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن برایانی باشورەوە زۆر وەحشیانە تیرۆر کران. چەند جاریش هەوڵی تیرۆری منیان داوە هەوڵیان داوە ماڵ منداڵم لە بەین بەرن، یا نەماندەتوانی بە لیباسی خۆمان ڕۆژهەڵاتی بچینە ناو بازاڕ بە تایبەتی ئێمە کە بەشی نیزامی بووین زۆر ناخۆش بوو لە قەڵاوە بۆ کۆیە دەبوو بە ئێسکۆرتەوە بڕۆین لەبەر کەمینی برایانی باشوور.. لە ماوەی پێشمەرگایەتیمدا ٦ جار برینداربووم، ئێستاش پارچەی خومپارە لە سەرمدایە زۆرم ئازار دەدا ئەعسابم نارەحەتە بۆیە داوام لە بەڕێز مامۆستا کرد "عەبدوڵا حەسەنزادە" کە بۆ چارەسەر بمنێرنە دەرەوەی وڵات، بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکم خۆمان گەیاندە "تورکیا" لەوێش پاش ماوەیەک بەرەو وڵاتی "نۆروێژ".. دیارە من پێش شۆڕشی گەلانی ئێران هاوسەر گیریم کردبوو کە ٢ منداڵمان هەبوو بە ناوی شۆڕش و گەلاوێژ کە شۆڕش ئێستا لەگەڵ خۆمەو گەلاوێژ لە ئێرانەو هاوسرگیری کردوە، دایکیان لە ژیاندا نەماوە ڕۆحی شاد بێ و جێگای بەهەشت بێ...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل ...

----------------------------------------------- -------

## هاوڕێ سەکینە جەوانمەرد




ئەم قسەیە بۆ مێژوو دەڵێم "لە هیچ کارەساتێک نەکشانەوە لە هیچ هێزێکیش نەترسان" ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی... هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. خوشکە "سەکینە جەوانمەرد" و بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە بەرۆکی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان. ئێستا با بزانین خەشکە "سەکینە" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە وەکوو هەموو منداڵێکی کورد لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شاری "مەهاباد" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو لە کاتی خۆیدا ناردویانەتە قوتابخانە، هەتا کلاسی سێ دەبیرستان لە مەهاباد خوێندویەتی. پاشان ٢ ساڵ لە "ورمێ" دەورەی "مامانی" تەواو کردووەو بە هۆی ئەوەی زیرەک بووەو نەفەری دووەمی کلاس بووە. دراوە بە شاری "خۆیە" کە دووەمین شاری ئوستانە، بەڵام دایک و بابی ڕازی نەبوون کە بچێتە ئەو شارە. بۆیە دوای هەوڵێکی زۆر دراوە بە شاری "سەردەشت". پاش ماوەیەک لەوێڕا بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆ دەورەی "بهیار مامانی" چۆتە شاری "تاران" لەوێ دەتوانێ پلەی یەکەم بە دەست بێنێ. بەڵام دەبوو ماوەیەک بچێ کاریان بۆ بکات جا دەبوو مەدرەکی بدەنێ ، سەکینەش لەبەر ئەوەی براو خوشکەکانی چکۆڵە بوون نەیتوانیوە ئەو ماوە زۆرە بمێنێتەوە بۆیە گەڕاوەتەوە.. ئەو کات لە سەردەشت بووە کە بریندارو پەنابەرانی خوشک و برایانی باشور هاتبوونە ڕۆژهەڵات و لە ئۆردوگای "ڕەبەت" نیشتەجێکرابوون.. پاشان خۆی نەقڵی "مەهاباد" دەکات. ئەوکات وردە وردە سەرەتای مانگرتن و خۆ پیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ بوو. شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دەستی پێکردبوو. حزبی دیموکرات خەباتی ئاشکرایان دەست پێکردبوو. ئەوکات پەیوەندی بە حزبەوە کردوەو بۆتە ئەندامی حزب لەیەکێتی ژنان و هەروەها لە شوڕای شاری

مەهابادا بووە، لەگەڵ شەهید "کەماڵ دەباغی" و شەهید "سەروان چەلەبی" ئەندام بوون لەو شوڕایەدا. ئەوکات زۆرمان کار دەکرد هەم لە بەشی "یەکیەتی ژنان" لە "بیمارستان" بە هەموو لایەکمان بە بریندارەکانی خەڵک و پێشمەرگە ڕادەگەیشتین بە تایبەتی بریندارەکانی پێشمەرگە کە لە شارەکانی تری کوردستانەوە دەیانهێنان بۆ "مەهاباد". شەڕی نەغەدە و تەقینەوەکەی مەهاباد کە برینداری زۆریان هەبوو هەروەها کاتی گرتنی پادگانی مەهابادو شەهید بوونی شەهید "سەرگورد عەباسی" و "سەروان چەلەبی" و "محمود بالابەرز" پاشان ڕزگار کردنی بریندارەکانی پێشمەرگە لە بیمارستان کاتێک پاسداری لێ بوو. بۆ گوندی "بەیرەم" کە حزب بیمارستانی لێ دانابوو ، دیارە زۆر بوون ئەوانەی ئەو کارانەیان دەکرد. کارمەندەکان ماوەی شەش حەوت مانگ بەبێ حقوق کاریان دەکرد. خوشکە سەکینە سەرەرای ئەو هەموو کارە کە لە ئەستۆی بو هیچ یارمەتیەکی لە هیچ شوێنێکەوە وەرنردەگرت تەنها هەمووی خۆشەویستی حزبەکەیی و خەڵکەکەی بوو هانی دەدا خۆی ماندوو بکات. بێجگە لەوانەش هەموو پێویستیەکانی دەرمانی بیمارستانی حزب لە "بەیرەم" بە نهێنی لە بیمارستانی "مەهاباد" دادە سەکینە دابینی دەکردو هەموو پێداویستیەکانی دەگەیاندە دەستی حزب، ئەگەر هاتباو زانیبایان حەتمەن ئیعدامیان دەکرد، بەڵام ئەو لەبەر حزبەکەی گیانی خۆی لە گرەو نابوو، پاشان بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە نەخۆشخانەی حزب لە "بەیرەم" کاتێک دەزانێ برینداریکی زۆری پێشمەرگەی لێیەو کەسیش نیە پێیان ڕا بگات. ئەو کات وەکوو دکتور تەنها "دکتور خوسرەوی" لەوێ خزمەتی دەکرد لەگەڵ "سەکینە جەوانمەردی" بۆیە هەموو کارەکان کەوتبووە سەر شانی دادە سەکینە. کە دیارە ئەوکات لە کۆنگرەی چوارو پاشان لە کۆنفرانسی یەکیەتی ژنان بە بەرپرسی یەکیەتی ژنان هەڵبژێردراوە. کە لە کاتی شەڕی سێ مانگەو تۆپ و خومپارە بارانی شاری مەهابادو گەمارۆدانی ئابووری بۆسەر ئەم شارەو شارەکانی تری کوردستان گەلێک هاوکاری و کۆمەگی بە خەڵکی لێقەوماوی بێ دەرەتان و هەژاری ئەم شارە کردووە ماڵ بە ماڵ گەڕاوەو بۆ دەرمان کردنی بریندارەکان و هەروەها پەیدا کردنی خواردەمەنی بۆ بنەماڵە هەژارەکان.. هەر ئەوکات شەهید "دکتور سەعید" ڕەسمەن بە دکتور خوسرەوی دەڵێ با خوشکە سەکینە لێرە لە بیمارستانی "بەیرەم" لەگەڵ تۆ کار بکات دادە سەکینە لەوێ دەست دەکات بە کاری قورس و هەناسە بڕ.. بریندارو نەخۆشێکی زۆر و ئیمکاناتی کەم و کاری ٢٤ سەعاتە شەفتی شەوو شەفتی ڕۆژ.. بە ڕۆژ بە بریندارو بە نەخۆشان ڕاگەیاندن بە شەو شۆردنی لیباسی دیوی عەمەل و لیباسی برینداران لە چۆمی،، لێنانی دوو ژەم خواردنی گەرم هەموو ئەمانە لە سەر شانیدادە سەکینە بوو، من ماوەیەک لەوێ بووم نەخۆش بووم، هەموو ئەوانەم بە چاوی خۆم دی، پێم سەیر بوو ئەم خوشکە کەی دەنوێ؟ کەی ئیسراحەت دەکات؟ پێمان سەیر بوو بریندارو هاوارو ئازاری نەخۆشان وەخت و کاتی بۆ نەبوو شەوو نیوەشەو هەموو هەر هاواری خوشکە سەکینەیان دەکرد.. بۆیە ئەمن شاهیدم بە ڕاستی ئێمە پێمان سەیر بوو چۆن بەو هەموو کارە ڕادەگات، پاشان خوشکە سەکینە لەگەڵ دکتور خوسرەوی و کاک ناسری برای نەیانتوانی پێکەوە بسازێن و کار بکەن. دەچێتە دەفتەری سیاسی کە ئەوکات لە "دۆڵی دیموکرات" بوو لە گوندی "شیوەجۆ" پاش ماوەیەک دەینێرنە نەخۆشخانەی شاری "بۆکان" ئەوکات بۆکان لە ژێر دەسەڵاتی حزب و پێشمەرگەدا بوو.. لەوێش بەهۆی نەبوونی بێ ئیمکاناتی و بێ بەرنامەیی و کەم

ئەزموونی، وەزعی بیمارستانەکە زۆر باش نەبوو بێجگە لەوەش ئەوکات "کۆمەڵە" دەستی بە سەر نەخۆشخانەکەدا گرتبوو. دەرمانگایەکی نا ڕێک و نا تەندروست من دەبوو بەو دەرمانگاو نەخۆش و بریندارو خاوێن کردنەوەی ڕابگەم. نە کۆمیتەی شارستان و نە هێز هیچ یارمەتیان نەدام. مەجبوور بۆ خۆم بە تەنیا شانم دایە بەری و دەستم بە کار کرد. کەس نەبوو شەوانە ئاگای لە بریندارەکان بێ. منیش هیچ جێگایەکی حەسانەوەم نەبوو مەجبوور شەوانە دەچوومە ماڵە خزمێکی خۆم کە ماڵیان لەوێ بوو، پاش ماوەیەک دکتۆرێکی "مجاهدین" یان هێنا، حەوتی بەیانی دەچووم هەتا یازدەی شەو بە تەنیا، کەس نەیدەزانی من چۆن دەژیم،، کۆمەڵەش بە باشی نەخۆشەکانیان لێ وەرنەدەگرتین کە پێویست ناکا لێرە باسی هەموو ئەوانە بکەم. ئەوە وەزعی من بوو لە بۆکان، هەتا شاری بۆکان لە لایەن ڕژیمەوە گیرایەوەو ئێمەش چووینە گوندی "قالوێ" کە حزب بیمارستانی لەوێ دانا.. لەوێش دادە سەکینە قۆڵی لە کارو خزمەت و تێکۆشان هەڵماڵی و وەکوو هەمیشە دەستەملانی کاری قورس و زەحمەتەکان بۆوە. لێرە باش بوو دکتۆرەکانی کە لە "فەرەنسا" وە دەهاتن دەرمانیان لەگەڵ خۆیان دێنا، کلاسی ئاموزشی و ڕاهێنانیان دادەناو کادرەکانیان فێر دەکردن. بریندارمان یەکجار زۆر بوو، پاس و ویزیتی نەخۆشەکان و بریندارەکانم دەکرد، نەهارم ساز دەکرد دەچووم بۆ دیوی "نەشتەرگەری" هیچ یەک لە کادرەکانی خۆمان کاری دەرمانیان نەکردبوو، فێری هەموو کارێکم دەکردن. بۆ کاری پەرستاری ئەو پێشمەرگانەی لە لای بریندارەکان دەمانەوە ئەوانیشم فێر دەکردو تا بتوانن لە هێزو بنکەکانی خۆیان کارە سەرەتاییەکان بکەن. ئەوکاتی کە لە "بەیرەم" و لە دەفتەری سیاسی بووم کادرو پێشمەرگەکانم فێری کاری دەرمانی دەکرد... لە بەیرەم چەرخی خەیاتیم بە ئەمانەت لە خەڵک وەرگرتبوو لیباسی دیوی نەشتەرگەری و نەخۆشەکانم پێ دەدووری، لە قالوێ بە بێ دەستکێش کارم دەکرد ئاڵکۆڵی عادیمان نەبوو هەر بە سابوون و "متالیک و یۆد" دەستم دەشووت هەردوو دەستم توشی حەساسیەت ببوون کاک دکتور قاسملو کە هات سەردانی کردین. هەموو ئەو شتانەم بۆ باس کرد، دیارە لەو ماوەیەدا کادری ڕاهێنراومان زۆر هەبوون بەڵام دیسان ئەمن بە حەووتوی پێنج کاتژمێر نەدەنووستم، هەرگیز لە بیرم ناچێ بریندارێکیان هێنا پێشمەرگە بو کەریم خاڵداری لەگەڵ بوو دکتۆر "باڵ" نەشتەرگەری بۆ کرد پێویستی بە خوێن بوو وەهاب کەریمی هەڵات بچێ لە ناو خەڵک خوێنی بۆ پەیدا بکات هەتا هاتەوە من سورنگ و کیسەم هێنا لە خوێنی خۆمی بدەمێ بە داخەوە زۆر درەنگ بوو شەهید بوو ناوی ڕەسوڵ بوو چوار کچ و کوڕێکی لە پاش بەجێما، زۆری کار تێکردم. دوای ئەوەی کە لەوێش توشی شەڕو تۆپ باران و هێرشی دوژمن بوینەوەو دیسان گواستنەوەی نەخۆشخانەو جێگا گۆڕکێ بووین من چوومەوە بۆ دەفتەری سیاسی و لەوێ لە "فێرگە" دەستم بە کار کرد، وەکوو کادری دەرمانی.. لەوێ دکتور قاسملوو دەبینێ و پێشنیاری پێدەکات کە لێرە لە فێرگە کلاس بۆ کادرو پێشمەرگەکان دابنێ و بۆ ڕاهێنانی کارە سەرەتاییەکان و هەروەها دانانی گروهی خوێن لەسەر کارتی پێناسی کادرو پێشمەرگەکان هەر ئەوکات کاک دکتور قەبوڵی دەکات و لە فێرگەو کۆمیتەی بانە جێبەجێ کرا.. هەر لەوێش خوشکە سەکینە یەکیەتی ژنان دیسان زیندوو دەکاتەوە بە هاوکاری کاک هەیاس، توانی لەو ماوەیەدا زۆر کاری بە کەڵک و بە سوود یەنجام بدات وەکو دانانی کلاسی دەرس و بەشداری کردن لە کلاسی درومان لە کۆیە بە هاوکاری یەکیەتی ژنان بۆ

فێربوونی دەورە بۆ گوڵسازی و سەردانی هەموو کۆمیتەکانی حزبی و مەشق و ڕاهێنانیان لە هەموو بارێکەوە، لە دەفتەری سیاسی و مەڵبەندی سپی سەنگ و گوندی "سڵێ" بۆ هەرکام ٢ حەووتو دەورەی تەندروستی دانرا، لە لایەن فەڕەنسی یەکانەوە دەورەی "مامانی" دانرا و وەسایلی کاریان وەرگرت. لە یەکەم کۆنفرانس بە سکرتێری یەکیەتی ژنان هەبژێردراوە، دیارە ئەو کارانە هەموو دوای کۆنفرانس کراون. لەگەڵ ئەوانەشدا توانیویانە پێشانگاش دابنێن هەر لەو کاتیشدا ٤ جار سەردانی کوردەکانی شاری "ڕومادی" عێراقیان کردووە، ئەوە تەنها گۆشەیەک بوو لەسەر ژیان و کارو تێکۆشانی خوشکێک کە هەموو خۆشی و ژیانی خۆی لە پێناو بیروباوەڕو خەڵک و حزبەکەیدا دانا هەتا لەو ڕێگایەوە بتوانێ وەکوو تاکێکی گەل ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری بۆ گەلەکەی دابین بکات.. ئێستاش لە یەکێک لە وڵاتەکانی "ئۆروپا" خەریکی بەڕێوەبردنی کارو چالاکیەکانیەتی لە یەکیەتی ژنان و کاری حزبی... پیرۆزت بێ "میداڵی ئازایەتی" خوشکە سەکینە جەوانمەرد..... نمونەت زۆر بن ...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل ..

-------------------------------------------------- --------

# هاوڕێ عەبدوڵا حەسەنزادە ناسراو بە "عەوڵای مام ئاغا"




...هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "عەبدوڵا حەسەنزادە" ناسراو بە "عەوڵای مام ئاغا" بەڕێزو بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ێازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان. ئێستا با بزانین "عەوڵا" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە... لە گوندی "بێوران" ی خوارێ سەر بە شارستانی "سەردەشت" لە بنەماڵەیەکی کاسبکارو وەرزێر چاوی بە دنیا هەڵێناوەو بۆتە کۆرپەلەیەکی جوان و خۆشەویست بۆ بنەماڵەکەی... لە هەواو سروشتی وەک بەهەشتی گوندە جوان و دڵڕفێنەکەی بێوران گەورە بوەو لە کاتی خۆیدا ناردویانەتە بەر خوێندن، هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی هەر لەوێ خوێندووە، بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی "رهنمایی" بۆ درێژە دانی خوێندن ڕووی لە شاری "سەردەشت" کرد لەوێش هەتا سێی ڕەهنمایی "خوێندوەو کە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری هەموو گەلانی ئێران بوو بە دژی حکوومەتی پاشایەتی.. عولاش وێڕای هاو کلاس و هاوڕێکانی و خەڵک بەشداری کردووە لە هەموو ڕۆژە کانی خۆپیشاندان. هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەبێتە "پێشمەرگە" و بە ڕەسمی لە "دەستەی زەربەت" ی سەر بە "هێزی ١١ی شەهید موعینی" لە ناوچەی "سەردەشت " لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و شەرەف بە ئیمان و باوەڕ بە خۆ بوون و خۆشەویستی نیشتمان چەکی دیفاع لە نەتەوەکەی دەکاتە شانی.. هەر ئەو کات بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکی حزبی و پێشمەرگایەتی، بە مەئموورییەتی حزبی دەچێتە ناوچەکانی "تەلگەوەڕی ورمێ" هەروەها ناوچەی "شنۆ و پیرانشار" هەتا پێویست دەبێ لەو ناوچانە دەمێننەوە بۆ هاوکاری و بە هێزکردنی هێز لەو ناوچانە کە ئەوکات بە هۆی پیلانگێڕی و خیانەت و ئاژاوە گێڕیەوە ببوە ناوچەیەکی ئاڵۆز, پاشان حزب بۆ کاری حزبی و پێشمەرگایەتی دەیانێرن بۆ جنوبی کوردستان، لەوێش بەوپەڕی ئازایەتی

و نەزمەوە کارەکانیان به جێدەگەیەنن و دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان, عەولا وەکوو پێشمەرگەیەکی به نەزم و ئازاو گیانفیدا بۆ هەر کارێک و جێگایەک پێیان ئەسپاردبێ به دڵ و به گیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وەزیفەکانی خۆی جێبەجێ کردووە لە زۆربەی هەر زۆری شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەی کردووە, لە شەڕەکانی حەماسەی جادەی "سەردەشت بۆ پیرانشار" کە چەند مانگ درێژەی هەبوو دوژمن بە هەموو هێزی خۆیەوە لە ئاسمان و وشکانی بە بەکار هێنانی هەموو چەکێک لەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە کەڵکی وەردەگرت.. ئەو شەڕە ناودێرکرا بە شەری "مانگی دیفاع لە ئازادی پێویستە بڵێین لەو شەڕە گەورەو تولانیەدا هێزەکانی "یەکیەتی نیشتمانی" و هەندێک حزبی سوسیالیستی کوردستانی باکوور لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەلات پێکەوە هەرسێکیان وەکوو سێ برا لە یەک سەنگەردا خوێنیان دەرژاو شەهیدو بریندار دەبوون و لوللەی تفەنگی هەرسێکیان ڕوو لە سینگی دوژمنی سەرەکیمان کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.. ئەوکات هێشتا دوژمن نەیتوانی بوو کەلێن و درزو دووبەرەکی بخاتە نێوانمان،، ئەوکات هەستی دڵسۆزی و کوردایەتی و نەتەوەیی لە دوندو ترۆپکی خۆیدا بوو، کورد هەر یەک کورد بوو بیروباوەڕ لە ئەوجی بە هێزیدا بوو، "برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لای خوا بێ".. هەروەها شەڕی بە ناوبانگی "جادەی بانە بۆ سەردەشت" گەورەیی و پیرۆزی و سەرکەووتنی ئەم شەڕە دوژمن تەزێنە تەنها لە شان و باسک و ورەو باوەڕی پتەوی پێشمەرگە دەوەشێتەوە، شەڕێک کە دوژمن هەرگیز بە فکریدا نەدەهات هێزو تاکتیک و لێزانینی پێشمەرگە لەو ئاستەدا بێ، بە شێوەیەک کە ئەو هەموو ماشێن و تانک و هێزی هەوایی و جاش و سەربازو پاسدارو بەسیجی هەتا نەیانتوانی دیفاع لە خۆشیان بکەن، هەمووی بە دەستی پێشمەرگەی کوردستان تەفرو تونا بوون هەرچی کوژرا کوژرا ئەسیرەکان دوای لێکۆڵینەوە ئازاد کران، ئێستاش ئەو ئەسیرانە کە گەڕانەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان باس لە ئازایەتی و دەست و بردی پێشمەرگەو باسی مرۆڤ دۆستی و دڵ گەورەیی و لێبووردەیی فەرماندەکانی پێشمەرگە دەکەن، چۆن لە مردنی حەتمی ڕزگاریان کردن و برینندارەکانیان چارەسەر کردوون و بە ڕێزەوە ئازادیان کردوون. عەولا یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانانەی ئەو شەڕە بوو، هەروەها بەشدار بووە لە گرتنی پایەگای "زەنگە دۆڵ" و پایەگای "بێوران" سەردەشت و شەڕی ناو شاری سەردەشت و بە دەیان عەمەلیاتی تر وەکوو دانانی کەمین بۆ دوژمن،، چاندنی "مین" بۆ دوژمن لە سەرتاسەری ناوچەکە کە پادگان یا پایەگاو بنکەو شوێنی سەربازی لێ بووە... عەولا سێ جار بریندار بووەو هەموو جارێ دوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕاوەتەوە ناو سەنگەری شەرەف، زۆر کارو وەزیفەی تری ئەنجامداوە لەگەڵ کاری خۆی وەکوو بەشی ماڵی و پێڕاگەیشتن بە کاری نامە گوزاری و حسابداری لە دەستەی زەربەت.. هەروەها ماوەیەکی زۆر مەسئولیەتی پەلێک لە پێشمەرگەکانی پێ ئەسپێردراوە وەکوو سەرپەل لە دەستەی چواری شەهید کاوە مارەغانی، هەروەها بەر پرسی ماڵی و لەگەڵ ئەوانەشدا "کادری دەرمانی" بووە بۆ ڕزگار کردنی گیانی برینندارەکانی شەڕو کاری دەرمانی بۆ خەڵکی ناوچەکەش، هەروەها ماوەیەکیش وەکوو کادری تەشکیلاتی لە کۆمیتەی ناوچەی "بازاڕ" کاری کردوە و بە هۆی لێهاتوییەوە کردویانە بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و بەرپرسی ناوچەی "بوڵفەت".. دوای لێک جیابوونەوە و بوونی حزب بە دوو لەت کە ڕوداوێکی زۆر ناخۆش و نەخوازراو بوو بەڵام وەکوو

زۆربەی هێزو حزبەکانی ئەم جیهانە جودا بوونی فکرو سەلیقەکان کار دەکێشێتە ئەم شێوە دابڕان و لەت بوونانە، عەولا وەکوو زۆربەی هاوڕێکانی هەڵوێستی خۆی دەگرێ و پشتیوانی خۆی لە "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەکات و کارو چالاکیەکانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل لێرەوە وەک هەموو کادرو پێشمەرگەکان دەست پێ دەکاتەوە، دوای یەکگرتنەوی هەردوو باڵی حزب و لە حزبی یەکگرتوودا لە بەشی خەدەمات کار وە ئەستۆی خۆی دەگرێت و بەردەوام دەبێ لە وەزیفەو ئەرکەکانی حزبی هەتا ساڵی ١٩٩٨ی زایینی دەست لە کاری حزبی هەڵدەگرێ و ڕوو لە هەندەران دەکات و لە وڵاتی "نۆروێژ" دەگیرسێتەوەو لەوێش پەیوەندی بە تەشکیلاتی حزب لەو وڵاتە دەکات و وەکوو ئەندامێکی چالاکی حزب کارو تێکۆشانی خۆی درێژە دەدا عەولا لە ساڵی ١٩٩٠ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوەو بەرهەمی ژیانیان ٢ منداڵی جوان و ژیکەڵەن بە ناوەکانی "ژینۆ و ژیار"، پیرۆزت بێ "میداڵی ئازایەتی" کاکە عەولا بۆ هەمیشە سەرکەووتوبی...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

-------------------------------------------------- --------

## هاوڕێ ئەحمەد سادق پور ناسراو بە "سۆفی ئەحمەد"




ئەمجارە پێکەوە بە هەموومان لەلایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی یەوە، " میداڵی ئازایەتی" دەبەخشینە شۆڕشگێڕو قارەمانێکی ناو زیندانەکانی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران و کادرو پێشمەرگەی ناو سەنگەری ئازادی و ڕزگاری گەلەکەمان. بەڕێز "ئەحمەد سادق پور" ناسراو بە "سۆفی ئەحمەد" ئێستا با بزانین سۆفی ئەحمەد چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم ڕێزو قەدردانی و "میداڵی قارەمانیەتی" سۆفی ئەحمەد... سۆفی نیە بەڵام بە هۆی ڕیشێکی درێژ کە داینابوو پێش ڕوخاندنی ڕژیمی شاه. ناوییان لێ نا سۆفی. ئەو سۆفییەی بەسەردا بڕاوە هەتا ئێستا... ساڵی ١٣٣٣ لە گوندی "شێخان" ی سەر بە ناوچەی شنۆ چاوی بە دنیا هەڵێناوەو. دەورانی سەرەتایی و ڕەهنمائیی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوە. لە تەمەنی هەژدە ساڵی لە لایەن ڕژیمی پاشایەتی بە سەرباز دەگیرێ و پاش تەواو بوونی خزمەتی زۆرەملی سەربازی ساڵی ١٣٥٤ دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. دەست دەداتەوە کاری وەرزێری.. لە جووتی گا جووتی هەتا جووتی تەراکتۆر. بەهاران و پایزان گۆچانەکەی دەست دەدایەو لەگەڵ مێگەلە مەڕو نێری و شەکە بەرانان. لەگەڵ چەند سەگێکی گورگ خنکێن. دەستەملانی سروشتی جوانی شێخان و دەوروبەری دەبوو. لە هەوای سازگارو شاخ و بەندەنەکانی کوردستانی وەک بەهەشت.. حەتمەن سۆفی زۆری لەو شمشاڵە غەزەل خوێنانە بۆ خۆی و سروشت و دەوروبەری لێداوە.. شەوو نیوە شەو تێی توڕاندووە.. وەک شیعرە جوانەکەی مامۆستا هێمن. "شەوانی شوانی". هەتا ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ سۆفی وێڕای خەڵک خولیای کوردایەتی و سیاسەت دەبێ و ساڵی ١٣٥٨ ڕەسمەن دەبێتە پێشمەرگەو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ئاوایی "نەڵۆس" دەپۆشێ. سۆفی و کاک عومەر شاداب وەکوو دوانە بوون هەرچەندە لە دایک و بابێک نەبوون، بەڵام هەمیشە پێکەوە بوون. بۆیە هەردوو بەیەکەوە دەبنە پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان. هەر لەو

ساڵەدا هەردووکیان بوونەتە ئەندامی کۆمیتەی نەڵۆس. هاوینی هەمان ساڵ لەبەر چالاک بونیان و هەڵسوڕاوییان لە کارەکانیاندا سەرکەووتو بوون لە ئەنجامدانی ئەرک و وەزیفەکانیان، کردوییانن بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ.. لەم ئەرکە تازەدا ئەرکیان گرانترو قورس تر دەبێ، بۆیە دەبێ زیاتر لە جاران هەڵبسوڕێن و چالاک تر بن.. هەتا ساڵی ١٣٦١ سۆفی ئەحمەد لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حزبیدا دەکەوێتە ناو کەمینی هێزێکی کوردی و ئەوانیش زۆر نابەرپرسیارانە تەحویلی ئیتلاعاتی ئێرانی دەدەنەوە. سۆفی بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە زیندانەکانی ڕژیم لە ژێر هەموو چەشنە بێ حورمەتی و ئەشکەنجەو لێدانێکدا دەبێ کاتێک سۆفی دەگیرێ. حزب "عومەر شاداب" لە جێی سۆفی دادەنێن و هەمان بەرپرسایەتی کاک سۆفی دەدەنێ. عومەر شاداب ئەویش لە جۆزەردانی هەمان ساڵدا واتە شەش مانگ دواتر، لە هەمان شوێن کە سۆفی لێ گیرا. ئەویش دەکەوێتە کەمینی هەمان هێزی کوردی و ئەویش تەحویلی ئیتلاعاتی ورمێ دەدەن. هەردووکیان زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی ئینفرادی دا بوون. لە زیندانی سوپا لە ورمێ و لە زیندانی دەریای ورمێ. نەیان هێشتووە هیچیان ئاگایان لە یەکتر بێ و لە شوێنێکیان پێکەوە دانەناون.. بەڵام بەهۆی دروست کردنی تەشکیلاتێکی نهێنیەوە کە لەناو زینداندا دروستیان کردبوو هەمیشە ئاگاداری وەزعی یەکتر بوون. عومەر دەگێڕێتەوە دەڵێ کە من گیرام و کەوتمە زیندانی ئیتلاعاتی ورمێ لە شەقامی بەندێ. دوای شکەنجەدانێکی زۆر وەحشیانەی سۆفی ئەحمەد. هەر کوتبووی من هاتووم خۆم تەحویل بدەم. بەڵام دەیانزانی ڕاست ناکات. زۆریان لێ دەد. سۆفی ئەگەر گیرا ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆو بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی نەڵۆس بوو. عومەر دەڵێ شوێک بردیانمە ژورێکی ئەشکەنجەوە. هەندێکیان پرسیار لێکردم. کوتیان ئەتۆ لە زۆر شت حاشادەکەی بەڵام سۆفی ئەحمەد هەموو شتێکی لەسەر تۆ گووتوە. ئەگەر وایان کووت دڵنیا بووم ئەوەی لەودیوتر لێیان دەداو تەپە تەپی دەهات ئەوە سۆفی بوە لێیان دەدا. ئەوەندەی منیش سۆفی بناسم سۆفی ئەو کەسە نەبوو کە ئەوان دەیانکووت. لەلای سۆفیش کوتبوویان عومەر شاداب هەموو شتێکی لەسەر تۆ گووتووە. ئەویش باوەڕی نەکردبوو بۆیە هیچ باوەڕم پێیان نەکرد.. دوای نزیک بە دوو سەعات کووتیان ئەوە سۆفی دێنین.. کە هێنایان ئەو ڕیشە درێژەی هێندەیان کێشابوو هەمووی لێک هاڵابوو. ئەوەندەیان لێدابوو تاقەتی لەبەر بڕابوو. لە چۆکیڕا بۆ خوارێ بە بەلەکیدا خوێن دەهاتە خوارێ. بەڵام کە چاوم لێ کرد زانیم حەدسی من دروست بوەو هیچی نەدرکاندووە. لەو جۆرە ئەشکەنجانە زۆر کرابووین عادەتمان بەو لێدانانە گرتبوو. بۆیە دەمزانی هیچی نەکوتوەو و نەدرکاندووە دەتوانم بڵێم سۆفی لەو دەگمەن کادرە بەرپرسانە بوو کە ماوەی ٦ ساڵ لە زیندان مایەوە، بەڵام هیچ ئەندام یا لایەنگرێک لە پەیوەندی بەکاک سۆفی یەوە نەکەووتنە زیندان. دوای شەش مانگ دوای ئەوکاتی منیان لە زیندانی "ئەوین" وە هێنایەوە "ورمێ" کوڕێکی مجاهدینم دیت خەبەری ٥٩ لاوی مەهابادی پێدام کە هەموویان ئیعدام کردوون. زۆر باسی ئازایەتی و خۆڕاگری و مقاوەمەتی سۆفی ئەحمەدی بۆ کردم. کووتی کاک سۆفی جێگای ڕێزو خۆشەویستی هەموو زیندانیەکانە. چەند زیندانیەک نەبێ کە جاسوسی دەکەن ئەوانیش شەرمی لێدەکەن نەیانەهێشت پێکەوە بین. بەڵام هەمیشە پەیوەندی گەرم گوڕمان هەبوو پێکەوە بە هۆی ئەو تەشکیلاتەی دروستمان کردبوو لە زیندان. ئاخرین جار ئەوانەی لەسەر بڕوای خۆیان

مابوون. پێیان دەکووتن "رووی موزع" لە نەزەر ڕژیمەوە کافر بوون. لەناو بەندێکی تایبەتیان کردین بە ناوی بەندی "کفار". دیموکراتەکان ٥ کەس بوین بە ناوەکانی:

١- سۆفی سادق پور ..

٢- عومەر شاداب ..

٣- کوروش ئەمیری ..

٤- ڕەسوڵ محمد گوڵ ..

٥- رەحمان مەحمودی. بە ڕەحمەت بێ نەماوە.. بەڵام سۆفی هەر لە بەندی "کفار" ئازاد کرا. ئەگەر مابایەوە لە ڕیزی ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ دەبوو. بەڵام لە گیران هەتا بەربوونی تاکە خاڵێکیش بژۆ دوژمن تەنەزولی نەکرد. بۆیە لە زیندان کوڕەکانی مجاهدین پێیان دەکووت "الگوی دیمکرات" ئەوە لە زمان هاوڕێ و هاوکارو هاوسەنگەری خۆیەوە کاک عومەر شاداب ەوە بوو.. لە "باسورمە" نزیک "حەریرو باتاس" دوای گەڕانەوەمان کۆمیتەی شارستانی شنۆ لەگەڵ مەڵبەندی سپی سەنگ لەوێ بوون. بوینەوە بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و ئەندامی ناوەندی ٣ هیچ کاتێکیش خۆمان لە هیچ ئەرکێکی حزبی نەشاردەوە. کاک عومەر لە بەر نەخۆشی بەجێی هێشتم و ڕۆی بۆ هەندەران. منیش هەتا ئێستاش لە خزمەتی حزب و خەڵکەکەمدام...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

--------------------------------------------- --------

## هاوڕی ئەسعەد قەیدی




ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی،، هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "ئەسعەد قەیدی" بەڕێزو بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان. ئێستا با بزانین "ئەسعەد" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە ئەسعەد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی "سریلاوا"ی ناوچەی "چۆمی مەجید خان" سەر بە شارستانی "مەهاباد" لە دایک بووەو چاوی بە دنیا هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی و دوا ناوەندی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردووە. ئەسعەد وەکوو هەموو منداڵانی گوەند لە هەموو کارو باری ناوماڵ و مەزرا شان بە شانی بنەماڵــە سەرقاڵی کار کردن بووە، هەر ئەو کارکردنەش بۆتە هۆی ئەوەی درێژە بە خوێندن نەدات. زۆربەی خەڵکی سریلاوا  خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئاژەڵدارین، بەشێکیشیان سەرقاڵی وەرزێری و بەروبوومی دانەوێڵەن، بنەماڵەکەیان  یەکێک لەو بنەماڵانە بوون کە سەرقاڵی کاری وەرزێری و جوتیاری و ئاژەڵداری بوون، بابی جودا لەوانە چێوداریش بوو.. ئەم گوندە جوانە بەرهەمە خۆییەکانی وەک، گەنم و جۆ، نیسک و نۆک، چەوەندەر، وێنجە، گوڵەبەڕۆژە گەنمەشامی، باغ و بێستانڤ، دەستێکی باڵایان هەبووە ئەم بەروبومانەیان دەبردنە بازاڕەکانی مەهابادو بۆکان و میاندواو، ژیانیان بەم شێوەیە دابین کردووە.. سریلاواو گوندەکانی چۆمی مەجید خان و شامات و شاروێران لەم مەڵبەندە زۆر ڕاپەڕینی وەکوو ڕاپەڕینی جووتیاران و شۆڕشی سپی بە دژی تورکە قاجارەکانی سەردەمــــی "تەتەرییەکان" هەروەها خۆپیشاندان و بەرەنگاری و ڕێگا نەدان بە هاتنی لەشکری جەهل و نەزان بۆ ناوگوندەکان  مل نەدان بە ویست و ئارەزووەکانی داگیرکەرانی کوردستان، هەروەها دژایەتی کردن لەگەڵ ئاخوندەکان

ڕاپەڕین بۆ وەدەرنانی جاش و پاسدارەکان لە ناو گوندەکانیان.. زۆر جاران چۆمی مەجیدخان بێ ڕەحمانە کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماری وەحشیانەو ڕەشە کوژی و قەتڵ و عامی کوێر کوێرانەی تورکە مەغۆلەکانی نزیک ئەم دەڤەرە. زۆر بێ بەزییانە کەوتوونەتە قەتڵ و عامی دەستە جەمعی کراون، لە هەندێک گوندەکان چەقۆ کێشەکانی ئازەری بە فیتی کۆماری ئیسلامی بە تەورو داس و چەقۆ پەلاماری خەڵکی بێ تاوانیان داوەو کۆمەڵ کوژیان کردوون و ماڵیان و سامانیان تاکان کردوون، بۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە هەموویان پشتی حزبی دیموکراتی کوردستانیان گرت و بە پشتیوانی خۆیان زانین و حزبیش بە هەموو شێوەیەک دیفاعی لێکردن و خەڵکەکەی پاراست لە هەر شێوە دەست درێژییەک بۆ سەر ماڵ و موڵک و سامانیان... بۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر لە لاوانی ئەم ناوچەیە هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکان و چەکی شەرەفیان بۆ ئازادی و ڕزگاری کوردستان کردە شانیان.. پێشمەرگەکان بەرپەرچی هەر هێرشێکیان دەداوە کە لە لایەن ڕژیمەوە دەکرایە سەر خەڵکی ئەم ناوچەیە وەکوو شەڕەکانی ناو شاری مياندواو و گرتنی پۆلیسی ڕای میاندواو، کوشتنی گەورەترین دزو جەردەی ناوچەکە بە ناوی "بابالی" گرتنی پایەگاکانی "حوسین مامە" تەفرو تونا کردنی ستوونی ٨٠١ ی شیراز لەسەر جادەی بۆکان میاندواو کە ئەم ستوونە چەند جار لە لایەن ڕژیمەوە تەشویق کرابوو بەڵام بە دەستی کوڕە ئازاکانی دیموکرات تەفرو تونا بوون.. قارەمانان و فەرماندەرانی وەک کاک سەید سمایل کە توانی لەشکری زۆرو زەوەندی جاش و پاسدار لە ناو گوندی سریلاوا بە چۆک دابێنێ و نەهێڵێ بێنە ناو گوندەکەوە کە بوو بە حەماسەیەک ئێستاش بە چیرۆک باسی دەکەن فەرماندەی وەک سەرهەنگ چیا، کەریم خاڵدار، کەریم عەلی فەرامەرز، سەید ڕەسوڵ ورچان، کادری زانا خالید خورشیدی سەید عەوڵا حوسەینی، عومەر قەباکەندی، ڕەشید عەلیئابادی، ڕەزا قەباکەنشی، کاوە سوور، کۆوەیسی، کاک موعتەسەم نورانی، هەیاس کاردۆ، عەلی باڵدار، فەرماندە هەمزە، ڕەحمان بۆڵدزێر، قادر باپیری، قادرکە یەکەم پێشمەرگەی گوندەکەمان بوو کە سەدانی وەک منیان هاندا بۆ پێشمەرگایەتی،، ئەسعەد ساڵی ١٣٦٤ لە ڕێگای ئامۆزایەکی خۆی قەرەنی کە لە ژیاندا نەماوە، پەیوەندی گرتووە بە ڕێکخستنەکانی حزبەوە خۆی و دوو هاوڕێی بۆ ماوەی یەک ساڵ کاری هێنان و بردنی نامەو بڵاوکراوەکانی حزبی بۆ ناو شارو دابینکردنی خواردەمەنی بۆ کادرو پێشمەرگەکانی کە لە حەشارگەکاندا بوون و یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی حزب و بردنی کەکوپەلی پێویست بۆ کادرو پێشمەرگەکان لە ناوچەکە کە بە نهێنی مابوونەوە،، شوناسایی کردن و جموجۆڵەکانی دوژمن یەکێک لەو کارانە بوو کە لە لایەن ئامۆزاکەمەوە بە من ئەسپێردرا بوو.. لە ساڵی ١٣٦٥ ئێمە سێ کەس بووین ساغ بووینەوە روو لە شاخ بکەین و ببین بە پێشمەرگە، لەوێ لەگەڵ ڕێکخراو کۆبووینەوە لەسەر داوای ڕێکخراو بۆ قازانجی ڕێکخستنەکانی حزب گەڕاینەوەو درێژەمان بە کاری خۆمان دا.. هەتا ساڵی ١٣٦٦ لکی دووی هێزی پێشەوا کە ئەوکات یوسف خۆشرەو فەرماندە لکیان بوو بە کاری تایبەت هاتنە گوندی ئێمە. منیش لە سەر ڕێنوێنی ڕێکخراو ڕانەوەستام پەیوەست بووم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، چەند شەو دواتر پێشمەرگەکان چالاکیەکیەکیان ئەنجام دا لە نزیک گوندی "قۆرغان" دوژمن زەرەرو زیانی گیانی و ماڵی زۆر بوو بەڵام بە داخەوە فەرماندەیەک بە ناوی "عوسمان ئەمجەدی" شەهید بوو، کە من وەک تازە لاوێک بەشدار بووم، یەکێک لە شانازییەکانم

ئەوە بوو لە لایەن ڕەزا قەباکەندی بانگ کرام، پێی گووتم شەهید عوسمان ئەمجەدی دەستێک لیباسی لە ماڵێک داناوە بۆت وەردەگرم لەبەریان کە، چونکە پاتۆڵێک و کراسێکی قەشانم لەبەردا بوو، بۆی هێنام کووتی لەبەریان کە بە ڕەسمی بە لیباسی تازە شەهیدێکەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم پۆشی.. دوای چەند شەوو ڕۆژ جەولە لە ناوچەکەدا، بۆ یەکەم جار لە ناو چیا سەرکەشەکانی سەرشاخان بە دیداری فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا "خدرە سوور" شاد بووم، ئەم فەرماندە ژیرو کەسایەتیە سیاسی و سەربازییە پێشوازییەکی زۆر گەرم و گوڕی لێکردین بە تایبەتی لە ئێمە چەند لاوێک بووین تازە هاتبووینە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانەوە، دوای دیدارەکە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد کاک "سەدیق بابایی" بوو بڕیاریان دا تیمێک لەو لاوە خوێن گەرمو تازانە بنێرن بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی حزب، کە بریتی بووین لە "خدر عەلیار، سولیمانە سوور، ئیدریس سوهرابی برایم قادری، سمایل گرشیلانی، سمایل سوهرابی، کەریم سوور، کەریم عومەرپور، بازید "کۆیانکردینەوە ئامادەی بەڕێکردن کراین بەرەو فێرگە، لە ڕێگا لە پشتی گوندی " گەرۆر" لە کەمین کەووتین و من بریندار بووم، هەتا ساڵی ١٣٦٧ بە هۆی هەندێک ناکۆکی کە لە کۆنگرەی هەشتی حزب هاتە گۆڕێ و هەرچەندە ڕووداوێکی زۆر ناخۆشەو هیچ کەس لەتبوونی حزبی پێ خۆش نەبوو، بەڵام ئەوە لە مێژووی هەموو گەلانداو لە ناو حزبەکاندا زۆر ئاساییە، لە حزبی دیموکراتیشدا بە داخەوە ڕوویداو منیش وەکوو زۆربەی کادرو پێشمەرگەکان پشتیوانیم خۆم بۆ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دەربڕی.. ساڵی ٦٧ وەک هێزی پێشەوا بە هێزو گوڕێکی تازەتر لە جاران و بەباوەڕ بە سەرکەووتن قۆڵمان لێهەڵماڵی و چووینەوە بۆ قوڵایی ناوچە، دەستمان کرد بە جەولەی سیاسی و نیزامی بۆ ناساندنی حزب و سیاسەتەکانو چۆنیەتی ئەم جودابوونەوەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا... دوای کۆنفرانسی چوار کە سازمانەیی تازە کرایەوە کاک جەلیل لە کۆبوونەوەیەکدا کە زیاتر لە ٦٥٠ کادرو پێشمەرگە بوو قسەی بۆ کردین لەسەر ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ برادەرانی "حدکا" گووتی هیچ دژ کردەوەیەک نیشان نەدەین هەتا ئەو جێگایەی کە مومکینە لە شەڕ خۆ بپارێزن لە گەڵیان، چونکە ئێمە هەموو کادرو پێشمەرگەکانی ئەوان بە هی خۆمان دەزانین دوژمنی ئێمە کۆماری ئیسلامیە نەک ئەوان.. بەم شێوەیە ڕێبەرانی ئێمە ئێمەیان پەروەردە دەکرد و ڕایان دەهێنایین.

-----

ئەسعەد لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە زۆربەی شەڕەکان بەشداری چالاکانەی کردووەو لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر دەورەی سیاسی و دەرمانی موخابەراتی دیوەو تێیدا سەرکەووتو بووە، بۆ ماوەی ٩ مانگ لە دەورەی دەرمانیدا بووە کە لە باشترین دکتورەکان لەملاو لەولا حزب دەیهێنان دەرسیان پێ دەگووتین، وەکوو دکتور بهرام کە تورک زمانێکی خەڵکی تەورێز بوو بەڵام زۆری خزمەت بە حزب و خەڵکی ناوچەکە کرد کە بە داخەوە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری "ڕانیە"ی باشووری کوردستان لە ماڵەکەی خۆیدا بە چەقۆ کوشتیان، ڕۆحی شاد. هەروەها کاک "مەولود سوارە" دەرسی پێدەگووتین

بریتی بووین لە ئەسعەد قەیدی، سەعید باختە،، ایرەج سامی، خالید گیارەنگی، ڕەحیم مام ساڵە، ادریس سوهرابی، حەسەن پاکاری، ساڵە، عەلی زوورەیی کە بە خائین دەرچوو.. هەروەها دەورەی کادری سیاسی کە مامۆستاکانمان پێک هاتبوون لە کاک "جەلیل گادانی" کاک "حەسەن ڕەستگار" کاک "حسین مەدەنی" کاک "قاسم قازی" کاک "فەتاح کاویان" کاک "ئەمیر قادری"... هەروەها دەورەی "بێسیم" کە ئەم کەسانە بەشدار بووین من، ڕەحیم مام ساڵە، سلیمان سلیمانپوور.. هەروەها لە جەولەکانی ناوچەی، مەریوان، بانە، سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد، بەشدار بووم، ئەسعەد لە شەڕەکانی لێدانی پایەگای "خۆشەدەرێ و سێڤە تاڵ" و گرتنی پایەگای "ئیشکەلان"ی بانە کە بە داخەوە "سولەیمان حەسەنپور" لەوێ شەهید بوو.. شەڕی ناو شاری مەهاباد.. شەڕی گەورەی پشتی گوندی "بەیرەم" و "سریلاوا" کە زەربەیەکی گەورە لە دوژمن درا کوژراوو برینداریکی زۆر لە دوژمن هەبوو کە چەندین کەس بە دیل گیران لە هەردوو شەڕی بەیرەم و سریلاوا لەم دوو شەڕە گەورەدا بە داخەوە ٦ ڕۆڵەی گەل شەهید بوون، سەمەد چیرە، سیاوەش بابامیری، سەعید غولامی، لوقمان سەدر، عەلی خاریجی، عەلی سوهرابی، هەروەها لە شەڕی گوندی گەورەدار بەشدار بووە کە "کامران شێخ الئیسلامی" کە سەرپەلی پەلی ئێمە بوو، لە شەڕی ناوچەی سەردەشت لە ناو گوندی "خانەخەڵدا" دوژمن هەر چوار دەورمانی گرتبوو شەڕ دەستی پێکرد شەڕێکی زۆر توندو ماڵ بە ماڵ دوای دەرچوونمان تەنها بە سەختی محمد مەرەغانی بریندار ببوو هەروەها لە شەڕەکانی لێدانی پایەگای نێوان "سەردەشت - بانە "بەشدار بووە و لە شەڕی سەر جادەی نێوان بۆکان - مەهاباد جادەی" ئیساکەند" کە بە داخەوە لەو شەڕەدا "کەریم بەیرەمی" سەرپەلی پەلی ١٢ شەهید بوو.. لە شەڕەکانی نزیک "کانی خودا" لە ناوچەی پیرانشار کە بەداخەوە دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون "عومەر عەباسی" و "ڕەسوڵ ئەندام"... لە شەڕی پشتی "سەدبار" کە پێشمەرگەکان حەماسەیـــان خوڵقاند ئاداریان بەسەر پاداری دوژمنەوە نەهێشت تەنها جەماڵ شەریفی بە سووکی بریندار بوو، ئەسعەد لە ساڵی ١٣٧٣ پلەی کادری تەشکیلاتیان پێداوە ... پاشان ئەسعەد ڕوو لە هەندەران دەکاو لە "نیوزیلەند" ئێستا لە "ئوستڕالیا" دەژی و ژیانی هاوبەشی پێک هێناوەو خاوەنی کوڕێکی جوانە بە ناوی "کاردۆ" لە هەندەران پەیوەندی بە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات کردۆتەوەو لە کۆمیتەی حزب لەو وڵاتە درێژە بە کاری حزبی دەداو فەعالە...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

---------------------------------------------------

## هاوڕێ ڕەزا ئەمینی ناسراو بە (ڕەزا قەباکەندی)




ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی، یەکێک لەو پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانانەی گەلەکەمان، ئەمجارە هەڵمانبژاردووە بۆ ڕێز لێنان و قەدردانی و پێ زانین بە ماندوو بوونی و زەحمەتەکانی کە لە ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلە چەوساوەکەیدا کێشاویەتی و توانیویەتی بگاتە لووتکەی دڵسۆزی و قارەمانی. هەروەها بەدەست هێنانی "میداڵی ئازایەتی" بەڕێزو تێکۆشەروماندو نەناس فەرماندە "ڕەزا ئەمینی" ناسراو بە (ڕەزا قەباکەندی)یە. ئێستا هەموومان پێکەوە با "میداڵی ئازایەتی" بدەین لە بەرۆکی و لە نزیکەوە بزانین "ڕەزا ئەمینی" کێیەو چۆن توانی شایانی ئەم ڕێزلێنان و قەدردانی و وەرگرتنی ئەم میداڵە بێ. ڕەزا قەباکەندی لەساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندە جوانەکەی (قەباکەندی) سەر بەناوچەی (مەهاباد) لە باوەشی بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووەو یەکەم هەناسەی لە هەوای پاک و سازگاری کوردستان هەڵمژیوەو هاتۆتە ناو خێزانێکی کوردەوە. کاک ڕەزا قۆناخی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی وەکوو هەموو منداڵانی دێ لە قەباکەندی تەواو کردووە، بۆ قۆناخی ناوەندی خوێندن بۆ تەواوکردنی مەجبوور دەبێ بچێتە گوندی (سەرچنار) هەر لەناوچەکەی خۆیان. بنەماڵەی ڕەزا دوکانێکیان دەبێ لە گوندەکەی خۆیان بابی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەیان لەڕێگای ئەو دوکانەوە دابین دەکات. هەتا ساڵی ١٣٦١ کاتێک پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشەوا لە زستانی ئەو ساڵەدا لەعەمەلیاتێکی گەورەدا زەربەیەکی گورجوبڕیان لەهێزە داگیرکەرەکانی ڕژێم وەشاند لە نێوان ڕێگاکانی گوندەکانی (سەرچنار بۆ سەوزی - سەوزی و دێمەلا) کە زیاتر لە ٨٠ کەس لەهێزەکانی دوژمن کوژرابوون لە دوای ئەو شکستە گەورەیە دوژمن وەکوو گورگی دڕندە بۆ ڕۆژی دواتر هێرشیان هێناو دەستیان کرد بە

قەتلوعامی خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکانی (سەرچنارو قەرەگۆل و سەوزی) کە نزیک بە ٤٠ کەس لەخەڵکی بێ گوناح تیرەباران کران کە پیرەژن وپیرە پیاو و کچ و لاوەکانی تێدا بوون. ٢ کەس لە شەهیدەکان یەکیان خوشکی ڕەزا بوو، بەناوی (سوغرا ئەمینی) کە خێزانی کاک عومەر سوڵتانی مارف بوو ئەوی دیکە بەناوی (زەینەب دڵئارام) کە خوشکی شەهیدان (ڕەحیم و سەدیق و ڕەحمان دڵئارام) بوو. (ڕەزا) هەر ئەوکات لەسەر تەرمی خوشکی شەهیدی سوێند بەکوردو کوردستان و خوێنی ئەو شەهیدانە دەخوات تۆڵەیان بکاتەوە و بچێتە ڕیزی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. هەرچی زووتر پەیوەندی دەکات بە پێشمەرگەوە لە پەلی (ئەحەد ڕەحیم) لە گوندی (بەیرەم) لە ناوچەی مەحاڵ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و تفەنگی شەرەف و مەردایەتی دەکاتە شانی. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە دایکێکی پیرو برایەکی ٤ ساڵانی بەجێهێشت، پاشان لەلکی٢ لەهێزی پێشەوا درێژە بە خەبات دەدات، ڕەزا لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی شامات چۆمی مەجیدخان شارویران مەحاڵ دەوروبەری شاری میاندواو بەشداری چالاکانەی هەبووە. بێجگە لەناوچەی مەهاباد لە ناوچەکانی (سەقز - بانە - بۆکان - پیرانشار - جنوبی کوردستان) بەشداری بەرەنگاری و هێرش بووە بۆ سەر دوژمن. لەساڵی ١٣٦٦بەهۆی لێهاتوویی و دڵسۆزیەوە کراوە بە جێگری پەل هەر لەهەمان ساڵدا کراوە بەسەرپەل لەپەلی ٢٢، لەساڵەکانی ٦٧ - ٦٨ هەروەکوو سەرپەل ماوەتەوە، هەروەها ساڵێک زیاتر بێسیم چی بووە لە بنکەی پەیوەندیەکانی حزب لە شاری (هەولێر). لەساڵەکانی ١٣٧٠ - ١٣٧١ وەک کادری کۆمیتە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و شامات و بەرپرسی بێسیمی ڕاکاڵ بووە. هەروەها لەساڵی ١٣٧٣ بەهۆی لێهاتوویی زیاترەوە کراوە بە جێگری فەرماندەری هێزی پێشەوا. لە زۆر شەڕی گەورە لە ناوچەدا بەشداری کردووە، وەکوو شەڕەکانی گوندی قەباکەندی لەپایزی ساڵی ١٣٦٣ شەڕی قورسی ناوچەی شامات لە زستانی ساڵی ١٣٦٣، عەمەلیاتی سەرشاخان، شەڕی تۆپخانەی "حوسین ئاباد" شەڕی گوندی بەیرەم و شەڕی نێوان گوندەکانی سریلاواو گوندی پلۆری باغی، کە لێرەدا هەندێک لە چۆنیەتی ئەو شەڕە دەخەمە بەر دیدی خوێنەران و نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان٠ لەساڵی ١٣٧٢ کاک فەتاح ڕیحانی بەرپرسی ناوچەی مەهاباد بوو کاک عوسمان ئەفشین وەک فەرماندەری هێزو کاک ڕەزا قەباکەندی وەکوو جێگری هێز لە هاوینی ئەوساڵەدا کە لە قوڵایی ناوچەی مەهاباد بوون٠ بەپێی ئەو بەرنامەیەی دارێژرابوو لەلایەن فەرماندەرانی پێشمەرگەوە دەبوو یەکەم لێدان لەهێزەکانی دوژمن لەناوشاری مەهاباد بێ، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە تیمێک لە پێشمەرگەکان ئامادەکران بۆ چوونە ناو شار، لای ئێوارە بەفەرماندەیی فەرماندەری هێز بەرەو شاری وەڕێکەووتن باقی پێشمەرگەکانی تر لە گوندی شیلاناوێ مانەوە، کاتێک گەیشتنە ناو گەڕەکەکانی ناوشار دامەزران لەگەڵ ڕێزو خۆشی و شادی خەڵک ڕووبەڕوو بوون. لێرەدا من باسی چۆنیەتی عەمەلیاتەکە ناکەم هەڵیدەگرم بۆ جارێکی تر بەدوورو درێژی بۆتان باس دەکەم٠ ئەو ڕۆژە دوای لێدانێکی باش لە پایەگاکانی دوژمن و وەشاندنی زەربەیەکی گەورە لەهێزەکانی پاسداران و جاشەکان درەنگانێکی شەو لەناو ئاپۆڕای خەڵکی شار بەرەو دەرەوەی شار وەڕێکەووتن و شاریان بەجێهێشت. شەوێ درەنگ خۆیان گەیاندەوە لای پێشمەرگەکان لە شیلاناوێ، دەیانزانی دوژمن وەکوو ماری بریندار لێهاتووە حەتمەن

وەدوایان دەکەون لەبەر باری ئەمنیەتی خۆیان گەیاندە دۆڵێک لە نێوان گوندەکانی بەیرەم و قزڵجەو ئەمین ئاباد. هەر لەبەیانی زوو هەمو شاخەکان و بەرزاییەکانی دەوروبەرمان بەهێزی دوژمن گیرابوو، ئێمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک و پارتیزانانە خۆمان حەشار دابوو بەهیچ شێوەیەک بەیانتوانی جێگاکانی ئێمە ببینەوە بۆیە لای ئێوارە مەجبوور بوون هەموو هێزەکەیان پاشەکشە پێبکەن و بڕۆن پێشمەرگەکان وەکوو کاری هەمیشەییان لەشوێنەکانیان هاتنەدەرێ و پرێسکەکانیان کردەوەو ئاگریان کردەوەو کەتریە ڕەشەیان لێ وەسەرناو نان و چایان خوارد، ئەفشین بە ڕەزای کووت پەلی شەهید کەریم بەیرەمی هەڵگرەو برۆ بۆ ناو گوندی بەیرەم دوایە ئێمەش بەدوای ئێوەدا دێین. کاتێک ڕەزا لەگەڵ پێشمەرگەکان گەیشتنە یەک دوو ماڵی پێشەوە لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی ئەو گوندە قسەیان دەکرد، خەڵکەکە هەندێک کەسیان دی کە لەشاخی ڕا دەهاتنەخوارێ بۆ ناو ئاوایی ترسان و کووتیان ئەوانە لە پاسداران دەچن، ڕەزا پێی گووتن نا نا، نا، مەترسن ئەوانە هاوڕێیانی پێشوومانن لە حزب ئێستا شەڕمان نەماوە پێکەوە دەچم پێیان دەڵێم ئێمە لێرەین. ڕەزا پێشمەرگەکانی ئاگادار کردنەوە کە بزانن ئەوانە کێن، کاتێک زانیان ئەوانە هەموو پاسدارن خێرا لەماوەی چەند خولەکێکدا کە ژمارەیان ١٦ کەس بوو، دەیانویست پێش لەشکرەکە ئەوان بێن بچن خۆیان بگەیەنە پایەگا کۆنەکەی بەیرەم و لەوێ دامەزرێن. پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ لەلایەن پێشمەرگەکانەوە تەقەیان لێکراو هەموویان کوژران. کاتێک باقی پێشمەرگەکان گەیشتنە قەراغ ئاوایی و هێزی دوژمنیش گەیشتنێ شەڕێکی قورس و دەستەویەخە دەستی پێکرد، شەڕەکە هەر گەرمتر دەبوو، هەر هاواری جاش و پاسداران بوو دەکوژران و بریندارەکان دەیانبۆڕاند، قوڵەی پێشمەرگەو نەڕاندنی نیشانەی سەرکەووتن بەسەریاندا ئەو دۆڵ و شاخانەی هەڵگرتبوو، دوای چەندین کاتژمێر شەڕی پیاوانەو دلێرانە کەلاکێکی زۆری دوژمن دەکەوێتە بەردەستی پێشمەرگەکان و باقی هێزەکانی دوژمن هەڵدێن و خوێڕیانە مەیدانی شەڕەکە بەجێدێڵن. بەداخەوە لەوشەڕە قارەمانانەیەدا ٤ پێشمەرگەی ئازاو بەجەرگ بەناوەکانی

١- سیاوەش بابامیری

٢- لوقمان سەدر

٣- سەعید غوڵامی

٤- سەمەد چیر شەهید بوون و تێکەڵ بەکاروانی شەهیدان بوون. دوای شەڕەکە خۆمان گەیاندە شاخەکانی پشتی حسین ئاباد لەنزیک دێ پەلی کەریم بەیرەمی جێگیربوون ڕەزا زۆرتر لەگەڵ ئەو پەلە دەبوو ئەفشین بە ڕەزای کووت نابێ لەگەڵ ئەوان بی ڕەزا لە ئەفشینی پرسی بۆچی؟؟ کووتی چونکە بەیانی تووشی شەڕدەبین دەبێ لەگەڵ خۆم بی، بەیانی زوو هەریەکەمان لەگەڵ دەستەیەک دەبێ بچینە شاخی و لەوێ دامەزرێین. ڕەزا کووتی زۆر باشە بەچاوان، بەیانی چووینە شاخی بەڵام دڵم هەر لەلای پێشمەرگەکانی ئەو پەلە بوو، لەوێ بارمان خست و هەر ٣٠٠ مەترێک لەیەک دووربووین لەسەر کانیەکەی حسین ئاباد دامەزراین و نیگابانیمان داناو لێی خەووتین. ڕەزاو ئەفشین پێکەوە خەووتبون لای بەیانی زوو تازە بەئاستەم وڵات ڕوناک بوو ئەفشین تێیکووتام کووتی هەستە منیش سەرم لەکیسەخەوەکەم هێنادەرێ و پرسیم

سەرچاوە
Serchawe



چیە؟ کە دیتم ئەفشین تفەنگەکەی پێیەو سێرەی گرتووە گووتی پاسدار گەیشتنە سەر کوڕەکان ئێستا لێیان دەدەن، ڕەزا کووتی ئەو پەلە پێشمەرگەیە زۆر لەوە زیرەکترن پاسدار بگەنە سەریان و بێ نیگابان لێی نووستبن. هەرلەو قسانەدا بوون پاسدارەکان هەڵاتنەوە بۆ دوایە، بەبێسیم پێشمەرگەکان ئاگاداریان کردین کە ئەو نەفەرانە تیمی شوناسایی بوون هاتبوون کاتێک دەنگیان دابوون کوتبویان ئێمە جاشین و هەڵاتبوون. ئەفشین زوو فکری کردەوە کەدەبێ هەرچی زووتر وەشاخی کەوین، ڕەزاش پێی وابوو دەبێ زوو خۆیان بپێچنەوەو بچن بۆ پشتی قادراوا و دۆڵی "دەروو" هەر واشیان کرد زۆر بەخێرایی خۆیان گەیاندە ئەو دۆڵە. ڕەزا وەپێش پێشمەرگەکان کەووت بۆ ناو پۆلە دارەکانی خوار دۆڵی دەروو، بەڵام فەتاح ڕیحانی پێداگری لەوەدەکرد ٢٠ پێشمەرگە بگێڕێتەوە لەشاخە سەختەکانی زاڵ بەسەر دۆڵەکەدا بهێڵێتەوە کە ڕەزا قەناعەتی بە فەتاح کرد کە ئەویش بێتە بن دارەکان، هەتا کاتژمێر ١١ی بەیانی نان و چایان خوارد هیچ خەبەر نەبوو بەڵام دوای کاتژمێر ١١ شوێنەکەمان کەشف بوو، بۆیە بەدرێژایی ڕۆژ چووینە ناو گوندی قادرئاوا بۆیە دوژمن ئێمەی لێ ون ببوو بە هەر چواردەورماندا تۆپ و خومپارە دەباری بست بە بست ئەو جێگایەی ئێمەی دەکووتا. لای ئێوارە دوژمن بەرەو ئاوایی دەهات نەیاندەزانی ئێمە لەوێداین. بەڵام لەبەر خەڵکی ئاوایی گوندەکەمان بەجێهێشت و لێمان نەدان.. لەدەرەوەی ئاوایی دەستەیەک لە کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆمیتەی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان و شامات و مەحاڵ هاتن بە پشتیوانیمانەوە کە بە ماچ و یەکتر لەباوەش گرتن ڕۆشتین. پێویستە سوپاسی خۆڕاگری و دڵسۆزی خەڵکی قادراوا بکەین. درێژەمان بە ڕێگای خۆمان داو خۆمان گەیاندە دەوروبەری گوندی "یالاوا" لەوێ هەتا سبەینێ ئێوارە خۆمان حەشارداو بۆ خواردنی شام چووینە گوندی یالاوا دوای حەسانەوەیەکی باش لەکاتژمێر ١٢ی شەو ئەو گوندەمان بەجێهێشت بەرەو مووچەیەک کەچەند دارێک و پۆمپێکی ئاوی لێ بوو لەنێوان گوندەکانی "سریلاوا" - پیلۆری باغی" هەڵکەووتوە کاتژمێری ٣ ی شەو گەیشتینە ئەوێ، کە لەپێشدا دیاریمان کردبوو پێشمەرگەکان دوای دانانی نیگابان بەپێی عادەتی هەمیشەییان هەرکەسەو جێگایەکی بۆخۆی تەخت کردوو لێی خەووتن، سبەی کە ڕۆژ بۆوە کوڕەکان پۆل پۆل دەستیان کرد بە چایی لێنان و نان خواردن، بەهۆی ئەوەی کە بیری ئاوی لێبوو، هەندێک خەریک خۆشتن و لیباس شۆردن بوون، لەو کاتەدا ٢ ماشێنی تویوتاو ئوتوبوسێک کەهەموویان گروهی زەربەت بوون و بەدوای ئێمەدا لە ناوچەکەدا دەگەڕان بە تەنیشت ئێمەدا ڕۆشتن و ئێمەیان نەدی. چوون لە ئاوایی پلۆریباغی دابەزین و بڵاوبونەوە ئێمەش بەوردی بە دووربین چاومان لێدەکردن، زوو ساغ بووینەوە هەر کەگەڕانەوە لێیان دەدەین. ٢ تیم ئامادەکران هەرکەئەوان لە ئاوایی ڕا بجوڵێن و بگەڕێنەوە خۆیان ئامادە بکەن بەهەڵاتن خۆیان بگەیەنە پێشیان.. تیمی یەکەم کە دەبوو لەماشێنی پێشەوە کە تویوتا بو لێی دەن، دەستەی دووەم دەبوو لە ئوتووبوسکە بدەن، ڕەزا وەکوو فەرماندەری عەمەلیات لەگەڵیان بوو لەوکاتەدا عەلی سوهرابی کووتی ڕەزا ئێستا ئەمنت خۆشتر دەوێ یان "زانا"ی کوڕت؟ ڕەزا موچڕکێکی پێداهات و سوور هەڵگەڕا، کەی وەختی ئەو پرسیارەیە؟ ڕاستە زانا کوڕمە بەڵام تۆ هەموو کەس و پشت و پەنامی، لەپڕ کووتیان هێزەکەی دوژمن خەریکی خۆ کۆکردنەوەن دەیانەوێ بگەڕێنەوە، بەپێی بەرنامەکە پشمەرگەکان بەرەو شوێنی دیاریکراو هەڵاتن هەتا پێش ئەوان بگەنە

سەرجادە بۆ لێدانیان لەڕێگادابوون بەرەوجادە ڕەزا هەستی کرد ماشێنەکانی دوژمن زۆر خێراتر دەڕۆن و لەوانەیە تیمی یەکەم نەیگاتێ لەوان نزیکتر بوو، هەر بۆیە ڕەزا دەستووری دابە پێشمەرگەکان کووتی لێیاندەن دەنا ماشێنەکان لێمان ڕەد دەبن و لەدەستمان دەردەچـــن لەگەڵ لێدانی تویوتاکە بەسەرنشینەکانیەوە وەرگەڕاو تیمی یەکەم ئەوجار گەیشتنە سەریان و تەفروتونایان کردن تویوتای دوەمیش کەووتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەکانی تیمی دووەم کە ڕەزا بۆخۆی لەگەڵیان بوو هەروەها ئوتوبوسەکەش درایە بەر ڕەگباری گولە و دابەزین و شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکرد لەوکاتەدا هەورێکی قورسی هێنایە سەر ئاسمانی ناوچەی شەڕەکە بە بایەکی زۆر توندەوە باو باران و ڕەهێڵەیک ساز بوو چاو چاوی نەدەدیت، قوڕ دەباری بەسەرماندا دوای نیو کاتژمێر گروهی زەربەتی دوژمن هەموویان تەفروتونا بوون ٢٨ کەسیان کوژران و ١٢ کەسیان بەدیل گیران زیاتر لە ٤٠ تفەنگی جۆراوجۆرو چەکی قورس وەکوو خومپارەو دۆشکەو ئارپیجی و بیکەیسی و قەناسە گیران، ئەوانە هەمان گروهی زەربەت بوون کە ٢ ڕۆژ پێشتر لە پشتی حوسین ئاباد دوای شەڕی ناو گوندی بەیرەم ئاشکرایان کردین. هەر ئەوانە لە ٧ شاری کوردستان سەرکەووتنیان بەدەست هێنا بوو، هەر بۆیە لەناوچەکەدا کەڵەگایەتیان دەکردوو هار ببوون. لەکۆتاییدا بەدەستی کوڕەکانی شەهید پێشەوا تەفروتونا کران زۆر بەداخەوە لەو شەڕەدا ٢ قارەمان ٢ هەڵکەووتوی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان بە ناوەکانی ١- عەلی سوهرابی ٢- عەلی خاریجی کادر بریندار بوون و پاشان بەهۆی سەختی برینەکانیان هەردووکیان شەهید بوون و ئەگەر چی بە جەستە لەگەڵمان نەمان بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەرونماندا زیندوون. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٦ کاتێک لەناوچەدا بووین ڕۆژێک لە گوندی "ئیساکەند" بووین من و شەهید "حسین ئاسۆ" هەردوکمان لە پەلی ٢١ی لکی ٢ی هێزی پێشەوا بووین سەرپەلەکەمان کاک "سمایل ئەقدەم" بوو. ئێوارە دوای ئەوەی نان و چامان خوارد سەردانی دوکانی ناو دێمان کرد هەتا هەرچی پێداویستی هەیە بیکڕین و بڕۆین بەرەو بەرزایەکانی پشتی گوندی "قەمتەرە" کە لە ئاوایی وەدەرکەووتین لەڕێگایە کاک سمایل هاتە تەنیشتم لە ڕیزی پێشمەرگەکان کووتی وەرە کارم پێتە، کووتی لەناو ئاوایی پێیان کووتم کە دایکی حسین ئاسۆ دوێنێ فەووتی کردووە، تۆش بزانە بەشێوەیەک پێی بڵێ با زۆر ناڕەحەت نەبێ. منیش چوم بانگی حسینم کردو کەووتینە دوای ڕیزەکەوە حسین کووتی ئەوە بۆوا ناڕەحەتی؟ بۆ وا بەهێواشی دەڕۆی؟ منیش دەمزانی کە بۆکوێ دەچین کووتم زۆر ناڕەحەتم دایکم مردووە. زۆری پێ ناخۆش بوو پاشان وردە وردە دڵخۆشی دەدامەوەو دەیکووت کاکە ڕەزا گیان ئێمە هەمووومان پێشمەرگەین هەموو دایکێک دایکی ئێمەیە نابێ ناڕەحەت بی دایکی منیش دایکی تۆیە ئێمە هەر یەک دایکمان نیە. بۆیە پێویست ناکات زۆر ناڕەحەت بی. کووتم دەزانم بەڵام ئەمشەو بەتەنیا دەبێ خۆم بگەیەنمەوە ناوشارو بچمەوە ماڵێ سەردانی خوشک و براکانم بکەمەوە. دەیکووت چۆن شتی وادەبێ هەرگیز نابێ فکری وابکەی زۆری دڵخۆشی دامەوە لە دوایدا پێمکووت ئاخر حسین گیان باشە ئەوە ئەگەر دایکی تۆ بوایە هەر وات دەکووت؟ کووتی بەڵێ هەروام دەکووت، کووتم کە ئێستا وادەڵێی پێویستە پێت بڵێم زۆر بەداخەوە دوێنێ دایکت فەووتی کردووە. کەمێک حەپەساو ڕاوەستا لەجێی خۆی چاوی تێبڕیم و کووتی بەڕاستە؟ کووتم بەداخەوە بەڵێ. هەر ڕاست لەجێی خۆی لەسەر ڕێگا دانیشت و چەند

خولەکێک بێدەنگ بـــوو پاشان کووتی ئەم هەموو شێرو ڕێوی هێنـانەوەت بـۆ ئەوە بـوو پـێم بڵێـی کە دایکم مـردووە؟ زۆر نارەحەت بوو حسین ئاڕپێجـی پێ بوو کووتی با ئەو ئاڕپێجیەی منت پێ بێ تفەنگەکەی خۆتم بدەیە دەبێ بچمەوە شاری. کووتم ئاخر حسین گیان لەوکاتـــەوە کەپێم کووتـوی تـۆ هەر دڵخۆشی منت دەداوە دەتکووت هەرگیـز نـابێ فکری چوونەوە ناوشـار بـکەی ئەدی ئێسـتا بـۆچی دەتەوێ وا بـکەی؟ ئەوجـار مـن دڵخۆشـی ئەوم دەدایەوە. هەر لەناوخۆمانـدا لەشـاخی سەرەخۆشیمان بۆ داناو سەرەخۆشیمان لێکرد، پـــاش ماوەیەک لەشاری ڕا کەسوکاری پێشمەرگەکان دەهاتن سەردانیان دەکرد بـراکەی حوسین لەنـاو خەڵکەکەدا بـوو لەگەڵ حسین کـە چاویـان بەیەکتـر کەووت بەرەوڕووی یەک هەڵاتـن و یەکتریـان لەباوەش کرد، حسین لە سولەیمان ی برای پرسی ئەوە لەگەڵ کـــێ هاتووی؟ سولەیمانی برای کووتی لەگەڵ دایکم. حسین ڕەنگی گۆڕا و بە پچڕ پچڕ کووتی دایکم؟ ئاخر مەگەر دایکم فەووتـــی نەکردووە؟ سولەیمان بە پێکەنینەوە کووتی نـا ئەوە (زڕ دایکم) بوو مرد. زۆر خۆش بوو خەبەرێکی زیندووبونەوەی دایکی بـوو بـۆ حسین. بەداخەوە سولەیمانی بـرای ئەویش لە گوندی گیادروان بەدەستی پاسداران شەهید کرا کە خەریکی پەیـداکردنی بژێـوو ژیـانی پـڕ چەرمەسـەری بـوو. ڕۆحی هەردوو برا شادبێ.

---------------------------------------------------- -----

لەبەر باری ئەمنیەتی خۆیان گەیاندە دۆڵێک لە نێوان گوندەکانی بەیرەم و قزڵجەو ئەمین ئاباد. هەر لەبەیـانی زوو هەمو شـاخەکان و بەرزاییەکـانی دەوروبەرمـان بەهێـزی دوژمـن گیرابـــوو، ئـێمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕێـک و پێـک و پـارتیزانـانە خۆمان حەشار دابوو بەهیچ شێوەیەک بەیانتوانی جێگاکانی ئێمە ببیننەوە بۆیە لای ئێوارە مەجبـوور بـوون هەمـوو هێزەکەیـان پاشەکشە پێبکەن و بـــڕۆن پێشمەرگەکان وەکوو کـاری هەمیشەییان لەشوێنەکانیان هـاتنەدەرێ و پرێسکەکانیان کردەوەو ئاگریـان کـردەوەو کەتـریە ڕەشەیـــان لـێ وەسـەرناو نـان و چایـان خـوارد، ئەفشین بە ڕەزای کـووت پەلـی شـەهید کەریـم بەیرەمی هەڵگرەو برۆ بۆ ناو گوندی بەیرەم دوایـە ئێمەش بەدوای ئێوەدا دێین٠ کاتێک ڕەزا لەگەڵ پێشمەرگەکان گەیشتنە یەک دوو مـاڵی پێشـەوە لەگەڵ چەنـد کەسێکی خەڵکـی ئەو گونـدە قسـەیان دەکـرد، خەڵکەکە هەنـدێک کەسیان دی کە لەشاخی ڕا دەهاتنەخوارێ بۆ ناو ئـاوایی ترسـان و کووتیـان ئەوانە لـــە پاسداران دەچن، ڕەزا پێی گـووتن نـا، نـا، نـا، مەترسـن ئەوانە هاوڕێیـانی پێشـوومانن لە حزب ئێسـتا شـەڕمان نەمـاوە پـێکەوە دەچـم پێیـان دەڵـێم ئـێمە لێـرەین. ڕەزا پێشـمەرگەکانی ئاگـادار کـردنەوە کە بـزانن ئەوانە کـێن، کاتـێک زانیـان ئەوانە هەمـوو پاسـدارن خێـــرا لەمـاوەی چەنـد خولەکێکدا کە ژمارەیان ١٦ کەس بوو، دەیانویست پێش لەشکرەکە ئەوان بێن بچن خۆیان بگەیەنە پایەگا کۆنەکـەی بەیـرەم و لەوێ دامەزرێن٠ پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ لەلایەن پێشمەرگەکانەوە تەقەیان لێکراو هەموویان کوژران. کاتێک بـاقـــی پێشمەرگەکان گەیشتنە قەراغ ئـاوایی و هێـزی دوژمنیش گەیشتنێ شـەڕێکی قـورس و دەستەویەخە دەستی پێکرد، شەڕەکە

هــەر گەرمتر دەبوو، هەر هاواری جاش و پاسداران بوو دەکوژران و بریندارەکان دەیانبۆڕاند، قوللەی پێشمەرگەو نەڕاندنی نیشانــەی ســەرکەووتن بەســەریاندا ئەو دۆڵ و شــاخانەی هەڵگرتبــوو، دوای چەنــدین کــاتژمێر شــەڕی پیــاوانەو دلێــرانە کەلاکێکی زۆری دوژمــن دەکەوێتە بەردەستی پێشمەرگەکان و باقی هێزەکـانی دوژمن هەڵـدێن و خوێڕیـانە مەیدانی شـەڕەکە بەجێدێڵن. بەداخەوە لەوشـەڕە قارەمانـانەیەدا ٤ پێشـمەرگەی ئـازاو بەجەرگ بەنـاوەکـانی ١- سیـاوەش بابـامیری ٢- لوقمـان سەدر ٣- سەعید غولامی ٤- سەمەد چیر شەهید بـوون و تێکەڵ بەکـاروانی شەهیدان بـوون. دوای شـەڕەکە خۆمـان گەیـاندە شاخەکانی پشتی حسین ئاباد لەنزیک دێ پەلی کەریم بەیرەمی جێگیربوون ڕەزا زۆرتـر لەگەڵ ئەو پەلە دەبـوو ئەفشین بە ڕەزای کووت نابێ لەگەڵ ئەوان بی ڕەزا لە ئەفشینی پرسی بـۆچی؟؟ کـووتی چونکە بەیـانی تووشی شـەڕدەبین دەبـێ لەگەڵ خۆم بی، بەیانی زوو هەریەکەمان لەگەڵ دەستەیەک دەبێ بچینە شاخی و لەوێ دامەزرێین. ڕەزا کووتی زۆر باشە بەچاوان، بەیانی چووینە شاخی بەڵام دڵم هەر لەلای پێشمەرگەکانــی ئەو پەلە بوو، لەوێ بـارمان خست و هەر ٣٠٠ مەترێک لەیەک دووربووین لەسەر کانیەکەی حسین ئاباد دامەزراین و نیگابانیمــان دانـاو لێـی خەووتین. ڕەزاو ئەفشین پێکەوە خەووتبـون لای بەیانی زوو تازە بەئاستەم ولات ڕوناک بوو ئەفشین تێیکووتام کووتـــی هەستە منیش سەرم لەکیسەخەوەکەم هێنـادەرێ و پرسیم چیە؟ کە دیتم ئەفشین تفەنگەکەی پێیەو سێرەی گرتـووە گـووتی پاســدار گەیشتنە سەر کوڕەکـان ئێستا لێیـان دەدەن، ڕەزا کووتی ئەو پەلە پێشمەرگەیە زۆر لەوە زیرەکترن پاسدار بگەنە سەریان و بــێ نیگابان لێی نووستبن. هەرلەو قسـانەدا بـوون پاسـدارەکان هەڵاتـنەوە بـۆ دوایە، بەبێسیم پێشـمەرگەکان ئاگاداریـان کـردین کە ئــەو نەفەرانە تیمـی شوناسایی بوون هاتبوون کاتێک دەنگیـان دابـوون کوتبویـان ئێمە جاشین و هەڵاتبـوون. ئەفشین زوو فکری کـردەوە کەدەبێ هەرچی زووتر وەشاخی کەوین، ڕەزاش پێی وابوو دەبـێ زوو خۆیـان بپێچنەوەو بچن بـۆ پشتی قـادراوا و دۆڵـی "دەروو" هەر واشیان کـرد زۆر بەخێرایـی خۆیـان گەیـانـدە ئەو دۆڵە. ڕەزا وەپـێش پێشـمەرگەکان کەووت بـۆ نـاو پـۆلە دارەکـانی خـوار دۆڵـــی دەروو، بەڵام فەتـاح ڕیحـانی پێـداگری لەوەدەکـرد ٢٠ پێشـمەرگە بگێـڕێتەوە لەشـاخە سـەختەکانی زاڵ بەسـەر دۆڵەکەدا بهێڵێتەوە کە ڕەزا قەنـاعەتی بە فەتـاح کرد کە ئەویش بێتە بن دارەکـان، هەتـا کـاتژمێر ١١ی بەیـانی نـان و چایان خوارد هیچ خەبەر نەبوو بــەڵام دوای کاتژمێر ١١ شوێنەکەمان کەشف بـوو، بـۆیە بەدرێژایـی ڕۆژ چـووینە نـاو گونـدی قادرئاوا بۆیە دوژمن ئێمەی لێ ون ببوو بــە هەر چواردەورماندا تۆپ و خومپارە دەباری بست بە بست ئەو جێگـایەی ئێمەی دەکووتـا. لای ئێـوارە دوژمن بەرەو ئـاوایی دەهـات نەیانـدەزانی ئێمە لەوێـداین. بەڵام لەبەر خەڵکی ئـاوایی گونـدەکەمان بەجێهێشت و لێمـان نەدان.. لەدەرەوەی ئـاوایی دەسـتەیەک لە کـادرو پێشـمەرگە قارەمانەکـانی کۆمیتەی ناوچەکـانی چۆمی مەجیدخان و شـامات و مەحـاڵ هـاتن بە پشتیوانیمانەوە کە بە مـاچ و یەکتـر لەبـاوەش گـرتن ڕۆشتین. پێویستە سوپـاسی خۆراگری و دڵسۆزی خەڵکی قادراوا بکەین. درێژەمان بە ڕێگای خۆمان داو خۆمان گەیـانـدە دەوروبەری گونـدی "یـالاوا" لەوێ هەتا سبەینێ ئێوارە خۆمان حەشارداو بۆ خواردنی شام چووینە گوندی یالاوا دوای حەسانەوەیەکی باش لەکاتژمێر ١٢ی شەو ئەو گوندەمان بەجێهێشت بەرەو مووچەیەک کەچەند دارێک و پۆمپێکی ئـاوی لـێ بـوو لەنێـوان گونـدەکانی "سریلاو - پیلۆری

باغی" هەڵکەووتوە کاتژمێری ٣ی شەو گەیشتینە ئەوێ، کە لە پێشدا دیاریمان کردبوو پێشمەرگەکان دوای دانانی نیگابان بە پێی عادەتی هەمیشەییان هەرکەسەو جێگایەکی بۆخۆی تەخت کردوو لێی خەووتن ، سبەی کە ڕۆژ بۆوە کوڕەکان پۆل پۆل دەستیان کرد بە چایی لێنان و نان خواردن ، بەهۆی ئەوەی کە بیری ئاوی لێبوو، هەندێک خەریک خۆشتن و لیباس شۆردن بوون، لەوکاتەدا ٢ ماشێنی تویوتاو ئوتوبوسێک کەهەموویان گروهی زەربەت بوون و بەدوای ئێمەدا لە ناوچەکەدا دەگەڕان بە تەنیشت ئێمەدا ڕۆشتن و ئێمەیان نەدی. چوون لە ئاوایی پلۆریباغی دابەزین و بڵاوبونەوە ئێمەش بەوردی بە دووربین چاومان لێدەکردن، زوو ساغ بووینەوە هەر کەگەڕانەوە لێیان دەدەین. ٢ تیم ئامادەکران هەرکەئەوان لە ئاوایی ڕا بجوڵێن و بگەڕێنەوە خۆیان ئامادە بکەن بەهەڵاتن خۆیان بگەیەنە پێشیان.. تیمی یەکەم کە دەبوو لەماشێنی پێشەوە کە تویوتا بو لێی دەن، دەستەی دووەم دەبوو لە ئوتووبوسکە بدەن، ڕەزا وەکوو فەرماندەری عەمەلیات لەگەڵیان بوو لەوکاتەدا عەلی سوهرابی کووتی ڕەزا ئێستا ئەمنت خۆشتر دەوێ یان "زانا"ی کوڕت؟ ڕەزا موچڕکێکی پێداهات و سوور هەڵگەڕا، کەی وەختی ئەو پرسیارەیە؟ ڕاستە زانا کورمە بەڵام تۆ هەموو کەس و پشت و پەنامی، لە پڕ کووتیان هێزەکەی دوژمن خەریکی خۆ کۆکردنەوەن دەیانەوێ بگەڕێنەوە، بە پێی بەرنامەکە پشمەرگەکان بەرەو شوێنی دیاریکراو هەڵاتن هەتا پێش ئەوان بگەنە سەرجادە بۆ لێدانیان لەڕێگادابوون بەرەوجادە ڕەزا هەستی کرد ماشێنەکانی دوژمن زۆر خێراتر دەڕۆن و لەوانەیە تیمی یەکەم نەیگاتێ لەوان نزیکتر بوو، هەر بۆیە ڕەزا دەستووری دابە پێشمەرگەکان کووتی لێیاندەن دەنا ماشێنەکان لێمان ڕەد دەبن و لەدەستمان دەردەچن لەگەڵ لێدانی تویوتاکە بەسەرنشینەکانیەوە وەرگەڕاو تیمی یەکەم ئەوجار گەیشتنە سەریان و تەفروتونایان کردن تویوتای دوەمیش کەووتە بەر دەسترێژی پێشمەرگەکانی تیمی دووەم کە ڕەزا بۆخۆی لەگەڵیان بوو هەروەها ئوتوبوسەکەش درایە بەر ڕەگباری گولە و دابەزین و شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکرد لەوکاتەدا هەورێکی قورسی هێنایە سەر ئاسمانی ناوچەی شەڕەکە بە بایەکی زۆر توندەوە باو باران و ڕەهێڵەیک ساز بوو چاو چاوی نەدەدیت، قوڕ دەباری بەسەرماندا دوای نیو کاتژمێر گروهی زەربەتی دوژمن هەموویان تەفروتونا بوون ٢٨ کەسیان کوژران و ١٢ کەسیان بەدیل گیران زیاتر لە ٤٠ تفەنگی جۆراوجۆرو چەکی قورس وەکوو خومپارەو دۆشکەو ئارپیجی و بیکەیسی و قەناسە گیران، ئەوانە هەمان گروهی زەربەت بوون کە ٢ ڕۆژ پێشتر لە پشتی حوسین ئاباد دوای شەڕی ناو گوندی بەیرەم ئاشکرایان کردین. هەر ئەوانە لە ٧ شاری کوردستان سەرکەووتنیان بەدەست هێنا بوو، هەر بۆیە لەناوچەکەدا کەڵەگایەتیان دەکردوو هار ببوون. لەکۆتاییدا بەدەستی کوڕەکانی شەهید پێشەوا تەفروتونا کران زۆر بەداخەوە لەو شەڕەدا ٢ قارەمان ٢ هەڵکەووتوی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان بە ناوەکانی ١- عەلی سوهرابی ٢- عەلی خاریجی کادر بریندار بوون و پاشان بەهۆی سەختی برینەکانیان هەردووکیان شەهید بوون و ئەگەر چی بە جەستە لەگەڵمان نەمان بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەرونماندا زیندوون. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٦ کاتێک لەناوچەدا بووین ڕۆژێک لە گوندی "ئیساکەند" بووین من و شەهید "حسین ئاسۆ" هەردوکمان لە پەلی ٢١ی لکی ٢ی هێزی پێشەوا بووین سەرپەلەکەمان کاک "سمایل ئەقدەم" بوو. ئێوارە دوای ئەوەی نان و چامان خوارد سەردانی دوکانی ناو دێمان کرد

هەتا هەرچی پێداویستی هەیە بیکڕین و بڕۆین بەرەو بەرزاییەکانی پشتی گوندی "قەمتەرە" کە لە ئاوایی وەدەرکەووتین لەڕێگایە کاک سمایل هاتە تەنیشتم لە ڕیزی پێشمەرگەکان کووتی وەرە کارم پێتە، کووتی لەناو ئاوایـی پێیان کووتم کە دایکی حسین ئاسۆ دوێنێ فەووتی کردووە، تۆش بزانە بەشێوەیەک پێی بڵێ با زۆر ناڕەحەت نەبێ. منیش چوم بانگی حسینم کردو کەووتینە دواى ڕیزەکەوە حسین کووتی ئەوە بۆوا ناڕەحەتی؟ بۆ وا بەهێواشی دەڕۆی؟ منیش دەمزانی کـە بۆکوێ دەچین کووتم زۆر ناڕەحەتم دایکم مردووە. زۆری پێ ناخۆش بوو پاشان وردە وردە دڵخۆشی دەدامەوەو دەیکووت کاکـە ڕەزا گیان ئێمە هەمووومان پێشمەرگەین هەموو دایکێک دایکی ئێمەیە نابێ ناڕەحەت بی دایکی منیش دایکی تۆیە ئێمە هەر یـەک دایکمان نیە• بۆیە پێویست ناکات زۆر ناڕەحەت بی. کووتم دەزانم بەڵام ئەمشەو بەتەنیا دەبێ خۆم بگەیەنمەوە ناوشارو بچمەوە ماڵێ سەردانی خوشک و براکانم بکەمەوە. دەیکووت چۆن شتی وادەبێ هەرگیز نابێ فکری وابکەی زۆری دڵخۆشی دامەوە لە دوایدا پێمکووت ئاخر حسین گیان باشە ئەوە ئەگەر دایکی تۆ بوایە هەر وات دەکووت؟ کووتی بەڵێ هەروام دەکووت ، کووتم کـە ئێستا وادەڵێی پێویستە پێت بڵێم زۆر بەداخەوە دوێنێ دایکت فەووتی کردووە. کەمێک حەپەساو ڕاوەستا لەجێی خۆی چـاوی تێبڕیم و کووتی بەڕاستە؟ کووتم بەداخەوە بەڵێ. هەر ڕاست لەجێی خۆی لەسەر ڕێگا دانیشت و چەند خولەکێک بێدەنگ بـوو پاشان کووتی ئەم هەموو شێرو ڕێوی هێناناوەت بۆ ئەوە بوو پێم بڵێی کە دایکم مردووە؟ زۆر نارەحەت بوو حسین ئاڕپێچـی پێ بوو کووتی با ئەو ئاڕپێچیەی منت پێ بێ تفەنگەکەی خۆتم بدەیە دەبێ بچمەوە شاری. کووتم ئاخر حسین گیان لەوکاتـەوە کەپێم کووتوی تۆ هەر دڵخۆشی منت دەداوە دەتکووت هەرگیز نـابێ فکری چوونەوە ناوشار بکەی ئەدی ئێستا بۆچی دەتەوێ وا بکەی؟ ئەوجار من دڵخۆشی ئەوم دەدایەوە. هەر لەناوخۆماندا لەشاخی سەرەخۆشیمان بۆ داناو سەرەخۆشیمان لێکرد، پـاش ماوەیەک لەشاری ڕا کەسوکاری پێشمەرگەکان دەهاتن سەردانیان دەکرد براکەی حوسین لەناو خەڵکەکەدا بوو لەگەڵ حسین کـە چاویان بەیەکتر کەووت بەرەوڕووی یەک هەڵاتن و یەکتریان لەباوەش کرد، حسین لە سولەیمان ی برای پرسی ئەوە لەگەڵ کـێ هاتووی؟ سولەیمانی برای کووتی لەگەڵ دایکم. حسین ڕەنگی گۆڕا و بە پچڕ پچڕ کووتی دایکم؟ ئاخر مەگەر دایکم فەووتـی نەکردووە؟ سولەیمان بە پێکەنینەوە کووتی نا ئەوە (زڕ دایکم) بوو مرد. زۆر خۆش بوو خەبەرێکی زیندووبونەوەی دایکی بوو بۆ حسین. بەداخەوە سولەیمانی برای ئەویش لە گوندی گیادروان بەدەستی پاسداران شەهید کرا کە خەریکی پەیداکردنی بژێوو ژیانی پڕ چەرمەسەری بوو. ڕۆحی هەردوو برا شادبێ.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

-----------------------------------------------------

## هاوڕێ ناسر پیرانی




هەمووومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان، دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ، کاک (ناسر پیرانی)بە شانازی و بە ڕێزەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگاری و خەباتی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک (ناسر پیرانی) چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم (میداڵ) و شایانی ئەم ڕێزلێنانە... کاک ناسر لە شارە جوانەکەی (مەهاباد) چاوی بە دنیا هەڵێناوە لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی شاری مەهاباد. قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەو شارە تەواو کردوەو لەساڵی ١٣٥٧ دیپلۆمی وەرگرتووە.. هەر لەو ساڵەدا بەهۆی سەرهەڵدان و شۆڕشی هەموو گەلانی ئێران بەدژی ڕژیمی پاشایەتی، خەڵکی کوردستانیش ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان ئەنجام دا بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی، ناسر وەک لاوێکی کوردو هەستکردن بەزوڵم و ستەم لەسەر گەلەکەی و دیتنی ناعەداڵەتیەکی زۆر بەرامبەر بە گەلی کورد، چالاکانە لەهەموو خۆپیشاندانەکاندا بەشداری دەکرد. لەگەڵ لاوان و هاوڕێیانی ئەوکات لەگرتنی پادگانی مەهابادو بنکەی ژاندەرمەری و پایەگا داپلۆسێنەرەکانی ساواک ئەوپەڕی گیانفیدایان کردو سەرئەنجام سەرکەووتوبوون ساڵی ١٣٥٨ بە ئاشکرابوونی خەباتی (حزبی دیموکراتی کوردستان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە دەپۆشێ. ئەوکات هێزی پێشمەرگە لەهەر شوێنێکی کوردستان پێویست بوایە دەچوون و بەدژی داگیرکەران پارێزگاریان لە خاکی کوردستان دەکرد.. بۆیە ناسر لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەنگەری لە دوژمنان گرتووە، لە شەڕەکانی شاری (نەغەدە) و گرتنی پادگانەکانی ئەو ناوچانە، هەروەها لە شەڕە سەختەکانی شاری (سنە) و دەوروبەری، لە شومالی کوردستان هەتا خوارووی کوردستان بەشداری چالاکانەی کردووە..

من بۆخۆم شاهیدی قارەمانیەتی کاک ناسر بووم لە کاتی شەڕەکانی مەهابادو دەوروبەر لە شەڕی ٣ مانگەدا.. هەروەها لەگرتنی شارەبانی مەهاباد دەست و چەکی کاک ناسرم دی لەکاتی هێرشمان کردە سەر شارەبانی کەلەڕاستیدا شەڕێکی دەستەو یەخە بوو، کە لەکاتێکی تردا لە بیرەوەریەکانمدا بەوردی باسی ئەم شەڕە گەورەیە دەکەم.. هەر لەو سەروو بەندەدا کاک ناسر لەگەڵ چەند پێشمەرگەی قارەمان مەفرەزەی (شەپۆل) یان درووست کردوو پێک هێنا کە ئەوەندەی من لەبیرم مابێ (وەستا عەلا، ئەبو وەیسە، محمد زەنگەنە، کەریم ئەرسەنگ) و زۆری تر بوون. کاک چرچەی بارام میرزا بوو. هەر ئەوکات بوو کەسێک گیرا بە ماشێنێکەوە ئەگەر هەڵە نەبم لە پۆمپی بنزین گیران کە نوێنەری ئیمام بوو بەناوی (سادق زیبا کەلام) کاک ناسر دەورێکی ئازایانەو چالاکی هەبوو، هەروەها لە شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد کاتێک شارمان گرتەوە بۆ ماوەیەکی کورت، چەندین عەمەلیاتمان ئەنجامدا لە ناوشار. وەکوو هێرش بۆسەر پایەگای داشامەجید و شاخی زاوابووکان و چەندین کەمین لەناوشار کە دوژمن کوژراوی زۆری هەبوو، تەواوی ئەو کوژراوانە لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوون.. دابەشکردنی نەوت بۆ خەڵکی شار کە زستانێکی سارد بوو دوژمن گەمارۆی خستبووە سەر شارەکانی کوردستان. دوای ئەوەی لەشارەکان هاتینە دەرێ کاک ناسر وەکوو بەرپرسێکی بە ئەدەب و خۆش ئەخلاق و خۆش تیپ و خۆشەویستی هەمووومان بوو، لە ڕۆژە سەختەکاندا فەرماندەیەکی شارەزاو بە ورەو قارەمان بوو، لەشەڕەکانی هەموو ناوچەکان بە شێوەی (پارتیزان) ئەزموونێکی زۆری وەسەریەک نابوو، هەمیشە هەموو کارو عەمەلیاتەکان بە مەشوەرەت و بە شێوەی گشتپرسی بەڕێوە دەچوون، پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکان زۆریان ڕێز بۆ کاک ناسرو بەرپرسەکانی وەکوو کاک ناسر هەبوو.. پێم خۆشە لێرەدا ئیشارە بە هەندێک لە پلەو پایەکانی کاک ناسر بکەم لە ژیانی خەبات و پێشمەرگایەتیدا. دیارە بەرپرسایەتی و پلەو پایە لە حزبایەتی و پێشمەرگایەتیدا شتێکی کەم نەبوو، چونکە بە پێی لیاقەت و شارەزایی و دلێری بوو. کاک ناسر لە هەموو ئەمانەدا نموونە بوو، هەروا بە پێی ساڵەکان زۆر بەکوورتی ئیشارەیان پێدەکەم.. ساڵی ١٣٥٩ سەرپەلی مەفرەزەی شەپۆل بوو. ساڵی ١٣٦٠ فەرماندەری لکی٤ ی هێزی پێشەوا. ساڵی ١٣٦٢ سەرپەلی ئەرکانی هێزی بوو، وەکوو فەرماندەری عەمەلیات. ساڵی ١٣٦٣ فەرماندەری لکی ١ شەهید کاک شوان لە هێزی پێشەوا. هەر لەساڵی ١٣٦٣ دا کرا بە موشاویری کۆمیتەی شارستانی مەهاباد. ساڵی ١٣٦٥ کرا بە جێگری فەرماندەری هێزی پێشەوا. ساڵی ١٣٦٦ لەبنکەکانی سابت کادری کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو لە بەشی تەداروکات. ساڵی ١٣٧٠ کرا بە فەرماندەری هێز لە ناوەندی ٢ ی کوردستان. ساڵی ١٣٧٢ کرا بە جێگری بەرپرسی پەیوەندیەکانی حزب لە (هەولێر). هەر لەوساڵەدا هەڵبژێردرا بۆ موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب. دوای ئەوەی لە هەلێر هەوڵی (تیرۆر) کردنی درا لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە و بە هۆی برینداربوونی، بۆ چارەسەر ناردرا بۆ دەرەوەی وڵات لە وڵاتی (دانمارک) کاک ناسر تەواوی مەسئولیەتەکانی حزبی زۆر دڵسۆزانەو بوێرانە تێپەڕاندوەو بەو پەڕی لەخۆبووردوویی و نەسڵەمینەوە لەهیچ مەترسیەک درێژەی بە شۆڕش و کوردایەتی داوە، ئێستاش لەدەرەوەی وڵات بە هەمان شێوە لە هیچ ئەرک و کارێکی حزبی خۆی بەدوور نەگرتووەو درێژە بە خەبات بۆ ڕزگاری گەلەکەی دەدات.. کاک ناسر بە هەق ڕۆڵەی دیموکرات و درێژەدەری

ڕێبازی (پێشەوا) و هەموو شەهیدانی کوردستانە. پێویستە بڵێم کاک ناسر لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٥ جار برینـدار بوەو ٥ جار کەووتوەو هەستاوەتەوە بەڵام ورەی بەرنەدا...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

--------------------------------------------

## هاوڕی عەلی سولەیمان پور ناسراو بە (عەلی شا)




* ئەمجارە هەموومـان پێکەوە دەچینە خزمەت پیـاوێکی شۆڕشگێڕو مانـدوو نەنـاس، قـارەمـانێکی هەردوو شۆڕشی دەورانـی شاهەنشاهی و حکوومەتی ئیسلامی ئێران. پێشمەرگەیەک کە لە دەورانی لاوێتیەوە هەتـا ئێستـاش کۆڵی نەداوەو بەردەوامە لە خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان، بێ پسانەوە ڕێبواری ڕێگای شەهیدان و ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکی کوردستانە، بۆ زیـاتر ناسینی ئەم قـارەمـان و شۆڕشگێڕە پـێکەوە دەچین "میـداڵی شۆڕشگێڕی" دەدەیـن لە سـنگی وەکـوو قەدردانـیەک و سوپاسێک لە کـارو زەحـمەت و تێکۆشـانی. ئێسـتا پـێکەوە بـابزانین ئەم شۆڕشـگێڕە کێـیەو چـۆن تـوانی بگـاتە میـداڵی شۆڕشگێڕی.

لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتـاوی لە گوندە جوان و سەرسەوزەکەی "بنێوخەڵێف" سـەر بە نـاوچەی "سەردەشت" لە دایک بـوەو چـاوی بە دنیای جوان و دڵڕفێنی بەهەشتی کوردستان هەڵێناوە. مام عەلـی شـا لە سـاڵی ١٣٤٦ لە تەمەنـی ١٧ سـاڵیدا پەیوەنـدی

بە حزب و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧وە دەکات بە هۆی شەهیدی نەمر "مەلا ئاوارە" وە. ئاشنایەتی مەلا ئاوارەو مام عەلی و لاوەکانی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی زووتر کاتێک "مەلا ئاوارە" ی شەهید لە گوندی "بنێەخەلێف دەرسی فەقێ یەتی دەخوێند لە کن مەلا "عەزیمی" و لە دوایە لەکن مەلا "محمدی شەلماشی" دەخوێنێ کە برا گەورەی خۆی بوو لە وێڕا مام عەلی و عەولای مام ئاغاو عەولای مام حەسەنی کە هەردووکیان شەهید بوون پەیوەندی دەکەن بە شەهید "مەلا ئاوارە" و دەبنە ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان. هەرسێکیان باشترین و دڵسۆزترین لاوەکانی سەردەمی جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دەبن کە ئەوپەڕی گیانفیدایی و لە خۆبردوویان کردووە بۆ سەرکەووتنی ئەم جوڵانەوەیە بە دژی ڕژیمی پاشایەتی. یارو هاوکارو هاوڕێ و هاوسەنگەری مەلا ئاوارەو پێشمەرگەکانی ئەوکاتی جوڵانەوە بوون. مام عەلی شا لەساڵی ١٣٤٩ لە لایەن دەزگای "ساواک" وە گومانی لێدەکەن و دەگیرێت بۆ ماوەی ٦ مانگ لە زیندانەکانی ڕژیمی پاشایەتیدا دەمێنێتەوە، بەڵام هیچ وشەیەکی لێ نازانن و مەجبوور دەبن ئازادی بکەن بەڵام هەمیشە لەژێر چاوەدێریدا بوون. لە ساڵی ١٣٥٧ کاتی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران، ئەم ٣ لاوەی دیموکرات "مام عەلی شا.. عەولای مام ئاغا.. عەولای مام حەسەنی" هەرسێکیان لەهێرشێکی کتوپڕدا دەست بەسەر پایەگای گوندی "بنێوخەلێف " دا دەگرن. کە ٦٠ تفەنگ و ١ ئارپیجی ١ تۆپی ٥٧ ملم تێدا دەبێ لەگەڵ موهیماتێکی زۆر کە هەمووی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن. لە هەمان ساڵدا بنکەیەک لە گوندەکەی خۆیان دەکەنەوە وەک مەقەڕێکی حزب هەموو چەکدارو ئامادە. هەر لەو ساڵەدا بە ڕەسمی دەبنە پێشمەرگەی حزب و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشن. مام عەلی لە "متینگی" شاری "مەهاباد" دەعوەت دەکرێ و بەشدار دەبێ کە متینگێکی گەورەی حزب بوو لە مەهاباد بۆ یەکەمجار بوو حزب بە ئاشکرا کۆبونەوەیەکی بەو شێوەیە گەورە بگرێ بۆ خەڵک و هەموو حزب و هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان. هەروەها هەر لەو سەردەمدا لە گرتنی پایەگای ناوشاری "سەردەشت" بەشداری دەکات کە لەوشەڕەدا کاک "ئەحمەد نەستانی و عەولای مام حەسەنی" لەگەڵ دەبن. مام "عەلی شا" لە متینگی شاری "نەغەدە لە ساڵی ١٣٥٨ بەشداری دەکات هەر لەو ساڵەدا بە مەئموریەت و کاری حزبی چونەتە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوێ بەشداری لە شەڕی "حەسار" کردووە لە نزیک کارخانە قەندی "ورمێ" ... هەروەها لە ساڵی ١٣٦١ بۆ جارێکی تر لەگەڵ هەیئەتی حزب بە ناوەکانی " کاک حەسەن ڕەستگار .. کاک حوسین مەدەنی.. کاک مستەفا هیجری.. کاک ڕەحمان حاجی ئەحمەدی "دەچێتەوە بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ "سەنارمەمندی" تووشی شەڕ دەبن "سنار" بۆ خۆی هەڵدێ و کوڕێکی بریندار دەبێ. هەروەها هەر لەو ساڵەدا دوژمن هێرش دەکات بۆ سەر گوندی "واوان" و دەوروبەری کە مام عەلی شا لەم شەڕەدا لە گوندی "شیوەسەڵ" بە سەختی بریندار دەبێ. هەر لە ساڵی ١٣٦١ دا دوژمن هێرش دەکاتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەڕێکی گەرم دەستپێدەکات کە لەم شەڕەشدا دیسان مام عەلی بریندار دەبێتەوەو چەند پێشمەرگەش شەهیدو بریندار دەبن بە ناوەکانی "مامە ڕەشە.. خدر کۆڕە بناوێ.. "کە ئەم شەڕە لە گوندی "سڵەکتان" ڕویدا. هەروەها لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢لە ناو ماڵی "وارشەمزین" شەڕ دەبێ و شەڕێکی قورس ە دیسان "مام عەلی شا" بە سەختی بریندار دەبێتەوە کە ٦ گوللەی بەردەکەوێ. مام عەلی لە

زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەو بوێرانەی کردووە.. مام عەلی لە ساڵی ١٣٥٩ بووە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت.. هەروەها لە ساڵی ١٣٧٠ دەبێتە کادرێکی هەڵسوڕاوو چالاکی حزب.. مام عەلی کوڕێکی بە ناوی "سولەیمان سولەیماپور" شەهید بووە. هەروەها لە ساڵی ١٣٦٢ بەشداری هێرش بۆ سەر پایەگای دوژمن لە "مۆڵەماین" دەکات هەڵکەووتو لە پشتی "سەرشیو" کە لەوێ چەند شەهیدو بریندار هەبوون بە ناوەکانی "حەمەی حەسەنی خدری.. خدری حەسەنی خدری" کەهەردووکیان برا بوون "مام شەریف خەڵکی" خولیسان" "حەمەبۆر" خەڵکی "باساوێ" "خالید خەڕات کوڕی حەمە خەڕات" حەمە خەڕاتیش زۆر بە توندی بریندار بوو. با نەقڵ و مەسەلەیەکی خۆشی مام عەلی تان بۆ باس بکەم...پێشمەرگەکان هەموویان لە جەولەو مەئموریەتی ناوچە دەگەڕێنەوە، شەهید "حەمە نارستی" دەڵێ کوڕینە لێرە دەمێنینەوە ئیسراحەتێک دەکەین و پاشان دەڕۆین.. پێشمەرگەکانیش هەموو لێی دەنوون بەڵام "مام عەلی شا " هەر بە چواردەوری خۆیدا دەگەڕێ و حەمە نارستی دەڵێ ئەرێ مام عەلی ئەوە لە چی دەگەڕێی بۆ ئانوی ئیسراحەتێکی بکەی، مام عەلی دەڵێ وەڵا لە بەردێکی "نەرم" دەگەڕێم بیکەم بە سەرین هەرچەند دەگەڕێم بەردێکی نەرم نابینمەوە. حەمە نارستی دەڵێ بۆ مام عەلی بەردی نەرمیش هەیە؟؟ مام عەلی دەڵێ بەڵێ بەردی نەرم هەیە ئەگەر بەردەکە تەخت و ساف بێ ئەوە زۆر نەرم و خۆشە کە بیکەیتە سەرین... مام عەلی شا ئێستاش هەر لە ڕیزی حزبدایەو وازی لە خەبات و تێکۆشان نەهێناوەو بەردەوام درێژە بە شۆڕش و خەبات دەدات. بژی خۆڕاگری و بەردەوامی مام عەلی لە خەبات.. سڵاو لە خۆڕاگری و پشوو درێژی ئەم شۆڕشگێڕە قارەمانە.

زۆر سوپاسی کاک "خدر میراوەیی" و کاک "سمکۆ سلیمانپور" دەکەم کە هاوکارییان کردم لەم یادەدا.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

---------------------------------------------------

## مامۆستا مەلا مەحمەد عەباسی




هەر لەتەمەنی ١٤ - ١٥ ساڵیەوە وەکوو (پەیک) واتە نامەبەر هاوکاری پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی کردووە لەجوڵانەوەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی، لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشووردا. کە ئەوکات بنکەی حزب لە گوندی (سونێ)ی باشووری کوردستان بووە. هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەلایەن خۆفرۆشان و ساواکی زەمانی شاوە ئاشکرا دەبێ، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە ناو داوی ساواکەوە، بەرەو باشوور دەڕوات و لەوێ دەمێنێتەوە هەتا ساڵی ١٣٥٧ و دەستپێکردنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بەدژی ڕژێمی پاشایەتی. مەلا محمد لەگەڵ دەیان کادرو پێشمەرگەو بەرپرسانی حزب دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵات. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لەزۆربەی شارەکانی کوردستان پادگان و شوێنە نیزامیەکان کەووتنە دەستی حزب و خەڵکی کوردستان. مەلا محمد دوای مامۆستا حەسەنی شیوەسەڵی کرا بە بەرپرسی پادگانی مەهاباد، کە لەلایەن شوڕای نیزامی ئەوکاتەوە دیاری کرا، بۆ پارێزگاری لە پادگان٠ هەتا گرتنەوەی پادگان لەلایەن ڕژیمەوە بەرپرسی پادگان دەبێ٠ پاشان مەلا محمد عەباسی لەگوندەکانی (گاگەش و قازیاوا) دوو بنکە بۆ پێشمەرگە دادەمەزرێنێ کە سەر بەهێزی پێشەوا بوو. لەگەڵ ناوچەکانی مەنگوڕان.. ئەوکات ناوچەکان و شارەکانی هەوشارو شاهێندێژ هێزیان نەبوو، بەڵکوو هەر ناوچەی ١٠٠ یا زیاتر پێشمەرگەیان هەبوو کە پێیان دەگووتن (پۆل). بۆیە دەفتەری سیاسی مەلا محمد دەنێرن کە بچێ ئەم پێشمەرگانە بکاتە بە هێزی ١١٠ی بەیان، دوای دروستکردن و سازمان دانی ئەم هێزە، دوای ساڵێک بۆ ماوەی ٢ مانگ وەک جێگرو هاوکاری کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە لەهێزی ئاوارەی پێشوو ئەرک و کارەکانی هێزی ئاوارە بەڕێوە دەبات. دوای تەواو بوونی ئەم ئەرکە دەگەڕێتەوە بۆ دەفتەری سیاسی حزب. کاک دکتور قاسملوو داوا لە مەلا محمد دەکات هاوکاری بکات بۆ دامەزراندنی هێزێک بۆ پارێزگاری لە مەحوەتەی دەفتەری سیاسی. دەمەوێ هێزەکەش بەناوی هێزی (کۆماندۆ) بێ. مەلا محمد عەباسی لەزۆربەی هێزەکانی ناوچەکانی مەهاباد - سەردەشت

- بۆکان - ناوچەی پیران ئەو پێشمەرگانەی کە بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ هێزو کۆمیتە شارستانەکان دانیشتبوون و وازیان هێنابوو، کۆدەکاتەوە دەیانهێنێتە دەفتەری سیاسی و دەورەیەکیان بۆ دەکاتەوەو سازمانیان دەدەن و ئاموزشی تەوایان پێدەدەن و هێزێکی بەهێزو پڕ ئینێرژی و کارامەیان لێ درووست دەکات دوو کەس دەکاتە بەرپرسیان کە پێشتر لەهێزی کۆماندۆدا بوون و کاریان کردووە بە ناوی عەولا سوورو کەماڵ ئەسەدی. پاش ماوەیەک هەردوو هێزی (کۆماندۆ - تایبەت) تێکەڵ کران و بوون بە یەک هێز و کاک (سەرگورد عەلیار) بوو بە فەرماندەری ئەو هێزە، دوای ئەوەی کە ئەم هێزەشی درووست کرد، حزب مەلا محمد وەکوو فەرماندەری هێزی شەهیدانی هەوشار دیاری دەکرێ. پاش ماوەیەک حزب دەفتەری سیاسی دەکاتە دوو بەش دەفتەری ژمارە ١ و ژمارە ٢ مەلا محمد دێنەوە دەیکەنە فەرماندەری هێزی (هەژار). لە دەفتەری ژمارە ١ لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان. پاشان دوای کۆنگرەی ٦ی حزب کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو بە ٣ ناوەند، (ناوەندی جنوب - ناوەندی سپی سەنگ - ناوەندی شومال) لەم تەقسیمات و سازماندیە تازەیەدا مەلا محمد وەکوو بەرپرسی نیزامی ناوندی سپی سەنگ دیاری کرا. لەم ئەرکەشدا وەکوو هەموو ئەرکەکانی دیکەی بەسەرکەوتویی تێپەڕاند هەتا ساڵی ١٣٦٤ ڕۆژهەڵات بەجێ دێڵن بەرەو باشوور. لەوێش وەکوو بەرپرسی پارێزگاری نیزامی لە زیندانی ناوەندی حزب دیاری دەکرێ. هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشت و جەریانی جودابوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە هەرچەندە لێکترازان تاڵەو هیچ کەس و هیچ کوردێک پێی خۆش نیە بەڵام لە ڕەووتی سیاسەت و کاری سیاسی دا ئەم جۆرە جودابوونەوانە ئاساییەو لەهەمو دنیا ئەم ترازانانە ڕوودەدەن مامۆستا مەلا محمد عەباسی بەشداری لە پێنج کۆنگرەی حزب دا کردووە. وەک فەرماندەیەکی زاناو ئازا زۆرن لەو قارەمانان و زەحمەتکێشانەی ناو حزبی دیموکرات، کە وردە وردە بەرەو فەرامۆشی دەسپێردرێن و نەوەکانی داهاتوو هیچ زانیاریەکیان لە ڕابردوو زەحمەت و فیداکاریەکانی ئەوانیان نیە. ڕۆژانێکی دوورو درێژ دەکرێ بڵێم تەواوی ژیانیان لەڕێگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیاندا فیدا کردو لەبەرامبەر دوژمنانی حکوومەتەکانی شاهەنشاهی و ئیسلامی دا چۆکیان دانەداو وەکو قەندیل ڕاوەستان و بەرەنگاریان لە خاکی کوردستان کرد. من ناهێڵم ناویان فەرامۆش بکرێن و هەوڵ دەدەم نەوەکان بیاناسن.

---------------------------------------------

## هاوڕێ مەحمود ساڵحی ناسراو بە (مەحمود ڕیشە).




یادێک و ڕێزو وەفایەک بۆ فەرماندەو تێکۆشەر کاک مەحمود ساڵحی ناسراو بە (مەحمود ڕیشە).

مەحمود لەشارە جوان و سەبەرزەکەی (بانە) لەباوەشی بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بەدنیا هەڵێناوە. هەر لەوشارە هەتا پۆلی سێهەمی ڕەهنمایی خوێندوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان. مەحمموود وەکوو زۆربەی زۆری لاوانی کوردستان، عەشق و ئاوات و ئارەزووی ئەوەبوو ببێتە پێشمەرگەی کوردستان. هەرواشیکرد ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی شەرەف و بەرەنگاری لەخاک و نیشتمانەکەی هەڵگرت. لەهێزی شەهیدانی وێردی لەناوچەی بانە سازمان درا. هەرچەندە ئەوکات مەحمموود لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڵام کەسێکی بەتواناو بەجەرگ و لێوەشاوە بوو. مەحمموود زۆر زوو تواناکانی خۆی پیشان داو بوو بەجێگای سەرنجی هاوسنگەرانی. لە زۆربەی زۆری شەڕە گەورەکان و بەرەنگاری لەهێرشە زەبەلاحەکانی دوژمن بەشداری چالاکانەی هەبووە. بەتایبەتی سنوورەکانی سەردەشت و بانەو پیرانشار کە دوژمن بەهەموو هێزیەوە دەیویست داگیریان بکات. مەحمموود قاڵبۆوەی ناو ئەم شەڕە زەبەلاحانە بوو، بۆیە بەهۆی ئازایەتی و لێزانینیەوە بەرپرسیارەتی جۆراوجۆری وەرگرتوەو سەربەرزانەش تێیدا سەرکەوتو بووە. پلەکانی بەرپرسایەتی لەسەرپەل دەست پێکردوە، ماوەیەک کادر بووە، پاشان بەهۆی لێوەشاوەییەوە کردوویانە بە سەرلک و هەروەها وەکوو ئەندامی ناوەندو بەرپرسی نیزامی ناوەند. پاشان وەکوو ئەندامی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێردراوە. بەشی ماڵی کۆمیتەی شارستان و زۆر بەرپرسیارەتی تر. مەحمموود ڕیشە چوار جار بەتوندی بریندار بووە. ئێستاش پارچەیەکی زۆری فیشەک و تۆپ و خومپارە لەناو لەشیدا ماون کە ئازاری

دەدەن. مەحموود ساڵی ٢٠٠٨ بۆ چارەسەر دێتە دەرەوەی وڵات و بەڵام نەتوانراوە چارەسەری تەواوی بۆ بکەن. لەهەندەرانیش هەروا چالاک و هەڵسوورەو بەرپرسی کۆمیتەی حزبە لەوڵاتی هۆڵەندا.

----------------------------------------------

## یادێک و سوپاس و قەدردانیەک لە زەحمەتەکانی مامۆستا (گەلاوێژ قادری)...




لە دەورانی ڕۆژە سەختەکان و بێدەرەتانی دا زۆر بوون ئەو دڵسۆزو شۆڕشگێڕانە، کە هەمیشە لە فکری منداڵە چاوگەشەکانی کورد بوون. سەبارەت بە پێگەیاندن و پەروەردە کردن و خوێندەوار کردنیان. لەسەرتاسەری کوردستان بەگشتی و لە ناو بنەماڵەی کادرو پێشمەرگەکاندا لەماوەی دەسەڵاتی حزب لەناوخۆی کوردستان و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر موشەک و تۆپ و خومپارە باران و هێرشە زەبەلاحەکانی ڕژیمی داگیرکەری ئیسلامی ئێران. بۆ یەک ڕۆژیش مامۆستایانی دڵسۆزو شۆڕشگێڕ نەیانهێشت منداڵانی کوردستان لە نووری زانست بێبەش بن.

یەکێک لەو مامۆستا دڵسۆزانە مامۆستا (گەلاوێژ قادری) بوو. کچی ڕەوانشاد کاک (ئەمیر قادری) ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حزب.

مامۆستا گەلاوێژ لێرەوە سوپاس و ڕێزو قەدردانی خۆمان بۆ ئێوەی زەحمەتکێش و دڵسۆز دەردەبڕین. منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان ئەوانەی لەژێر دەستی ئێوەدا چاوو گوێیان کرایەوە هەرگیز زەحمەتەکانتان لەبیر ناکەن. بۆ هەمیشە ناوی ئێوە لە دڵ و مێشکیاندا دەمێنێتەوە.

## هاوڕێ ڕەشید قازی




هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "ڕەشید قازی" بەڕێزو بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان. ئێستا با بزانین "ڕەشید" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە....

ڕەشید کوڕی "حاجی عەوڵای قازی"یە کە هەم لە "مەهاباد" هەم لە گوندی "کۆنەدێ" دەژیان، هەر لە زووەوە بە هۆی تێکەڵاوی بنەماڵەیی لەگەڵ شۆڕش و وەکوو بنەماڵەی "قازی" هەمیشە تێکەڵاوییان هەبووە لەگەڵ شۆڕش و جوڵانەوەکان بە ئاشکراو بە نهێنی... ڕەشید خوێدبنی لە مەهاباد تەواو کردوەو "دیپلۆمی زانستگاکانی" تەواو کردوەو خوێندووە، دوای سەرکەووتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و ئاشکرا بوونی خەباتی ئاشکرای حزبی دیموکرات و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و داسەپاندنی شەڕو هێرشی سەربازی لە جوابی داواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، شەڕ سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە.. لە دوای ڕشبگیری لاوانی شاری "مەهاباد" لە لایەن سوپای پاسدارانەوە.. کە بوو بە هۆی گیرانی زۆر لە لاوانی ئەم شارەو سەرئەنجام "ئیعدام" کردنی ٥٩ لاوی بێ گوناحی ئەم شارە، ڕەشید زۆر بە زەحمەت توانی خۆی ڕزگار بکات و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی ئازادی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە... دوای شەش مانگ لە لایەن حزب و کۆمیتەی شارستانی مەهابادەوە ئەرکی پێ دەسپێرن لە ناو شاری مەهاباد، بۆیە دەگەڕێتەوە "مەهاباد" دوای ماوەیەک کار کردن لە ناو شار بە نهێنی ئاشکرا دەبێ و خۆی دەرباز دەکات و دەگەڕێتەوە ناو حزب. لەوە بە دواخەباتی ئاشکرا لە ڕیزەکانی کادرو پێشمەرگەو ئۆرگانە جۆراو جۆرەکانی حزب دەست پێدەکات. لە پلەی کادر دا لە

کۆمیتەی ناوچە و کۆمیتەی شارستان و وەک کادر لە فێرگە و کۆمسیونی ئینتشارات زۆر سەرکەووتوانە کاری کردووە.. لە ڕۆژە سەختەکانداو لە خەباتی شاخ، ڕەشیدو ڕەشیدەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا بە چەندین ڕۆژو بەحەووتوانە لە جێگا سازیدا ماونەتەوە لەناو جەرگەی دوژمندا، شەوانەش هەموو ناوچەکان و گوندەکان گەڕاون و لەگەڵ خەڵک لە نزیکەوە بە کارو گرفتەکانیان ڕاگەیشتوون و کاری حزبی و سیاسەتەکانی حزبیان بۆ باس کردوون و جنایەتەکانی ڕژێمیان لە قاو داوە، ڕەشید لە زۆر لە شەڕەکانی ناوچە جیاکانی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردوەو زۆر لە هاوڕێیانی نزیکی خۆی لە دەست داوەو لە لای خۆی شەهید بوون... وەکوو شەهیدان "متەلیب، مەلا عومەر، مامۆستا عەلی ئیبراهیمی، خالق بارزان، و دەیان ڕۆڵەی ئازاو گیان لەسەر دەستی دیکە.. بەڵام ئیرادەی ڕەشید یان لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجەکانی کزو لاواز نەکردوەو ئەو سوورتر بوە لەسەر ڕێبازی پیرۆزی و بوێرانە ترو قورس و قایم و بەهێزتر لە جاران درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.. ڕەشید لە ناو هاوسەنگەرانیدا کەسێکی خۆشەویست و جێی باوەڕو متمانەی بەرپرسان و هاوسەنگەرانی بوە، کەسێکی ڕۆح سووک و هەڵسوڕو چالاک و شۆخی بازو قسە خۆش بوو، هەروەها لە کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیدا لە ناوچەو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەدا جێی ڕێزو جێی باوەڕ بووە بە هۆی کەسایەتی بنەماڵەو خۆشەویستی بنەماڵەی قازی لە ناوچەدا.. کاتی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان و گیران و وێرانکردنی بنکەو دەزگا ئەمنیەکان و داپڵۆسەنێرەکانی ڕژێمی بەعس لە لایەن خەڵکی داخ لەدڵ و تووڕەی کوردستانەوە، ڕەشید لە زۆربەی زۆری شارەکان بە خۆی و بە "کامێرا" کەیەوە بەشدار بووە لە ڕیزەکانی پێشەوەدا شان بە شانی خەڵک و پێشمەرگە ڕوداوەکانی "فیلمبەرداری" و "وێنە" لێ هەڵگرتۆتەوە، کە ئەوکات ئەوە کاری هەموو کەسێک نەبو پاش ۲۱ ساڵ هەموو ئەو فیلم و وێنانە کە ژمارەیان ٦٢ وێنەی بە نرخ و مێژوویی بوون لەگەڵ کامێراکە تەسلیم بە "مۆزەخانە"ی شاری سلیمانی کردووە کە زۆر بە وردی شێوەی گرتنی "ئەمنە سوورەکە"ی شاری سلیمانی تێدایە. کە لە لایەن بەرپرسی مۆزەخانەی سلیمانی "لەوحەی" ڕێزلێنانی پێشکەش کراوە.. ساڵی ۱۹۹۲ کاتێ ڕژێمی سەدام هێرشیان کردەوە بۆ کوردستان و بوو بە هۆی "کۆڕەوە گەورەکە"ی خەڵکی کوردستان بەرەو ئێران و تورکیا، ڕەشید ئەوکات بەرەو تورکیا لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵ دەبێ دەچێ و لەوێ پاش ماوەیەک وەکوو پەنابەر دەدرێتە وڵاتی "دانمارک" و لەوێ دەگیرسێتەوە.. زۆر زوو پەیوەندی بە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حزب دەکات بێ پسانەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات.. لە دانمارک بەرپرسایەتی جۆراو جۆر وە ئەستۆ دەگرێت. لەگەڵ کاری حزبیدا درێژە بە خوێندن دەداو دەتوانێ "دیپلۆمی زمان"ی دانمارکی وەربگرێ هەروەها لە بواری پیشەی"ددانسازی" لە زانکۆی "پنۆمی کۆپێنهاک" ی بە سەرکەووتویی تەواو کردوەو ئێستا وەکوو "دکتۆری ددانساز" درێژە بە کارو پیشەکەی دەدات... هەروەها ڕەشید دەستی نووسینی بە هێزو هەموو ژیان و بەسەرهاتەکانی کارو چالاکیەکان و ئەو شەڕانەی بۆ خۆی تێیدا بەشداری کردووە لە ژێر ناونیشانی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" دا بۆنەوەکانی داهاتووی نووسیوەتەوە من بۆ خۆم زۆر لەزەتی لێ وەردەگرم کاتێک دەیانخوێنمەوە... هەروەها ڕەشید وەک تەحلیل گەری سیاسی و کاری ڕۆژنامەوانی بەرهەم و نوسراوەی زۆرن و لەو بارەشەوە خزمەتی خۆی دەکات لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا

ڕەشید لە ٥ کۆنگرەی حزبیدا وەکوو نوێنەری ئۆرگانە جۆراو جۆرەکانی حزبی بەشداری کردوە، هاوڕێ و هاوسەنگەرم کاک ڕەشید قازی "میدالی ئازایەتی" تان لێ پیرۆز بێ و نمونەتان زۆر بێ،

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل ..

---------------------------------------------------------

## هاوڕێ سەید خدرمیرسەیدی




ئەمجارە میدالی شۆڕشگێڕی و قارەمانیەتی دەبەخشینە هاوڕێی تێکۆشەرمان لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری شۆڕشی گەلەکەمان. بەڕێز "سەید خدرمیرسەیدی" با پێکەوە بزانین ئەم شۆڕشگێڕە، کێیەو چۆن توانیویەتی بگاتە ئاست و شایانی ئەم"میداڵە" کە تێکەڵ بە شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەلات دەبێ.

سەید خدر لە دایک بووی گوندی "خورخورەی" دەشتی قارەمانان دەشتی شاروێران لە ناوچەی "مەهاباد" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووەو، بۆ قۆناغی ڕەهنمایی و دەبیرستان چۆتە شاری "مەهاباد" هەروەها لە قۆناغێکی تردا ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی دەستی کردوە بە خوێندنی دەرسەکانی "ئایینی" و بۆ ئەم مەبەستە یەکەمجار لە خزمەت. شەهیدی سەربەرزی گەلەکەمان "مامۆستا مەلا برایم ڕۆستەمەمی" لە گوندەکەی خۆیان "قورئان و سەرف و نەحوومیب" دەست پێکردوە. پاشان بۆ درێژەدانی دەرسی ئایینی ڕووی کردۆتە "حوجرەکانی قەباغکەندی و سەرچنارو مزگەووتی جامیعەی شاری بۆکان و بوغدەکەندی" دواتر ناوچەی "شنۆ" و مزگەووتی "سووری مەهاباد" سەید خدر

لەم ماوەیەدا لە خزمەت ئەم مامۆستایانەدا خوێندویەتی.. "حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی، مەلا ئەبوبەکر شەفیعی، مامۆستا مەلا عەلی بوغدەکەندی، مامۆستا مەلا محەمەد ماوەتی، مەلا خالید وەحیدی.. ساڵی 1356 سەرەڕای ئەوەی کە لە مزگەووتی سووری مەهاباد دەرسی ئاینی خوێندوە، توانیویەتی دەرسەکانی قوتابخانەش بخوێنێ و لە قوتابخانە "دیپلۆمەکەی" وەربگرێ. دەنگوباسی جموجۆڵی خرۆشانی خەڵک و شۆڕش پەیدا ببوو سەید خدر بەشداری هەموو خۆ پیشاندانەکانی شاری مەهابادی کردوە، چالاک بوە لە ڕێپێوانەکان و خۆپیشاندانەکان، ساڵی ٥٧ لە خیابانی وەفایی بەرەو چوار ڕای ئازادی خۆ پیشاندنیان وەڕێخستوەو کەووتونەتە بەر دەستڕێژی گولەو زۆر کەس بریندار بوون و کەسێک بە ناوی "جەماڵ فەقێ یەعقوبی" شەهید دەبێ، هەروەها لە داگرتن پەیکەری "شاە" و هەروەها لە موتینگی مەیدانی "ئابیاری" واتە مەیدانی فوتباڵ کە کاک دکتور قاسملو قسەی دەکرد خەڵک لە سەرتاسەری کوردستانەوە هاتبوون زۆر قەرەباڵغ بوو. هەروەها لە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی شەهیدب "عەزیز یوسفی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب، سەید خدر ئەوکات چەکدار بوەو چەکی حزبی پێ بوە کە ئەوکات شەهید مامۆستا مەلا برایم ڕۆستەمی و سەید ڕەسوڵی ورچان و کاک ڕەحیم محمدزادە لە شارویران خەڵکیان چەکدار دەکرد.

ئەم سێ کەسە دەوری ئەساسیان هەبوە لە ناوچەکەدا. سەید خدر بە هەست بە بەرپرسیارەتی کاتێک دەبینێ مەدرەسەی گوندەکەیان بێ مامۆستایە، لەگەڵ چەند هاورێی قوڵی لێ هەڵدەماڵن و ئەو ساڵە ناهێڵن قوتابیان دەرسەکانیان وەدوا بکەوێ و دەرسی فارسی و کوردیان پێ دەڵێنەوە. هەروەها چ وەک یەکیەتی لاوان و وەک مامۆستای شۆڕش لە ناوچەکانی شارویران و شامات هەڵدەسوڕێن و یارمەتی بۆ پێشمەرگە کۆدەکەنەوەو زۆر جاران لەگەڵ پێشمەرگەکان چوونەتە کەمین و بەرەنگاری دوژمن بوونوتەوە لە کاتی هێرش کرد. هەروەها لە ساڵەکانی ٦١ و ٦٢ مامۆستای شۆڕش بوەو دەرسی بە منداڵە جوانەکانی گوندەکانی " گابازەڵە و کێچاوا "کوتوەتەوە، و وەکوو پێشمەرگەش بەشداری شەڕەکانی کردوە کە دوژمن هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی "قزقەڵاو قوڵەسەن کە شەهیدێکیان داوە لەو شەڕەدا بە ناوی "حەسەن نایب" پاشان دوای ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەکە هاتە پێش و دوژمن توانیبووی زۆر جێگایان داگیر بکاتن، سەید خدر ورەی ناڕوخێ و کە دەبینێ کۆمیتەی شارویرانی ئەوکات، وەکوو"سەید برایم کەریمی و سەعدون عەباسی و محمد شارویرانی لەگەڵ یوسف پیرزادو یوسف عەلی حاجی بەفرەوانی و خالید وەنەوشە، حەسەن کاکیلی." بە نهێنی لە شامی شارویراندان و درێژە بە خەبات دەدەن، هەروەها شەهید حاجی مەلا برایم و کوڕەکانی کاک عەولای سولیمانی و کاک ڕەحیم محمدزادەو محێدین سەیدەو زۆری تر کە هاندەری بوون بۆ مانەوە لەبخەبات و تێکۆشان، هەتا ساڵی ١٣٦٢ شوێنی ژیانی دەگۆڕێ و دەچێتە شاری "شنۆ" لەوێ زۆر زوو پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی نهێنی حزب لەو شارە. لەگەڵ کاک خالید ڕەواندوست و دواتر مەلا عومەر شاداب و سۆفی ئەحمەد ئاشنا دەبێ، لەوێش هەمیشە هاندەر بوە بۆ هەموو سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی، سەید خدر سێ جار لە لایەن ئیتلاعاتەوە گیراوەو جاری دووەم بە زەمانەت بۆ ماوەی دوو ڕۆژ مەرەخەستی

دەدەنێ و ئەویش لەو فرسەتە کەڵک وەردەگرێ و هەڵدێ بۆ ناو پێشمەرگەکان لە باشووری کوردستان، بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەوێ ماوەتەوە. سەید خدر لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە لە شنۆ بوە. ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی شنۆ بوە ، ئەندامی شاخەوانان و ژینگە پارێزی دا چالاکی نواندوە. پاشان ڕوو لە هەندەران دەکات و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە تورکیا دەمێنێتەوەو جارێک ڕووبەڕووی "دیپۆرت" دەبێتەوە بەڵام حزب و کۆمیتەکانی حزب لە دەرەوەی وڵات هەوڵێکی زۆر دەدەن هەتا ڕزگاری دەکەن و ئێستاش لە وڵاتی "فینلەند" گیرساوەوتەوە، سەید خدر هەمیشە خێزانی لە هەموو کاتە سەختەکاندا پشتیوان و هاودەمی بوە، سەید خدر هەمیشە شانازی بە حزبی بوونی دەکاو هەتا مردن لەسەر ئەو ڕێبازەیەو دەمێنێتەوە، هەرگیز خۆی بە ماندوو نازانێ لەو ڕێگا پیرۆزەدا، سەید خدر خاوەنی کچێک و دوو کوڕە بە ناوەکانی "بێگەرد و دیارو پێشەوا".

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

---------------------------------------------------

## هاوڕێ کەریم ئەڵاوەیسی




ئەمجارە با پێکەوە "میداڵی قارەمانیەتی" لە لایەن بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان بدەم لە بەرۆکی بەڕێز "کەریم ئەڵاوەیسی " و بە هەموو خەڵک و بە تایبەتی لاوەکان و تازە پێگەیشتوەکان بناسێنم. با بزانین "کەریم" کێیە؟ و چۆن توانی بگاتە شایانی ڕێز لێنان و "میداڵی قارەمانیەتی"؟

هەروەها ئەم قەدردانیە دەکەمە پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایک بوونی. هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین... "کەریم" لە شاری

"مەهاباد" لە دایک بوەو. دەورەکانی خوێندنی لە مەهابادو "تەورێز" تەواو کردوە. بۆ خوێندنی ئاستی بەرز لە ساڵی دوەومدا بوە کە هێرش کراوەتە سەر مەهابادو خوێندنی بە جێ هێشتوەو چەکی شەرەف و کوردایەتی لە شان کردوە.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی زۆر چالاکەنە بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی مەهاباد کردوە بە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پێش هەڵاتنی "شاه" کەریم لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی لە "مزگەووتی شادەروێشی" لە مەهاباد پێکەوە "یەکیەتی لاوانی مەهاباد" یان پێک هێناوە. کەریم بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەم یەکیەتیەی بەڕێوە بردوە. تا کاتێک کە "تودەییەکان" توانیبویان دەست بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا بگرن. نەفوزیان کردبوە ناو ڕیزی لاوانی دیموکرات.. کە توانیبویان تا ڕادەیەک زەرەرو زیان بە لاوان و حزبی دیموکراتی کوردستان بگەیەنن. کەریم لەگەڵ چەند هاوڕێی ئەمەیان لێ قەبوڵ نەکردن و لێیان هەستان و نەتانهێشت تودەییەکان لەوە زیاتر لە ناو یەکیەتی لاوانی دیموکراتدا بمێنەوەو بە قازانجی خۆیان لاوەکانمان لێ فریوو بدەن . بۆیە لێرەوە مستێکیان لە دمی تودەیەکان داو بۆ هەتا هەتایە دەریانکردن. کە ئاخری هەموو ئەوانە لەگەڵ گروهی حەوت کەسی کەووتن و تەنها سەرشۆڕی و شەرمەزاریان بۆ مایەوە. کە دەرکەووت هەموو کارەکانیان لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی بوو. چونکە تودەیەکان پێیان وابوو چونکە کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە.. ئەوانیش پێویستە خەبات بۆ ئەو شوعارە بکەن... کەریم یەکەم بەرپرسی "کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان" بوو لە ساڵی ١٣٦٠ وە کە لە دەفتەری سیاسی ئەم بەرپرسیارەتیە بە هەڵبژاردن کراوە... کە لەو ماوەیەدا چالاکی جۆراوجۆری کردوە. کەریم یەکێک لەو کوڕانە بوو کە بەشێکی زۆر لە لاوەکانمان لەسەر دەستی یەکیەتی لاوان و بە تایبەتی کەریم و هاوڕێیانی بە باشترین شێوە پەروەردە کراوان و لەهەموو بارەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی ڕاهێنانیان پێ کراوە. دوای تەواوبونیان و تەئید کردنیان، ناردراون بۆ ئورگانەکانی حزبی و ناو ڕیزی پێشمەرگە زۆرن ئەوانەی لە یەکیەتی لاوان پەروەردە بوون و ئێستا بەرپرس و فەرماندەو پیاوانی سیاسین و لە خزمەتی خەڵکدان. کەریم بێجگە لە بەڕێوەبەری یەکیەتی لاون... ماوەیەکیش بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی "مەریوان" بوە و لەوێ ئەرک و کاری حزبی بەڕێوە بردوە.. ماوەیەکیش بەرپرسی ماڵی ئاموزشی ناوەندی "سپی سەنگ" هەروەها لە کۆمسیونی "سیاسی نیزامی" حزب کارو تێکۆشانی کردوە. تا دوایین جار وەکوو "موشاویر" ئەرک و کاری خۆی ڕاپەڕاندوە... پاشان ڕوو لە هەندەران دەکا لە وڵاتی "تورکیا" کۆمیتەی حزبی پێک هێناوەو پێی خۆش بوە لەوێش وەک ئەندامی کۆمیتە کار بکات. بۆیە بڕیاری دابوو لە "ئوروپا" کاری جیدی بۆ حزبەکەی بکا. تا سەرئەنجام لە وڵاتی "نۆروێژ" دەگیرسێتەوەو لەوێش "حەوت" دەوریە لە کۆمیتەی نروێژی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەندامی کۆمیتەیە. ئێستاش جودا لەکاری حزبی لە ڕێکخراوی S.O.S و هەروەها S.V دا زۆر چالاکە. لەسەر یەک کارو بەرپرسیارەتیەکانی کەریم ئەڵاوەیسی لە کوردستان لە زۆربەی ئۆرگانەکانی حزبدا:

١- چوار ساڵ بەرپرسیارەتی لە یەکیەتی لاوان . یەکەم بەرپرسیاری گشتی لاوان.

٢- لە کۆمسیونی سیاسی نیزامی و کۆمسیونی تەشکیلات خزمەتی کردوە.

٣- بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.

٤- بەرپرسی ئاموزش و دوو ساڵ بەرپرسی ماڵی ناوەندی سپی سەنگ.

٥- پازدە ساڵ لەسەر یەک کادری تێکۆشەرو چالاکی حزب بوە لە تورکیاو حەوت دەورە ئەندامی کۆمیتەی" نۆروێژ " بوەو لەو ماوەیەدا زۆر جار لە لایەن دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی نروێژ و یەکیەتی ژنان تەشویق کراوە.

٦- کەریم توانیویەتی لە ڕێگای حزبی نۆروێژی S.V سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ی زاینی "کەبودوەند" کاندید بکەن بۆ جائیزەی جیهانی "نوبڵ" بۆ سێ ساڵی دواتریش دوپات کراوەتەوە. هەروەها بەڵێنیان داوە بۆ ساڵی ٢٠١٧ دیسان بەربژاری بکەنەوە. بەهاوکاری سوپاس بۆ کچە کوردی "سوئیدی".

٧- کەریم بەرپرسی کار بۆ بە ڕەسمی ناساندنی "جینۆسایدی کورد" کردوە بە هۆی جێگری سەرۆکی پەڕلەمانی"نۆروێژ " لەسەر لیستی S.V توانیویانە جینۆسایدی کورد بە ڕەسمی بناسرێ. بە هاوکاری چەند هاوڕێ. هەروەها چەند ساڵ لە ڕێکخراوی مەدەنی نۆروێژ کاری کردوە بە ناوی SoS rosisme ..... هەروەها سیمیناری بۆ کاک خالید عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ گرتوە..... توانیویەتی "ویزا" بۆ ئەندامانی ڕێبەری حزب وەربگرێ بۆ نۆروێژ.. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ کاری بۆ پەنابەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان کردوە.

ئەمە کورتەیەک بوو لە ژیانی سەربەرزانەو شۆڕشگێڕانەی کەریم ئەلاوەیسی وەک کادرو پێشمەرگەیەکی دیموکرات. بۆ خزمەت بە گەلە چەوساوەکەی.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

----------------------------------------------------

## عومەر محمدپور ناسراو بە (عومەر سنجویی)




ئەمجارە شۆڕشگێڕێکتان پێ دەناسێنم یەکێکە لە قارەمانەکانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان بە ناوی. "عومەر محمدپور" ناسراو بە "عومەر سنجویی". با بزانین عومەر کێیەو چۆن بوو بە شۆڕشگێڕو قارەمان...

لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی عومەر لە گوندی "سنجوی" سەر بە ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی هەژارو کاسبکاری ئەو دەبەرە لە دایک دەبێ و. یەکەم هەناسەی لە هەوای پاک و سازگاری کوێستانەکانی کوردستان هەڵدەمژێ و ڕۆحی پاکی کوردەواری دەکرێ بە بەردا. دەورەی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو دەکا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورداو گوێ نەگرتن لە داواو داخوازەکانی گەلی کورد لە لایەن ڕژیمەوە و هەڵایسانی شەڕ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان. ساڵی ١٣٥٨ "عومەر" لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بڕیار دەدەن ببنە پێشمەرگەو چەکی شەرەف هەڵبگرن. دەچنە گوندی "مارەخان" کە بنکەی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی لێ بوو. ئەوکات دەورەی سیاسی و نزامی نەبوو، هەر لە لکەکە یا پەلەکە بۆ خۆیان فێری هەموو شتێکیان دەکردن و دەبوو بۆ ماوەی دوو مانگ خزمەتی بنکەو پێشمەرگەکانیان کردبا، ئەوە دەورەی تاقی کردنەوە بوو. پاش دوومانگ چەکیان دەدەنێ و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشن و چەکی کوردایەتی و مەردایەتی دەکەنە شانیان. بە عومەرە چکۆڵیان بانگ دەکردم چونکە تەمەنم زۆر کەم بوو. یەکەم شەڕی کە بەشداری کردوە. ڕژیم هێرش دەکاتە سەر بنکەکەیان لە گوندی "مارەخان" کە دوژمن بە هێزێکی زەبەلاحەوە بە بەکار هێنانی هەموو جۆرە چەکێکی قورس دوای تۆپ و خومپارە و کاتیوشا بارانکردنی ناوچەکە زۆر بە خەستی و بێ پسانەوەو هەروەها هێرشی هێزی پیادە دەستی پێکرد بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. تەقە دەستی پێکرد هەر زۆر زوو پێشمەرگەکان توانیان ئەو هێزە زەبەلاحەی دوژمن بشکێنن و ڕاویان بنێن کە بە دەیان جاش و پاسدار کوژران. یەکێک لە فەرماندە بەناوبانگەکانی ڕژیم لەو شەڕەدا بە سزای خۆی گەیشت بە ناوی "عەلی ئەکبەری". دەڵێن

ئەوەندەیان لێ کوژرابوو. لە شاری "تاران" بۆ خۆیان بە یەکتریان دەکووت ئەگەر پیاوی برۆ بۆ "مارەخان" لە سەردەشت...

عومەر ساڵی ١٣٥٩ لەگەڵ هاوڕێکانی بە مەئموریەت دەیان نێرنە ناوچەی "پیرانشار" بۆ گوندی "بڵفەت" لە نزیک "قەبری حوسین". لەوێ جێگیر دەبن بۆ ماوەی چوار مانگ. دوای گەڕانەوەیان لەوێ بۆ گوندی مارەخان بنکەکەیان دەگواسنەوە بۆ تەپکێک بە ناوی "قوڵە گورگە" و "قۆجی" لە نزیک مارەخان. ساڵی ١٣٦٠ جارێکی تر دوژمن هێرش دەکاتەوە سەر ناوچەکەیان و لە ١١ی گەلاوێژی ١٣٦٠. پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی "مەلا برایم دۆڵەگەرمی" و "حەمە عەزیز ئەحمەد" دەستەی یەک. دەستەی دوو بە فەرماندەیی "ڕێبوار ئیبراهیمی" هەموو پێشمەرگەکان دامەزرابوون. سەعات سێ و نیوی بەیانی بوو. زامنەکان ترازابوون. نەفەسەکان قەتیس مابوون. سێرەی تفەنگەکانی پێشمەرگە ڕوو لە سنگی داگیرکەراندا بوو. بە دەنگی اللەو اکبر یەکەم تەقە مەلا برایم دەستی پێکرد. شەڕ گەرم بوو دنیا بوو بە ئاگرو دوکەڵ. بۆنی باروت و تەقینەوە لەسەر تەقینەوە. ئارپیجی وەک گووڵەی سوور دەهاتن و دەتەقینەوە. تۆپ و خومپارە بێ ڕاوەستان بۆ یەک چرکەش. هەر دەهاتو دەتەقینەوەو هاژە هاژیان دەڕۆیی شاخ بە شاخ دەنگیان دەداوە. شەڕ هەر دەهات نزیک تر دەبوینەو و گەرمتر دەبوو. دیار بوو شەهیدمان هەیە. شەڕ درێژەی هەبوو هەتا شەوێ. دوژمن زۆری لێ کوژراو بریندار بوو. بە داخەوە لەم شەڕە نا بەرابەرەدا یازدە قارەمان یازدە پێشمەرگەی کورد گیانی خۆیان بەخشی بە کوردو کوردستان و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

عومەر لە شەڕی ناوچەی "بێوران" لە "قوڵەسوێر" کە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان پارێزگاریان لە دەفتەری سیاسی دەکرد. لەگەڵ دەستەیەکی هێزی قەندیل. کە دوژمن هێرش دەکاتە سەریان و دوای شەڕێکی پیاوانەو لە دمدانی دوژمن و پاشەکردن پێیان. لەو شەڕەدا "حەمەدەمین مەلا عەزیز" شەهید دەبێ لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی "ئەبونەکر" ساڵی ١٣٦٢ کاتێک هێرشی سەرتاسەری دەستی پێکرد بۆ سەر ناوچەکانی "ئالانی سەردەشت" کە ئەوکات هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ئێرانی بنکەکانیان لەم ناوچانە بوون. "عومەر" کە بنکەکەیان لە گوندی "باساوێ" دەبێ لە حاڵی مەئموریەتدا دەبن بۆ پارێزگاری لە "زیندانی ناوەندی حزب" بەشداری ئەم شەڕە گەورەیە دەکاو. شەڕ شەڕێکی قورس و بە تەواوی مانای شەڕ دەبێ. جاری وا هەبووە شەڕەکە ئەوەندە گەورەیە.

ناتوانی چۆن باسی بکەی. تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەم شێوە شەڕانە هەر باسی نەکەی باشترە. چونکە ئەوەندەی داگیرکەر تێدا دەکوژرێ ژمارەی کوژراوەکان بۆ باس کردن نابێ.

هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هەڵوێست گرتنی زۆربەی زۆری ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکان لەسەر کێشە

ناوخۆیی و سیسەتەکانی حزب. ساڵی ١٣٦٧ اعلامی مەوزوع کراو "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دامەزراو "عومەر" وەک خۆی هەڵوێستی گرت و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کرد. ئەجارە لە پێشتر بە بڕواتر دڵ گەرمانە قۆڵیان لە خەبات و تێکۆشان هەڵماڵی و ئامادە بۆ هەموو گیانفیدا کردنێک.

خۆمان سازکرد بۆ چوونەوەی ناوخۆی وڵات. یەکەم شەو کە حەرەکەتمان کرد هەتا ناوچەی ئالانی سەردەشت ڕانەوەستاین. من چاوساغیان بووم و ناوچە هەموو شارەزابووم. لەوێ بووین بە دوو دەستە. دەستەی یەکەم بە فەرماندەیی "هاشم ڕۆستەمی" و دەستەی دووەم بە فەرماندەیی "ڕەحمان مارەخانی" لەگەڵ ڕەحمان ڕۆشتین تا بیانگەیەنمە جێگای مەبەست. لە چۆمی دەبوو پێشمەرگەکان بپەڕێنینەوە. ڕەحمان بێ ئەوەی من ئاگادار بکات دوو پێشمەرگەی ناردبوە پشتەوە هەتا ئاگاداری هەموو پێشمەرگەکان بن کە هەموویان بپەڕنەوە.

کاتێک هەموانم پەڕاندەوە. حەرەکەتمان کرد من لە پێشەوە دەڕۆشتم دوو کەسم دیت. ڕاوەستام. ڕەحمان کووتی ئەوە بۆ ڕاوەستای؟؟ منیش کووتم لە پێشمان نەفەری لێیە. کووتی نا. نا.. ئەوە بەردە نەفەر نیە. تەقەمان لێکردن بوو بە هاوار هاوار. هەر من و ڕەحمان و کامران شافعی لەوێ مابووین. دەنگە دەنگ لە خوارەوە پەیدا بووزانیمان پێشمەرگەیەکی خۆمان بریندار کردوە. ڕەحمان کووتی کوڕە وەڵا تۆ ڕاستت کرد من ئەوانەم هەر لە بیر نەمابوون کە بۆ خۆم لەوێم دانابون... بریندارەکەمان هەڵگرت و حەرەکەتمان کرد یەکسەر بۆ قوڵایی ناوچە.

ماوەی چەند ڕۆژێک بوو جەولەمان دەکرد لە ناوچەکەدا. ڕۆژێک لە گوندی "خانەخەڵی" لەگەڵ گروهی زەربەتی دوژمن دەرگیر بووین. دوای تەقەو لێکدان و کوژران بریندار بوونی ژمارەیەک لە گروهی زەربەت. گەڕاینەوە شوێنی خۆمان. بەڵام جاش و پاسدار وەدومان کەووتبون و دەیانزانی بۆ کوێ دەچین. ئێمە گەیشتبوینەوە سەنگەرەکانی خۆمان و دامەزرابووین. نزیک ببونەوە لێمان بەڵام هەرچەندیان دەکرد نەیاندەوێرا بێنە پێشێ. جاشەکان بە ناو منیان دەناسی دەشیانزانی لەگەڵم. هاواریان دەکردو هەرچی جنێوی سووک هەبوو پێیان دەدام. هەر بۆ ئەوەیمن جنێوێکیان پێ بدەمەوەو بزانن لە کوێداین. شەڕی ئێران و عێراق تازە ڕاوەستابوو. ئێمەش جێگاکەمان بەینی هەردوو ئارتەشی ئێران و عێراق بوو. جێگایەکی زۆر حەساس و مەترسیدار بوو. یەک جنێوی من کارەساتی لێدەکەوتەوە. کاک شاپور هاتە لام کووتی . ئێژم خۆت کەر نەکەی جوابیان بدەیتەوە. بێدەنگەمان لێکردو پاشان ڕۆشتین.

عومەر بۆ جارێکی تر دوای ئەو مەئموریەتە دیسان لەگەڵ دەستەیەکی تر لە پێشمەرگەکان دەچێتەوە ناوچە. بە فەرماندەیی کاک شاپور فیروزی و کاک ئەبوبەکر ڕاد. یەکەم شەو هەتا دەشتی "شلێر" ڕاناوەستن و دەچنە جێگای "ناوەندی

ئاژوان" یەکەم شەو "کاکەباس و زاگرۆس و عومەرو چەند پێشمەرگەی تر دەچنە ڕاوە "بەراز" ئەو شەوە بەرازێک دەکوژن ٢٠٠ کیلۆ زیاتر دەبێ. چەند ڕۆژێک کە لەوێ دەبن هەر گۆشتی بەراز دەخۆن.

پاشان ئەمن و چەند پێشمەرگە بە فەرماندەیی "محێدین شەریفزادە" چوونە ناو دێیەکانی "سەرشیوی سەقز" و ئاوایی "دەرەتفە" پاشان دەگەڕێنەوە لای کوڕەکان و هەمویان پێکەوە دەچنە ناو گوندەکان و دوای چەند ڕۆژ گەڕان و سەردانی ئاوایییەکان. جێگایەک دیاری دەکەن کە عەمەلیاتێکی لێ ئەنجام بدەن و زەربەیەک لە دوژمن بدەن.

پێشمەرگەکان دەبنە دوو دەستە دەستەیەک بۆ سەر جادە. دەستەیەکیش بۆ تەپکی دیدەبانەکان کە خەڵکیان زۆر ناڕەحەت دەکردو خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆریان لێ بە داخ بوون. جێگاکان دیاری کران، هەموو کوڕەکان لە جێگای خۆیان دامەزران و ئامادەو چاوڕوانی دوژمن بوون. من و کمران شافعی و یەکێی تر دیدەبانەکانیان دابوو بە ئێمە. لەسەر جادە شەڕ دەستی پێکرد تەقە گەرم بوو. ئێمەش هەڵۆ ئاسا هەڵمانکووتایە سەر دیدەبانەکان بێ ئەوەی مەجالی دەستکردنەوەیان پێ بدەین هەموو کوژران و چەندین کەلاک کەوتە دەستی خۆمان. زۆریش لە مەیدانی شەڕ بەجێمابوون. "عەلی سوهرابی" لەوێ بریندار بوو. دوای عەمەلیاتەکە گەڕاینەوە بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆمان. کە بووین بە دوو دەستە. دەستەی یەکەم بە فەرماندەیی "عوسمان ڕەحیمی" دەستەی دوەم بە فەرماندەیی "شاپور فیروزی" ئێمە کە لەگەڵ کاک شاپور بووین. بەرەو گوندی "درەتفە" دەچووین، لە نزیک ئاوایی کەسێکی دڵسۆزی خەڵکی ئاوایی بەرەو لای ئێمە بە پەلە دەهات هەر بە دەستان ئیشارەتانی دەکرد هەتا لێمان نزیک بووەوە کووتی بڕۆن بە خودای دەرچوونتان ناکرێ ناو دێ پڕ پڕە لە جاش و پاسدار. ئێمەش ڕێگاکەمان گۆڕی کە یازدە سەعات فەرقی هەبوو. بەڵام بەداخەوە کاک عوسمان و پێشمەرگەکان کەوتبونە داویان و دوای شەڕو پێکدادانێکی زۆر. بە داخەوە کادرێکی حزب بە ناوی "حەسەن خزری" شەهید دەبێ.

با ئەم قسە خۆشەتان بۆ بگێڕمەوە..کاتێک دوای ڕێگا ڕۆشتنێکی زۆرو ماندوو بوون و برسیایەتی کە چەند ڕۆژێک بوو هیچمان نەخواردبوو. لە جێگایەک لامان دابوو لە شاخی. هاو وڵاتیەک هاتە لامان خەریکی قسەو باس بووین کابرایەکە کوڕێکی دە دوازدە ساڵانەی لەگەڵ بوو. بە کوڕەکەی کووت ڕۆڵە هەستە هەندێک "جۆ" بۆ ئەو" کەرە" لە تورەکەکەی بکە با بیخوا برسیەتی. کوڕە هەستا چوو بۆ لای کەرەکە. منیش لەگەڵ کورەکان لەسەر تەختە بەردێک دانیشتبووین، ئەوانم بەجێهێشت و چوومە لای کوڕەکە. کووتم کوڕی چاک "جۆ" ت پێ ماوە؟؟؟ کووتی ناوەڵا هەمووم بۆ کەرەکە تێکرد. کووتم ئیجازە هەیە کەمێک لەو جۆیە دەرێنم؟؟ کووتی ئاخر لێی خواردوە پیسی کردوە. کووتم قەیناکا هیچ نیە.. هەموو جۆیەکەم دەرهێنا زۆر بوو پوش و کایەکم لێ جودا کردەوەو. هێنان کوڵاندم و کردمە "دانولە" کەمێکم لێ خوارد زۆر خۆش بوو. هاتم لە کامران و کاک هەباس و سولەیمان ڕا دەستم پێکرد ئەو چەند کەسەمان خواردمان.. کاک هەباس و کامران و

سولەیمان... وردە وردە دەستیان بە زەڕین کرد. ئێمەش چوار کەس ئەندامانی ڕێبەرایەتیمان لەگەڵ بوو.. کوتیان ئەو زەڕە زەڕەتان لێ چیە؟؟؟؟ لە ناکاو کاک هەباس و کوڕەکان نێویان دا لە.... ئەو کەسەی بم کە جۆ ناخوات.. کووتی وەڵا هەموومان خواردمان و هەرکەس لە ترسی جنێوی کاک هەباس لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە زەڕین.. هههههههە ئەوەش بەزمی عومەر سنجویی. کە هەموو کاتێک لە دژوارترین کاتەکاندا کوڕەکانی وە پێکەنین خستوەو هەرگیز نەیهێشتوە پێشمەرگەکان نارەحەت و وەڕەز بن. عومەر هاوسەرگیری کردوەو ئێستا لە وڵاتی "نۆروێژ" دەژی و وەک هەمیشە پێشمەرگەیەو خەریکی ڕاپەڕاندنی کارو چالاکیەکنی حزبە.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

---------------------------------------------------------

## هاوڕێ حەسەن مەولان ناسراو بە (حەسەنی قەیووم)




لەو کات و ساتانەدا هات بوو بە پێشمەرگەی ڕەسمی.. کە بە ڕاستی پێشمەرگایەتی ئەوکات پیاوی دەویست، با بزانین «حەسەنی قەیوم» کێیە؟

وەکوو هەموو لاوێکی دەورانی ئەوەڵی خۆپێساندانەکانی دژی حکومەتی پاشایەتی، بەشداری چالاکانەی کردوەو لەگەڵ هەموو هاوڕێ لاوەکانی هاوتەمەنی خۆی بەشداری هەموو چالاکیەکیان کردوە...

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی خۆی ناو نووس کردوە لە یەکیەتی لاونی دیموکرات.. هەموو کارەکانیان وەک یەکیەتی لاوان ئەنجام داوە... هەتا گرتنەوەی شاری مەهاباد لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، دوای گرتنەوەی مەهاباد، حەسەن و هاوڕێکانی لە ناو شار دەمێننەوەو درێژە بە کارەکانی خۆیان دەدەن... هەتا ئەو کاتەی کە دوژمن هەستی بە کەسانێک دەکرد لە ناو شاریدا فەعالن و هاوکاری تەواوی هێزی ێشمەرگە دەکەن بۆ هەموو خەبەرو دیدەبانی و هەموو کارێکی پێویستی پێشمەگانە... دوژمن حەساسیەتی بەم لاوانە هەبوو بۆیە کەوتە گرتنیان و ڕاوەدونانیان کە بە داخەوە توانیان هەندێک لە لاوەکان بگرن و یەکێک لەوانە «عەباس تۆکمەچی» کە شەهیدیان کرد... حەسەن بڕیار دەدا لە سەر جەنازەی شەهید کە ببێتە پێشمەرگە و تۆڵەی بکاتەوە ....

لە پایزی ١٣٥٩ پەیوەندی دەکات بە شەهیدان «یوسف سازواری» و شەهید «مەحموود فەقێ زادە» و لەو ڕێگایەوە تێکەڵ بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەبێ لە هێزی پێشەوا لکی یەک... لەسەر بڕیاری شەهید «جەعفەر گوشوارە» دەینێرێتە بنکەی پێشمەرگەکان لە گوندی قەرەبلاغ ی مەحاڵی مەهاباد...

لەوێ دەینێرنەوە بۆ ناو شاری مەهاباد، هەتا هەرکات توانی نەواری سروودی شۆڕشگێڕانەو نەواری «دایە گیان مەگری بۆ ڕۆڵە.. ئەگەر نەمرم دەستێنم تۆڵە» کە خەڵک زۆریان پێ خۆش بوو،، لەسەر بڵنگۆکانی مزگەووتەکان بڵاو بکاتەوە، ئەم کارانەی زۆر بە باشی ئەنجام دابوو، لە کاتێکدا تەنها دەماچەیەک و چوار فیشەکی پێ بوو....

حەسەن لە زۆربەی عەمەلیاتەکانی دەشتی شارویران و ناو شاری مەهابادو دەوروبەر بەشداری چالاکانەی هەبووە..وەک گرتنی پایەگای بەردەکونتێ... پایەگای ئەمیرئاباد... شەڕی قاوەخانەی حاجی حوسین... و زۆر شەڕی تر....
پاشان لە سەر بڕیاری کۆمیتەی شارستانی مەهاباد نەقڵی لکی ٣ دەکرێ. لە پەلی شەهید سیاوەشی سازمانەدەیی دەکرێ و دەکرێ بە خەدەمەی دۆشکە لەگەڵ شەهیدان خدرە سوورو.. عەلی ئەحمەد نژاد.. لە ئەرکانی لکی ٣.... لە لکی سێ لە هەموو عەمەلیاتەکانی مەهابادو پایەگای دێبوکرو. شکاندنی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندی گوڵیارو عەولا کوردە و هەردوو شەڕی بە ناوبانگی گوندی چوارگا و تێکشکاندنی هێرشی جاشەکانی شێخ چوپان و تۆپخانەی حوسین ئابادو عەمەلیاتی گرتنی قەرارگای نۆبار.. بە شداری چالاکانەو جێگا پەنجەی دیار بوە... لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەرپرسایەتی جێگری پەل بوە فەرماندەری عەمەلیات بوە بەرپرسی بەشی ماڵی لک بوە... هەتا ساڵی ١٣٦٧ ئاوارەی هەندەران دەبێ و لە وڵاتی یوسترولایا دەگیرسێتەوە،، لەوێش هەروەک ئەندامی حزب کارو تێکۆشانی خۆی بەرێوەدەباو لە خزمەت حزب و خەڵکەکەیدایە.....
بژی کوردو کوردستان.... بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل....

## هاوڕێ ئەحمەد میرزایی برای هونەرمەندی شەهید (سمایل سەردەشتی)...




ئەحمەد لەساڵی ١٩٧١ لەشاری قەڵادزێ لەباشووری کوردستان چاوی بەدنیا هەڵێناوە. بەهۆی ئەوەی باوکی ئەحمەد یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کە ئاگری خەباتیان گەرمتر کردەوە بەدژی ڕژیمی پاشایەتی لەئێران. هەتا ڕووخانی حکوومەتی شاهەنشاهی. بۆیە ئاوارەی باشووری کوردستان بوبون و لەوێ گیرسابوونەوە. کاتێک ڕژیمی شاهەنشاهی دەڕوخێ ئەحمەد ٨ ساڵانە دەبێ. دەگەڕێنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی واتە گوندی (پاشبەرد) لەناوچەی گەورکی سەردەشت. چونکە لەوێ قوتابخانەی لێ نەبوو، بۆ ئەوەی ئەحمەدو براگەورەکانی بێبەش نەبن لەخوێندن ماڵیان دەچێتە گوندی (وەڵیو) لەناوچەی گەورکی سەردەشت. لەوێ هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەخوێنێ. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن دەینێرنە شاری مەهاباد لەوێ لەماڵی باپیری دەبێ. لەقوتابخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی هەتا پۆلی دووەمی ڕاهنمایی دەخوێنێ. هەتا ساڵی ١٣٦٢ خاڵی بەناوی (محمد ئەبوبەکر) لەگەڵ ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕژیمی خوێنخۆری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرەباران دەکرێ. هەر بەدوای ئیعدامی خاڵی براگەورەکەی ئەحمەد بەناوی (ڕەسوڵ ئیبراهیمی) ناسراو بە ڕەسوڵ ئاوارە کە پێشمەرگەی حزب بوو لەهێزی مینەشەم لەناوچەی ڕەبەت. کاتێک عەمەلیاتێک دەکەن بە تۆڵەی خوێنی بەناهەق ڕژاوی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد. هێرش بۆسەر پایەگایەکی دوژمن لە گوندی (بەسرێ) سەر بەناوچەی ڕەبەت. بەداخەوە شەهید دەبێ. هەروەها ئامۆزایەکیشی بەناوی (خالید ئیبراهیمی) ساڵی ١٣٦٥ ئەویش هەر پێشمەرگەی هێزی زمزیران بوو لەعەمەلیاتێکی قارەمانانەدا شەهید دەبێ. هەر لەوساڵەدا مامی بەناوی (مەلا عەلی ئیبراهیمی) کادری کۆمیتەی ناوچەی ڕەبەت زۆر بەتوندی برینندا دەبێ و بەداخەوە دەبێتە کەمئەندام.

بەدوای ئەم هەموو ڕوداوانەدا ئەحمەد بڕیار دەدات دەست لەخوێندن هەڵگرێ و وەدوای خوێنی بەناهەق ڕژاوی کەسوکاری و هەموو خەڵکی کوردستان بکەوێ، بۆیە لەساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی خۆی گەیاندۆتە ڕیزەکانی پێشمەرگە لەحیزبی دیموکراتی کوردستان. ساڵی١٣٦٧ دەبێتە کادری بێسیم. ساڵی ١٣٦٨ بۆ بینینی دەورەی کادری دەرەجە ٤ هەڵدەبژێردرێ. پاشان ئەم دەورەیەو هەروەها دەورەی فیلمبەرداری هەر لەوێ تەواو دەکا. هەتا ساڵی ١٣٧٠ وەکوو کادرێکی تەواو ئامادەو هوشیار لەچەندین عەمەلیاتی قارەمانانەدا دەوری کادری و پێشمەرگایەتی و بێسیم چی و هەڵگرتنەوەی فیلمی کارو تێکۆشان و چالاکی شەڕو عەمەلیاتەکانی بوێرانەو دڵسۆزانە ئەنجام داوە چەندین فیلمی شەڕەکانی پێشمەرگەی لەگەڵ هێزەکانی ڕژیمی هەڵگرتووە.

لەساڵی ١٣٧٠ سەنگەری خەبات دەگوازێتەوە بۆ ناو پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر. لەوێ لەناوەندی ٢ وەکوو کادر لەگەڵ تیمی ڕێکخراوی ناوچەی گەورکایەتی لەگەڵ کاک مستەفا ڕەستگارو هاوڕێیانی ئەم کۆمیتەیە دەستبەکار دەبن. ساڵەکانی ١٣٧١ هەتا ١٣٧٣ لەگەڵ کاک سەید عەبدوڵا حوسەینی لە کۆمیتەی چۆمی مەجیدخان وەکوو کادری ماڵی و کادری تەشکیلاتی و هەم وەکوو کادری بیسیم کاری کردووە. ئەحەمەد گەلێک زەحمەتی لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری دا کێشاوە. خوێنی زۆریان داوە وەکوو بنەماڵە لە حیزبی دیموکرات دا. هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٩٩٦ی میلادی ڕێگای هەندەران دەگرێتە بەر. هەتا لەساڵی ١٩٩٧ لە وڵاتی ئوسترالیا دەگیرسێتەوە، لێرەش دەستی لەحزب و کوردایەتیو خەبات هەڵنەگرتووەو درێژە بە تێکۆشان دەدات. لێرەش ئەندامێکی بەوەفای خەڵک و حزبەکەیەتی.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.....

-----------------------------------------------

## هاوڕێ خەدیجە مەعزووری




ئەمجارە با پێکەوە "میداڵی قارەمانیەتی" بدەین لە بەرۆکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو کچە تاقانە دەنگ خۆشەکەی دەنگی کوردستان، ئەو بێژەرەی هەموو ڕۆژێ سەرتاسەری خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی بیستنی دەنگی بوون بۆ بەرنامەکانی دەنگی کوردستان. خوشکە "خەدیجە مەعزووری" ئێستا با پێکەوە بزانین خوشکە خەجیج چۆن توانی بگاتە شایانی ئەم قەدردانیەو وەرگرتنی "میداڵی قارەمانی" با لە نزیکەوە باشتری بناسین....

خوشکە خەجیج لە شارە جوانەکەی "شنۆ" چاوی بە دنیا هەڵێناوەو، هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی تەواو کردوە. پاشان دیپلۆمی لە دانیشسەرای موقەدەماتی کچانی "مەهاباد" وەرگرتووە. هاوکات لەگەڵ بەڕێوە بردنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی، "لیسانسی حقوقی" "یاسا"ی لە یەکێک لە زانکۆکانی باشووری کوردستان وەرگرتووە. ئەم تێکۆشەرە ئەلفوبای کوردایەتی لە باب و خاڵی فێر بووە، لە ڕێگای ئەوانەوە باوەڕی پتەوتر بووە بە خاک و نیشتمان و شۆڕش و کوردایەتی. کارو چالاکیەکانی ئەم خەباتکارە لە سەرەتای شۆڕشەوە بە بەشداری کردنی چالاکانە لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی "مەهابادو شنۆ" دەست پێکردوە. پاش سەرکەووتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە لایەن خەڵکەوە و ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەتی. خەجیج چالاکێکی سیاسی بوە لە ناو ڕیزەکانی "یەکیەتی لاوان" و پێشمەرگایەتی. هەڵسوڕاوانە هەوڵی کۆکردنەوەی لاوەکانیان داوەو بە باشترین شێوە لاوەکانیان پێگەیاندوەو هاوکاتیش وەزیفەو ئەرکی پێشمەرگایەتیشی کردوە. پاشان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ هەڵدەبژێردرێ و بە ئەرکێکی تازەترەوە درێژە بە خەبات دەدات. ئەم شۆڕشگێڕە لە هەموو ئەرک و فەرمانەکانی حزب و خزمەت بە خەڵک درێغی نەکردوە، بۆیە هەمیشە


ئامادە بووە بۆ هەر ئەرکێک کە پێی بسپێرن. هەروەها بەرپرسایەتی "یەکیەتی ژنانی شنۆ" وە ئەستۆ دەگرێ و دەبێتە جێی باوەڕو متمانەی هەموو ژنانی ناوچەی شنۆ و لە ڕونکردنەوەو هوشیار کردنەوەی ژنانی ئەم ناوچەیە دەورێکی گەورەوکاریگەری هەبوە بە تایبەتی بۆ یەکریزی و بەرچاوی بەشداری ژنانی کورد بۆ هاتنە ناو مەیدانی خەبات. هەر ئەوکاتیش لە لایەن حزبەوە بۆ "شوڕای شاری شنۆ مەعەرەفیان کردوەو لەهەڵبژاردندا دەنگی تەواوی هێناوەتەوە. پاش ماوەیەک لەسەر داوای "دەفتەری سیاسی حزب" لە ئاخری ساڵی ١٣٥٩ شاری "شنۆ" بەجێدێڵێ و بەرەو دەفتەری سیاسی لە "دۆڵی دیموکرات" لە ناوچەی "زمزیران". بۆ کاری ڕاگەیاندن لەوێ گیرسایەوە. ڕەنگە بۆ کچێک ناخۆش بێ شارو زێدو کەسوکاری خۆی بەجێبێڵێ و دور بکەوێتەوە. بەڵام هیچ یەک لەوانە ئاساری خراپیان لەسەر ڕۆحیەو هەستی دانەنا بەڵکوو تازە پێی وابوو پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاری میللەتەکەی، سەرەتا لەوێ وەک کادری ڕۆژنامەی کوردستان و تەرجومەی هەواڵەکانی کوردی بۆ فارسی. پاش ماوەیەکی کورت چۆتە بەشی فارسی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان. پاشان گەڕاوەتەوە بەشی کوردی ڕادیۆ دەستی بە بێژەری کردوە لە سەریەک بۆ ماوەی ٢١ ساڵ. لە بەشی کوردی سەرەتا لە بەشی وتار خوێندنەوە. پاشان نووسینی بیوگرافی پێشمەرگە شەهیدەکان. کە بەرنامەیەکی زۆر خۆشەویست بوو لە لایەن بنەماڵەی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستانەوە. هەموو کەس بە تامەزرۆوە گوێیان دەدایە ئەم بەرنامەیە.. لە زۆر پێشمەرگەکانی هاوڕێم دەبیست کە دەیانکووت چەند خۆشە شەهید بی و خوشکە خەجیج بەو دەنگە خۆشە ژیان نامەکەت بخوێنێتەوەو قالە مەڕەش شمشاڵەکەت بۆ بتورێنێ. ئەوانەی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان خۆشەویستی خەڵک بوون و هەموو ڕۆژێ بۆ سەعاتێک میوانی هەموو ماڵەکانی گوندو شارەکانی کورستان دەبوون، "ئەحمەدی شێربەگی و نەمر تەها عەتیقی و خوشکە خەجیج" بوون ئەمانە ناسراو بوون بۆ هەموو کوردێکی کوردستانی گەورە. هەروەها بەرنامەیەکی دیکەی بەڕێوە دەبرد لە سەر مەسایل و ماف و گیروگرفتەکانی ژنانی کوردستان و شێوەی چارەسەرو هوشیارکردنەوەیان لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری. ئەم بەرنامەیەش بە ناوی "بەرنامەی بۆ بەختیاری کۆمەڵ" کە خزمەتێکی زۆری دەکرد بە ژنانی کوردستان. کە دیارە لە ئامادە کردن و پێشکەش کردنی خوشکە خەجیج بوو.. هەروەها ئامادە کردن و پێشکەش کردنی نامەی گوێگرەکان بە هاوکاری نەمر کاک تەها عەتیقی. ئەم بەرنامەیەش لایەنگرێکی زۆری هەبوو ماوەکەشی زۆر کورت بوو. خەڵک زۆر تامەزرۆی ئەم بەرنامەیە بوون. پەیوەندیەکی زۆر توندو تۆڵ بوولە نێوان خەڵک و حزبدا. دوای ڕادیۆ بۆ ماوەی ٥ ساڵ بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. کە لەو کارەشدا بە دەیان وتاری سیاسی و وتاری لە سەر منداڵان و ژنان و مەسەلەکانی تری ڕۆژ نوسیوەو بلاو بونەتەوە. هەر ئەوکات خوشکە خەجیج بەرپرسیارەتی لە دەرکردنی گۆڤاری "ژنان"ی لە گەڵ هەندێک هاوڕێی وە ئەستۆ گرتوەو بەو پەڕی هێزو توانایەوە کاری تێدا کردوەو بەرهەمی هێناوە. لە ژمارە ١ هەتا ژمارە ٢٠ سەرپەرشتی کردوە.. لە پاشان بە دەیان ووتاری نوسیوەو بە دەیان وتاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی.

هەروەها بۆ ماوەی ٥ ساڵان بەرپرسی "بنیادی پشتیوانی لەرێکخراوە سنفی و دیموکراتیەکان" بوە لەم بارەشەوە زۆر چالاکانە کاری کردوەو جێگا دەستیشی دیار بوە. خوشکە خەجیج لە هەموو کۆنگرەکانی حزبدا نوێنەر بوەو بەشداری کردوە بێجگە لە کۆنگرەی ٧. لە کۆنگرەی ١١ هەتا کۆنگرەی ١٦ بە ئەندامی "کۆمیتەی ناوەندی حزب" هەڵبژێردراوە، واتە ٧ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەنیە. پێویستە بڵێم ٢ دەورەیە بەرپرسی "کۆمسیونی کۆمەڵایەتی حزبە" ئێستاش بە ورەتر لە پێشوو لە خزمەت حزب و خەڵکەکەیدایە. دیارە ئەمە تەنها کورتەیەک بوو لە ژیان و خەبات و پێشمەرگایەتی. بەڵام بێ شک کچێک ڕەنگە زۆرێک نەهامەتی و چەرمەسەری و گیروگرفتی بۆ هاتۆتە پێش. نابێ و ناکرێ لەم ماوەیەدا تووشی بە سەدان گیروگرفتی خۆش و ناخۆش نەبووبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە خوشکە خەجیج مەعزووری"کچە کوردی شۆڕشگێڕو تێکۆشەر توانی" ڕیکۆردی "کچە شۆڕشگێڕو قارەمان بۆ خۆی بشکێنێ و ببێتە نمونەی پاکی.. شۆڕشگێڕ.. ئازادو قارەمان... خزمەتگوزار... باشترین بێژەرو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەروەها پاڵپشت و خۆشەویستی ژنانی کوردستان کە لەو پێناوەدا بە دەیان جار لە لایەن ڕێبەران و حزبەوە تەشویق کراوە. "خەجیج مەعزووری" بە باوەڕی بە هێز و بە بڕوا بوون بە خۆی توانی دەستی بگاتە "میداڵی قارەمانیەتی" و نازناوی کچە کوردی شۆڕشگێڕی سەرکەووتوو بۆ خۆی بە دەست بێنێ.. پیرۆز بێ و نمونەت زۆر بن دیارە ئێمە لە ڕۆژهەڵات کچانی سەرکەووتوو شۆڕشگێڕمان زۆرن. کە لە بەرنامەکانی داهاتودا ئەوانیش. دێنمە لیستی بەرنامەکە. و بە هەموو خەڵکی کوردستانیان دەناسێنم. کە نابێ نەوەکانی داهاتوو ئەم قارەمانانە نەناسن و بە فەرامۆشی بسپێردرێن.. سەردەکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ئەمانەش دەبنە قارەمان و شۆڕشگێڕانی مێژووی گەلەکەمان.....

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

---------------------------------------

## هاوڕێ ڕەشید ئەمیرعەشایری




هەمووومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان، دەچینـــە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ، کاک "ڕەشید ئەمیرعەشایری "بە شانازی و بە ڕێزەوە" میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگاری و خەباتی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک "ڕەشید ئەمیرعەشایری" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵ" و شایانی ئەم ڕێزلێنانە؛

دوای ڕوخانی ڕژیمی شاهەنشاهی و سەرکەووتنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران، لەکوردستان خەباتی ئاشکرای حزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد. لەوسەروبەندەدا "ڕەشید" لە شارۆچکەی "ڕەبەت" سەرقاڵی وەزیفەی مامۆستایی بوو لە قوتابخانەی ئەو شارۆچکەیە، ئەوکات پێشمەرگەی قارەمان "حەسەن غەمبار" یەکێک لەقوتابیەکانی ڕەشید بووە لە یەکەمی ڕاهنمایی. ڕەشید هەرلەوێ تێکەڵی یەکیەتی لاوانی دیموکرات دەبێ و دەست دەکات بە کاروچالاکی وخەبات و تێکۆشان، هەتا هاوینی ساڵی ١٣٥٩ کە ئەوکات لەلایەن کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت بۆ یەکەم دەورەی کلاسی کادرری حزب ناردراوە کە شوێنی دەورەکە گوندی "خرەجۆ" سەربە ناوچەی "مەهاباد بوو، دوای تەواوکردنی دەورەی کلاسی کادر پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی "سەردەشت" و کۆمیتەی ناوچەی ڕەبەت لەوێ وەکوو کادری حزب تێکۆشانی خۆی دەستپێکردووە دوای ماوەیەک زۆر مەئموریەت و ئەرکی پێشمەرگانەی پێ ئەسپێردراوەو بە سەرکەووتوویی کارەکانی ئەنجامداوە. پاشان دەکرێتە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت، هەروەها دوای کۆنگرەی ٧ لە کۆمیسۆنی بازڕەسی لە موحیتی دەفتەری سیاسی لە "کانی مێو" دەست بەکار دەکات هەر لەوێشەوە بۆ کاری بازڕەسی دەینێرنە ناوچەی "پیرانشار"


لەگەڵ خوالێخۆشبوو بەڕێز کاک "مەلا محمد عوسمانی" و کاک "لەتیف حەداد" لەگەڵ لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی "ئاوارە" بە فەرماندەری شەهیدی نەمر کاک "هەمزە بهنام". ڕەشید پاش ماوەیەک کارکردن لەبەشی کۆمسیونی بازڕەسی حزب وەکوو مامۆستای کووتنــەوەی دەرس و شیکردنەوەی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب و مێژووی حزب لە "فێرگەی سیاسی نیزامی" بۆ ئەو پێشمەرگانەی تــازە هاتوونە ناو ڕێزەکانی حزبی دیموکرات، ئەمە کارو ئەرکێکی گەورەبوو کەوتبووە سەرشانی ڕەشید پێویستیەک بوو کە دەبووهەر پێشمەرگەیەکی تازە بەوردی و بە تێروتەسەلی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزب و لە هەموویان گرنگتر مێژووی حزبەکەیان زانیبایە ڕەشید لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو هەتا کۆنگرەی ٨ کە لەوکۆنگرەدا بەداخەوە بەهۆی هەندێک ماسایلی ناوخۆی حزب لەتبوون دروست بوو، ڕەشید پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کردو لەوێ دەستی بە کارو تێکۆشان کردەوە، باشانازیەوە هەتــا ساڵی ١٩٩١ کە کوردستانی باشوور ڕزگاری بوو هاوماڵ و هاوکاری خوالێخۆش بوو کاک "فەتاح کاویان" بوو پاشان ڕەشید ڕێگای تاراوگەی گرتەبەرو لە وڵاتی کانادا گیرسـایەوەو نیشــتەجێ بــوو،، لەوێــش وەکــوو ئەنــدامێکی حــزب لەخــزمەت حزبەکەیــدا هەیە ڕەشــید لەیەکێک لە بیرەوەرەیەکانیدا دەڵێ، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت بووم، نوێنەرانی کۆمیسیونی سیاسی نیزامی و کۆمەڵایەتی حزب بڕیار بوو بێنە ناوچەو لەگەڵ کۆمیتە شارستانەکانی سەربەناوەندی "سپی سەنگ" کۆبونەوەیان هەبــێ لە گوندی "سیسێر" سەربەناوچەی "ڕەبەت" لەگەڵ کاک "عەباس شەریفی" کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بوو،کاک "هەمزە سوور" فەرماندەری لکی ٢ بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەش چوین بۆ گوندی "پاراستان" شەوێ لــەوێماینەوە، بەیانی زوو پێش ئەوەی وڵات ڕووناک بێ وەڕێکەووتین بۆ "زەرگەتان" کە گوندێکی چوار ماڵی بوو، کە گەیشتینە نــاو گوندەکە دیتمان پێشمەرگەیەکی زۆری کۆمەڵەی لێیە. بە گەیشتنی ئێمە کۆمەڵە لەناو گوندەکە چوونە دەرێ و ڕۆشتن. لەڕێگا کاک عەباس هەر هەوڵی دەدا بچین بۆ "زمزیران" کە گەیشتینە زەرگەتان بەدوای ئێمەدا پەلێک لە پێشمەرگەکانی لکی ٣ی هێــزی زمزیران بەفەرماندەیی شەهید "برایم عەلی دایە" کە خەڵکی گوندی پاراستان بوو لە پاراستان ڕا هاتن بۆ زەرگەتان. بەڵێ بە قسەی کاک عەباس وەڕێکەووتین بۆ "زمزیران". زستانێکی زۆر سەخت بوو بەفرێکی زۆر باریبوو لە بستۆی نێوان گوندەکانی پاراستان و زەرگەتان وەسەر کەووتین، سەرما زۆر هێرشی هێنا، کڕێوەی دەکرد چۆن؟؟ چاو چاوی نەدەدیت. بە هەڵاتن داپەڕینە خوار لە دەشتایی پێش ماڵان کە مەودای زۆر بوو بۆ ناو ماڵان، پێشمەرگەیەکمان کەناوی "مەحموود" بوو دەستێکی پێشتر بە نارجۆک پەڕیبوو، گووتی ئاگاتان لەخۆتان بێ و خۆ بە کەندیەوە نێن، تەقەیان لێکردین ئەگەر سەرم هەڵێنا پاسدارێک لەسەربانی ماڵی" علیمرەزا " کە یەکەم ماڵی گوندی زمزیران بوو سێرەی لێگرتبووین،، مەحمود کە ژ - ٣ی پێبوو پێش پاسدارەکە تەقەی دەسپێکرد لەگەڵ دووەم تەقە تفەنگەکەی گیری کرد نەمانوێرا بە دەشتەکەدا بگەڕێینەوە، شوێنە وەنکەمان کردو بە خــڕی قەبراندا هەڵگەڕاین بەرەو گەردەنەی زمزیران. لەهەموو ماڵانڕا تەقە دەستی پێکرد بەفر زۆر بوو کڕێوەشی دەکرد سەرما هێرشی هێنابوو هەتا جاش و پاسدار وەخۆ هاتنەوە هێرشیانکرد بۆ نێو قەبران ئێمە زیاتر لە نیوە بستۆشمان بڕی. ئەوانەی لەوسەر لــە دوایە بوون وەک کاک

عەباس شەریفی کە تووشی ئەوشەڕەی کردین لە بستۆ وەسەریش کەووتبون من و هەمزە سوورو مەحمودە کۆڵ لە دواوە بووین زۆر بەسەختی خۆمانگەیاندە سەرێ، لێرەدا دوو شانسمان هێنابوو یەکەم بەدوای ئێمەدا شەهید برایـــم عەلی دایەش بڕیاریان دابوو بێن بۆ زمزیران، ئێمە کە دەرگیر بووین ئەوانیش لەسەر بستۆی ڕا جاش و پاسدارەکان وەبەرتەقە دەدەن و هەم ئێمە تازە لای سەرەوەمان لێگرتبوون. هەروەها لەبەر کرێوەو سەرما جاش و پاسدارەکان ورەی ئەوەیان نەبـــوو لە نێو قەبران بەولاترەوە پێشڕەوی بکەن، هەروەها لە پایەگای زمزیرانیش ڕا هاوکات خومپارە باران دەکراین. لە کاتژمێر ٨ی بەیانی هەتا ٢ ی دوانیوەڕۆ دەرگیر بووین. لەوڕۆژە ناخۆشەدا پێم خۆشە سێ شت باس بکەم، ئەوڕۆژە سێ چوار لاوی تـــازە پێگەیشتوو لەسەردەشت ڕا هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتی کە هێشتا چەکیان هەڵنەگرتبوو دەمانویست بیانبەین بۆ بنکەی هێز هەتـــا ببنە پێشمەرگە کە ئێستا یەکێکیان ئەندامی ڕێبەری حزبە بە ناوی کاک "حەمە ڕەسوڵ کەریمی" دووەم دوای شەڕەکە هاتینەوە بۆ زەرگەتان لە ئێوارەدا بیستمان کە کۆمەڵەکان شەوی پێشتر لە "کەڵەکاوێ" لە کەمین کەووتبون و شەهیدێکیان دابوو ئەوداوە بۆ ئەوان دانرابۆوە. سێیەم کە هاتینەوە زەرگەتان لەسەرمان بەپەلە چووم بۆلای کورەکە کە دەستم لە کورەکە نزیک کردەوە لەبەر ژانی دەستم شەڕم لەبیر چووەوە، زوو ئاوی شیرەوگەرمیان بۆ هێنام دەستم پێ شۆرد هەتا کەمێک ژانیان بشکێ. هـــەردوو دەستم سەرما بردبوونی "خەنە" یان بۆ تێدام بەڵام بۆ ماوەی دوو مانگ دەستم وەکوو کۆلکەیان لێهاتبوو نەشمدەوێرا لە هیـــچ شتێکی بدەم و هەردوو دەستم توێخێکیان فرێدا لەوشەڕەدا هێزەکانی دوژمن لە نێو قەبراندا کوژراوێک و بریندارێکیان هەبـــوو.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

------------------------------------------------------------

# هاوڕێ مەنسوور خوسرەوی




هەمووومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان، دەچینـــە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ، کاک "مەنسوور خوسرەوی" بە شانازی و بە ڕێزەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگـــاری و خەباتـــی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک "مەنسوور خوسرەوی" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵ" و شایانی ئەم ڕێزلێنانە مەنسوور خوسرەوی لە شارە جوانەکەی "مەهاباد" لە بنەماڵەیەکی هەژار لە ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستیدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە خوێندنی سەرەتایی و ڕەهنمایی لە مەهاباد خوێندووە. پاشان بۆ ماوەی سێ ساڵ لە "هونەرستان" خوێندوویەتی چونکــە زۆر خولیای کاری "تکنیک و بەرق" بووە هەر بۆیە ڕشتەکەشی هەر لەو بوارەدا هەڵبژاردووە. پاشان بۆ ماوەیەک لە دوکانی کـــاک "محمد گادانی" کاری کردووە کە دوکانی کەلوپەلی بەرق بووە، هەم بۆ بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی هەم بۆ شارەزایی زۆر تر لە کارەکەیدا. پاشان بۆخۆی لەگەڵ چەند کەسی دیکە دوکانێک دادەنێن و ئەوکات گوندەکانی دەوروبەری شاری "بۆکـــان" دەوڵەت بەرقی بۆ دەکێشان لەوێ خەریکی کاری بەرق بوون،، مەنسوور هەرچەندە بە تەمەن منداڵ بوو بەڵام لاوێکی زیرەک و پڕ هێزو هوشیار بوو، ڕاست لە ڕۆژی سەرکەووتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بووە سەرەڕای کار کردن تێکەڵاوی ناو کۆڕی خەبات بووە لە "یەکیەتی لاوانی دیموکرات" لەوێ دەورەی نیزامی و پێشمەرگایەتی دەبینێ، لەگەڵ ئەوانەشدا وەکوو لاوێک فوتباڵـــی خۆی هەر کردوەو جار جاریش وەکوو "کونەوەرد" شاخەکانی دەوروبەر گەڕاون و بەسەریان کردوونەوە۰ مەنسوور بۆ بەخـــاک سپاردنی شەهید "عەزیز یوسفی" بەشداری کردوەو لەوێ گوێی لە ووتارەکـــانی کـــاک "جەلیل گـــادانی" و کـــاک "عـــومەر قـــازی" بـــووە کە لەسـر گـــۆڕی "عەزیـز یوسـفی" خوێندبوویانەوە بە شێوەیەک کە خەڵکەکە دوای ڕێورەسمەکە کردوویانە بە خۆپیشانـــدان پاشان لەشەڕی سێ مانگە کە

کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کوردیدا سەپاندو ویستی بەهێزی چەک داواکان و مافەکانی گەلی کورد بێ دەنگ بکات، شەڕ دەستپێکردو خەڵکی شارەکان ئاوارەی گوندەکانی دەوروبەر بوون، ئەوانیش بە بنەماڵەوە چووبوونە گوندی "باگردان" لەناوچەی "مەنگوڕان". پێشمەرگە لەم سێ مانگەدا زەربەیەکی وایان لە پەیکەری نیزامی ڕژیم دا، کە مەجبوور بوو داوای گفتووگۆ بکات لە گەلی کورد. پاشان خەڵک و هێزەکان و حزبەکان گەڕانەوە ناو شارەکان و وتووێژ دەست پێکرا لە نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی کوردو کۆماری ئیسلامی دا. مەنسوور زیاترو زیاتر لە حزب و بەرنامەکانی حزب نزیکتر دەبۆوە، هەتا سەرئەنجام لە ٥ی تیر ١٣٥٩ هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات، پێویستە بڵێم مەنسوور برای کاک دکتور خوسرەوی یە کە هەم لە مەهاباد هەم لە شۆڕشدا گەورەترین خزمەتی کرد بە نەخۆش و برینداڕەکان. دکتور خوسرەوی لە مەهاباد بەناوبانگ بوو هەرچەندە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورەببوو بەڵام توانیبووی هەموو بوارەکانی خوێندن بەسەرکەوتویی تێپەڕبکات و سەرئەنجام بەڵگەنامە لە بواری دکتوریدا بەدەست بێنێ، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە ناو خەڵکی مەهابادا مەنسوور لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٩ بڕیاریدا سەردانی کاکی بکات لە "دۆڵی شێخان" کە ئەوکات دەفتەری سیاسی لەوێ بوو لەوێ چاوی بە کاک "سەدیق قەیوم پەنجە و کاک تەها عەتیقی و کاک خەلیل گادانی و کاک دکتور قاسملوو دکتور سەعید، کاک مستەفا شەڵماشی و خانەی مامڵێ و کاک دکتور خەلیقی و کاک مستەفا هیجری و کاکی" دەکەوێ دەبینێ لە ئەشکەوتێکدا دکتور خوسرەوی بنکەیەکی تەندرووستی داناوە، لەوێ بە کاک دکتور قاسملووی دەناسێنن،، کاک خەلیل کە لە پێشدا دیبووی و دەیزانی لەکاری تکنیک و بەرق دا شارەزاییەکی باشی هەیە بە کاک دکتور قاسملووی کوتبوو من زۆر کارم بە مەنسوور دەبێ و دەبێ لێرە بمێنێتەوە. مەنسوور دەڵێ هەموو شتەکان سادەو ساکار بوون لەوێ دەستی بەکار بەرق کردوەو ماتۆڕ بەرقێکیان دابین کردووە بۆ کاری ڕۆژنانەی چاپەمەنی و ڕادیۆ. هەروەها لە ڕێگای کاک تەها عەتیقی یەوە چۆتە ڕادیۆو لەوێ دەست بەکار بووە. دیارە ئەوکات ڕادیۆ دەنگی کوردستان بە ڕەسمی نەکرابۆوەو تەنها بەرنامەی ئازمایشی بڵاو دەکردەوە. بێجگە لە کاری ڕادیۆ مەنسوور لە چاپەمەنیش کاری کردووە کە هەردووکیان یەک بەرپرسیان هەبوو، کاری ".فۆتۆ و ئیستنسیل."ی کردووە دەڵێ جاری وا هەبوو ئەگەر دەزگاکە خراپ دەبوو، دەبوو لە دۆڵی شێخانەوە چوباین بۆ شاری "بۆکان" کە لەوێ دەزگایەکی ترمان هەبوو کاری حزبی پێدەکرا بەرپرسی ئەوێش کاک "مێرۆ عەلیار" بوو کارەکانمان جێبەجێ کردباو هاتباینەوە، ئەوکات حزب زۆر هەژار بوو هیچمان نەبوو. تەنها هیمەت و فیداکاری و خۆشەویستی حزب و گەل و شۆڕشەکەمان بوو هانی دەداین بردەوام بین. مەنسوور بۆ ماوەی ١٠ - ١٥ ساڵ لەسەریەک کاری "زەباتی" و چاپەمەنی و ڕادیۆی کردووە دەڵێ بوونی ڕادیۆیەک لەو کاتەدا پێویستیەکی مێژوویی بوو، چونکە ڕژیم لەهەموو بەڵێنەکانی خۆی پەشیمان ببوەوە کە بە میللەتی کوردی دابوو کاتی پێش ڕوخان و دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی، درۆی لەگەڵ گەلی کورد دەکرد بە هێرشی نیزامی جوابی مافە ڕەواکانی گەلی کوردو کوردستانی دەدایەوە. هەم بۆ بیروڕای ناوچەیی و ناوخۆیی و جیهانی کورد پێویستی بە دەنگێک هەبوو هەتا مەزڵومیەت و دادو کێشەکانی خۆی بگەیەنێتە گوێی هەموو دنیا، بۆ ئەم مەبەستە هەندێک جیهازو بێسیم کە لە پادگانەکانی شاە دا گیرابوون بە

یارمەتی ئەوکەسانەی کاریان لەسەر ئەم دەزگایانە کردبووو شارەزای بوون توانیبوویان کۆیان بکەنەوەو بە نیازی دروستکردنی ڕادیۆیەک کە لەسەرەتادا بیرۆکەی کاک دکتور قاسملوو بوو. ئەم دەزگایانە لە ڕێگای کاک "سەید ڕەسوڵ بابی گەورە" هێنرانە ناوچەی "سەرشاخان" لەوێ لە ماڵی خوالێخۆش بوو مامۆستا "مەلا محمد عوسمانی" دانرابوون. کاک دکتور قاسملوو داوا لە کاک "موهەنیس خەیاتی" دەکات هاوکاریان بکات، کە ئازەری زمان بوو بەڵام کوردپەروەر بوو زۆر لە مێژ بوو لە کوردستان دەژیا. ئەو کەسانەی ئەو دەزگایانەیان وەسەریەک نایەوەو ڕادیۆیان لێ درووست کرد، "محمد وەیسی، خەلیل گادانی، کاک فیروز. عومەر ئەمینی. "بوون لەباری فەنیەوە کاریان تێدا کرد. پاشان گواسترایەوە بۆ گوندی "کەڵەکۆکە" دوایە هاتە گوندی "شێخان" لە مەنگوڕانی مەهاباد، هەموو ئەوانە هەمووی ئازمایشی بوون، بەهۆی ئەوەی هیچ دەزگایەکی پەیوەندی گرتن نەبو نەماندەزانی لە هەموو شارو گوندەکانی کوردستان ئەم دەنگە دەبیسترێ یان، نا. دەبوو خەڵکمان دیباو یان جوابیان ناردبا کە لە فڵانە شار و گوند دەنگ باشە یان خراپە. هەتا سەرئەنجام لە مەهابادو چەند شاری تر پێیان ڕاگەیاندین کە دەنگ زۆر باشە و زۆر سافە. هەتا سەرئەنجام لە ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ بە پەیامی کاک دکتور قاسملوو سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان ڕادیۆ دەنگی کوردستان کرایەوە. کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان گوێیان لێی بوو. مەنسوور دەڵێ لەسەرەتاوە بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەرنامە بڵاو دەبۆوە ٣٠ خولەک کوردی و ٣٠ خولەک فارسی، دوای ساڵێک بەهۆی ئەوەی ئازەریەکان پێیان خۆش بووە گوێیان لە دەنگی کورستان بێ بەرنامەکان گۆڕاون بۆ ٤٥ خولەک بۆ کوردی و ٤٥ خولەک بۆ فارسی و ٣٠ خولەک بۆ ئازەری، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان هەموو ڕۆژی ٣ جار گوێیان بۆ ڕادیوڕادەگرت بەرنامەی کورمانجی پێوە زیاد کرا. ئێستا ڕادیۆ دەنگی کوردستان ببوە دەنگی ڕاستەقینەو هەقخوازانەو هەق بێژانەی کوردو لە هەموو کاتوساتێکدا هەواڵەکانی کوردستان و جنایەتەکانی ڕژیمی بەدەست دەگەیشت و بڵاوی دەکردەوەو لەقاوی دەدا، بۆیە ئەم دەنگە ببوە جێگای باوڕی دۆست و دوژمن. مەنسوور دەڵێ ئەوکات تەنها بە دوو دەستگای زۆر ئاسایی بەرنامەکانمان تۆمار دەکرد کە ئەو زەبتانە لە هەموو ماڵێک هەبوون، زۆر جاران بەرق نەبوو بە باتری بەرنامەکان تۆمار دەکران. پاش ماوەیەک دەزگایەکی تازەمان بۆ هات بۆ بەشی تۆمار کردن... ئەو کەسانەی لە بەشی زەبت کاریان کردووە بریتی بوون لە سولەیمان محمدجانی... جەماڵ کەریمی.. خوسرەو کاشانی.. حسین ڕەهبەر.. مستەفا زەهرایی.. خوشکە مریەم خێزانی کاک پۆڵا.. سیامەک قەیوم پەنجە.. ئەسعەد دریازی.. محیّدین مەعزوور.. نعمەت مەلا.. مەنسوور خوسرەوی. کاری ڕادیۆو چاپەمەنی کارێکی گشتی بوو هەموومان پێکەوە کارەکانمان ڕادەپەڕاند، ئەوانەی کە کۆڵەکەی پتەوی ڕادیۆ بوون بریتی بوون لە بەڕێزان کاک دکتور سەعید.. عەبدوڵا حەسەنزادە.. تەها عەتیقی.. ئەحمەد شێربەگی.. خەدیجە مەعزوور... هەروەها بەهۆی ڕاست بێژی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و لەقاودانی جنایەتەکانی ڕژیم لە کوردستان. ڕژیم زۆر حەساسیەتی بەم دەنگە هەبوو سەرەڕای بۆمباران و تۆپ و خومپارە باران و بەدەیان پیلانی تر بۆ بێدەنگ کردنی ئەم ڕادیۆیە، لە "پاڕازێت" کەڵکی وەردەگرت دەنگێکی ناخۆش و بێزارکەر بوو لەسەر شەپۆلەکانی ڕادیۆی دادەنا لەکاتی بڵاو کردنەوەدا. بۆ ئەم مەبەستەو بەرەنگاری کردن لەگەڵ ئەم

شێوە پارێزتە چەند کەسێک ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو کە لەگەڵ هاتنی پارێزتەکە بۆ سەر فرنکانسی ڕادیۆ بەپێی شێـوە خشتەیەک کە بۆخۆیان دایان نابوو پارێزتەکەیان دوور دەخستەوە، کە دووکەسیان مام ڕەسوڵ و برایم موکری بوون هەر سێ جار کە بەرنامەکانی ڕادیۆ بڵاو دەکرایەوە ئەوان بەم کارە هەڵدەستان. هەروەها ڕادیۆ پاش ماوەیەک لە چەندین فرکانس بـڵاو دەکرایەوە لەسەر فرکانسەکانی ٧٥، ٤٩ ، ٤١ ، ٦٠ چونکە هەمووکەس ئەوکات نەیاندەتوانی لەسەر فرکانسی ٧٥ متربیگرن چونکە هەموو ڕادیۆیەک فرکانسی ٧٥ مەتری نەبوو جودا لەوەش لەشەوڕۆژێکدا سێ جار بڵاو دەبۆوە چونکە گوێگری ئەوەنـدە زۆر بوو بە پێی پێویست نەبوو. یەکێک لە سەرکەوتوویی ڕادیو دەنگی کوردستان ئەوە بوو ڕاست بێژ بوو، زمان خاوێن بوو، زمان پاراو بوو، کوردیەکی خاوێن و هەمە لایەنە بوو زۆر جار دوژمن بۆخۆیان ئەگەر ویستبایان خەبەرەکان بە دروستی بزانن لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانیان گوێ لێدەبوو. هەروەها مەنسوور دەڵێ بنکەی ڕادیۆو چاپەمەنی ئەوەندە بۆ دوژمن هەستیار بوو کە هەمیشە لە هەموو کات و وەختێکدا کەڵکی وەردەگرت هەتا نابودی بکات، بۆیە چەندین جار لەکاتی تۆمارکردنی بەرنامەکان یان بە فڕۆکە بۆمباران کراوین یان بە تۆپ و خومپارەو مووشەک لێماندراوە، دەگێڕێتەوە کە زۆر جار چاوم لە تۆپ و خومپارەکان بوون کە تەقیونەتەوە زەبتەکەم ڕاگرتووە بۆ ئەوەی دەنگی تەقینەوەکە زەبت نەبێت.. جارێکی تر لەکاتی تۆمارکردندا بۆمبارانیان دەکردین سروودێکم دانا چەند خولەکێک ماوەی سروودەکە بوو لەو ماوەیەدا چوومە دەرێ هەتا بزانم وەزع چۆنەو لە کوێی داوە، هەروەها لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەندین جار شوێنی ڕادیۆ لە گوندێک بۆ گوندێکی تر لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر لە دۆڵێ بۆ دۆڵێکی تر بەهۆی باری ئەمنیەتی ناوچەکان گواستراوەتەوە، کە کارێکی ئاسان نەبوو هەموو جارێ هەموو ئەو دەزگایانە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر بە تایبەتی ئەو جێگایانەی ڕێگای ماشێنیان نەبوو خەڵک و پێشمەرگە لەسەر دارە مەیتیان دادەنان و هەتا شوێنی مەبەست بەو شاخ و دۆڵ و ڕێگا ناخۆشانەدا لەسەر شانیان دادەناو خۆشەویستی ئەو ڕادیۆیە بۆ خەڵکی کوردو پێشمەرگەکان ئەوەندە خۆشەویست بوو لەکاتی حەسانەوەش دایان نەدەنا سەر عەرزی هەرلەسەر شانیان بوو هەتا دەیانگەیاندە جێگای خۆی... بەم شێوەیە ئاگاداری لەم دەنگەی کورد کراوە، ئەگەر عشق و خۆشەویستی بەخاک و وڵات نەبێ کوا ئـەم هەموو سەختیانە تەحەمول دەکرێن.. لەسەر ئەم هەموو گیروگرفت و هەژاری و نەداری و بۆمباران و دەیان پیلانی تری دوژمن بۆ یەکجاریش هەتا بۆ یەک خولەکیش ئەم ڕادیۆیە بێ دەنگ نەبوو، هەمووی لە هیمەت و دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارەتـی و فیداکاری و ماندووبوونی بەردەوامی سەرجەم کارگێڕانی ڕادیۆو چاپەمەنی بووە لەسەرووی هەموانەوە کاک دکتور سەعید و کاک تەها عەتیقی کە بەڕاستی کۆڵەکەی پتەوی ڕادیۆ بوون. مەنسوور درێژە بە باسەکەی دەداو دەڵێ تەواوی ئەو بەرنامانەی تـۆمار کراون بە چەند شێوە ئارشیو کراون و هەڵگیراون هەر لەیەکەم ڕۆژی کردنەوەی ڕادیۆ هەموویانمان حەووتوو بە حەووتوو پاشان بە مانگ و دواتر لە یەک ساڵدا کۆ کردۆتەوە هەڵگیراون، هەروەها بەشێوەی نوسراوە لە دەفتەرێکدا هەموو ڕۆژێ نوسراوە بۆ نموونە هەواڵەکان بە کوردی و فارسی و ئازەری ناوی بێژەرەکان ناوی نوسەرەکان ناوی زەباتەکان سرودو گۆرانیەکان لەگەڵ ڕێکەوتـی ئەو ڕۆژە بەو شێوەیە حەفتەو مانگ و هەتا ساڵێک

پاشان ساڵ ساڵ بە جودا پێچراون و دانراون.. کاسێتەکانیش بە هەمـــان شێوە، هەتا ئەوکاتەی کامپیوتەرو دەزگای پێشکەووتوو پەیدا بوون،، لەدوای ئەوانە ئەوجار ئارشیوەکانمان ئاسانترو چکۆلە تـر بوونەوە بە شێوەی "فایل" و سیدی.

کاک مەنسوور بە قەولی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دەفەرموێ لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوو کە لە ڕادیۆ دەستی بەکار کـــرد بەڵام دەکرێ بڵێم مەنسوورو کردنەوەی ڕادیۆ هەردووکیان "دوانەن" هەروەها مەنسوور لە کۆنگرەی پێنجەوە لە کۆنگرەکانـــی حزب بەشدار بوەو هەموو کۆنگرەکانی تۆمار کردوەو هەموو جارێکیش لەلایەن کاک دکتور قاسملوو کاک دکتور سەعید و کـــاک عەبدوڵا حەسەنزادەوە بەگەرمی تەشویق کراوەو بانگیان کردۆتە ســـەر تریبوون و دەستخۆشی و ماندوونەبوونیـــان لێکردووە.

هەروەها زۆربەی زۆری کۆنفرانسەکانیشی تۆمار کردوەو هەموویان لە ئارشیوی حزبدا ماون کە شاهێدی مێژووی پڕ سەروەری و خەباتێکی خوێناوی گەلەکەمانە بۆ مێژووی حزب.

مەنسوور خوسرەوی لەوکاتەوە هەتا ئێستاش هەر لە خزمەت حزب و خەڵکەکەیدایە ئێستاش کارەکانی لە تلڤزیونی "کورد کاناڵ" درێژە دەدا. من وەک خۆم سوپاسی تەواوی زەحمەتەکانی دەکەم هیوای سەرکەووتنی زیاترو هاتنەدی ئاوات و ئامانجەکانی بۆ دەخوازم، هیوادارم بەرهەمی هەموو زەحمەتەکانی بچنێتەوەو داوای تەمەن درێژی بۆ دەکەم...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

--------------------------------------------------

# هاوڕێ هەمزە ئاگوشی




ئەمجارە هەمووومان پێکەوە دەچینە سەردانی پێشمەرگەی "چەک و قەڵەم"، کاک "هەمزە ئاگوشی" کە لە سەرەتای لاویەتیدا تێکەڵ بە دنیای شۆڕش و خەبات و پێشمەرگایەتی و نووسین و هونەری هەمە ڕەنگ بوو، توانی لە "زانکۆ"ی حزبی دیموکراتی کوردستاندا کەڵک لە دەرفەتەکان وەربگرێ و تواناکانی خۆی نیشان بداو خۆی پێبگەیەنێ.

بۆیە بە پێویستی دەزانم بۆ قەدردانیەک و پێزانین لە زەحمەت و ماندوو بوونی پێکەوە "میدالی سەربەرزی" بدەین لە بەرۆکی و سوپاسی بکەین و یاریدەدەری بین بۆ زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتمان ئێستا بابزانین هەمزە کێیە؟

ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە ئاوایی "خلیفەلیان" ی سندووسی "نەغەدە" لە کۆڕی گەرمی بنەماڵەیەکی "جووتبەندە" چاوی بە دنیا هەڵێناوە. "هەمزە ئاگوشی" خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی خەلیفەلیان و "مەهاباد" خوێندووەو وەک بۆخۆی دەڵێ تەمبەڵترین قووتابی بووەو دووساڵ لە ئەوەڵی ڕەهنمایی و سێ ساڵ لە دووەمی ڕەهنمایی ماوەتەوەو ئێستاش نازانێ کە کە لە دووەمی ڕەهنمایی دەرچووە،، یا،، نا. چونکە هەر بەدوای تاقیکاریەکاندا ڕوو لە پێشمەرگایەتی دەکات.

هەمزە وەکوو زۆربەی منداڵانی کورد بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران کردووە، وەک بۆخۆی دەڵێ لە ساڵی ١٣٥٧ پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە خۆی و برایەکی لەخۆی گەورەتر لەگەڵ بابیان لە ڕێپێوانێکی شاری مەهاباد بەشداری دەکەن کەهەر ئەو ڕۆژە ئەو ڕێپێوانە دەبێتە هۆی گرتنی "شارەبانی" مەهاباد. هەمزە دەڵێ لە "چوارچرا" وە خەڵک بەرەو چوارڕای ئازادی و چوارڕای مەولەوی وەڕێکەوتبوون و دروشمیان دەدا، جار بەجار لە ناو

دروشمەکانداو هات و هاواری خەڵکدا دەنگی تەقەیەک دەبیسترا. دەڵێ هەموو جارێ بابم دەیکوت حەک دەبەر ناڵەت مرم ئەوە دەنگی دەمامچـــەی چوارده خۆره. ئەمن قەتم دەمانچەی چوارده خۆر نەدیبوو، پێم وابوو چەکێکی زۆر گەورەو زەبەلاحە. هەر ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار لە بەرامبەر بە "ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد" چاوم بە هونەرمەندی ناسراوی کورد خوالێخۆشبوو کاک "محمد ماملێ" کەوت کە لە ڕیزی خۆپیشاندەراندا بوو. ئەمن و براکەم نەماندەناسی بابم پێی کوتین ئەوە "ماملێ" یە. من بەلامەوە شتێکـــی زۆر سەیر بوو کە لە نزیکەوە ماملێ دەبینم. چوومە بەردەم ماملێ و بە پێچەوانەی خەڵکەکە من پشتاوپشت دەڕۆشتم و چاوم لە ماملێ بڕیبوو ، پێموانەبوو کە "ماملێ" کەسێکی ئاسایی بێ، هێندەم لە بنەماڵەی خۆماندا ناوی ماملێ بیستبوو پێم وابوو دەبێ زۆر جیاوازتر لە خەڵکی ئاسایی بێت. ڕیزی خۆپیشاندەران گەیشتە بەردەم شارەبانی مەهاباد، کە لە تەنیشت سینەما "ئاریا" دا هەڵکەووتبوو، جوانچاکێکی کەواوپانتۆڵ ڕەشی شەدە لەسەر بە کڵاشینکۆفێکەوە لەسەر دیواری شارەبانی وەستابوو، پاسەبان و کەسانی ناو شارەبانی بەسەر دیوارەکەدا کڵاوو لیباسەکانیان فڕێدەدایە سەر شەقام و ناو خەڵکەکە. لە کۆتاییدا شارەبانـــی خۆیان ڕادەستی خەڵکەکە کرد، پاسەبانێکیان هێنایە دەرێ و شەدەیەکی کوردیان لەسەری هاڵاندو و بەسەر دەستانەوە بەرزیان کردەوە، خەڵک خۆی لە ناو شارەبانی هاویشت و تاڵان دەستی پێکرد، هەرچی دەهاتە دەرێ چەکێک یان چەند چەکێکی وەکوو ژ - ٣ و ئێم ١ و بڕنۆی پێ بوو، بابم تەماع گرتی و من و براکەمی بە پیرەپیاوێک ئەسپاردو خۆی بە ژووڕێدا کرد. پێمان وابوو بابم ئێستا ئیتر لایەکی شارەبانی پڕ دەداتێ و لەگەڵ خۆی دەیهێنێ. زۆرمان شایی بە خۆمان بوو کە بابم وەکوو ئەو خەڵکە شێرانە لەو هێرشەدا بەشداری کرد، کەچی بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی ئێمە، بابم دەستی بۆ چەکی گەرم نەبردبوو و لەو هەموو چەک و چۆلە تەنیا حەوت "سەرنێزە"ی ژ - ٣ی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەبیرمە براکەم لێی پرسی بابە تۆ ئەو هەموو سەرنێزەت بۆچییـــە؟ کوتی ڕۆڵە گیان یەکیان بۆخۆم ئەوانی دیکەیش بۆ خزمان.

بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٨و ئاشکرابوونی خەباتی حزبی دیموکرات، دەستەیەک لە لاوانی مەهاباد دەچنـــە گوندی خەلیفەلیان و لەوێ لە بڵندگۆی مزگەوتەوە سرودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێننەوە و پاش ماوەیەک یەکیەتی لاوان گروپێکـــی سروود لە منداڵانی خەلیفەلیان دروست دەکات کە "هەمزە" یەکێک لەو منداڵانە دەبێ. شەڕی "نەغەدە" و کارەساتەکانـــی کوشتاری گوندەکانی" قاڕنێ، قەڵاتان، کانی مام سەیدە، خەلیفەلیان، چەقەڵ مستەفا، " و شەڕەکانی دەشتی سندوس و بوونی مەقەڕو بنکەی هێزی پێشمەرگە، ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر هەمزەی مێرمنداڵ دەبێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئۆگری بە شۆڕش و حزبی دیموکرات زیاتر دەبێ. ساڵی ١٣٦٠ بە هۆی شەڕو ئاڵۆزیەکانی ناوچەی نەغەدە ماڵیان لە گوندی خەلیفەلیان دەگوازنەوە بۆ شاری مەهاباد، لەوێش وێڕای درێژەدان بە خوێندن ڕوو لەکارو کاسبی دەکات و ماوەیەک میوە فرۆشی دەکات و ماوەیەک دەبێتە شاگردی ڕۆنگۆڕو ماوەیەک دەبێتە "ئاڵمنیۆمساز" و دواجار ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٨٦ی زایینی وێڕای دوو هاوڕێی دیکەی ڕوو لە ناوچەی سەرشاخانی نەغەدە دەکەن و لە هێزی

"ئەفشین"ی حزبی دیموکراتی کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی دەست دەدەنێ. بەهۆی کەمی تەمەن و کەمتر بوونی گومان لەسەری، بۆ ماوەی چەند مانگێک بۆ ئەرکی حزبی ناردراوەتەوە ناوخۆ و دوای ئاشکرا بوونیان بۆ خۆشاردنەوە لەدەست هێزەکانی ڕژێم، بۆ ماوەیەک لە هۆتێل "کوێستان"ی شاری مەهاباد لە ئاشپەزخانەی ئەو هۆتێلەدا کە هاتوچۆ کردن بۆ ناو ئاشپەزخانە قەدەغە بووە، بۆتە قاپ شۆر، پاشان لە دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ وێڕای چەند کەس لە هاوڕێیانی تەشکیلاتی حزب خۆیان گەیاندۆتەوە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە. هەمزە ئاگوشی چالاکیەکانی خۆی وەکوو پێشمەرگەیەکی لاو و دڵ پڕ لەهیوای ڕەنگاوڕەنگ لە زۆربەی ئۆرگانەکانی حزب وەکوو، کۆمیتەی شارستانی نەغەدە، مەڵبەندی سپی سەنگ، هێزی پێشەوا، ناوەندی یەکی کوردستان پارێزگار دەفتەری سیاسی، درێژە پێداوەو لەو ماوەیەدا پلەی نیزامی و تەشکیلاتیەکان وەردەگرێ وەکوو جێگری پەل و سەرپەل.

هەروەها لەچەندین شەڕی ناوچەکانی مەهاباد، نەغەدە، مەریوان، بانە، پیرانشار، شنۆ، بەشداری چالاکانە دەکات. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان زۆر چالاکانە توانیویەتی دەوری خۆی بەباشی بگێڕێ، کە یەکەم سروودی شۆڕشگێڕی و سەربەخۆییخوازیشی لەگەڵ ئازاد بوونی شاری هەولێردا کوتوتەوە وێڕای تیپێکی موزیکی شاری هەولێر سروودیان لەو شارەدا چڕیوە، پاشان لەلایەن حزبەوە پلەی کادرێتی دراوەتێ و لەساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی گواستراوەتەوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی حزب و کاری ڕۆژنامەوانی لە "ڕادیۆ" و چاپەمەنی حزب دەست پێ کردووە. پاشان دەبێتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. بێجگە لە ئەرکە پێ ئەسپێردراوە حزبیەکانی تر، لەماوەی ٢٤ ساڵ کاری ڕۆژناماوانیدا وەکوو کادری "ڕادیو دەنگی کوردستان" و ڕۆژنامەی"کوردستان" و "کوردستان ڕاپۆرت" و "هەولێر" و هەروەها گۆڤارەکانی "بەڕوو" و "وەرزش" و "ئەدەب و هونەر" و "ئەوین" و ماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات تایمز" دا کاری کردووە. هەمزە خاوەنی ٢ کتێبی وەرگێڕانە بە ناوەکانی "منم بووکی بن لادن" و "مەلاو سێدارە". هەروەها خاوەنی چەندین سروودی شۆڕشگێڕانەیە کە لە سەردەمی شاخدا گوتوویەتی. هەروەها هەمزە کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ چەند "شانۆ"یەک کردووە کە دەکرێ ئاماژە بە "شەمۆو ڕەشماڵی کوردەواری" و "یادگارەکان و فرمێسکی ژن" و "دەرگا داخراوەکان" بکرێ کە کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبووە. هەمزە کاری پێدا چوونەوەی بۆ چەندین کتێبی نووسەران کردووە لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ کاری سرود و گۆرانی تێکست و ئاوازی بۆ زۆر گۆرانی داوەتە چەند هونەرمەندێکی ناسراوی نەتەوەکەمان. لە کورتە فیلمێکی کوردی لە "نۆروێژ" بە ناوی لە "چاوی تۆوە" دەوری سەرەکی ئەم فیلمەی گێڕاوە هەروەها خاوەنی دەیان نووسین و بابەت و شیعرو چیرۆکە و وەک بۆخۆی دەڵێ بەم زووانەش ئەم چیرۆکانە کۆتاییان پێ نایەت.

هەمزە دەڵێ شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتیم گەورەترین قوتابخانە بوون کە خۆم تێدا دیتەوە و قەڵەمم تێدا ناسی.. هەمزە خێزاندارەو خاوەنی چوار منداڵە بە ناوەکانی، هۆزان، ڕۆژان، بابان، یاران، "هیوای تەمەندرێژی بۆ خۆیی و

خێزانــی و منــداڵە جوانەکــانی دەخــوازم، ئێســتاش لە نووســین و کــاری ڕۆژنــامەوانی بەردەوامەو لە وڵاتــی "نــۆروێژ" نیشتەجێیە...

----------------------------------------------

## هاوڕێ ڕەحمان قوربانی




ئەمجارە هەمووومان پێکەوە "میداڵی ئازایەتی" هەڵدەگرین و دەچین میوانی هاوڕێی پێشمەرگەمان پێشمەرگەو قارەمانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات. هاوڕێ و هاوسەنگەری دەورانی حەماسەو خوڵقاندنی داستانە پڕ لە فیداکاری و بوێرانەکانی ڕۆژانی پڕ لە کێشەو گرفتەکانی شۆڕشی گەلەکەمان شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەو یەخە لەگەڵ دڕندەترین دوژمنانی سەردەم و گەلی کورد هەموو جیهان. کۆماری ئیسلامی ئێران. بە شانازیەوە ئەم "میداڵە" بە بەڕێز "ڕەحمان قوربانی" دەبەخشین ئێستا با بزانین کاکە ڕەحمان قوربانی چۆن توانی بگاتە شایانی "میداڵی ئازایەتی"؟

ڕەحمان قوربانی لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندە جوانەکەی (بزوەش) سەر بەناوچەی بێڵەواری (کامیاران) چاوی بەم بەهەشتەی کوردستان هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای ساف و بێگەردی کوردستان هەڵمژیوەو تێکەڵ بەژیانی ناوکوردەواری بووە. ڕەحمان هەموو ژیانی خۆی لە گوندەکەیی و دەوروبەر تێپەڕاندووە، هەتا ساڵی ١٣٥٧و بەرپابوونی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بەدژی ڕژێمی پاشایەتی. وەکوو زۆربەی زۆری لاوە خوێن گەرمەکانی کوردستان ئەمیش تێکەڵ بە دنیای سیاسەت دەبێ و وەکوو کوردێک هەست بە ماف خوراوی و ناعەداڵەتی و زۆرو ستەم دەکات و هەستی نەتەوایەتی دەبزوێ و هەوڵی خۆی دەدات بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی.

سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی پەیوەندی دەکات بە تەشکیلاتی حزبی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچەیە. لەوێوە سەرەتای ڕۆژەکانی خەبات و شۆڕشگێڕی بە شێوەی ئاشکرا لەناو تەشکیلاتی حزبەوە دەست پێدەکات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕەحمان چوار ساڵی یەکەمی تێکۆشانەکانی بەگیانێکی پێشمەرگانەو کوردایەتی تێپەڕاندووە تەنها مەبەستی کوردایەتی و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و هەروەها وەک پێشمەرگەیەکی ناوسەنگەری مەردایەتی درێژەی بە خەبات داوە. هەتا مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بەرەو خاکەلێوەی ١٣٦٢، لەلایەن کۆمیتەی شارستانی کرماشانەوە ئەرکی پێدەسپێرن کە لە دەورەیەکی (سیاسی و تەشکیلاتی) دا بەشدار بێ لە ناوچەی مەهاباد.ڕەحمان ئەم دەورەیە بە سەرکەوتویی ئەنجام دەدات، کە دەورەیەکی یەکجار بە کەڵک و باش بوو، دیارە لەم دەورەیەدا زۆرێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حزب و هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەروی هەموویانەوە دکتور قاسملوو وانەیان بەکادرەکانی سەرتاسەری کوردستان و هەموو کۆمیتەکانی حزب دەکووتەوە. دوای تەواوبوونی دەورەکە ڕەحمان بەدەستی پڕەوە دەگەڕێتەوە ناوچەی کرماشان و جێگاو شوێنی خەباتی. هەر لەو ساڵەدا لەلایەن کۆمیتەی شارستانی کرماشانەوە وەکوو کادری سیاسی دەستنیشان دەکرێ بۆ لکی شەهید نادر. لەوێ وەکوو کادرێکی سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی کرماشان لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە وردترو ڕوونتر سیاسەتەکانی حزبی بۆ ڕوون دەکردنەوە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و نیزامی و ڕێکخراوەییدا. ڕەحمان بەهۆی هوشیاری و لێوەشاییەوە لەو ماوەیەدا، سەرئەنجام لەساڵی ١٣٦٣ وەکوو ئەندامی کۆمیتەی شاری کامیاران و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی کرماشان، بەرپرسایەتی تەشکیلاتی ناوچەی (بێڵەواری سەروو)ی پێ دەسپێرن. ڕەحمان لەم ئەرکەیدا کارەکەی زیاتر کاری تەشکیلاتی و کاری نهێنی و ڕیزبەندی ئەندامانی حزب و ڕێکخستنی کادرو ئەندامان و تیمە هەستەکانی حزبی بوون لەناوخۆ. کە کارێکی یەکجار پڕ بەرپرسایەتی و هەستیارو گرنگە. بۆیە ڕەحمان دەبوو زۆر دەقیق و وردو بە بڕیاری بوێرانەوە هەڵسووکەوت بکات لەگەڵ ئەم ئەرکەی کە حزب پێی ئەسپاردووە. هەموو ئەم شێوە بەرپرسایەتیانەی کە ڕەحمان پێی هەستاوە، بەوپەڕی دڵسۆزی و قارەمانانە ئەنجامی داون، بێ سڵەمینەوە لەو هەموو زەبرو زەنگ و هێرشی پەیتا پەیتای دوژمن بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. ڕەحمان لەو ماوەیەدا لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەدا بەشداری چالاکانەی کردووە چەندین جار لەشەڕ لەگەڵ داگیرکەراندا بریندار بوە. بەڵام هەموو جارێ دوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکانی گەڕاوەتەوە ناو کۆڕی گەرمی هاوسەنگەرانی. ئێستا ڕەحمان دانیشتووی وڵاتی ئاڵمانەو سەرەڕای ئەندام بوونی لە حزب دا زیاتر سەرقاڵی خەباتی کوردایەتیەو لەم ڕێگایەدا کارو تێکۆشانی خۆی درێژە پێدەدات.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

# هاوڕێ یوسف مام ڕەحیمی




هەموومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان، دەچینــــە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ، کاک "یوسف مام ڕەحیمی" بە شانازی و بە ڕێزەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگـــاری و خەباتـــی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک "یوسف مام ڕەحیمی" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵ" و شایانی ئەم ڕێزلێنانە یوسف لە شارەکەی پێشەوا (قازی محمد) مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی پڕ لەخۆشەویستی چاوی بە دنیا هەڵێناوەو لە هەوای پاک و بێگەردی مەهاباد یەکەم هەناسەی ژیانی هەڵکێشاوە. یوسف قۆناخی سەرەتایی و ڕەهنمایی لە مەهاباد خوێندوە.

ساڵی دووەمی ڕێکەووت بوو لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی خەڵک بە دژی ڕژیمی پاشایەتی واتە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران لەخرۆشاندا بوو. هەموو چین و توێژەکانی خەڵک بەشدار بوون لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین.

یوسف ئەوکات لە قوتابخانەکەی نوێنەری پۆلەکەی خۆی بووە بۆ خۆپیشاندان، کە قوتابخانەکان هەموویان بەشداریان دەکرد لە ڕێپێوانەکان. هەتا ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی (حزبی دیموکراتی کوردستان) یوسف ماوەیەک لەگەڵ یەکیەتـــی لاوان درێژە بە هەوڵ و تێکۆشان دەدات، پاشان دەچێتە شوڕای نیزامی و لەوێ کاری حزبیان پێدەسپاردن

و چالاک بوون هەر لەوێ دەورەیەکی چەکی سووکیان بۆ دەکەنەوە، هەتا شارەزایی تەواویان هەبێ لە چەکە سووکەکان، هەتا حزب شارەکانی چۆل کرد بۆ ئەوەی خەڵکی بێ دیفاع نەکوژرێن و زیان و مەترسیان لەسەر نەبێ. بەڵام یوسف و زۆری تر لەشاریدا مابوونەوە لەگەڵ شەهید (محمد زەنگەنە) کاری ناوشاریان ئەنجام دەدا. کە زیاتر کارەکانیان بەشەو ئەنجام دەداو بە ڕۆژ نەدەهاتنە دەر.

زۆر جاران هەستەکانی ناوشار شەوانە تەقەیان لە پایەگاکانی پاسداران دەکردن. ئەوانیش بێ هەدەف هەتا بەیانی تەقەیان دەکرد. یوسف جارێک هۆشداری دەداتە کەسێک کە زانیبوویان هاوکاری ڕژیم دەکات. ئەویش دوای شەڕوکێشەیەکی زۆر لە نێوانیاندا یوسف زۆر چاک تەمبێی دەکات و دوای هاتنەوەی لە نەخۆشخانە. دەیەوێ یوسف بەگرتن بدات بە پاسدارەکان هەر بۆیە لە کۆتایی مانگی هاوینی ساڵی ١٣٥٩ کاتێک خەریکی کاری خۆی بوو لە قاوەخانەیەک لە چوارڕای ئازادی ئەو خۆفرۆشە دێتە ژورێ و یوسف و کەسێکی تر دەگرێ، کە جاش و پاسدارێکی زۆری لەگەڵ بوو تەواوی شەقامەکانیان گرتبوو. بۆ ماوەی ٣ مانگ و نیو لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا دەبێ بە شێوەیەک نینۆکەکانیان دەرهێنابوون. ئەو خۆفرۆشە کووتبووی کلاشینکۆفی هەیە لەگەڵ ٧ خەشاب و ٢ نارجۆک . بۆیە داوایان لێدەکرد پێیان بڵێ لەکوێیە ئەو تفەنگە. بەڵام یوسف زۆر پیاوانە بەرگەی ئەو هەموو لێدان و ئەشکەنجەیە دەگرێ بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێک لە هاوڕێکانی بدات. پاشان دەیدەنە دادگا، قازی ئوستان حوکمی ئازاد بوونی دەدات. دوای یەک حەووتو لەئازاد بوونی کە دەبوو هەموو ڕۆژێک بچێ ئیمزا بکات، لەسەر بڕیاری حزب شار بەجێدێڵێ و دێتە دەرێ بۆ پێشمەرگایەتی لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ لەلکی ٣ی هێزی شەهید پێشەوا لە پەلی شەهید ڕەحیم باڵغی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و لەو پەلە سازمان دەدرێ. هەتا ساڵی ١٣٦٥ هەر لە هێزی پێشەوادا خزمەتی کردووە لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچە بەشداری چالاکانەی کردووە. کاتێک لکی٣ نەقلی ناوچەی گەورکی ٣ بوون لەگەڵ لکی ٤ لە ڕێکەووتی ٢ - ١٢ - ١٣٦٢ دوژمن هێرشی بەربڵاویان دەستپێکرد بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لە گوندی گوڵان شەڕ دەستی پێکرد شەڕ لەنێوان هێزێکی زەبەلاحی دوژمن و لکی ٣و٤ ی هێزی پێشەوا بۆ ماوەی ١٧ کاتژمێر شەڕ زۆر بە توندی درێژەی هەبوو . لەکاتێکدا ڕەهێڵەی تۆپ و خومپارەو کاتیوشای دوژمن بۆ ساتێکیش بێ دەنگ نەدەبوو لەسەرسەنگەری پێشمەرگەکان. دوژمن کوژراوو برینداری یەکجار زۆر بوو، وەکوو ماری بریندار تەواوی ناوچەی ئاگرباران دەکرد، کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە لەو شەڕە نابەرابەرو قارەمانانەیەدا ٥ قارەمانی گەلەکەمان شەهید بوون و گیانیان فیدای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان کرد لەگەڵ ١٧ بریندار، یەکێک لەو شەهیدانە (محمد مام ڕەحیمی) برای یوسف بوو کە بۆخۆی لەمەیدانی شەڕەکەدا تەرمی برای شەهیدی ڕزگار کردبوو.. یوسف لە زۆربەی شەڕەکانی ناوشاری (مەهاباد) بەشداری کردووە هەروەهالەشەڕی گرتنەوەی جادەی (سەردەشت - مەهاباد) بەشدار بووە، لە ناوچەکانی (بۆکان - سەردەشت - پیرانشار - ڕەبەت - بانە) و لە زۆر جێگات دیکە سەنگەری لە دوژمنانی ئازادی گرتووە بەرپەرچی هێرشە داگیرکاریەکانی دوژمنی داوەتەوە. هەروەها لەگرتنی

پایەگای (خولیسان) لەناوچەی (ڕەبەت) بەشداری کردووە، بەتۆڵەی خوێنی شەهید (فەقێ عەولا - حسین شەمامی) لـە کەمینی نێوان زمزیران بۆ بناویلە٠ هەتا ساڵی ١٣٦٥ لەسەر داوای خۆی دوای سازماندەیی تازەی هێزەکان لەگەڵ هەندێک لـە هاوڕێکانی نەقڵی بنکەکانی موحیتی دەفتەری سیاسی دەبن و لە (گەورەدێ) دەبێتە هاوکاری خوالێخۆش بوو (محمد گادانی) لە پرسگەی دەفتەری سیاسی هەتا کۆنگرەی ٨ . دوای کۆنگرە بەداخەوە لەت بوونی حزب هاتە ئاراوەو یوسف هەڵوێستی خۆی گرت و هاتە ناو ڕیزی (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ) لەداوی دامەزراندنی بنکەکانی حزب لە دۆڵی (ئاکۆیان) لەناوچەی (ڕانیە)ی باشووری کوردستان لە گوندەکانی (نۆڕێ - قەڵا سەیدە. دێرێ) و دەوروبەر بۆ ماوەی ٢ ساڵ یوسف مامۆستای فێرگە بوو کە هەم بەشی تەداروکاتی لە ئەستۆ بوو هەم دەرسی فێربوون و بەکارهێنانی چەکی سووک و نیوە قورسی بە تازە لاوەکان فێـر دەکردن، پاشان لەسەر داوی تەشکیلاتی حزب دەکرێتە بەرپرسی پرستگەی دەفتەری سیاسی حزب، یوسف لەو کارەدا مایەوە هەتا یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی دیموکرات. دوای تێکەڵ بونەوە کراوە بە بەرپرسی خەدەماتی حزب هەتا ساڵی ١٩٩٨ پاشـان لەسەر داوای خۆی پاکانە حساب لەگەڵ حزب دەکات و ئێستا دانیشتووە . زەحمەتەکانت و ماندوو بوونت جێگای ڕێزو تەقدیرەو لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات دا گیان لەسەر دەست هەمیشە ئامادە بووی بۆ هەموو گیانفیداکردنێک لەهەر کارێک حزبەکەت پێی ئەسپاردبێتی بەدڵ و بەگیان ئەنجامت داوە. بۆیە پێویستە (میدالی قارەمانیەتی) لەسنگت بدرێ...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

-----------------------------------------------------

# هاوڕێ فەیسەڵ ئێراندووست




هەموومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان، دەچینە لای هاوڕێ و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حزب، کاک "فەیسەڵ ئێراندووست" بە شانازی و بە ڕێزەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگاری و خەباتی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک "فەیسەڵ ئیراندووست." چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵ" و شایانی ئەم ڕێزلێنانە...

سەرەتا بە پێویستی دەزانم کاک (فەیسەڵ) و بنەماڵەکەی بە ئێوە ئازیزان بناسێنم...

کاک فەیسەڵ کوڕی تێکۆشەری ڕەحمتی (داود بەگ میرئەسداری) لە بنەماڵەی بەگزادەکانی ئێتاخی (باوک) و بەگزادەکانی هۆرامانی (دایک) هاتۆتە دنیاوە.

بەڕێز (داودبەگ) باوکی کاک فەیسەڵ لە دوایین تێکۆشانی سیاسی خۆیدا لە ڕیزی خەباتکارانەدابوو، کە ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی لەگەڵ پۆلێک لە بەگزادەو مامۆستایانی دژبەری (ڕژیمی شاه) بە هۆی کەس یان کەسانێکی خۆفرۆش، پێش ئەوەی پلانی پەلاماردانی دام و دەزگاکانی ڕژیمی دژی گەلی تاران بدەن، لە هۆرامان گیران و بە ئەوپەڕی دڕندەیی لەگەڵیان جوڵانەوە بەجۆرێک کە شەش کەس لەو تێکۆشەرانە تیرەباران کران بە ناوەکانی .. داریوش نیکگۆ (مامۆستا)

جەعفەرکەریمی مامۆستا. بەهمەن بەگ لهۆنی (فەلا). مەجید مەجیدی (فەلا)، عەتا پەیاب (فەلا)، بەرەبەیانی ٢٧ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٨ لە سەربازگەی (جەڵدیان)ی پیرانشار گوللەباران کران. باوکی کاک فەیسەڵ و زۆری تر لەو خەباتکارانە حوکمی زیندانیـــان بەسەردا بڕا. سەرەڕای ئەوە ئەم بنەماڵە بەدرێژایی مێژووی دوورو درێژی ژیانی خۆیان چ وەک (لهۆنی) چ وەک (ئێناخی) لە پێناو سەروەری هاوڕەگەزەکانی خۆیان و تەسلیم نەبوون بە ستەمی فەرمانڕەوایانی ناوەندی نەوەستاون. مێژووی هەزاران ساڵەی (هۆرامان) لە "عەبدوڵا قازی" و لە "بەهمەن کوڕی بەهلۆ" هەتا ئێناخ و کاک "فەیسەڵ" لەسەردەمی ئێمەدا هەموو شاهیدی ئەم تێکۆشانە بێ وچانە بووە...

کاک فەیسەڵ وێڕای برا گەورەکەی کاک (ناسر) لەسەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی هۆرامان بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ هـێـور کردنەوەی ئەو کێشە ناوخۆییە لاوەکیانەی نێوان خەڵکی (پاوە) و جوانڕۆییەکاندا پێشهاتبوو، دەوری دڵسۆزانەو ئەرێنیان گێڕا هەروەها پەلاماری دەسەڵاتی نوێ واتە (کۆماری ئیسلامی) بۆسەر مەڵبەندی هۆرامان،، بە گوێرەی فەرهەنگ و ئاداب ونەریتی باپیرانی کاک "فەیسەڵ" ڕێگایان نەدا لەبەرامبەر ئەم هێرش و بەزۆر خۆسەپاندنانەی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ بن و بێ لایەن بۆیە هەر لەو کاتەوە وێڕای زۆرێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕێڕەوی دێرینی خۆیانی بەدژی ماهوڕان هەڵبژارد. لەمـــاوەی تێکۆشانی ئاشکرای لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا هەم وەکوو کەسایەتیەکی ناسراوی ناوچەکەو هەم وەک کوردێک و تێکۆشەرێکی سیاسی و حزبی لە ڕیزی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی حزب لە هۆرامان و، دواتر بەرپرسی حزب لەناوچـەی (دالاهۆ) و سەلاسی باوەجانی دەوری دڵسۆزی و خەباتکارانەی خۆی لەگەڵ حورمەت و ڕێزی تایبەتی خەڵک و هاوسەنگەرانی بە جێهێنا. کاک فەیسەڵ وەکوو زاتێکی هێدی و ئارام،، ڕۆشنبیروو شەیدای سەربەستی وڵاتەکەی لەهەر پۆست و مەقـــام و بەرپرسایەتیەکی کە پێیان ئەسپاردبا بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و دەست پاکی تێدەکۆشاو کاری دەکرد. کاک فەیسەڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی حزب بوو من بۆ ماوەی نزیک بە یازدە ساڵ لە نزیکەوە لە ڕێبەرایەتێ شۆڕشگێڕ شانازی ناسینی ئەو بەڕێزو تێکۆشەرەم هەبووە. کاک فەیسەڵ خۆشەویستی هەمووومان بوو ئەوەندە کەسێکی سەنگین بوو کەس نەبوو کاک فەیسەڵی خۆش نەوێت،، ئێستا کاک فەیسەڵ لە یەکێک لەوڵاتەکانی ئەوروپا دەژی.

کەسێکی خۆشناوو باوەڕپێکراو خۆشەویست و ڕوناک بیرێکی خۆشفکر، هیوای تەندروستێکی باش و گەیشتن بە ئاواتەکانت بۆ دەخوازم، بەهیوای هاتنەدی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی هەموو گەلی کورد...
بە پێویستی دەزانم سوپاسی برای بەڕێزم کاک (سەدیق بابایی) بکەم کە هاوکاری تەواوی کردم لەم یادەدا...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

## هاوڕێ حەسەن موسازادە  ناسراو بە (حەسەن ئاشپەز)




هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک "حەسەن موسازادە" ناسراو بە "حەسەن ئاشپەز" و بە شانازییەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سینگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان . ئێستا با بزانین کاک "حەسەن موسازادە" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە...

حەسەن لە گوندە جوان و سەرسەوزەکەی "داشبەند" ی سەربە ناوچەی "بۆکان" چاوی بە دنیا هەڵێناو هێشتا لەدایک نەببوو کە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا باڵی بەسەر بنەماڵەی "حەسەن" دا کێشاو دایک و باوکی لێک جیا کردەوە. لەدوای لەدایک بوونی بەم شێوەیە هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ مەینەت و هەناسە ساردی و بێ نازی گیرۆدە بوو. هەژاری و نەداری و دەستکوورتی بونە هۆی ئەوەی "حەسەن" لە گوندی داشبەند نەتوانێ بچێتە قوتابخانە وەکوو هەموو منداڵان و هاوڕێیانی، حەسەن وەکوو سەدان لاوی ئەم کوردستانە بوو بە قوربانی ستەم و نابەرامبەری کۆمەڵایەتی و چەوسانەوەی نەتەوایەتی. حەسەن لە گێژاوی دەریای نەبونیدا گەورە بوو بۆیە نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە دەرگای قوتابخانەو دەرگای دنیایەکی ڕوناک و ئارام لە خۆی بکاتەوە. ژیانی حەسەن هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ بێبەشی و نەبونی و بێ نازی نائومێدی تێکەڵاو بوو، هەر کە تەمەنی گەیشتە ١٢ ساڵی تێکەڵاوی ئۆردووی زەحمەتکێشان بوو بەم تەمەنە کەمەوە بە لەشێکی کزو باریک و خۆی دایە بەر کارو کاسپی و ماندوو بوون، حەسەن لەم تەمەنە کەمەیدا بوو بە گۆچانی دەستی باوکی، هەتا سەرهەڵدان و

خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران بەدژی ڕژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧،، حەسەن وەک هەموو لاوانی ناوچەی بۆکان و کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی ئەو شارە بەشداری چالاکانەی کردوو دوای سەرکەووتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنە مەیدانی ئاشکرای شۆڕشگێڕانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات، حەسەن وەک لایەنگری حزب دەستی بە تێکۆشان کرد، دوای فەرمانی جهادو هێرش بۆسەر کوردستان لەلایەن "خومەینی" ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی شەڕێکی نارەوا لە بەرامبەر خواست و ویستەکانی گەلی کورد، حەسەن وەکوو هەموو لاوانی خوێن گەرم و شۆڕشگێڕ دەستە وەستان نەوەستاو هاتە ناو ڕیزی تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی دیموکرات، لە زستانی ساڵی ١٣٦١ بە ڕەسمی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و شەرەفی ئەندامەتی لە ناو ڕیزەکانی حزبدا پێ بەخشرا. لە "هێزی ١١٠ی بەیان" لە بۆکان سازمانەیی کرا. حەسەن زۆر زوو تواناکانی خۆی نیشان داو شک و گومان لە باوەڕی پتەوو سەداقەتیدا نەبوو لەناو هاوسەنگەرانیدا خۆشەویست و لەبەردڵان بوو هەمیشە بزەو پێکەنینی سەر لێوانی غەم و نارەحەتیەکانی دەتاراند، حەسەن لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان و ناو شاری "بۆکان" بەشداری چالاکانەی کردوە٠ لە شەڕی بەرچاوی "قاقڵاوە" شەڕەکانی ناو شاری "بۆکان" شەڕی "قەرەموسالی" شەڕی پایەگای "کۆستە" شەڕی "پیروەلی باغی" هەروەها حەسەن لەشەڕی "سەدرئاباد" بریندار دەبێ و دوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی دەگەڕێتەوە ناو سەنگەری شەرەف لەگەڵ هاوسەنگەرانی. هەتا سەرئەنجام لەشەڕی "تۆبار" بە توندی بریندار دەبێ و برینی ئەمجارەی دەبێتە هۆی کەمئەندامی و بەم شێوەیە درێژە بە خەبات دەدات. هەر لەناو شۆڕشدا لەگەڵ خوالێ خۆش بوو "ئایشە شەمسی بورهان" ژیانی هاوبەش پێک دێنێ و دەبنە خاوەنی کچ و کوڕێکی جوان و ڕەزا سووکن. حەسەن لەبەر دەست ڕەنگینی و وەک کەسێکی باوەڕپێکراو و هەروەها لەسەر داوای خۆی لەگەڵ خێزانی وەکوو پێشمەرگەو ئاشپەزی دەبیرخانە دەستی بەکار کردن کرد، من ئەوکات کادری دەبیرخانە بووم بۆ ماوەی چەند ساڵێک پێکەوە بووین، ئەو خواردنانەی حەسەن دروستی دەکردن ئەوەندە خۆش و بەلەزەت بوون کە هەتا میوانەکانیشی سەرسام کردبوو هەر میوانێکی هاتباو لەوێ نانی خواردبا حەتمەن دەیپرسی ئەو خواردنە کێ بۆتان ساز دەکات؟؟ زۆریش سادەو بە کەمترین ئیمکانات ئەو هەموو خواردنە خۆشەی درووست دەکرد هەمووی دوو سەعاتی نەدەگرت خواردنی دەیان کەسی ئامادە دەکرد، ئەگەر میوانی گەورەو قەرەباڵغمان هەبایە وەکوو "مام جەلال" یا کاک "مەسعود" و حزبەکانی تری باشوور هەندێک لە خێزانی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتە ناوەندیەکان دەهاتن یارمەتی حەسەن یان دەدا، زۆرێک لەو خانمانە دەیانویست فێر بن کە حەسەن چۆن ئەو خواردنە خۆشانە درووست دەکات پاشان بۆخۆیان درووستیان دەکرد هەرگیز وەکوو خواردنەکانی حەسەن بەتام و بەلەزەت نەرنەچوون، ئەویش بۆخۆی بەهرەیەک بوو خوادا دابووی بە حەسەن، "خودا پێداو بوو" هەتا پاشان لەبەر وەزعی لاق و برینەکەی ڕووی لە هەندەران کردو لە کۆتاییدا لە وڵاتی "فنلاند" گیرسایەوەو لەوێش زۆر زوو پەیوەندی بە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات گرتەوەو ئامادەیی خۆی بۆ هەر کارێکی حزبی دەربڕی و وەکوو ئەندامێکی حزب درێژە بە تێکۆشان دەدات،

بەداخەوە هەر لە هەندەران "ئایشە"ی خێزانی بەهۆی نەخۆشی و ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ لە ڕێکەووتی ٢٥ - ١٠ - ٢٠٠٧ کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆی دەیبەنەوە زێدی خۆی بەخاکی دەسپێرن، ڕۆحت شاد بێ...

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل..

---

## هاوڕێ عەبدوڵا کەریمی




عەبدوڵا کەریمی: لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندێکی خنجیلانەو جوانی ناوچەی دەشتەتاڵی (بانە) لەناو باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی زۆر هەژار چاوی بە دنیا هەڵێناوە. دیارە خەڵکی ناوچەکە بەگشتی هەژارو نەدار بوون، بەهۆی دووری و شوێنی جوگرافیایەوە کە دەکەوێتە سەر سنووری دەستکردی (ڕۆژهەڵات و باشور)ی کوردستان. دوای ٢ ساڵ ماڵیان باریکردووە بۆ گوندی (کانی سێو) کە ئەویش هەر سەر بە دەشتەتاڵی بانەیە. بۆ ماوەی ١٦ساڵ لەوێ دەمێننەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو گوندە هەتا ساڵی ١٣٥١ قوتابخانەی نەبوەو تەواوی منداڵانی ئەم ناوچە لەبیرکراوو دوورە شارانەی سەر سنوورەکان، لە خوێندن و لە قوتابخانە بێ بەری بوون و زوڵمێکی یەکجار گەورەیان لێکراوە. بۆیە خەڵک مەجبوور دەبوون منداڵەکانیان بنێرنە لای مەلاکان بۆ فێربوونی قورئان و دەرسی ئایینی. عەبدوڵاو برا گەورەکەی دەنێرنە لای مەلا بۆ فێربوونی قورئان و هەروەها هەندێک کتێبی دینی و خوێندن و فێربوونی (گوڵستان و بۆستان) لەگەڵ ئەوەشدا شەوانەش دەرسی فارسی یان پێدەکووتن بە شێوەیەکی نامونەزم هەتا ساڵی ١٣٥١ کە لەلایەن دەوڵەتەوە مامۆستایان بۆ گوندەکە ناردوو، عەبدوڵا توانی هەتا ٥ی سەرەتایی بخوێنێ بە باشی و سەرکەووتوانە. لەساڵی ١٣٥٧ کە سەرەتای

خۆپیشاندانەکان بوو بە دژی ڕژێمی شاه. جارێکی تر گەڕانەوە گوندەکەی خۆیان سەرئەنجام حکوومەتی شاهەنشاهی ڕووخاو خەڵک سەرکەووتن و کوردستانیش هەوری ڕەش و دیکتاتۆری لەسەر ئاسمانی ئەم وولاتە ڕەویەوە. پاش ماوەیەک بەهاتنی خومەینی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. جارێکی تر دەسەڵاتداران گوێیان بۆ داواو مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕانەگرت و شەڕیان بەسەر کوردو کوردستاندا سەپاند. کوردو حزبەکانی کورد بە ناچاری چەکی بەرەنگاری لە خاک و ئاویان هەڵگرت و دیفاعیان لە خۆیان کرد. سەرەکی ترینی ئەم حزبانە حزبی دیموکرات بوو کە بەدەستی پێشەوای نەمر قازی محمدو هاوبیرانی درووست ببوو، بۆیە حزبێکی جێگای باوەڕوو متمانەی خەڵکی کوردستان بوو. شەڕێکی نابەربەرو ناڕەوا دەستی پێکرد هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. عەبدوڵا ئاخرین مانگی ساڵی ١٣٦١ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەناو ڕیزەکانی حزبی دیموکرات دا پۆشی و چەکی شەرەف و کوردایەتی کردە شانی بۆ پارێزگاری لە خاک و ئاوو زمان و داب و نەریت و کەلتووری وولاتەکەی لە کۆمیتەی حەوتەوانەی ناوچەی دەشتە تاڵی بانە بوو. کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتە کاک سەید برایم هاشمی بوو. کادرەکانیش شەهید تاهیر غەفووری و عەبدولا سەعید ئاغا و سەید نەجمە هاشمی و مام ساڵە بەنە ژاژی و جەلال سەرسولی و هتد... دوای ٢ مانگ دەینێرن بۆ دەورەی سیاسی نیزامی کە بنکەی زانکۆ لە گوندی (مەزناوێ) بوو لە ئالانی سەردەشت. لەو دەورەیەدا وەکوو پێشمەرگەیەکی نمونە ناسێندرا. هەر ئەوکات لەوێ هێزێکیان درووست کرد بە ناوی (هێزی هەژار) کە لە چەندین دەورە لە کادرو پێشمەرگەکان پێکیان هێنابوو. ئەم هێزە پێکهێنرابوو بۆ پارێزگاری لە مەحوەتەی دەفتەری سیاسی کە ئەوکات لە (بێتووش) بوو. عەبدوولا لەوێ وەکوو سەرپەلی پەلێک لەهێزی هەژار دیاری دەکرێ چونکە وەک پێشمەرگەیەکی هوشیارو نمونە هەڵبژێردرابوو بەناوی پەلی هێرش. پاشان پەلی هێرش یان ناردن بۆ گوندی شەڵماش لە بناری کێوی (هۆمل). هەتا داگیرکردنی هەموو ناوچە لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە، عەبدوولا وەکوو سەرپەل لەو ناوچە مایەوە. دوای داگیرکردنی ناوچە، لەسەر داوای هێزی شەهیدانی وێردی کە ئەوکات کاک فەتاح ئەحمەدی فەرماندەری هێز بوو لە لکی٣ ی شەهید قادر شەریف وەکوو بەرپرسی بەشی ماڵی لک دیاری دەکرێ. پاش ماوەیەک لەسەر داوای خۆی دەچێت بۆ لکی ٢ی شەهیدانی ویردی کە زۆرترین هاوڕێکانی لەوێ دەبن وەکوو ڕەحمان هەڵوی ڕەحیم پەرشەو چەندی تر ئەوکات کاک کەریم سەقزی بەرپرسی لکی ٢ بوو. دوای ئەوەی هێز موافقەتی بۆ نەدەکرد، بەڵام لەسەر داوای هەندێک لەهاوڕێکانی لە لکی٢ یەکیان لەوانە شەهید (ساڵە خۆخانی) نامەی نەقڵیان بۆ نووسی. لەوێ دوای ماوەیەک دەیکەن بە جێگری پەلی شەهید محمد سەدیق، پاش ماوەیەک و لەدەوروبەری بەر لە کۆنگرەی هەشت، کاک کەریم سەقزی کە ئەوکات فەرماندەری هێز بوو داوا لە عەبدوولا دەکات کە وەکوو فەرماندەری لک کار بکات و پێشنیاری بەهێزو تەشکیلات کردبوو. پاشان کۆنگرەی هەشت بەسەردا دێ و بەداخەوە ترازانێک لەناو حزب دا درووست بوو کە بە مەیل و خواستی هیچ کەسێک نەبوو، بەڵام سروشتی سیاسەت و حزبایەتی لەم شێوە ترازانانە درووست دەکا. هەر لەو کاتدا عەبدولا ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو بۆیە جارێ مانگی هەنگوینی پێ خۆشتر بوو. دوای هەڵوێست عەبدولا خۆی لەناو ڕیزی پێشمەرگەکانی (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) دا دیتەوە. دوای ئەوە دادەنیشێ و بەڵام هیچ

کاتێک لە حزب و کاری حزبی دانەبڕاوە هەروەها بۆ هاوکاری کردن و ئاسانکاری بۆ چوونەوەی پێشمەرگەکان بۆ ناوچە هاوکاری زۆری دەکردوو دەستی باڵای هەبوو.

عەبدووڵا لە ژیانی پێشمەگایەتی دا ٢ جار بریندار بووە. جارێک لە گرتن و خاپوورکردنی پایەگای بەردەزمەی گوندی خواجامیر پەنا شاری (بانە) لە سا١٣٦٦ جارێکی تر لە شەڕی بەناوبانگی (ساڵوک) لەگەڵ ٧ پێشمەرگەی تر بریندار دەبێ.

ئێستاش لە وولاتی (سوئێد) نیشتەجێ یەو ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانە. زیاتر لە ٥ ساڵە بەرپرسی کۆمیتەی حزبە لە شاری (ئۆپسالای سوئێد) زۆریش هاوکاری تایبەتی ماڵی بە حزبەکەی دەکات و هەردەم وەکوو پێشمەرگەیەک ئامادەی هەمو گیانفیدا کردنێکە لە ڕێگای حزب و گەل و نیشتمانەکەی وەکوو جاران.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

-----------------------------------------------------------

## هاوڕێ ئەبوبەکر حوسەینی ناسراو بە ئەبوی قۆزلوێ




ئەمجارە هەموومان پێکەوە "میداڵی ئازایەتی" هەڵدەگرین و دەچین میوانی هاوڕێی پێشمەرگەمان پێشمەرگەو قارەمانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات. هاوڕێ و هاوسەنگەری دەورانی حەماسەو خوڵقاندنی داستانە پڕ لە فیداکاری و بوێرانەکانی ڕۆژانی

پڕ لە کێشەو گرفتەکانی شۆڕشی گەلەکەمان شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەو یەخە لەگەڵ دڕندەترین دوژمنانی سەردەم و گەلی کورد هەموو جیهان. کۆماری ئیسلامی ئێران... بە شانازیەوە ئەم "میداڵە" بە بەڕێز " ئەبوبەکر حوسەینی " ناسراو بە " ئەبو قۆزلوێ " ئێستا با بزانین ئەبو قۆزلوێ چۆن توانی بگاتە شایانی "میداڵی ئازایەتی"؟

ئەبوبەکر حوسەینی ناسراو بە ئەبوی قۆزلوێ لە ساڵی ١٣٤٤ لە گوندی "قۆزلوێ" مەنگوڕانی مەهاباد لە دایک بوەو چاوی بە دنیا هەڵێناوە. لە سروشتی جوان و سازگاری ئەم ناوچەیەدا ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵ کارو کاسبی و کاری وەرزێری بەسەر بردووە. هەتا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هەر لە گوندەکەی خۆی ژیاوە. دوای سەرکەووتنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران ئەبوبەکر وەکوو هەموو کوڕە کوردێک هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری تێدا بڵێسە دەکات و ناتوانێ بێ تەفاوەت بێ لە بەرامبەر زوڵمێک کە لە نەتەوەکەی دەکرێت. بۆیە دەچێتە ڕیزی یەکیەتی لاوانی دیموکرات و لەوێ خۆی سەرقاڵی کاروباری لاوان و خۆ پێگەیاندن دەکات. زۆر چالاکانەو دڵسۆزانە ئەرک و کارەکانی یەکیەتی بەڕێوە دەبات. تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٢ دەبێتە پێشمەرگە لە دەفتەری سیاسی حزب لە گوندی "چۆمەڵ" کە ئەوکات لەبەر هێرشی پەیتا پەیتای دوژمن بە فڕۆکەو زەمینی بۆسەر دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆو دۆڵی دیموکرات.. دەفتەری سیاسی ببوو بە ٢ بەشەوە بەشێک گواسترابۆوە بۆ گوندی "گەلاڵە" لە گەرمیان و بەشەکەی تر لە "چۆمەڵ" بوو کە کاک "جەلیل گادانی" سەرپەرشتی دەکرد. لەوێ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. کە دوژمن پاش ماوەیەک هێرش بۆ سەر ئەو بەشەی دەفتەر دەکاو مەجبور دەبن دەگوێزنەوە بۆ گوندی "بێهەنگوین" ئەبووبەکر لە یەکێک لە پەلەکانی سەر بە دەفتەر سازمان دەدرێ کە ئەوکات بەرپرسەکەیان کاک "عەلی شەم" دەبێ و کارو وەزیفەیان پارێزگاری بوو لە دەفتەری سیاسی. دوای ماوەیەکی زۆر لەوێش هێرشی دوژمن هەر درێژەی دەبێ و هەتا ئەوکاتەی هەردوو دەفتەر تێکەڵ بە یەک دەبنەوە. دوای تێکەڵبوونەوەیان، ئەبوبەکر هەر لە ناوچە دەمێنێتەوەو خۆی نەقڵی لکی ٣ی هێزی شەهید پێشەوا دەکات و لەوێ لە پەلی "شێرکۆ" سازمان دەدرێ و ئەرکی پێشمەرگایەتی لێرە بەڕێوەدەبات. کە ئەوکات بنکەکەیان لە گوندی "یاراڵی" بوو، ئەبووبەکر لەهەموو چالاکییەکانی لکی ٣ هاوبەشی کردوەو لە هەموو شەڕەکانی ناوچە بەشداری چالاکانەی کردووەو هەر زۆر زوو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانیدا کردۆتەوەو وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و ئازاو بە ئەدەب ناسرابوو لەناو کوڕەکاندا. ئەبوبەکر لە هەر ٣ شەڕی بەناوبانگی لکی ٣ بەشداری کردووە وەکوو هەردوو شەڕی گوندی "چوارگا" و شەڕی گرتنی گوردانی "تۆبار".

لە شەڕی یەکەمی گوندی "چوارگا" ساڵی ١٣٦٣ من و "کەریم حاجی" لە قۆزلوێی چوک ڕا چوینە گوندی چوارگا لای بەیانی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ٣ هاتن گووتیان ئێمە نەفەراتمان کەمە دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دیدەبانی ئێمەش گووتمان بەسەر چاو، بەیانی زوو لەگەڵ کەریم حاجی هاوڕێم بەرەو شوێنی دیدەبانی لەسەر ئەو باسکەی ڕووبەڕوی "یاڵتەمر" کەووتینە ڕێ، نزیک بە نیوکاتژمێر دەبوو لەوێ بووین لەپڕو لەناکاو وەبەر ڕەگباریان داین و بەجنێودان هاتن بۆمان کە زۆر بوون، لەیەکەم دەستڕێژدا کەریمی هاوڕێم برینداربوو منیش لەبەر کەریم زۆر ناڕەحەت بووم لەکۆڵم کرد

هەتا ڕزگاری بکەم، هەرچۆنێک بوو بەجێم نەهێشت و هێنامە خوارێ، لە ناودێ یەکەم کەس "مەنسوور مەنسوورپور بوو بە دەنگمەوە هات و کووتی کەریم لە ناو ئەو قەڵاغە دانێ، لەوێم داناو جاش و پاسدارەکان هێرشیان دەست پێکرد دەیانەویست بێنە ناو دێ. ئێمەش دەنگمان نەکرد هەتا نزیک بوونەوە وێکڕا لێمان دان زۆریان لێ کوژراو بریندار بوو زۆر باشمان لێدان هیچ نەیانتوانی خۆڕاگرن هەڵاتن و گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. دیسان پاش ماوەیەکی کورت هێرشیان هێنایەوە شەڕ گەرم بوو ئێمە چاک دامەزرابووین دیسان لێمان دانەوەو ئەوجاریش بە دانی هەندێک کوژراو بریندا دیسان هەڵاتن و نەیانوێرا خۆڕاگرن، زانیان بە چەکی سووک و ڕووبەڕوو ناتوانن ئێمە بشکێنن وەکوو عادەتی هەمیشەیی خۆیان دەکشانەوەو لە دورەوە گوندەکەیان دەدایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و خومپارەو کاتیشا. وەکوو باران بەسەر گوندەکەدا دەباری. هەموو جێگایەک دوکەڵ و ئاگر بوو. نەماندەتوانی هاتوچۆ بکەین فەرماندە خدر دەستووری دا کە دیواری بەینی ماڵەکان کون بکەن هەتا پەیوەندیمان پێکەوە هەبێت و ئاگامان لە یەکتری بێ و زیاتر خۆمان بپارێزین. هەموو دیوارەکانمان کون کرد، هەموومان ئامادە بووین بە وردی چاودێری وەزعەکەمان دەکرد، هەر کە هێرشیان دێناوە تەقەمان نەدەکرد هەتا تەواو نزیک دەبوونەوە، لە پڕ وێکڕا لێمان دەدان بە نیشانە. ئەم هێرشانە چەندین جار دوبارە بوونەوە . کە دیتم لە لای سەرەوەی ئاوایی جاش و پاسدار دەهاتنە خوارێ بۆ ناو دێ منیش کە چوومەجماڵێک دیتم کاک "کەماڵ گروێسی" بە تەنیا لەوێ بوو و برینداریش بوو، هەر کە چاوی بە من کەووت زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە پێی وابوو جاش و پاسدار ناو دێیان گرتووە زۆر ناڕەحەت بوو کووتم هیچ نیگەران مەبە هەموومان ساغ و سڵامەتین و ناو دێ هەر بە خۆمانەو زۆریشمان لێ کوشتوون.

لەوێش لێماندان نەمانهێشت بێنە ناو دێ.. لای ئێوارە جاش و پاسدارەکان زانیبوویان لە گوندەکانی "قۆزلوێی چوک و زینووقول" ڕا بە یارمەتیمانەوە دێن توانای هێرشیان نەما بەرامبەر بە خۆڕاگری پێشمەرگە. لەهەر لایەکەوە کە دەیانناردنە پێشێ تێکدەشکان هەموو دەوری دێیان بە تاقی کردبۆوەو سەرەڕای دانی کوژراوو برینداریکی زۆر ئاخری بەسەرشۆڕی و بە هەڵاتن گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان. پێشمەرگەکانی تر گەیشتنێ و دەستخۆشییان لێکردین و بەیەک شاد بووینەوە لەو شەڕە سەختەدا ٣ بریندارمان هەبوو کەماڵ گروێسی و کەریم حاجی و حەسەن...

شەڕی دووەمی گوندی چوارگا..

ماوەیەک دوای شەڕی یەکەم لکی٣ هەموومان لە گوندی "قۆزلوێی چووک" بووین کاک خدرەسوور کە فەرماندەری لکی٣ بوو هەموومانی کۆکردەوە گووتی کەس لێرە بەجێ نەمێنێ هەموومان دەچینە گوندی "چوارگا". لای بەیانی گەیشتینە ناو دێ، کە گەیشتین کاک "خدرەسوور" خێرا ٣ پەلی دیاری کرد بۆ دیدەبانی. کە وەڕێکەووتین بۆ شوێنی دیدەبانی هێشتا مابوومان

بگەینێ کە لە هەموو لەیەکرا تەقەیان لێکردین لە هەر ٣ پەلەکە. دیار بوو لە پێش ئێمەدا دوژمن ئەو جێگایەی گرتبوو لێی دامەزرابوون. خدر خێرا کووتی هەتا هەوا ڕوناک نەبووە وەرنەوە خوارێ بۆ ناو دێ . بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند کە ناودێ چۆڵ بکەن و لە دێی بڕۆنە دەر.. خەڵکەکە هەمووی دێیان چۆلگرد لەسەر بڕیاری فەرماندە "خدر". دەستوری دا کووتی خێرا هەموو دیواری نێوان ماڵەکان کون کون بکەن با هاتوچۆمان لە هەموو ناو ماڵاندا هەبێ و ئاگامان لەیەکتر بێ . کوڕینە ئەوڕۆ شەڕی مان و نەمان دەکەین. نابێ فیشەکی بە خەسار بدەن بە نیشانە تەقە دەکەن هەر فیشەک و جاش یا پاسدارێک دەبێ بکوژێ.

لە ناو ماڵاندا سەنگەرمان گرت و ئامادە. خدر کووتی لێیان گەڕێن با بێنە پێش جا لێیان دەدەین. کە هێرشیان هێنا لەسەر بڕیاری فەرماندە تەقەمان نەکرد هەتا تەواو نزیک بوونەوە کە گەیشتنە چەند مەتریمان بە کەیفی خۆمان لێماندان چ لێدانێک وەکوو گا دەیانبۆڕاندو هاواریان دەکرد و ئەوی کوژرا کوژرا دەنا ئەوی فریا کەووت هەڵات. ناو دێ درایە بەر تۆپ و خومپارەو کاتیوشاو تۆپی ١٠٦ ملم و ئارپیجی و بێ ڕوحمانە وێرانیان دەکرد سەرتاسەری ناودێ لە تەپ و تۆزو دوکەڵ و ئاگردا بوو. دیسان بەلایەکیتردا هێرشیان دێناوە، لێمان دەدان دیسان دوای بەجێمانی کوژراو بریندارەکانیان هەڵدەهاتن و خۆیان پێ ڕانەدەگیرا هەتا ئێوارە. بەم شێەوەیە هە هێرشیان دێناو دەشکان و دەکشانەوە ئەزموونمان لەشەڕی یەکەم وەرگرتبوو دەمانزانی تاکتیک و بەرنامەیان چیە. بۆیە ئەمجارە باشترمان لێدەدان، زیاتر ماندوومان دەکردن. لای ئێوارە دوای هێرشێکی زۆر توند توانیان ماڵێکی گوندەکە بگرم کە ماڵی حاجی ساڵح بوو . فەرماندە خدر دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی دیاری کرد کە بچن ئەو ماڵەیان لێ بستێننەوە. یەکێک لە پێشمەرگەکان سمایلە چکۆڵ بوو وابزانم، زۆر ئازایانەو بوێرانە لە یەک هێرشی هەڵۆ ئاسا تەنها لەماوەی چەند خولەکێکدا ماڵەکەیان گرتەوەو ئەوی کوژرا کوژرا یان هەڵاتن. دوژمن دوای ئەوە زۆر تووڕە بوون ناودێیان ئاگر باران کرد بێ پسانەوە گوللەی تۆپ و خومپارە دەباری بەسەرماندا. وردە وردە هەوا تاریک دەبوو بەڵام هێشتا هێزەکانی جاش و پاسدار لە دەوروبەری گوندەکە بوون، هێزێکی ماندووی شکستخواردوو لە بەیانی زووەوە بەو هەموو هێزو ئیمکاناتەوە نەیانتوانیبوو بێنە ناو دێ. لە بەرامبەر هێزو وەرەی پۆڵاینی پێشمەرگە بە چۆک داهاتبوون سەریان وە بەردەکانی کوردستان کەووتبوو. تەنها لە دوورەوە چاویان لێدەکردین و تێمان ڕامابوون. هەستیان بە شکستی خۆیان کردبوو هیچپیشیان پێنەدەکرا. فەرماندە خدر دەستەیەکی زەربەتی لە پێشمەرگەکان هەڵبژارد کووتی بچن ئەو جاش و پاسدارانەی لەسەر ئەو باسکەی کە دەڕوانێتە سەر "کوڕەک "بگرن و ڕاویان نێن با ڕێگایەکمان بۆ بکرێتەوە پێیدا بڕۆین. پێشمەرگەکان کە وەڕێکەووتن و جاش و پاسدارەکان کە چاویان بە پێشمەرگەکان کەووت زۆر سەیر بوو بۆخۆیان چۆلیان کردوو کشانەوە. ئێمەش بەبەرچاوی ئەوانەوە لە دێی چوینەدەرێ کە دوور کەووتینەوە بە بیکەیسی و قەناسە تەقەیان لێکردین لەوێ "سولیمان عەزیزی" بریندار بوو.

هەروەها ئەبوبەکر لەشەڕی گرتنی گوردانی "نۆبار" دەڵێ... فەرماندە خدر بەرنامەی گرتنەکەی پێ کووتیندەستەیەک لە پێشمەرگەکان دانران کە هێرش بکەنە سەر گوردانەکە پێویستە بڵێم "عوسمان ئەفشین و دیار جەناح" دەورێکی سەرەکیان بینی لە گرتنی ئەو گوردانە. "ئەحمەدە کوردە" یان دانابوو کە پێش عەمەلیات بە نێردیواندا بچێتە سەربان لەوێ نیگابانەکە بگرێ بێ تەقە. زۆر پیاوانەو ئازایانە چووە سەرێ و نیگابانەکەی بە زیندوویی گرت و نەیهێشت نوزەی لێوە بێت. دوای گرتنی نیگابانەکە دەستەی هێرش بەر هێرشیان کردە سەر گوردان زۆری نەکێشا هەموو گوردانەکە گیراو دەستمان بەسەردا گرت کوژراو یەکجار زۆر بوو نەماندەتوانی بیانژمێرین چونکە کاری سەد و دووسەدو سێ سەد نەبوو زۆریشیان بە دیل گیران تەراکتۆرمان هێنا هەموو چەک و چۆل و موهیماتمان بار کرد لە کاتی کۆکردنەوەی وەسایلەکان تفەنگێک کە مسەلەح بوو لەدەست "وەلی فەتاحی" دا تەقی و وە زگی کەووت و بریندار بوو کە پاشان شەهید بوو. "هەمزە مەنگوڕ" ئەویش بریندار بوو لەگەڵ "کاک سمایل بازیار" هەتا ئێرە هیچ شەهیدمان نەبوو بریندارەکان وەزعیان باش بوو. قەرار بوو ئێمە پەلی ١١ دوای عەمەلیاتەکە بچینە سەر دوندی "تەرەغە" بەڵام لە داوێنی چیای تەرەغە پەلی ١٣ کە "بەهمەن بابامیری" سەرپەلیان بوو لەگەڵ هێزی دوژمن دەرگیر بوون، پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و زەربەیەکی زۆر قورسیان لێدان. دوژمن توانای خۆگرتنیان نەبوو هەڵاتن و پاشان دیسان هێرشیان هێناوە هەموو جارێ بە کوژراوو برینشارەوە پاشەکشەیان دەکرد چەندین جار هێرشیان کرد. ئەوجار دوور کەووتنەوەو بە تۆپ و خومپارە سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان تۆپ باران کرد. کاک خدر بە ناوی نهێنی "کاوە" لەسەر بێسیمەکان قسەی دەکرد"عەلای بیژەنفەڕ" کووتی کاک خدر بە بێسیم دەڵێ وەرن کۆببنەوە دەڕۆین بۆ شوێنێکی تر ، لەو کاتەدا تۆپ و خومپارەی لێدەداین عەوڵا کووتی کاک خدر دەنگی نایە هەرچەندە بانگی دەکەم جواب نادادەتەوە یان بریندارە یان شەهید بووە. ئێمە دوای شەڕەکە هاتینە گوندی "تەرەغە" لەوێ نانمان خوارد هەر پێیان نەکووتین کە کاک خدر شەهید بووە دەیانکووت کەمێک بریندارە. کە لە ئاوایی وەدەرکەووتین کووتیان کاک خدر شەهید بوو، زۆر ناڕەحەت بووین بۆ خدری فەرماندەمان هەموومان خۆشماندەویست هەموو گریاین. نازانم چۆن باسی خدر بکەم لە توانای مندا نیە باسی بکەم تەنگا ئەوەندە دەڵێم یەکێک لە باشترین فەرماندەکانی حزب بوو. رۆح شاد بێ.

ئەبوبەکر ئێستا لە وڵاتی "نورویژ" نیشتەجێ بوەو خێزاندارەو خاوەنی ٢ کچی جوانی چاو گەشە. وەکوو جاران لە خزمەت حزب و گەلەکەیدایەو درێژە بە خەباتی خۆی دەدات.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل ..

------------------------------------------------------

## هاوڕێیەکی دەورانی لاوێتیم و دێرین..

## ئەمیر نیزامی ناسراو بە ئەمیری نەزەرە کەچەڵ...




لە دەورانی لاوێتیماندا زۆر بووین ئەو کوڕانەی کە سەرتۆپ بووین لە جەوانچاکی، گور جوگۆڵی، ڕۆح سووکی و خوێن شیرینی، لە خۆ بوردوویی، سەداقەت. راستی، دڵپاکی، هاوڕێیەتی، ئەمانەت داری، قسە خۆشی و هەتا ئازایەتیش ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم گریان ئەوکی گرتووم، یەک یەک ڕوخساری ئەو هاوڕێیانەم دێتەوە بەرچاو کە داخی گرانم هیچیان لە ژیاندا نەماون. هەریەکەیان داستانێکی دوورو درێژیان هەیە، کە چۆن خۆیان قوربانی خاک و نیشتمان کرد..

ئەوە با بمێنێ بۆ کاتی خۆی باسیان دەکەم..

سەختە زۆر سەختە هەڵبڕان و لێک دابڕان لە نزیکترین و باشترین هاوڕێکانت، کە لە تەمەنی لاوەتیدا هەموومان پێکەوە سەرنەوشت و چارەنووسی گەلێکمان بە دەستەوە گرتبوو. تێدەکۆشاین ئامانج و ئاواتی ئەو خەڵکە بە دیبێنین. ئەوکارەی ئێمە دەستمان دابویە فەخرو شانازی بوو کە لە پێناویشیدا بمرین.. هەر واشمان کرد، لەو هەموو هاوڕێیەم ئێستا تەنها سێ کەس ماوین. ئەمیر یادگاری من و هەردووکیشمان لەگەڵ سۆفی یادگاری "پەلی شاهۆ" ین. دەبێ وەک من ئەمیر لەسەر شانی چەپی خاڵی شاهۆ کوترا بێ کە هەموومان نوسیبومان، من لەسەر وەسیەتی خۆمان یەکەم کوڕم ناونا "شاهۆ".

هاوڕێی دێرین و بریندارم. دەزانم ئێستا کارت بە هیچ نیە. بەڵام ڕەنگ و سیمات زۆر گۆڕاوە لەگەڵ ئەوەی زۆر جەوانی

چاک بووی کەچی ڕەنگی ئەمیرەکەی جارانت نەماوە، لە بیرت دێ چەند بزۆز بووی دەتکووت لەسەر پۆلوانی ساتێک هەدادانت نەبوو؟ بۆ یەکجاریش نەمدی بزە لەسەر لێوانت بتۆرێ. کەچی ئێستا سەرو سمێڵ سپی وەکوو بەفری سەری چەکچەو ماڵۆو قەڵای سارم. بە تەنیایت و دەورەت چۆلە وەک جێ هەواری قەدیمان. دەنگت کزەو پچڕ پچڕ وەکوو کەوی بەندی قەفەز..

لەهەر کوێ بیت خۆشم دەوێی

لە هەر کوێ بم بیرت دەکەم... هاوڕێی دێرینم دۆعای ژیانێکی بێ ئازارت بۆ دەکەم..

برات شۆڕش...

----------------------------------------------------------

## هاوڕێ محێدین سەیدە




یەکێک لەو قارەمانانەی کە ئێستا لە حاڵی ژیاندایە، کاک "محێدین سەیدە" یە

### بابزانین کێیەو خەڵکی کوێیە.؟؟

محێدین لە دایک بووی گوندی "خوڕخوڕە" ی ناوچەی شاروێرانی مەهابادە. خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆی تەواو کردوەو، لە مەهاباد هەتا سێهەمی رهنمائی دەرسی خوێندوەو دەستی لە خوێندن هەڵگرتوەو گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان. ساڵی ١٣٥٨ دوای گرتنەوەی مەهابادو دەرکردنی جهاد لە لایەن خومەینی خوێن ڕێژەوە، خەڵکی ناوچەکە بۆ ماوەیەک لە پێشمەرگە دور بوون. پاش ماوەیەک دەستەیەک پێشمەرگە ڕوو لە ناوچەی شاروێران دەکەنەوەو دەچنە گوندی "خوڕخوڕە" ئەم دەستە لە پێشمەرگەکانی دیموکرات بە سەرپەرشتی "حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی" و "سەید ڕەسوڵ ورچان" بوو کە دەیانویست لە هەموو گوندەکانی ناوچەکە خەڵکەکە سازمان بدەنەوەو کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن بە تەواوی. بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەیان بە گوند نشینەکان دەکردو وەزع و شێوەی خەبات و سیاسەتەکانی حزبیان بۆ خەڵک شی دەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەرکەس پێی خۆش بایە ناو نووسیان دەکردن بۆ پێشمەرگایەتی. محێدین لەگەڵ چوار کەسی تر خۆیان دەنووسن بۆ پێشمەرگایەتی. دیارە ئەوکات لە هەموو بارێکەوە ئیمکانات کەم بوو. بۆیە بۆ ڕۆژی دواتر چەکیان دەدەنێ کە بریتی بوو لە تفەنگی "پەڕەشووت" لەگەڵ چەند فیشەکێک. نە فیشەکدان هەبوو نە تفەنگەکانیش بانديان تێدا بوو. بەر پرسەکەیان کاک "ڕەحیم محمدزادە" دۆخینی پاتۆڵیان بۆ دەکڕێ و لە تفەنگانی دەکەن. محێدین دوو شەو بوو لە خۆشی

ئەوەی بۆتە پێشمەرگە نەنووستبو. زۆری شایی بە خۆی بوو هەندێک فێری تفەنگ کردنەوەو نیشانە گیری و چۆنیەتی بەکار هێنانی تفەنگیان فێر کردوون. پاشان دەکەونە جەولە کردن لە ناوچەکەدا. کاتێک سەرهەنگ چیا پێیان دەڵێ لە شار ماشێنێکی پاسداران دەگەڕێتەوە بۆ ورمێ بچن لە ڕێگا کەمینیان ۆ دانێن و لێیان دەن.. کاتێک ئەم دەستە پێشمەرگە تازەیە دەچنەوە دەرێ لە شارو لە سوێگەی بەردەکونتێ کەمین دادەنێن. سەعاتی دووی دوا نیوەڕۆ ماشێنەکە دێت و دەکەوێتە ناو کەمینی ئەم پێشمەرگە بێ ئەزمونانەوە. بە هەموویان لە ماشێنەکە دەدەن بەڵام ماشێنەکە توانیبووی خۆی لەم کەمینە دەرباز بکا، ئەمە یەکەم تەجروبەی کاری محێدین و هاوڕێکانی بوو. چەندین جاری تر لە جادەی ورمێ مەهاباد کەمینیان بۆ دوژمن داناوەو جار لە دوای جار باشترو ئەزمونی زیاتریان وەسەریەک ناوە. ئەم جارە دوژمن نەیدەتوانی لە دەستیان دەرباز ببێ. سەرو شیوەی چەک و چۆل و فیشەکدانیان گۆڕابوو. شکڵی پێشمەرگەیەکی پارتیزانیان گرتبوو، لەگەڵ شەڕو تاکتیکی شەڕ ئاشنا ببوون. جارێکی تر لە کەمینێکدا جیبێکی پاسداران دەکەوێتە کەمینیانەوە، لێی دەدەن و هەموویان دەکوژن و دەستکەوتیشیان دەبێ و ماشێنەکەشیان دەسووتێنن. کۆنفرانس بۆ کۆنگرەی چوار لە شرکەتی دارەلەک گیرا کە چوار ڕۆژی خایاند. ئەم پێشمەرگانە توانیان پارێزگاری لە کۆنفراسەکە بکەن بە سەرکەوتوویی. هەتا ساڵی ١٣٥٩ کە لە هەموو شارەکانی کوردستان شەڕ لەگەڵ پاسداران توندو توندتر دەبوو. لە هێزی پێشەواش بێجگە لە شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد. هێزێکی ٤٥ کەسی بە سەرپەرشتی "مەلا محمد عەباسی" و "حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی" و "سەید ڕەسوڵ ورچان" بەرەو ناوچەی "داشکستان" وەڕێکەووتن کە لەوێ شەڕ بەردەوام بوو. دوژمن بە هاتنی ئەم هێزە کشابوونەوەو پێشمەرگە زاڵ بوون بە سەر کۆنترۆڵی ناوچەکەدا. لە ١٣ - ٣ - ٥٨ کاتێک پێشمەرگەکان جموجۆڵی دوژمن لە ژێر چاودێری دەگرن هەست دەکەن دوژمن نیازی هێرشی هەیە ۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان، کاتێک ئەم هەواڵە دەگەیەننە بەرپرسەکەیان "سەید حەسەن ورچان" داوای پێشمەرگەکان بە هێند وەرناگرێ و پێیان دەڵێ ئێوە نیگابانی خۆتن بدەن کارتان بەو شتانە نەبێت. بۆ سبەینێ سەعات شەشی بەیانی دوژمن هێرش دەکاو بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس لە سەنگەرو بنکەکانی پێشمەرگە دەەن، کە بە داخەوە پێنج پێشمەرگە شەهید دەبن و بە ناوەکانی خالید حەسەن زادە خەڵکی ئێندەرقاش، خالید مستەفازادە خەڵکی مەهاباد، ئەحمەد و ڕەحیم هەردوو خەڵکی دێی مەلای چۆمە مەجیدخان... سێمان ڕەسوڵی خەڵکی دایماو. پاش ماوەیەک کاک "هەژار" لەگەڵ هێزێکی چل کەسیەوەو سازماندەیەکی تازە دەکاتەوە لە ناوچەکەدا. بۆ زەربە لێدان لە دوژمن تەرحێکی لێدان لە دوژمن دادەڕێژێ بۆ ناو شاری "ساین قەڵا" شەو هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانی دوژمن لەم شارە، وەک کۆمیتەی ئیمام. پۆمپی بنزین زەربەیەکی باش لە دوژمن دەدەن و بە سلامەتی لە شار دێنە دەر. پاشان پێشمەرگەکان دەگەڕێنەوە ناوچەی مەهاباد.. محێدین لە لکی دوو دەبێ ئەوکات فەرماندەری لک ڕەحیم کەپەکەندی بوو کاک هەژار عومەر قەیتەران دەکاتە جێگری لک. لکی دوو بریتی بوو لەم پەلانە ئەوکات. پەلی شەهید ئەحمەد ڕەحیم، پەلی شەهیدان لە گوندی قەرەداغ. پەلی خەلیل شەوباش لە گوندی حاجی حەسەن. پەلی شەهید حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی لە گوندی گەزەڵێن.. لە ناوچەی لکی دوو پاسدارێک پەیدا ببو زۆر

ئازارو ئەزیەتی خەڵکی ناوچەکەی دەکرد بە ناوی "بابالی" ئەم کەسە لە زەمانی شادا دزو ڕێگر بوو لە دەورانی خومەینیدا ببو بە پاسدار، قەرەپەپاخی شامات بوو هەندێک جاسوس و خۆفرۆشی هەبوو لە ناوچەکەدا پێیان دەکووت پێشمەرگە لە کوێن و بۆ کوێ دەچن.. زانیبای هەر دێیەک پێشمەرگەی لێ نیە. لەگەڵ پاسداران دەچوو خەڵکەکەی ئازار دەدا.

" کەریم ساڵە سەرپەلی پێشمەرگەکان، کەمینێک دادەنێن چوار پێشمەرگە لە سەر پردی تازەکەندو خوێریاوا. بۆ خۆشی لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلی خەڵکی دێمە سوور لە نزیک گوندی خوێریاوا دەکەونە کەمینی بابالی و تەقەیان لێ دەکەن بە داخەوە هەردووکیان شەهید دەبن. کاتێک بابالی دەچێتە سەر جەنازەکانیان. تەرمی کەریم ساڵە دەناسێ و تەماع دەیگرێ و دەیەوێ بچێتە پێشڕەوی زیاتر بکا، لە سەر پردی تازەکەند و خوێریاوا دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەکان و هەموویان دەکوژرێن و کەلاکەکانیان دەکەوێتە دەستی پێشمەرگە. دوای کۆبونەوەی پێشمەرگەکان هێرش دەکەنە سەر پاسدارەکان و هەتا بنکەی پۆلیسی ڕای "میاندواو" ڕاویان دەنێن دوو پێشمەرگەی تر شەهید دەبن بە ناوەکانی محمد حەیدەری و محێدین. ٢٤ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا بوون. لەم شەڕەدا. کە ڕێکەوتی ٢٦ - ٩ - ١٣٥٩ بوو...

لە ساڵی ١٣٦٠ محێدین چۆتە کۆمیتەی شارستانی شنۆ. لەوێ وەک پێشمەرگە لەگەڵ کاک ڕەحیم محمدزادە دەبێ، لەم ماوەیەدا هەتا کۆنگرەی هەشتی حزب. محێدین لە چەندین شەڕی گەورەو بەناوبانگ بەشداری دەکات لە هێرش بۆ سەر پایەگای دوژمن لە ٢٤ - ٧ - ٦١ بەشداری کردوە کە "ئیدریس ڕەشیدی" لەو پایەگایە شەهید دەبێ. ساڵی ٦٢بۆ مەرەخەستی دێتەوە گوندەکەی خۆی "خورخوڕە" پێشمەرگەکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا لەوێ دەبن کە کەماڵ سمایلزادە فەرماندەری لک بوو لە گەڵ کەریم ئەرسەنگ وەک جێگری لک و سەید تەها ئیسماعیلی. دەچنەوە شاری مەهاباد عەمەلیاتێک ئەنجم دەدەن و شەوێ دێنە دەر لە شار بۆ شەوەکەی پاسداران دێن و دەورەی گوندی قەرەقشلاغ دەگرن و شەڕ دەستپێدەکات هەتا ئێوارە . لەو شەڕەدا کەریم ئەرسەنگ و جەلال ڕۆستەمی کوڕی شەهید حاجی مەلا برایمی ڕۆستەمی و چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید دەبن. محێدین لەو شەڕەدا بریندار دەبێ. پایزی ساڵی ٦٢ هێزی سمکۆ بۆ ئەنجامدانی عەمەلیات دەچنەوە ناو شاری "شنۆ" دوای لێدانی زەربەیەکی گەورە لە هێزەکانی دوژمن، کە بە داخەوە لەو شەڕەدا فەرماندەری بە توانا "قادر ئیفتخاری" ناسراو بە مام قادر لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر شەهید دەبن. بەهاری ٦٥ کۆمیتەی شارستان و هێزی کێلە شین وەکوو هەموو هێزەکانی تری کوردستان گەڕانەوە ناوچەی شنۆ. لە ٢١ - ٨ - ٦٥ لە حەوت مۆڵگەی دوژمن درا لە ناوچەدا لە گەلی گادەران و دۆڵی گادەران کەوتە دەستی پێشمەرگەکان. لەو شەڕانەدا شەهاب سەیادی و سەدیق ڕۆستەم نەژاد شەهید بوون و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون. سەرماوەزی ٦٥ لە عەمەلیاتی گرتنی پایەگای "گەلازی" لە ناوچەی مەرگەوەر لەو عەمەلیاتەدا محێدین زۆر بە سەختی بریندار دەبێ.

سەرو چاوی بریندار دەبێ کە تا دوو ڕۆژان نابینا دەبێ و پاشان ئەسەری لەسەر چاوی هەر دەمێنێ.

دوای هەڵوێست گرتن دوای کۆنگرەی هەشت محێدین هەڵوێستی خۆی دەگرێ و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەکاو. لە سازماندەیی تازەدا وەک پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی و شەخسی سکرتێر دیاری دەکرێ.

هەتا ساڵی ١٣٦٩ حزب وەک کەمئەندام دەینێرنە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی ئاڵمان. محێدین لەوێش هەروا کوردانەو پێشمەرگانە درێژە بە خەبات دەداو لە هەموو کارو چالاکیەکنی حزبدا چالاکەو لە خزمەت خەڵکەکەیدایە.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

------------------------------------------------------------

## هاوڕێ خالید وەنەوشە




شەهیدێکی زیدوی تری حیزب و خەلک (خالید وەنەوشە)

پێش هەموو شتێک پێم خۆشە ئەم ئازایەتی نامەیەی ژیانی شۆڕشگێڕ خالید وەنەوشە بکەمە دیاری خۆم بۆ ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان (٢٥ ی گەلاوێژ). چونکە ڕۆژی لە دایک بوونی (خالید). ڕێکەوتە لەگەڵ ٢٥ی

گەلاوێژی ١٣٤٢ ی هەتاوی. هەم ڕۆژی لە دایک بوونی حیزبە هەم ڕۆژی لە دایک بوونی خالیدە.

لە ڕۆژی ٨ - ٨ - ١٣٥٨ ڕەسمەن دەبێتە پێشمەرگەو لیباسی موقەدەسی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. لەلای شەهیدان سەرگورد کەریم عەلیار. شەهید کاک هەژار. شەهید کاک شوانی قارەمان. کە هەتا دوا هەناسەی هەرسێکیان لەگەڵیان بووەو بەجێی نەهێشتوون و هەتا بۆ خۆی شانی وەبەر تابووتی تەرمی پیرۆزی هەژار وشوانە داوە.

خالید لەبەر دەستی ئەم شۆڕشگێڕو قارەمانانەدا پەروەردە بووەو بیری ئازادی و پێشمەرگایەتی لە مێشک و دڵیدا چەکەرەی کردووە و هەڵیداوە.

خالید وەنەوشە ئێستا (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانە). با بزانین چۆن و لە دوای چ زەحمەت و کوێرەوەریەک هەتا ئەم پلەیە هاتووە.

بەهاری ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی بۆتە جێگری پەلی خوێنی شوان. ئەم دەورانە دەورانێکی پڕ لە کارەسات و شەڕو هێرش و حەماسەو خوێن بوو. بە هۆی ئازایەتی و دڵسۆزی کە لە خۆی نیشان دەدا لە کۆتایی پایزی ١٣٦١ بە سەرپەلی خۆیانی هەڵدەبژێرن و زیاتر خۆی بە بەرپرس و خەمخۆر دەزانێ. هەموو هەوڵی خۆی دەدا هەتا سەربەرزانە لەم مەسئولیەتەش دەرباز بێ. دیسان هاوینی ساڵی ١٣٦٢ دەیکەنە سەرپەلی پەلێ یکیتر بە ناوی پەلی (شەهیدانی سەیدئاوا). پایزی ١٣٦٢ دەچێتە هێزی ئەفشین. لەوێش دەیکەنە سەردەستەی (دەستەی کەریم ئەرسەنگ). لە ناوچەکانی سندوس و نەغەدە ش دەبێتە خۆشەویستی خەڵک و پێشمەرگە. هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٣ لەسەرداوای مسئولی کۆمیتەشارستانی مەهابادو فەرماندەری هێزی پێشەوا دەگەڕێتەوە هێزی پێشەواو وەکوو جێگری لکی چواری هێزی پێشەوا دیاری دەکرێ. زستانی هەمان ساڵ وەکوو فەرماندەری لکی چوار دیاری دەکرێ و زیاترو زیاتر مایە لە خۆی دادەنێ تا بتوانێ لەو مەسئولیەتەش سەرکەووتن بەدەست بێنێ و خزمەتی زیاتر بە گەلەکەی بکات. هەتا سازماندەیی تازەی حزب. لە بەهاری ١٣٦٥ وەکوو سەرپەرستی لکی دووی هێزی پێشەوا دیاری دەکرێ و دەست بەکار دەبێ لەم ئەرکە تازەیەیدا. پایزی ساڵی ١٣٦٥ دەیکەنە بەر پرسی بەشی شەهیدانی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد. لەم ئەرکەشدا وەکوو هەموو ئەرکەکانی تر سەربەرزانەو سەرکەووتووانە بە جێ دەگەینێ هەتا بەهاری. ساڵی ١٣٦٥ لە سەر پێشنیاری فەرماندە کاک (سەدیق بابایی). دەکرێتە ئەندامی کۆمیتەی شارۆێران و خالید ئەم ئەرکەش قەبووڵ دەکات و لەو کۆمیتەیە دەست بەکاری حیزبی دەبێ لە شارۆێران و تاڵاوەکانی شارۆێران.

هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حیزب. خالید وەکوو هەموو هاورێیانی هەڵوێست دەگرێت و پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر دەکاو لەو حیزبەدا. بۆ ماوەیەک کاری ماڵی و تەداروکاتی حیزبی لە کۆمیتەی شرستانی مەهاباد پێ دەسپێردرێ و لەم کارەشدا هەموو هێزوو توانای خۆی بەکار دێنێ و سەرکەووتووانە ئەم کارەش بە جێدەگەیەنێ هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بەرپرسایەتی هێزی پارێزگاری و پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی پێ دەسپێرن. لەم پۆستە هەستیارەشدا زۆر سەرکەووتوانە بەرێوە دەبات هەتا بەهاری ساڵی ١٣٧٣. وەکوو مەسئولی ناوەندی یەکی کوردستان و ئەندامی (موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حیزب). هەڵدەبژێردرێ و ئەرکەکانی قورس و قورستر دەبێ. بۆیە دەبوو خالید زۆر و زۆرتر خۆی ماندوو بکات تا بتوانێ لەم ئەرکەشدا سەرکەووتن بەدەست بێنێ و خزمەتی زیاتر بکا. هەتا کۆتایی بەهاری ١٣٧٥. ئەرکێکی تازەی تری پێدەسپێرن و دواي لێدەکەن ببێتە بەر پرسی پەیوەندیەکانی حیزب لە (هەولێر) پایتەختی هەرێمی کوردستانی باشوور. لەم کارە تازەیدا خالید زیاتر لەگەڵ پیاوانی سیاسەتوانی کوردو شۆڕشگێڕانی هەموو پارچەکانی کوردستان و بێگانە سەروکاری دەبێ و دنیایەکی گەورەترو فراوانتری بۆ دەکرێتەوەو زیاتر چاوی دەکرێتەوەو زیاتر ئاشنا دەبێ بە پۆستە حەساسەکانی حیزب. بۆیە هەوڵی زیاتر دەدا تا لەم پۆستەشدا سەرکەووتووبێ و سوودو زانیاری و ئەزموونی زیاتر لەم پۆستە وەربگرێ.

هەتا تێکەڵ بوونەوەی دوو باڵی حیزب لە١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی. لەم پۆستەدا مایەوەو. دواي تێکەڵ بوونەوەی دوو باڵی حزب و دواي سازماندەیی تازەی حیزب. خالید وەکوو جێگری پەیوەندیەکانی حیزبی یەکگرتوو دەست بەکار دەبێتەوە و درێژە بە کارو تێکۆشانی خۆی دەدا هەتا زستانی ساڵی ١٣٧٦ بە دواي کۆنگرەی یازدەی حزب. دەکرێ بە مەسئولی ناوەندی وەرگرتنی پێشمەرگە (پەزیرش). لەم کارەشدا زۆر لاوی تازەو خوێن گەرمیان لە ڕیزەکانی حزبدا پەروەردەکردوو تێکەڵ بە کاروانی پێشمەرگەیان کردن. هەتا کۆتایی زستانی ١٣٧٩ دواي لێدەکەن ببێتە مەسئولی سکرتاریەتی حزب و هەڵدەبژێردرێ بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حیزب. هەتا ساڵی ١٣٨٠ دەکرێ بە ئەندامی کۆمسیۆنی (ئاموزش). و زستانی ساڵی ١٣٨٢ دیاری کراوە بۆ ئەندامی کۆمیتەی ئەمنیەت. لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە هەتا دیسان لەت بوونی حیزب و بە دواي لەت بوونی حیزب. خالید دەنێرنەوە هەولێر وەک مەسئولی پەیوەندیەکانی حزب لە (هەولێر) لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە بە زەحمەت و کارو تێکۆشانێکی زیاترەوە. هەتا گرتنی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب. لە کۆنگرەدا بە (جێگری کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان) هەڵدەبژێردرێ. لە بەهاری ساڵی ١٣٨٧ کراوە بە مەسئولی هەرێمی دووی کوردستان لە کۆمسیۆنی تەشکیلات.

خالید هەتا ئێستا بەندە ئەم چەند دێرانە دەنووسمەوە ١٤ - ٥ - ١٣٩٥ ی هەتاوی بەرابەری ٤ - ٨ - ٢٠١٦ی میلادی لەم پۆستەدا ماوەتەوەو درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا. ئێستا ٣٧ هەمین ساڵەی خەبات و تێکۆشان بەرێ دەکا بە بێ

هەڵبڕان و دابڕان لە حیزب.

خالید وەنەوشە. لە کۆنفڕانسەکانی ٦ هەتا ١٦ بۆ کۆنگرەکانی حیزب بەشدار بووە
لە کۆنگرەکانی ٩ هەتا ١٦ بەشدار بووە.
لە کۆنگرەی ١٠ و ١٢ کراوە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب
لە کۆنگرەی ١٤ بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە
لە کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

خالید کەسێک بوو لەو کەسانەی زۆر بە ڕێک و پێکی و بێ دابڕان ڕۆژانە لە سەرەتای پێشمەرگایەتیەوە هەتا ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەرهاتەکان و هەموو ڕووداورکانی لە دەفتەرێکی چکۆڵەدا یاداشت کردووە بۆیە ژیانی هەموو بە ڕێک پێکی تۆمار کردووە بۆیە سەرجەمی عەمەلیاتەکانیم ئەژمار کردن و کردیە (٥٠١) عەمەلیات لەگەڵ دوژمن. وەکوو هێرش بۆسەر پایەگاکانی دوژمن. هێرشی دوژمن و بەرەنگاری ومین دانانەوە لە سەر ریگاو هاتوچۆی دوژمن . شەڕەکانی ناو شارو هەموو ناوچەکانی دەوروبەرو شارەکانی کوردستان وەکوو. نەغەدە. شنۆ. بانە. پیرانشار. مەریوان. سەقز. دیواندەرە. بۆکان. ڕەبەت و هتد...
و زۆر چالاکی دیکەی شاراوەی هەیە کە جاری با بمینی بۆ داهاتوولیرە پیویست بە باسکردنی نییە.

لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا سێ جار برینداربووە وجاریکیان زۆر بەخەستی بریندار دەبیت و ئیستا ئاساری بە سەرجەستەیەوە هەیە..

---------------------------------------------------------------

# هاوڕێ هاشم کەریمی




ئەمجارە هەموومان پێکەوە دەچینە خزمەت شۆڕشگێڕو تێکۆشەری سەرکردایەتی پێشووی حزبەکەمان کاک "هاشم کەریمی" میداڵی سەربەرزی و شۆڕشگێڕی و لەخۆبوردویان پێ دەبەخشین.. تەنها وەک ڕێزو قەدردانیەک و وەفایەک بۆ زەحمەت و تێکۆشان و ماندوو بوونیان لە ڕێگای وەدەست هێنانی ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەی..

ئێستا با هەموومان لە نزیکەوە بزانین کاک هاشم کێیەو ڕابردووی شۆڕشگێڕی چۆن هێناوە هەتا ئێستا.

کاک هاشم کەریمی لە ساڵی ١٩٤٠ - ١٣١٩ لە شارە جوان و سەربەرزەکەی بانە لەبن سێبەری شاخی خۆڕاگری"ئاربابە" لە دایک بووەو چاوی بە دنیا هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای پاک و سازگاری کوردستان هەڵکێشاوە.

خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە "بانە" تەواو کردووەو دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری "سنە" ساڵی ١٣٥٠ - ١٩٧١ لەوێ بۆ خوێندنی مامۆستایی چوەتە دانشسرای موقەدەماتی پاشان دەچێتە"تاران" و لەوێ لیسانسی لە ڕشتەی سیاسی لە دانشکەدەی یاسای زانکۆی "تاران" وەرگرتووە.

پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "بانە" لەوێ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەسەریەک مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی بووە. دەرسی بە منداڵان و لاوانی شاری بانە گۆتۆتەوە، زۆر کەس لەژێر دەستی ئەم دڵسۆزەی کوردا پەروەردە بووە پێگەیشتووە.

لەساڵی ١٣٤٠ - ١٩٦١ کاک هاشم تێکەڵ بە سیاسەت دەبێ و خولیای کوردایەتی سەرو هەست و هەموو وجودی دادەگرێ و بۆیە پیاوانی ساواک و گۆپاڵ بەدەستەکانی ڕژیمی پاشایەتی بە شک و گومان دەبن لێی و بۆ ئەم مەبەستە لەشاری بانەی دوور دەخەنەوە بۆ گوندێکی دوور لە شار بە ناوی "چەمپاراو" لە نزیک سنووری باشووری کوردستان.. بەڵام کاک هاشم ئەو کەسە نەبوو بەو "بایە" بلەرزێ و چاوی بترسێ بەڵکوو لەوێ زیاتر لە جاران بە ڕوونکردنەوەو هوشیارکردنەوەی لاوەکانەوە خۆی ماندوو دەکردو تێدەکۆشا، تا سەرئەنجام بۆیان ڕوون بۆوە کە ناتوانن لێرە پێشی پێ بگرن. لە ساڵی ١٣٤٤ - ١٩٦٥ دیسان لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای دیکە دوریان دەخەنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان، بۆ گوندێک بە ناوی "تەفرش" لە نزیک شاری "قوم". ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێنەوە هەتا ساڵی ١٣٥٥- وەک لەیەنگر کاری حزبی کردووە لەگەڵ کاک "محمد کەریمی" برای ناسراو بە "قاقە" برا گەورەی بووە دەست پێکردووە. و لە تاران ئەوکات بەشداری چالاکانەیان کردووە لە هەندێک خۆپیشاندان کە ئەوکات بە دژی ڕژیمی پاشایەتی دەکران.

هەروەها کاک هاشم ساڵی ١٣٥١ - ١٩٧٢ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خاتوو "زینەب ڕەسوڵپەنا" پێک هێناوە.

لەساڵی ١٣٥٢ - ١٩٧٣ بە هۆی خیانەتی کەسێک بە ناوی "سەلیم خاشەرافەت" تەشکیلاتی حزبی دیموکرات ئاشکرا بوو. کە بوو بە هۆی گیران و لەسێدارە دانی "قادر وێردی.. محمد سەدیق.. عەزیز مستەفا زادە" هەروەها کۆمەڵێک هەڵسوراوانی سیاسی دیکەش گیران و هەندێکیش ئاوارە بوون، کاک هاشم یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئاوارەی باشووری کوردستان بوو. ماوەی ٧ ساڵ، هەتا ساڵی ١٩٧٩ چوار مانگ پێش ڕوخاندنی ڕژیم و خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری گەلانی ئێران کاک هاشم و چەند هاوڕێی حزبی پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات... دوای ڕوخانی ڕژیمی شاه و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردسان و ئازاد کردنی هەموو کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی دوست پێکردوو کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکانی کوردستانی کردو لە شاری "بانە" کاک هاشم کەریمی وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە دیاری کرا. کاک هاشم لە کۆنگرەی ٣ی حزب وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەتا کۆنگرەی ١٠ هەر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مایەوەو لە کۆنگرەی ٧ بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی.. لە هەموو بوارەکانی کاری حزبیدا ئەنجام وەزیفەی کردووە بە سەرکەووتویی لە ساڵی ١٣٦٧ لە کۆنگرەی هەشت وەکوو هەموو حزبەکانی دنیا کە هەم ناخۆشەو هەم پێویستە هەر چەندە لەت بوون و لێک دابڕان ناخۆشەو هیچ کەس پەسەندی ناکات بەڵام جاری وا هەیە لە شۆڕش و کاری سیاسیدا دێتە پێش و کۆنترۆڵ ناکرێ کاک هاشم پشتیوانی خۆی بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەربڕی و هەڵوێستی خۆی گرت. کە لەوێ لە کۆنگرە دیسان وەکوو ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراو زۆر جار لە نەبوونی سکرتێردا کاک هاشم سکرتێر دەبوو هەتا سکرتێر دەگەڕایەوە..

کاک هاشم کەسایەتیەکی خۆشناوو بنەماڵەیەکی خۆشناوی شاری بانەن.. کەسێکی بە بیروباوەڕو خۆش ئەخلاق و.. خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حزب بوو و هەیە کەسێکی بە توانا لە باری سیاسی و مێژووییەوە یەکێکە لە کۆڵەکە پتەوەکانی بناغەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، ئەم بنەماڵەیە هەموویان شۆڕشگێڕو قارەمان و دڵسۆزو پشت و پەنای شۆڕشگێڕان بوون... برایەکی کاک هاشم بە ناوی "عوسمان کەریمی" ساڵی ١٩٧٩ شەهید کرا لە نەغەدە کە یەکێک بوو لە هەیئەتی ئاشتی کە چووبون بۆ نەغەدە..

کاک هاشم ساڵی ١٩٩٧ هاتۆتە وڵاتی بەریتانیا و لەوێ نیشتەجێ بووە، ئێستاش وەکوو کەسایەتیەکی سیاسی و پشتیوانی شۆڕش و جوڵانەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات..

کاک هاشم خاوەنی چوار منداڵە بە ناوەکانی "بەیان.. گۆران.. سۆران.. بابان.. "هیوای تەمەن درێژی بۆ هەموویان دەخوازین و سەرکەووتوبن........

------------------------------------------

## یادێک و ڕێزو وەفایەک بۆ کاکە شۆڕش ئاهی




هونەرو هونەرمەندی بەهرەیەکە لەناخ و خوێنی هەموو کەسێکدا نییە. یەکێکە لە نهێنیەکانی سرووشت. هەر دەڵێی ئەم کەسە بۆ ئەو هونەرە لەدایک دەبێ و دێتە دنیاوە کە هەیەتی.

شۆڕش ئاهی کوڕی شەهید قادر ئاهی. شۆڕش بۆخۆی لەبیری نیە، بەڵام شەهید قادر هاوڕێ و هاوسەنگەری ئێمە بوو لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرەتای دەورانی پێشمەرگایەتی. شەهید قادر ئاهی کوڕێکی هەتا بڵێی جوان چاک و باڵا بەرزو خۆش تیپ و لەهەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی بوێرو قارەمان و شۆڕشگێڕ بوو. شەدە لەسەرنان هەر لەخۆی جوان بوو. شەهید قادر وەکوو شۆڕشی کوڕی دەست ڕەنگین و خولیای کاری هونەری و نەقاشی و هەر چەشنە کارێکی هونەری وداهێنان بوو. بۆیە دەڵێن (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە). بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لە ناوچەی شاروێران لە باخەکانی قەراغ جادەی ورمێ بۆ مەهاباد لە سەر ڕێگای گوندی (ئیندەرقاش) لەشەڕێکی نابەرامبەردا لەگەڵ هێزەکانی دوژمن شەهید بوو. گیانی خۆی کردە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری بۆشۆڕشی کوڕی و هەموو خەڵکی کوردستان.


شۆڕش کوتومت وەک بابی خۆی، دەست ڕەنگین، هونەرمەند لە زۆربەی زۆری شێوە هونەرەکان. وەکوو هونەری نەقاشی، هونەری پەیکەر تاشی، هونەری شێوەکاری، هونەری داتاشین و پەیوەندکردن، هونەری تابلۆی گەورەی سەر دیوار. هونەری وێنەکێشان بۆ منداڵان. و زۆرێکی ترلە دەریای بێ بنی هونەر.

من لەدوورەوە هەموو ئەو هونەرانەی شۆڕش م. دیوە. دەست ڕەنگینی و وەستایی و مامۆستایی ئەم هونەرمەندە سەربەخۆیەم پێ شانازیەکی زۆر گەورەیە لەئاست وەفاداری و هەستی دڵسۆزی وکوردانەی بەرامبەر بە جوڵانەوەو شۆڕشی گەلی کورد لەڕۆژهەڵات، کە باوکی یەکێکە لەشەهیدانی ئەم شۆڕش و خەباتەی ڕۆژهەڵات.

دەستەکانت خۆش بێ و هونەرو سەلیقەو وەفاداریت، ڕێزێکە بۆ هەموو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەمووخەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردستان.

---------------------------------------------

## هاوڕێ ڕەحمان عەبدی




کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی بۆ ڕزگاری میللەتەکەی لە ژێر دەستی ئیستبداد و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە، لەگەڵ ئازاری خاک، لەگەڵ دەنگی نیوە زیندوانی زیندانەکان، لەکەڵ شین و گریانی دایکی شەهیدان، لەگەڵ شاخ و دۆڵ و هەموو خاکی کوردو کوردستان، تێکەڵ دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، لەناو ئەم تێکەڵەیەدا گوڵێک دەڕوێ وگەورە دەبێ، بالا دەکات بە ناوی "پێشمەرگە" پارێزەری خاک و خەڵک لەهەر دەست درێژیەکی دوژمنان وەکو "قەندیل" و "هەڵگورد" و "بێستوون" سەر سەختانە. بە ڕویاندا دەوەستێت و دەبێتە باسکی بەهێزو پڕ توانای گەل.. با هەموومان پێکەوە بڵێین... بژی پێشمەرگە.

----

ئەمجارە هەموومان پێکەوە "میداڵی ئازایەتی" هەڵدەگرین و دەچین میوانی هاوڕێی پێشمەرگەمان پێشمەرگەو قارەمانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات. هاوڕێ و هاوسەنگەری دەورانی حەماسەو خوڵقاندنی داستانە پڕ لە فیداکاری و بوێرانەکانی ڕۆژانی پڕ لە کێشەو گرفتەکانی شۆڕشی گەلەکەمان شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەو یەخە لەگەڵ دڕندەترین دوژمنانی سەردەم و گەلی کورد هەموو جیهان. کۆماری ئیسلامی ئێران.. بە شانازیەوە ئەم "میداڵە" بە بەڕێز سمایل: یەکێک لە کوڕە باش "دەبەخشین ئێستا با بزانین کاکە ڕەحمان عەبدی چۆن توانی بگاتە شایانی "میداڵی ئازایەتی"؟

ڕەحمان لەدایک بووی شارەکەی پێشەوای نەمرە (مەهاباد) لەباوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش دا گەورە بووەو وەکوو هەموو منداڵێکی کورد لەزۆربەی ماف و خۆشیەکانی دەورانی منداڵی بێبەش بووە، وەختی خۆی خراوەتە

بەرخوێندن و هەر لەم شارە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لەدەورانی لاویەتی ڕەحمان دا شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بە دژی ڕژێمی پاشایەتی سەرهەڵدەداو خۆپیشاندان کوردستانیش دەگرێتەوە. ڕەحمان وەکوو زۆربەی لاوەکانی سەردەمی خۆی بەدژی ڕژێمی پاشایەتی چالاکانە بەشداری دەکات. کاتێک شۆڕشی سەرتاسەری سەردەکەوێ و ڕژێمی پاشایەتی دەڕوخێ، ڕەحمان زۆر چالاکانە لەگەڵ هاوڕێکانی ڕێگای پێشەوای نەمر قازی محمد دەگرنەبەرو لەڕیزەکانی حزبی دیموکرات دا ڕێگای خەباتیان دەبینەوە، ڕەحمان هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە کە شەڕێکی نارەوا لەلایەن (خومەینی) بەسەر گەلی کوردا سەپێنراو هیوای هەمو کوردێکی لەچاڵ نا،، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و لە لکی١ی هێزی پێشەوا چەکی شەرەف و بەرەنگاری هەڵگرت و بەڵێنی بەگەلەکەی دا پێشمەرگەیەکی وەفادارو گیان لەسەردەست بێ لەپێناوی ڕزگاری و ئازادی وڵاتەکەی، کاتێک ڕەحمان هاتە ناو ڕیزی هاوسەنگەرانی و هاوکلاسیەکانی و هاوشاریەکانی خۆی لەسەنگەری پێشمەرگایەتیەوە هەموویان بەیەکەوە بڕیارو بەڵێنیان دا کە هەتا دوا هەناسەو دوا قەترەی خوێن بەرەنگاری لەداگیرکردنی کوردستان بگرن و پێشمەرگانە بمرن. من بۆخۆم ئەوکات حەڤدە ساڵ بووم، ڕەحمان لەمنیش کەم تەمەن تر بوو لەوکاتەوە لەگەڵ ڕەحمان هاوسەنگەرو هاوڕێین،لەگەرمەی شەڕو ڕۆژە سەختەکانی شۆڕش دا، ڕەحمان هەمیشە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاری دا بوو. هەرگیز بۆ جارێکیش لێم نەبیست دادو گازەندە بکات لەم هەموو نارەحەتی و ماندوو بوون و بێ خەوی و برسیایەتی و تونیەتی و دەیان کێشەی تر کە ڕووبەڕویان دەبووینەوە. ڕەحمان کوڕێکی قانع و بەسەبرو پشوودرێژ بوو. ئامادە بوو سەری خۆی لەپێناوی هاوسەنگەرەکەیدا دانێ و بەبێ ئەوەی لۆچێک بکەوێتە ناوچاوانیی بە ئەدەب و دەم بەپێکەنین و قسە خۆش و وەفاداری لەهەموو قیافەی دەباری، یەکێک بو لەو پێشمەرگانەی کەدەبوو پشتی پێ ببەستی. ڕەحمان لەزۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی ناوچەکانی مەهاباد دەوری هەبووە لەگەڵ شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد. بێجگە لەناوچەی مەهاباد لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، وەکوو بانە، سەردەشت، مەریوان، سەقز، پیرانشارو، زۆر جێگای تر سەنگەری لەداگیرکەران گرتووەو بەرەنگاریان بۆتەوە. ڕەحمان لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگەیەکی زۆر بەنەزم و بە دسپلین و ئازا بوو، کادرێکی زۆر لێزانی دەرمانی بوو. هەروەها لەباری سیاسی و ڕۆشنبیریەوە کەسێکی هوشیار و وریاو تەشکیلاتی بوو. هەروەها کەسێکی هەڵسووڕو کادرێکی نهێنی پارێزو قورس و قاییم بوو. ڕەحمان و ڕەحمانەکانی ناو ڕیزەکانی حزب، یادگارو یادەوەری دەورانێکی چەندین ساڵەی شۆڕشێکی خوێناوی و حەماسی و پڕ شکۆو مەردایەتی و مێژوو سازانی گەلی کورد بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیرکراو. کاتێک ئەم چەند دێڕانە لەیادی ڕەحمان و ڕەحمانەکان دەنووسمەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، قیافەی پیاوانەی یەک بە یەکی تەواوی ئەو هاوسەنگەرە شەهیدانەم دێنەوە بەرچاوم و واهەست دەکەم ڕۆحی ڕەوانیان لەسەر سەرم دەسوڕێن. فرمێسک بەری چاوم دەگرن و ئەوکم دەگیرێ و چیتر ناتوانم بنوسم بۆیە تەنها ئەوەندە دەڵێم هەر بژین شەهیدە زیندووەکانی حزبی دیموکرات و ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوای نەمر قازی مەحمەد.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

# هاوڕێ سەلاح دەرمانی




لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە هۆی کەمگرتنی خەڵکی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، کورد هەمیشە خۆی بە خاوەنی حەق زانیوەو هەر واشە.. هیچ یەک لە داگیرکەرانی کوردستان بە ناوی کوردو بە شۆڕش و داواکاریەکانیان ڕازی نەبوون.. هەر ئەوەش وای کردوە کورد بە حەقی خۆی بزانێ. لە هەر دەرفەتێک. یا هەرکات و ساتێک بۆیان بلوێت، دەستبەکار بن بۆ داواکردنی مافەکانیان. ئەمەش بۆتە هۆی شەڕو پێکدادان و لە ئاخریدا گەورە بۆتەوە تا مەرزی شۆڕش و درووست بووی حزبە کوردیەکان و کۆکردنەوەی شۆڕشگێڕان و دڵسۆزان و نیشتمان پەروەران لە دەوری خۆیان و، بۆ پارێزگاری لە خۆیان و خەڵکەکەیان هێزی چەکداریان پێک هێناوەو لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دوژمن.. دەستی باشیان لە دوژمن وەشاندوە.. کوڕە ئازاو قارەمان و شۆڕشگێڕەکان، لە دەوری ئەم حزب و ڕێکخراوە کوردیانە کۆبوونەتەوەو دیفاعیان لە کوردستان کردوە و ئامادە بوون لە پێناو. کوردو کوردستان گیانی خۆیان ببەخشنە بارەگای ئازادی........

ئەوڕۆ دەمەوێ یادێک لە پێشمەرگەی گیانفیداو قارەمان "سەلاح دەرمانی" بکەمەوەو میداڵێکی قارەمانی و دڵسۆزی لە لایەن خەڵکی کوردستان و دایکی شەهیدانەوە بدەم لە سینگی وەک قەدردادانیەک بۆ زەحمەتەکانی ئێستا با بزانین "سەلاح دەرمانی" کێیەو چۆن توانی ئەم میداڵە وەربگرێ... لە ساڵەکانی شەستەکان حزب لە "دەرمان" کە گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی "مەحاڵی ئاختاچی" سەر بە شاری "مەهاباد" چاپەمەنی حزب لەم گوندە بوو. سەلاح کە خەڵکی ئەم گوندە بوو نەوجەوانیش بوو. لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێکانی پێکەوە پەیوەندی دەکەن بە بەرپرسی چاپەمەنی حزب لەم گوندە. داوای بە ئەندام بوون دەکەن. هەر لێرە دەست بەکار دەبن بە بڵاو کردنەوەی بریان نامەکان و ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکانی حزب لە ناوچەدا.. سەلاح دەورانی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆی تەواو کردووەو ئەوەڵی ڕەهنمایی لە مەهاباد خۆێندوەو

پاشان گەڕاوەتەوە گوندەکەی دوای ئەوەی دوژمن بە هێزێکی زۆری جاش و پاسدارەوە هێرش دەکاتە سەر ناوچەکە بە گشتی. گوندی دەرمان یەکێک لەو گوندانە بوو کە کەوتە بەر هێرشی تۆپ و خومپارە باران.. دوژمن دوای شەڕێکی قورس لەگەڵ پێشمەرگەکان.. توانی زنجیرە شاخی سەر گوندی "دەرمان" بگرێ و لەوێ بمێنێتەوەو هێزێکی سەدو پەنجا کەسی لێ دامەزرێنێ، وەک پایەگای "مادر" لە ناوچەکە. ئەوکات هەموو گوندەکانی" قەمتەرە" هەتا گوندی "حاجیئالیکەند" کە ئەم گوندە "کۆمەڵە"ی لێ بوو.. هەموو گوندەکانی تر بنکەی حزبی دیموکراتی لێ بوو زستانێکی سەخت بوو بەفرێکی زۆر باریبوو. فەرماندەری پایەگای دوژمن لە سەر گوندی دەرمان. کاتێک کەسێکی خەڵکی دەرمان بە هەڵە ڕێی لە ناو پایەگا دەکەوێ.. دوای ڕاگرتنی شەوێک لە پایەگا. بەیانیەکەی نامەیەک دەدا بەم کەسەو دەڵێ ئەم نامەیە بدە بە دەستی پێشمەرگەکانی "دیموکرات" لە گوندی "قەمتەرە" کەسەکەش کە بۆ خۆی لایەنگری "کۆمەڵە" دەبێ. ڕاست بێ ڕاوەستان نامەکە دەباتە گندی "حاجیئاڵیکەند" و دەیداتە دەستی بەرپرسانی "کۆمەڵە".. لە کاتێکدا ئەم نامەیە بۆ حزب ناردرا بوو. کە بەرپرسی پایەگا داوای کردبوو لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات. لە جێگایەک بیانبینێ و هەتا پایەگایان تەسلیم بکا بێ ئەوەی کەس بکوژرێ.. کاتێک کۆمەڵە ئەم نامەیەی دەست دەکەوێ. پێیان وایە پایەگا ڕۆحیەیان لە دەست داوەو توانای هیچ بەرەنگاریەکیان نیە. بۆیە بە هێزێکی زۆرەوە کە ئەوکات پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیان لەگەڵ بوو. وەک لایەنی چەپی یەکیەتی بە ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان. ئەمن بۆخۆم ئەوکات بە وردی ئاگاداری ئەم مەوزوعە بووم کە لە کاتی خۆیدا بە درێژی و بە وردەکاری زیاترەوە باسی دەکەم و خوێنەرانی لێ ئاگادار دەکەم.


کۆمەڵە بۆ شەوی داهاتوو دێنە ناو گوندی دەرمان و دەوروبەری پایەگا.. شەوێ پایەگا مەشکوک دەبێ هەتا بەیانی، نور ئەفکەنی لە هەوا دەکردو تەقەی دەکرد.. بۆ شەوی دوەم ئێمە وەک حزب بێ ئەوەی ئاگاداری هیچ یەک لەو بەرنامە بین. دەمانویست هێرش بکەینە سەر ئەم پایەگایە.. کاتێک بە ڕیز دەڕۆشتین بەرەو گوندی دەرمان لە هەموو جێگایەک تووشی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەبووین. نەماندەزانی چ خەبەرە؟. ئەوکات نێوانی ئێمەو کۆمەڵە خۆش نەبوو لە حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی دا بووین. بۆیە مەشکوک بووین. کە نەبادا کۆمەڵە بەرنامەیان بۆ ئێمە هەبێ. هیچمان ئاگامان لە بەرنامەی هیچمان نەبووین.. ئەوانیش لە ئێمە مەشکووک بوون. زۆر ناخۆش بوو. تەقەیەک قسەیەکی ناخۆش بەرخوردێکی ناڕەوا. هەموو ئەمانە لەم کاتە حەساسەدا دەبوە هۆی شەڕو تەقە و پێکدادان لە نێوانماندا. سەعات یازدەی شەو بوو. کە لە ناکاو دەنگی ڕیزێک تەقینەوەی Rpg ی هات لە لای شاخی "سەنگسار" کە پایەگای مادەری دوژمنی لێ بوو.. هەمان پایەگا کە ئێمە بەرنامەمان بوو ئەم شەو لێیدەین. تەقە زۆر توند بوو. لە کۆمەڵەکانمان پرسی ئەوە چیە؟ کووتیان ئەوە کوڕەکانی "کۆمەڵە" ن لێیان دان. جا ئەوجار حاڵی بووین کە بۆچی ئەم کۆمەڵانە هەر جرت و فرتیانە لەم ڕێگایەدا... ئێمە گەڕاینەوە بنکەکانی خۆمان. دوای دوو جار هێرش بۆ سەر پایەگا . کە زانیبویان کۆمەڵەن. دەستیان کردبۆوە. شەڕەکە حەوت سەعاتی خایاند. پایەگا گیرا. چوار کەس بە دیل گیران. کە یەکیان لە مزگەووتی قەمتەرە خۆی خنکاند، حەوت

پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانی خۆیان لە دەست د. دوای ئەم شەڕە گوندی "دەرمان" بۆ هەمیشە کەووتە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و خومپارە بارانی دوژمن. خەڵکی دێ وردە وردە گوندەکەیان چۆل کرد. بۆ بەهاری داهاتوو دوژمن زۆر داخ لە دڵ بوو، زۆر بە ڕەق و کینەوە هێرشی هێناو. گوندی "دەرمان" لە لایەن دوژمنەوە بۆ هەمیشە تەخت کرا بە بۆڵدزێر. گوندێک بە ناوی دەرمان نەما... سەلاح بە وێران کردنی گوندەکەی و زێدەکەی هەستی نەتەوایەتی و کوردانەی زیاتر بلێسەی سەندو. ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بڕیاری دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشێ و بێتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان.. لە یەکێک لە پەلەکانی هێزی پێشەوا لە ناوچەی مەهاباد سازمان درا. پاش ماوەیەک پێشمەرگایەتی. "خدرە سوور" فەرماندەری هێزی "پێشەوا" لە سەلاح دەپرسێ پێت وایە پێویستە یا پێت خۆشە بچی بۆ "فێرگەی سیاسی نیزامی" هەتا بتنێرم؟؟؟ سەلاح کە لەگەڵ پۆلێک لە باشترین و ئاگاترین و قارەمانترین پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات هاوسەنگەرو پێشمەرگە بوو . هیچ بە پێویستی نەدەزانی بچێتە ئەم فێرگەیە. کە بە نەزەری من حەتمەن دەبوو چووباو ئەم دەورەیەی دیبا.. "سەلاح" لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا لە زۆربەی زۆری شارو ناوچەکانی هەموو کوردستان، سەنگەری لە دوژمن گرتوەو لە زۆربەی شەڕە گەورەکانی ناوچەکان بەشداری چالاکانەی کردوەو، لە شەڕی بە ناوبانگی "تەرەغە" بە سووکی بریندار بوە. لە جنوبی کوردستان لە گرتنی پایەگای "وشکەڵان" و "مەولاناوا" و دەوروبەری و زۆربەی شەڕەکانی ناوچە. بە شداری کردوە . دوای هەڵوێست و پاڵپشتی کردن لە "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" بەرپرسایەتی جۆراو جۆری هەبوە. وەک بەرپرسی "ئینتزامات" و هەروەها پاشان دەیدەن بە "ڕادیۆ دەنگی کودستان" وەک کادری فەنی. بۆ ماوەی دوو ساڵ لەم کارە ماوەتەوە. بە دوای داخستنی نەخوازراوی ڕادیو دەنگی کوردستان. بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی باشووری کوردستان. سەلاح دەکەنە بەرپرسی هاتو چۆو کاروباری نەخۆش و بیمارەکانی حزب.. لە دۆڵی "قەڵا سەیدە " پاش ماوەیەکی تر دەیکەنە بەرپرسی تەداروکاتی حزب لە دۆێ و هەتا کاتی تێکەڵ بوونەوەی هەردوو باڵی دیموکرات. دوای تێکەڵ بونەوەش. دەبێتە بەرپرسی تەداروکاتی "پەزیرش"ی حزب. سەلاح لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە دۆڵی قەڵا سەیدە ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە. ئێستا خاوەنی سێ منداڵی جوان و شیرینن. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا. بەرپرسایەتی. جێگری پەل بوە. هەروەها سەرپەل بوە.

ژیانی تاراوگەی هەڵبژاردوەو. ئێستاش هەر لە خزمەت حزب و خەڵکەکەیدایەو کاروباری حزبی لە دەرەوەی وڵات جێبەجێ دەکاو. لە خزمەت نەتەوەکەیدایە...
بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل....

---------------------------------------------------

## هاوڕێ خالید فەلاح زادە ناسراو بە (خالید ئامین چاوجوان)




جێگای خۆیەتی قارەمانە زیندووەکان فەرامۆش نەکرێن و بە لاوان و نەوەکانی داهاتوویان بناسێنم .ئەمانە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی دیموکرات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلەکەمانن. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان ئەمجارە میداڵی ئازایەتی پێکەوە دەدەین بە فەرماندەی ئازاو تێکۆشەری دەورانی شەڕو و بەرەنگاری لەخاکی پاکی کوردستان. وەکوو سوپاس و ڕێزو قەدردانیەک لە قەترەیەکی ماندووبونی کاک خالید شۆڕش ئەسەدزادە. خالید فەلاح زادە ناسراو بە (خالید ئامین چاوجوان). خالید هەر لەسەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی، وەکوو زۆربەی زۆری لاوانی ئەوکات ڕێگای حزبی دیموکرات و پێشەوای نەمر قازی محمدی هەڵبژارد. بۆ خەبات و تێکۆشان و ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی. لەهێزی بەیان سەر بەشاری بۆکان و دەوروبەر سازماندەیی کرا. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی مەردایەتی و بەرەنگاری لەخاک و نیشتمان و ئازادی کردە شانی. خالید زۆر خێرا توانی جێگای خۆی لەناو دڵی هاوسەنگەران و خەڵکی ناوچەدا بکاتەوە. ئازایەتی و دڵسۆزی و فیداکاریەکانی لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بوو بەجێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی. بۆیە وەکوو جێگری پەل دیاری دەکرێ. پاشان وەکوو سەرپەلی بەشێک لەپێشمەرگەکان دەستنیشان دەکرێ. کاک خالید هەتا بەرپرسیارەتی زیاتر دەبوو، زیاترو زیاتر خۆی ماندوو دەکرد. پاش ماوەیەک وەکوو سەردەستە دیاری دەکرێ. هەتا دەگاتە فەرماندەری لکێک لە پێشمەرگەکان. خالید جودا لەکاری پێشمەرگایەتی و نیزامی دەنگێکی خۆش و بەسۆزی هەیە. کە هەمیشە بەدەنگە خۆشەکەی گۆرانی و سروودی نیشتیمانی چڕیوەو دڵی هاوسەنگەران و دەوروبەری خۆش کردووە. خالید لەهەردوو هێزەکانی شەهید پێشەواو هێزی ١١٠ی بەیان کارو ئەرکەکانی بەڕێوە بردووە. هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٦٧ وەکوو فەرماندەری عەمەلیات دیاری دەکرێ. دەبێ بڵێم خالید لەگەڵ هەموو هەورازو نشێوەکانی پێشمەرگایەتی ڕێگای پێوا. ئێستاش ئاوارەی هەندەرانە، بەڵام هەروا لەخزمەت

حزبەکەیدایەو درێژە بەتێکۆشان دەدات.

هیوای تەمەن درێژی و سەرکەووتنی بۆ دەخوازم.

--------------------------------------------------

## هاوڕێ سمایل عێراقی




کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی بۆ ڕزگاری میللەتەکەی لە ژێر دەستی ئیستبداد و زوڵم و زۆری و چەوسانەوە، لەگەڵ ئازاری خاک، لەگەڵ دەنگی نیوە زیندوانی زیندانەکان، لەکەڵ شین و گریانی دایکی شەهیدان، لەگەڵ شاخ و دۆڵ و هەموو خاکی کوردو کوردستان، تێکەڵ دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، لەناو ئەم تێکەڵەیەدا گوڵێک دەڕوێ وگەورە دەبێ، بالا دەکات بە ناوی "پێشمەرگە" پارێزەری خاک و خەڵک لەهەر دەست درێژیەکی دوژمنان وەکو "قەندیل" و "هەڵگورد" و "بێستوون" سەر سەختانە. بە ڕویاندا دەوەستێت و دەبێتە باسکی بەهێزو پڕ توانای گەل.. با هەموومان پێکەوە بڵێین... بژی پێشمەرگە سمایل: یەکێک لە کوڕە باش و پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی دیموکرات بوو، کە لەهێزی پێشەوا لە لکی ٣ی ئەم هێزە سازمان درابوو. سمایل هەر لەسەرەتای دەسپێکی شۆڕشەوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزب و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان هەڵگرت و بەدڵ و بەگیان بەشداری شۆڕش و بەرەنگاری لەخاکی کوردستان کرد. سمایل زۆر زوو تواناکانی خۆی نیشان دا، بۆیە بوو بە جێگای سەرنجی هاوسەنگەرانی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر جێگای خۆی لەدڵی هاوسەنگەرانی دا دەکردەوە. پێشمەرگەیەکی بەڕەوشت و بەئەدەب هوشیارو

وردبین، ئازاو بوێر، بەهەڵوێست و تێکۆشەر، ئەمانە هەموو لە زاتی سمایل داهەبوون. یەکێک بوو لەو کوڕانەی دەبوو هەمیشە و لەهەموو جێگایەک پشتی پێ بسپێری. سمایل لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو بەتایبەتی ناوشار جێگا پەنجەی دیار بووە. هەروەها لەزۆرێک شوێن و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەرەنگاری هێزی داگیرکەر بۆتەوەو سەنگەری لێگرتوون.

سمایل لەژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لە حزب دا هەبووە لەڕۆژە سەختەکانی خەبات دا. هەتا توانای هەبوو و زۆر پیاوانەو قارەمانانە وەک کێوی قەندیل لەمەیدانی خەبات دا مایەوەو خزمەتی خۆی بە گەلە چەوساوەکەی کرد. بۆیە من بە پێویستی دەزانم کورتە یادێک لەم قارەمانە زیندووانە بکەم و لەکات و ساتی خۆی دا(میداڵی) قارەمانیەتیان پێ ببەخشین بۆ قەدردانی و ڕێزێک لە گۆشەیەکی بچووک لەزەحمەت و ماندووبونیان. هەر بژی و تەمەندرێژبی هاوسەنگەری بەڕێز.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل....

-----------------------------------------------------------------

# هاوڕێ ساڵح ڕەبەتی




هەمووومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کادرو پێشمەرگەکان ، دەچینە لای هاوڕێ و کادرو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ، کاک "ساڵح ڕەبەتی" بە شانازی و بە ڕێزەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانیەک بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندووبوونی لە ڕێگای خزمەت بە ئازادی و ڕزگاری و خەباتی گەلەکەمان. ئێستا با پێکەوە بزانین کاک "ساڵح ڕەبەتی" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵ" و شایانی ئەم ڕێزلێنانە...

ساڵە ساڵی ١٣٤١ لە شارە جوانەکەی "ڕەبەت" سەر بە شاری "سەردەشت"ی سەر سەوز لە داوێنی "زمزیران" چاوی بە دنیا هەڵێناوە. کە ئەوکات ڕەبەت لە ٣٠ ماڵ تێنەدەپەڕی، ساڵە وەکوو هەموو منداڵێکی کورد لە بنەماڵەیەکی هەژارو بێ بەش لە خۆشی و ژیانیان پڕاوپڕ لە مەینەتی لە دایک بووە. پۆلەکانی سەرەتایی و ڕەهنمایی هەر لە ڕەبەت تەواو کردووەو لە شاری سەردەشت دەبیرستانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٣٦٠ لە ڕشتەی ئەدەبیات دا "دیپلۆم"ی وەرگرتووە، ساڵە لەکاتی پشووی قوتابخانەدا لە کاروباری وەرزێریدا یارمەتی باوک و براکانی داوە، ساڵە دەگێڕێتەوە دەڵێ لە ساڵی یەکەمی ڕەهنمایی بووم مامۆستایەکمان هەبوو بە ناوی "جەلال خەتیی" خەڵکی شاری "بانە" بوو دەرسی ئەدەبیاتی دەگووتەوە. لەسەر تەختە ڕەش نووسی "گربە شیشەرا شکست" فاعل و مەفعول و فیعلی دیاری کردوو تەوزیحی پێویستی بۆ داین لەسەر ئەم ڕستە فارسیە یەک دوو قوتابی بانگ کردە سەر تەختەو پاشان ئەمنی بانگ کرد، کووتی بنوسە "گربە شیشەرا شکست" نووسیم و کووتی فعل و فاعیل و مەفعولی ئەو ڕستەیە دیاری بکە. نەمزانی و جێگاکانم هەموو پێچەوانە دانابوون، زۆری پێکووتم هەر نەمزانی ڕووبەڕووم ڕاوەستاو زللەیەکی زۆر باشی لەلا ڕوومەتم ڕاکێشا، زۆر ئازارم پێگەیشت

و زۆریش نارەحەت بووم مامۆستا زوو لێم تێگەیشت و گووتی پێم بڵێ کێ لە تۆیدا؟؟ گووتم مامۆستا، گووتی نا، نا، ناوم بڵێ، گووتم جەلال، گووتی کێ لێی درا؟ گووتم ساڵح گووتی چی لەبەینی من و تۆدا ڕوویدا؟ گووتم لێدان، گووتی زۆر باشە ئێستا کەمن لە لا چاوی تۆم داوە من "فاعیل"م، تۆ کە لە لا چاوت دراوە "مەفعول" ی، لێدانەکەش "فیعلە "ئەو زللەیەی مامۆستاکەم منی کرد بە نموونەی قوتابی کلاسەکەو تەنانەت ڕشتەی ئەدەبیاتیشم هەڵبژارد. لە ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێران و کوردستان بە دژی ڕژێمی پاشایەتی منیش لە سەردەشت هەرچەندە من لایەنگر یان ئەندامی هیچ هێزێک یا هیچ حزبێک نەبووم، بەڵام هەر لە سەرەتایی خۆپیشاندانەکان لەگەڵ بووم هەتا ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا زۆر چالاکانە بەشداریم کرد.. دوای ڕوخانی ڕژێم وردە وردە لەگەڵ هێزە سیاسیەکان و حزبەکان ئاشنا بووم، هەتا ئەوکات هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەم هێزو حزبانە نەبوو نە زۆرو نەکەم. هۆیەکەی ئەوە بوو هەتا ئەوکات تەمەنم لە خوارێ بوو منداڵ بووم لە ناوچەی ئێمەش هیچ جموجۆڵێکم نەدەدیت یان ڕەنگە هەبووبێ بەڵام من ئاگادار نەبووم، چونکە هیچ بیروڕایەکی ئازاد و هیچ جوڵانەوەیەک ڕێگا پێدراو نەبوو هەردوو ڕژێمی شاو ڕژێمی خومەینی سەرکووتی جوڵانەوەی کوردیان دەکرد بۆیە لەلای من هەردووکیان وەک یەک بوون، هەردوو ڕژێم دوژمنی مافەکانی گەلی کورد بوون. بەڵام ئێستا خەڵکی کورد جیاوازن لە پێشتر زیرەکترو هوشیار ترن و چاوکراوەترن،، خەباتی گەلی کورد لە زەمانی شاە لە ناوچەیەکی بەر تەسکدا بوو، بەڵام خەباتی ئەمجارە سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە و دنیاشی لێ ئاگادارە.. وەکوو هەمموو لاوێکی خوێن گەرم و نیشتمان پەروەری ئەم کوردستانە ئەم ئاڵوگۆڕی سیاسی و شۆڕشە لە دەورانی هەرەتی و ئەوجی لاویەتی مندا ڕوویدا، هەرچی قسەو باس و هەواڵ و پرسیارو جواب هەبوو سەبارەت بە شۆڕش و کوردایەتی و وەزعی کوردستان و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکان بوو، بەڵام گرنگ بوو ئەم هەست و گرو تینە لەگەڵ چ حزبێک و بۆ چ ئامانجێک بەکار بێنی من لەسەردەشت خەریکی خوێندن بووم بەسەردانێک گەڕامەوە "ڕەبەت" مامۆستا حسین ئیبراهیمی لەشاری ڕەبەت دەرسی دەگووت لە پێشدا مامۆستای من بوو، لەماڵێک دانیشتبووین کە ئێستا خاوەن شەهیدن مامۆستا مەلا حسین ویستی نامەیەک بۆ شوڕاکانی شار بنووسێ بۆ ئەو مەبەستە ڕووی لەمن کردو گووتی ساڵح نامەیەک بە "کوردی" بۆ شوڕاکانی شار بنووسە لەسەر فڵان بابەت دیارە مەبەستی تایبەتی هەبوو ویستی لەو ڕێگایەوە بیرو هەستی من بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی هەم بۆ درووست کردنی هەستی کوردایەتی ڕابکێشێ. گووتی سەرەتای نامەکە بنووسە، منیش هەر قەڵەمەکەم لەناو قامکەکانمدا دێناو دەبرد نەمدەزانی چی بنووسم و چۆن کوردی بنووسم هیچ شارەزایییەکم لە نووسینی کوردیدا نەبوو مامۆستا زوو هەلەکەی قۆستەوە فەرمووی بنووسە، بەڕێزان شوڕایانی... ئێمە... هەتا کۆتایی نامەکە. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە وەدوای فێربوونی نوسین و خوێندنی زمانی کوردی بکەوم و سەرەتای جوڵاندنی هەست و بیرم بوو سەبارەت بە جوڵانەوەی کوردو مافە ڕەواکانی، لەوکاتەوە بەهۆی چەند کەسێکەوە کە ئەندامی حزب بوون کەووتمە پەیوەندی گرتن و کەم تاکورتێک لێرەو لەوێ بۆ بۆ شارەزایی و ڕونکردنەوەم سەبارەت بە حزبی دیموکراتی کوردستان و ئامانجەکانی و وەرگرتنی ناملیکەکانی حزب و خوێندنەوەیان. بەڵام بەلامەوە زۆر تەواو نەبوون هەر بۆیە لە یەکیانم پرسی، ئێوە زانیاری سەبارەت

به مەسەلەی سیاسییەکان چۆن و لە کوێ وەردەگرن؟ بەداخەوە ئەو دۆستە دوایی شەهید بوو ڕۆحی شاد بێ، فەرمووی لەچەند بەرپرسێکی سەرووەوی خۆمان. گووتم ئایا دەتوانی هەوڵ بدەی لەگەڵ یەکیان چاومان بە یەکتر بکەوێ؟ گووتی کاک "مەلا حەسەن شیوەسەڵی" هەم بەرپرسمانەو هەم شارەزای هەموو کاروباری سیاسەتەکانی حزبە. گووتم دەتوانی کاتێکم بۆ دانێی من و ئەو یەکتر ببینین؟ گووتی زۆر باشە ئاگادارت دەکەمەوە. پاش ماوەی چەند مانگێک لەناو شاری سەردەشت کۆمەڵێک پێشمەرگەم دی هەمو گیانیان داپۆشرا بوو لە ڕەخت و فیشەک و تفەنگ بەلامەوە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوون، لەیەکێک لەو پێشمەرگانەم پرسی گوتم ئەو برادەرە کێیە؟ کە لەهەموویان زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا بوو، گووتی چۆن نایناسی؟ ئەوە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵیە بۆ یەکەمجار چاوم بە مامۆستا کەووت بەڵام قسەمان نەکرد پێکەوە هەر لە فکری ئەوەدا بووم داخوا کەی ئەو دۆستەم پەیوەندیەکە بۆ من و کاک مەلا حەسەن پێک دێنێ. وابزانم ساڵێک بەسەردا تێپەڕی هەتا قەراری چاوپێکەووتنەکەمان لە شوێنێک ڕووبەڕووی گوندە جوان و دڵگیرەکەی "وەتماناوێ" بە ناوی "پردی دووهەزار" ڕێک خرا. زۆر شادو خۆشحاڵ بووم بە ڕێکخستنی ئەو چاوپێکەووتنە بۆ یەکەمجار لە حزووری کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی ومن و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حزب کە چاومان بە یەکتر کەووت ئەوە خۆشترین و پڕ یادگارترین کاتەکانی ژیانی من بوو. ئەو چاوپێکەووتنەمان لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ بوو لەو کاتەوە وەک ئەندامێکی چالاکی حزب دەستم بەکار کرد و تەواوی ئەرکەکانم بەڕێوە دەبرد. هەتا ساڵی ١٣٦٠ درێژەم بەو کارە داو هەر لەو ساڵەدا "دیپلۆم" م وەرگرت لە کۆتاییەکانی مانگی سێیەمی زستان لە ڕەشەمەوە بڕیاری خۆم داو بەرەو شوێنی بارەگاکانی پێشمەرگەکان لە دۆڵی "دەرماناوێ" و "قازان" وەڕێکەووتم بوومە پارێزەری خاک نیشتمان لە هێزی شەهید "موعینی" ئەوکات لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم بە شانازیەوە پۆشی... دەکرێ بڵێم لە سەرجەم هەمو ناوچەکانی کوردستان کارم کردووە.. لەناوچەکانی وەکوو "سەردەشت، پیرانشار، شنۆ، ڕەبەت،" بەرپرسایەتیم هەبووە وەکوو سەرپەل، جێگری لک،فەرماندە لک، لە کاتی شەڕی ناوچەی ئالانی سەردەشت دا وەکوو بەرپرسی عەمەلیات بۆ ماوەی دوو مانگ بە فەرمانی حزب لەوێ بووین. لە "ڕەبەت" وەکوو فەرماندەری هێزو ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کاری کردووەو ئەرکەکانی سیاسیی نیزامی ڕاپەڕاندووە. هەروەها کاک ساڵە لە "شنۆ" لەبەشی تەداروکات ئەنجام وەزیفەی کردووە لە "پیرانشار" وەکوو فەرماندەری هێز خزمەتی کردوە. هەروەها لەناو "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دا وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و بەرپرسی پەیوەندیەکانی حزبی لەسەرشان بووە زۆر سەرکەووتوانە کارو ئەرکەکانی ڕاپەڕاندوون کاک ساڵە لە پلۆنۆمی سێیەمی حزبدا غەیابەن وەک موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کراوە هەتا کاتی هاتن بۆ هەندەران لەو پۆستەدا مایەوە.. کاک ساڵە دەڵێ سەراپای ١٦ ساڵ پێشمەرگایەتیم لە هەموو پلەکاندا پڕاوپڕە لە بیرەوەری خۆش و ناخۆش.پێم خۆشە چەند بیرەوەریەکی خۆم بگێڕمەوە... لە ڕانیەی باشووری کوردستان لە بنکەی پەیوەندیەکانی حزب لە ڕانیە کە ئەوکات "مەلا ڕەحمان کاژیی" بەرپرسی بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوسەنگەران دانیشتبووین وەکوو هەمیشە بوو هەرکەس یان چەند کەسێک بە باس و خواستی سیاسەتەوە مەشغوڵ بوون کۆمەڵێکی دیکەش باسی "گوێز" و نرخی گوێزیان


دەکرد هەرکەسەو باسی باشی گوێزی ناوچەی خۆیان دەکرد. منیش لەگەڵ دۆستێکم کە لەلای چەپم دانیشتبوو باسی سیاسی مان دەکرد، لەوکاتەدا کە لەولاتر باسی گوێزیان دەکرد، مەرحوم کاک مەولانی سوارەی چەند جار بانگی کردبووم گوێم لێ نەبوو هەتا دەستی لە شانمداو گووتی ئەوە گوێت گرانە؟؟ گووتم وەڵا نازانم بەڵام پێموابێ هەزاری بە ۳۵۰ تمەنە، گووتی چی؟ گووتم گوێز، گووتی کوڕە من دەڵێم ئەوە گوێت گرانە وا جوابم نادەیتەوە؟ چەند جارم بانگ کردی گووتم ببورە وەڵا وامزانی باسی گوێزان دەکەی کوڕەکان زۆر پێکەنین.. جارێکی تر لە ساڵی ۱۳٦۵ لە گوندی "بۆڵێ" لە بناری قەندیل لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە سمینارێکی سیاسی نیزامی دا بەشدار بووم شەهید "دکتۆر قاسملوو" هاتە ژوورو لەسەر مودیریەت و فەرماندەیی قسەی بۆ بەشدار بوان دەکرد. لەناو ساڵۆنەکەدا هاتوچۆی دەکرد، کە پشتی لە ئێمە کرد دیتم نێفەکی پشتەوەی پاتۆڵەکەی خوارەو ڕاستی نەکردبۆوە. منیش بە دیتنی ئەو دیمەنە بە خۆم نەبوو پێکەنیم هات،، شەهید "عبدوڵا شەریفی" هەستی بە پێکەنینەکەی من کرد و گووتی بەچی پێدەکەنی؟ گووتم هیچ نیە گووتی بە ڕاست پێم بڵێ چیە؟ منیش پیمگووت ئەویش بە شەهید فەتاح عەبدولی و کاک مستەفا مەولودی گووت، کاک مستەفا فەرمووی ئەو کاک ساڵەیە بە شتێک پێدەکەنێ کە هیچ کەس پێکەنینی پێی نایەت، کاک فەتاح پێکەنی ئەوانی تریش پێکەنین و خۆیان پێ ڕانەگیرا هەموومان پێکەنین. کاک دکتۆرقاسملوو هەستی کردبوو و گووتی بۆ پێدەکەنن؟ بە ئێمەش بڵێن با پێبکەنیین زیندەیاد کاک عەبدوڵا شەریفی فەرمووی هیچ نەبوو هەروا پێدەکەنین، کاک دکتۆر فەرمووی کەواتە هەمووتان "شێتن" کە کاک دکتۆر وای گووت کاک مستەفا مەولودی فەرمووی وەڵا بە کاک ساڵح پێدەکەنین، گووتی بۆ ساڵە چیەتی؟ گووتی وەڵا بە نێفەکەکەی تۆ پێدەکەنێ ئێمەشی وە پێکەنین خستووە، گووتی بۆ بە نێفەکی من پێدەکەنی؟ کووتی ساڵە دەڵێ نێفەکەکەی کاک دکتۆر خوارە،، یەکسەر نێفەکەکەی ڕاست کردەوەو درێژەی بە کلاسەکەی دایەوە... جارێکی تر ٤ مانگ بوو ڕەسمەن ببوم بە پێشمەرگە لەهێزی شەهید موعینی، ئەوکات بنکەیەکی سەیار لە گوندی "کاژێ" کرایەوە منیش یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم کە ناردرابوومە ئەوێ. زۆر خۆشحاڵ بووم بە تایبەت کە جێگای باوڕو متمانەی هاوسەنگەرانم بووم، بۆ ئەوەی کە لە شەڕدا بەشدار بووم دەکرێ بڵێم شانسی باشم نەبوو، تەنها پێنج کەس بووین بە ناوەکانی، شەهید ڕەحیم کاژەیی سەرپەل بوو، شەهید حاجی کاژەیی پێشمەرگە بوو، کاک ح . ا پێشمەرگە کاک م . ش پێشمەرگەو بۆ خۆم. بۆ ئەنجامی مەئموریەتێکی تایبەت چووینە گوندی "هەڵوێ" لە کاتژمێر ۱۱ی بەیانی ئاگادار کراینەوە کە هێزێکی زۆری دوژمن لە لای گوندی "شیوەسەڵ و نەڵاس" بەرەو گوندی "هەڵوێ" بەڕێوەن. شەهید "ڕەحیم" کە بەرپرسی تیمەکەمان بوو بڕیاری چولکردنی گوندەکەی نەدا، بەڵکوو بڕیاری شەڕکردنی لەگەڵ هێزی دوژمنی هەڵبژارد هەتا خۆمان سازمان دا هێزی دوژمن یەکەم ماڵی گوندیان گرت. تەنیا بە پێنج کەس پێشمان بە هێزی چەند سەد نەفەری دوژمن گرت. هەر لەسەرەتای شەڕەکەدا بەرپرسەکەمان ڕەحیم کاژەیی دەستی بریندار بوو، ڕەوانەی پشتی شەڕەکەمان کرد هەر لەو کاتەشدا حاجی کاژەیی شەهید بوو. ئەویشمان ناردە پشتی شەڕەکە کاک م . ش بریندار بوو تەنیا من و کاک ح . ا مابوین ئەو لە خواروی گوندەکەوە منیش لە لای سەرەوەی گوندەکە پێشمان بە دوژمن گرتبوو،، لەناو قوتابخانەکەدا بووم و تەقەم دەکرد بەو

دوو کەسە بۆ ماوەی ٤٥ خولەک پێشمان بە هێزی دوژمن گرتبوو گوندەکەمان چۆل نەکرد هەتا هێزی بە وەرەی پێشمەرگە بە یارمەتیمانەوە هاتن و دوای شەڕێکی قارەمانانە دوژمن بە کوژراوو بریندارێکی زۆرەوە ناچار بوون پاشەکشە بکەن، بەهۆی ئەوەی من لە ناو قوتابخانەکەوە تەقەم دەکرد هەر بە هۆی دەنگی تەقەی تفەنگی خۆم گوێچکەکانم و گوێم لە هیچ نەدەبوو تەنها بە هەستانی تەپ و تۆزو تەقینەوەی تۆپ و خومپارە دەمزانی کە خومپارە دەتەقێتەوە دەنا گوێم لە دەنگەکەی نەدەبوو هەر ئەوەش بوو بە هۆی کەم بیستنم و ئێستاش چاک نەبۆتەوە بۆتە هۆی دواکەووتنم لە ژیانی شەخسی خۆم. بە پێی قسەی دکتور ئەگەر سەرەتا چارەسەری پزیشکیم وەرگرتبایە چاک دەبوومەوە بەڵام ئەوکات کەمتر باوڕیان پێدەکردم و زۆر بە درەنگەوە ناردرام بۆلای دکتۆرو نەخۆشخانە کە تازە درەنگ ببوو ڕێگای چارەسەری نەمابوو... جارێکی تر ساڵی ١٣٦٥ کاک مەلا حەسەن بەرپرس و فەرماندەری هێزی "گیاڕەنگ" بوو کۆمەڵێک لە بەرپرسانی نیزامی ئەو هێزەی کۆکردەوە بە مەبەستی شناسایی بۆ چەندین عەمەلیاتی بەرچاو. تیمەکە بە ناوی تیمی شناسایی ئامادەکرا کە بریتی بوون لە کاک مەلا حەسەن،، شەهید عەبدوڵا سەدیقی شەهید عومەر شیوەسەڵی،، شەهید ڕەحیم قاڕنجی،، کاک حسین پەیرەوان، سالح ڕەبەتی. کاک مەحمود خاس و چەند کەسێکی دیکەش بوون کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم. کاری شناسایی تەواو بوو تەنانەت ٣ سەنگەر بۆ دۆشکەکان هەڵقەنداران و بەشێوەیەکی زۆر نیزامی سەرەکانیمان داپۆشین بۆ ئەوەی کەس نەیانبینێ. تەرحی یەکەم ڕێگای نێوان "پیرانشار بۆ سەردەشت" لە نێوان گوندەکانی "گرژاڵ هەتا میراوێ" مامۆستا کتێبێکی بە دەستەوە بوو هەموومانی بەو کتێبە سوێند دا هەتا کاتی عەمەلیاتەکە نابێ کەس باسی بکات. گەڕابووینەوە بنکەکانمان و فەرماندەرانی نیزامی خەریکی تەواو کردنی کارەکان بوون بۆ ئەو تەرحە، کە بەداخەوە هەواڵی شەهید بوونی "عبدوڵا کاژەیی و عومەر شیوەسەڵی" مان پێگەیشت، بەم هۆیەوە بۆ ماوەی مانگێک تەرحەکە وەدواکەووت. تا سەرئەنجام تەداروکات و ئەفرادی پێویست بۆ ئەو تەرحە دیاری کران و هەموو کەمینەکان لە جێگای خۆیان دامەزران، دوو دۆشکە بۆ پشتیوانی لە تیمەکان دامەزرێنران، کاتژمێر دوازدەو نیوی نیوەڕۆ عەمەلیات دەستی پێکرد، کە هەتا کاتژمێر هەشتی ئێوارە بەردەوام بوو لەسەرجەم ئەو عەمەلیاتەداکە نزیک هەشت کاتژمێری خایاند ٢٩ ماشێنی دوژمن سووتان و دەیان کەس لە هێزەکانی کوژران و بریندارێکی زۆریشیان هەبوو لەو عەمەلیاتەدا تەنها یەک پێشمەرگە زۆر بە سووکی بریندار بوو. با قارەمانە زیندوەکان لەبیر نەکەین و هەتا لە ژیاندا ماون ڕێزیان لێ بگرین و شانازیان پێوە بکەین، کە هەرچی لە دەستیان هات دریغیان نەکردوو بە دەیان جار لە لێواری مەرگ گەڕاونەتەوەو بە خۆشیەوە ئێستا لە حاڵی ژیاندان... من ماوەی ٣ ساڵ لەگەڵ کاک ساڵە ڕەبەتی لە هێزی گیاڕەنگ پێکەوە بووین لە بنکەی هێز کە ئەوکات شەهید "عەبدوڵا سەدیقی" سەردەستە بوو کاک ساڵە جێگری دەستە بوو. ڕۆحی شاد شەهید عەوڵا سەدیقی ئەوەندەی فەرماندەیەکی ئازاو بوێر بوو ئەوەندەش دەنگی خۆش بوو هەموو جارێ گۆرانیەکانی "مامڵێ" ی بۆ دەگووتم دەیزانی دەنگی مامڵێ م پێ خۆشە. لە مەئموریەتی جنووبی کوردستان پێکەوە بووین هەموومان، لەو شەڕەی کاک سەرگورد عەلیار پێکەوە بووین، هەمیشە کاک ساڵە م پێ وەک فەرماندەیەکی ئازاو بە بەرنامە خۆش ویستووە، هەموو ئەو

ماوە زۆرەی کە پێکەوە بووین بۆ یەکجاریش دڵمان لەیەک نەڕەنجاوە بەم شێوەیە کاک ساڵح ڕەبەتی لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون و مایەدانان لەگیان و ڕۆحی خۆی توانی هەموو پلەکانی سیاسی و نیزامی حزب یەک لەدوای یەک بە سەرکەووتووییەوە ببڕێ و هەتا پلەی سەرکردایەتی حزب کاک ساڵە ئەم پلانەی تێپەڕاندبوون لە پێشمەرگایەتی و شۆڕش دا. سەرپەل.. جێگری دەستە.. سەردەستە.. جێگری لک.. فەرماندەری لک .. فەرماندەری هێز.. بەرپرسی کۆمیتەی شارستـــان فەرماندەی عەمەلیات.. بەرپرسی پەیوەندیەکان لە ڕانیە.. سەرئەنجام موشاویری کۆمیتەی ناوەندی حزب. کاک ساڵح ڕەبەتی وەک پەیامێک بۆ خەڵکی کوردستان و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکان دەڵێ،، بە پێویستی دەزانم لە ناخی دڵمەوە زۆر زۆر سوپاسی خەڵکی تێکۆشەرو پێشمەرگە پەروەری ڕۆژهەڵات بکەم، کە بە هەق یارو یاوەری کادرو پێشمەرگەکان بوون و تەواوی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە جێگا پەنجەی خەڵکی خەباتگێڕو بە ئەمەگی کوردستانی پێوە دیارە. هەروەها سەرجەمی سەرکەووتنەکانم لە گشت بوارەکانی شۆڕشدا بەهۆی هاوکاری و هاوفکری خوشک و برایانی بەڕێزم کادرو پێشمەرگەکان بووە هەر بەو بۆنەوە سوپاس و پێزانینم بۆ هەموویان هەیە. دەست و مەچەکی شۆڕشگێڕانەو مەردانەیان ماچ دەکەم و داوای ساغ و سەربەرزیان لە گشت بوارەکانی ژیانیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازم...

-----------------------------------------------------------

## هاوڕێ مەولود عەبدوڵاهی




"ئەوەی ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو قارەمانانەی دەورانی شەڕو شاخ، ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی... ئەجارە پێکەوە دەچینە مەڵبەندی کرماشان و کامیاران و ڕەوانسەر. بۆ لای تێکۆشەر شۆڕشگێڕی گەلەکەمان لە دەورانە

سەختەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری، هاوڕێی پێشمەرگە "مەولود عەبدوڵاهی "ئێستا با پێکەوە بچین بزانین و مەولود لە نزیکەوە بناسین.

مەولود لە ساڵی ١٣٤٣ لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژارو دەست کورت لە گوندی "شمشیر" سەر بە شارستانی "پاوە" لەدایک بووەو چاوی بەدنیا هەڵێناوە. زۆر درەنگ و لەتەمەنی٩ساڵی ناردوویانە بۆ خوێندن، بەهەر شێوەیەک بووە توانیویەتی هەتا دووەمی ناوەندی بخوێنێ، کاتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران، مەولود لە خۆپیشاندانەکانی شاری "پاوە" لە ریزی پێشەوەی خەڵکدا بووەو بەشێوەیەک بۆتە جێگای سەرنجی خەڵکی پاوە دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیو سەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردا لە جوابی ویستەکانی خەڵکی کوردستان، مەولود بە توندی بەرەنگاری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە، بە جۆرێک کە ٣ جار لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەگیرێ و جاری سێیەم بۆ ماوەی ٣٢ ڕۆژ لە زینداندا دەمێنێتەوە. کە پاش ئازادبوونی دەچێتە ناوچەی بیلەواری کامیاران و دەبێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە .دوای دروست بوونی حزبی کۆمۆنیست لەناو کۆمەڵەدا مەولود جێگای خۆی لەناو کۆمەڵەدا نابینێ بۆ کوردایەتی، بۆیە بڕیار دەدات بچێتە ناو ریزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات. ساڵی ١٣٦٠ دێتە ناو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی "بێستوون". مەولود هەر لەسەرەتای پێشمەرگایەتی لەم هێزەدا لە شەڕەکانی" زێویەو چرووەو سانە و میسوراودا قارەمانیەتی لەخۆی نواندو بە جۆرێک کە دەبێتە وێردی سەرزمانی هاوڕێیانی خەڵک و خۆشەویستی فەرماندەکانی شاپور فیروزی و سالار حەمە کەریم. دەبێتە هاوڕێی نزیکی سالارحەمەکەریم و هەتا کاتی شەهید بوونی هەر پێکەوە دەبن، کە لە دەیان شەڕی پارتیزانی دا پێکەوە بوون وەکوو شەڕەکانی سەرجادەی "ڕەوانسەر، کامیاران، مەریوان، چەم لە شاری سنە و شەڕەکانی کورە میانە.. شانشین، تەوریوەر، شەڕەکانی چۆمی پاشا،" بەشێکن لە مێژووی شەڕی پارتیزانی مەولودو حەمەکەریم و هاوڕێیانی.. مەولود لە شەڕەکانی ٥٩ عەمەلیات بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردووەو لە عەمەلیاتی ١٣ هەم بە توندی بریندار دەبێ کە دەبێتە هۆی کەئەندام بوونی لاقی، دوای ئەوەی بەهۆی بریندار بوونیەوە کەمئەندام دەبێ لە دەورەیەکی کادردا بەشداری دەکات لە گوندی "گەڵاڵە" لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ دەبێتە کادرێکی هەڵسوڕی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و لە ساڵی ١٣٦٤ لە کۆنفرانسی کۆمیتەی کرماشاندا دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان، هەر لەو پۆستەدا بوو کە گەڵاڵەی داڕشتنی چالاکی تەفروتوناکردنی ئەندامانی سوپای پاسداران دادەڕێژێ و لەگەڵ شەهیدان "حەسەن منبەری و کەریم مەنبەری" و چەند هاوڕێی دیکە لە هەڵمەتێکی گورج و بڕدا لە نێوان گوندەکانی "زیویە گازرخان" دا ستوونی سوپای پاسداران دەخەنە ناو کەمینی خۆیان و هەموویان تەفروتونا دەکەن کە ٦ کەسی پایەبەرزی سوپای تێدا کوژران. ئەو چالاکیە بە یادو بیرەوەری" حەمە کەریم" بەڕێوە چووە کە دوژمن بە تەواوی دەتەزێت. پێویستە بڵێم لە ڕێکەوتی ١١ - ٦ - ١٣٦٤ لەبناری "شاهۆ" لەگەڵ هاوڕێی "حەمە کەریم" دەکەونە ناو کەمین و گەمارۆی دوژمن دوای شەڕێکی ٥ سەعاتە حەمەکەریم شەهید دەبێ و

دەیبەنەوە كامیاران و ناوی مەولودیش بە شەهیدی بڵاو دەبێتەوە كاتێک دایكی هەواڵەكە دەبیستێ سەكتە لێی دەداو كۆچی دوایی دەكات، پاش ماوەیەک بنەماڵەكەی هەواڵیان پێدەگات كە مەولود ماوەو شەهید نەبووە،. مەولود لەناوچەكانی كامیاران و كرماشان وپاوەو ڕەوانسەر سنەو مەریوان و ژاوەرۆ زۆر خۆشەویست بووە. مەولود هەتا كۆنگرەی ٨ لەناوچەدا یەكێک دەبێ لە كۆڵەكەكانی حزب لەم ناوچەیە، دوای كۆنگرەی ٨ و لە پاش دەرچوونیان لە شەڕی "هەڵەبجە" مەولود ناچێتە بناری قەندیل و لە شاری سلیمانی پشتیوانی خۆی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەكاو لەوێ دەمێنێتەوە. پاش ماوەیەک حزب وەكوو كەمئەندام دەینێرنە توركیاو لەوێوە بۆ وڵاتی سێیەم.

بژی پێشمەرگە باسكی بەهێزی گەل...

----------------------------------------------------

## هاوڕێ قاسم سووڵتانی




یەكێک لەو كەسە ماندوو زەحمەتكێشانەی ناو ڕیزەكانی "حزبی دیموكراتی كوردستان" كە هیچ كاتێک نەیویستوە خۆی پیشان بداو لە مێدیاكان و لە شاشەكانی تلوزیونەكان دەركەوێ.. لە كاتێكدا هەر لە سەرەتای ئاشكرا بوونی خەباتی حزب لە ساڵی ١٣٥٧وە "قاسم سووڵتانی" پێ بە پێ و شاخ بە شاخ و دۆڵاودۆڵ لەم كوردستانە بێ ئەوە كە ڕۆژێک كاری ڕۆژنامەوانی حزب وە دوا بكەوێ.. لەگەڵ ئەم ئەركەی هاتووە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ هێشتا وەک كادرێكی چالاک و شۆڕشگێڕ هەر بەردەوامە، قاسم سوڵتانی یەكێک لەو كەسانەیە یادگارو ماندگاری چاپەمەنی و لە هەموو بوارەكانی تەبلیغاتی بە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو نامیلكەكان و بڵاوكراوەكانی ناوخۆیی و دەرەوەی حزب بو. بە شانازییەوە زۆر پێكەوە

بووین و بە دەیان یادو یادگاریمان پێکەوە هەیە کە لە جێگای خۆیدا باسیان دەکەم چونکە بەشێکن لە مێژووی خەبات و تێکۆشانمان، یەکێکی تر لە کارە باش و هەمیشە زیندووەکانی قاسم کە وەک مێژوو بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، هاوڕێیەتی و هاو ژیانی و ئاگا لێبوونی لە خوالێ خۆشبوو کاک "فەتاح کاویان" بوو کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵ پێکەوە بوون.. هیچ کات کاک فەتاحی بەجێ نەهێشت باب و کوڕێک بوون بە تەواوی مانا،، وەک ئاوو ماسی بوون هیچیان بەبێ یەک نەدەژیان..

هاوڕێی بەڕێزم کاک قاسم گیان سەرکەوتنت ئاواتمە...

---------------------------------------------------

## هاوڕێ کەریم حاجی ڕەسوڵی ناسراو بە (زێڕە)




ئەمجارە هەمووماان پێکەوە فایل و پەروەندەی شۆڕشگێڕو پێشمەرگەو فەرماندەو مامۆستایەک هەڵدەدەینەوە. کە هەمو تەمەنی لاویەتی خۆی بۆ کوردو کوردستان دانا. قارەمان لە هەموو بوارەکانی تێکۆشان و پێشمەرگایەتیدا... بەڕێز "کەریم حاجی ڕەسوڵی" ناسراو بە "زێڕە". هەروەها پێکەوە "میداڵی ئازایەتی" دەدەین لە سینگی شێرانەی ئێستا با هەمووماان پێکەوە بزانین "زێڕە" چۆن توانی بگاتە ئەو ئاستەی کە ببێتە خاوەنی "میداڵی ئازایەتی." لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانەوە....

پیرۆزت بێ کاک کەریم حاجی ڕەسووڵی.

زێڕە لە بنەماڵەیەکی جوتبەندەی مام ناوەندی لە ئاوایی "ئاڵی کەند" لە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕێ سەر بە شاری "بۆکان" لە دایک بوە.... دەکرێ بڵێین تێکۆشانی زێڕە لەسەریەک لە ٣ مەرحەلەدا بووە..

یەکەم: لە دەبیرستانی کوریش کبیر کە دوایە ناوەکەی گۆڕدا بە دەبیرستانی شەهید کەماڵ. و خۆپیشاندانەکان و دامەزراندنی تەشکیلاتی نهێنی و ئەندامگیری لە ناو چین و توێژەکانی خەڵکی ناوچەکەدا. پاشان شەری ٣ مانگەو تەزاندنی هێزەکانی دوژمن لە هەموو لایەکەوەو ناچارکردنی ڕژیم بە گفتوگۆ کردن....

دووەم: بۆکانی ئازادو ناوچەکانی دەوروبەری، پاش دامەزراندنی کۆمیتەی فەرهەنگیانی حزب لە شاری بۆکان کە زێڕە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی و وەک بەرپرسی بەشی ماڵی کوڕ دیاری دەکرێ. پاشان لە کۆنفرانسی یەکەم، بۆ کۆمیتەی شارستان دەنگی هێناوەتەوە لە یەکیەتی لاوان وازی هێناوەو، وەک بەرپرسی ناوچەی "پیر محمد" دیاری کراوە. کە ئەوکات مەقەڕیان بردۆتە ئاوایی "عەشیاباد". پاش چەند مانگێک لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان وەک بەرپرسی بەشی شەهیدانی بۆکان دیاری کراوە.. بە هۆی هەڵسوڕی و چالاک بوونی زێڕە لەکاروبارەکان و لە ئەرکەکانیدا بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارانە. هەر ئەو ساڵە وەک هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی بۆکان هەڵدەبژێردرێ. وەک بەشی ماڵی کۆمیتە دیاری دەکرێ.. دیارە ئەوکات کە بۆکان لەژێر دەسەڵاتی حزبدا بوو، ئیدارەکردنی شارێکی وەک بۆکان و ناوچەکانی دەوروبەری لەو بێ ئیمکانیەتەدا بۆحزب کارێکی ئاسان نەبوو. لە کاتێکدا کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە لایەن ڕژیمەوە گەمارۆ درابوو... دوای گرتنەوەی بۆکان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە ساڵی ١٣٦١ و چوڵکردنی شار لە لایەن حزب و ڕێکخراوەکانەوە. بۆ ناوچەکانی دەوروبەری شار.. ئەوکات زێڕە وەکوو بەرپرسی کوڕی پەروەردەو فێرکردنی ۆکان دیاری کرا.. کە بنکەیان لە گوندی "سەیداوا" ی نۆبار داناوە. لەوێ دەستیان بەکار کردوە. پاش ماوەیەک کاک فایەق دەکەنە بەرپرسی کوڕی پەروەردە. پاش ماوەیەک و دوایشەهید بوونی کاک فایق دیسان زێڕە دەبێتەوە بەرپرسی کوڕی پەروەردە. ئەمکارە بەڕێوە دەبات هەتا پایزی ساڵی ١٣٦٢. پاشان لە لایەن دەفتەری سیاسی و کۆمسیونی کۆمەڵایەتیەوە، وەک ئەندامی بەڕێوەبەری کوڕی پەروەردەو فێرکردن. لەگەڵ چەند مامۆستایەک ڕەوانەی ناوچەکانی سەقز کراون. لە ناوچەی سەقز پلەکانی حزبی "زێڕە" وەکوو کادر.. مامۆستا.. لە بەشی نیزامیدا وەکوو جێگری پەل.. سەرپەل.. جێگری لک.. سەرلک.. بەرپرسی کوڕ.. هەموو ئەم مەسئولیەتانەی قوناخ بە قۆناخ بڕیون و سەرکەووتن دوای سەرکەووتن. پلەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیزامی سەرکەووتوانە بڕیون. لەوێ کاتێک بریندار دەبێ.. دەگەڕێتەوە مەحوەتەی دەفتەری سیاسی و "هێزی هەژار" دوای چاکبوونەوەی لە هێزی هەژار، ئەم مەسئولیەتانە دیسان یەک لە دوای یەک دەبڕێتەوە. وەکوو سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان.. پاشان دەکرێتە سەرلک و بەرپرسی ئینتزاماتی دەفتەری سیاسی.. مامۆستای شۆڕش.

مەرحەلەی سێیەم: کارو چالاکیەکانی "زێڕە" لە کۆمیتەی شارستانی بۆکان و مەسئولیەتەکانی... کادر بووە کراوە بە جێگری لک.. ئەندامی کۆمیتەی شارستان بۆ چەند دەورە.. بەرپرسایەتی ناوچە... هەیئەتی ئیجرایی.. دیارە پێویستە بڵێم."زێڕە"

لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا بریندار بووە بەڵام هەموو جارێ دوای سارێژ بوونەوەی برینەکانی گەڕاوەتەوە سەنگەری شەڕەف و کوردایەتی.. هۆی دانیشتنی کاری تەواو وەخت. زێرە بە خۆشی خۆی دانەنیشتووە بەڵکوو کەوتۆتە بەر شاڵاوی پاکسازی ئیختلافاتی ناوخۆیی حزب. لە کۆنگرەی ١٠ مخالیفی یەکگرتنەوەی بێ بنەما بووە. هەوەک چۆن ئێستای کۆنگرەی ١٣ دژی لێک دابڕان و لەت بوونی حزبە. زێرە یەکێک بوو لەو کەسانەی لە گەرمەی باوەڕی حزب بە خودموختاری لە وڵاتی "سوئید" کۆمیتەی نەتەوەکانی ژێر دەستی ئێرانی دامەزراندووە. کە پاشن بوو بە کۆنگرەی ئێرانی فیدراڵ هەروەها دوای کۆنگرەی ١٣ یەکەمکەس بووە کە بە ئاشکراو بە ناردنی نامەی سەرئاوەڵە بۆ هەردوو سکرتێرەکانی دوو بەشی حزب. کە داوای یەکگرتنەوەی کردوەو کەمپینی یەکبوونی دامەزراندووە.... هەروەها زێرە چەندین خەسڵەت و کردەوەی باشی هەبوە لە کاتی پێشمەرگایەتیدا. لەکاتی شەڕو بوونی شەهیدو بریندار هیچ کاتێک نە برینداری بەجێهێشتووە نە شەهید.. چەندین کەسی لە مەرگی حەتمی ڕزگار کردوەو بە کۆڵ لە مەیدانی شەڕو لەبەر دەستی دوژمن ڕزگاری کردوون.. وەکوو سەرگورد کەریم عەلیار.. هونەرمەند براییم قادری.. ئەمیرڕەسوڵی.. هەر قارەمانێک عەترو بۆنی خۆی هەیە.. کەریم حاجی ڕەسوڵی ش عەترو بۆنی خۆی هەیە.. داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

---------------------------------------------------- ----

## هاوڕێ ڕەسوڵ ئەحمەدی




یەکێک لەو پێشمەرگانەی دەورانی شاخ و شەڕ "ڕەسوڵ ئەحمەدی" یە ناسراو بە "مام ڕەسوڵ" بابزانین ڕەسوڵ کێیەو چۆن بوە بە پێشمەرگە؟؟ مام ڕەسوڵ لە دایک بوی گوندی "کانی ڕەش"ی. سەدرئاباده کە پاشان کۆچیان کردوە بۆ گوندی "قۆزلووی گەورە" سەر بە گەورکی یەک. لەم گوندە ماونەوەو بە کاری وەرزێری و کشتوکاڵەوە خەریک بوون و ژیان و بژێوی خۆیان لەم ڕێگایەوە دابین کردوە. دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکرات و هێزە سیاسیەکان. مام ڕەسوڵ ئەگەرچی برا گەورەکەی پێشمەرگەی حزب بوو، ئەویش دەبێتە ئەندامی حزب و هەروەها ئەندامی یەکیەتی لاوانیش بوە. هەتا ساڵی ١٣٦٢ دوژمن هێزێکی زەبەلاحی کۆکردبۆوە بە ئامانجی پاکسازی کردنی ئەم ناوچانە لە پێشمەرگەکانی گەل و دامەزراندنی هێزەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا. کە زیاتر لە پەنجا هەزار کەس بوون لە پاسدارو سەربازو جاش و بەسیجی. بۆ سەر هەموو گوندەکانی سەر بە مەنگوڕانی مەهاباد. کاتێک ئەم هێزە ڕوو لە گوندی "قوزلوو" دەکەن ڕەسوڵ زۆر داوا لە هاوڕێکانی دەکا لەگەڵی بچن، هەتا پێشمەرگەکان ئاگادار بکەن لەم هێرشە گەورەیە. بەڵام کەس لە گەڵی ناچێ و مەجبوور بۆ خۆی بە تەنیا. وەڕێدەکەوێ بەرەو جێگاو شوێنی پێشمەرگەکان. لە سەعات یازدەی شەو دەکەوێتە ناو کەمینی جاش و پاسدارەکان و دەیگرن. هەتا بەیانی کاتێک پێشمەرگەکان دەرگیر دەبن لەگەڵ ئەم هێزە. ڕەسوڵ ئەم شەڕە بە هەل دەزانێ و هەڵدێ و دوای تەقەکردن لە ڕەسوڵ بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە گوندی "جانداران" لەوێ خۆی بە پێشمەرگەکانی هێزی "زمزیران" دەناسێنێ و بۆ ماوەی پازدە ڕۆژان لەگەڵ ئەوان دەبێ و ڕەسوڵ ناوی بە کوژراو بڵاو دەبێتەوە. پاشان بە نهێنی خۆی دەگەیەنێتەوە گوندەکەی خۆی و بۆ ماوەیەک لە ماڵەوە بە نهێنی دەمێنێتەوە. تا سەرئەنجام لە بەهاری ساڵی ١٣٦٢ بڕیار دەداو ڕەسمەن دەبێتە پێشمەرگە لە "ناوەندی سپی سەنگ" هەتا سالی ٦٤ ناردراوە بۆ دەورەی سەرەتایی فێرگە. لەو کاتەدا لە گوندی "سیسێر" سمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی

دەبەستریٚ بە بەشداری کۆمیتە شارستانەکان، دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە کە سەرئەنجام هێرشی کردە سەر ئەم ناوچەیەو شەڕێکی گەورەو نابەرامبەر لەگەڵ دوژمن دەستی پێکرد لە بەیانی زوو هەتا ئێوارە، دوژمن لە هەموو لایەکەوە ناوچەکەی تۆپ و خومپارە باران دەکرد. لە کۆتایدا دوژمن شکاو هەڵات، کە کوژراو بریندارێکی زۆری هەبوو. بە داخەوە لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بە ناوەکانی: ١- عەزیز مرانەیی ٢- ڕەسوڵ ئازوردە. ڕۆحیان شاد بێ. پاشان ڕەسوڵ دەچێتە هێزی "پێشەوا" لێرە دەمێنێتەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا. ڕەسوڵ لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد بەشداری چالاکانەی هەبووە لە هیچ فیداکاریەک درێغی نەکردووە. وەک شەڕی گوندی "مێرگە نەخشینە" ی سەقز. لە شەڕی بەناوبانگی "تەرەغە" لە شەڕەکانی پشتی گوندی "شیلاناویٚ" پشتی گوندی "سەهۆڵان" چەندین شەڕی "نێرخاسان" لە "چۆمەڵ" و "ساردە کۆسان" و "سەرتەنگ" و "سەرهۆڵان" و میرەسێی مەنگوڕان. هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هەڵوێستی زۆرێکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەکان و سەرئەنجام جودا بوونەوەو ڕاگەیاندنی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" ڕەسوڵ هەڵوێستی خۆی گرت و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کرد. لێرەش هەر لە هێزی پێشەوا مایەوەو، وەک یاریدەدەری کادر دیاری کرا. ڕەسوڵ بە ڕۆحیەو ورەیەکی بەهێزتر قۆڵی لە خەبات هەڵماڵی و ئامادەی هەموو گیانفیدایەک بوو لە پێناو ئامانج و ئاواتی گەلەکەی.. ڕەسوڵ پاشان ڕەوانەی دەبیرخانە دەکریٚ ولەویٚ دەبێتە جێگری پەلی پارێزگاری لە دەبیرخانەو دەفتەری سیاسی و هەروەها پارێزەری شەخسی سکرتێری حزب. ڕەسوڵ پێشمەرگەیەکی موتمەئین و نهێنی پارێزو جێگای باوەڕی هەمومان بوو. ڕەسوڵ لە ساڵی ١٣٧٥ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوەو بەرهەمی ئەم ژیانە دوو کچ و کوڕێکی چاو گەشانی ئەم کوردستانەن. ڕەسوڵ ئێستا لە وڵاتی "نۆرویژ" دەژی و بە هەمان شێوەی پێشوو کارو تێکۆشانی خۆی درێژە دەداو هەموو ئەرک و کارو فەرمانەکانی حزب لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەبات...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

------------------------------------------------ ----

## هاوڕێ حەسەن مینایی




ئەوڕۆ دەمانەوێ پێکەوە میدالی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگانە بدەین لەسینگی کادرو پێشمەرگەی دێرین کاک (حەسەن مینایی)

**بابزانین کاک حەسەن مینایی کێیە!؟**

حەسەن لەگوندە جوانەکەی (بێژوێ) لەئالانی ناوچەی سەردەشت چاوی بەدنیا هەڵێناوە و یەکەم هەناسەی لە هەوای سازگاری کوردستان هەڵمژیوە.

ئەو سەرباز دەبێ و تازە پێدەنێتە ناو تەمەنی نۆزدە بەهاریەوە کە یەکەم چەخماخەی شۆڕشی دژی پاشایەتی بەرگوێ دەکەوی. ماوەی ڕاسانی خەڵکی ئێران تا خستنی ئاخرین پایەکانی نیزامی سەڵتەنەتی سالێک ناخاێنێ و گەل تەختی حاکمییەت تێکدەڕووخێنی. لەو کاتو ڕۆژانەدا، هەلێک دەرەخسێ بۆ حەسەن کە کەوڵی ناشیرنی ئیجباری (سەربازی) فڕێ بداو بەجێگای ئەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشی. یەکەم وێستگەی دەستپێکی خەباتی حیزبی و کوردایەتی ئەو، لە ڕێکخراوی یەکیەتی لاوان و لە ژێر دروشمی ئەو کاتەی حیزب "دێموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" دەبێتە پێوەری کارو چالاکی و واجبە ئیجباریەکەی پێشووی بە ئیختیاری دەگۆڕێ. دەرئەنجام ئەو بە عەلاقەو باوەڕی کوردانەیەوە، بە دەستێک چەکی بەرگری و بەدەستەکەی دیکەش کتێب و قەڵم هەڵدەگری.

لە گەڵ تێپەڕینی ماوەێک خزمەت و چالاکی لە یەکیەتی لاوانی دێموکڕات دا، دەبیندرا و دەبیسترا کە وا کۆمەڵگای ئێران و لە نێویانیشدا نەتەوەی باڵا دەست خەریکە ئارایش دەگۆڕێ و سەفبەندی ڕێزەکانی دەکات بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و

مەبەستیشیانە چەمکی کافر بوون و تیژی تەجزیە تەڵەبی بکەنە بەهانەی دوژمنکاری تا دەرئەنجام وەکوو ئالیات و ئامرازی سەرکوتی خەڵک و داگیرکاری خاکی کوردستانی پێ پاساو بدەن. بۆیە لێرە حەسەن بە واجبی دەزانی سەنگەری خەباتی سیاسی و مەدەنی بە سەنگەری شەری بەرگری بگۆرێ و لە هێزی موعینی و لکی سێی شەهید سمایلی سەلیمی سازمان وەربگرێ.

فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە کورد کرا بە نووشتەی سەر بەرۆکی هەر پاسدارێک. پلانی دارێژراوی شەڕ بۆ قەتڵی گشتی کرداری دەکرا. کوردو دێموکرات دەبوو بۆ بەرگری باشتر لە دوو بواری سەربازی و رێکخستن دا خۆی رێکبخاتەوە. بۆیە بە تەشخیسی ئۆرگان و بەبریارێک، حەسەن بۆ بەشداری لە یەکەمیین کۆنفرانسی رێکخراوی ناوچەی ئالان دەنێردرێ. لەو کۆنفرانسە دا، ئەو بە زۆرینەی دەنگی بەشداران وەکوو کادر هەڵدەبژردرێ. لەو کاتەوە لە ماوەی دەیەی یەکەمی دوای شۆرشی سەرتاسەری و شەرِی رژیمی دژی گەل و بەرگری لێبراوانەی رەوا دا، حەسەن بە ئەندازەی تواناو شارەزابوونی لە بوارەکانی رێکخستن وسەربازی دەوری کارا دەگێرێ. ئەو پلەکانی بەرپرسی لاوان، پێشمەرگەی سادە، کادری ناوچە، ئەندامی کومیتەی شارستان، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی، واجب دەبینی و لە ساحەو مەیدانی کردار دا، وەک عەدەدی دیاری سەر سەفحەی خەباتی سەردەم دەردەکەوێ و لە سەر رووداوە سیاسی و سەربازیەکانی ئەوکاتی شارو ناوچەش شوێندانەر بووە. هاوتەریب لە گەڵ ئەمانەش بەشدار بووە لە گشت کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانی شارو شارستان و بەشداری کردوە لەدەورەی عالی بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی قوورس و هاوکات لە کۆنگەرەکانی شەش و حەوتی حیزب لە گەلاڵەو گەورەدێی ناوچەی شاربازێر و شینکایەتی بەشداری کردوە.

حەسەن لە یەکەم رۆژی دەستپێکی خەباتی حیزبی و کوردایەتی را تا دەگات بە ئەمرۆ کە دەکاتە چل ساڵی رەبەق، ئیفتخاری ئەندامەتی بێ پسانەوەی دێموکراتی تابلۆی سەر سینگەو خۆزگەو خەباتی رابردوو، ئێستا و داهاتووشی بۆ وەرگرتن و بەهرەمەند بوونە بە سفەتە جوان و بەرزەکانی کوردانە، کە لەسەداقەت، سەراحەت، شەهامەت و راستگۆیدا خۆدەبیننەوە.

رێزو خۆشەویستیمان بۆ کادرو پێشمەرگەی دێرین کاک حەسەن مینایی.

بۆم گرنگە یادو قودردانی و سوپاس بکەم لە قارەمانە زیندوانەی رۆژە سەختەکانی خەبات. هەتا لەژیاندا ماون رێزیان لێبگرین.

## هاوڕێ برایم نەمەشیری.




یادێک و سوپاس و قەدردانیەک لە پێشمەرگەی دێرین، کاک برایم نەمەشیری.

ئەمجارەش پێکەوە هەموومان سەردانی پێشمەرگەی دێرین و دڵسۆزو کوردپەروەر دەکەین. میداڵی ڕێزلێنان دەدەین لەسینگی ئەم تێکۆشەرەی دێموکرات.

کاکە برایم لەگوندە جوانەکەی (ئێنجێ)ی خوارووی سەربەناوچەی (بانە) لەباوەشی بنەماڵەیەکی هەژاری کوردپەروەر چاوی بەدنیا هەڵێناوە. دوای چەند ساڵێک ماڵیان دەچێتە گوندی نەمەشیر، هەر لەوێش گەورە دەبێ بۆیە بە برایم نەمەشیری ناسراوە.

کاک برایم لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی، وەکوو زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان هەستی نەتەوایەتی دەبزوێ و دڵی وەکوو دڵی شۆڕشگێڕان گەرم دادێ بۆ وەدەست هێنانی مافە سەرەتاییەکانی گەلە چەوساوەکەی. بۆیە لەساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و چەکی بەرەنگاری و خەبات بەدژی داگیرکەران دەکاتە شانی.

کاک برایم لەزۆربەی شەڕەگەورەکانی ناوچەی بانەو دەوروبەر چالاکانە بەشدار بووە. بەتایبەتی هێرشە

زەبەلاحەکانی هێزەکانی ڕژێم لەناوچە مەرزیەکانی سەردەشت و بانەو شەڕی بەناوبانگی دارساوێن کە هەموو هێزەکانی ڕژێم تەفرو توونا کران. لەگەڵ چالاکی پێشمەرگانەو شەڕی ناو سەنگەر گەورەترین چالاکی دیکەی ئەنجام داوە ئەویش کاری تەداڕوکات و گەیاندنی خواردن بۆ سەنگەرو بەرەکانی شەڕ.

کاک برایم پاشان کاری سەرەکی تەداروکات وە ئەستۆ دەگرێ و هەتا ساڵی ١٣٦٩ بەردەوام دەبێ لەم ئەرکەدا.

لەماوەی پێشمەرگایەتیدا ٤ جار بریندار بووە، بەڵام هەرگیز نەبۆتە ڕێگر لەئەرک و کارەکانیدا.

سوپاس و ڕێز لە ماندووبونتان و ئێوە بوونە مێژوویەکی سەربەرزو خۆڕاگر لەبەرامبەر دوژمنێکی دڕندەدا.
سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد

مردن و نەمان بۆ دوژمنان و خۆفرۆشان.

--------------------------------------------------

## هاوڕێ سەید کەماڵ بەدری





سەید کەماڵ بەدری خەڵکی مەهاباد، هاوڕێ و هاوسەنگەری لە مێژینەم. یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی لکی ٣ی هێزی پێشەوا بوو کە کەسێکی خۆشەویست و دڵسۆزو بە بیروباوەڕە، سەید کەماڵ زۆر ئازایانە لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد بەشداری چالاکانەی کردووەو هاوڕای هاوسەنگەرانی کاتی شەڕەکان و حەماسەکان زەربەی زۆر بەهێزیان لە دوژمن

وەشاندووە. سەید کەماڵ نهێنی پارێزو دەورێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستنەکانی لاوانی ناو شار. هەروەها کادرێکی دەرمانی بە تواناو لێزان بوو کە لە زۆربەی جەولەکانی پێشمەرگە لەگەڵ بوو لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، کە هەمیشە زۆر لێزانانە چارەسەری بریندارەکانی شەڕی پارتیزانی کردووە لە کاتە سەختەکانی ڕۆژانی خەباتی پارتیزانی... دوای مانەوە لە بنکە سابتەکانی حزب دا سەیدکەماڵ ئەرکی خەدەماتی ناوەندی دووی کوردستانی بە ئەستۆوە بوو، کە بەوپەڕی تواناوە ئەم ئەرکەشی وەکوو ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوەدەبرد.. هەتا لە ساڵی ١٩٩٦ ڕێگای هەندەرانی گرتەبەرو دوای مانەوەی ساڵێک لە وڵاتی تورکیا گەیشتە ئەوروپاو ئێستا لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا جێگیر بوەو گیرساوەتەوە..

هیوای ساغی و سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم...

-----------------------------------------------------

## هاوڕێ عەلی پێشکاری




بڕاو دۆست و هاوڕێی بەڕێزو خۆشەویستم کاکە "عەلی پێشکاری" کەسایەتیەکی ئاشنا بۆ هەموو شۆڕشگێڕانی کوردستان بە تایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان. ئەوەی جارێک کاک عەلی دیبێ دەزانێ و تێدەگات کە چەندە پیاوێکی دڵسۆزو دڵپاک و کوردپەروەرو نیشتمان پەروەرە.. هەر خۆش بوو میوانی بای بۆت دەردەکەووت لە ماڵە خۆیدا چەندە بە مەعرەفەت و ڕووخۆش و میهرەبان بوو، بۆ هەمیشە ماڵی ئەم زاتە بێ میوان نەبوە، هەر لە پشتئاشان و سلیمانی و ڕانیە و بەغداو هەر شوێنێک کە کاک عەلی ماڵی لێی بووبێ هەموومان دەزانین ماڵەکەی لە بنکەیەکی حزبی قرەباڵغ تربووە. بێ ئەوەی بۆ یەکجاریش یەک میوانیش هەستی بە ماندوویەتی ئەم بنەماڵەیە کردبێ. بەڕاستی ئەوە لە دەست هەموو کەس نایەت و هەمووکەس تەحەمولی ئەو هەموو میوان و میوانداریەی نیە، زۆر لەکادرو پێشمەرگەکان بە چەند ڕۆژو شەو لەماڵە کاک عەلی دەمانەوە.. خۆشم دەوێی کاکە عەلی لەهەر کوێ بی تاجی سەر سەرمانی و من لە جیاتی هەموو ئەو میوانانەت

سوپاسی ئەو هەموو زەحمەتانەتان دەکەم - ئێمە وەکوو کادرو پێشمەرگەکان چاوت ماچ دەکەین هەرچەندە بۆخۆت کادرێکی بە ئەزموون و زەحمەتکێش و لە ڕیزی سەرکردەکانی حیزبدا بووی بەڵام خزمەت و زەحمەتەکانت لەبەر چاوە -

هەر بژی و هیوای تەمەن درێژی و ساغ و سلامەتیت بۆ دەخوازم.

--------------------------------------------------

## هاوڕێ زێنەبە ڕەش



لەسەرەتای سەرکەووتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی. حزبی دیموکراتی کوردستان کاروتێکۆشان و چالاکیەکانی خۆی بەئاشکرا دەست پێکردەوە. خەڵکی کوردستان کەوتە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، دوای ئەوەی خومەینی و ڕژیمەکەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، یەکەم کاریان ئەوە بوو فەرمانی جیهادیان دەرکرد بۆ سەر کوردستان و شەڕیان بەسەرماندا سەپاند. خەڵکی کوردستان کە دوژمن هاتبووە سەرماڵ و حاڵیان بڕیاری بەرەنگاریان داو ڕووبەڕوی دوژمن بونەوە. لەوکاتەوە هەتا ئێستا کە نزیک بە ٤٠ ساڵ تێدەپەڕێ ئەو شەڕو هێرشانە لەسەر خەڵکی کوردستان بەردەوامە. لەوکاتانەدا کەشەڕ زۆر توند بوو لەشارەکانی کوردستان، قیافەو ناوی (زێنەبە ڕەش) لەسەر زاری خەلک و گشت پێشمەرگەکان بوو، بەتایبەتی لەشەڕی شارەکانی (سنە - سەقز) هەروەها مەهابادو شومال و جنوبی کوردستان بەشداری لە هەموو شەڕەکان کردووەو شان بەشانی براکانی کۆڵان بەکۆڵان و سەنگەر بەسەنگەر دوژمنانی داگیرکەری دەتەزاندن. هەرچەند لە درێژایی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا زۆر بوون ئەو کچە قارەمانانەی بەشانازیەوە پێشمەرگە بوون و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگە و کوردایەتیان پۆشی بوو، لەجیاتی خشڵ و زێڕو زیوو قەتارەی فیشەک و

نارنجۆکیان لەخۆیان ئاڵاندبوو کە بەداخەوە زۆر لـەو خوشکە قارەمانانە لەسەنگەردا شەهید بوون یان لە زیندانەکانی دوژمن دا تەحەمولی ئەشکەنجەو بێ حورمەتیان گرت و پاشان سەربەرزانە چوونە بن پەتی سێدارەو ڕەگباری گوللەباران کردن و شەهید بوون و بۆ هەتا هەتایە ناویان لەمێژوودا دەدرەوشێتەوە خوشکە زێنەب بەخۆشیەوە لەژیاندا ماوەو لەهەر کوێ بێ سڵاوو ڕێزم هەیەو ناوچاوانی ماچ دەکەم...

---------------------------------------------

## هاوڕێ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی



ئەوکات کە ئەو ڕووداوە لە بنکەی هێزی گیاڕەنگ ڕوویدا، من لەوێ نەبووم چونکە تازە ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو لـە شـاری سلیمانی بووم. بەڵام پێشمەرگەی بنکەی هێزی گیاڕەنگ بووم، مامۆستا (حەسەن شیوەسەڵی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیاڕەنگ بوو. بەڕێزی هەتا بڵێی و دڵت بخوازێ کەسێکی دیموکرات و سادق و ڕەشیدو بەوەفاو دلێرو ڕۆح سووک و خۆشەویستی هەموو کادرو پێشمەرگەکانی هێزو خەڵکی ناوچەکە بوو. کەمترجار هەڵدەکەووت بۆ عەمەلیاتەکان لەگەڵ نەبوایە هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی سەنگەرەکان بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان. فەرماندەیەکی بە تواناو بە بەرنامەو بوێرو لە خۆبوردوو بوو، من ماوەی چەند ساڵێک لەخزمەتیدا بووم، دەزانم کەسایەتی مامۆستا چەندە ڕیشەدار بوو لەناو خەڵکی ناوچەکەداو لـە ناو هەموو کادرو پێشمەرگەکاندا. دوژمن هیچ کاتێک لەباری سەربازیەوە نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەم فەرماندە قارەمانە بـێتەوە زۆرجار پیلانی تیرۆری ئەم فەرماندەیان داڕشت و بەڵام هەرگیز سەرکەووتوو نەبوون، دوژمن مەبەستی بوو لەناوی بەرێ چونکە تەنگی بەهێزەکانی دوژمن هەڵچنیبوو لە ناوچەی سەردەشت. بۆیە سەرئەنجام ئیتلاعاتی ڕژێم کە خەبەری هەبوو کاک حەسـەن چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو کە کتێبی (ددان چەرموو) یان (سپید دندان)ی بۆ بکڕن و بۆی بێنن. دوژمن لەم فرسەتە کەڵکی وەرگرتبوو هێنابوویان کتێبەکەیان هەڵکۆڵیبوو ناوەکەیان

پڕ کردبوو لە مەوادی تەقینەوە بە شێوەی شێلان و پەستراو هەتا لەکاتی تەقینەوەدا ئەوپەڕی وێرانکاری بکات. بۆ ئەم مەبەستە دوژمن ٢ کەسی دیاری کردبوو بە شێوەیەکی فێرکراوو و تەعلیم دراو هەتا هیچ شک و گومانێک نەمێنێ، ئەم کەسانە بریتی بوون لە (سەمەد کاژەیی و حەسەن ڕەمەزانی) کتێبەکە لەگەڵ خۆیان دێنن و تەحویلی کاک حەسەن دەدەن. کاتێک کتێبەکە دەکاتەوە لە باوەشیدا دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەردوو چاوەکانی و هەردوو دەستی. کارەساتەکە زۆر دڵتەزێن و سامناک بوو دوژمن توانی زەربەی خۆی بوەشێنی لە حزبی دیموکرات بە گشتی و لە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی بەتایبەتی. هەتا ئێرە زۆر ئاساییەو ئێمە لەشەڕداین لەگەڵ دوژمن لەشەڕیشدا شیرینی نابەخشنەوە، من پێموایە هەرچەندە زەرەرێکی گەورەیان لێداین بەڵام مامۆستا پێشتر لەشەڕەکاندا لەگەڵ دوژمن بە دەیان جار زیاتر تۆڵەی خۆی لە دوژمن کردۆتەوە، بەڵام دیسان سەرمایەیەکی وەکو مامۆستا کەم نەبوو بۆ حزبی دیموکرات وخەڵک یەکجار گرنگ و بە نرخ بوو. بەم شێوەیە ٣٠ دانە ساڵە مامۆستا بەدەم ئەم هەموو ئازارەوە دەناڵێنێ. بە قەولی خۆی دەفەرمووێ ژانی من (ڕەشە ژانە). هەرچەندە لێرەدا من کارم بە ٢ باڵەکەی دیموکرات نیە باسەکەی من با نەبێتە ئەم باڵ و ئەو باڵ لەسەر یەک مەبەستم هەموو بەرپرسانی حزبی دیموکراتە لە ڕادەی سەرەوەدا ئەوانەی کە قسەیان دەڕوات و دەتوانن بڕیار بدەن. دەمەوێ لە هەموویان بپرسم و بە نەوەکانی داهاتووی بسپێرم، سبەینێ منداڵەکانی ئێستا گەورە دەبن و دەپرسنەوەو بۆیان پرسیارە کە بۆچی لەکات و ساتی خۆیداو لەم هەموو کاتەی کەبەدەستەوە بوو نەتانتوانی پەروەندەی شەهیدان دکتورەکان و ڕێبەرەکانمان (قاسملوو – شەرەفکەندی) و شەهیدی زیندوو (حەسەن شیوەسەڵی) هەمیشە زیندوو ڕابگرن؟؟ ئایا نەدەکرا لەسەر شەهیدی زیندوو مامۆستا کە بۆخۆی هێشتا لە ژیاندا ماوەو نەفەسی کۆڵە مەرگی دەکێشێ و سیستمی بەدەنی بێ دەست و بێ چاوی ئەو گەورەترین و زیندووترین شاهیدە بۆ مەحکوم کردنی کۆماری سێدارەو تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لە هەموو دادگاکانی ناو وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، هەتا ڕێبەرانی تیرۆریستی ئێرانی پێ بێنە ناو دادگاکانی ئەوروپا؟؟؟ بەداخەوە ئێستا دەبوو ئێمە ئەم تیرۆرە بکەینە مەشخەڵی ڕێگای سزادانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو جیهان دا. دەبوو تیرۆری مامۆستا لە ڕیزی تیرۆری ڕێبەراندا بوایە. من داوا لەهەموو تازە پێگەیشتووەکان و لاوان و کیژو کوڕانی کوردستان دەکەم هەرگیز پشت گوێ خستنی ئەم پەروەندانەی شەهیدانی ڕێبەرو شەهیدانی زیندوو لەبیر نەکەن و ڕێبەرانی ئێستاو ئەوسا بێنە بەر پرسیارو لێیان بکۆڵنەوە و بڵێن ماوەی چەند دەیە دانیشتن لە باشووری کوردستان بۆچی کۆماری ئیسلامیتان هەڵنەسوڕاند لە دەرەوەی وولات و نەتانکیشانە ناو دادگاکانی ئەورپا؟؟ کاک حەسەن شیوەسەڵی ئێستاش وەکوو فەرماندە هێزی خۆمی دەبینم و هەمیشە خۆم بە وەفادارو پێشمەرگەیەکی ئەو زاتە گەورەیە دەزانم. پێویستە بڵێم کاتی تەقینەوەکە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو لە بنکەی هێزی گیاڕەنگ ڕوویدا. هەروەها هەردوو خائین و خۆفرۆشەکان لەلایەن حزبەوە بەسزای خۆیان گەیشتن.

---------------------------------------

## بژی شێرەکانی ناوچەی بانەی سەربەرز



قارەمانەکانی شاری بانەو دەوروبەر، کە بە دەیان و سەدان ڕۆڵەی فیداکارو دەیان پیاوی ئازاو ڕەشیدی کورد لەو ناوچەیە لە هەردوو دەسەڵاتی شاهەنشاهی و خومەینی دا هەڵکەووتوون و، هەمیشە لە کۆردایەتی و شۆڕشگێڕیدا هەتا سەر ئێسقان باوەڕیان بە نەتەوەکەیان و خاکی کوردستان و شەرەف و ناموسی کورد بووە. هیچ کاتێک و لە هیچ دەورانێکدا نەچوونەتە ژێر ئەمرو دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان. بۆیە هەمیشە دوژمنەکان ویستوویانە لە ڕێی هێزەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە چاوترسێن بکەن و بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵام هەرکاتێک دوژمن هێزی بەکار هێناوە لەگەڵیان، ئەمانیش لێیان ڕاپەڕیون و بەرەنگاریان بوونەتەوەو هیچ کات تەسلیمی زۆر و ستەمی دوژمنەکان نەبوون، چەندین کەسی وەکوو (حەمە تاڵی بانە) لە کوێستانەکانی (کەلیخان) و دەوروبەری (ئاربابا) لە حکوومەت یاغی بوون و سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکردووە، بەڵام هەموو جارێ دوژمن بۆ سووک کردنی ئەمانە ناوی چەتەو ڕێگری لەسەر داناون، هەتا بتوانێ لەو ڕێگایەوە لە خەڵکیان جودا بکاتەوە.

---------------------------------------------

هەمیشە قارەمەنەکانی جنوب و هێزەکانی (بێستوون، داڵاهۆ، زرێباری مەریوان، شەریفزادە) لەلای ئێمە خۆشەویست بوون و بەتایبەتی کاتێک بریاری ٥٩ عەمەلیاتیان دەرکرد بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی، کە بەدەستی پیاوکوژەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئیعدام کران. شێرەکانی (کرماشان، کامیاران، سنە، ئیلام) و هەموو شارۆچکەکانی تر ی جنوبی کوردستان، دەورێکی گرنگ و بێ وێنەیان هەبوو لە شۆڕشی گەلەکەمان، دوژمنیان گێژو کاس و دەستە وەستان کردبوو، هەموو ڕۆژێ گوێبیستی سەرنج و قارەمانیەتی ئەم شۆڕشگێڕانە بووین. ڕۆحی شەهیدەکان شادوتەمەن درێژی بۆ ئەوانەی وەفادار بە حزب و خەڵکەکەیان ماون.

## هاوڕێ مەحمەد جەنگجو



یەکێک لە پێشمەرگە زەحمەتکێشەکانی حزبی دیموکراتە کە ئێستا دانیشتووی دەرەوەی وڵاتە.

شۆڕش هەر بەقەدو باڵای کوڕە هەژارو چەوساوەکاندا بڕاوەتەوە. بۆیە یەکێک لە هێما جوانەکانی شۆڕش بوونی خەڵکانی هەژارو چەوساوەو زەحمەتکێش و کرێکارو بازاڕیەکانە. محمد جەنگجو یەکێک بوو لەسیما جوانەکانی کەسێکی جوتیارو زەحمەتکێش.

هیوای ساغ و سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

-------------------------------------------

## یادیک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی زاگرۆس




یادێک لە کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی زاگرۆس ی حزبی دیموکرات. کە لەماوەی شۆڕشی چەکداری و بەرەنگاری پیرۆزدا، بە دەیان عەمەلیاتی گەورەیان بە دژی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دا و سەرکەووتنیان بۆ گەلەکەیان تۆمار کرد. کە کوردستان و دارو بەردیان لە دوژمن کردبووە گۆڕستان، تالاوی مەرگیان دەکرد بە گەرووی داگیرکەرانی کوردستان دا. لەم پێناوەدا زۆرێک لە لاوەکانی وولات خوێنی پاکیان پێشکەش بە داری ئازادی کردوو سەربەرزانە چوونە ناو کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستانەوە.

ڕۆحتان شاد و یادو یادگارەکانتان هەر زیندوو بن، دڵنیابن ئاوات و ئامانجەکانتان دێتەدی و خوێنتان بەفیڕۆ ناچێ. بژی کوردو

--------------------------------------------------

## هاوڕێ مامۆستا مەحمەد ساڵحی



ئەمجارە هەموومان پێکەوە دەچینە سەردانی هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرینمان مامۆستا (مەحمەد ساڵحی). پێکەوە میداڵی دڵسۆزی وفیداکاری وەکوو دیاری و پێزانین لە زەحمەتەکانی پێ بەدەبەخشین. ئێستا با بزانین مامۆستا محمد ساڵحی کێیە؟

محمد لە گوندە جوان و سەر سەوزەکەی (بێژوێ)ی ئالانی سەردەشت، لەناو باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی جووتیار چاوی بە دنیا هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەم گوندە تێپەڕاندووە. بۆ درێژەدان بە خوێندن ناردویانەتە شاری (سەردەشت). دووەمی ڕەهنمایی و دەبیرستانی لەو شارە تەواو کردووە؛ مەحمەد لەکاتی پشودانی قوتابخانە گەڕاوەتەوە گوندو هاوکاری باوکی کردووە لە کاروباری مووچەو مەزراکەیاندا. بەم شێوەیە هەتا کاتی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری بەدژی ڕژیمی شاهەنشاهی. محمد ئەوکات جەوانێکی خوێن گەرمی کورد بوو. لەگەڵ هاوڕێکانی بەشداری چالاکی هەموو خۆپێشاندانەکانی کردووە. ئەوکات هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێز بوو لەناو لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. دوای ڕووخانی ڕژیمی شاە، و ئاشکرابوونی خەباتی حزبی دیموکرات. مەحمەد دەچێتە ناو ڕیزی یەکیەتی لاوانی دیموکرات لەشاری سەردەشت. لەوێڕا وەک لاوێکی دڵسۆز خەباتی خۆی دەست پێدەکات. دوای سەپاندنی شەڕ لەلایەن مەلاکانی تارانەوە بەسەر گەلی کوردا، مەحمەد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و ئامادە دەبێ بۆ دیفاع لە ئاوو خاک و زێدەکەی. ساڵی ١٣٥٩ تفەنگی شەرەف دەکاتە شانی هەتا هاوینی ساڵی ١٣٦٠ لەو کاتەوە، لەیەکەم کردنەوەی خولی مامۆستایەتی بۆ منداڵانی کوردستان لەلایەن حزب و کۆڕی پەروەردەو خوێندنی کوردستان کرایەوە. مەحمەد بەشداری لەم خولەدا دەکات. دوای تەواو بوونی خولەکەو سەرکەووتنی. مەحمەد وەکوو مامۆستای شۆڕش دەینێرن بۆ گوندی (بناوێ)ی ناوچەی ئالانی سەردەشت. هەتا منداڵە چاو گەشەکانی ئەم گوندەو هەموو گوندەکانی کوردستان بێبەش نەبن لە ڕووناکی زانست. کاتێک قوتابخانە لەم گوندە کرایەوە، باندێکی سەر بەڕژیم کەچاویان بە کردنەوەی قوتابخانەکە هەڵنەدەهات و نەیاندەویست منداڵەکان فێری زمانی کوردی واتە زمانی دایکیان بن. بۆمبێکیان لەناو تانکی ئاوی قوابخانە دانابۆوە. کە

بەیانی لەگەڵ کۆبوونەوەی هەموو منداڵەکان بتەقێتەوە. بەڵام بەخۆشیەوە بۆمبەکەیان خراپ تەوقیت کردبوو، لە نیوەشەودا تەقیەوە. کە تەنها زەرەری بە قوتابخانەکە گەیاند. بەڵام مامۆستا مەحمەد بێ گوێدان بە هەڕەشەکانی دوژمنان بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەم گوندە دەرسی بە منداڵان کووتەوە. پاشان بۆ ساڵی سێیەم دەینێرنە گوندی (سنجوێ)ی ئالانی سەردەشت. لەم گوندە هەر مانگێک بوو مامۆستا دەرسی بە منداڵەکان دەگووت، کە ڕژیم لە شارەکانی (بانە و سەردەشت) هێرشی زەبەلاحی سەربازی خۆیان دەستپێکرد. لە چوار لاوە هێرشیان کردە سەر ئەم ناوچە سنووریانە. لەم ناوچەیەدا کە دوژمن هێرشی بۆ کردبوو، سەرکردایەتی هەموو هێزە سیاسی یەکانی تێدا بوو. بۆیە دوژمن هەرچی چەکی قورس هەبوو بەکاریان هێنا. دوای ماوەیەک شەڕی گەورەو هێرشی زەبەلاح، دوژمن توانی ئەم ناوچانە داگیر بکات و لێی دامەزرێ. مامۆستا مەحمەد لەم شەڕە گەورەیەدا بەرپرسی تەداروکاتی پێشمەرگەکان بوو لەو جەبهەی کە دوژمن لە شاری بانەوە هێرشی هێنابوو٠دوای داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن دوژمنەوە. هەموو سەرکردایەتی هێزە سیاسیەکان پەڕینەوە بۆ باشوری کوردستان٠ ئەوکات لەلایەن کۆڕی پەروەردەوە مامۆستا مەحمەد لە گوندی (سونێ) وەکوو مامۆستای شۆڕش دیاری دەکەن. هەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٣ لەم گوندە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی بەڕێوە دەبات. پاشان دەیگوازنەوە بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی حزب لە (گەڵاڵە) لە باشوری کوردستان. لەوێ خەباتی خۆی درێژە دەدات. هەتا ساڵی ١٣٦٦ وەکوو بەرپرسی تەداروکاتی فێرگە دیاری دەکرێ. لەم ئەرکەدا دەمێنێتەوە هەتا کاتی هەڵوێستی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ١ - ١ - ١٣٦٧ی هەتاوی مامۆستا مەحمەد کارەکەی بەجێدێڵێ و پەیوەندی دەکات بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە. دیارە لە هەموو حزب و سازمانێکدا ئەم چەشنە لێک ترازان و جودابوونەوانە ڕوودەدەن بەهۆی جیاوازی فکری و سەلیقەوە. بەداخەوە لەناو ئێمەشدا ڕوویدا. هەر چەندە ناخۆش و تاڵە بەڵام ئەوە ڕەووتێ سیاسیەو پێشبینی ناکرێ و پێشگیری ناکرێ. هەڵوێستی ڕێبەرایەتیش لەم چوار چێوەیەدا بوو کە ڕوویدا. پاشان مامۆستا محمد لێرە لە بەشی تەداڕووکات و خەدەمات دا درێژە بە خەباتی خۆی دەدا. هەتا ساڵی ١٩٩٤ی زایینی. ڕوو لەهەندەران دەکاو بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە وڵاتی تورکیە وەکوو پەنابەر دەمێنێتەوەو پاشان لە ڕێگای سازمانی کۆچبەران دەدرێ بە وڵاتی ئوستورالیا. ئێستا لەوێش هەر سەرقاڵی کاری حزبی هەیەو ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانە.

------------------------------------------

## یادێک لە  کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی لکی ٣ی هێزی ٢١ی شەهید پێشەوا.




ئەم شۆڕشگێڕو قارەمانانە پشکۆو سووتەمەنی شۆڕش و جوڵانەوەی میللەتێکی زوڵم لێکراوو خاکێکی داگیرکراو بوون و هەن. ڕۆژانێک لەمێژووی خەباتماندا ئەم شۆڕشگێڕانە لە شومالی کوردستان هەتا خواروی کوردستان پێشیان بە داگیرکاری و هێرشەکانی دوژمن دەگرت. کوردستانیان لەدوژمن کردبوە گۆڕستان. نرکە و هەڵمەتیان و قرچەو قرمەی تفەنگەکانیان دوژمنیان وەلەرزە دەخست.

یادو ناوی شەهیدەکان بەرزو بەڕێزبێ.

ساغ و سڵامەتیش بۆ ئەوانەی لەژیاندا ماون

-------------------------------------

## بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە، دیمانەیەک لەگەڵ تێکۆشەر هاوڕێ برایم چوکەڵی.



کاک برایم چوکەڵی پێشمەرگەی دێرین و یەکێک لەشۆڕشگێڕانی ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کەسایەتیەکی تێکۆشەر لە بەشی و سیاسی و پێشمەرگایاتیدا، دژی ڕژێمی دیکتاتۆری ئێران خەباتی کردووە. مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان بۆ ڕۆژی پێشمەرگە دیمانەیەکی لەگەڵ کردووە.

با لەزمان خۆیەوە ببیستین برایم چوکەڵی کێیە.

**پرسیار**: کاک برایم تکایە خۆت بناسێنە؟

**وەڵام**: من ناوم برایم چوکەڵی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە باوەشی بنەماڵەیەکی وەرزێری ئاوایی داشبەند سەربە شاری بۆکان لەدایک بووم.

**پرسیار**: کاک برایم ساڵی چەند بووی بە پێشمەرگەو بەرپرسایەتیەکانت چی بوون؟

**وەڵام**: من لە ڕێکەووتی ١٨ - ٨ - ١٣٦٠ی هەتاوی بووم بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و لەهێزی ١١٠ی بەیان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم پۆشی و دەستم کرد بە خەبات و تێکۆشان. لەبەهاری ١٣٦٣ کرام بە سەرپەل ساڵی ٦٦ کرام بەجێگری لک. هەر لەهاوینی ئەو ساڵەدا وەکوو فەرماندەری لک دیاری کرام، لەزستانی ساڵی ١٣٦٦ کرام بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکان. لە ساڵەکانی ٦٦ - ٦٧ ئەندامی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەری لک بووم. ساڵەکانی ٦٩ - ٧٠ وەکوو فەرماندەری لک ئەرکەکانم بەڕێوە بردووە. لەساڵی ١٣٧١ لەلایەن دەفتەری سیاسی یەوە وەکوو فەرماندەری هێزی

٢ی ڕێبەندان و ئەندامی مەڵبەندی ٢ دیاری کراوم. لەساڵەکانی ٧٢ و ٧٣ و ٧٤ بەرپرسایەتی هێزی بەیان م پێ ئەسپێردرایەوە. ساڵەکانی ٧٥ و ٧٦ وەکوو فەرماندەری هێزی پارێزگاری سەر بە دەفتەری سیاسی دیاری کرام. دوای کۆنگرەی ١١ی حیزب لەزستانی ١٣٧٦ وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرام هەتا پێکهێنانی ناوەندەکان لەساڵی ٧٧ لەو پۆستەدا مامەوە. لەساڵی ١٣٧٨ وەکوو ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستان و فەرماندەری تیپ دیاری کرام هەتا ساڵی ١٣٨٥ ئەو ئەرکەم بەڕێوە بردووە. لەساڵی ١٣٨٥ وەکوو بەرپرسی فێرگە دیاری کرام. لە ساڵی ١٣٨٦ لە کۆنگرەی ١٤ وەکوو جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی فێرگە دیاری کرام.

**پرسیار**: کاک برایم چۆن تێکەڵ بەخەبات و پێشمەرگایەتی بوی، هۆی چی بوو؟

**وەڵام**: لە ١٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بۆ من دەرفەتێک بوو تا بتوانم بە ئاواتی هەرە گەورەی خۆم بگەم و خۆم لەدەست ئەو هەمووە زوڵم وزۆرەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو رزگار بکەم٠ کەلەمێژ بوو بیرو مێشکی تەنیبووم ودڵ ورۆحی پاوان کردبووم ئەو شەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ڕوویان کردە گوندەکەمان بۆ ماوەیەک پشوویاندا منیش بڕیارم دابوو یەک جار بمرم باشترە تا ڕۆژی جارێک بمرم.

تەمەنم بۆیە دانا تا بتوانم لە تەمەنی کورت بەڵام پڕلەبایخ خزمەتێک بە نەتەوەیەک بکەم کە بەدرێژایی مێژوو زووڵمی لێکراوە ئەگەر ڕۆژێک ئەو نەتەوەیە ڕزگاری بێ من لەژێر گڵ شانازی پێ دەکەم کە سەرم بۆ گەل داناوە. ئەگەر رزگاریش نەبێ دەزانم ڕێبوارانی ڕێگام درێژەی دەدەن تا ڕزگاری دەکەن دیسان شانازی بە خۆم دەکەم چۆنکە خوێنی منو هەزارانی وەک من بوونە مایەی ڕزگاری و ئازادی.

**پرسیار**: پێشمەرگەو شۆڕش چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: پیشمەرگە لە فیداکاریو جوامێریی دەبێ ڕێزی بگیرێ. لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ناوی پێشمەرگە سوکنایيدەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زۆڵم وناعەداڵەتیی دەسەڵاتدارانی زۆردار دەناڵێنن. بۆیان گرینگ نیە چیان بەسەر دێ تەنیا دڵیان بەوە خۆشە کە لەو ڕێگایەدا چ بژینو چ بمرن ڕووسوورو سەر بەرزو لەخۆبووردوو و قارەمانی نەتەوە بن.

"هەبوون" یا "نەبوون" ئەوە گرینگ نیەو تەنیا وەسوەسەیە، مەسەلەکە ئەوەیە کە "بوون" چیەو "نەبوون" چیە. زۆر کەس

هەبوونو ئێستاش نین زۆرکەسیش نەبووەو ئیستا هەن. کە واتە گرینگ "چۆن بوون"ە، ئینسان بە مانای گەورەکەی، لە هەر دەورێکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ. بەواتای پیشمەرگە.

بەڵام شۆرشێ کورد، ساڵانێکی زۆرە نەتەوەی کورد بۆ سەربەستی ژیانی خۆی بێوچان خەبات دەکا. لەو پێناوەشدا مێژوویەکی پڕ لەسەروەریو پڕ لەشانازی هەیە. نەتەوەیەک کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا سەرکوت کراوەو ڕێگای پێ نەدراوە دەنگی حەقخوازنەی هەڵبڕێو لە مەترسی تواندنەوەو لە بەین چوونو لە ژێر فشارو ئەشکەنجەدا بووە، بەمجۆرەش خەڵکی ئازادی ویستی کوردستان بەو زەبروزەنگو ئێشو ئازاردانە ورەی بەرنداوەو کۆڵی لە خەباتو تێکۆشانو قوربانیدان نەداوە. لە گۆڕەپانی ململانێ دەرنەکوتووەو نەیانتوانیوە دەری بکەن. بەڵکوو قورسو قایمتر لەدژی چەوسێنەرانو داگیرکەراندا ڕاوەستاوە لەهەر بەشێکی ئەم کوردستانە پارچەکراوە تێکۆشانی خۆی بە دژی حکومەتە زۆردارەکانو دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستاندا درێژە پێداوەو مانوەموجوودییەتی خۆی پاراستوە.

درێژە پێدانو نەپسانەوەی خەباتی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو زوڵمو زۆر و زەبروزەنگەیە کە لەمێژە بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە. لەماوەی حەوت دەیە پێش ئێستاوە قورساییو ڕێبەری ئەو بزوتنەوە لە ئەستۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی گەلی کورد خەبات دەکا.

**پرسیار**: تکایە بیرەوەریەکی تاڵی و پێشمەرگایەتی یان هەر بیرەوەریەکی تر بۆمان باس بکە؟

**وەڵام**: بیرەوەری چیت بۆ بگێرمەوە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە بیرەوەری زیاتر ناخۆشییەکان، چونکی تائیستاشی لەگەل گەلی کورد لە رۆژهەڵات هەر لەژێر زولمی دیکتاتۆری ئیسلامیدا دەنالێنێ. بیرەوەری ئێمەش هەموو شەڕە لەبەرامبەر داگیرکەردا، بەلام من چەند دانە قسەی خۆشت بۆدەگێرمەوە.

١- ئەو سەگبابانە لە بەیانیەوە بەو شاخەوەن!: لە ئاخری هاوینی ساڵی ١٣٦٥ و سەرەتای پاییز بوو بە بناری کێوی وەستا مستەفا خەریکی پشوو دان بووین لە پڕ گرمەی تۆپ وخومپارە پەیدا بوو پشوودانی لێ تێکداین و خۆمان پێچاوە ولە ئامادەباشی دا ماینەوە. هێزی ڕژێم وەک هەمیشە غیرەتی هاتنە پێشی نەبوو تەنیا لە دوورەوە تۆپبارانی دەکردین. ئیوارێ خۆمان کۆ کردەوە بەرەو گوندی "هەرمێلە" لە ناوچەی سەقز هێشتا هێزەکەی ڕێژیم تەواو نەکشابۆوە پێشمەرگە ڕێچکەیان بەرەو ئاوایی درێژ کردەوە لە گەڵ کاک سمایل بازیار خۆمان لە ئاوایی نزیک کردەوە. پێشمەرگەش بە دووی ئێمەدا سەرەو خوار بوونەوە لە یەکەم ماڵ کابرایەک سەری لە پەنجەرە دەرێنابوو لێمان پرسی چ خەبەر؟ بێ ئەوەی بزانێ

کێین! گوتی: ئەو سەگبابانە هەهاتێن!!!؟؟ (مەبەستی پێشمەرگە بوو) لە بەیانییەوە بە شاخی وەستا مستەفاوەن وەڵا جنێوێکی زۆر حیسابی پێ داینو کاک سمایل گوتی وەرە لێی گەڕێ وەختی ئەوە نیە.

٢- ددانەکانی مەجید: لە پاییزی ساڵی ١٣٧٢ لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بووین ئیوارێ هەوری هێناو دەنکەدەنکە باران دەباری، تیمیک لە پێشەوە بەرەو نێو ئاوایی سەیداوەی جەمیان رویشتن. ئەوانی دیکەش بەشوینیاندا، نزیک ئاوایی بووینەوە هەورەتریشقە توندی کرد کەس سریوەی لێ نەدەهات، تیمی پێشڕەو لەنزیک ماڵان بوون. مەجیدی قارەمان کە باسی ئازایەتی لەجێی خۆی ددانی مەسنوعی دەبێ لەپر دەپشمێ ددانی دەکەون، لەپڕ لەدواوە بۆڵەبۆڵ پەیدا بوو منیش گەڕامەوە بزانم چیە؟ مەجید خەریک بوو لەجەعفەرە سوور بدا وتم چیە؟ مەجیدی گوتی: هەتیوی کەلەکەرووت بەردێکی داومەتێ دەڵێ بیخە زارت فڕێی بدە بزانە دەچێتە کوێ؟ ددانەکان لەوێن! باش بوو ددانەکانی دیتەوە چوینە ناو ئاوایی.

٣- ئاوا سووکترە؟!: ئێوارێی ٢٤ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٠ رۆژێک پێشتر مستەفا بەدری فیداکار شەهید بوو ٥ بریندارمان پێ بوو، هەر ئەو رۆژە ئێوارێ لە گوندی "کەندەشینە"ی بانە کەوتینە کەمین دوو پیشمەرگەی دیکە بە ناوی مەجیدو مامەقالە شەهید بوون. بە ناچاری لە ٧٥ پێچ پێچی گاکڕی بانەماندا پاش دووسەعاتو نیو سەرکەوتین. لە گاکڕ تا سەرچۆمی ماڵەدۆم لە سنوور تێدەپەڕین زۆر خەتەر بوو هەمیشە کەمینی لێبوو، پێشمەرگەیەکمان ژ - ٣ یەکی موزەلی پێبوو ناوی رەحمان بوو زۆر ئازا بوو بەڵام شتیکی پێی خۆش نەبوایە بە هیچ عالەمی دنیا جێبەجێ نەدەبوو. لە گەڵ شەهید محەممەد عەلیزادەو چەند پێشمەرگەی دیکە بۆ ئەو جادەیە لەپێشەوە بوون، تا گەیشتینە سەر چیای گاکڕ زۆر ماندوو بوو. لەنزیک جادەکە خەشابی تفەنگەکەی دەرهێنا لە گیرفانی خست! شەهید محەممەد دەڵێ رەحمان ئەوە نزیک جادەیە ئەو خەشابەت بۆ دەرهێنا؟ رەحمان دەڵێ زۆرماندووم تفەنگەکەم قورسە!! ئاوا سووکترە! پاشان ئەگەر لەسەر جادە کەمین بێ ٤ کەسی لێیە، ئێمەش ٥ کەسین، منیش بەو گوللەیە لە سەر تفەنگەکەیە نەفەرێکت بۆ دەکوژم! ئێوەش سێ دانەکەی دیکە بکوژن!

بژی و سەرکەوتوو بی ئەوە سێ دانەم بۆ گێرایەوە.

زۆر سوپاس و ڕێز کاکە برایم بەهیوای سەرکەووتنی خەباتی ڕەوامان و هاتنەدی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد.

بژی پێشمەرگە چرای نەکوژاوەی شۆڕش.

مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات.

## دیمانە لەگەڵ هاوڕێ مامۆستا عەزیز ڕەمەزانی

**کادرو مامۆستاو تێکۆشەری دێرین. بـــۆ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە.**




مامۆستا عەزیز ڕەمەزانی یەکێک لەو کەسانەیە کــە نموونەیەک لــە کەسایەتــی سیاسی بەبیروباوەڕە، کــە دەیان ساڵ ژیانــی لاوێتــی خۆی تەرخانــی خەبات دژی داگیرکەران کردووە. مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانــی دێموکرات بــۆ زیاتر ناسینــی ئەو خەباتکارە دەیەوێ لەزمانی خۆیەوە بەئێوە بناسێنێ. بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا عەزیز ڕووبەڕوی ئەم چەند پرسیارە دەکەینەوە!

**پرسیار:** مامۆستا عەزیز خۆت بەخوێنەران بناسێنە؟

**وەڵام:** من ناوم عەزیز ڕەمەزانی، خەڵکی گوندی سەوزی لەناوچەی چۆمی مەجیدخان ناوچەی مەهاباد، لەقوتابخانەکانی سەوزی و سەرچنار بە هەزار کێشەو و کەموکوڕی کە لە قوتابخانەکانی ئێران بەتایبەتی کوردستان هەبوون و ئێستاش هەر بەردەوامە. دەورەی سەرتاییم تەواو کرد و بۆ درێژەدانــی خوێندن چوومە شاری مەهاباد. لەوێش ڕەهنمایــی و هونەرستان و دانشسەرای مەقەدەماتیم تەواو کردو مەدرکی دیپلۆمم وەرگرت.

**پرسیار:** چۆن تێکەڵ بەشۆڕش و پێشمەرگایەتی بوی؟

**وەڵام:** هەر لەو سەروبەندەدا تەختی زۆردار لــە تاران لەلایەن خەڵکانــی ئێران و کوردستانیش بەهەمــوو چین و توێژەکانیەوە هاتە لەرزان، زۆری نەخایاند ڕژێمی شاهەنشاهــی تێکەوە پێچرا. بـۆ داهاتووی کوردستان لەئێران و

کوردستان چەند حیزبێک هاتنە کایەوە، لەکوردستان حیزبی دێموکرات زۆر بەرچاوو خۆی نواند. بەدەستپێکردنی دوژمنایەتی دەوڵەتی تازەی ئێران لەدژی خەڵکی کوردستان، من خۆم لە ناو ڕیزەکانی حیزب دا دیتەوە. لە یەکیەتی لاوان و مامۆستای شۆڕش و پاشان کار لە فێرگەی سیاسی نیزامی بەشێک لەئەرکەکانی من بوون. دوای لەتبوونی حیزب لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا لەوێش لەبەشی ڕادیۆ خەریکی کارەکانم بووم. هەتا ساڵی ١٩٩٣ خزمەتم کردووە.

**پرسیار: دەکرێ بیرەوەریەکمان بۆ باس بکەی؟**

**وەڵام:** دەورانێک کە پڕ بوو لە فێربوون و خزمەت کردن، ئەو ماوەیە بوو کە لە فێرگەی سیاسی نیزامی خزمەتم دەکرد. لەهەموو چین و توێژێکی کوردەواری و بەڕادەیەکی یەکجار زۆر دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی. من کە قەرابوو مامۆستا بم، هەر ڕۆژەی دەرسێکی تازەی دژی زۆردارو داگیرکەر فێردەبووم، ئەو فێربوونەم دەگوێزێتەوە بۆ دەورەکانی تر، لەوێ زانیم حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەش تاکوێ هەوڵدەدەن ئەو سەرمایە بۆ دەستبەری ئازادی پەروەردە دەکەن. ئەو دەوران بۆ من خۆشترین بیرەوەریە.

زۆر سوپاس مامۆستا عەزیز بۆ بەشداریتان لەڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە. هیواداریین هەموو ئاواتەکانی ئێوەو گشت پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بێنەدی.


دیسان سوپاس.

مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٨

---

## دیمانە لەگەڵ هاوڕێ سەلاح حاجی ڕەشیدی

بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە.



کاک سەلاح حاجی ڕەشیدی پێشمەرگەی دێرین، یەکێک لەو کەسانەیە کە نموونەیەک لە کەسایەتی سیاسی بەبیروباوەڕ و دەیان ساڵ ژیانی گەنجێتی خۆی تەرخانی خەبات دژی داگیرکەران کردووە. مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات بۆ زیاتر ناسینی ئەو خەباتکارە دەیەوێ لەزمانی خۆیەوە بە ئێوەی بناسێنین، ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانەی کردۆتەوە.

**پرسیار**: کاک سەلاح بەکورتی خۆت بناسێنە؟

**وەڵام**: من سەلاح حاجی ڕەشیدی، کەلەناو هاوڕێکانمدا بە سەلاح چکۆل ناسراوم. لەدایک بووی شاری مەهابادو گەڕەکی پێشمەرگە پەروەری سێ ئاشانم.

**پرسیار**: چۆن و کەی تێکەڵ بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی بووی؟

**وەڵام**: ئەوی ڕاست بێ چەند جاران بڕیاری پێشمەرگایەتیم داوەو هەر جارەو بە بیانوویەک کەبەربەستی سەرەڕەکیش، کەمی تەمەنم بوو لەوەرگیرانم بە پێشمەرگە. ساڵی ١٣٥٩ کاکم فەتاح حاجی ڕەشیدی هاوڕێ لەگەڵ فەرماندەی ئازاو بەجەرگی دێموکرات، وەستا ئەحمەد هیندەوەش لەسەر ڕێگای مەهاباد ورمێ لەنزیک دەراوی کۆسەکەرێز لەشەڕێکی قارەمانانەدا شەهید دەبێت. کەدەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی بە پێشمەرگە بوونی من بوو. هەر بۆیە زۆر جاران کەدەچووین بۆ سەردانی گڵکۆی شەهیدان لەسەر ڕێگای گوندی لاچین پێشمەرگەکانم دەدیتن ولەگەڵ زۆریان ئاشنا بووم. یان شەوانە کە

پێشمەرگەکان دەهاتنەوە ناوشار کەم واهەبوو کە سەردانی ماڵی ئێمە نەکەن. ماوەیەکی باش وەک هەستەی تەشکیلاتی ناوشار ئەرکەکانی کە پێم دەسپێردران ڕامدەپەڕاندن. هەتا ڕژیم دەستی کرد بە گرتن و ئیعدامی بەکۆمەڵی گەنجانی شارو لەهەموویان دڵتەزێن تر ئیعدامی ٥٩ لاوی شۆڕشگێڕی مەهاباد. ئەو سەردەمە منیش دەرفەتم بۆ ڕەخسا و ڕەسمەن پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە گرت، لە دۆڵی شێخان. پاش ماوەیەک مانەوە لەبنکەکانی کۆمیتەی شارستان و هێزی پێشەوا ساڵی ١٣٦٢ لەگەڵ پۆلێک لە لاوانی خوێن گەرم ناردراین بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب، کە ئەوکات لە گەلاڵە بوو. بۆ یەکەم جار دەورەی سیاسی نیزامیم لە گەلاڵە دەست پێکرد کە ئێمە دەورەی سەرەتایی ١٨ بووین.

**پرسیار**: لە ئەزموونی تۆدا شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەڵگری کام واتان؟

**وەڵام**: شۆڕش و خەبات لە ڕوانگەی منەوە، یانی نەچەمانەوە لەئاست دوژمن و داگیرکەران و بەگژداچوونەوەی زوڵم و ستەم. یانی خۆڕاگری نەتەوەیەک کە خاکەکەی داگیرکراوە لە ئاست دوژمنانی دا.

**پرسیار**: کارو بەرپرسایەتیەکانت لەناو حیزبدا چی بوون؟

**وەڵام**: بۆ ماوەیەک بێسیم چی لک و جێگری پەل و سەرپەل هەروەها کادری سیاسی لەخزمەت حیزب و خەڵک و هاوڕێیانم دا بووم.

**پرسیار**: تکایە چەند بیرەوەریەکی خۆتمان بۆ باس بکە؟

**وەڵام**: بیرەوەری یەکجار زۆرن و زۆر جاریش لەکۆڕی هاوڕێیاندا بۆ یەکتر باس دەکەینەوە. بێگومان هەموو سەرکەوتنێکمان بەسەر دوژمن دا بیرەوەری خۆشن، لەهەمان کاتدا لەدەستدانی هاوڕێیان یان برینداربوونیان بیرەوەری ناخۆش لامان جێدەهێڵێ. بیرەوەریە خۆشەکانمان زیاترن بابیرەوەریەکی تێکەڵاوی خۆش و ناخۆشتان بۆ بگێڕمەوە. پایزی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەگوندی بڕایم خەسار، هێزو کۆمیتەی شارستانی مەهاباد خەریکی پشوودان بووین. ماڵەکان پڕ بوون لە پێشمەرگە، ماڵ نەبوو ٨ بۆ ١٠ پێشمەرگەی لێ نەبێ. من لەگەڵ چەند هاوڕێی تر وەکوو شەهید ئەبوبەکر مستەفازادە و شەهید کامران شێخولئیسلامی وسەید سمایل سەیدی و شەهید دیار جەناح و شەهید عەولا بیژەنفەڕ، خدر بەرەجۆیی کەتازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، دکتۆر سادق و ڕەحمان تەهایی لەماڵێک بووین. نۆرەی ڕەحمان تەهایی بوو ئێسترەکەی پەل ڕابکێشێ، باری ئێسترەکە سەرەڕای موهیماتی زیادی، سەتڵێکی هەنگوین تێدابوو. ڕەحمان ئەوەندەی نان و هەنگوین

خواردبو زگی دێشاو پێکەنینی شیرینی لەسەر لێوان کەم نەدەبۆوە وەک عادەتی خۆی.

بەرەبەیانی زوو بوو دوژمن هێرشی هێناو لەچەند لاوە تێکشکێندران و چەند جاشی بەناوبانگی بۆکانی جەنازەکانیان بەجێمان. شەهید دیار چەند وێنەیەکی هەیە کەزۆربەی دۆستان بینیویانە کە کاپشینێکی شینی لەبەردایە، ئەوە ئەو کاوشینە شینەی کابرای جاشی بۆکانی یە کە لەوێ کوژرا. لەو شەڕەدا ماشێنێکی گەورەی دوژمن کە موهیماتی کاتیوشای هەڵگرتبوو، لەگەڵ تویۆتایەک سووتێندران. من ئەوکات قەناسەی تەکتیرم پێ بوو، شەهید ئەبوبەکر مستەفازادە هەزار ڕەحمەت لەگۆڕەکەی لێم دوور نەدەکەوتەوەو ئامۆژگاری دەکردم. پێشمەرگەکان زۆربەیان خۆیان گەیاندە کۆنە پایەگایەکی دوژمن کەچۆلی کردبوو، نازانم ڕەحمان بۆ لەوکاتەدا هێسترەکەی بەجێهێشتبوو هاتە سەرێ. دوژمن بە تۆپ و خومپارە سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاور باران دەکرد، چەند خومپارە لەنزیک ئێمە تەقینەوە کە بەداخەوە خدر بەرەجۆیی کەتازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی بریندار بوو. ڕەحمان تەهایی زۆر بەخەستی بریندار بوو کە بەداخەوە پاشان لاقیان بڕیەوە. ڕەحمان سوێناسیم هەرگیز لەبیرناچێ کە جەرگ و ڕیخۆڵەی هەموو هاتبووە دەرێ. بە پشتوێنە خوێناویەکەی خۆی توند توند بۆیان بەست و لەناو زگیان هاویشتەوە. لە ئاودڕێک دامان نابوو پاشان شەهید بوو هەر لەوێ بەخاکمان ئەسپارد. بەڵێ هەتا ئێرە باس لەشەڕەکەی برایم خەساربوو با لێرەدا بەس بێت. پاشەکشە کرا بۆ گوندی سلامەت و لەوێ برینداڕەکان دەرمان کران، پەلی ئێمە کە بارام عەجەم سەرپەلمان بوو مەئموور کران کە بریندارەکان ڕاگوێزین بۆ نەخۆشخانەی حیزب. ئێمەش لەبەر ئەوەی دەڕۆینەوە بۆ سەرێ و نەخۆشخانە هیچ کامێکمان خەشابەکانمان پڕنەکردەوە. لەو مەئموورییەتەدا چەندین کادری ئازاو قارەمانمان لەگەڵ بوون، وەکوو بەهمەن بابامیری، یوسف ڕیحانی، سمایل ئابدانە، شەهید ئەبوبەکر ئەحمەدی، محمد مەلا حوسەین، ڕەوانشاد سەید کەماڵ بەدری، کاک سەدیق بابایی، کە بۆ بەشداری لە پلۆنیۆمی حیزبی دەبا چووباوە بۆ دەفتەری سیاسی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو. ئەویش هاوڕێ و هاوسەفەری ئەو پۆلە پێشمەرگە قارەمانانە بوو. لەیەکێک لە گوندەکانی سەر ڕێگامان شەو لەگەڵ کادرەکانی کۆمیتەی ناوچەی کۆمەڵە تێک هاڵقاین، سەید عومەر دەستی لەناو دەستی نابوون، کۆمەڵاکان خۆیان کۆکردەوەو لەتاریکی شەودا ڕەگبارێکیان بەسەر ئێمەدا هەڵتۆقاند و لێمان ون بوون. جا بەو نیوەشەوە بارام عەجەم هاواری دەکرد حەسەن شاگووپ تەگەی مەکەوە ئەمنم بارام عەجەم. لە کاک بارام وابوو ئەوە حەسەن شاگووپە. شەو ڕزگارمان بوو بەدەردە سەریەک مەگەر هەر ئەو چەند پێشمەرگەیە بتوانن باسی بکەن. لەڕێگادا چەند هێسترمان بە بریندارەوە لێ لەقوڕێ گیران و بارانیش دەباری و لێی نەدەکردەوە.

بۆ بەرەبەیانی نزیک بووینەوە لەگوندی ورچەک، لەنزیک ئاوایی ڕەحمان زۆری برسی و تینووی بوو هەر هاواری دەکرد، سەید حەسەن لەپشت سەری هێسترەکەوە دەڕۆی کە ڕەحمان هاواری لێ بڵند بوو دەگریا. کووتیان بۆ دەگری؟ ئازارت هەیە؟

کووتی ناوەڵا بەڵام سەید حەسەن پێم دەڵێ پۆمپی گوی گیراوە، نەماندەزانی لەسەر ئەو هەموو هیلاکیەوە چۆن پێبکەنین. لەسەر پشتی هێسترەکەوە ڕەحمان گوێی لێبوو باسی دوکان دەکرا بە کابرایەکیان دەگووت کە وەکوو بەڵەد لەگەڵمان بوو، کۆمپیووتێ بێنە کابراش کووتی چەند دانە؟ ڕەحمان هاواری کرد هەمووی بێنە هەر هەمووی، کابراش کووتی کاکە چەند کارتۆنی لێیە چۆن هەمووی بێنم. ئاخر ڕەحمان چەند ڕۆژ بوو کاری سەرئاوی نەکردبوو، بەڵێ ڕۆژمان لێ داهات و خۆمان لەناو گوندی ورچەک هاویشت. هەر چەند کەسەو بۆ ماڵێک، تەق تەق لەدەرگایان دەدان سەید حەسەن هات و کووتی سەلاح وەرە بابڕۆین بۆ مزگەووت کووره دایسێ، چووینە ژووری مەلافەمان بەخۆماندادا و یەکسەر خەومان لێکەووت. هێندەمان باران بەسەردا باریبوو هاڵاومان لێ هەڵدەستا زۆری نەکێشا دەنگی چەند ڕەگبارێک هات، سەید حەسەن سەید حەسەن هەستە تەقەیە، فایدەی نەبوو خۆ ئەگەر خەوی لێدەکەووت بەکەس وەخەبەر نەدەهات دەیکووت بنو هیچ نیە. کاک سەدیق کە وەزعی پێشمەرگەکانی دیبوو هەموویان شەکەت و ماندوون بۆخۆی چووبوە سەر یاڵەکەی پشتی ماڵان بۆ نیگابانی. کە لەوێ چاوی بەچەند چەکدار دەکەوێ تەقەی لێدەکەن و ئەویش تەقەیان لێدەکاتەوە، بەڵێ ئەو چەند چەکدارە کۆمەڵە بوون کە شەو کۆمیتە ناوچەکەیان خەبەری بوونی ئێمەیان پێدابوون، ئەوانیش هاتبوون دەورەیان دابوین هەتا ئێوارە شەڕێکی گران و بێ سوودمان کردو نەمانهێشت کۆمەڵەکان بێنە ناودێ. ڕەحمان لەماڵێک دادەنێن و کەمێک چرپی و داریان لەدەوری دانابوو وەکوو شاردنەوەیەک، کە کراسەکەی دادەنێ و دەڵێ توخدا ئەگەر هاتن بڵێن ئەوە کوڕی خۆمانە و لەتەندووری کەوتووە. کاک سەدیق کە ئەوەی بیست قەولی شەرەفی پێدا مەگەر بەسەر جەنازەی مندا بێن و بگەنە تۆ هیچ ناڕەحەت مەبە. هەرچەندە ئێمە تەنها یەک کاتژمێرمان مابوو بگەینە جێگای مەبەست، بەهۆی کەمینی کۆمەڵەکان بەناچاری ئەو ڕێگا دژوارەی بڕیبوومان گەڕاینەوە بۆ گوندەکانی سووتوو بەردەڕەش. پاش ٣ ڕۆژ پشوودان و گرتنی جەژنی ٢٦ی سەرماوەز لەگەڵ هێزی زمزیران جاریکی دیکەش هەمان ڕێگامان بڕیەوەو برینداره‌کانمان گەیاندە جێگای مەبەست. لەوماوەیەدا بەداخەوە برینی لاقی ڕەحمان کرمی هەڵێنابوو کە بوو بەهۆی بڕینەوەی لاقی. ڕەحمان گیان لەهەرکوێ هەی هیوادارم ساغ و تەمەن درێژبی.

زۆر سوپاس کاکە سەلاح بۆ ئامادە بوونتان لەم دیمانەدا. بیرەوەریەکی پڕ لەکارەسات بوو، هیوادارین بەهەموو ئاوات و ئامانجەکانت بگەی.

هەر بژی و سەرکەوتووبن.

مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٨

# هاوڕی محەمەد خنکاڵی

ئەمجارە هەمووەمان پێکەوە دەچینە سەردانـــی تێکۆشەرو پێشمەرگەی دێرینی گەلەکەمان کاک محەمەد خنکاڵی و میداڵی شانازی و ڕێزلێنان دەدەین لەسینگی. بابزانین کاک محەمکەد یێە؟؟



(محەمەد خنکاڵی) ناسراو بە (حەمە خنکاڵی) لەساڵی ١٣٣٦ لە گوندی سپێروێ لەدایک بووە. بنەماڵەی کاکە حەمە لەپێشدا دانیشتووی گوندی بوڵفەتی ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار بوون، بەڵام بەهۆی زوڵم و زۆری ئاغایان بەبنەماڵەوە ئاوارەی دیووی گەرمێن دەبن و لەگوندی سپێروێ لە ناوچەی پشدەر و نێوان شارەکانی قەڵادزێ و سەنگەسەر جێگیر دەبن. دوای ئەوەی ئاغاکان دەستیان کورت کرایەوەو ئیسلاحی زەوی پێکهات لە ئێران، ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان بوڵفەت، کە ئەوکات ٢٠ ماڵێک بووە. لەدوای سەرکەووتنی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستان دا٠گوندی بوڵفەت ٣ جار لەلایەن هێزە دژی گەلیەکانی ڕژیمەوە سوتێنراوە.

پاشان باردەکەن بۆ گوندی پردانان و هەتا ساڵی ١٣٦٦ لەو گوندە دەمێنەوە. بەهۆی شەڕی ڕژیم و پێشمەرگە ئەو گوندەش سووتا٠ پاشان ئەوان و چەند بنەماڵەی تر شوێنێکیان بەناوی گوندی قەبری حوسین ئاوەدان کردەوە کە ئێستا زیاتر لە ١٠٠ ماڵ لەو شوێنە نیشتەجێن. حەمە خنکاڵی بەهۆی بابی و مامی ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون لەساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی بەتایبەتی مامی بەناوی مەلا محەممەدی زوودی. ئەوکات مامی ئاوارەی گەرمێن دەبێ و تێکەڵاو بە تێکۆشەرانی ئەوکاتی حیزب دەبێ. دەبێ بڵێم مەلا محەمەد کەسایەتیەکی خۆشناوو بەڕێزی کاتی خۆی بووە.

بۆیە هەر لە منداڵیەوە هەستی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بەهۆی مامی و بابی لادروست بوە.

حەمە خنکاڵی ساڵی ١٣٦١ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ و چەکی خەبات و تێکۆشان هەڵدەگرێ بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان. سەرەتا لە کۆمیتەی بەری مێرگانی ناوچەی پیرانشار سازمان دەدرێ و دەست دەکات بە تێکۆشان. ئەوکات بەرپرسانی کۆمیتە بەڕێزان مەلا محەمەدی ئازش و مام عەوڵای سەعیدی بوون. لەساڵی ١٣٦٤ شوێنی چالاکی و تێکۆشانی خۆی گواستۆتەوە بۆ دەستەی شەهید محەمەد زەینی، کە دەستەیەکی نیزامی و هەر سەر بەناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار بوون. هاوینی ساڵی ١٣٦٤ بە مەئمووریەتێکی دوورو درێژ لەلایەن حیزب بەرەو شومالی کوردستان بەڕێدەکرێن بۆ ماوەی ٢ مانگ. کەزیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەی هێزی ئاوارەی ئەوکات بوون. لە کاتی جەولەکاندا تووشی شەڕی زۆر گەورە بوون و بەداخەوە شەهیدو برینداریشیان داوە. حەمە خنکاڵی هەم لەناوچەی پیرانشارو هەم لەشومالی کوردستان بەشداری چالاکانەی لە زۆربەی شەڕەکاندا هەبووە. خنکاڵی هەر لەپایزی ئەو ساڵەدا ژیانی هاوبەش لەگەڵ گوڵە خانم پێکدێنێ. بەڵام دوای مانگێک لە مەئموریەتێکدا لە گوندی ئاڵیەمەڕان زۆر بەسەختی بریندار دەبێ. کە جەستەی زیاتر لە ٧٥ برینی گەورەو چووکە هەڵدەگرێ و هەتا ئێستاش ئازارو کاریگەری لەسەر جەستەی ماوە. دوای ٦ مانگ مانەوەی لە نەخۆشخانە و دوای سارێژ بوونەوەی برینەکانی جارێکی تر دەگەڕێتەوە ناو سەنگەری بەرەنگاری و هاوسەنگەرانی. هەتا ساڵی ١٣٦٥ وەکوو پێشمەرگە دەدرێ بە زیندانی ناوەندی لە بناری قەندیل و لەگوندی سینەمۆکە. بەداخەوە ساڵی ١٣٦٦ حیزب تووشی کێشەی ناوخۆیی بوو، کەبوو بەهۆی دوولەت بوونی حیزب. خنکاڵی هەڵوێست دەگرێ و لەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا خۆی دەبینێتەوە. لەوێش ماوەیەک پارێزگاری بووە لەبەشی ڕادیۆ لە گوندی قەڵاسەیدە. پاشان شوێنی کارو چالاکی دەگۆڕێ بۆ ناوەندی ای کوردستان. لەوێش لەچەندین کاری حیزبی و جەولە بۆ ناوخۆی کوردستان بەشداری کردووە. پاشان وەکوو پێشمەرگەی پارێزگاری دەفتەری سیاسی و دەبیرخانە دیاری دەکرێ ولەگەڵ هەموو بەرپرسەکان وەکوو پارێزگاری لەگەڵیان بووە. لەدوای یەکگرتنەوەی دووباڵی دێموکرات لەوێش لە حیزبی یەکگرتوودا وەکوو پارێزگاری دیاری کراوە بەتایبەتی پارێزگاری لەکاک حەسەن ڕەستگار.

ئێستاش کاکە حەمە خنکاڵی لەساڵی ٢٠١١ وە بەهۆی نەخۆشی لەجێگادا کەوتووە، بەڵام وەکوو هەمیشە بەبیروباوەڕو زیاتر لەپێشوو خەمخۆرو دڵسۆزی حیزبەکەیەتی. بەڵام نەخۆشی نەیتوانیوە هیواو ئاواتەکانی بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی تۆزقاڵێک کەم بکاتەوە. خنکاڵی دەڵێ ئاسۆ ڕوونە.

سوپاس بۆ کاک مستەفا ڕەستگار هاوکاری کردم.

----------------------------------------

## یادێک و ڕێزو قەدردانیەک لە زەحمەت و تێکۆشانەکانی هاوڕێ عومەر عەزیزی، ناسراو بە عومەر ئارام!



تێکۆشەری دێرین عومەر عەزیزی خەڵکی ناوچەی بانەیە، لەسەرەتای شۆڕشەوە هاتۆتە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و بەرگی پێشمەرگایەتی پۆشیوە. دوای داسەپاندنی شەڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامی یەوە بەسەر خەڵکی کوردستان، عومەر وەکوو زۆربەی زۆری هاوڕێیانی و کیژو لاوانی کوردستان چەکی بەرەنگاری لەخەڵک و خاکەکەی دەست دایە. لەناوچەی بانەو لەهێزی شەهیدانی وێردی سازمان درا. عومەر عەزیزی لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بانەو سەقزو سەردەشت و زۆر جێگای تر چالاکانەو قارەمانانە بەشداربووە. عومەر بەهۆی لێهاتویی و بوێری پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، وەکو سەرپەل، جێگری دەستە، سەردەستە. لەزۆر شەڕی گەورەو زەبەلاح دا بەشدار بوە. وەکوو شەڕی ٤٠ ڕۆژەی ناوشاری بانە، شەڕی جادەی بانە - سەردەشت، شەڕی گەورەی خان بینی سەقز - بانە، شەڕی پاسگای شێخانی هوران و زۆر شەڕی تر.

سەرئەنجام کاک عومەر بەهۆی بەرپابوونی شەڕی قێزەون و خۆکوژی کۆمەڵە و دێموکرات لەهاوینی ساڵی ١٩٨٤ وەکوو سەدان شۆڕشگێڕی دیکەی کوردستان چەک دادەنێ و ڕازی بەم شەڕە نەگبەتە نابێ. بەڵام هەمیشە وەکوو ئەندامێکی دڵسۆزو چالاک ماوەتەوەو هەتا ئێستاش بەردەوامە.

---------------------------------------------

## ڕێزو وەفایەک لە پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندام، هاوڕێ ساڵە خەیاتی!



ساڵە لە سەرەتای شۆڕشەوە تێکەڵاو بە خەبات و تێکۆشان بووە بۆ ڕزگاری و ئازادی گەلەکەی، بۆیە خۆی لەناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا دەبینێتەوە. ساڵە لە شوڕای نیزامی لەساڵی ١٣٥٨ لەلایەن کاک جەلیل گادانی وەکوو پێشمەرگە وەردەگیرێ و لەوێ ئەرکی خۆی بەجێدەگەیەنێ. هاتا حیزب هێزو لکەکان دادەمەزرێنێ، ساڵە دەدرێ بە لکی ١ کە ئەوکات شەهید حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی فەرماندەری ئەو لکە دەبێ.

لەلایەن حیزبەوە دەنێردرێن بۆ ناوچەی هەوشارو لەوێ لەشەڕێکی قارەمانانەدا بەداخەوە لەڕێکەووتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٥٩ حاجی مەلا برایم لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر لەداشکستان شەهید دەبن. پاشان فەتاح چهرەپەروەر دەبێتە فەرماندی لکی ١ کە بەداخەوە ئەویش دوای مانگێک لەڕێکەووتی ٦ی ڕەزبەری ١٣٥٩ لەشەڕێکی حەماسی دا لەسەر جادەی مەهاباد میاندواو شەهید دەبێ. لەکاتێکدا مۆرو هەندێک مەداریکی حیزبی بە ساڵە دەسپێرێ، دوای دانانی کاک شوان بە فەرماندەری لکی ١ ساڵە مۆرو هەموو مەداریکەکان دەداتەوە بە کاک شوان. کاک شوان فەرماندەیی لکی زۆر باش بەڕێوەدەبرد عەمەلیاتی زۆر گەورەو گرنگ لەو ماوەیەدا ئەنجام دران. ساڵە پێشمەرگەیەکی چالاکی ئەوکات بوو لەشەڕەکانی قەڵاو قاڕنێ و ئەوگوندانەی ئەوکات لەبەر هێرشی دڕندانەی پاسداران بە فەرماندەیی مەلا حەسەنی جەلاد بۆسەر گوندە کوردنشینەکان بەڕێوەدەچوون بەشدار بوو. دوای شەهید بوونی کاک شوان لە ڕێکەوتی ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٠ ساڵە دەچێتە لکی ٢ لەوێ لای شەهید چرچەی بارام میرزا کەفەرماندەی لکی ٢ بوو دەمێنێتەوە. هەتا سەرئەنجام لە شەڕێکدا لەکورەخانەی نێوان گوندەکانی کەلبیرەزاخان و سەوزی بریندار دەبێ. دوای چەند ڕۆژ هەتا دەیەگەیەنە نەخۆشخانە لەوێ بەداخەوە لاقێکی دەبڕنەوە. ساڵە لەنەخۆشخانەی قالوێ وە هەتا ئاسایشگای حیزب لەبەشی گەرمیان شاخ بەشاخ و دۆڵ بەدۆڵ لەبەر هێرشەکانی دوژمن پایزراوە لەگەڵ هەموو بریندارەکانی تر. لەئاسایشگا شەهید دکتۆر

قاسملو لەبەشی دژە پارِازێتی ڕادیۆ دایدەنێ. ماویەک لەوێ دەبێ و پاشان لە سلیمانی لەبنکەی پەیوەندیەکان ماوەیەک دەمێنێتەوە دوایە دەچێتە بنکەی قەڵادزێ. هەتا لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن حیزبەوە دەینێرنە دەرەوەی وڵات. ساڵە ئێستاش هەر وەکوو جاران لەخزمەت حیزب و درێژەدەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانە.

-------------------------------------------------------

## یادێک لە پێشمەرگەی دێرین: هاوڕێ یوسف بەهرامی!



یوسف خەڵکی بەردەڕەشان لە ناوچەی مەهابادە، وەکوو هەموو لاوێکی کورد بۆبەرگری لەهێرشی دوژمنان بۆسەر خاکی کوردستان دەبێتە پێشمەرگەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەپۆشێ. پاشان لەلکی ٢ لەپەلی شەهید حاجی مەلا برایم ڕۆستەمی سازمان دەدرێ، یوسف پێشتر بەهۆی تەقینەوەی مین لە پاسگای بەردەڕەشان قامکەکانی لەدەست دەدات. بەوهۆیەوە لەساڵی ١٣٦٣ دینێرنە ئاسایشگای حیزب لەوێ دەمێنێتەوە هەتا ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٤ لەگەڵ پۆلێک لە کەمئەندامان بەرێدەکرێن بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر. یوسف لەماوەی پێشمەرگایەتیدا لەکارو ئەرکەکانی کە پێی ئەسپێردراوە دڵسۆزانە بەرێوەی بردووەو زەحمەتێکی زۆری کێشاوە، کەجێگای خۆیەتی ڕێزی لێبگیرێ و قەدردانی لێبکرێ.

----------------------------------------

## هاوڕێ ڕەزا شیرازی م لەهێزی گیاڕەنگ ناسی!



بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بوو کاتێک چووم بۆ هێزی گیاڕەنگ لەناوچەی سەردەشت، لەگەڵ کاک ڕەزا شیرازی ئاشنابووم. دوای ماوەیەک مانەوەم لەبنکەی هێزی گیاڕەنگ لەگوندی مەزرا و ئاشنا بوونم لەگەڵ کادرو پێشمەرگەو فەرماندەکانی ئەم هێزە، لەگەڵ کاک ڕەزا شیرازی ئاشنا بووم لەڕێگای هاوڕێی خۆشەویستم شەهید ڕەحیم قاڕنجی یەوە.
زۆر زوو تێکەڵاوی بیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانمان بووین. هەم سەیرە. هەم زۆریش جێگای خۆشحاڵیە کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەگەڵ کەسانێکدا تێکەڵاو بی کە هەرگیز یەکترمان نەدیبێ!

ڕەزا کوڕێکی فارس زمان بوو لەڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران خەباتی دەکرد.کەسێکی جێگای باوەڕو شۆڕشگێڕێکی تێکۆشەر بوو.

ئەوەی کاک ڕەزای لەخەڵکی تر جیادەکردەوە ئەوە بوو، کوردیەکی باشی قسە دەکرد، شارەزای هەموو داب و نەریتی ناوچەکانی کوردستان بوو، ناوی هەموو گوندەکانی کوردستانی دەزانی، ناوی زۆربەی مەلاو ئاغاکانی گوندەکانی کوردستانی دەزانی، ناوی هەموو شاعیرو پیاوە بەناوبانگەکانی کوردستانی دەزانی، هەموو گۆرانی بێژان و هونەرمەندانی ناوچەکانی کوردستانی دەناسی، هەموو مێژووی شۆڕشەکانی کوردستانی لە ئێمەی کورد باشتر دەزانی، ناوی هەموو پارچەو قوماشەکانی کوردی دەزانی، هەموو بەندو بالۆرەو شەڕە فڕەکانی کوردەواری لەبەربوو. هەموو گۆرانیەکی کوردی دەزانی، ناوی هەموو سەرکردەکانی کوردی دەزانی، هەموو شیعری شاعیرانی کوردی لەبەربوو، دیارە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی کە فەرماندەی هێزی گیاڕەنگ بوو زۆری ڕێز لێدەگرت و زۆریشی هاوکاری و هاوفکری دەکردو لەهەموو بارێکەوە زانیاری زۆرتری پێ دەبەخشی. دەیان زانیاری زیاتر....

دەستێکی نیوە فەلەج بوو پێموابێ لەکارەساتی تەقینەوەدا لەدەستی دابێ، کوڕێکی خۆش ڕەوشت و خۆسازبوو، زۆر زوو لەگەڵ هەموو کەسێک تێکەڵاو دەبوو.

لەیەکەم دیدارم دا لەگەڵ ڕەزا زۆری ڕێز لێگرتم بەشێوەیەک خەجاڵەتی کردمەوە.

زۆر زوو بوخچەی دڵی خۆی بۆ کردمەوەو ڕابردووی خۆی بۆ گێڕامەوە، مرۆڤ سەری سووڕ دەما لە کارو ژیان و بەسەرهاتی ڕابردووی ئەم کەسە. خێرا فکرێکت بۆ دروست دەبوو لە مێشکدا کە ئەم کەسە چەندە زیرەک و بەهرەمەندە؟

ئەگەر بڵێم هەموو شتێکی دەزانی موبالەغەم نەکردووە. هەر پرسیارێکت لێکردبایە لە هەر بارێکەوە شارەزایی هەبوو وەڵامی دەدایەوە. لەباری حیساب و ژمێریاریەوە ئەگەر پرسیاری زەڕب و تەقسیم و لێدەرکردن و کۆکردنەوەت لێکردبایە لەڕادەی چەند ژمارەییەوە بێ ڕاوەستان وەڵامی حەللەکەی دەدایەوە. بۆ نمونە پێتکوتبایە ٢٥٦ جار ٥٤٣ دەکاتە چەند؟ لەگەڵ پرسیارەکەت وەڵامەکەی دەدایتەوە بێ ڕاوەستان.


یەکێک لەکارەکانی ڕەزا دروست کردنی (مین) بوو، TNT دەتواندەوە دەیکردە مادەیەکی شل وەکوو ڕۆن، ئەوجار لە تەختە قالبی بۆ دروست دەکردن بەپێی داخواز، وەکوو مینی گەورە بۆ تانگ و ماشێن و بۆڵدزێر، یان بۆ نەفەرو ماشێنی ئاسایی.

ئەو مینانە چونکە لە هیچ مەوادێکی ئاسن پێک نەدەهات بەهیچ شێوەیەک بە ئامێری مینیاب نەدەدیترانەوە.

ئەوە تەنیا یادێکی کوورت بوو لە هاوڕێ ڕەزا شیرازی، لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەیە ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ هاوڕێی ڕۆژە سەختەکان.

---------------------------------------

## یادێک لە فەرماندەر: هاوڕێ کەریم پورقوباد






لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوای دەستبەسەرداگرتنی ساواک و دام ودەزگاکانی ڕژێم لەکوردستان بەگشتی و مەهاباد بەتایبەتی لەلایەن خەڵکی کوردستان، پادگانی مەهاباد لەنێوان ئەفسەرە شاپەرستەکان و شۆڕشگێڕاندا وەزعی ناڕوون بوو.

کاک حامید گەوهەری کە یەکێک بوو لە پلەدارانە کە ئوستوار یەکەم بووە دەگێڕێتەوە دەڵێ دەرەجەدارە کوردەکان زۆر بوون لە ناو پادگانی مەهاباد وەکوو، گروبان یەکەم لەڕوکنی یەک کەریم پورقوباد، ستوان سێیەم ئەڵوەندی، ستوان یەکەم ئەحمەد جاویدفەڕ، ستوان یەکەم عەبدوڵا ئەفشین، ستوان یەکەم حەسەن تەنهایی، سەرهەنگ دووەم ئیرەج قادری، گروبان یەکەم نوری ئەحمەدنەژاد، گروبان یەکەم یونس بانیان، سەرباز سەلاح کەریمی، لەگەڵ پۆلێک لەسەربازە کوردەکان.

ئەم پۆلە سەربازو ئەفسەرو دەرەجەدارانە هەریەکە بەشێوەیەک و لەوەزیفەی خۆیاندا دەوریان گێڕاوە لە گرتنی پادگانی مەهاباد. بەڵام لەوکاتەدا کە ویستویانە کوردەکان بەشێوەیەک دووربخەنەوە لەپادگان و ڕێگا نەدەن پادگان لەلایەن کوردەکانەوە چەک بکرێ و بگیرێ. ڕاست لەوکاتە هەستیارەدا کاک کەریم پورقوباد پێشنیار دەکات و بە کاک حامید دەڵێ من بیرۆکەیەکم هەیە! بۆچی ئێمە بۆخۆمان پادگان تەسلیم بە کوردان نەکەین؟

ئەم بیرۆکەیە وا لەکاک حامید دەکات پێشنیارەکەی بەجیددی وەربگرێ و هەرچی زووتر پەیوەندی بکات بە حیزبەوە. دوای ئەوەی پەیوەندی دەکات بە مامە غەنی و پاشان دکتۆر قاسملوو دوای گفتوگۆیەکی زۆرو چەندین ڕۆژ سەرئەنجام بیرۆکەکەی کاک کەریم پورقوباد سەردەگرێ و بەهیمەتی هەموو ئەو کەسانەی باس کران هەروەها دەوری کاریگەری هەموو سەربازە کوردەکان پادگان تەسلیم دەکرێ کە ژمارەیەکی زۆر لەتانگ و تۆپ و خۆمپارەو لەسەریەک چەکی قورس و سووک و

موهیماتێکی زۆر لەگەڵ سەرجەم ماشێنە سەربازیەکان. پاشان کاک جەلیل گادانی لەتارانەوە سەرگورد عەباسی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆ مەهاباد بۆ خزمەت بەگەلەکەی خۆی دیارە ئەوکات کاک سەرگورد عەباسی لەتاران خزمەتی سەربازی دەکرد.
پاشان کاک کەریم وەکوو فەرماندە هێزی شاهۆ دیاری دەکرێ و پاشان لەهێزی شەریفزادە لەناوچەی سنەو دەوروبەر دیاری دەکرێ، هەتا ساڵی ١٣٦٢ لەلایەن دەفتەری سیاسیەوە وەکوو فەرماندە هێز ناردیان بۆ هێزی پێشەوا. ئێمە وەکوو هێزی پێشەوا خۆشحاڵ بووین بەهاتنی کاک کەریم بۆ ناوچەی مەهابادو هێزی پێشەوا، زۆر زوو توانی جێگای خۆی لەدڵی ئێمەو خەڵکی ناوچەکەدا بکاتەوە کاک کەریم کەسایەتیەکی مەحکەم و جێگای بڕواو فەرماندەیەکی مەیدانی بوو. هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگەو کەسێکی خاکی و سادەو بەڕەوشت بوو، پێیخۆش بوو لەشەڕەکاندا بەشداری بکات شان بەشانی پێشمەرگە. کاک کەریم کە هات بۆ هێزی پێشەوا دوو پێشمەرگەی لەگەڵ بوو یەکیان دوای ئەوەی لەشەڕی گوندی زگدڕاو برینداربوو گەڕایەوە بۆ هێزی شەریفزادە ئەوی تر بەناوی (بوبی) بەداخەوە لەشەڕی قارەمانانەی شارویران لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوو.


لەدەورانی فەرماندەیی کاک کەریم دا هەستی بەوەکردبوو (بێسیم) چەندە دەورێکی کاریگەری هەیە بۆ پێشمەرگەو فەرماندەکان، بۆیە دەستووری بە ئێمەدا تەواوی ئەو بێسیم و دەزگایانەی پەیوەندی پێدەگیرێ کۆبکەینەوە، هەرچی خراپ ببوون چاکی کردنەوەو هەرپەلەی بێسیمێکی Prc77 ی بۆناردن و دەورەیەکی بێسیمی بۆ کردنەوەو فێری شێوەی کارکردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەمزو نهێنی کردن بۆ قسەپێکردن.

کاک کەریم پورقوباد یەکێک لەو فەرماندە قارەمان و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانە، کە پێویستە هەتا لەژیاندا ماوە ڕێزو قەدری بگرین، لەگەڵ هەموو ئەو فەرماندەو کادرو پێشمەرگانەی هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کرد بۆ ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان، هەتا ماون میداڵ و نیشانەی ئازایەتی و وەفاداری و شۆڕشگێڕی بکەینە ملیان.

سەرچاوەی وێنەکان: کاک مەولود سوارە

-----------------------------------------

## هاوڕی عەلی نەبیزادە



یەکێک لەباشترین و فەرماندە قارەمانەکانی حیزب لەهێزی پێشەوا عەلی نەبیزادە بوو، لەدەیان شەڕی ناوچەکانی کوردستان بەشداری چالاکانەی کردووە. وەک پێشمەرگەیەک هەرچی لەتوانایدا هەبوو بۆ خەڵک و حیزبەکەی بوێرانەو شۆڕشگێڕانە ئەنجامیدا.

---------------------------------------------------------

## هاوڕێ مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی



کەسایەتیکی خۆشەویست و ڕێزداری ناو حیزب و خەڵکە، هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و هەستێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانەوە بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی شۆڕش گەورەترین خزمەتی کردوەو بەوپەڕی هێزو تواناوە بەرپرسانە شانی داوەتە بەر بەرەوپێش چوونی کاری پەروەردەو فێرکردن لەسەرتاسەری کوردستان. بەدەیان و سەدان کچ و کوڕانی قوتابی لەبەر دەستی مامۆستا جەعفەر دا گەورەبوون و پەروەردە بوون وئێستا زۆربەی زۆریان کەسانی پایەبەرزو شۆڕشگێڕو مامۆستاو کاربەدەستانی

گەورەو بەهێزن لەوڵاتانی ڕۆژئاوا. نمونەتان زۆربێ و پێویستە بەکتێب لەسەرتان بنوسرێ.

--------------------------------------------------------

## دیمانە لەگەڵ خاتوو سەکینە حوسینی

**کادرو مامۆستاو تێکۆشەری دێرین، بۆ ڕۆژی ۲۶ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە.**



خاتوو سەکینە حوسەینی یەکێک لەو کەسانەیە کە نموونەیەک لە کەسایەتی سیاسی بەبیروباوەڕە، کە دەیان ساڵ ژیانی لاوێتی خۆی تەرخانی خەبات دژی داگیرکەران کردووە. مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات بۆ زیاتر ناسینی ئەو خەباتکارە دەیەوێ لەزمانی خۆیەوە بەئێوە بناسێنێ. بۆ ئەم مەبەستە خاتوو سەکینە ڕووبەڕوی ئەم چەند پرسیارە دەکەینەوە!

**پرسیار:** خاتوو سەکینە خۆت بەخوێنەران بناسێنە؟

**وەڵام:** من سەکینە حوسەینی خەڵکی شاری سەردەشت، لەبنەماڵەیەکی ئایینی نیشتیمان پەروەر لەدایک بووم و گەورە کراوم. هەردوو دەورەی سەرەتای و دەبیرستانم هەر لە سەردەشت تەواو کردووە.

**پرسیار:** چۆن و کەی تێکەڵ بە خەبات و پێشمەرگایەتی بووی؟

**وەڵام:** لە میانەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی وەک لایەنگری حیزبی دێموکرات لە شاری سەردەشت کارم کردووە. لەمانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ وە بڕیاری هاتنە ناو حیزبم دا. بەهۆی هۆگری بە پیشەی مامۆستایەتی، یەکەم دەورەی مامۆستاییم

لــە ئاوایــی موسالان لەناوچەی سەردەشت دیت. پاش تەواوبونی دەورە لە ئاوایی قەلەڕەشە ئەرکی مامۆستاییم بەڕێوە برد. بێجگە لەئەرکی مامۆستایی لەگوندەکانــی ژێــر دەســەڵاتی حیزب، کــاری ڕێکخستنی ژنــان م بەڕێوە دەبرد. زۆر خــۆم بــە بەختیــار دەزانــم کـــە ســەمەرەو بەرهەمــی کــاری مامۆســتاییم نەتــیجەی زۆر ئەرێنــی داوەتەوە. زۆرێــک لە قوتابییەکــانم بەپلەکانی شایان و جێی شانازی گەیشتوون.

**پرسیار:** پێشمەرگەو شۆڕش چۆن پێناسە دەکەی؟

**وەڵام:** سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو شۆڕش، دەبێ بڵێم هیچ شۆڕشێک بەبێ ڕۆڵــی پێشمەرگەو فیداکاری و قارەمانیەتی ناکرێ چونکە دوژمن جودا لە زمانی شەڕ هیچ مەنتقێکیــان لەجەوهەردا نیە. بۆیە هەمیشە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل بووە هەیە. پێشمەرگەش ئەو کەسەیە کە ئامادەیە ڕۆحی خۆی فیدای گەل و نیشتیمانەکە بکات.

**پرسیار:** دەکرێ بیرەوەریەکی خۆش یان ناخۆش بۆ باس بکەی؟

**وەڵام:** ساڵانــی دوورو درێژی ناو شۆڕش هاوکاتــە لەگەڵ زۆر خۆشی و ناخۆشی و کەمووکوڕی و جێگۆڕکێ و بەگشتی ڕۆژگارە سەختەکان. ناخۆشترین بیرەوەریم ئەو کاتەیە کــە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ کە من لێی مامۆستا بــووم، لەلایەن فڕۆکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە توندی بۆمبــاران کراو چەنــدین برینــداری بەتــایبەت ژن و منداڵ لێکەوتەوە. وەک بیرەوەری خۆش، ئێمە دەستێک کچ و ژن کە بەکاری مامۆستایی و ژنانەوە خەریک بووین، ئەو هەســتە تێمانــدا پێــک هــاتبوو کە وەک ژن توانیومانە نەقش و ڕۆڵێکمان هەبێ بە تایبەت لەبواری پەروەردەیی بۆ منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان.

زۆر سوپاس و ڕێز لە خاتوو سەکینە حوسەینی کە داواکەی ئێمەی قەبوڵ کردو هاوکاری کردین.

بێگومان نەقشی مامۆستایانی شۆڕش و نەقشی ژنان جێگای بەرزی خۆیان دیارە لەناو شۆڕش دا.

مەڵبەنــدی پێشــمەرگە دێرینەکــانی دێمــوکرات ڕێــز لەخەبــات و زەحمەتەکانتــان دەگــرێ و هیــوادارین هەمــوو ئــاوات و ئامانجەکانمان بێنەدی.

مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٨

## هاوڕێ (سوڵتان گوڵاوی) بەم شێوەیەی کە دیویەتی بۆی گێڕامەوە.




ئێمە پێشمەرگەکانی لک ٢ی هێزی پێشەوا، ماوەیەک بوو لەناوچەی شارویران بووین. لکی ١ پێشمەرگەی کەمیان لە ناوچەکە مابوو. گەڕابوونەوە بۆ ناوچەی (مەحاڵ) سەرەتای ساڵی ١٣٦٢ بوو ئێمە ماوەیەک بوو لەجەولەدا بووین لەشارویران. ئێمە زۆربەمان لە گوندی (لەج) بووین، کە هەر ئەو شەوە هەندێک لە پێشمەرگەکانی لکی ١ گەڕابوونەوە شارویران. لە ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر گوندی (قومقەڵا) بەرپرسەکانی ئێمە خەریکی ئەوە بوون بزانن چۆن و لەکوێوە بەرەنگاری دوژمن ببینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبوو چاوەڕوانی فەرماندەری لک بکەین کە کاک (چرچە) بێت و پێشمەرگەکان و جێگاکان دیاری بکات. کاک چرچە فەرماندەری لکی ٢ بوو. دوای ماوەیەکی کورت هەموومان کۆبوینەوەو بەرەو گوندی قومقەڵا بەڕێکەوتین، وادیار بوو لەو ماوەدا کاک جەعفەر گوشوارە هاتبۆوە بۆ گوندی (لەج) و لەگەڵ هاوڕێیانی بە خێرایی باسی چۆنیەتی هێرشەکەی دوژمنی کردبوو، لەگەڵ کاک چرچە ساغ ببوونەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن لە (قومقەڵا).

هەمووومان تێکەڵ بووینەوەو پێکەوە زۆر بە خێرایی بەرەو (قومقەڵا) بەڕێکەووتین. دیتمان لەناودێ ڕا تەقە لەدەوروبەری قومقەڵا دەکرا دەنگی تەقە هەبوو، بەڵام تا ئێمە زیاتر نزیکتر دەبووینەوە تەقە بەرەوڕوی ئێمە زیادی دەکرد. بەڵام ئێمە بێ گوێدان بە تەقەی دوژمن هەروا بەرەو گوندی قومقەڵا دەچووینە پێش هەتا گەیشتینە جێگایەک کە لەگەڵ هێزی دوژمن دەرگیر بووین. دیتمان هێزەکانی دوژمن بە تەواوی لەدەوری ئاوایی بڵاو ببون و دامەزرابوون زۆربەی باخەکانی دەوروبەریان گرتبوو. بەتایبەتی لەناو ماڵە باخەکان دا چەکی بیکەیسی و قەناسەیان دامەزراندبوو، بەتایبەتی ئەو ماڵانەی کە لەناو باخەکاندا بوون بڵندو دوو قات بوون. ئێمە لەباری جێگاو ڕێگای نیزامی یەوە لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ دابووین، چونکە دوژمن هەم ناودێ و هەم دەوروبەری ئاوایی بەدەستەوە بوو. ئێستا ئەوان دیفاعیان دەکردوو ئێمەش هێرشمان دەکردە سەریان و دەمانویست لە ئاواییان دەرپەڕێنین و زەربەیەکی زۆر باشیان لێبدەین. دابەش بووین و لەچەند

لاوە هێرشمان دەستپێکردو پێشڕەوی باشمان کرد بەشی هەرەزۆری پێشمەرگەکان بە کانالی (لەج) بەرەو قومقەلا پێشڕەویان کردو کە زەبرێکی باشیان لەدوژمن وەشاندبوو هەم تەلەفاتی ئێمە کەم بوو. بەلام ئێمە دەستەیەکی کەم بووین ڕاستەوڕاست بەدەشتاییەکەدا بەرەو ناودێ پێشڕەویمان کرد. لەبیرمە جەنازەی چەند پاسدارێک لەمەیدانی شەڕەکەدا کەووتبون. بەلام چونکە جێگای ئەوان قایمترو بەرزتربوو توانیان پێش بە پێشڕەوی ئێمە بگرن. ئەوەندەی لەبیرم بێ من و جەعفەری گوشوارەو ڕەحیم سۆفی و برایمی سوپاهی و جەلال مەحمودی و عەباس پاکزاد پێکەوە لە پشتی چادراخێک سەنگەرمان گرتبوو بەلام زۆر بە توندی لەژێر فشاردا بووین، بەتایبەتی لەناو مالە باخەکانەوە بەهەموو چەکێک لێیاندەداین. چاوەڕوان بووین دەرفەتێکی باشمان بۆ هەلکەوێ و دیسان هێرش بکەینەوە. لەناکاو هات و هاوارێک پەیدابوو لە پشتەوەمان، دەنگی کەسێک دەهات هاواری دەکرد دەیکووت، جەعفەر ئاگاتان لەخۆتان بێ، پاسدار، پاسدار، هات لێیدەن ئێمە کە ئاوڕمان داوە، دیتمان پاسدارە گەیشتبوونە چەند مەتریمان. بەهەمووماں تەقەمان لێکرد پاسدارە کوژرا. کاک یوسف گوشوارەو کاک کەمالێ عەلیزادە کە بە هانکە هانک گەیشتنە لای ئێمە، بۆیان گێڕاینەوە کە چ ڕوویداوە. کاک یوسف و کەمالێ و ئەبوبەکر فەقێ ئیبراهیمی ناسراو بە شیرێژ لەگەلێ پێشمەرگەیەکی تر کەدواتر چووەوە بەناوی ڕەشە لە گوندی لەج بەرەو لای ئێمە هاتبوون و زۆریش بەبێ ئیحتیاتی و بەڕێگادا هاتبوون دوای ئەوەی کە ئێمە زۆر باش لێماندابوون پاسدارێک کە بەجێمابوو ئێمە نەماندیتبوو خۆی شاردبۆوە لێیان وەدەست دێ و تەقەیان لێدەکات کە بەداخەوە شیرێژ شەهید دەکاو ڕەشەش بریندار دەبێ. ئەوجار چەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندارەکە ڕادەگوێزن. یوسف و کەمالێ دەکەونە سەر پاسدارەکە ئەو پاسدارە بوو کە ئێمە کوشتمان. ئێمە بۆمان دەرکەووت کە ناوچەکەمان بەتەواوی پاک نەکردۆتەوە جودا لەوەش هێرشی دوژمن بۆسەرمان هەر زیادی دەکرد. وادیار بوو دوژمن هێزی تازە نەفەس دەنێرێتە مەیدان، بۆیە جەعفەری گوشوارە بە منی کووت کە دوو پێشمەرگە لەگەلێ خۆم هەلگرم و سەد مەترێک بۆ پشتەوە بکشێینەوە نەکوو دوژمن ڕێگای پشتەوەمان لێبگرێ. خێرا من و ڕەحیم سۆفی و برایم سوپاهی کشاینەوە بۆ پشتەوەو گەیشتینە جێگای مەبەست و لەوێ سەنگەرمان گرت. دوژمن هێرشەکانی خۆی هەر زۆرو زۆرتر دەکرد، تەقە زۆر گەرم بوو دەنگی هەموو چەکێک دەبیسترا، نازانم چەندە کات تێپەڕی بوو، بەلام زۆری نەخایاند کە چاوم لێبوو کوڕەکان شلەژان و گوێم لە دەنگیان بوو کە ناوی جەعفەریان دێنا٠ من هەندێک بەرەو لای ئەوان گەڕامەوە، عەباس کە لەمن نزیکتر بوو گووتی مالمان خرابوو کاک جەعفەر شەهید بوو. لەحالێک دا کە بەخۆیدادەدا گووتی چبکەین؟ ئێستا کەسیش بەیارمەتیمانەوە نایە هەر لەو قسانەدا بووین کەمالێ هاواری کرد گووتی عەباس، یوسف، یوسفیش، وێیکەووت. من و عەباس هەر پەنجا مەترێک لێیان دوور بوین، ئێمەش زۆر بەزەحمەت دەمانتوانی خۆمان بجولێنین. هەرچۆنێک بوو بەرەو لای ئەوان وەڕێکەووتین، بەلام بەداخەوە هێزەکانی دوژمن گەیشتنە سەر شەهیدەکان٠ کاتێک ئەوان شەهید بوون دوژمن لەهەموو لایەکەوە هێرشی تازەی دەستپێکرد، ئێمەش شەڕمان کرد هەتا جەلال گەیشتە لای ئێمە بە شێوەی تاکتیکی شەڕو پاشەکشە هەرچۆنێک بوو خۆمان ڕزگار کرد...

ئەوە ئەوبەشە لەشەڕی قومقەڵا بوو کە کاک سوڵتان گوڵاوی بوو لەو گۆشەیەی کەبەچاوی خۆی دیویەتی. هەروەها لە پێشتر لەزمانی کاک یوسف خۆشڕوو نوسیبوومەوە کە ئەویش لەو گۆشەیەوە باسی کردووە کەبەچاوی خۆی دیویەتی.

ئەمە داستانی شەهید بوونی ئەو قارەمانانە بوو کە لە گوندی قومقەڵا بەرەنگاریان لە هێرشی دڕندانەی هێزەکانی دڵ ڕەش و جنایەتکارانی ڕژێمی ئیسلامی کرد بۆسەر خاکی نیشتمان و خەڵکەکەیان.

بەداخێکی گرانەوە لەهەردوو بەشی مەیدانی شەڕەکەدا لەسەر یەک حەوت قارەمان حەوت شێری مەیدانی ڕووبەروبونەوە. حەوت لاوی کورد گیان و ڕۆحی خۆیان کردە پردە بازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان. ئەوان مردن بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بە ئازادی و لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین.

شەهیدەکان بریتین لە؛

١- شەهید جەعفەر گوشوارە فەرماندەری لکی ١
٢- شەهید یوسف گوشوارە سەردەستە
٣- شەهید کەماڵ عەلیزادە
٤- شەهید ئەبوبەکر فەقێ ئیبراهیمی (شیرێژ)
٥- شەهید ئەبوبەکر ئوستاد ئەحمەدی
٦- شەهید خەلیل مەرزەنگ
٧- شەهید خالید خانکەندی

---------------------------------------

## هاوڕێ حەسەن ئوستادی




ئەمجارە لە یادی قارەمانە زیندوەکانی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی گەلەگەمان، بەرامبەر بە دوژمنی دڵ ڕەش و قین لە دڵی کۆماری سێدارەی ئێران. لە لایەن بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی بە شەرەفی کوردستانەوە "میداڵی قارەمانیەتی" دەدەین لە بەرۆکی هاوڕێی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی گەلەکەمان "حەسەن ئوستادی" با پێکەوە بزانین ئەم تێکۆشەرە چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میداڵە" و چۆن ڕۆژو ساڵەکانی سەختی خەباتی تێپەڕاند.

حەسەن لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەری ناوچەی هەوشار لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە گوندی "قۆزلووی" هەوشار سەر بە پارێزگای "ورمێ" چاوی بە دنیا هەڵێناوە. دەورانی خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوە. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە شاری "سیەنقەڵا" بەڵام بە داخەوە لەم شارە ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات. بە هۆی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و کێشەکانی تر کە لەسەر ڕێی خوێندکارانی کورد هەبوون.

بۆیە بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. لەوێ لای مامۆستا "شێخ جەلالەدین ئەسعەدی" خوێندنی کتێبەکانی "گەڵستان و بوستان" و "قورئان" تەوا دەکات. هەتا ساڵی ٥٧ و ڕوخاننی ڕژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکرات لە کوردستان. حەسەن لەگەڵ چەند کەس بە ناوەکانی "محمد ساڵح وەلیزادە. سەدیق زاهیری. کە لە سێدارە درا. چەند کەسی تر "یەکیەتی جەوانانیان لە گوندەکەی خۆیان پێک هێناوە. هەروەها بە هاتنی "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" بۆ ناوچەی هەوشار لە لایەن حزبی دیموکراتەوە بۆ کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی حزب لەم ناوچەیە. بابی حەسەن بە ناوی "عەبدوڵا ئوستادی" بۆ خۆی چەک دەکرێ و حەسەن لەگەڵ بابی دەبێ. هەتا ساڵی ١٣٥٩ لە لایەن حزبەوە دەینێرنە ناوچەکانی "لەیلاخەکاننی قسقەپان" و ئاخدەرە لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی لە هەموو خەلکی ناوچەو مەڕدارەکان.

کە هەمیشە لەگەڵ فشارو تەهدیدی ڕژیم ڕووبەڕوو بوون. ساڵی ١٣٦٠ حەسەن وەکوو حەسەن وەکوو کادری کۆمیتەی ناوچە بەشی ماڵی دیاری دەکرێ. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ "برایم جەهانگیری" هاوکار بوون لە ڕێکخراوی "جغەتوو". ساڵی ١٣٦٢ بە گرتنەوەی ناوچەکە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیمەوە. ڕوو لە ناوچەی "خوڕخوڕەی سەقز" دەکەن و لەوێ جێگیر دەبن. دوای شەش مانگ بە ئەرکی حزبی گەڕاونەتەوە ناوچەی هەوشار، کە لە زۆر شەڕوو دەرگیری و هێرشی دوژمن بەشدار بوەو هەتا ئاخرین جار بۆ ماوەی سێ شەوو ڕۆژ مانەوەیان لە ناو بەفرێکی زۆردا. پاشان بە هاوکاری پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بە هانایانەوە چوون و ڕزگاریان کردوون. هەرچەندە ژمارەیەک پێێشمەرگەی تێکۆشەرو قارەمان شەهید دەبن بە هۆی بریندار بوون و لە سەرمان. پاشان دەگەڕێنەوە ناوچەی "فەیزوڵا بەگی سەقز". هەتا ساڵی ١٣٦٣ "حەسەن" وەک بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی "چغەتوو" دیاری دەکرێ. لەگەڵ سێ پێشمەرگە بۆ کاری تەشکیلاتی دەگەڕێنەوە قوڵایی ناوچەی "هەشار" بۆ ماوەی نۆ مانگ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچە دەمێنەوە. ساڵی ١٣٦٥ وەک نوێنەری کۆمیتەی شارستانی هەوشار بە شداری لە کۆنگرەی حەوت کردوە. پاشان بە هۆی چەند کێشەیەکی تەشکیلاتی لە دوای کۆنگرەی حەوت. دەست لە کار دەکێشێتەوەو. تەنها وەک ئەندامێکی حزب، لە شارۆچکەی "کارێزە"ی باشووری کوردستان دادەنیشێ. هەتا گرتنی کۆنگرەی هەشتی حزب و هێنانە گۆڕێی لیستەی فیکس و هەڵوێستی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکان. و سەرئەنجام جودا بوونەوەی ئەم بەشەو ڕاگەیاندنی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" لە ١ - ١ - ١٣٦٧ ی هەتاوی. حەسەن خۆی لەم حزبەدا دیتەوەو. پشتیوانی خۆی ڕاگەیاند.. هەروەها بە هۆی چۆلکردنی شارۆچکەی کارێزە بە هۆی شەڕی نێوان ئێران و عێراق. حەسەن هاتە شاری "ڕانیە" و لەوێ جێگیر بوو. هەتا ساڵی ١٩٨٨ی میلادی حەسەن لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە دەگیرێ و ڕەوانەی بەندیخانەی بەغداو پاشان "ابو غورەیب"ی دەکەن هەتا ساڵی ١٩٩١ لە بەندیخانە دەبێ و ساڵی ١٩٩١ ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوە. لەو ماوەیەدا کە حەسەن لە بەندیخانە بوو. ماڵ و منداڵەکەی پارێزراو دەبن لە ژێر چەتری حزبی دیموکرات ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕەوە. دوای گەڕانەوەی لە زیندان حەسەن درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. هەتا ساڵی ١٩٩٥ی میلادی. هەر ەوکاتدا لە شاری "ڕانیە" هەوڵی تیرۆری دراوە لە لایەن تڕۆریستەکانی کۆماریئیسلامیەوە. پاشان خۆی بە سازمانی UN دەناسێنێ و پاش ماوەیەک دەینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ وڵاتی "نۆروێژ ". لەوێش پەیوەندی دەکات بە تەشکیلاتی دەرەوەی حزب لە وڵاتی نۆروێژ. بەردەوامە لە خزمەت بە حزب و گەلەکەی... هەروەها حەسەن توانیویەتی منداڵەکانی بە فەرهەنگیکوردی و داب و نەرێتی کوردایەتی گەورە بکات و هەتا پلەی پزیشکی و پەروەردەیی وەدەست بێنن. پێویستە بڵێم حەسەن خاوەنی چەندین شەهیدە وەک باب و خاڵ و ئامۆزا کە هەموویان شەهیدی حزبی دیموکراتن. هەروەها حەسەن لە زۆربەی زۆری شەڕە گەورەو جۆراوجۆرەکانی ناوچەی هەوشار بەشداری چالاکانەی کردوە.

--------------------------------------------

## هاوڕێ محێدین شەریفزادە



یەکێک لەو لاوانەیە!! هەر لە تەمەنی ١٦. ساڵیەوە. دەوران و هەڕەتی جەوانی دەورانی پێگەیشتن و خۆ درووست کردن. بە پێویستی زانی هەموو حەزوو ئاواتەکانی وەلا نێ و. بێتە ڕیزی قارەمانانی ولاتەکەی بۆ ڕزگاری خاک و ولات.

لە دەورانی محێدین دا شەڕێکی نارەوا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بە سەر کوردستاندا داسەپابوو. کە دەبوو. وە بە ئەرکی سەرشانی دەزانی دیفاع لە خاکەکەیی و خەلکەکەی بکا.

دوای شەڕی سێ مانگە لە سەرتاسەری کوردستان. کە ڕژیم شکاو بەرگەی شەڕی پێشمەرگەی نەگرت. هێزەکان ڕێکخرانەوەو سازماندەیی کران محێدین پێشتر لە ناو شاری مەهاباد لە شەڕەکانی ناوشار هاوکاری پێشمەرگەکانی دەکرد پاشان بە یەکجاری دەبێتە پێشمەرگە لە لکی یەک کە ئەو کات کاک شوان فەرماندەری لکی یەک بووبنکەی لکی یەک ئەوکات لە باغەکاتی وتەمیشی بوو لەسەر ڕێگای مەهاباد میاندواو.

(محێدین) لە زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد بەشدار بووە زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هەمووماں و جێگاو ڕێگای لە دڵی هەمووماندا بۆ خۆی کردەوە کوڕێکی دەم بە پێکەنین. خۆش تیپ. زیرەک. ئازاو بەدەستەوە. ڕۆح سووک و گوێڕایەڵ کەسێکی بە بیرو بڕوا بە ڕێبازی ئەمانە هەموو محێدینیان درووست کردبوو.

محێدین تازە ئەو محێدینەی شاری نەبوو. ئێستا کەسێکی شۆڕشگێڕو پێشمەرگە بوو من بە هەموو کەس ناڵێم پێشمەرگە بوو (بەلام محێدین پێشمەرگە بوو).

لە ساڵی ١٣٦٢ لە شەڕێکی دەستەو یەخەو قارەمانانەدا لە گوندی (عەوڵائاباد)برینداردەبێ و بە داخەوە ٧ پێشمەرگەش

شەهید دەبن.

لە بیرمە محێدین لەبەر هەندێک ناکۆکی لەگەڵ چەند کەسێک. لە پەلی شاهۆ هێنابوومانە لای خۆمان لە ئەرکانی لکی یەک کە ئەوکات کاماڵ سمایلزادە فەرماندەری لکی یەک بوو ماوەیەکی زۆر بوو لە ئەمینئاباد بوو.

ڕۆژێک کەماڵ کووتی شۆڕش بەنەزەری تۆ محێدین چ لێبکەین؟؟؟ کووتم کەماڵ. محێدین پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو باشە. دەبێ مەیدانی بدەینێ هەتا خۆی بنینێتەوە کووتی چۆن؟؟؟. کووتم باهەر لێرە بێ جارێ هەتا لە یەکێک لە پەلەکان وەکوو سەرپەل بینێرین دەزانم زۆر سەرکەووتوو دەبێ.

هەنێک کەس هەتا مەیدانی نەدەیتێ نازانی چ هێزو توانایەکی بەرپرسانەی هەیە ئەگەر ویستت هەرکەسێک بزانی تواناکان و ئەخلاقی چۆنە. مەسئولیەتی بدەیە زۆر زوو خۆیپیشان دەدا.

کاتێک کاک ناسر پیرانی فەرماندەری لکی یەک بوو. محێدین لە ئەرکانی لک دەبوو هەتا ساڵی ١٣٦٤. کە زۆر بە توندی بریندار دەبێ بە هۆی سەختی برینەکەی ناردرا بۆ باشووری کوردستان لەوێ بۆ کەرکوک و سەرئەنجام بۆ شاری بەغداد لەوێش زۆر هەوڵیان دا چارەسەری برینەکەی بکەن بەڵام. ئەو ئیمکاناتە لەوێش نەبوو هەتا حزب بەرێیکردە دەرەوەی وڵات بۆ فەڕەنسا. لەوێ خرایە ژێر چاوەدێری و چارەسەرەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا توانیان کارو عەمەلی زۆر سەرکەووتووانەی بۆ بکەن.

دوای ساڵێک لە فەڕەنسا. گەڕایەوە نۆ کوردستان و بە هاوەڵەکان و پێشمەرگەکان شاد بوەوەو ما گێک دوای گەڕانەوەی لە فەڕەنسا. لەگەڵ پێشمەرگەکان. بە فەرماندەیی شەهید خدرە سوور. چۆتەوە بۆ ناوچەو دوای چەندین چالاکی گەڕاونەتەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی هەتا. کۆنگرەی هەشتی حزب کە لەوێدا هەڵوێست گیرا و. محێدین وەکوو هەموو هاوڕێکانی هەڵوێستی گرت و پشتیوانی لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کرد.

لە سازماندەیی ڕێبەڕایەتی شۆڕشگێڕدا ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە سەرپەلی پەلی دوازدە لە هێزی پێشەوا لە ساڵی ١٩٨٩ بوو بە فەرماندەری لکی یەک لە ساڵی ١٩٩٠ کرایە فەرماندەری هێزی ناوەندی یەک هەتا ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە فەرماندەری بنکەی پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی هەتا ساڵی ١٩٩٤ هاتۆتە هەندەران و لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بووە

لە دەرەوەی وڵاتیش هەروا بەردەوام بەکاری حزبیەوە سەرقاڵ بووەو ئەندامی کۆمیتەی گشتی حزبە لە سوئێد.

محێدین لە سەرتاسەری کوردستان سەنگەری گرتووەو بە دژی داگیرکەراندا چۆتەوە لە شارەکان و ناوچەکانی مەهاباد. بۆکان. پیرانشار. سەردەشت. شنۆ. بانە. مەریوان. سەقز. ڕەبەت کەمتر شوێنێک ماوە لە سەنگەری شەرەف و پیاوانەدا دانەمزرابێ.

---------------------------------------------------

## وێنەیەکی جوانی دەورانی شەڕو شاخ.




وێنەی شەهیدی قارەمان و کوڕی ڕۆژە سەختەکان، عەلی سوهرابی لەگەڵ هاوسەنگەرو پێشمەرگەی ئازاو دلێر کامڕان سوهرابی.

هەرچەند لێیان دەڕوانم بە بەژن و باڵاو ڕەخت و تفەنگەکانیاندا چاو دەگێڕم، لەلای من جوانترین و بە هەست ترین، دیمەنە لە نمونەی جوانی مرۆڤ کاتێک لەپێناوی خەڵکەکەیدا بە عیشق و پێکەنینەوە بەرەو ڕووی مەرگ دەچێ. لەهەمان کاتدا گیان و ڕۆحی خۆی زۆر خۆشدەوێ، بەڵام ئامادەیە لەپێناوی نەهێشتنی زوڵم و ستەم و ناحەقی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ میللەتەکەی گیان و ڕۆحی خۆی ببەخشێ. ئای پێشمەرگە چەندە ناوی بەرزو پیرۆزە. چەندە خۆشەویست ومرۆڤ دۆستە. تەماشا هەموو جوانیەکانی دنیا لەبەژن و باڵاو سەداقەت و خووڕەوشتیاندا دەبینی.

بژی پێشمەرگە گەورەترین هیواو ئومێدی گەل
باسکی پڕ هێزو دوژمن شکێنی گەل

## لاوەکان، خوێن گەرمەکان:

لاوەکان، خوێن گەرمەکان، تازەپێگەیشتووەکانی کوردستان، پێویستە لەسەرشانتان ئێوە هەموو شەهیدەکان و قارەمانە زیندوەکان بناسن و بزانن ئەم شۆڕشە هەروا سووک و هاسان هەتا ئێرە نەهاتووە، دنیایەک ماڵوێرانی و ماندووبوون و خوێن ڕشتن و فیداکاری بۆ دراوە، پێویستە بۆداهاتووی خۆتان و گەلەکەتان دەرس و ئەزموون لەم شۆڕشە خوێناوییەی پێش خۆتان وەربگرن. چونکە لە داهاتوودا هەر ئێوەن خاوەنی ئەم کوردستانەو هەر ئێوەن کە دەبنە ڕێبەرو پیاوانی سیاسی و قارەمانانی وڵات و فەرماندەرانی شۆڕشی نەکوژاوەی ئەم خاکە داگیرکراوە، نابێ ئیجازە بدەن سەنگەرەکانی شەهیدان و پێشمەرگە چۆل بێ و چەکی شەهید بکەوێتە سەر زەوی هەتا هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان و وڵاتە داگیرکراوەکەمان دێتە دی.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

شۆڕش ئەسەدزادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی

سەرچاوە
Serchawe

